# یاسەمین


م.موئەدەب پور

وەرگێرانی: ئاریان ئەرکان




CamScanner

کتێبخانە

پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

CamScanner

کتێبخانەی **گۆڵدن بووک**
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook @ktebfroshe_warzer

GOLDEN BOOK

**خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا**
سلێمانی سەرەتایی شەقامی مەولەوی
فەرعی سەعید تەها کۆیی
٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨-٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧
Ktebxanai chwarchra

رۆمان

# یاسەمین

م. موئەدەب پوور

وەرگێڕانی: ئاریان ئەرکان

به ناوی خوای تاک و تەنیا


پێناسی کتێب

ناوی کتێب: **یاسەمین**

نووسەر: م. موئەدەب پور

وەرگێڕ: **ئاریان ئەرکان**

دیزاین: هەرێم عوسمان

شوێنی چاپ: چوارچرا

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ۲۰۲۲

تیراژ: ۱۰۰۰دانە

چوارچرا

GOLDEN BOOK

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (۱۹۸۵) ساڵی (۲۰۲۲) پێدراوە



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

CamScanner

## بەشی یەکەم

کاوە- بۆچی ئەوەندە زۆرت پێ چوو کوڕە؟!

- دەوام تەواو بوو، گوتم لەوانەیە دووبارە هاوڕێیان نەبینمەوە، ڕۆشتم ماڵئاواییان لێ بکەم، تۆ چی؟! بۆچی سەرت دانەواند و ڕۆشتی؟ نە ماڵئاوایییەک نە شتێک!

کاوە- هیچ مەڵێ! من بەتایبەتی ڕۆشتم لە گۆشەیەک دانیشتم لەلای یەک بەیەکی کچەکان، بەڵێنم پێدان دایکم بنێرم بۆ خوازبێنی کردنیان، ئێستا هەموویان دەیانەوێت ناونیشانی ماڵەوەیانم پێ بدەن.

لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز و کەشخە بەخێرایی تێپەڕی بەلاماندا، بەجۆرێک  پرژەی قوڕاوی شەقامەکە بەر جلەکانمان کەوت و کاوە وەک ژن دەستیکرد بەهاوار و ناڵە کردن، نەفرەتی لێ دەکرد.

کاوە- ئۆهۆو...! خوشکی خەیاڵت لە کوێیە؟! خودایە تووشی ڕووداو ببێت و ئۆتۆمبێلەکەت پارچە پارچە بێت، کوڕە خۆ خەریک بوو بمانکات بەژێرەوە ها! تەماشاکە جلەکانم هەمووی تەڕبوو، خودایە ئۆتۆمبێلەکەت بدەیت بەشوێنێکدا سەیرکە! ئێستا هەرکەسێک لێرەوە تێپەڕبێت دەڵێت ئەم کوڕە خۆی پیس کردووە!

- دەی ناسیت؟

کاوە- هەمووان دەیناسن،ساڵی یەکەمیەتی، جوان و دەوڵەمەند، لەگەڵ هیچ کەس پەیوەندی نییە، بەگیانی تۆ بەهزاد ئەو بەتایبەتی سوڕاندیەوە بەلای ئێمەدا! خودایا شوشەی ئۆتۆمبێلەکەت گیر بێت.

- نە بابە! باوەڕبکە دەسکی سوکانەکەی شکایەوە بەڕووی ئێمەدا.

کاوە بەدەنگێکی بەرز نەفرەتێکی بۆ ئۆتۆمبێلەکەی نارد و بەهێمنی بەمنی گوت:

کاوە- سەیرکە! مردوو شۆر ئەو چاوە حیزانەت ...

خودایە لاسیکی ئۆتۆمبیلەکەت، ئۆتۆمبیلەکەت تێکبدات کە لە ژێرچاوە تەماشامان ئەکەیت.

- ئەو قسە هیچ وپوچانە چیە دەیڵێیت؟!

کاوە- مردوو شۆڕ ڕەنگی ئەو ئۆتۆمبیلەکەت ببات کە من لەو ڕەنگی ئۆتۆمبیلەت دوو سێ بیجامەی ژێرەوەم لەماڵەوە هەیە.

پێکەنینم دەهات، ئەوانەی وت و بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی ڕۆشت.

- کوڕە بۆچی وا دەکەیت؟!

کاوە- دەشێت ئێستە وەک مار بگەڕێتەوە!

(هەر لەو شوێنەدا خشانێکی بە ئۆتۆمبیلەکەی کردو و وەستاندی، کاوەیش دەستی پێکردەوە)

کاوە- خودایە گیانم فیدای ڕۆنی ئۆتۆمبیلەکەت بێت! خودایە دەرد و بەلای برێکی ئۆتۆمبیلەکەت بگەڕێت لە سەری ئەم بەهزادە!

- لاڵ بیت کاوە! ئەوانە چییە دەیڵێیت؟!

ئۆتۆمبیلەکە گەیشتبووە لای ئێمە.

- سڵاو، داوای لێبووردن دەکەم، بەخراپی ئۆتۆمبیلەکەم لێخوڕی.

بۆ ساتێک ئاگام لە خۆم نەما!

کاوە- ببورە، باوکی ئێوە عەقیدە؟

- نا، شتێک بووە مەگەر؟

کاوە- داوای لێبووردن دەکەم. بیرم دەکردەوە کە باوکتان وەزیر یان بریکاری وەزیر بێت.

- نەخێر، هەرگیز!

کاوە- باشە سوپاس بۆ خودا.

لە پاش ئەوە بەدەنگی بەرز گوتی:

کاوە- خانم ئەوە چ جۆرە لێخوڕینێکە؟! باوکی ئێوە ئاگای لەم وڵاتە هەیە کە ئێوە بەو شێوەیە شۆفێری دەکەن! نزیک بوو بمانکەیت بەژێرەوە.

بەئارامی لە پاڵ قسەکانی ئەو گوتم:

- داوای لێبووردن دەکەم خانم، ئەم هاوڕێیەی من کەمێک گاڵتە چییە.

- دەبێت بمبوورن، من ناوم فەرنووشی ستایشە، ئازارم نەدان ؟

کاوە- بەئاو و قوڕاو هەموو گیانم پیس بوو خانم گیان!

فەرنووش پێکەنی و گوتی:

- ئێوە کاوە خانن؟ خوێن شیرینی ئێوە لە زانکۆدا ناسراوە.

هەر کە فەرنووش ئەوەی گوت، کاوە وازی لە گاڵتەجاڕی هێنا و بەشێوەیەکی ئاسایی خۆی ناساند:

کاوە- من بچووکی ئێوەم، لە ڕاستیدا ئێوە چەندە خانمێکی تێگەیشتوون.

- ناوی من بەهزادە. ئەمەش کاوەی هاوڕێمە.

کاوە- ئێمە خزمەتکاری تۆین.

فەرنووش- دووبارە داوای لێبووردن لە هەردووکتان دەکەم.

کاوە- فیدای سەرت بێت، لە ڕاستیدا من دەمەوێت لەسەر ئەم ڕێگەیە بخەوم، ئێوەش دوو سێ جار بەسەر سەرمدا بڕۆن، شایەنی ئێوەی نییە، کێ گوتوویەتی ئێرە شوێنی مرۆڤە!

لە ڕاستیدا ئێوە لە شوێنێکی دیکە ئاگادارم بکەنەوە کە ئێوە دەفەرموون، ئێمە و چەند دۆستێکمان دێین بۆ هاندانتان، بەخودا بێ مەبەست دەڵێم!

- وازبهێنە کاوە؟! ببورە خانم، زۆر سوپاس کە گەڕایتەوە، خۆشبەختانە ڕووداوێک ڕووی نەداوە.

کاوە- بەڵێ! پانتۆڵەکانمان دەبەم بۆ جلشۆری، گۆڕی باوکی پەراسووی من و قاچی ئەم بەهزادە! خۆی باش دەبێت.

فەرنووش بەخەمباریەوە پرسیاری کرد :

فەرنووش- قاچتان ئازاری پێ گەیشتووە؟!

- نانا، تکادەکەم ئێوە فەرموون.

کاوە- نەخێر خانمی بەڕێز، ئەمان مێشکیان ئازاری پێگەیشتووە، ئێستا تکایە خولەکێک بفەرموونە خوارەوە، هەر لێرە هێڵێک دەکێشم تاکو بزانم خەتابار کێیە؟!

من بەتووڕەییەوە تەماشای کاوەم کرد.

فەرنووش ڕووی تێکردم و بەخەندەیەکەوە لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزی و گوتی:

فەرنووش- من بە ناسینتان خۆشحاڵ بووم، حاڵتان چۆنە؟

- سوپاست، ئێوە چۆنن؟

فەرنووش- ئێوە هەر لێرە دەخوێنن؟ چەند جارێک لە ناو زانکۆ ئێوەم بینیووە؟

- منیش هەروەها ئێوەم چەند جارێک بینیوە.

کاوە- ئێستا ناسینی ئێوە بەهۆی شکانی پەراسووی منەوە بوو! بیردەکەمەوە ئەگەر من بمردمایە ئێستا ئێوە هەردووکتان هاوسەرگیریتان کردبوو.

فەرنووش دووبارە دەستیکردەوە بەپێکەنین و من بەتووڕەییەوە تەماشای کاوەم

دەکرد.
کاوە بەفەرنووشی گوت:
کاوە- تەماشای چاوەکانی ئەمە مەکەن، ئەوە هەر لەدایکبووە دەم و چاوی تووڕەیە.
- وازبهێنە کاوە!
کاوە- بابە گیان ئەمە پێکدادانێکی گەورەیە، بەدڵنیاییەوە دەبێت چەند گەورەیەک بێن و دەشێت لە نێوان ئێوەدا دەربارەی مارەبڕین و هاوسەرگیری و ئەو شتانە بدوێن.
- کاوە!
ڕووم وەرگێڕا و بەفەرنووشم گوت:
- تکا دەکەم ئێوە فەرموو بڕۆن.
فەرنووش- ڕێگە بدەن تاکو ماڵەوە بتانگەیەنم.
کاوە- زۆر سوپاس. بەهزاد گیان سەربکەوە!
کاوە ویستی سەر ئۆتۆمبیلەکە بکەوێت، دەستیم گرت و بەفەرنووشم گوت:
- زۆر سوپاس، ئێوە ناخەینە زەحمەتەوە فەرموو بڕۆن.
فەرنووش- دووبارە داوای لێبووردن دەکەم. خواتان لەگەڵ.
ئەوەی گوت و سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو.
کاوە لەو کاتەی لە پشتی ئۆتۆمبیلەکەی دەستی کێشا بەیەکدا و گوتی:
کاوە- خوات لەگەڵ بەچکەی کەر، بەداخەوە کە دەرگاکەت نەکردەوە!
فەرنووش- مەبەستت لە منە؟!
کاوە- نا بابە، مەبەستم ئەم ئاژەڵە بوو، ئێوە کە ماشەڵڵا زۆر ئاقڵن.
- وەرە بڕۆین، لە ماڵەوە کارم هەیە.
کاوە- داوای لێبووردن دەکەم. بریکاری وەزیر و وەزیرەکان لە ماڵەوە چاوەڕوانتن! کەسێک نەزانێت دەڵێت ئێستە سەرێک دەدەیت لە کارگەی باوکت و دادەنیشیت لە پشتی مێزێک و بەکەش و فشەوە فەرمانی بێسەر و بەر دەردەکەیت.
پیاوی بەناو بەڕێز! ئەو کچە لە زانکۆ دڵی هەمووانی بردووە، ڕوو نادات بەهیچ کەسێک، ئێستا ئامادەیە تکا لە تۆ بکات تاکو بتباتەوە ماڵەوە و تۆش نازی بەسەردا بکەیت؟!
تەماشام کرد.
کاوە- تێگەیشتی؟ کلکت تەکانبدە ئازیزم!





CamScanner

- بێ ڕەوشت.
کاوە- باشە بۆچی سەرنەکەوتی؟ بۆچی جووتە لە بەختی خۆت دەدەی؟
- سەرەتا جووتە نە و لەقە! دووەمیش، چونکە سواری ئۆتۆمبیلەکە نەبووم لەقەم لە بەختی خۆم داوە؟
کاوە- باشە بەڵێ دەی! ئاشنا بوون هەر بەو جۆرە دروست دەبێت، دواتریش دەگاتە مارەبڕین و هاوسەرگیری و ئەو شتانە، کچ بەو جوانی و پارە دارییە، ئیتر چیت دەوێ؟
- هیچ بابە، مرۆڤی خۆش خەیاڵ، ئەو دەیویست لە باتی ئەوەی بەسەر ئێمەی هێنا بوو، بەجۆرێک قەرەبوومان بکاتەوە، ئەو کات تۆ تاکو کوێ بەدوای دەڕۆشتی!
کاوە- بەمن دەڵێیت؟ تەماشا کوێرانەکانی تۆم بینی و تەماشاکردنی ئەویشم بینی، نانی گەنمم نەخواردوە، باوکم نانەواخانەی هەبوو.
- دێیت لەگەڵم بڕۆین، یان خۆم بەتەنها بڕۆم؟
کاوە- بڕۆین بابە، ئەمڕۆ ڕەوشت و مامەڵەت چەندە مریشکانەیە!
بەڕێکەوتین، چەند هەنگاوێک ڕۆشتین و یەکێک لە قوتابییە کچەکان لەپشتەوە بانگی کاوەی کرد و پاشان قوتابییەکانی دیکەی بانگکرد و گوتی:
- ببینن هاوڕێیان پەیدام کرد، ئێستە هەر لە سەرەتاوە دەری دەهێنم.
کاوە- مەگەر من دەرقاچی پانتۆڵم دەرم بهێنن؟!
قوتابییەکان دەستیانکرد بەپێکەنین. دووبارە گوتی:
- هاوڕێیان ئێستا هەڵدێت ها!
کاوە- بابە مەگەر دزتان گرتووە؟ بۆچی خەریکە ئابڕووم دەبەیت کچی؟!
- مەگەر بڕیار نەبوو کە دوای مۆڵەت هاوڕێیان هەموویان بانگێشت بکەیت؟ دەتەوێت هەڵبێیت؟!
کاوە- بەگیانی تۆ ڕاهاتوم هەڵبێم، ئەو ڕەوشتەم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە، باوکم خۆی لە دەستی پۆلیسەکانی باج ڕادەکات، منیش ڕاهاتوم.
- وەرە بڕۆین خۆتم بۆ مەکەرە گاڵتەجاڕ، پیاوانە قسە بکە.
کاوە- کێ بەئێوەی گوتووە کە من پیاوم! لەم سەردەمەدا پیاو لە کوێ هەیە؟ ئەگەر پیاو پەیدا بووایە ئەم هەموو کچانە وێڵ و سەرگەردان، بەدوای هاوسەردا نەدەگەڕان، خودایا گرێ کوێرەی بەختان بەدەستم بکرێتەوە.
وردە وردە قوتابییەکان خەریک بوو کۆ دەبوونەوە. نیلوفەر خۆی کچێکی

دەولەمەند بوو، گوتی:
نیلوفەر- لە خۆوە بەهانە مەهێنەرەوە کاوە، تا ساردەمەنی نەدەیت بەهەموان وازت لێ ناهێنم.
کاوە- سەرەتا من لە خودام دەوێت کە ئێوە واز لەمن نەهێنن و هەمیشە لە لای ئێوەی خانمان بمێنمەوە! بەڵام باوەڕ بکەن هەژارم، نانی نیوەڕۆ بخۆم، نانی شەوم دەست ناکەوێت!
ئێستا وا دابنێن خانەوادەیەکی بەڕێز چەندە سەختی دەچێژن و قبوولی دەکەن، بەو خوایە هەندێ کات هەیە کە بەشۆرتەوە دەچمە دەرەوە!
نیلوفەر- ئێ....! سوێند بەخودا بخۆ!
کاوە- بەگیانی تۆ کە دەخوازم لە دونیا نەبم ئەگەر درۆ بکەم، دوێنێ ڕۆشتبووم بۆ مەلەوانگە بەشۆرتێکەوە لە ئەمبەر بۆ ئەوبەر دەرۆشتم.
قوتابییەکان دەستیانکرد بەپێکەنین.
شەیدا- تاکو ئەو ساردەمەنییەمان پێ نەدەیت، وازت لێ ناهێنین کاوە خان.
کاوە- باشە پێتی دەدەم، کۆتاییەکەی ئەوەیە کە ئەمشەو سەر نەخەنە سەرم، ئەگەر ئێوە ڕازی بن من ئەمشەو بە ئارامی سەر بخەمە سەر سەرین ڕازی دەبم، بەڵام دەزانم ئێوە زۆر بە سۆزترن لەو قسانە.

فەرزاد- ئەگەر ساردەمەنیمان پێ نەدەی هەر ئێستا لێرە وانەیەکی ڕەوشتت پێ دەدەم.
کاوە- سەیرکە، ئێوە بەڵگە یان سەنەد یان شتێکتان لە من هەیە کە لە ڕەوشت پاکیم دڵنیا ببنەوە؟
فەرزاد- بەڵێنت دابوو، ئەو ڕۆژەی کە کتێبەکانت نەهێنا بوو، بەڵێنی ئەو ساردەمەنییەت پێ دابووین.
کاوە- بڕۆ بابە دڵت خۆشە، بەڵگەی کەسێکت دەست کەوتووە و خستوتەتە ژێر دەستت، چیت دەست دەکەوێت لەو قسانە! تازە من هیچ ڕۆژێک کتێب نابەم لەگەڵ خۆم بۆ زانکۆ.
مەریەم- چاوچنۆکی مەکە کاوە، چوار ساردەمەنی کڕین ئەم قسانەی ناوێت.
کاوە- من و باوکم ئەگەر بەو شێوەیە دەست بڵاو بووینایە، ئێستا دەوڵەمەند نەدەبووین!
ڕوژبە- لە ڕاستیدا من بیرم نەدەکردەوە بەو شێوەیە سوالکەر بێت!

یاسەمین

کاوە- باشە تۆ هەڵەت کردووە ئازیزم، لە ڕاستیدا پیشەی من و باوکم سواڵکەرییە، هەرکاتێک کارت بەئێمە بوو، سەرێک بدەن لە ئینقیلاب، هەر لەلای دەستە چەپی من دەبینیت کە خەریکی سواڵکردنم، دە خولەک نابات دەمان دۆزیتەوە!

دووبارە هاوڕێیان دەستیانکردەوە بەپێکەنین.

شیوا- کاوە هەر بەڕاستی خەجاڵەت نابیت؟

کاوە- بۆچی! سەرەتا خەجاڵەت دەبووم و بەتبەختانە عابایەکیشم دەدا بەسەرمدا، بەڵام دواتر ڕاهاتم، واتە باوکم قژێکی دەستکردی بۆ کڕیم تاکو بیکەمە سەرم.

گوتی شاعیر دەڵێت: سواڵ بکە تاکو پێویستت بەکەس نەبێت!

مەریەم- بەهزاد تۆ شتێک بەم چاوچنۆکە بڵێ.

- بۆچی بەڵێنی بە ئێوەش داوە؟! دەی کەواتە دەبێت ساردەمەنی بۆ هەمووان بکڕێت.

کاوە- خوایە من بە قوربانی ئەو دەنگە پیاوانەت بم! بەسەر چاو بەهزاد گیان، بەمە دەڵێن پیاو کە مرۆڤ پشتی پێ دەبەستێ، دڵی ئەوانی دیکە لە ترسان دەلەرزێ.

هاوڕێیان دەستیانکرد بە هاوارکردن و هەمووومان بەرەو ساردەمەنی فرۆشەکە ڕۆشتین.

هەر کە گەیشتین و لە شوێنێک دانیشتین، کاوە بە فرۆشیارەکەی گوت:

کاوە- ببورە بەڕێز، ئالاسکاتان هەیە؟

فرۆشیارەکە بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە گوتی:

- بەڵێ ئازیزم، ئالاسکامان هەیە.

کاوە- ببورە بەڕێز، ئێوە کە ئەوەندە میهرەبانن، میوەی بەستووتان هەیە؟

کابرا دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی:

فرۆشیار- میوەی بەستووشمان هەیە، بەڵام نازانم بۆ کوێ ڕۆشتن؟

کاوە- من دەزانم بۆ کوێ ڕۆشتن، بیڵێم مامە؟

فرۆشیار- بڵێ مامە گیان.

کاوە- مامە بەیارمەتیت، ئێرە گەرم بووە، ڕۆشتونەتە ناو بەفرگرەکەوە تاکو ببەستن.

فرۆشیار و هاوڕێیان هەموویان دەستیانکرد بەپێکەنین و فرۆشیارەکە گوتی:

فرۆشیار- باوەڕ بکەن منداڵەکان، ئامادەم ئەم فرۆشگایە و هەرچییەکم هەیە بیدەم، بەڵام ببمە هاوتەمەنی ئێوە.
کاوە- مامە ئەمانەی کە دەبینیت بەهێندەی کێوێک پەژارە لە دڵیاندایە! سەردەمی گەنجی ئێوە لەگەڵ سەردەمی ئێمە جیاوازی هەیە، بۆیە بە بڕوای من ئەو ئاواتە نەخوازن باشترە، چونکە کڵاو دەچێتە سەرت.
فرۆشیار- ڕاست دەکەیت گەنجۆ، بەو هیوایەی ژیان و سەردەمی ئێوە باش بێت.
کاوە- نمونەیەکت پێ دەڵێم، سەردەمی ئێوە، هەرگیز بەبیرتدا دێت کەوا ڕۆژێک لەخەو هەستیت و بێیت بۆ پشتی پەنجەرە تاکو بزانیت ئەمڕۆ هەوا پیسترە یان دوێنێ؟
فرۆشیار- بەخوا هەرگیز شتی لەو شێوەیەم بیرنایەتەوە! لەڕاستیدا ئێمە لەو شتانەمان نەبوو، سەردەمی ئێمە هەوای تاران وەک گوڵ پاک و خاوێن بوو.
تاکو ئەو شوێنەی لە بیرمە، تۆزێک لەم پیس و پۆخڵیە لەم شارەدا نەبوو! تاران پڕبوو لە چۆلەکە و کۆتر و پەرەسێلکە و توتی و بولبول! بەیانی تا ئێوارە دەچوین بۆ کات بەسەربردن. هەینی بۆ هەینی، پانزە هەزار تمەنمان هەبوو، دەچوینە سینەما و ئەو فیلمەی کە ئارەزوومان لێبوو تەماشامان دەکرد یان سێ چوار شیش جگەرمان دەکڕی و لەگەڵ ژن و منداڵەکانمان نۆشی گیانمان دەکرد و دەچەسپا بەدڵمانەوە.
کاوە- ئێستا خۆت دڵگران مەکە بۆ ئەو سەردەمی گەنجییەت! چوار ساردەمەنیمان پێبدە، هەواڵی مەرگمان بپێچینەوە و بڕۆین بەلای بەدبەختی و بێ چارەیی مانەوە.
فرۆشیارەکە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:
- هەمووتان میوانی منن، هەرئەوەی کە منتان خستەوە یادی گەنجێتی، بایەخی یەک ملیۆنی هەیە، دەمێک بوو پێکەنین نەکەوتبووە سەر لێوەکانم.
هاوڕێیان ڕووخساریان گەشایەوە و دەستیان کرد بەهاوار کردن، ڕوزبە گوتی:
- هاوڕێیان ئەگەر ئەم ڕووەی کاوەتان دەستکەوێت دەوڵەمەند دەبن.
کاوە- هونەرمەندێکی ئەوروپی، هەزار جار لە کاتژمێر و نیویکدا خۆی مۆن دەکات تاکو لە کۆتاییدا جارێک خەڵکی پێدەکەنن و لە کۆتاییدا ملوێنێک دۆلاری پێدەدەن، ئێستا من کاتژمێرێکە ئێوە دەخەمە پێکەنین تاکو چوار ساردەمەنیم دەستکەوتووە! ئێوە حەسودیشم پێ دەبەن؟
بەکورتی ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوڕێیان زۆر پێکەنین، لە کۆتاییدا کاوە بەزۆر پارەی

یاسەمین

ساردەمەنیەکانی دا، چونکە خاوەنی ساردەمەنیەکە ڕازی نەدەبوو پارە وەربگریت، کاتێک ماڵئاوایمان لە هاوڕێیان کرد، پێکەوە بەرەو ماڵەوە ڕۆشتین.

کاوە- وەرە، دڵت خۆش بوو؟! ئەگەر بە ئۆتۆمبیلەکەی فەرنووش خانم ڕۆشتباین، هەم من تووشی ئەو گەلە ستەمکارە نەدەبووم، هەروەها تاکو ئێستا ڕۆشتبووینە ماڵەوە و فەرنووشم ڕازی کردبوو بۆ خوازبینی کردن!

- بابە گیان، تۆ کە لە ژیانی من دەزانی، بەڵام من لە کوێ و فەرنووش خانم لە کوێ؟ تەواوی ژیانم بفرڕۆشم، هێشتا پارەی بەنزینی ئۆتۆمبیلەکەی نیە! لە تۆ هیچ ناشاردرێتەوە، لە یەکەمین جارەوە ئەمساڵ لە زانکۆ بینیومە، بیر و هۆشمی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە.

لەڕاستیدا کچێکی قەشەنگ و جوانە و زۆر بەڕێز و گەورەیە لە لام، بەڵام مرۆڤ نابێت زۆر گوێبدات بەقسەی دڵی و بەو جۆرەیش باشترە، ئارەزووی مەحاڵیش نایەتە دی، تەنانەت خەیاڵی مرۆڤ دەبێت لە سنوری خۆیدا بێت.

کاوە- واتە چی؟ مەگەر مرۆڤ بەدەستی خۆیەتی؟ مرۆڤ کاتێک کەسێکی خۆش بوێت، خۆشی دەوێت ئیتر.

- بەڵێ، ئەگەر ئەو مرۆڤە کەسێکی وەک تۆ بێت، تۆ و هاوشێوەکانت هەمووتان یەک جۆرن.

کاوە- بەگیانی تۆ ئەگەر من و تۆ هاوشێوە بین، ئەو ماڵەی تۆ لە شوێنێکی دیکە دەبوو، خانووی ئێمەش لە شوێنێکی دیکە دەبوو.

- گاڵتە جاڕی مەکە، بەڕاستی قسەت لەگەڵ دەکەم، دەمەوێت بڵێم ئەگەر یەکێکی وەک تۆ بچێتە داخوازی فەرنووش، وەڵامی نای نادەنەوە، بەڵام کەسێکی وەک من نابێت شتی لەو جۆرە بە خەیاڵیشیدا بێت، لەوە تێپەڕیوە، لەڕاستیدا من کەسێک نییە بڕواتە داخوازی بۆ من.

کاوە- ئەوە کە هیچ نییە، تۆ تەنها دەمت بکەرەوە دواتر....

ڕۆیشتم بەسەر قسەکەیدا و گوتم:

- ئیتر ئەوەندە دەربارەی قسە مەکە و وازی لێ بهێنە، بڵێ بزانم لە پشوودا دەتەوێت چی بکەیت؟

* * *

## بەشی دووەم

نیو کاتژمێر دواتر گەیشتمە ماڵەوە. هەر کە گەیشتمە ژوورەکەم، کتێبەکانم لە گۆشەیێک داناو دانیشتم. سەرم خستە ناو دەستەکانم و بیرم لە ژیانم دەکردەوە.

ئەو کاوەیە کەسێک بوو بەتەواوی هۆگری من بوو، خانەوادەکەی زۆر دەوڵەمەند بوون، خۆشی ئۆتۆمبیلێکی بەرزی جوانی هەبوو، بەڵام لەبەر من، بەپێ یان بەپاس دەڕۆیشتین بۆ زانکۆ، واتە من سواری ئۆتۆمبیلەکەی نە دەبووم، لەلای قوتابیەکان خۆم بە شەرمەزار دەزانی و حەزم نەدەکرد بیربکەنەوە کە لەبەر خاتری پارە من هاوڕێیەتی دەکەم.

باوکی من پیاوێکی هەژار بوو، مرۆڤێکی باش بەڵام بێ بەخت! مرۆڤێکی کاسبکار بەڵام بەختی نەبوو، دەستی لە ئاڵتون بدایە دەبوو بەمس! لە ڕۆژ تاکو شەو کاری دەکرد و گیانی دەدا، لەکۆتایشدا ڕێگەکەی دەبەسترا.

دایکیشم ژنێکی میهرەبان و زەحمەتکێش بوو، ئەوەندەی کە کارەکانی ماڵەوەی دەکرد و چێشتی لێدەنا کە هیچ، کاتێک کاریشی تەواو دەبوو، داماوە دەڕۆیشت بەدوای کاری تردا، هەمیشە دەستی بەشتێک گیرابوو، دایکم هەمیشە یان شتی دەچنی یان قاڵی دەچنی یان هەزار کاری دیکەی دەکرد، چونکە دەیوویست لە شوێنێکەوە خەرجی ماڵەوە پەیدا بکات.

بەکورتی دایک و باوکم بەسەختی کاریان دەکرد تاکو بەجۆرێک چەرخی ئەم ژیانە هەڵسوڕێنن، بەڵام ژیانی ئێمە چوارلا بوو، بۆیە دەگەیشت بەبەدبەختی.

خانوویەکی کۆنەمان هەبوو، میراتی باوەگەورەم بوو لەگەڵ ئۆتۆمبیلێک کە کۆچانی دەستی باوکم بوو، بەڵام ساڵی دوانزە مانگ لەلای فیتەر بوو.

ڕۆژێکیان کارتێک گەیشتە دەستی باوکم، دەرگای ماڵەوەمان کلیل دا و بەرەو باکور کۆچمان کرد و ڕۆشتینک باوکم دەیگوت تاکو ئێستا هەرکەسێک چووبێتە باکور، چەند ساڵێک لەوێ بووە و گەڕاوەتەوە، ئەوکات من ساڵی کۆتایی ئامادەییم بوو.

ڕۆژێک لەتارانەوە بەڕێ کەوتین و تەنها پەنجا کیلۆمەتر لە شار دوور کەوتبووینەوە، لەگەڵ لۆرییەک پێکدادانمان کرد. دایک و باوکی بێچارەم هێشتا نەڕۆشتبوونە باکور کە سەفەرەکەیان هەڵوەشایەوە و مایەوە منێکی تەنها و بێکەس لەگەڵ سەدان برین لە لاشەمدا و هەزار دانەش لە ڕۆحمدا.

مانگێک دواتر، خانووەکەم فرۆشت و پارەی پێکدادانەکەم دایەوە، چونکە ئێمە تاوانباری سەرەکی بووین، ئەوەشی مایەوە لە پارەکە، خستمە ناو بانکەوە و ژیانم پێی بەڕێ دەکرد. خوانەکات هیچ باوکێک شەرمەزاری ژن و منداڵەکەی بێت، بێچارە باوکم ئاسوودە بوو، دایکیشم ئاسوودە بوو، بەڵام ئەوە چ ژیانێک بوو ئەوان هەیان بوو؟!

نازانم ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە دونیا کە بەدبەختی بکێشین و وەک تراکتۆر کار بکەین. واتە هەموو خۆشی و شادی ژیان و ئاسوودەییەک لە ئێمە حەرامە! ئەگەر ژیان بەو شێوەیە کە ئێمە ژیان دەکەین، ئەی ئەو کەسانەی کە لە ئەورووپا و شوێنەکانی دیکەن چی دەکەن؟ یان هەر ئەو مرۆڤە پارە دارانەی دەورووبەری خۆمانن، ئەگەر ژیان ئەوەیە کە ئەوان هەیانە، دەی ئێمە دەبێت چی بکەین.

لە بەیانییەوە تاکو شەو کاردەکەین و گیان دەدەین تا بتوانین ژیانێکی شایستە بەدەست بهێنین، بەڵام هەمیشە دڵخۆشی لە خۆڕا دەدەین بەخۆمان، ئەگەر یەکێک لەو سەد ڕێگەیەی ژیان بۆ ئێمە ببوایە قسەیەکم نەبوو.

لە بیرمە باوکی خودا لێخۆش بووم هەمیشە بەڵێنی پێ دەدام و دەی گوت گوزەرانمان باش دەبێت و هەموو شتێکت دەکڕم، بێچارە لەو هەموو شتانە تەنها توانی جارێک ئەنەناسمان بۆ بکڕێت.

شەوێکیان کە گەڕایەوە ماڵەوە، ئەنەناسێکی پێ بوو، سەری لەوە سوڕمابوو کە لە کوێوە لەتی بکات، بەداخەوە کە ئەنەناس خواردنمان نەدەزانی، واتە تێنەگەیشتبووین لەوەی ڕووی دەرەوەی بخۆین یاخود ڕووی ناوەوەی ناوەوەی! هەرچەندە کە هەردوو ڕووەکەیمان خوارد، بەڵام چ خواردنێک! نەمان دەهێشت تەنانەت تۆزێکیشی بەفیڕۆ بڕوات، قەدری نیعمەت، ئێمە و هاوشێوەکانی وەک ئێمە دەزانن.

ژیانی ئێستای من بووه به گورزه و هەر ساڵێک یان دوو ساڵ جارێک کۆی دەکەمەوە و دەیکەمە ژێر باڵم و لەم ژوور بۆ ئەو ژوور و لەم ناوچە بۆ ئەو ناوچە دەڕۆم، خودای گەورە لە دایک و باوکم خۆشبێت. نازانم بۆ منداڵەکانیان چیان ویستووە؟!

لەبیرمە ساڵانێکی ساڵ، ئاواتە خوازی لە پێکردنی پانتۆڵێک بووم، هەرکاتێک بە باوکمم دەگوت، پێی دەگوتم ئەو پانتۆلانە تەسکن و بۆ تۆ نابن، چونکە ئەوانە هی منداڵە لات و لاوازەکانە. ئەو خوالێخۆشبووە بەپانتۆڵی مارکەی دەگوت پانتۆڵی تەسک!

لەدوای مردنیشیان یەکەمین پانتۆل کریم، پانتۆڵی مارکە بوو، تەواوی ئەو ساڵانەی کە ئاواتم دەخواست لەو پانتۆڵە بکرم، هەرئەوەش بوو بردم لەگەڵ خۆم، هەمیشە بیرم دەکردەوە کە وەسیەتی باوکم کردە ژێر پێم، لەڕاستیدا نازانم بۆچی بیرم لەو شتانە دەکردەوە.

سوپاست بۆ خودا لە خوێندندا سەرکەوتوو بووم و بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆم توانیم لە زانکۆی جیهانی وەربگیرێم، ئەویش بەشی پزیشکی، بەرز ببومەوە، بۆیە ئێستا کاتی خۆ ئازاردان نەبوو، سوپاست بۆ خودا کە ساڵی کۆتایم بوو، ژیانیشم بەجۆرێک بەڕێ دەکرد، ژوورێکم هەیە وەک خورئاواییەک و......

بۆچی دەبێت مافی باوکم بکەوێتە دەستی یەکێکی دیکە و ئەوانیش مافی بخۆن؟ بۆچی باوکی من کە پارەی کرینی پانتۆڵێکی مارکەی نیە، دەبێت بڵێت پانتۆڵی مارکە هی منداڵی لاوازە؟! بۆچی هەرکاتێک یاریەکی منداڵانەم دەبینی و دڵم دەیخواست، دایکم دەهات و دەیگوت ئەوانە هی منداڵە تەمەڵەکانە؟! ئەو بەهانە هیچانە چی بوو؟ بۆچی ئێمە نەدەبوو بزانین کە ئەنەناس کام ڕووەی دەخورێت؟!

بێ بایەخانە ناشکوری دەکەم، سوپاست بۆ خودا تاکو کۆتایی نەبوو، زانکۆی جیهانی و ئەو بەشی پزیشکیەی کە هەمە شتێکی کەم نییە.

ئێستا لە ساڵی کۆتاییمە و لەم دونیایەدا جگە لە کەلوپەلی ناو ماڵەکەم، هاوڕێیەکی باشی وەک کاوەم هەیە و کەمێک پارەش کە بەبانکم سپاردووە و بالایەکی بەرز و شێوەیەکی تا ڕادەیەک جوان و مێشکێکی باش بۆ خوێندن و ژوورێک کەوا ترسی لەسەر بووە و ئێستا من بەکرێم گرتووە.

بەو بیرکردنەوانە دڵم حاڵی باشتر دەبوو، کەوتمە بیری نانخواردن.

ئەمڕۆ لەناو بەرنامەی خواردنەکەمدا، هێلکەی مریشک و سێوێک و نانێکی سەنەکی کە دڵت حەزی دەکرد بیخۆی. پاش نانی نیوەڕۆ، میوەم خوارد و چاوم

قورس بوو و سەرم خستە سەر دەستم و نوستم، باشیەکەی ئەوە بوو کە نوستن بۆ کەسانی وەک ئێمە ئاسانە.

بەرەو خۆرئاوا بوون دەڕۆیشت کە یەکێک لە دەرگایدا؛ لەپەنجەرەکەوە تەماشام کرد کاوە بوو، بەهۆی بەفر بارینی زۆرەوە نەدەناسرایەوە، دەرگاکەم کردەوە.

کاوە- سڵاو، نووستبووی؟

- بەڵێ، نانی نیوەڕۆم خوارد و خەوم لێکەوت.

کاوە- ئەمڕۆ بەرنامەی خواردنت، هێلکەی مریشک لەگەڵ چی بوو؟

- تەنها هێلکەی مریشک، هەر ڕۆژێک نەبێت سەد دانە بەرنامەی خواردن دەگۆڕم.

ڕۆژێک هێلکەی مریشک و تەماتە تێکەڵ بکەم، وەک خواردنی گۆشتە و ڕۆژێک لەگەڵ پەنیر بیخۆم وەک خواردنی پیتزایە و ڕۆژێک وەک هەمبەرگر بیخۆم وەک خواردنی بەندەرییە و ڕۆژێک ئارد بهێنم وەک هێلکە و گۆشت وایە، هەمە جۆرم هەیە، دوێنێ ڕشامەوە، کە ڕشامەوە دەنگی قەد قەد لە قورگمەوە دەهاتە دەرەوە.

کاوە- ئەگەر مریشک و کەڵەشێرەکان بزانن کە هێلکەیان دەخۆی، دێنە ماڵەکەت و گەمارۆت دەدەن! بابە نەوەی مریشکت لەناو بردووە لەو کاتەوەی تۆ هێلکەی مریشک دەخۆی!

پێکەوە پێکەنین.

- ساردە، ئێستا گەرم کەرەوەکە هەڵدەکەم و کترییەکە دەخەمە سەر و چایەک لێدەنێم، چای گەرمکراوە دەخۆی؟

فرمێسک لەچاوەکانی کاوە کۆبویەوە و گوتی:

کاوە- بەخودا لەخۆم شەرم دەکەم بەهزاد، ژیانی ئێمە بەو شێوەیە و ژیانی تۆش بەم شێوەیە.

خۆزگە ڕێگەت دەدام وەک برایەکی بچووک یارمەتیت بدەم. خۆزگە دەهاتیتە ماڵمان و لەگەڵ ئێمە دەژیای، ئەو هەموو ژوورە چۆڵە لەو ماڵەدا بەبێ سوود ماوەتەوە، دایک و باوکم هەمیشە دەڵێن هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ بۆ من گەورەترین شانازیە بەهزاد، تکات لێدەکەم دەست لەم کەلە ڕەقیەت هەڵگری.

- سەرەتا دوژمنت شەرمەزار بێت، دووەمین تۆ هاوڕێی ئازیزی منی، سێیەمیش سوپاستی دایک و باوکت بکە، چوارەمیش خودا ئەوەندە بەباوکت ببەخشێت کە نەزانێت چۆن کۆی بکاتەوە، پێنجەمیش دۆستایەتی تۆ بۆ منیش مایەی شانازییە، شەشەمیش ڕێگەم بدە کە غرورم بریندار نەبێت. حەوتەمیش .......

کاوە- وتبە، مردووشۆر خۆت و غروورت ببات، هەمووان هاوڕێیان هەیە و منیش هاوڕێ!

- تۆ خۆت گوتت مایەی شانازیم!

کاوە- باشە نانی ئێوارە لەگەڵم وەرە بڕۆین، کوڕە ئەنفلۆزای مریشک دەگری هەر هێلکەی مریشک دەخۆی ها! بزانم هەندێک جار هەست ناکەیت کەوا دڵت دەیەوێت واز لە هێلکە بهێنی؟!

بە پێکەنینەوە گوتم:

- بۆچی نا، هەندێک جار کە ناوی کەڵەشێر دەهێنن خۆم کوڕدەکەمەوە و شێوەم دەگۆڕێ!

کاوە- باشە بڕۆین ئیتر، دەمەوێت بتبەمە ڕێستورانتێکی خۆش و دەرەجە یەک و پێکەوە ژەمێک هێلکە و ڕۆن بخۆین، بەڵام دەڵێن کەری دووانە شەش ڕۆژی هەفتە و هەینیش کە پشووە، خشت بار دەکەن.

- شێتە، مرۆڤ خواردنی باش و تەندرووستی ماڵەوە واز لێ دەهێنێت و دەڕوات خواردنی ماوە دەخوات؟!

لێرە من سەد جۆر خواردنی دڵنیا و تەندرووستم هەیە، نانی سەنەکی و نانی تافتوون و لەواشە و نانی باگت و لە هەمووی باشتر، نانی بەربەڕی، هەر دانەیەک حەزت لێ بێت بڵێ با لەگەڵ هێلکەدا بیخۆین.

کاوە- پیاوێک ناوی مەنوچەهری گواستنەوە بوو، هاوڕێکانی پێیان وت کە ئەم ناوە چیە تۆ لە خۆتت ناوە و بۆچی نایگۆڕیت؟ ساڵێک هات و ڕۆشت، لە کۆتاییدا گۆڕی بە بێژەنی گواستنەوە! جا ئەمە چیرۆکی تۆیە، هێلکەی مریشک هەر هێلکەی مریشکە تەنها شێوەی گۆڕاوە و جۆری نانەکەی.

- هیچ مەڵێ! ئەگەر ئەم نەوەی مریشکانە گرانتر ببن، دەبێت ڕۆژێک سپێنەکەی و ڕۆژێکیش زەردێنەکەیت بۆ درووست بکەم، ئێستا خۆشبەختم کە جیاوازی لەنێوان سپێنە و زەردێنە درووست نەبووە.

کاوە- ئەگەر هاتی ئەوا هەواڵێکی باشت پێدەدەم، ئەگەر نا پێت ناڵێم کێ ناونیشانی تۆی لێم وەرگرتووە؟!

- بێگومان هاوڕێیەکی زانکۆی کۆن.

کاوە پەردەکەی لادا و لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەکرد و گوتی:

- نەخێر، ئەگەر بڵێم باوەڕ ناکەیت، باشە بڕۆین تاکو بەفر زۆر نەبووە، چی ڕوو دەدات! تاکو سبەی بەو جۆرە بێت، نیوەمەتر بەفر دەبارێت، مرۆڤ گیان دەدات

ئەگەر لەناو ئەم بەفرەدا بێت و بڕوات، باشە ئیتر.
- سەرەتا کە پەردەکەت لاداوە و گلۆپەکان کراوەتەوە، هەر کەسێک لێرەوە بڕوات دەتبینێت.
دووەم چایم بۆ لێ ناوێت، سێیەم بەقوربانت بم، ڕۆشتن لەناو ئەم بەفرەدا و لەم هەوایەدا بۆ کەسێک باشە نەخۆش نەبێت و ناسک نەبێت. نەوەک کەسێکی وەک من کە پارەی دەرمانم نییە و کەسێک نییە پەرداخێک ئاو بدات بەدەستمەوە! دانیشە کوڕی باش چاییەکەت بخۆ.
کاوە- مەگەر من مردووم کە تۆ بێکەس بیت؟ خودا خۆی دەزانێت تەنها دەمت بکەیتەوە ئەوەندە پارە دەڕێژمە ناو ئەم ژوورە تاکو ئەژنۆت بگات، پاشان من خۆم ئاگاداریت دەکەم هاوڕێ.
هەستام و بەرامبەری ڕاوەستام و گوتم:
- باشە چاکەت بخۆ، بڕۆین.
بە بێدەنگی چاییەکەمان خوارد و پاش لەبەرکردنی جلەکانم ڕۆشتین.
کاوە- سەرکەوە با بڕۆین.
- ڕۆشتووی گالیسکەی ئالتونی و نوێت بۆ هێناوم!
کاوە- بابە تۆ گوتت کە لەلای قوتابیانی زانکۆ سواری ئۆتۆمبیلی من نابیت، ئێستا کە هیچ کەسێک لێرە نییە، ئەم هەڵس و کەوتانە چییە دەیکەیت؟ سواربە ئیتر!
پێکەوە سەرکەوتین، ئۆتۆمبیلەکەی کاوە، ئۆتۆمبیلێکی مۆدێل بەرز بوو.
- بڕیار بوو لەژێر بەفردا و بەپێ بڕۆین کاکی تەمەڵ!
کاوە- دەترسم سەرمات بێت و پەرستاری کردنی تۆم بکەوێتە ئەستۆ.
- نەت گوت کێ ناونیشانی منی دەویست شازادە خان؟
کاوە پێکەنی و گوتی:
- ئەگەر بڵێم باوەڕ ناکەیت، لە کۆڵانەکەماندا دراوسێیەکمان هەیە کەلەگەڵ دایکم هات و چۆی هەیە، ئەو خانمە کچێکی هەیە ئەمساڵ چۆتە زانکۆ، بەڵام کام زانکۆ، ئەگەر گوتت؟
- بۆ کوێ دەتەوێت بڕۆی؟
کاوە- بەرەو ماڵی خۆمان، وەڵامت نەدایەوە؟!
- تاقەتم نییە، خۆت بیڵێ؟
کاوە- بەهزاد، تاکو ئێستا کەس پێی گوتوی چەندە هاوڕێیەکی باشی؟
بە پێکەنینەوە گوتم:

زانکۆی خۆمان.
- بابە چی بڵێم، ناونیشانی تۆی لە هەمان کچی ئەو خانمە وەرگرتووە.
کاوە- بەتەواوی ڕاستە، ئەو خانمە من لە کوێوە دەناسێت؟
- واتە چی؟! ئەو خانمە من لە کوێوە دەناسێت؟
کاوە- بەختی مرۆڤ کە چاک بوو، ئیتر هەر چاک دەبێ، بیردەکەمەوە لە سبەینێوە تەواوی کچانی شار لەماڵتاندا ڕیزدەبەستن تاکو هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەن! بەڵام ئەگەر بەو شێوە بێت، هاوڕێکەت لەبیر نەچێتەوە، منیش ببەرە لای خۆت تاکو ژمارەی ڕیزیان پێبدەم.
- گاڵتە مەکە، ڕووداوەکە چییە؟! ئەو خانمە من لەکوێ دەناسێت؟ کاری بەمن چییە؟
کاوە- خاڵە سەر سوڕهێنەرەکە هەر لێرەدایە، واتە ئەوەی کە ئەو خانمە هاوڕێ و هاو پۆلی فەرنووش خانمە، ناونیشانی ئێوەشی لەوانەیە هەر لەفەرنووش خانم وەرگرتبێ.
- تۆ دڵنیای؟!
کاوە- بە ئەگەری نەوەد لە سەد، هەروایە.
- واتە چی؟ تۆ خۆ ناونیشانەکەت پێ نەدا؟
کاوە- بۆچی پێی نەدەم؟ خۆ هەنگوین نیت و بێن بەندت بکەن، کچی چواردە ساڵ! ناونیشانەکەم هیچ کە پێدا، گوتیشم ئەگەر نەتان دۆزییەوە من ئامادەم خۆم بێم و ئێوە ببەمە بەردەم دەرگای ماڵی بەهزاد خان.
- تۆ غەڵەتت کرد، دەبوایە سەرەتا بەخۆم بڵێ پاشان کارێکی بەو شێوەیە بکەیت.
کاوە- ئەی مرۆڤی نمەک بە حەرام، ئێستا تۆ دڵت شەکر و ئاو دەکات ها! تۆ گیانی کاوە درۆ دەکەم؟
- ئەگەر ڕاستی بڵێم، هەم خۆشحاڵم و هەم غەمباریش، لەلایەک خۆشحاڵم چونکە فەرنووشم زۆر خۆش دەوێت، غەمبارم چونکە من و ئەو بۆ یەکتری ناشێین، ئەو دووانەمان بەهێندەی ئاسمان و زەوی جیاوازیمان هەیە.
کاوە لەپڕ ئۆتۆمبێلەکەی لە گۆشەیەکی ڕێگە وەستاند و ڕووی تێکردم.
- کوڕە ئەوە چ جۆرە شۆفێریەکە؟!
کاوە- دەڵێن لەوە مەترسە کە هاواری هەیە، لەوە بترسە کە بێدەنگ بووە. مەگەر تۆ نەبووی کە بەیانی دەتگوت فەرنووش ڕووداوێکی بۆ درووست بوو، لەگەڵ ئێمە و ئەو دەیویست سوارمان بکات لەبەر ڕووداوەکە و ئەو جۆرە قسانە؟!

ئەی مرۆڤی پیس! بەدەست پێش دەکەوی و بە قاچ ئاوادەکەی؟! ئێستا بەدڵنیاییەوە ماوەیەکی دیکە کە تێپەڕی، هەواڵم پێدەدەن کە هاوسەرگیریت کردووە.

- ونبە کاوە، باشە ئێستا ماوەیەکی زۆر لە زانکۆ فەرنووش دەبینم، باوەڕ بکە هەمیشە خۆم لێ بەدوور گرتووە، واتە هەوڵم داوە کە ڕووبەڕووی نەبمەوە، بەڵام باشە کە ئێمە لە شوێنێک دەخوێنین، کەواتە ئاساییە یەکتری ببینین.

کاوە- نەفرەتی! تۆ مرۆڤێکی جوان و ڕێک و پێک، لەسەر ئەو منداڵە بێتاوانە وەستاوی و کچەکەت توشی دڵەڕاوکێ کردووە، ئەی شەیتان!

- نە بەگیانی تۆ، ئەگەر ئەو بیرکردنەوانەم هەبووایە ئەمڕۆ سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەبووم.

کاوە- ئەو کات ئەگەر سەرنەکەوتیتایە، ئاواتت دەخواست کە ئاوەکە زیاتر بەرەو ڕووت بێ. ئەی ڕاوکەری زاڵم! ئەی لەخودا بێ خەبەر.

- کاکی هەمەڕەنگ، تاکو کاتژمێرێک پێش ئێستا سوێندت بەگیانی من دەخوارد و ئێستەش بوومەتە ئیبلیس؟! بەو خودایە من هیچ مەبەستێکم نەبووە.

کاوە بەپێکەنینەوە گوتی:

- شێتە گاڵتەت لەگەڵ دەکەم، من تۆم لە خۆم باشتر دەناسم.

- ئێستا ئیتر لە پێشتر زیاتر دڵگران بووم و ویژدانم ئازار دەکێشێت، خودا بکات تۆ هەڵەت کردبێ.

کاوە- من هەڵەم نەکردووە، ئەو چارەنوسی کارەکەی خۆی دەزانێ، بەقسەی من و تۆ نیە، تۆ بێ مەبەست خۆت دڵگران دەکەیت، فەرنووش منداڵ نیە و نزیکەی بیست ساڵە.

تۆش خۆ گوڵت پێنەداوە و خۆی هەڵی بژاردووە، تۆ عاشقی پیری! هەموو شتێک بدەرە دەستی خودا، بیر نەکەیتەوە کە سبەی بەیانی زوو، فەرنووش و باوکی و دایکی وەک کەسێک خۆیان بەدەستەوە بدەن و بێن بۆ ماڵەکەت، فەرنووش لەو جۆرە مرۆڤانە نییە، لەخۆتەوە دڵت ئازار مەدە، لەوانەیە بیەوێت بزانێت لە کوێ و چۆن ژیان دەکەیت.

- خۆم زۆرکەم بەدبەختیم هەیە، ئەو هەموو دەردە!

کاوە- خودا چوار پێنج دانە لەو دەردانە بدات بەمنیش، کچەکە بەخوشکم بێت وەک پارچەیەک مانگ وایە، پێدا هەڵدان لەوە شاعیرانە ترت دەست ناکەوێت مەجنون؟!

- بجوڵێ بڕۆین ئیتر.

ڕۆشتن و خێرا ڕۆشتن.

کاوە- بەسەر چاوم کازانۆ، ئەمەش ڕۆشتن و خێرا ڕۆشتن.

بیرم لەوە دەکردەوە کە کۆتایی ئەم ڕووداوە بەکوێ دەگات. کاوە گوتی:

- دەتەوێت لەو میشکەتدا قۆناغی دواتری نەخشە شەیتانیەکەت دابڕێژی؟

تەماشاییەکم کرد و گوتم:

- ئەمڕۆ زۆر زمان شیرین بووی کاوە خان.

دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی:

- تارادەیەک ئەمڕۆ خۆشحاڵم، دەمەوێت ببینم کاری خودا چۆنە؟! سەد کوڕ ئاوات دەخوازن کچێکی وەک فەرنووش خانم ببێتە هاوسەریان و نابێت، ئەو کات تۆ لەدەستی ئەو کچە ڕادەکەیت و ئەویش بەدواتدا دەگەڕێت!

- کێ دەزانێت ئەمەش بەدبەختیەکی دیکە نیە، بەڕاست نەتزانی ماڵی فەرنووش لە کوێیە؟

کاوە- تۆ چ کارێکت بەماڵی کچی خەڵکی هەیە؟ نەوەک بتەوێت لەو ماڵەدا پەنێک بنێیتەوە؟ تەماشاکە دەمەوێت بەپێ بڕۆم ها!

- مافی خۆتە پێت بڵێم کاکی دۆستی ئەمڕۆ ماندوو نەبێت.

کاوە- ئارام بگرە بڕۆم تەماشای ئەو کۆڵانە بکەم.

فەرموو بەپێ بڕۆ بەهزاد خان.

- مردوو شۆر ئەو دۆستایەتیەت ببات. ئەگەر بمگوتایە ملیۆنێک تمەنم پێدە ئەوەندە زوو گوێت لێ دەگرتم؟!

بە تووڕەییەوە لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزیم و دەرگاکەیم بە توندی داخست.

کاوە- خودات لەگەڵ هاوڕێی وەفادار! تۆ نەبووی دەتویست بزانی ماڵی لەیلا لەکوێیە؟! ئەو ماڵە گەورەیە.

تاکو ئەوەی پێ گوتم بەخێرایی دووبارە سواری ئۆتۆتۆمبیلەکە بوومەوە.

- خودا بتکوژێ کاوە! بەڕاستی ئەوە ماڵی فەرنووشە؟!

کاوە- ئەی بابە، تۆ هێناوە بۆ ماڵی لەیلا و ئەوەش سوپاست کردنەکەتە؟

- من کەی گوتم بێیت بۆ ئێرە؟ تەنها دەمویست بزانم ماڵیان لەکوێیە؟

کاوە- خراپە تۆم هێناوە بۆ ماڵیان؟ بەڵێ، بڵێ دەی؟

- نا خراپ نییە، واتە باشیش نییە، لەڕاستیدا نازانم باشە یان خراپ. وازم لێ بهێنە.

کاوە- خودا بەختت بداتێ، دە خولەکی دیکە لێرە ڕاوەستای، خودی لەیلا یان باوکی دێن دەتبەنە ماڵەوە.

- بەڵێ بەگیانی تۆ. هیچ کەس نا، باوکی لەیلا!
کاوە- هەر ئێستا لەیلا خۆی لە بالکۆن وەستاوە و تەماشای بەڕێزتان دەکات.
- ڕاست دەڵێیت کاوە؟! بجوڵێ. تۆ خودا بجوڵێ و بڕۆ تا ئێمەی نەبینیوە.
- بۆچی خەریکە جەڵتە لێت دەدا. هەر لەو کاتەوی هاتوین خاتوو لەیلا تەشریفیان لەوێ بووە.
- ئەی هاوار! زۆر خراپ بوو. خۆزگە لەسەرەتاوە لەگەڵت نەدەهاتم.
کاوە- لە کۆتایدا باش بوو یان خراپ؟
- بجوڵێ ئیتر جەنابی بەنمەک.
کاوە- ناتەوێت بەپێ بڕۆیت و هاوسەری ئایندەت ببینی؟
- بڕۆ دەی ئیتر.
کاوە ڕۆشت و لە کۆتایی شەقامەکەدا وەستا.
- ئێرە کۆتایی شەقامی ماڵی ئێوەیە.
کاوە- بەڵێ، ئەمەش لەبەختی تۆ جەنابی بەبەخت.
- بەبەخت؟!
کاوە- بۆ کوێ؟ داویەتی لە سەرت؟
- نا. دەمەوێت تۆزێک بەپێ بڕۆم، تۆ بڕۆ.
کاوە- لەژێر ئەم بەفرەدا؟! لەم هەوایەدا؟ ئەی نانی ئێوارە چی لێدێت؟ هیچ نەبێ وەرە بتگەیەنمە ماڵەوە!
- نەخێر تۆ بڕۆ. دەمەوێت بەپێ بڕۆم، بڕۆ کاوە.
کاوە دابەزی و بەرەو ڕووم هات.
کاوە- ئازارم دایت بەهزاد. بەخودا نەم دەویست ئازارت بکەم.
بەرەو ڕووی ڕۆیشتم و وەستام.
- بڕۆ هاوڕێ، دەزانم. دلگران نیم، تەنها پێویستم بەوەیە کەوا کەمێک بەپێ بڕۆم. خودات لەگەڵ.
چاوەڕێم کرد تاکو کاوە سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو، بە بێزاری ڕۆشت. منیش بەڕێ کەوتم لەو شەقامەی پڕ لە دارچنار بوو. بەفر ڕووی درەختەکانی داپۆشیبوو، شێوەیەکی ڕازاوەی درووست کردبوو. هەموو شوێنێک بێدەنگ بوو. بەدەگمەن ئۆتۆمبیل بەوێدا تێدەپەڕی. گڵۆپی سەر شەقامەکان تۆزێک ڕووناکی هەبوو.
بیرم لە فەرنووش دەکردەوە. لە خۆی و لە ماڵیان و لەو ئۆتۆمبیلەی کە سواری

دەبوو، لەو جل و بەرگەی کە لەبەری دەکرد و لەو بۆنەی کە لەخۆی دەدا.

بیرم لەوە دەکردەوە کە خانووەکەیان دوو هەزار مەتر بوو. نرخی ئۆتۆمبیلەکەی دە بۆ دوازدە ملیۆن دەبوو. پێڵاوەکانی کە لەپێی دەکرد، چل هەزار تمەنی پێدابوو. هەرچەندە زیاتر بیرم لەو شتانە دەکردەوە، فەرنووش زیاتر لە من دوور دەکەوتەوە.

پاش دە خولەک نەمدەتوانی تەنانەت ڕووخساری لە خەیاڵمدا وێنا بکەم. بەوشێوەیە باشتر بوو، خۆشم زیاتر ڕازی بووم بەوشێوەیە، چونکە من و فەرنوش لە هیچ ڕوویەکەوە لە یەکتر نەدەچووین. لەڕاستیدا هیچ ڕووداوێک ڕووی نەدابوو کە من ئەو بیرانە بکەمەوە.

تاکو ئەمڕۆ بەڕەسمی یەکترمان ناسیبوو، تاکو پێش قسەکانی کاوە، هەرگیز لەو بارەیەوە بەڕاستی بیرم نەکردبووەوە. لە دڵەوە خۆشم دەویست، بەڵام ئەوەی کە خۆم بدەمە پاڵی و لەگەڵیدا بم، هەرگیز. هەروەها لەبەر ئەو پێشنیارەی کاوە بوو کەبیرم لەو شتانە دەکردەوە. لەڕاستیدا پرسیاری ناونیشانێک نابێتە بەڵگە!

تازە لە کوێوە بزانم ئەو کچە منی خۆش دەوێت یان کاوە ناونیشانی منی پێداوە؟

ئەگەر هەردووکمان لە دونیای خۆماندا بین باشترە. من لەدونیای خۆم و هێلکەی مریشک و ژووری شەش مەتری و بەپێ ڕۆشتن، فەرنووشیش لە دونیای خۆیدا و خواردنی گۆشت و ڤێلا و ئۆتۆمبیلی بەرز. لەدڵمدا خۆشحاڵیەکم زیندانی کردبوو، ئێستا بێ بایەخانە ئازادم دەکرد.

یان ئەوەبوو کە خۆم بیرم دەکردەوە و تەمەنێک دڵم بەو شتانە خۆش کردبوو. ئەو جۆرە بیرکردنەوانە وازی لێ نەدەهێنام.

ڕووبەڕووی پیرەمێردێک بوومەوە، نانێکی سەنەکی لەژێر باڵی و گۆچانێکیش بەدەستییەوە بوو. بەئارامی و وریاییەوە دەیویست لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. بیری ئەوەی کە ڕۆژێک منیش بەو حاڵ و ڕۆژەوە دەگەم، گیانمی دەلەرزاند.

بەڕێ کەوتم تاکو یارمەتی بدەم، بەفر لەسەر ڕووی زەوییەکە بوو بۆیە لەوانە بوو بخلیسکێت. هێشتا چەند هەنگاوێک نەڕۆشتبووم ڕووبەڕوی ئۆتۆمبیلێک بوومەوە و پیرەمێردەکەش گەشتبووە ناوەڕاستی شەقامەکە. ئۆتۆمبیلەکە هۆڕنی لێدا، بەڵام بەهۆی خێراییەکەیەوە هەڵخلیسکا و لەگەڵ پیرەمێردەکە پێکدادانی کرد. بەرەو ڕوویان ڕۆشتم.

خۆزگە زووتر یارمەتیم بدایە و ڕۆشتبام بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە ڕووی نەدایە. بێچارە پیرەمێردەکە پەڕییە لایەکی شەقامەکە. گەڕامەوە تاکو شتێک بە شۆفێرەکە

بڵێم، خودایە چیم بینی؟!
ئۆتۆمبیلی فەرنوش بوو هەروەها شۆفێرەکەش فەرنووش بوو!
بۆ ساتێک حەپەسام و پاشان هاتمەوە سەرخۆم و بەرەو پیرەمێردە بێچارەکە ڕۆشتم، بەزەحمەت بەرزم کردەوە.
- فەرنووش خانم دەرگاکە بکەرەوە، زووبە و پەلە بکە.
فەرنووش کە خەریک بوو دەگریا، دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە و منیش پیرەمێردەکەم بەبێ هۆشی خستە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە.
- سەرکەوە فەرنووش خانم. بە هیچ کەسێک نەڵێی کە ئێوە ئۆتۆمبیلەکەتان لێخوڕیوە.
فەرنووش تەنها دەگریا و تەماشای منی دەکرد. بەرگەی بینینی فرمێسکەکانیم نەدەگرت و بەڕێ کەوتم.
- ئێستا ئیتر مەگری، شتێک کە نەدەبوایە ڕوویدایە ئێستا ڕوویداوە. خۆ بەگریان کارێک ناکرێت! باشترە بەسەر خۆتدا زاڵبیت و ناونیشانی نەخۆشخانەیەکی نزیک بەمن بڵێیت.
هەرچەندە زۆر ترسا ببوو و نا ئاسوودە بوو، بەڵام توانی خۆی کۆنترۆڵ بکات و منی بەرەو یەکێک لە نەخۆشخانەکان برد.
هەرکە گەیشتین، پیرەمێردی بەدبەختم کردە باوەشم و بەفەرنووشم گوت کە ئۆتۆمبیلەکەی ببات و بڕواتە ماڵەوە و خۆشم چوومە ناو نەخۆشخانەکە.
خۆشبەختانە فریاکەوتن چۆڵ بوو، پزیشکێک لەگەڵ پەرستارێک سەرقاڵی پشکنینی پیرەمێردەکە بوون، پۆلیسێک بەرەو من هات.
پۆلیس- ئێوە ئەمەتان هێناوە بۆ ئێرە؟
- بەڵێ. لەگەڵی پێکدادانم کردووە، بەداخەوە کە شەقامەکە تاریک و خلیسک بوو، بۆیە ئۆتۆمبیلەکەش خلیسکا.
پۆلیس- مۆڵەتتان هەیە؟
مۆڵەتی شۆفێریەکەم پێدا. کە سەرم سوڕاند، دەبینم فەرنووش لە کەنارێکدا وەستاوە و دەگری. بەرەو ڕووی ڕۆشتم.
پۆلیس- بەڕێز تکادەکەم لە نەخۆشخانە مەڕۆن.
- بەسەرچاو، هەر لێرەدام. ئێوە بڕۆن، من ناڕۆم.
بەرەو ڕووی فەرنووش ڕۆشتم و بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بەگریانی کەسێک ئەوەندە نائاسوودە بم.

- بڕیار بوو ئیتر نەگریت، لە بیرت نەچێت من شۆفێریم کردووە. ئێوە هەرگیز قسەیەک نەکەن. تەنها تکاتان لێدەکەم کە ئەو ژمارەی پێتان دەدەم پەیوەندی پێوە بکەن، ژمارەی کاوەیە.

بە شێوەیەکی بێ تاوانانە تەماشای کردم و لە کیفەکەیدا موبایلێکی دەرهێنا و دایە دەستی من.

- شارەزا نیم، تکایە خۆتان ژمارەکە لێبدەن.

ژمارەکەم گوت و فەرنووشیش بۆی وەرگرتم. کاوە خۆی وەڵامی دایەوە.

- سڵاو کاوە منم بەهزاد.

کاوە- سڵاو بەهزاد خان. سوڕانەوەتان تەواو بوو؟ ڕووخسەتم دەدەن بێمە ناو خەڵوەتی ئێوە؟

- گوێ بگرە کاوە، داومە لە پیرەمێردێک.

کاوە- لە پیرەمێردێکت داوە؟! بۆچی؟ شەڕتان بووە؟ لەکوێی؟ سەلامەتی؟

- جەنجاڵی مەکە. بۆچی دڵە خورپەتە؟ پێکدادانێکم کردووە، بەئۆتۆمبیل داومە لە پیرەمێردێک.

کاوە- بە ئۆتۆمبیل؟! تۆ گۆڕت لەکوێ بوو تاکو کفنت هەبێت؟! گاڵتەدەکەی؟ لە کوێوە پەیوەندی دەکەیت؟

- لە نەخۆشخانەوە. گوێبگرە، فەرنووش خانم ناونیشانی ئێرەت پێدەدات. ئەگەر توانیت وەرە چونکە پیرەمێردەکە بێهۆشە.

کاوە- تۆ بۆچی خۆت کردۆتە ناو ئەو ڕووداوە؟! ئەو لێدانە پەیوەندی بەتۆوە چییە؟! تۆ بۆچی گرتوتەتە ئەستۆ؟ ناونیشانەکەم بدەرێ، بارودۆخت زۆر باشە کە پاڵەوانبازی دەکەیت؟!

- ئەگەر دێیتە ئێرە و لەو قسانە دەکەیت، ئەوا ناونیشانەکەت پێنادەم ها!

کاوە- زۆرباشە بەخششی پێ بدە! پێی بڵێ کە ناونیشانەکەی بڵێت.

موبایلەکەم دا بەفەرنووش تاکو ناونیشانەکەی پێ بدات. هەر لەو کاتەدا پۆلیسەکە بەرەو ڕووی من هات گوتی

پۆلیس- دەبێت تۆ ببەنە بنکەی پۆلیس و ئێستا دێن بەدواتدا. مەبەستم لەوە بوو کە دەبێت شوێنی ڕووداوەکەیان پێ نیشان بدەیت.

چەند خولەکیەک دواتر ئەفسەرێک هاتە ناو نەخۆشخانە و داوای لێکردم لەگەڵی بڕۆم. بەرەو لای فەرنووش ڕۆیشتم و گوتم کە هەر لەوێدا چاوەڕوان بێت تاکو کاوە دێت و ڕۆیشتم. بەداخەوە ڕوداوەکە ڕێک لە شوێنی پەڕینەوە ڕوویدا بوو.

بۆیە دەبووایە شۆفێرەکە لە ئەستۆی بگرتایە. پۆلیسەکان منیان بردە بنکە و پاش دە خولەک کاوەش پەیدا بوو.

کاوە- سڵاو جەنابی ئەفسەر، ڕێگەم دەدەن؟

ئەفسەر- بفەرموون ئێوە؟

کاوە- من هاوڕێی بکوژم! واتە ببورە من هاوڕێی ئەوەم.

جەنابی ئەفسەر پێکەنی و گوتی لەلای من دانیشێت.

- کوڕە دووبارە قسەی هیچ و پوچت کرد؟!

کاوە- کوڕە ئەمە ئیتر چ جۆرە مۆدێلێکە؟ بۆچی هەرکارێک پەیوەندی بە تووە نییە خۆتی تێ دەکەیت؟!

- ئارامبە و بە ئاگاداریەوە قسە بکە.

کاوە بە ئارامی لە کەنارێکەوە دانیشت و بەهێمنی گوتی:

- ئێستا لە نەخۆشخانە بووم. پیرەمێردەکە هۆشی نەهاتۆتەوە و ئەگەریش هەرگیز هۆشی نەیەتەوە چی؟

- خودا نەکات. بەهیوای خودا شتێک نیە و زوو هەڵدەستێتەوە. پێکدادانەکە زۆر کەم بوو، واتە کاتێک ئۆتۆمبیلەکە بەری کەوت لە ڕاستیدا خێرا نەبوو.

کاوە- بەهەرحاڵ ئارام بووە کاتێک چووەتە کۆماوە! جگە لەوەش خوێنبەربوونی مێشک بەتوندی و ئارامی نیە. ئێمە خزمێکمان هەبوو کە بەلیمۆیەکی ترشی بچووک توشی خوێنبەربوونی مێشک بوو مرد.

- لیمۆیەکی ترش خوارد و توشی خوێنبەربوون بوو مرد؟!

کاوە- نە بابە، ژنەکەی گاڵتەی لەگەڵ کرد و بەلیمۆیەک دای لە سەری. ئەو داماوە بەو شێوەیە تەواو بوو، ژنەکەیان خستە زیندان.

ژنە داماوەکەشی لە زیندان تووشی شێرپەنجە بوو، کە هێنایانە نەخۆشخانە و چەند مانگێک دەرمانی کیمیاییان پێدا و هەموو مووەکانی هەڵوەری و کەچەڵ بوو. سەری ڕێک وەک ناودەستی منی لێهات!

بە کورتی ساڵێک درێژەی کێشا تاکو چاک بوو، دووبارە گێڕایانەوە بۆ زیندان. شەش مانگ لە زیندان بوو، داماوە لەوێ نەخۆشی ئایدزی گرت! واتە پێشووتر هیرۆینی دەکێشا و گوتیان بەهۆی دەرزییەکەوە ئایدزی گرتووە.

- زۆر سوپاست لە دڵدانەوەت، هاتووی ئەو شتانەم پێ بڵێی؟!

کاوە- ئە ئە...! دوور لە گیانی تۆ. واتە دەڵێم کارێک مەکە کە پەیوەندی بەتووە نییە.

کەسی بەرامبەر لەسەر هێڵی پەڕینەوە بووە، تێدەگەیت واتە چی؟ واتە ئەگەر ڕەزامەندی بدات و بمرێت ئەوا دادگا واز لە تۆ ناهێنێت. دەڵێن لە کاتی لەسێدارەدان کاردانەوەی قورسی دەبێ.

- لە سێدارەدان کە ئیتر کاردانەوەی قورسی نییە؟

کاوە- بۆچی نییەتی؟ ئەگەر تەنافەکە بپچڕێ، جارێک دارکاریت دەکەن. کە چوویتە سەرەوە و تەنافەکە پچڕا دەتهێننە خوارەوە و بەتەنافێکی دیکە لە دارت دەدەن.

بە ترسەوە گوتم:

- هەستە بڕۆ بۆ ماڵی خۆتان، پێویستم بە دڵدانەوەی تۆ نییە.

کاوە- بەگیانی تۆ ئەوانە دەڵێم کە بیر و هۆشت کۆبکەیتەوە.

- تۆ کە باوکی منت دەرهێنا!

کاوە- شێتە، تۆ تا ماوەیەکی دیکە دەبیتە پزیشک! ئەگەر بڕۆیتە زیندان هەموو شتێک خراپ دەبێت. دەمەوێت بڵێم کە ئەگەر بەرامبەر بمرێت ئەوا هەرچیم هەیە دەیدەم.

- ئێستا سوپاست بۆ خودا ماوە، تۆ خۆت جەنجاڵ مەکە.

کاوە- ببورە جەنابی ئەفسەر. من سەنەدم هێناوە تاکو کەفالەتی بکەم.

ئەفسەر- بەداخەوە سەرۆکی بنکە ڕۆشتووە و تا خۆشی نەیەتەوە ناتوانم ئەو کارە بکەم. بۆیە ئەمشەو دەبێت لێرە بمێننەوە.

کاوە- چ هەڵەیەکم کرد کە ئەمشەو هێنامیتە دەرەوە لە ماڵ. هەمووی تاوانی منە.

- تاوانی تۆ چییە؟ ڕووداوێکە دەبێت ڕوو بدات، ڕوو دەدات. دەشێت ڕووداوی لەو شێوەیەش ڕوو بدات. ئێستا بڵێ بزانم، فەرنووش چۆن بوو؟

کاوە- باش.

- ئۆخەیش منداڵی بێتاوان.

کاوە- ئۆخەیش و دەرد بگرێ. لە بیری خۆتدابە بەدبەخت! هەر لەم هەفتەیەدا لەسێدارەت دەدەن!

- فەرنووش پەیامێکی بۆ من نەبوو؟

کاوە- بۆچی نا، گوتی پێت بڵێم ئەگەر بردیانیت بۆ زیندان بەدڵنیاییەوە دێت بۆ سەردانت و مۆزیشت بۆ دێنێت.

- گاڵتە مەکە، بەڕاستی قسەت لەگەڵ دەکەم.

کاوە- گوتی کە پێت بڵێم بەدڵنیاییەوە دێت و خۆی دەناسێنێت، دەڵێت کە ئەو شۆفێری کردووە.

- گوێ بگرە کاوە، ئەگەر بێت و فەرنووش ئەو کارەی کرد، تۆ دەبێت بێیت و شایەتی بدەیت کە من شۆفێریم کردووە.

کاوە- بەگوێی باوکم پێدەکەنم.

- هەرئەوەی کە گوتم. دەبێت بڵێیت شۆفێرەکە من بووم.

کاوە- بڕۆ بابە. تۆ مێشکت لە دەستداوە، بەدبەخت پارەی ئەوان زۆر زۆرە! باوکی ناهێڵێت کە ئەو کاتژمێرێک لە بنکە بمێنێتەوە. تۆ لەبیری خۆتدابە.

دوای ئەوەی کە قسەی بۆ نەمایەوە گوتی:

کاوە- باشە بڕۆم هەواڵێک بدەم و بێمەوە.

- هەواڵ بەکێ دەدەی؟ خۆ من کەسم نییە.

کاوە- ڕاستەکەیت ها! تۆ کەسێکت نییە من هەواڵی پێبدەم. نازانم چی بکەم.

-ئەوەندە بێ هیوا مەبە، بەهیوای خودا باش دەبێت.

کاوە- بەهزاد بهێڵە کە من بڵێم شۆفێر بووم. تۆ گیانی ئەو کەسەی خۆشت دەوێت بهێڵە کە بیڵێم.

- دانیشە دۆستی کۆن. وا بیرت دەکردەوە ئەگەر ئەو ڕووداوە بۆ تۆ ڕووی بدایە ڕێگەم دەدا تۆ ببەنە زیندان.

کاوە- بەخودا تێناگەم ئیتر تۆ کێی! بەرامبەرەکەت لە نەخۆشخانە بارودۆخی خراپە و تۆیان هێناوەتە زیندان، ئەوکات تۆش لێرە بەئارامی دانیشتوی.

- گوتم کە ئەوەندە خۆشم دەوێت تاکو ئەو کارەی بۆ ئەنجام بدەم. ئێستا لە دڵەوە نزا بۆ ئەو پیرەمێردە داواوە دەکەم، باشترە تۆیش هەر ئەو کارە بکەیت. من نامەوێت قاچی فەرنووش بچێتە زیندان، ئێستا هەرچیەک دەبێ با ببێت.

کاوە تەلەفونێکی بۆ فەرنووش کرد:

کاوە- ئەلو فەرنووش خانم سڵاو هەواڵێک نییە؟

کاوە- زۆر باشە. بەڵێ لێرەیە. بەسەرچاو ئێستا تەلەفوونەکەی پێدەدەم.

کاوە- وەرە دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.

موبایلەکەم هەڵگرت، زۆر شڵەژا بوو.

- سڵاو فەرنووش خانم. حاڵتان چۆنە؟

فەرنووش- باشم. ئێوە چۆنن؟ من خۆم دەناسێنم بەهزاد خان، چاوەڕوانم باوکم بێت.

- ئیتر لەو جۆرە قسانە مەکە! بەڕاستی دەڵێم کە ئێرە شوێنی ئێوە نییە. ئەو بەڕێزە بارودۆخی چۆنە؟ هۆشی نەهاتەوە؟ ناونیشانێک یان ژمارە تەلەفونێک

شتێکت دەست نەکەوت؟
دەستی کرد بەگریان.
فەرنووش- هیچ شتێکی پێ نییە.
- ئارامبەرەوە، شتێکی وا نەبووە. پشتیوان بەخودا بارودۆخی باش دەبێت و هەموو شتێکیش باش دەبێت. ئەگەر هەواڵێک هەبوو بەئێمەشی بڵێ. خوات لەگەڵ.
فەرنووش- بەهزاد خان!
- بەڵێ فەرموو!
فەرنووش- سوپاسگوزارتم لەبەر ئەوکارەی ئەنجامدا، بەڵام من کاری خۆم هەردەکەم.
- ئێوە هیچ کارێک ناکەن، خوات لەگەڵ.
تەلەفوونەکەم داخستەوە.
کاوە- ئەو منداڵە زۆر ترساوە! لەڕاستیدا منیش زۆر ترساوم.
تەماشام کرد و پێکەنیم.
نزیکەی کاتژمێر یازدە و نیو بۆ دوازدەی شەو بوو. فەرنووش لەگەڵ پیاوێکی ڕێک و پێک هاتنە بنکەی پۆلیس و لەو کاتەی کە چاوەکانی بریسکەی دەدایەوە، بەرەو ڕووی من هات و سڵاوی کرد.
فەرنووش- سڵاو بەهزاد خان. ئەو بەڕێزە هۆشی هاتەوە! خۆشبەختانە شتێکی نییە. تەنانەت لەوەی ئێوەیان بۆ ئێرە هێناوە زۆر بێزار بوو. ئێستا هاتوین پۆلیسێک ببەین لەگەڵ خۆمان تاکو ڕەزامەندی بدات، زۆر دڵخۆشم! ئێوە چۆنن؟
کاوە- ئاخ....! گیانم دەرچوو! خودایە سوپاست بۆ تۆ. باشە پاڵەوان ئەمەشت تێپەڕاند. سوپاست بۆ خودا، زۆر خۆشحاڵم کە بارودۆخی ئەو پیاوە باشە.
هەر لەوکاتەدا ئەو پیاوەی کە لەگەڵ فەرنووش هاتبوو پاش قسەکردن لەگەڵ بنکەی پۆلیس، بەرەو لای ئێمە هاتوو سڵاوی کرد.
- سڵاو. من باوکی فەرنووشم، حاڵتان چۆنە؟
- خۆشحاڵبووم . من بەهزادم و ئەمیش کاوەیە. حاڵی ئێوە چۆنە؟
باوکی فەرنووش- من لە ڕاستیدا بەداخەوەم کە ئەو گرفتارییە بەسەر ئێوەدا هاتووە. ناتوانم سۆز و بەزەیی ئێوە بەقسە یان بەشتێکی دیکە قەرەبوو بکەمەوە. من کچەکەمم زۆر خۆش دەوێت، ئامادەبووم گیانی خۆم بدەم بەڵام فەرنووش قاچی نەیەتە بنکەی پۆلیس. ئێوە ئەو کارەتان لەباتی من کرد. زۆر سوپاست دەکەم کوڕەکەم.

- شتێکی وا نەبووە، لەچاکی خۆتانە.
باوکی فەرنووش- گوتیان کە ئێوە و فەرنووش لە زانکۆیەک وانە دەخوێنن. فەرنووش گوتی ئێوە ساڵی کۆتایتانە.
- بەڵێ ساڵی کۆتاییمە. ببوورە ئێستا دەبێت چی بکەم؟
باوکی فەرنووش- جەنابی هیدایەت، هەمان ئەو کەسەی کە فەرنووش لێیداوە، دەیانەوێت ڕەزامەندی بدەن. زۆر پیاوێکی باش و بەڕێزە. ئێستا لەگەڵ پۆلیسێک دەچینە نەخۆشخانە تاکو ئەم بابەتە چارەسەر بکەین. بڕۆین تاکو بچینە لای ئەو بەڕێزە.
هەر چوارمان لەگەڵ پۆلیسێک بەرەو نەخۆشخانە بەڕێ کەوتین. کارمەندی نەخۆشخانەکە ڕێگەی پێدان لەگەڵ پۆلیسێک بڕۆینە ژوورەکەی جەنابی هیدایەت، تاکو ڕەزامەندییەکە جێبەجێ بکەم.
کاتێک جەنابی هیدایەت منی بینی پێکەنی.
- سڵاو مامە. خۆشحاڵم کە حاڵتان باشترە. دەبێت من ببەخشن! شەرمەزارم.
هیدایەت- لە تۆ نایەت کەسێکی هەڵەشە و چاو لەدەر بێت. بەڵام فیداکار بۆچی نا! سەرەتا ئەو ڕەزامەندی نامەیە بهێنە تاکو ئیمزای بکەم، دواتر وەرنە لای من دانیشن. چەنکە لەخۆوە خۆشم دەوێی.
چاوەڕێم کرد تاکو کاری پۆلیسەکە تەواو بوو و ڕۆیشت. پاشان لە تەنیشتی دانیشتم و دەستیم کردە ناو دەستەکانم و گوتم:
- زۆر سوپاست مامە.
هیدایەت- زۆرت خۆش دەوێ؟
سەرم دانەواند و بێدەنگ بووم.
هیدایەت- خۆش ویستن کە شەرم نیە تاکو خەجاڵەت بێت. مرۆڤ تا کاتێک عاشقە، زیندووە.
دەزانی کاتێک هاتمەوە هۆشی خۆم و ئەو خاتوونە جوانە ڕووداوەکەی بۆ باس کردم، شێوەی تۆ هەروەک ئەوەیە لە مێشکمدا وێنام کردبوو. تۆ هاوشێوەی کەسێکی کە من زۆرم خۆش دەوێت و تەنانەت هەروەک ئەوی. کارت چییە؟ماڵت لەکوێیە؟
- قوتابی زانکۆم و هیچ کەسێکم نیە جگە لە هاوڕێیەک کە ناوی کاوەیە. ئێستا هەر لێرە دانیشتووە و زۆر حەزدەکات سوپاستان بکات. خانوو ماڵیشم نیە و تەنها ژوورێکم بەکرێ گرتووە کە ئەویش دەبێت لەم ڕۆژانەدا چۆڵی بکەم. لە دونیادا

تەنها دایک و باوکێکی هەژار و زەحمەتکێشم هەبوو ئەوانیش لە ڕووداوێکدا گیانیان لە دەستدا.

هیدایەت- خودا لەوان خۆشبێت، دونیایە ئیتر. باشە ئێستا برۆ، چونکە تۆ هاوڕێکانت چاوەڕێتن و باشتریشە من کەمێک پشوو بدەم. دونیایە ئیتر؟ لەوانەیە ئێستا بەم شێوەیە بین و دواتر بەشێوەیەکی تر. بەهەرحاڵ، شەوت شاد کورم.

- شەوی تۆش شاد مامە. دووبارە زۆر سوپاست.

دەرگای ژوورەکەیم داخست و گەڕامەوە خوارەوە.

کاوە- حاڵی چۆن بوو؟

- سوپاست بۆ خودا باشە، چەندە پیاوێکی تێگەیشتووە. ئەو پۆلیسە لە کوێیە؟

باوکی فەرنووش- کە گەڕامەوە بۆ ئێرە، ڕۆشتبوو.

کاوە- سوپاست بۆ خودا کە هەموو شتێک بەخێر کۆتایی پێهات، باشترە هەموومان برۆین ئیتر.

- ئێوە برۆن، من لێرە دەمێنمەوە، دەمەوێت دڵنیابمەوە حاڵیان باشە. بڕیاریش سبەی بەیانی زوو لە نەخۆشخانە بڕوات. من دەمێنمەوە و کارەکانی بۆ ئەنجام دەدەم.

باوکی فەرنووش- کوڕم من حسابی نەخۆشخانەم داوە و پزیشکیش گوتویەتی شتێکی ترسناک لە ئارادا نییە. ژمارەی منیان لەلایە و ئەگەر خودا نەخواستە ڕووداوێک ڕووبدات پەیوەندی بەمنەوە دەکەن. بۆیە پێویست ناکات ئەمشەو لێرە بمێنیتەوە.

- ئەگەر ڕێگەم بدەن بەم شێوە ئاسوودەترم، تکادەکەم ئێوە فەرموو برۆن.

بە کورتی لەپاش سوپاستکردنی من لەلایەن فەرنووش و باوکییەوە و گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتری، جەنابی ستایش لەگەڵ کچەکەی گەڕانەوە ماڵی خۆیان. کاتێک ماڵئاوایم لێدەکردن، هەوڵم دەدا خۆم لە تەماشاکردنی فەرنووش بەدوور بگرم. تەنها ساتی کۆتایی کە سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بوون تەماشام کرد.

دڵم نەیدەویست لە من دوور بێت، بەڵام باشتر بوو ئەم ڕووداوە هەر لێرەدا کۆتایی پێ بهێنرێت. تاکو ئەم ساتەش زۆر خۆم بردبووە پێشەوە. تاکو ئەو ساتەی لایتی پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکەیان لە چاو ونبوو تەماشام دەکردن.

کاوە- مەگەر چاوەکانت تەلیسکۆبە کە تاکو ئەو دوورییە تۆ دەتوانی ببینی؟!

- بۆ بینینی فەرنووش، پێویستم بەچاو نیە. بەڵکو بەدڵ تەماشای دەکەم.

کاوە- نە بابە، تاکو ئەو ڕادەیە بارودۆخەکە خراپە. ئەی ڕێوی پیس! ناونیشانی

فەرنووشت بۆ ئەمە دەویست. باشە ئەوەندە لەلای ماڵەکەیاندا خۆت شاردۆتەوە، جەنابی ستایش خۆشی دەوێت. کاتێک تەماشای دەکردی خۆشحاڵی لە چاوەکانیدا بریسکەی دەدایەوە.

- لەلای من جیاوازی نییە، چونکە لەبارەی فەرنووشەوە بیرێکم نەکردۆتەوە.

کاوە- بەیانی و ئێوارە، ئەو هەموو قسانەت کرد و من وەڵامم دایتەوە. بینیت بەدەستی خۆت نەبوو.

- هەرکارێک لەدەستی من بێت ئەوا ئەنجامی دەدەم. باشە، ئێستا تۆش بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە کات درەنگە.

کاوە- ناگونجێت کە ئێوە ئەمشەو بفەرموونە ماڵی ئێمە و بەهاتنت ماڵەکەمان برازێنیتەوە؟

- نەخێر، دەبێت لێرە بمێنمەوە. هەر لێرە لەسەر دانەیەک لەم کورسییانە دەخەوم. تۆ برۆ ئیتر.

کاوە- سەرەتای شەو پێت گوتم وازت لێ بهێنم و کارەکە بدەمە دەستی خۆت. دەترسم برۆم و بەڵایەکی دیکە بەسەری خۆت یان کەسێکی دیکە بهێنیت. ئەگەر خۆشت بتەوێت ئەمشەو بەتەنها بەجێت ناهێڵم.

- کورە بۆچی خۆت ئازار دەدەی؟

کاوە- بەڵام بەهزاد، چاک قاپی کچەکەت دزی ها! ئیتر لە بەرچاوت ون نابێت.

- دەکرێ تکات لێبکەم ئیتر لەبارەی فەرنووش و ئەو جۆرە بابەتانە لای من هیچ نەڵێیت؟

کاوە- کورە هەر ئەو ڕووداوە ڕوویدا! چەندە کەللە ڕەقی!

- بابەتەکە کەللە ڕەقی نییە. لەنێوان من و ئەودا دونیایەک کێشە هەیە. ئەگەر لەگەڵ فەرنووش هاوسەرگیری بکەم سەدان کێشەم بۆ درووست دەبێت. بەڵام ئەگەر فەرامۆشی بکەم ئەوا یەک کێشەم بۆ درووست دەبێ. تازە کێ دەڵێ ئەوان کچەکەیان دەدەن بەکەسێکی وەک من؟ کێ کارێکی وا دەکات؟

کاوە- خودا گەورەیە، مرۆڤ ئاگای لە خولەکێکی دواتر نییە. ئێستا فەرموو بزانم ئەمشەو تاکو بەیانی چۆن سەر بنێینەوە؟ بیر ناکەیتەوە ئێستا فەرنووش و باوکی ئەوە هیچ کە گەیشتونەتە ماڵەوە، تاکو ئێستا حەوت پاشایان لە خەودا بینیوە. ئێستا تاکو کەی تۆ دەتەوێت لێرە ڕاوەستی و تەماشای ئەم شەقامە بکەیت؟

تازە هاتبومەوە سەر خۆم کە تەماشام کرد هێشتا لەسەر شەقامەکە بووم. هەروەک ئەوەی کە بەدوای شتێک بگەڕێم یان چاوەڕوانی کەسێک بکەم.





CamScanner

کاوە دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی:
کاوە- فەرامۆشی دەکەیت، ها.
بە پێکەنینەوە گوتم:
- با بڕۆین، هەوا زۆر سارد بووە، سەرمامان دەبێت.
بە کورتی تاکو بەیانی هەر بەو شێوەیە سەری دەخستە سەرم. کاتژمێر دەی بەیانی بوو جەنابی هیدایەت دەرکرا و بەرەو ماڵەوەیان بەڕێکەوتین. لەناو ئۆتۆمبیلەکە دەستمان کرد بەقسە.
هیدایەت- پەرستارەکە بەمنی گوت کە ئێوە دوێنێ شەو تاکو بەیانی لە شوێنی چاوەڕوانی بوون. هەم نا ئاسوودە بووم و هەم خۆشحاڵ.
ئاسوودە نەبووم، چونکە بۆ ئێوە بەدڵنیاییەوە سەخت تێپەڕیوە و خۆشحالیش بووم لەبەر ئەوەی کە هێشتا مرۆڤی لەو شێوەیە لەناوماندا ماوە. بیرم دەکردەوە کە ڕەزامەندیتان وەرگرت، بڕۆن بەدوای کاری خۆتانەوە. ئێستا لەبەر ئەو بیرکردنەوانە داوای لێبوردنتان لێدەکەم.
کاوە لای کردەوە و تەماشای منی کرد، پاشان گوتی:
کاوە- لەڕاستیدا جەنابی هیدایەت، دوێنێ شەو هەمووان ویستیان بڕۆن جگە لە بەهزاد.
ئەو دڵی نەدەهات ئێوە بەتەنها جێبهێڵێت. هەر بۆیە منیش لەگەڵی مامەوە.
هیدایەت تەماشایەکی ئەمەک ناسانەی منی کردوو پرسیاری کرد:
هیدایەت- تۆ خۆ کارێکت نەکردبوو کوڕم. ئۆتۆمبیلی تۆ بەمنیدا نەکێشاوە، بۆچی مایتەوە؟
- ئەگەر بڕۆشتمایە ویژدانم ئازاری دەدام. جگە لەوەش نازانم بۆچی هەستێکی تایبەتی بەرەو تۆ منی ڕادەکێشا و ڕێگەی نەدەدا بڕۆم.
هیدایەت- ئەگەر پێچ بکەیتەوە لەو کۆڵانەوە، کۆتا خانوو ماڵی منە. کۆڵانێکی بنبەستە هەر وەک ژیانی خۆم.
تەماشای ڕووخساریم کرد پڕ ببوو لە چرچ و لۆچی وا کە دەریان دەخست ڕۆژگارێکی بەڕێ کردووە.
چووینە ناو کۆڵانەکەوە و کاتێک گەیشتینە کۆتاییەکەی کاوە گوتی:
کاوە- جەنابی هیدایەت هەڵە نەهاتوم؟ ئێرە ماڵ نیە. ئەو جێگەیەی کە ئێوە دەیڵێن باخە. لە پێشی ئێمەوە هەر ئەو باخە هەیە. لەوانەیە سەرەتای کۆڵانەکە ماڵی ئێوە بێت؟

هیدایەت- نا ئازیزم، هەڵە نەهاتوین.ماڵی من هەر ئەم باخەیە! وەرن با بڕۆین.
من و کاوە تەماشای یەکترمان کرد و مات و بێدەنگ بووین.
ماڵی جەنابی هیدایەت کە هەر ئەو باخە بوو، بەنزیکەی پەنجا مەتر لەهەر لایەکی دیوار بوو. هەرگیز بیرمان نەدەکردەوە.
کاوە- من وا بیرم دەکردەوە کە ماڵی ئێوە، لەوانەیە خانوویەکی کۆنی یەک نهۆمی یان باڵەخانەیەکی بچووک بێت! ئەم باخە چەند مەترە؟ من خەیاڵم ئاسوودە بوو چونکە بەدڵنیاییەوە لێرە زۆر ئاسوودەن و بێ کێشەن.
- ئاسوودەیی بەم شتانە نییە! تەنانەت دیوارەکانی کۆشکێکی گەورە کاتێک مرۆڤ دڵتەنگ دەبێت وا هەستدەکات کەوا فشاری بۆ دێنێت و بێدەنگی دەکات. کاتێک مرۆڤ پەژارەی لە دڵدابێت تەواوی باخەکانی دونیا لەلای بچووکە.
هیدایەت- وەرن بڕۆینە ناو خانووە دڵ سوتێنەرەکە تاکو بە دەردەکانی ئاشنا دەبن.
کاوە- فەرموو دابەزن ئەی شێخی ئەجەل، خاوەن شکۆ بەهزاد!
دابەزین و بەرەو دەرگای باخە گەورەکە ڕۆشتین. جەنابی هیدایەت کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و قوفڵی دەرگاکەی کردەوە، ئێمەش چووینە باخەکەوە. باخەکە زۆر گەورە بوو. ئەوەندە گەورە بوو کە دیواری باخەکە دیار نەبوو. تاکو چاو دەیبینی داری گەورە و کۆن دەبینرا. زەویەکەی بەرگی بەفری پۆشی بوو.
لە ناوەڕاستی باخەکەدا بینایەکی دوو نهۆمی زۆر کۆنی لێبوو کە تەواوی پەنجەرەکانی و دیوارەکانی وەک دەرگا و پەنجەرەی سەد ساڵ لەمەوبەر دەبوو. بە شوشەی ڕەنگاو ڕەنگ جوانیەکی سەرسوڕهێنەری پێ بەخشیبوو.
هیدایەت- ئەم باخە نزیکەی پێنج هەزار مەترە. تەواوی ئەم درەختانە خۆم ئاویان دەدەم و ئاگام لەوان دەبێت، چەندین ساڵە ئەمە کاری منە. پەنجا ساڵ، سەد ساڵ، دووسەد ساڵ! ئیتر ساڵانێک کەوا لە دەستم چووە.
کاوە- ماڵی خۆتانە؟ لێرە تەنها دەژین؟ مرۆڤ دەترسێت لێرەدا.
هیدایەت- بەڵێ ماڵی خۆمە. هەڵبەتە لەم دونیایەدا هیچ شتێک هی خۆمان نییە.
- من هەرگیز لێرە ناترسم ، بەڵکو بەپێچەوانەوە وا هەست دەکەم کە ساڵانێکە ئێرە دەناسم! تەنانەت ماسییە سور و ڕەشە گەورەکانی ناو حەوزەکە وا هەست دەکەم پێشووتر بینیومن.
کاوە- لێرەدا حەوزی لێ نییە، لەکوێ دەزانیت حەوزی ئاو هەیە چ بگات بە ماسی! ئەوانە هەمووی خەیاڵن.

هیدایەت تەماشای منی کرد، بەبێ ویستی خۆم سەرم دانەواند. بە پێکەنینێکی ژنانەوە گوتی:

هیدایەت- زۆر سەرسوڕهێنەر نییە، بڕۆینە ناو بیناکەوە حەوزی ماسیم هەیە. هەرچەندە لە سەرەوەیە بەڵام ژێرەوەی پڕیەتی لە ماسی سور و ڕەشی زۆر گەورە.

کاوە بەسەرسامیەوە تەماشای منی کرد و گوتی:

کاوە- تۆ لەکوێ زانیت؟

- نازانم. هەر بەو جۆرەی گوتم. باخێکی گەورەی لەم شێوەیە، حەوزێکی گەورەی ماسیشی تێدایە بەدڵنیاییەوە.

هیدایەت- بڕۆین ئێرە ساردە. هەرچەندە ناو بیناکە زۆر جیاوازی نییە لێرە، بەڵام باشە. چونکە هەم گەرمکەرەوەی هەیە و هەم سۆپای دیواری کە ئێستا پێی دەڵێن ئاگردان. هەروەک چۆن ئەم ماڵە کۆنە، ئاگردانەکەیش وەک خۆی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەد بۆ سەد و بیست ساڵ لەمەوبەر.

هەرچەندە لە بیناکە نزیک دەبووینەوە، زیاتر سەرمان دەسوڕما.

بیناکە ڕووی ناوەوەی گەچکاریەکی قەشەنگ و جوان کرابوو. هەیوانێکی گەورە کە پایەی زۆر بەرزی هەبوو وە ماڵەکە پڕی بوو لە پەنجەرە. لە هەرشوێنێکی بیناکەوە تەماشات بکردایە پەنجەرە بوو، بەدەرگای گەورە و شوشەی ڕەنگاو ڕەنگی کۆن. شەکەتی و کۆنی لەناو خانووەکە دەبینرا. هەر ئەو شەکەتی و کۆنیە شکۆدارتری دەکرد.

شتێک کە جیاواز لەمانە نهێنی و تایبەتی بەماڵەکە بەخشی بوو، بێدەنگیەکەی بوو!

هەر لەوێدا کاوە بەشێوەیەک ترسا بوو گوتی:

کاوە- جەنابی هیدایەت، ئێوە لێرەدا سەگتان هەیە؟

هیدایەت- نا ئازیزم. ئەوەی کە بەدڵنیاییەوە لەلای درەختەکانەوە بینیوتە ئاسکی مێینەیە. دایکیشی هەر لەم ماڵەدا ژیا و مرد. ماوەتەوە ئەو بێزمانی تەنهایە.

ئاسکەکە کاتێک جەنابی هیدایەتی بینی، بەبازدان بەرەو لای ئێمە هات و بەبێ ترس لە ئێمە نزیک بووەوە و هەر بە بازدان چووە لای.

هیدایەت- ناوی تەلایە. چۆنە بەلاتانەوە؟

سەرقاڵی لاواندنەوەی ئاسکەکەی بوو، هەر وەک منداڵی مرۆڤێک. ئەویش خۆی بۆ جەنابی هیدایەت شیرین دەکرد و سەری لەناو دەستەکانیدا دەجوڵاند.

کاوە- چۆن ڕاتان هێناوە لە مرۆڤەکان ناترسن؟ ئەم بێزمانە خۆ قەپ ناگرێت لە مرۆڤ؟!

هیدایەت- لە منداڵییەوە گەورەم کردووە. ئەمە کچی منە. هەندێک کات خەریکە لە تەنهاییدا دیق دەکەم، تەلا دێت بۆ لام و ئارامم دەکاتەوە. لە زۆربەی شتەکان تێدەگات، وەک ناخۆشی و خۆشی و پەژارە و خەم و خەفەت!

چووینە ماڵەوە و تەلایش لەگەڵمان هات.

بیناکە هەستێکی سەر سوڕهێنەرانەی هەبوو. لەسەر بناغەی چوارگۆشەیی دروست کرابوو. لە چواردەوری ژووری لێبوو. ناوەڕاستی بەتاڵ بوو. لە ڕاستیدا ناوەڕاستی بیناکە حەوشەیەکی دیکە هەبوو جیاواز لە باخەکە، بەهۆی چەند پلیکانەیەک و ڕاڕەوێکی ژێر زەمینی دەچووە باخەکەوە. لەناو حەوشەکەدا ژووی لێبوو کە بچووکترینیان سی مەتر دەبوو. تەواوی ژوورەکان فەرشی زۆر کۆن و جوانی لێبوو. لە هەندێک لە ژوورەکاندا ڕووی فەرشەکان داپۆشرابوو.

جەنابی هیدایەت تەواوی ماڵەکەی پێ نیشاندایین کە لەڕاستیدا زۆر جوان بوو. لە تەواوی ژوورەکاندا بەلایەنی کەمەوە تابلۆیەکی کۆن و زۆر بەنرخ بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوو. جەنابی هیدایەت ناوی وێنەکێش و کاتی دروستکردنی تابلۆکانی بۆ باسکردین.

ئەو ژوورەی جەنابی هیدایەت تێیدا دەژیا وەک خۆی دەیگوت، ژوورێکی پێنج دەرگا بوو کە لەلایەکی ژوورەکەوە کتێبخانەیەکی کۆنی تێدابوو. مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەد ساڵ لەمەوبەر. دیوارەکانی ژوورەکە تابلۆی کێشراوی تێدابوو.

یەکێک لەوانە تابلۆی ژنێکی بیست و حەوت ساڵ بۆ بیست و هەشت ساڵ دەبوو! جلوبەرگ و ئارایشتکردنی لە سەردەمی کۆن دەچوو. ژنێکی زۆر جوان بوو.

کاوە- ئێوە بەڕاستی لێرە بەتەنها دەژین؟ دەزانی نرخی ئەو تابلۆ و فەرشانە چەندە؟!

هیدایەت- بەڵێ. هەندێکیان لەڕاستیدا نرخی بۆ دانانرێت! لەناو ئەم کتێبخانەدا کتێب گەلێکی تێدایە کە لەوانەیە نرخی هەردانەیەکیان پارەی باڵەخانەیەک بێت. هەموویان بەدەستی کەسایەتیە گەورەکانی سەد ساڵ لەمەوبەر نووسراون کە لە ئێستادا کەسیان لە ژیاندا نەماون.

کاوە- ئەوکات ئێوە ناترسن کە خودا نەخواستە کەسێک یان دزێک بێت و

بەلایەکتان بەسەردا بهێنێت، هەموو شتەکانیشتان ببات؟

هیدایەت- ئەگەر کەسێک بێت و ئەو چاکەیە لەگەڵ مندا بکات، ئەوکات ئیتر کێشەیەک نامێنێتەوە!

بەلام لە بیست ساڵ پێش ئێستاوە تاکو ئێستا ئێوە تاکە کەسانێکن یاخود باشتر بڵێم ئێوە تەنها کەسانێکن کە هاتونەتە ناو ئەم بینایەوە! ئەم ماڵە ئەوەندە نەفرەتییە کە تەنانەت دزەکانیش ئێرە نابینن.

- بۆچی ئەم قسانە دەکەیت؟ ئێرە هەموو شتێکی قەشەنگە و جوان و پڕ لە ڕازە. حەیف نیە مرۆڤێک لێرەدا ژیان بکات و ئەوەندە بێ هیوا و خەمبار بێت؟

جەنابی هیدایەت دەستی خستە سەر شانم و گوتی:

هیدایەت- ئێرە تەنها بەڕووکار ماڵە کوڕم. هەر ڕووکارێکیش ناواخنی هەیە. ئێستا ئێوە دانیشن تاکو من بەقسەی ئەمڕۆ ئاگردانەکەتان بۆ دابگرسێنم بۆ ئەوەی گەرمتان بێتەوە.

- لەلای من شتێک زۆر سەرسوڕهێنەرە. چۆن کاتێک نزیکەی بیست ساڵە هیچ کەسێک نەهاتوتە ئێرە، ئەوەندە پاک و خاوێنە؟! دەبوایە لەم بیست ساڵەدا بەنزیکی دە سانتیمەتر تۆز و خۆڵ لەسەر شتەکان بووایە.

هیدایەت لەو کاتەی خەریکی هەڵکردنی ئاگردانەکە یان وەک خۆی دەڵێت سۆپای دیوارییەکە بوو گوتی:

- بیرت دەکردەوە کە کاری من لەم ماڵەدا چییە؟! ساڵانێکە ئەوە بووە بە کاری من.

من و کاوە بەسەرسامیەوە تەماشای یەکترمان کرد.

کاوە- واتە ئێوە تەواوی ئەم هەموو ساڵە ژوورەکانی ئێرەتان پاککردۆتەوە؟!

- جەنابی هیدایەت، لەبیرمە دوێنێ شەو پێش لەوەی ڕووداوەکە ڕوویدات نانێکی سەنەکیتان بەدەستەوە بوو. ئەگەر دەکرێ ناونیشانی ئەو نانەواخانەم پێ بدەن تاکو بچم چەند نانێک بهێنم.

کاوە- من دەزانم ئەو نانەواخانەیە لە کوێیە؟ ئێستا دەچم دەیهێنم.

کاوە ڕۆشت نان بکڕێت و جەنابی هیدایەتیش خەریکی درووستکردنی چایی بوو.

هیدایەت- مرۆڤ کە ساڵانێک بەتەنها ژیان بکات، میوانداری لەبیر دەچێتەوە.

- زەحمەت مەکێشن، ئێمە لەسەر ئیزنتان دەڕۆین. هەڵبەتە دوای ئەوەی کاوە نانەکەی هێنایەوە.

هیدایەت- ترسی منیش هەر لەوەبوو تۆ بڕۆیت! بەلام دەزانیت هەرکەسێک

خۆشی له کەسێکی دیکە نەیەت، داوای ڕۆشتنی لێدەکات.
- له ڕاستیدا من مەبەستم لەوە نەبوو. تەنها نەم دەویست ئێوە ماندوو بین.
هیدایەت- نا مافی خۆتە. چونکە دوێنێ شەو تاکو بەیانی نەخەوتون، بڕۆن پشوویەک بدەن، بەڵام تکات لێدەکەم من لە بیر نەکەیت و هەرکاتێک کارت نەبوو، سەردانم بکە. خۆت دەبینی من لێرەدا بەتەنهام و ماوەتەوە ئەم ئاسکە.
نامەوێت چاوەڕوانی ئەوە بکەم کەوا هەموو ڕۆژێک بێیتە سەردانم. هەرچەندە ئەگەر ئەو کارە بکەیت، من زۆر خۆشحاڵ دەکەیت. بەڵام هەرکاتێک توانیت وەرە بۆ لام. پێکەوە دادەنیشین و قسەت بۆ دەکەم. زۆر حەزدەکەم کەمێک دەردە دڵت بۆ بکەم. دەزانیت کە ئێمەی پیرەمێردان کەمێک زیاتر قسەدەکەین، ڕۆژگارە ئیتر.
تاکو چاییەکە ئامادە بوو، کاوەش بەچەند نانێکەوە گەڕایەوە و پاش خواردنی چایی، ماڵئاوایمان لە جەنابی هیدایەت کرد و لەماڵەکەی هاتینە دەرەوە.
کاوە- دێیت بۆ ماڵی ئێمە؟
- نا هیلاکم، دەڕۆمەوە ماڵەکەی خۆم. تەنها کاوە! نەکەیت بچیت و لەبارەی خانووەکەی جەنابی هیدایەت و ئەو شتانەی کە لەوێدا بینیمان بۆ کەسێکی باس بکەیت ها!
دواتر قسەکان ماڵ بەماڵ دەڕوات و هەواڵەکەی دەگاتە گوێی خەڵکی. ئەوکات دەبینیت کە خودا نەخواستە کەسێک لەبەر چوار کتێب بەڵایەک بەسەر ئەو پیرەمێردە دەهێنێت.
ئێستا ئەگەر دەتوانی من بگەیەنەرە ماڵەوە، دەستت خۆش بێت. خەریکە لە ماندوویدا دەمرم.
کاوە- نا خەیاڵت ئاسوودە بێت. هیچ شتێک بە کەس ناڵێم، تۆ وەرە بڕۆینە ماڵی ئێمە.
- بەگیانی کاوە لە ماڵی خۆمدا ئاسوودە ترم.

## بەشی سێیەم

بەماندوویی گەیشتمەماڵەوە و باشتر بوو کەمێک بخەوم و پشوویەک بدەم پاشان لەبیری خواردندابم. کە بەخەبەر هاتمەوە کاتژمێر چواری ئێوارە بوو. سەرەتا چووم خۆم شۆرد تاکو بێمەوە سەر خۆم.

گەرماوی ماڵەوە بەپلیکانە دەچوویتە ناوی. هەڵبەتە مەبەستم لە گەرماو، ژوورێکی مەتر بەمەتر و حەفتا و پێنج سانتیمەتری بوو کە ڕەشاشێکی تێدابوو. بەکورتی دواتر بیری خواردنی ئێوارەم کەوتەوە کات گەیشتبوو بەئێوارە.

دوو هێلکەم کردە ڕۆن و بەپێکەنینەوە خواردم چونکە بیری قسەکانی کاوەم کەوتەوە. پاشان چونکە تەلەفزیۆنم نەبوو، ڕادیۆکەم داگرساند و لەلای دانیشتم و گوێم لێدەگرت.

نیو کاتژمێر تێنەپەڕی بوو کە زەنگیان لێدا. گوتم بەدڵنیاییەوە کاوەیە. بەڵام کاتێک دەرگاکەم کردەوە دەبینم فەرنووش لە پشتی دەرگاکەوە وەستاوە و پارچەیەک کاغەزی بەدەستەوە بوو! لەوانەبوو ناونیشانی منی لەسەر بێت.

فەرنووش- سڵاو بەهزاد خان. خۆ بێزارتان ناکەم ؟

- سڵاو حاڵی ئێوە چۆنە؟ تکا دەکەم چ بێزارکردنێک.

فەرنووش کەمێک دەستی دەستی کرد و چاوەڕوانی ئەوەبوو بانگی بکەمە ژورەوە. کاتێک بەتایبەت فەرمووم لێنەکرد، لەپاش چەند چرکەیەک بۆ من وەک ساڵێک بوو گوتی:

فەرنووش- هاتبووم تاکو سوپاستت بکەم.

- شتێکی وانەبووە.

فەرنووش- بۆچی نا. ئەگەر خوانەکات ڕووداوێک بەسەر جەنابی هیدایەت بهاتایە

ئەوکات بابەتەکە درێژەی دەکێشا.
- سوپاست بۆ خودا هەموو شتێک بەخێر تێپەڕی.
فەرنووش- میوانت هەبوو؟
- نەخێر، تەنها بووم. خەریکبووم گوێم لە ڕادیۆ دەگرت.
فەرنووش- چەندە باشە. بەرنامەکانی ڕادیۆ زۆر باشە.
- زۆر بەلامەوە باش نییە. ئەگەر گوێ لە ڕادیۆ دەگرم لەبەر ئەوەیە کە تەلەفزیۆنم نیە. بەقسەی پێشینان ماڵ نشینی منداڵ لە بێچارەیدایە.
کەمێک من منی کرد و پاشان ڕووی کرایەوە و گوتی:
فەرنووش- ناتانەوێت بانگێشتم بکەنە ماڵەوەتان؟
تەماشام کرد و چوومە لایەکەوە.
- دەربارەی ماڵەکە چیتان پێبڵێم. ژوورێکم هەیە کە هێندەی قوتوی کبریتە.
لە پشتی دەرگاکە پێڵاوەکانی داکەند و هاتە ژوورەوە. بەتەماشاکردنێکی وردەوە تەماشای ماڵەکەی کرد.
فەرنووش- ژوورەکەتان زۆر دڵگیرە.
نەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم و دەستم کرد بەپێکەنین و گوتم:
- داوای لێبوردن دەکەم زۆر پێکەنینم پێی هات. ستایشێکی جوان بوو، بەلام بۆ ئێرە نابێت. ببورە کوێی ئەم ژوورە جوانە؟
چووە سەر ئەو تاکە مۆبیلی ژوورەکەم و دانیشت، جانتاکەی لە پاڵیدا دانا و گوتی:
فەرنووش- سەرەتا هەموو شتێک پاکو خاوێنە. لەگەڵ ئەوەی کەوا من بەبێ ئاگادارکردنەوە هاتم بەلام وادەردەکەوێت کەسێکی زۆر ڕێک و وردی.
دواتریش لەگەڵ ئەوەی کەل و پەلەکانت کەم و سادەیە، بەلام زۆر بەورد و درشتی. ڕەنگی ژوورەکە و پەردەکان لەگەڵ یەکتر دەگونجێن. سەرمێزەکەشت پەرش و بلاو و پیس نییە. چ بگات بەوەی کە تۆز و خۆڵی لەسەر بێت.
- زۆر سوپاست. تاکو ئێستا بەو شێوەیە تەماشام نەکردبوو، هیوادارت کردم.
فەرنووش- مەگەر بێ هیوا بوویت؟
- بەڵێ، بەلام تاکو ئێستا ئەو شتانەی ئێوە گوتتان لەم ژوورەدا نەمبینی بوو.
فەرنووش- ژوورەکەت چوار دیوارێکە. ئەو شتانەی لەدەروونتدا هەیە، ئێرە جوان یان ناشرین دەکەن.
قسەکانی تێگەیشتوانە بوو. تاکو ئێستا بەباشی تەماشام نەکردبوو، واتە لە

تەماشاکردنی چاوەکانی خۆم بەدوور دەگرت. ئەمڕۆ زۆر جوان بوو.
چاوەکانی جوان و بالایەکی بەرز، مووەکانی ڕەش و درێژ، دەنگی دلگیر و هەلسوکەوتی سەنگین و بەڕەوشتانە بوو. بەکورتی تەواوی ئەو شتانەی لە خانمێکدا هەبوو ئەو هەیبوو. ئەو بۆنەی لە خۆی دابوو، مرۆڤی دەخستە بیری دارستان و بەهار و تافگە و ئەو شتانە. دتگوت تازە دەیبینم و ماوەیەک دەبووایە تەماشام بکردایە.

- ببورە ئێستا چایی لێدەنێم و ئاو میوەش ئامادەیە.

فەرنووش- تەواوی ئەو کتێبانەت خوێندوەتەوە؟

- کات بەسەربردنی من کتێب خوێندنەوەیە.

فەرنووش- بەو هەموو وانە زۆرانەوە چۆن کاتت هەیە ئەم هەموو کتێبانە بخوێنیتەوە؟ گوێم لێبووە کەوا یەکەمی پۆلەکەتی!

- چونکە بەتەنهام، کارێکم نییە و تەلەفزیۆنیشم نییە. تەنها دادەنیشم و وانەکانم دەخوێنم.

فەرنووش- مرۆڤێکی چەندە شارەزایی. لەو جۆرە مرۆڤانەی کە ژیان نەی بەزاندون.

- بەو شێوەیەش نیم کە ئێوە دەفەرموون. ساتەکان ژیانیان ڕێک خستووە. جارجارە لەگەلی دەجەنگێم. ئەگەرنا من بەتایبەتی ئەهلی جەنجالی و ئەو جۆرە شتانە نیم.

فەرنووش- بەلام هەندێک کەس هەن، واتە زۆربەی مرۆڤەکان ملکەچ دەبن و خۆیان لەناو سەختییەکانی ژیاندا ونکردووە.

- ببورە من لێرەدا پیالەم نییە بۆیە دەبێت لە کوپدا چایتان بۆ بهێنم.

فەرنووش یەکێک لە کوپەکانی هەلگرت و تەماشای کرد. پاشان گوتی:

فەرنووش- سەرسوڕهێنەرە! لێرە هەموو شتێک لە پاک و خاوێنیدا بریسکە دەدات. خۆتان قاپەکان دەشۆن؟

- لەکاتێکدا خزمەتکارەکان نەبن، بەلێ!!

پێکەوە دەستمان کرد بەپێکەنین.

- باشە ئاشکرایە، تەواوی کارەکان خۆم ئەنجامی دەدەم.

فەرنووش- ڕاستە. بەلام لە پیاوێک بەدوورە کەوا ئەوەندە پاک و خاوێن و لێزانانە بێت.

- تەواوی خێزانەکەم بەپاک و خاوێنی و ڕێک و پێکی ناسراون، هەرچەندە

ژوورەکەی من بەم جۆرە پاک و خاوێن نییە. بەڵام دایکم ژنێکی زۆر ڕێک بوو، لەوانەیە لە دایکمەوە ئەوەم بۆ مابێتەوە.
فەرنووش- دایک و باوکت وەفاتیان کردووە؟
- ساڵانێکە. لە ڕووداوێکدا کە لە دەرەوەی تاران ڕوویدا.
فەرنووش- هیچ خزمێکت نییە؟
- بۆچی نا، چەند خزمێکم هەیە کە پەیوەندیم لە گەڵیاندا نییە. چاییەکەتان سارد دەبێتەوە.
بۆ ماوەیەک بەبێدەنگی خەریکی خواردنەوەی چایی بووین.
فەرنووش- کاوە خان ئێوەی زۆر خۆش دەوێت!
- دۆستانم هەموویان لە چاکی خۆیانە، بەتایبەتی کاوە.
فەرنووش- ئاگادارم کە ئێوە یەکێک لە گورچیلەکانی خۆتانتان پێداوە.
بە سەرسامییەوە تەماشام کرد.
- درووستە، بەڵام ئەو لەوانەبوو بارودۆخی ترسناک بێت.
فەرنووش- ڕاستە کە ساڵی یەکەمی زانکۆ شەڕتان بووە؟
- شەڕمان نەکرد. بەڵکو قسەمان بەیەکتر گوت. لەناو پۆلدا گاڵتەی زۆری دەکرد و نەیدەهێشت مامۆستا وانە بڵێتەوە. لەسەر ئەوە قسەمان بەیەکتر گوت، هەر ئەو دووبەرەکییەش بوو بەهۆی دۆستایەتیمان.
فەرنووش- لە پاش ئەوە ئیتر لەناو پۆلدا ڕای نەدەبوارد؟
- بۆچی نا، بەڵام لەدوای ئەوەی یەکترمان ناسی بردمە لای خۆم و ئاگاداری بووم.
فەرنووش- گوێم لێبووە کە لە دوای شەڕەکەتان چەند ڕۆژێک نەهاتۆتەوە بۆ زانکۆ و ئێوە ڕۆشتوون بە دوایدا.
- کاتێک بینیم نایەتەوە زانکۆ، لە دۆستەکانی ناونیشانیم وەرگرت و ڕۆشتم تاکو بزانم بۆچی نەهاتۆتەوە.
فەرنووش- کاتێک زانیت بارودۆخی گورچیلەکانی خراپ بوو، بەتەواوی سەروەت و سامانیانەوە نەیان توانیوە کەسێک پەیدا بکەن کە بتوانێت گورچیلەیەکیان پێبدات کەوا گرووپی خوێنەکەی لەو بچێت.
- ئێوە کە هەموو شتێک دەزانن، بۆچی لە من دەپرسن؟
فەرنووش- دەمەوێت لە خۆتانی ببیستم. زۆر مایەی سەرسوڕمانە کەوا کەسێک بەشێکی جەستەی بەکەسێکی دیکە بدات. ئەویش لە پێناوی هیچ دا!

- چ شتێک لەوە بەنرخترە کەسێک بتوانێت لە ژیان بەردەوام بێت؟! جگە لەوەش من دۆستێکم پەیدا کردووە کە نایگۆڕمەوە بە هەموو دونیا.

فەرنووش- کارێکی چەندە تێکەیشتوانەیە. بەڕاست لە پشوودا چ کارێک دەکەیت؟

- لەڕاستیدا لێرە کارێکم نییە. دەمەوێت سەرێک بدەم لە دوورگەکانی هاوای!

پاشان دەستمکرد بەپێکەنین و گوتم:

- چ کارێکم هەیە تاکو ئەنجامی بدەم. دەبێت تاکو مردن لەم ژوورەدا بم! چایەکی ترتان بۆ تێ بکەم؟

فەرنووش- نا زۆر سوپاست، ئیتر دەبێت بڕۆم. تەنها دەبێت بەڵێنم پێبدەی ک شەوێک بێنە ماڵی ئێمە.

- بەسەرچاو. لەدەرفەتێکی گونجاودا.

فەرنووش- من دەتوانم بێمە ئێرە؟

ئامادەبووم بڵێم لەخزمەتتاندام، ئێوە هەرکاتێک بتانەوێت بێنە ئێرە. بەڵام قسەکانم خواردەوە و گوتم:

- ئێرە شتێکی لێ نیە کە بۆ ئێوە مایەی سەرسوڕمان بێت.

فەرنووش- ئێوە ڕێگەم بدەن تاکو خۆم ئەزنوونی بکەم!

- هەر جۆرێک پێتان خۆشە. خۆشحاڵ دەبم ئێوە بێن.

فەرنووش هەستا و جانتاکەی هەڵگرت، بەرەو دەرەوە ڕۆشت و پێڵاوەکانی لە پێکرد.

فەرنووش- تا جارێکی دیکە خودا ئاگادارت بێت.

- فەرنووش خانم، لەچکەکەتان تێکچووە و قژتان لە پشتەوە دیارە.

فەرنووش- زۆر سوپاست. کێشەی قژی درێژ هەرئەوەیە.

سەرپۆشەکەی چاککرد و چووە دەرەوە.

فەرنووش- دووبارە خودا ئاگادارت بێت و سوپاستت دەکەم.

- ببورە کە میوە و شیرینیم لە ماڵەوە نەبوو.

فەرنووش- قسەکردن لەگەڵ ئێوە بەهێندەی پێویست شیرین بوو. خودا ئاگادارت بێت.

- خودا ئاگاداری ئێوەش بێت. سڵاوم بگەیەنە بەجەنابی ستایش.

چاوەڕێم کرد تاکو سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو.

کاتێک تەماشام کرد زۆر جوان بوو. هەموو شتێک لە دروستکردنی ئەم کچەدا تەواو بوو. کاتێک لەناو ئۆتۆمبیلەکەی دانیشت و ئیشی پێ کرد، چاویلکەیەکی کردە

چاوی که زۆری لێ دەهات. لەو کاتەدا لە دڵەوە لەخوام دەویست کەوا کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند بووبام.
کاتێک بەڕێکەوت، دەستی بۆ بەرزکردمەوە منیش وەڵامەکەیم بەدەست دایەوە و دواتر بەخێرایی بەڕێکەوت و ڕۆیشت.
گەڕامەوە ژوورەکەم، ئیتر تاقەتی تەنهایم نەبوو. فەرنووش بەڕۆشتنی بارودۆخ و توانا و بیر و هۆشی منی لەگەڵ خۆی بردبوو.
چەند خولەک دواتر هەستام کوپەکان بشۆم. کاتێک کوپەکەی فەرنووشم گرت بەدەستمەوە، دڵم ڕێگەی نەدا بیشۆم! بردم هەر بەوجۆرە لەناو ڕەفەی قاپەکاندا دامنایەوە. یادگاری کەسێک کەوا حەوت سەد پلە لەگەڵ من جیاوازی هەبوو.
تازە دانیشتبووم کە دووبارە زەنگیان لێدایەوە. ئەمڕۆ دەرگای ڕەحمەت لە من کرابوویەوە.
لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد کاوە بوو.
کاوە- سڵاو چلە نشین! چۆنی هاوڕێ. کەی واز لەم ژوورە دەهێنیت و دێیتە ناو کۆمەڵگا؟! ڕاوەستە ببینم! بەه بەه...
ئێرە هەمووی بۆنی گوڵاوی گرتووە. ئەم بۆنەی کە من دەیکەم، ئایا شەماڵ مێناویەتی یان میوانت هەیە؟! هەرچەندە چاوەکانم خراپ نابینێت لە ئاستی تۆ، بەڵام ئەم بۆنی عەترە ڕاستەقینەیە و بۆنەکەی لەم ژوورەدایە. خێرا ڕاستیەکەی بڵێ، بکوژ لە کوێیە؟! لە کوێ شاردوتەتەوە؟
- قسە هیچەکانت تەواو بوو؟
کاوە- نەو واتە یەس.
- فەرنووش خانم لێرەبوو.
چاوەکانی کاوە لەپڕ گەشایەوە!
کاوە- بەه بەه، من بەڕاستی نەمگوت مەیلی لەخۆوە نیە بۆت، داوای کردی؟
- بەڵێ، لەگەڵ دایک و باوکی هاتبوون. شاڵ و ئەنگوستیلەیان بۆ هێنابووم.
کاوە- تۆ چیت گوت؟
- ڕازی نەبووم. وتم کاتی هاوسەرگیری کردنم نییە.
کاوە- لەبەر ئەوەی کەری! ئێستا بەڕاست بۆچی هاتبوون؟
- باشە، هاتبوو بۆ ئەوەی سوپاستی قسەکانی مرۆڤی بێرەوشت بکات.
کاوە- سوپاست کردنی ڕاستە، بەڵام ئەو قسە، مەبەستی کامە قسەیە؟!
- بمری کاوە. کوڕە بۆچی ڕۆشتووی و هەموو شتێکت بەو کچەی هاوڕێی

دایکت گوتووە؟ ئەویش ڕۆشتووە هەموو شتێکی بەفەرنووش گوتووە.
کاوە- بەتەنها هاتبوو؟
- بەڵێ. وەڵامی منت نەدایەوە.
کاوە- هەموو شتێک من نەمگوتووە. نیوەی من گوتومە و نیوەکەی تری دایکم.
- بەلام مرۆڤ خۆ هەموو شتێک بەهەموو کەسێک ناڵێت!
کاوە- بەلام ئەو خاتوونە و دایکی هەموو کەس نین. واتە بێگانە نین. چونکە پورم و کچەکەین.
- بەڕاست! واتە فەرنووش هاوڕێی کچە پوری تۆیە؟
کاوە- بەڵێ، کچە پورم گورچیلەی تۆی باسکردووە. نەتان گوت کە فەرنووش چی گوتووە؟
- بابە دە خولەک دانیشت و ڕۆشت، ئێستا هەواڵ چییە؟
کاوە- هاتوم پێکەوە بڕۆینە باکور.
- چۆنە کە ئێستا خۆشەویستیت پەرەی سەندووە؟!
کاوە- بابەتەکە خۆشەویستی نییە. مردوو شۆرەکەی باکور مردووە و هاتووم تۆ ببەم لە جێگەی ئەو کار بکەیت!
- من ناتوانم لە گەرماودا بەتەواوی خۆم بشۆم، چ بگات بەمردووی خەلکی.
کاوە- باشە کارەکانت بکە، بڕۆین.
- لەم کەش و هەوایەدا؟ داویەتی لە سەرت؟
کاوە- نە بابە، دەبێت دایکم ببەم بۆ ڤیلاکەی باکور. حەز دەکات چەند ڕۆژێک بچێتە ئەوێ. گوتم ئەگەر تۆ لەگەڵم بێیت، چەند ڕۆژێک لەوێ پێکەوە دەمێنینەوە.
- ئەگەر بەتەنها بڕۆشتیتایە دەهاتم، بەلام لەگەل دایکت شەرمەزار دەبم.
کاوە- بەڵێ کوندەپەپوی کوێر! دایک و باوکم لەخودایان دەوێت کە ڕێک و پێکی تۆ ببینن. ئەو کات تۆ خۆتیان لێ بەدور دەگری؟!
کاکی بەڕێز لاخۆی تۆ گیانی کوڕەکەیانت ڕزگار کردووە و بەشێکی تۆ لەناو جەستەی کوڕەکەیانە!
- زەهری مار. ڕۆشتووی و ئەو قسانەت بەکچە پورەکەت گوتووە، ئەویش ڕۆشتووە و بەفەرنووشی گوتووە. ئەمڕۆ هاتبوو پرسیاری ئەمانەی لێدەکردم.
کاوە- ئێستا دێیت بڕۆین یان نا مرۆڤی کەللە ڕەق؟
- ئێستا کەی بەڕێ دەکەون؟ نەخێر نایەم بەڕێز.
کاوە- بە جەهەنەم. ئەگەر هاتبای، چەند ڕۆژێک دەماینەوە و بەخۆشی بەڕێمان

دەکرد. ئەو کەللە پوتەشت ئاوی دەخواردەوە. بەهەرحال نیو کاتژمێر یان کاتژمێرێکی دیکە بەڕێ دەکەوین، ئەگەر ویستت وەرە.

- لەوەی کە بانگێشتت کردم سوپاستت دەکەم، ئێوە بفەرموون و بەخۆشی بەسەری ببەن.

کاوە- بەڕاست منیش تاقەتم نەبوو برۆم. ویستم کەمێک پڕ و پوچی بکەم و پێکەوە برۆین. ئێستا کە نایەیت منیش دوو ڕۆژ لەوێ دەبم و دەگەڕێمەوە. شتێکت ناوێت لەوێ بۆتی بهێنم؟

- تەنها سەلامەتیتان. خواتان لەگەڵ.

کاوە- بەهزاد. گیانی من، پارە یان شتێکت پێویست نییە؟

- نەخێر. زۆر سوپاست. دەوڵەتی بەردەستت خەزێنەی پڕ لە ئاڵتوون و گەوهەرە! ئێوە فەرمون.

کاوە بەبێ ئارەزوومەندانە ڕۆشت و بڕیار بوو کە دوو ڕۆژی دیکە بگەڕێتەوە.

نازانم بۆچی بەوشێوەیە دەمبینی کاوە دەڕۆشتە باکور و تاکو دوو ڕۆژی دیکە ناگەڕێتەوە هەستم بەتەنهایی دەکرد و دڵم تەنگ دەبوو. ڕۆشتم کتێبێک دەربهێنم بەڵام دووبارە زەنگیان لێدایەوە.

لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد، پیاوێکی نەناسراو بوو. دەرگاکەم کردوە.

- فەرموون؟

- ماڵی بەڕێز بەهزادی فەرهەنگە؟

- بەڵێ خۆمم بفەرموون.

- پاکەتێکتان هەیە، ئەم تەلەفزیۆنە لەلایەن خانمێکەوە بۆ ئێوە نێردراوە.

لە پشتی ئۆتۆمبیلەکەیەوە، تەلەفزیۆنێکی گەورەی پێبوو.

- ببورە تێنەگەیشتم!

- خانمێک بەناوی ستایش ئەم تەلەفزیۆنەی بۆ ئێوە کڕیوە و ئەم ناونیشانەی بە ئێمە داوە. فەرموو وەری بگرە و تکایە ئێرەش ئیمزا بکە.

- تکایە ئەم تەلەفزیۆنە بگەڕێنەوە، هەڵەیەک لێرەدا ڕوویداوە.

- مەگەر ناونیشانەکە ڕاست نییە؟

- ناونیشانەکە ڕاستە، ئەو کەسە هەڵەی کردووە ببورن.

دەرگاکەم داخست و هاتمە ژوورەوە. زۆر تێکشکام. لە تووڕەیدا حەزم دەکرد بگریم. بۆچی دەبێت لە خۆمەوە زمانم بجوڵێت و لەلای فەرنووش بڵێم کەوا تەلەفزیۆنم نییە؟ بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتن ڕووبدات و ئەو وا تێبگات من بۆ ئەوە ئەو قسەیەم

کردووە تاکو ئەو تەلەفزیۆنم بۆ بکڕیت. لە خۆم بێزار بووم و حەزم دەکرد سەرم بکێشم بە دیواردا. ئەو بەدبەختیانە چییە کەوا من هەمە؟!

بینیم کە ناتوانم لە ماڵەوە بمێنمەوە، بۆیە جلەکانم لەبەرکرد و لە ماڵ چوومە دەرەوە.

ئەگەر منیش باوکێکی دەوڵەمەندم هەبووایە. ئەگەر منیش حساب بانکیم هەبووایە کەوا لە یەک تاکو سەد سفری هەبووایە. ئەگەر منیش خانوویەکی هەزار نهۆمیم هەبووایە. ئەگەر منیش ئۆتۆمبیلێکی مۆدێل ۲۰۲۲ م هەبووایە. ئەگەر منیش هێلی کۆپتەرێک واتە فڕۆکەیەکی چواربالم هەبووایە. ئیتر فەرنووش خانم تەلەفزیۆنی بۆ نەدەناردم.

لە دڵەوە جنێوم بەخۆشەویستی و ژیری و دڵ و گەدە و جگەر و سپڵم دەدا.

لەدوای ئەوەی کە ژیریم دا بەشتی دیکە، بەفر ئارام ئارام دەباری. منیش وردە وردە دەڕۆشتم و تەنها تەماشای دەرگا و دیوارەکانم دەکرد و هەوڵم دەدا بیر لە هیچی دیکە نەکەمەوە.

نیو کاتژمێر بەڕێوە بووم کە خۆم لەلای ماڵی جەنابی هیدایەت بینییەوە. تەماشای چواردەورم کرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا لە دەرگا بدەم یاخود نا. هەرچەندە بیرم دەکردەوە لە ڕووم نەدەهات بڕۆم و لە دەرگا بدەم.

هەر لە پشتی دەرگاکەوە دانیشتم. هەوا سارد بوو و خۆم کز کردبوو. چوومە ناو بیرکردنەوەوە و سەرم خستە ناو دەستەکانم.

بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بوو هاتمە ئێرە و ئێستاش کە هاتووم چی بکەم؟ هەرچەندە دەمویست هەستم و بگەڕێمەوە ماڵەوە، قاچم لەگەڵم نەدەهات. حەزم دەکرد هەر لەوێدا دابنیشم. بەفر سەرمی داپۆشی بوو. دەستەکانم ژانی دەکرد لە سەرمادا.

نازانم بۆچی کەوتمە بیری ئەو ڕۆژەی دایک و باوکم مردبوون و من لە کەناری شەقامەکە دانیشتبوم لەسەر لاشەکانیان و تەماشام دەکردن کە بەتەواوی تێکچووبوون.

ئەو داخەی لەو ڕۆژەدا هەمبوو، ئێستا گەرومی گرتبوو. خۆم ئامادە کردبوو بۆ گریان خراپ نەبوو لەدوای مەرگی دایک و باوکم ساڵانێک بەسەر گریانمدا تێپەڕی بوو.

خۆزگە کاوە نەدەڕۆشتە سەفەر، خۆزگە گوێم بۆ قسەکانی دەگرت و لەگەڵی دەڕۆشتم. خوێنی ناو دەمارەکانم خەریک بوو دەیبەست.

چەند سەگێک لەولای شەقامەکەوە بەرەو ڕووی من هاتن و بەنزیکەیی مەترێک

لێم دوور بوون، وەستان و تەماشایان دەکردم. یەکێکیان بەرەو لام هاتوو بۆنی کردم و ڕۆشتەوە لای ئەوان و هەموویان ڕۆشتن.
لەوانەیە بەوانی گوتبێ وەرن بڕۆین، ژیانی ئەم لە ئێمە بێ بایەختره! لەوانەیە گوتبێتیان کامە دێوانە لەم بەفر و سەرمایەدا دێتە لای ماڵێک و دادەنیشێت.
دەستەکانم دەجوڵاند تاکو خوێنی بۆ بچێت. نازانم لەوکاتەدا چیم لە خودا دەویست کە دەرگاکە کرایەوە و جەنابی هیدایەت لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە!
بە ئارامی سەرم بەرزکردەوە و سڵاوم لێکرد.
هیدایەت- بەهزاد تۆی کوڕم، لێرە چی دەکەیت؟! لە کەیەوە لێرەی کە ئەوەندە بەفر لەسەر سەرتە؟! بۆچی لە دەرگات نەدا؟ بینیم ئەم بێزمانە، تەلا هاتە پشتی دەرگا و دەیویست بیکەمەوە! باشە باش بڕۆین، خەریکە دەیبەستی!
بە زەحمەت بەرز بوومەوە و بەیارمەتی جەنابی هیدایەت چوومە ژوورەوە.
تەلادا بەرەو ڕووم هات و بۆنی منی دەکرد دەستێکم هێنا بە سەریدا. واتە ئەو ئاژەڵە لە بیری مندا بووە! ئەگەر لە پشتی دەرگاکەدا مابوومایەتەوە چیم بکردایە؟!
هیدایەت- چی بووە؟ ڕووداوێک ڕوویداوە؟
- نەخێر، شتێکی گرنگ نییە. ببورە بەبێ ئاگاداری هاتم.
هیدایەت- لە تووە بۆنی خەم بە لوتم دەگات! دونیا بۆت سەخت بووە، وایە؟
چووینە ناو باڵەخانەکەوە و جەنابی هیدایەت منی بردە لای ئاگردانەکە کە داگیرسابوو. گەرمای ئاگردانەکە سەهۆڵی مووەکانمی کرد بەئاو. سەهۆڵی دڵیشم بوو بە ئاو!
ئەو چاییەی کە بۆی هێنام، گەرماکەی گەیشتە دەمارەکانم.
- لەماڵەوە هاتمە دەرەوە. نازانم چۆن بوو بۆ ساتێک بینیم لەپشت دەرگای ئێرە بووم. شەرمەزاریم دەکێشا کە لەدەرگا بدەم.
هیدایەت- بۆچی؟ خۆم داوام لێکردی کە بێیت بۆ لام.
هەستا و لە شوێنێک نان و پەنیر و تەماتەی بۆ هێنام و گەڕایەوە بۆ لام.
هیدایەت- بیخۆ، قابیلی تۆشی نییە. تەنها ئەوەم لە ماڵەوە هەیە ببورە.
- دەستەکانت خۆشبێت، هەر ئەمە زۆر باشە.
کەمێک خۆی درەنگ خستوو گوتی:
هیدایەت- دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم بەڵام دەترسم بەکەڵکت نەیەت.
- ئێوە خۆتان خاوەن بڕیارن و لە جێگەی باوکی منن. هەرچی دڵت دەیەوێت فەرموو بیڵێ. من دڵگران نابم.

هیدایەت- ویستم بلێم ئەگەر کێشەکەت بەپارە چارەسەر دەبێت، برۆ یەکێک لەو کتێبانە دەربهێنە و بیبە بیفرۆشە تاکو بتوانیت سەروەت و سامانێکت لە ژیاندا هەبێت. بەکەڵکی من نەهات، بەڵکو گرێکانی ژیانی تۆ بکاتەوە.

ڕۆشتمە لای ئەو کتێبخانە کۆنەی کە تاکەکانی پڕبوون لە کتێبی کۆن. تەماشای نووسینەکانیانم کرد و گوتم:

- بۆ ماڵی دونیا نەهاتوم بۆ ئێرە. لەڕاستیدا نازانم بۆچی هاتوم بۆ ئێرە! لەوانەیە کەسێک منی هێنابێت.

هیدایەت دەستێکی هێنا بەسەرمدا و گوتی:

- دەزانم. کوێر بێت ئەو کارەی کە کڕیارەکەی هەست بە لێ پرسراوی ناکات.

پاشان ڕۆشت و چووە لای دۆلابێک و پێنج بۆ شەش خولەک وەستا. دامابووم لەوەی کە بزانم لەوێدا چ کارێکی هەیە؟! پاشان دەرگای دۆلابەکەی کردەوە و چاوی بڕییە شتێک و چەند خولەکیەک بەو شێوەیە درێژەی کێشا. بەدەستەکانی سندوقێکی دەرهێنا کە تۆزی لەسەر نیشتبوو. کاتێک گەڕایەوە دڵۆپێک فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس مابوو.

بە قۆڵەکانی خۆڵی سەر سندوقەکەی پاک کردەوە و لەناو کەلوپەلەکانیدا کەمانچەیەکی کۆنی دەرهێنا کە ڕەنگەکەی کاڵ ببووەوە! کەمانچەکەی لەسەر زەویەکە دانا. لە پاڵیدا دانیشت و تەماشای دەکرد، بینیم فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە! بەلامەوە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو.

فوویەکی لێکردوو دەستی کرد بەکۆکە. دواتر ڕووی کردە کەمانچەکە و گوتی:

هیدایەت- تەلیسمەکەت شکا.

دەستی کرد بەلێدانی. دەنگی گریان و لێدانی سازەکە بەرز بویەوە!

ناڵەیەکی کرد کە خەمی خۆم لەبیرکرد. هەرکە چێوەکەی دەهێنا بەتەلەکانیدا سەد لاپەڕە لە کتێبی تەڵخی ژیانی بۆ دەخوێندمەوە. هەر کە گلەییەکانی بەساز لێدان دەستی پێ کرد، هەناسەکانی نوزە نوزی دەکرد.

دەنگی قەل قەلی سەماوەرەکە بێدەنگ بوو. چاوەکانم بەستبوو و گوێم لەو داستانە دەگرت. لەو داستانەی کە لەدونیا ڕۆشتبووم و بەرەولای هەورەکان دەڕۆشتم. تێنەگەیشتم لەوەی کە مانگێک تێپەڕی، ساڵێک تێپەڕی یان دەساڵ تێپەڕی. تەنها کاتێک چاوەکانم کردەوە، جەنابی هیدایەت کەمانچەکەی دانابووە سەر زەوییەکە.

تەماشام کردوو گوتم:

- دەستەکانت خۆشبێت مامە، ئەم ژەنینە خوێن لە چاوان دەهێنێت. ئەو پەنجانەت دەبووایە ئاڵتوون بووایە.
تەماشای کەمانچەکەی کرد، تەماشای منیشی کرد و گوتی:
هیدایەت- ساڵانێک بوو ئەم سازەم زیندانی کردبوو. قوفڵم دابوو لە دەمی! لەبەر خاتری تۆ ئازادم کرد. بەدڵنیاییەوە بەلاتەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە، وایە؟ بەخۆت دەڵێیت ئەم سەروەت و سامان و ژیانە چییە و ئەم نان و پەنیرەش چییە؟! ئەم ساز لێدانە چییە و ئەم قسانەش چییە؟! لەوانەیە بیر لە من بکەیتەوە، لەو جۆرە مرۆڤانەم کە ئەوەندە چرووکن تەنانەت هیچ بۆخۆشیان ڕانابین؟
- من هیچ کاتێک بەوشێوەیە بیرم نەکردۆتەوە. ئەگەر ئێوە چرووک بوونایە، ڕازی نەدەبوون من تەماشای کتێبەکانیشتان بکەم، چ بگاتە ئەوەی بتانەوێت دانەیەک لەوانە بدەن بەمن.
هیدایەت- دووبارە دەڵێمەوە، هەرکامێکیانت دەوێت بیبە و بیفرۆشە. ئەوەی کەوا پێتی دەڵێم لە دڵەوە پێتی دەڵێم.
- زۆر سوپاست. بەڵام ڕاستت گوت کە من لەو بارودۆخەتەی دەروونی ئێوە تێناگەم.
هیدایەت ڕۆشت و لە گۆشەیێکدا دانیشت. چەرخەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگرساند و تەماشای ژوورەکەی کرد.
هیدایەت- ئەم ژوورە کە یەکێکە لە ژوورە کۆنەکان و ژوورێکی پەنجا مەترییە. ئێستا بزانە کە دیوارەکانی ڕووبەری چەندە؟! ئەو وەستایەی ئێرەی درووست کردووە بەخشتی بچووک درووستی کردووە. بەتایبەت ئێرە کە ڕیزەکانیشی ئەوەندە بچووک دروست کراوە ناژمێردرێن. دانە دانەی ئێرە گۆشەکانی نەخشێنراوە تاکو ئەم ژوورە بەم شێوەیەی لێهاتووە. ئەگەر هەردانەیەک لەمانە ئەوەندە بچووک نەبووایە نەخشەکانیان تێک دەچوو.
ژیانی منیش هەروەک ئەم ژوورەیە و دانە بەدانەی بەشەکانی ڕیز بوون تاکو ئێستای درووست کردووە. هەر لەبەر ئەوەیە کاتێک تەماشای خۆم دەکەم، جێگای سەد پارچە دەبینرێت کە هەروەک شوێنی برینن.
لەم دونیایەدا هەریەک لە ئێمە بەشتێکەوە گرێ دراوین. تۆ بەم شێوەیە گرێ دراوی کەوا گوێ لە بەسەرهاتی ژیانی من بگریت. نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم! باشترە لەو شوێنەوە دەست پێبکەم کە بەنزیکەیی ئەوکاتەی دەمزانی و تێدەگەیشتم!

## بەشی چوارەم

شەش ساڵ یان کەمێک بچووکتر بووم. لەناو هەتیوخانەیەکدا ژیانم دەکرد. هەڵبەتە ئەوەی لەبیرم مابێتەوە کە چاوم کردەوە لەوێ بووم. دایک و باوکم هەرگیز بیرنایەتەوە. واتە نەمبینی بوون تاکو ئەوانم بیر بێتەوە و کەسێکیشم نەبووە تاکو پێی بڵێم ئەوان کێ بوون و چی بوون؟!

هەتیوخانەکەمان باڵەخانەیەکی کۆن و خراپ بوو، هەرساتێک چاوەڕوان بووین سەقفەکەی یان دیوارەکانی بڕوخێت بەسەرماندا. حەوشەیەکی گەورەی هەبوو چوار دەوری بەدیواری بەرز دەورە درابوو. لایەکی ئەو هەتیوخانەیە، باخێکی زۆر گەورەی لێبوو کە دەچوویتە ناویەوە، ئەگەر سەد کەس بەدواتدا بگەڕانایە نەیان دەتوانی تۆ بدۆزنەوە.

ئێستا من تەمەنم حەوت ساڵە، بزانە ئەم ڕووداوانە لە چ تەمەنێکدایە؟! لە لایەکی باڵەخانەکەدا کوڵانێکی خۆڵی لێ بوو، لایەکەی تریشی نەخۆشخانەیەکی دەروونی بوو. تاکو ڕۆژ بووایە و هەوا ڕۆشن بووایە هیچ دەنگێک لەوێوە نەدەهات.

بەڵام ڕۆژی خراپ نەبینێت، کاتێک هەوا تاریک دەبوو ئەو دەنگانەی لەولایەوە دەهات مووەکانی مرۆڤی گرژ دەکرد. دەنگی ناڵە و گریان و لێدان و دەنگی زنجیر کە زڕە زڕی دەهات وە دەنگی قیژەی ژنان، بەکورتی هەموو شتێک.

بەڕێوبەری هەتیوخانەکەمان پیاوێک بوو کە مرۆڤێکی خراپ نەبوو. بەڵام یاریدەدەرێکی ژنی هەبوو، لە ترسی ئەو شێتەکانی حەوشەکە دەنگی هەناسەشیان نەدەهات، چ بگات بە ئێمەی منداڵان!

گەورەترینی ناو ئێمە کوڕێکی یازدە بۆ دوازدە ساڵان دەبوو کە بەقسەی خۆی گوندەی هەتیوخانەکە بوو، ئەوانی دیکەش لەژێر فەرمانی ئەودا بوون. نزیکەی

حەوت بۆ هەشت کەس لە چواردەوری بوو بڕیارەکانیان جێبەجێ دەکرد. واتە ئەو بڕیاری دەردەکرد و ئێمەش جێبەجێمان دەکرد. ئەوانیش وەک گەورەیەک لەسەر سەرمان بوون. ناوی ئەو کوڕە ئەکبەر بوو.

کۆنترین هەتیوخانە، هەتیوخانەکەی ئێمە بوو. ئەو کەسانەشی لەوێدا کاریان دەکرد هەر ئەوانیش لەکۆنەوە لەوێدا بوون. هەتیوخانەکە قوتابخانەشمان بوو، ماڵیشمان بوو، پەناگەشمان بوو، شوێنی ئەشکەنجە دانیشمان بوو.

ئەو سەردەمە وەک ئێستا نەبوو. ئێمە نەمان دەزانی شیرینی فرۆشی فلان و فیسار و تەلەفیزیۆنی جوان و ئاهەنگ گێڕان و خەڵکی پارەت پێبدەن و پاڵپشتیت بکەن چییە؟!

ئێمە تەنانەت مافی ئەوەشمان نەبوو کەوا پێمان لەوێ بخەینە دەرەوە و هیچ کەسێکیش نەدەهاتە ئەوێ. تەنها ساڵی جارێک چەندکەسێک دەهاتن کە پێیان دەگوتن پیاوی دەوڵەتن. نیوکاتژمێر دەهاتنە ئەوێ و چایەکیان دەخوارد و دەڕۆشتن. بەکورتی ڕزگاری کەری ئێمە لەوێدا تەنها خودا بوو.

بچووکترین سەرپێچی کردن، وەڵامدانەوەی بەڵێدان و بەندکردن بوو. لە ژێر زەمینێکدا پڕی بوو لە مشک و جاڵجاڵۆکە و دووپشک. ناویان نابوو زیندانی ژێر زەمینی، بەکورتیەکەی دۆزەخێک بوو بۆ خۆی.

هەرگیز نەفرەتم بۆ دایک و باوکم نەدەنارد، چونکە نازانم چۆن بووە سەرم لەوێدا دەرهێنا. لەوانەبێت مردووبن و لەوانەش بوو خۆیان منیان بردبێتە ئەوێ، خودا خۆی دەیزانی.

تەنها ئەوە بڵێم کە ماوە ماوە، دوو بۆ سێ کەس لەوێدا دەڕۆشتن. ئێستا یان هەڵدەهاتن یان نەخۆش دەکەوتن و لەدونیا دەڕۆشتن. یان ئەوەی لەژێر ئەشکەنجەی ئەوێدا بەڵایەکیان بەسەردا دەهات.

خواردنی ئەوێ گاڵتەجاڕانە بوو. نانێک بەتەنها بەناوی نانی بەیانی و گۆشتاو بەبێ گۆشت لە نانی نیوەڕۆدا یان هێلکەی مریشک و نان و چایی لە نانی ئێوارەدا. ئەوکات خۆزگە ئەوەندەیان پێدەداین کە تێر ببین!

جل و بەرگیش چی بڵێم؟! تەنها ناوی جل بوو. هەمووی پارچە پارچە ببوو لە بەرماندا. تەنها جارێکیان نەبێت کە نازانم بڕیاربوو شا بێت کە ڕۆڵیان بۆ دەگێڕا یان شاژن بوو یان وەزیر، لەبیرم نەماوە، هەموویان خۆیان کۆکردەوە و کەمێک ئەوێش ڕەنگ و بۆنی پاک و خاوێنی بەخۆیەوە بینی.

بۆ ئێمەش، یەکێک هاتوو دەستێک جلی نوێی بۆ هێناین و لەبەرمان کرد. هەڵبەتە

ئەو کەسەی بڕیار بوو بێت، نەهات و جلەکانیان لێوەرگرتینەوە. دووبارە هەمان ئەو سواڵکەرانە بووین کە پێشووتر هەبووین.

ئەمانەی کە گوتم باسکردنی بارودۆخی ئەو هەتیوخانەیە بوو. سەد ڕەحمەت لە زیندانی باستیل. یاسای ئەوێ بەوشێوەیە بوو هەر ڕۆژێک و چەند دانەیەک لە منداڵەکان نەدەبوایە بەشەکەی خۆیان بخواردایە! بەڵکو دەبوایە بیاندایە بە ئەکبەر و بەردەستەکانی. ئەوە یاسای ئەوێ بوو. ئەگەر کەسێک لەئێمە سەرپێچی بکردایە ئەوا دەیان بردە گۆشەیەکەوە و بەئارەزووی خۆیان لێیان دەدا. ئەمانە بۆیە دەڵێم تاکو بزانیت من لەکوێدا ژیان دەکەم لەو کاتەدا. بەسەرهاتەی ژیانی من لێرەوە دەست پێدەکات.

کوڕم هەر بەو جۆرەی کە گوێ بۆ قسەکانم ڕادەگری، نان و پەنیرەکەشت بخۆ. جاری داهاتوو کە هاتی، باشترین پێشوازیت لێدەکەم. چونکە بەتەنهام ئەم نان و پەنیرە بۆ من سەرو زیادیشە. هەرکاتێک حەزتکرد چایی بۆ خۆت تێبکە و شەرم مەکە.

- بەسەر چاوم. تەنها تکادەکەم لەبەر خاتری من ئەوەندە زەحمەت مەکێشن کە من شەرمەزار بکەن. باشە دەتان فەرموو.

هیدایەت- بەڵێ، چیم دەگوت؟! نایەتەوە خەیاڵم.

- گوتتان کە بەسەرهاتە ڕاستەقینەکە لێرەوە دەست پێدەکات.

پێکەنی و گوتی:

هیدایەت- دیارە کە خەیاڵت لەلای تەواوی قسەکانمە.

بەڵێ کوڕم، هەروەک گوتت. بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانم، واتە شتانێک کە شایەنی گێڕانەوە و باسکردن بێت. لێرەوە دەست پێدەکات. وەک گوتم کە هەریەک لە ئێمە نۆرەی ئەوەی دەهات لە خواردنەکەی خۆی بداتە ئەکبەر و بەردەستەکانی.

شەوێک کە نۆرەی من بوو، بەدزییەوە پارچەیەک نانم خستە ژێر قۆڵم، تاکو بڕۆم و بیدەمە ئەکبەر. وابزانم هەر لەوێدا، خاتوو ئەکرەمی منی بینیبوو.

ئەو خاتو ئەکرەمییە لەڕاستیدا ناوی ئەکرەم بوو، گوتبووی کە دەبێت پێی بڵێن خاتوو ئەکرەمی! ئەو ژنە یاریدەدەری هەتیوخانەکە بوو. کاری ئەو سەرپەرشتی کردنی کارەکانی ئەوێ بوو، هەموو قسە و هەواڵێکیشی بەتایبەت دەدایە بەڕێوبەر. خودی بەڕێوبەریش هەر لەو ڕوونکردنەوەی وەردەگرت. ژنێک بوو هەر بەسروشت کینە لە دڵ و بێ مێشک و بێ هەست و سۆز بوو.

ئەو شەوە هیچی بەمن نەگوت. واتە شتێکی نەبوو بۆ گوتن، چونکە بەشی خۆم

یاسەمین

بوو. بەیانی کاتێک هەستاین، هەموومانیان لە حەوشە کۆکردەوە. تێدا مابووین کە دەبێت چ کارێکیان پێمان هەبێت. نیو کاتژمێر تێپەڕی و ژنێک کە دارێکی بەستەوە بوو لە گوێنیەکەوە و تەنافێکی پێوە بوو. شتێک لەناو گوێنیەکەدا بوو. ئێمە هەموومان دەمانویست بزانین چی لەناو گوێنیەکەدایە؟! چاوی هەموومانی لەسەر بوو، دەنگیش لە کەسەوە نەدەهات.

خاتوو ئەکرەمی بەتووڕەییەوە تەماشای هەمووانی کرد و پاشان چاوی لەسەر من دانا. خەریک بوو لە ترساندا هەناسەم بوەستێت و خۆم پیس بکەم!

لەپاش ئەوەی منی بە تەماشاکردنێک ترساند. گوتی:

-هەندێک لە ئێوەی بێ دایک و باوک، بەو بەرەکەتەی خودا کە ئێمە لە دەوڵەت سواڵی بۆ دەکەین، خۆشی خۆتانی پێوە دەکەن. وادیارە کەوا چڵێسیتان گۆشتێکی نوێی بۆ هێناوین. ئەمجارەیان نامەوێت ئەو تولە سەگە سزا بدەم بەڵکو تەنها بانگم کردن تا ببینن دواڕۆژی پشیلەیەک کە بەبێ مۆڵەتی من، نانی هەتیوخانە بخوات چییە؟!

ئاماژەی کرد بۆ یەکێک لەخزمەتکارەکان و گوێنیەکەی بردە لای درەختێک و تەنافەکەی بەدرەختەکەدا هەڵواسی. خاتوو ئەکرەمی سەری تەنافەکەی گرت و ڕایدەکێشا. تا ئەوکاتە لە تەماشاکردنی تێنەگەیشتبووم. ئەو پشیلە بێچارەیە بووبووە قوربانی ئەو نانەی کە من دوێنێ شەو بۆ ئەکبەرم هێنابوو. ئەو ئاژەڵە بێتاوانەیان لەسێدارە دەدا! بیریان کردبووەوە من نانەکەم بۆ ئەو هێناوە. من لەگەڵ ئەو پشیلەیەدا یاریم دەکرد چونکە بێ زمان و بێ ئازار بوو. ئێستا هیچ کەسێک تێکەیەک نانی بە ئەو نەدابوو، کە چی سزا دەدرا لەسەری.

نەفرەت لە چاوەکانمدا شەپۆلی دەدا چونکە تا ئەوکاتە هیچ ئاژەڵێک لەبەر چاومدا لە سێدارە نەدرابوو، لەبەر ئەوە تەواوی جەستەم لە ترس و تووڕەیدا دەلەرزی. بەڵام نەم دەتوانی چاوم لەسەر ئەو پشیلە داماوە لاببەم. لەکۆتاییدا نازانم چۆن بوو کە بەرەو ڕووی خاتوو ئەکرەمی ڕامکرد و تاکو هاتەوە سەرخۆی تەنافەکەم لەدەستی سەندبوو و پشیلەکەم ئازاد کرد.

تەنافەکە لە لقەکە بووەوە و پشیلەکە کەوتە سەرزەوی، بەخێرایی ڕایکرد و ڕۆیشت.   ڕاستیان گوتووە کە پشیلە حەوت ڕۆحی هەیە.

گەڕامەوە و تەماشای خاتوو ئەکرەمیم کرد، دەستی کرد بەپێکەنین. لەکاری من هیچ کە تووڕە نەبوو، زۆر خۆشحاڵیش بوو!

بەڵام ئێمە دەمانزانی ئەم ژنە کەمترین بەهانە لە دەستی ناڕوات. ئەوەی

قسەیەکی نارەوای بکردایە یان کارێکی بکردایە خاتوو ئەکرەمی خۆشحاڵ دەبوو، چونکە کەسێک دەبوو ئەشکەنجەی بدات و چێژی لێ وەربگرێت.

سەرم دانەواندە سەر زەوی و تازە تێگەیشتبووم چ کارێکم کردووە. منداڵەکان دەنگیان لێوە نەدەهات. بە ئاماژەی خاتوو ئەکرەمی داریان هێنا و دوودانە لە خزمەتکارەکان پێڵاوەکانمیان لەپێ داکەندم و قاچەکانمیان بەدارەوە بەستەوە.

خاتوو ئەکرەمی شوڵێکی بەدەستەوە بوو هاتە لام و گوتی:

- ئاژەڵەکانت زۆر خۆش دەوێت، وایە؟

تەنها بەرقەوە تەماشای چاوەکانیم کرد و ئەویش گوتی:

- باش نییە منداڵ بەم شێوەیە تەماشای لە خۆی گەورەتر بکات.

نەمتوانی خۆم ڕابگرم و گوتم:

- ئەو نانە مافی خۆم بوو، نەمدابوو بە پشیلەکە بخوات.

تاکو ئەوەم گوت، بەتوندی شوڵێکی دا لە قاچەکانم. بەدەنگی بەرز گوتی:

- مافی تۆ. تۆی هەتیو! ئێوە لێرەدا تەنها کفنێکتان هەیە، بەچکە سەگەکان.

ئەوەندە بەتوندی دەیدا لە قاچەکانم کە شوڵەکە شکا. لەکاتی لێدانی کۆتاییدا هەستم پێ نەکرد و نەدەگریام.

لەبەر ئەوەی کە پێشووتر تووڕە بوو، ئەگەر بپاڕامایەتەوە لێی و بگریامایە لەوانەبوو ڕازی بووایە کە کەمتر لێی بدامایە. بەڵام نازانم بۆچی نەدەگریام و لێی نەپاڕامەوە.خوێن لە قاچم دەهات و تکابووە سەر پانتۆڵەکەم.

بەدڵنیاییەوە لە خۆت دەپرسی کە کوڕێکی تەمەن شەش بۆ حەوت ساڵ، چۆن ئەو ڕەوشتەی هەبووە؟

بەڵام دەزانی ئەو منداڵانەی لە هەتیوخانەکاندا ژیان دەکەن، لەگەڵ منداڵە نازدارەکانی ماڵەوە جیاوازیان هەیە. ئەوان زیاتر لە تەمەنی خۆیان لە شتەکان تێدەگەن، چونکە سەختی و ئازاریان کێشاوە.

کاتێک دارەکە شکا، وازیان لێهێنام و قاچمیان کردەوە و ڕۆشتن. بڕیاری ئەوێ بەو جۆرە بوو کە کاتێک منداڵێک سزا دەدرا، ئەگەر منداڵێکی دیکە بڕۆشتایەتە لای و یارمەتی بدایە، ئەویشیان سزا دەدا.

بە خلیسکان، خۆم گەیاندە ژووری نوستن و لە گۆشەیەکدا دانیشتم. ئازاری قاچەکانم لە لایەک و برسێتی لەلایەکی دیکە و بێدەنگکردن لەلایەکی ترەوە ئازاریان دەدام. دەرگاوانێکی پیرمان هەبوو بەناوی "باوکە سلێمان" پیاوێکی باش بوو. بەدزییەوە هاتە لام و لە قوتویەکدا مەڵحەمێکی دەرهێنا و قاچەکانمی چارە

یاسەمین

کرد تاکو چاک ببێتەوە و لەتێک نانیشی پێدام و ڕۆیشت. نازانم بەهۆی مەلحەمەکەوە بوو یان لە خۆشەویستی باوکە سلێمان بوو کە ئازاری قاچەکانم باشتر بوو.

دەزانی ئەو منداڵانەی لەوێدا دەژین تینووی خۆشەویستی و میهرەبانین. ئەگەر کەسێک کارێکیان بۆ بکات ئەوا بەهێندەی تۆزقاڵێک لە خۆشەویستیەکەیان بەفیڕۆ ناچێت.

کاتێک بەتەنها بووم بەبێ ویستی خۆم فرمێسک لە چاوەکانم هاتە خوارەوە و بەبێدەنگی دەگریام.

لە مێشکمدا دایکێک یان ژنێکی میهرەبانم درووست کردبوو وە باوکێک یان باوکێکی بەسۆز لەگەڵیدا. لەو جیهانی خەیاڵەدا دەمبینی کە دایکم دەگریا و بەدەستەکانی خۆی فرمێسکەکانمی دەسڕی و باوکیشم بەتووڕەییەوە بەدوای خاتوو ئەکرەمی دەگەڕا تاکو دەیتوانی دارکاری دەکرد. پاشان دەهاتە لای من و بەبزەیەکەوە کە تووڕەیی لە پشتیەوە شاردرابووەوە پێی دەگوتم:

- باشە کوڕم مەگری. گریان کاری کچەکانە و پیاو بەو زووە فرمێسکەکانی نایەتە خوارەوە. ئافەرین بۆ کوڕە زیرەکەکەم کە نەیهێشت ئەو ئاژەڵە بێتاوانە لە سێدارە بدەن.

لەپاش ئەوەی فرمێسک لە چاوەکانمدا کۆبووەوە و لەبەر ئازار لێوی خۆم دەگەست، دەستەسڕێکم لە باخەڵم دەرهێنا و برینەکانی قاچم پێبەست.

لاواندنەوەی دایکم، دڵمی پڕ لە هیوا دەکرد و قسەکانی باوکم گیانێکی تازەی دەدایەوە بەبەرمدا. بەڵام کە چاوەکانم کردەوە تەنها دەرگا و دیوارم دەبینی. بۆ بێ دایک و باوکێک هەر ئەوەندەی کە دایک و باوکی لە خەیاڵدا بێنە لای سەروەتە.

سەرم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و تەماشای خودام دەکرد! کاتێک دووبارە چاوەکانم داخستەوە بەڵکو لە خەیاڵمدا دایک و باوکم ببینمەوە.

هەستم کرد کە کەسێک دەستی خستە سەر شانەکانم. هێشتا چاوەکانم نەکردبووەوە کە بەتەواوی هەستم بەوەکرد کەوا کەسێک فرمێسکەکانم دەسڕی! ئەمەیان ئیتر خەیاڵ نەبوو. لام کردەوە دەبینم کوڕێک بوو لە تەمەنی خۆمدا و بەرامبەرم دانیشتبوو دەگریا.

گوتم ئەگەر پێی بزانن کە هاتووە سزای دەدەن. دەستی کرد بەپێکەنین و نوشتایەوە بەرامبەر دەم و چاوم وەستا و گوتی:

- هاتووم تاکو سوپاستت بکەم. ناوی من عەباسە، باشبوو کە نەتهێشت ئەو

پشیلەیە بکوژن.
ئەوەی گوت و هەستا ڕۆشت. ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی لەو کارەی کردم هەست بە شانازی بکەم. لە خۆمدا هەستم بەهێزێکی سەرسوڕهێنەر دەکرد و دەمبینی ئەو کارەی کردبووم بایەخی ئەوەی هەبوو دارکاری بکرێم، ئیتر برینەکانی قاچم ئازاری نەبوو! زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانم، ئەو شەوەش تێپەڕی.
بەیانی زوو دووبارە هەموومانیان لە حەوشە کۆکردەوە. لەبەر ئەوەی کە نەمدەتوانی لەسەر قاچەکانم بووەستم، دوو کەس ژێر باڵمیان گرتبوو.
کاتێک هەمووان بێدەنگ بوون، خاتوو ئەکرەمی بانگی کردم منداڵەکان هەر بەو جۆرە بردمیانە ناو ڕیزەکەوە. خاتوو ئەکرەمی لەمنی پرسی ئەو نانەم بۆ کێ بردبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم:
- ئەگەر بڵێم هەمان بەڵا بەسەر ئەکبەریشدا دێت، ئەگەر ناوەکەشی نەڵێم دووبارە دارکاریم دەکەن.
ویستم بڕۆمە لای هاوڕێکانم و پێیان بڵێم کە چی بکەم، یەکێکیان هاتە لام و پێی گوتم کە بڵێم ئەو نانەم بۆ پشیلەکە هێناوە.
خاتوو ئەکرەمی بە تووڕەییەوە تەماشای کردم، لە چاوەکانیدا دەمبینی کە لەخوای دەویست کە جارێکی دیکەدارکاریم بکات. بەڵام ئەمجارەیان خودا ویستی وابوو کە باوکە سلێمان هاتوو شتێکی چرپاند بەگوێی خاتوو ئەکرەمیدا و ئەویش بەخێرایی بەرەو نوسینگەی هەتیوخانەکە ڕۆیشت و منیش هەناسەیەکم هەڵکێشا. ئەو باوک سەگە ئەوەندە ترسناک بوو کەوا بچووکترین میهرەبانیت تێدا بەدی نەدەکرد.
باوکە سلێمان بڵاوەی پێکردین و منداڵەکان چوونە ژێر باڵم و بردمیانە شوێنی نوستنەکەم. نیو کاتژمێر تێپەڕی بوو کە بینیم هاتووچۆ و ئەملاولا کردن لە بیناکە دەستی پێکردوە. بەو شێوە بیرم دەکردەوە کە یەکێک لە کەسانی دەوڵەت دێنە ئێرە. بۆ من جیاوازییەکی نەبوو چونکە ئەوانەی دەهاتنە ئێرە سوودیان بۆ من نەبوو.
پاڵم دابووەوە بەدیوارەکەوە و قاچەکانم ڕاکێشابوو. لەناو بیرکردنەوەدا بووم کە بەڕێوبەر و خاتوو ئەکرەمی و پۆلێک لە خزمەتکار لەگەڵ پیاوێک کە جلەکانی خانەدانانە بوو، ژن و کچێکی لەگەڵدا بوو هاتنە ژووری نوستنەکەوە.
ژووری نوستن هۆڵێکی زۆر گەورە بوو وە دیوارەکانیشی بەرز بوو. لەلایەکیەوە

پڕ بوو لە دۆشەک و پەتۆی دەقکراو کە شەوانە لەسەری دەخەوتین. هەڵبەتە بەناو دۆشەک بوو، ئەگەرنا وەک لەگەڵ پەتۆکانمان جیاوازی بوو.
کاتێک منیان لەوێدا بینی، یەکێک لەوان بەمنی گوت:
-بۆچی منداڵ تۆ نەچوویتەتە حەوشەکەوە؟!
یەکێکی تریان پێی گوتم:
-کاتێک بەڕێوبەر قسەی لەگەڵ کردی بەپێوە ڕاوەستە.
سەرم بەرز کردەوە و گوتم:
- قاچم برینداره، ناتوانم ڕاوەستم.
پیاوێک کە لە هەموویان میهرەبانتر بوو هاتە لام و پێی گوتم:
- قاچت چی لێهاتووە؟
لە ژێرەوە تەماشای خاتوو ئەکرەمیم کرد کە بەتووڕەییەوە زەق زەق تەماشای دەکردم. بۆ ساتێک حەزم دەکرد هاوار بکەم و بڵێم ئەو ژنە شێتە لەبەر خاتری پارچەیەک نان ئەم بەڵاییەی بەسەرمدا هێناوە.
بەڵام تەماشام کرد و گوتم:
- چوومەتە ناو دڕکەکان و قاچەکانم ئاوای لێهاتووە.
پیاوەکە بە بەڕێوبەری گوت کە برینەکانی قاچم تیماربکەن. هەر لەو کاتەدا کچە بچووکەکە لەلام دانیشت و گوتی:
- ئەو جوجکانە چییە بەسەر مووەکانی سەرتدا دەڕۆن؟!
دەستم کردە ناو قژمەوە و یەکێک لە ئەسپێکان هاتە ناو دەستم. پیشانم دا و گوتم:
- تاکو ئێستا ئەسپێت نەبینییوە؟!
- نا، گازت لێدەگرن؟
- نازانم.
ئەسپێکەم بەنینۆکەکانم لەت کرد.
- بۆچی کوشتت؟! گوناهت دەگات.
هەموویان دەستیان کرد بەپێکەنین و منیش دەستم کرد بەپێکەنین. حەزم دەکرد دوو ڕۆژ لێرە بووایە تاکو ببینێت چۆن پشیلە لە سێدارە دەدەن.
- یەکێکیش بدە بەمن با ئازادی بکەم.
هەر لەو کاتەدا ئەو خانمەی کە جلوبەرگێکی جوانی لەبەر دابوو، بۆنێکی خۆشیشی لە خۆی دابوو، هات و دەستی منداڵەکەی گرت. بەرزی کردەوە و پێی

گوت:

- کچم ئەسپێ خوێن دەخوات، بەمنداڵە پیس و چەپەڵەکانەوەیە. نابێت دەستی لێبدرێت چونکە مرۆڤ توشی نەخۆشی دەکات. ئەگەر منداڵەکان خۆیان بشۆن ئەسپێ ناداتە سەریان.

کچە بچووکەکە گوتی:

- باشە بۆچی ئەوان نەخۆش ناکەون؟!

خانمەکە وەڵامێکی نەبوو تاکو بیڵێت، بۆیە من گوتم:

- ئێمە ڕاهاتوین. لێرەدا هەمووان ئەسپێیان هەیە.

ئەو خانمە تەماشای منی کردوو سەری داخست.

کچە بچووکەکە دەستی دایکی بەردا و هاتە نزیکی من و پرسیاری کرد:

- تۆ بۆچی ئەسپێ لە سەرتدایە و پیس و چەپەڵی؟

تەماشای چاوەکانیم کرد و نەمدەزانی کە چۆن ئەم منداڵە لە بارودۆخی خۆمان تێبگەیەنم. ئەمە لە مانای دەرد و خەم و ئازار و بێکەسی لەکوێ تێدەگات. کەمێک خۆم ڕاگرت، بەڵام ئەو هێشتا چاوەڕوانی وەڵامی من بوو. ئەوە بوو کە گوتم:

- من وەک تۆ دایکم نییە تاکو پاک و خاوێنم بکات.

- خۆت دەستت هەیە! برۆ بە سابوون خۆت بشۆ.

پێکەنینم دەهات و دەمویست کە پێی بڵێم لێرەدا مانگی جارێک دەمانبەنە حەوشە و سەتڵێک ئاو دەکەن بەسەرماندا. تازە ئەگەر هەوا گەرم بێت و نەیبەستێ، زستانیش ئەوە هەر باس ناکرێت. بەڵام ترسام دواتر دارکاری بکرێم. بۆیە گوتم:

- بەسەر چاو. دەچمە گەرماو و خۆم پاک دەکەمەوە.

گەڕایەوە بۆ لای دایکی و پێی گوت:

- دایە ئەوە ببەینە ماڵی خۆمان، پێکەوە یاری دەکەین.

بۆ ساتێک ڕووناکی هیوا لە دڵمدا هەڵکرا. ئەگەر ئەوان من لەگەڵ خۆیان ببەن؟ ئەگەر منیش ژیانێکی باشی وەک ئەو منداڵەم هەبێت؟ ئەگەر منیش جلێکی وەک ئەو لەبەر بکەم؟ ئەگەر منیش بتوانم وەک ئەو پێڵاو لەپێ بکەم؟ لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان من و ئەو منداڵە هەیە؟!

خانمەکە بەتوندی دەستی کچەکەی گرت و ڕایکێشا بۆلای خۆی و لەژووری نوستنەکە ڕۆشتن. نەمزانی کەوا لە دەستی من ڕای کرد؟ لەشوێنی خەوەکە ڕای کرد؟ لە ئەسپێکان ڕای کرد؟ لەو بۆنە ناخۆشەی کە لەوێ دەهات ڕای کرد؟ یان لە خۆی و لە ویژدانی!

کاتێک هەمووان بە بێدەنگی لەوێدا ڕۆیشتن، خاتوو ئەکرەمی تەماشای کردم و گوتی:

- بەختت هەبوو زمانت گرت، ئەگەرنا کارێکم دەکرد کە ئیتر نەتوانیایە قسە بکەی. دەمویست کاتێک ئەوان ڕۆشتن بەندت بکەم لە زیندانی ژێر زەمینەکە، بەلام ئەمجارەیان بەخشیمیت.

ئەوەی گوت و ڕۆشت.

کاتێک بەتەنها مامەوە دەستم کردە ناو قژمەوە و یەک دوو دانە ئەسپێ هاتە ناو دەستم، چەند دانەیەک دەبوون. مرۆڤ تاکو شتێک نەزانێت ئازاری پێوە ناکێشێت. بەلام کاتێک تێگەیشت، بۆچی؟ ئیتر زۆرێک لە شتەکان ئازاری دەدەن. بەلام لە هوشیاریدا!

بەکورتی بەهۆی قسەکانی ئەو کچە بچووکەوە شەرمەزاریم دەکێشا. بڕیارمدا کە پاک و خاوێن بم، تەنانەت بەو نەبوونی پێداویستی و بارودۆخە خراپەشەوە کە هەمبوو.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی و پێکانم خەریک بوو باش دەبوو.

ڕۆژێک کە لە گۆشەی حەوشەکەدا دانیشتبووم، بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن لە دووری چاوی خزمەتکارەکان و خاتوو ئەکرەمی، دوو سێ سەتڵ ئاو بکەم بەسەرمدا و لە دەستی ئەو ئەسپێیانە و پیس و پۆخلی ڕزگارم بێت.

ئەکبەر هاتە لام ، لەپاڵمدا دانیشت و بەدەستی کێشای بەپشتمدا و گوتی:

ئەکبەر- خۆشیم لێت هات. دیاربوو کە بەفریامان دەکەویت. ئەگەر ئەو ڕۆژە دەنگت دەربهاتایە و قسەت بکردایە، ددانەکانتم دەردەهێنا! ئەگەر ئێستا حەز دەکەیت وەرە ناو دەستەکەمانەوە.

سوپاستم کرد. حەزم نەدەکرد کە لەگەڵ ئەکبەر و هاوڕێکانی بگەڕێم و حەزم لە زۆرداری نەدەکرد. کاتێک پێم گووت، پێکەنی و گوتی:

ئەکبەر- خۆت دەزانی. بەلام هەرکاتێک لە شوێنێک گیر بووی یان پێویستیت بەشتێک هەبوو ئاگادارمان بکەرتەوە.

پێم گوت کە ئەگەر بکرێت یەک دوو سەتڵ ئاوم دەستکەوێت تاکو خۆم بشۆم کارێکی باش دەکات.

کاتێک ئەوەم گوت خەریک بوو لە پێکەنیندا ببورێتەوە!

کاتێک باش پێکەنی، گوتی:

ئەکبەر- مەگەر پیس و پۆخلی چ کێشەیەکی تێدایە کە دەتەوێت خۆت پاک

بکەیتەوە؟! منداڵ ئێمە هەتاکو کیسەکەمان ڕابکێشین و چڵکنتر بین هەر بێسەرپەرشت و هەتیوین! نانمان نیە بیخۆین و لێرە دەخولێینەوە؟

- هیچی تر.

هەستام کە بڕۆم، کەمێک تەماشای ئەملا و ئەولای کرد و گوتی:

ئەکبەر- ئەگەر بێت و زمانت بگری، دەتبەمە جێگایەک کە ئەقڵی جنۆکەشی پێ نەگات.

پاشان چەند جارێک گازی لەدەستی گرت و دووبارە گوتی:

- وەرە لەگەڵم.

چەند دانەیەک لە بەردەستەکانی بانگکرد و یەکسەر هاتن. لە حەوشەکەدا کە تاریک بوو وە پڕی بوو لە تەختە و دار، وەستاین و یەکێک لە منداڵەکان تەختەکەی کردە کەنارێکەوە و لە پشتییەوە دیوارێکی کونکراوی گەورە دەرکەوت!

ئەکبەر بەخێرایی منی پاڵنا بەرەو کونەکە و گوتی:

ئەکبەر- بڕۆرە ناو باخەکەوە و هەر ئەم ڕێگە ڕاستە بگرە و بڕۆ. دەنگی ئاوەکە دەبیستی، بەڵام ئاگات لەو شوێنە بێت، کەسی خراپەکار و خوێن ڕێژ نەیەت.

پاشان لەدوای منەوە تەختەکەی خستەوە شوێنی خۆیی و ڕۆیشت. بۆ ساتێک ترس دایگرتم، تاکو ئەو کاتە بەخەیاڵمدا نەدەهات کە ئەو شوێنەی هەتیوخانە ببینم. لامکردەوە و تەماشای باخەکەم کرد، تا چاو دەیبینی سەوزایی و دارودرەخت بوو. هەستی باڵندەیەکم هەبوو کە لەپاش ساڵانێک ئازارکێشان ئێستا ئازاد بوو. دەمویست ڕابکەم و هەڵبێم، بەڵام لە هەڵهاتنیش دەترسام. هەستم کرد سەرم دەسوڕێت.

دانیشتم، چاوەکانم داخست و گوێم بۆ با ڕادەگرت کە گەڵای درەختەکانی دەجوڵاند. دەنگی باڵندەکان کە هەمیشە لە پشتی دیواری هەتیوخانەکە بەر گوێم دەکەوت، ئێستا ئەو دەنگە بۆ من تازە بوو! هەر بەو جۆرەی کە چاوەکانم داخستبوو، گوێم دەگرت و چێژم لە ئازادی دەبینی.

کاتێک گەیشتە ئێرەی چیرۆکەکە، ڕووی کردە من و گوتی:

هیدایەت- تۆ دەستت لە خواردنەکە نەداوە! نان و پەنیرت حەز لێنیە؟ مافی خۆتە.

- ڕێزتان هەیە. گوێم بۆ قسەکانی ئێوە ڕاگرتبوو. بەسەرچاو ئێستا دەیخۆم.

هیدایەت- سەرم ئێشاندیت زۆر درێژەم پێدا دەبێت بمبوری.

- نا نا. لەڕاستیدا زۆر بەلامەوە سەرسوڕهێنەرە، تکادەکەم درێژەی پێ بدەن.

هیدایەت- بەڕاستی وا دەڵێیت یان ستایشی دەکەیت.

- ئەو قسانە چییە؟ هەر وشەیەک ئێوە دەیڵێن لە مێشکمدا دەچەسپێت و چاوەڕوانی قسەی دواترتانم.

هیدایەت پێکەنی و دڵشادی لەچاوەکانیدا بریسکەی دەدایەوە.

هیدایەت- تاکو تۆ نانەکەت دەخۆیت، من سەرێک لەو بێزمانە بدەم، تەلا دەڵیم. بزانم ئاو و جۆی لە بەردەمدا ماوە، ئێستا دەگەڕێمەوە.

هەستا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. منیش نانم دەخوارد، لە هەمان کاتیشدا تەماشای ژوورەکەم دەکرد. بەڕادەیەک ژوورەکە ڕازاوە بوو کە حەزم نەدەکرد چاوی لەسەر لا ببەم. چاوم کەوتە سەر کتێبخانەکە، خودا دەیزانی چ سەروەتێک لێرەدا هەبوو. ئەو تابلۆیانەی کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوون، لەوانە بوو هەر دانەیەکیان دەگەڕایەوە بۆ سێ سەد ساڵ لەمەوبەر. مێشکم بۆ ئەوە دەچوو کە ئەم ماڵە مۆزەخانەیەکە بۆ خۆی.

پاش چەند خولەکێک جەنابی هیدایەت گەڕایەوە.

هیدایەت- ڕێگە بدە چایەکی دیکەت بۆ تێبکەم. نازانیت چەندە خۆشحاڵم. ساڵانێکە هیوام لە هیچ کارێک نیە. واهەستدەکەم ئەو ئەرکەی لەسەر شانمە دایدەنێم!

کوپێک چایی لە بەردەمدا دانا کە بەڕاستی لەگەڵ ئەو بەسەرهاتەدا دەگونجا. پاشان جگەرەیەکی داگرساند و گوتی:

هیدایەت- کوڕە گوڵەکەم تۆ باشبی، گوتم چاوەکانم بەستبوو و نەمدەتوانی بیکەمەوە! چونکە دەترسام هەموو ئەو شتانە خەو بێت. بەئارامی چاوێکم کردەوە و دەبینم کە دارودرەخت و سەوزایی و هەموو شتەکان ڕاستەقینەن. بە کورتی بەبیرمدا هات کەوا ڕابکەم و لەو شوێنە! بەڵام کوێم هەبوو بۆی بڕۆم؟

دووبارە دانیشتمەوە و کاتێک دەمتوانی ئازادبم، بەڵام هیچ کات بیرم لەوە نەکردبووەوە جگە لەو هەتیوخانەیە جێگەیەکی دیکە بۆ ئێمە هەیە. ئەوە بوو هەستام و ئەو ڕێگەیەم گرتەبەر کە ئەکبەر پێی گوتبووم.

ئەو هەوایەی کە لەوێدا هەبوو لەگەڵ ئەوەی چەند پێیەک لە ئێمەوە دوور بوو جیاوازی زۆری هەبوو! هەوای ئەوێ هەوای ئازادی بوو. کەمێک چوومە پێشەوە و دەنگی هاژەی ئاوەکە دەهات. بەرەو لای دەنگی ئاوەکە ڕۆشتم.

چەند خولەکێک دواتر ڕۆشتم و لە دوورەوە شوێنێکم بینی بە هێندەی گۆرەپانێک دەبوو! ئاوەکەی لە بەرزاییەکەوە دەڕژایە ناوی. ئاوەکە وەک چاو پاک بوو. لە خۆشحاڵیدا خەریک بوو دەستبکەم بەگریان! وردە وردە بەرەو ئەوێ ڕۆشتم و خۆم هەڵدایە ناو ئاوە ساردەکەوە کە بە دڵی من بوو.

چەند جارێک سەرم کردە ناو ئاوەکەوە و دەستم پێدا دەهێنا. کاتێک تەماشای ناو ئاوەکەم کرد، دەبینم ئەسپێکان لەناو ئاوەکەدا پەلەقاژە دەکەن. خۆشحاڵبووم لەوەی کە خەریک بوو قژم پاک دەبووەوە، نا ئاسوودە بووم کە ئاوەکە پیس بێت. باوەڕ دەکەی کە لەوکاتەدا گەورەترین ئارەزووم سابونێک بوو!

کاتێک باش خۆم شوشت، لە ئاوەکە هاتمە دەرەوە و دەستمکرد بەشۆردنی جلەکانم و پاشان هەڵم خست تاکو وشک بێتەوە.

لە پاڵ ئاوەکەدا دانیشتبوم و قاچەکانم تێکرد. کاتێک ئاوەکە بەژێر قاچەکانما دەڕۆشت هەستێکی تایبەتیم بۆ دروست ببوو. خۆشحاڵیەکی لە ڕادەبەدەرم هەبوو، دەنگی مۆسیقایەکی زۆر خۆش دەهات. گوێم لە دەنگی مۆسیقاکە دەگرت و قاچەکانم شلپە شلپ پێ دەکرد و چاوەکانم بەست.

نازانم چەندە درێژەی کێشا، دەنگێک لەپڕ گوتی:

- لێرەدا چی دەکەی ئەی منداڵ؟

لەکاتەدا ئیتر خەریک بوو دەست بکەم بەگریان، زمانم بەسترابوو! لام کردەوە و تەماشای پشتی خۆم کرد پیاوێکی گەورەی باریک، جل و بەرگەکەی هەمووی دڕابوو لەسەر سەرم ڕاوەستا بوو، شتێکی سەیر و سەمەرەی بەدەستەوە بوو. هەرچەندە هەوڵم دەدا وشەیەک بڵێم بەڵام نەمدەتوانی.

کابرا تێگەیشت و گوتی:

- مەترسە کوڕە گیان، کارم بەسەرتەوە نییە. لەم هەتیوخانەیە دەژیت؟

بەسەر وەڵامم دایەوە. دووبارە گوتی:

- بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟

کاتێک نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، پێکەنی و گوتی:

- زمانت پشیلە خواردوویەتی؟

پاشان هاتە لام، دانیشت و دەستی هێنا بەسەرمدا. دڵم کەمێک ئارام بویەوە.

- من هەرکاتێک دڵم دەگیرێت دێمە ئێرە و لە پشتی ئەم دارانەوە کەمانچە دەژەنم.

ئەو کاتە زانیم ئەو شتە سەیرەی دەستی ناوی کەمانچەیە.

بە ئارامی و لەژێر لێوە پرسیم :

- ئەو دەنگەی کە دەهات لەمەوە بوو؟

- بەڵێ. پێت خۆش بوو.

پاشان دەستی کرد بەساز لێدان. ئەوەندە جوان لێی دەدا کە خەمی دڵمی برد

کاتێک تەواو بوو ئیتر ئێمە بەیەکتر نامۆ نەبووین! لەوانەیە ئەو ئامێرە هاوڕێی هەردووکمان بووبێت و ئێمەی بە یەکتری ئاشنا کردبێت. پرسیارم لێکرد:
- چۆن دەتوانی بەو شێوازە جوانە دەنگی لێ بێنیت؟
- بەم شتە دەڵێن کەمانچە. حەزت لێی هەیە؟
- زۆر. دەخوازم فێری ببم. ناوت چییە؟
ناوی خۆی پێگوتم. گوتی:
- ناوم ڕەزایە. پێم دەڵێن ڕەزا دێوانە. چەندێکە لەم هەتیوخانەی؟
- لەوکاتەوەی لەبیرمە.
قاچەکانم لە ئاوەکە دەرهێنا. کاتێک پێڵاوەکانم لە پێدەکرد، برینەکانی قاچمی بینی و پرسی:
ڕەزا- قاچت چی لێهاتووە؟
- هیچ.
پێڵاوەکانم بەزووی لە پێ کردەوە.
ڕەزا- دارکاریان کردووی؟
بەسەر وەڵامم دایەوە.
ڕەزا- لەبەر چی؟
بە ناچاری بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە. چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و کەمانچەکەی دانا و شتێکی لێدا کە بە باشی گوێم لێی نەبوو.
کاتێک تەواو بوو گوتی:
ڕەزا- حەز دەکەیت فێرت بکەم چۆن کەمانچە بژەنی؟
دڵم لە خۆشیدا بەپەلە لێی دەدا. گوتم:
- لە خودام دەوێت.
ڕەزا- ئەمڕۆ ئیتر نابێت. لە سبەیەوە هەرکاتێک بینیت ئەم کڵاوە بەیەکێک لەم دارانەی پشتی هەتیوخانەکە هەڵواسرا بوو ئەوکات خۆت بگەیەنەرە ئێرە. تەنها ئاگاداربە کەس نەزانێت.
پێکەنیم، ئەویش پێکەنی و گوتی:
ڕەزا- ئێستا برۆ جلەکانت لەبەرکەوە.
تازە بیرم کەوتەوە کە جلم لەبەردا نییە! شەرمەزار بووم و بەپەلە چوومە پشتی درەختێکەوە. ڕەزا پێکەنی و جلەکانمی لەولای باخەکەوە بۆ هەڵدام و گوتی:
- من ئیتر دەڕۆم، ئاگات لە خاتوو ئەکرەمی بێت. خۆتی لێ بە دوور بگرە!

جلەکانم بە تەڕی لەبەرکردەوە و پرسیم:

- تۆ خاتوو ئەکرەمی لە کوێ دەناسیت؟

ڕەزا- مەبەستت لە ئەکرەمییە؟

- بەڵێ

ڕەزا- ئێمەی شێتان زۆرێک لەشتەکان دەزانین. ئەو خاتوو ئەکرەمییە ناوی ڕاستەقینەی ئەکرەمی خوزییە. منداڵەکان پێی ناڵێن ئەکرەم خوزی. ناوەکەی بووە بە خاتوو ئەکرەمی.

ئەو ژنە وانە بە شەیتان دەڵێتەوە! هەرچی پارە و خۆراک و جل و بەرگ بۆ هەتیوخانە دێت دەیفرۆشێت. لەگەڵ بەڕێوبەردا سەریان لە ئاخوڕێکدایە. هەر وەک سەرۆکی شێتخانە! ئێستا بڕۆ جارێکی دیکە بۆتی باس دەکەم.

کاتێک جلەکانم لەبەرکرد و لە پشتی درەختەکە هاتمە ئەملاوە، ئیتر ڕەزا ڕۆشتبوو.

تازە هاتمەوە سەر خۆم و بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەوە چ جۆرە شێتێک بووی هەم بەجوانی کەمانچەی لێدەدا و هەمیش ئەوەندە جوان قسەی دەکرد؟!

ئەو ڕەزایە سەد پلە لە خاتوو ئەکرەمی ئاقڵتر بوو. لەڕاستیدا دەبووایە خاتوو ئەکرەمی بڕۆشتایەتە شێتخانە، چونکە ئەوەندە ئازاری منداڵەکانی دەدا.

نیو کاتژمێر چاوەڕێم کرد تاکو جلەکانم وشک بوونەوە و بەرەو هەتیوخانەی بەڕێ کەوتم. دڵم نەیدەویست کە لەو باخە گەورە و ڕازاوەیە بڕۆم بەڵام چارەیەکم نەبوو، چونکە شوێنێکی دیکەم نەبوو تاکو بۆی بڕۆم. شەلە شەل ڕۆشتم تاکو گەیشتمە دیوارەکە.

بەهێواشی کونەکەم بینییەوە و بەئارامی چوومە ناویەوە. ئەو شوێنە پڕی بوو لە دار و دەوەن، ئەگەر نەمزانیایە لەکوێوە هاتوم ئەوا ڕێگاکەم نەدەدۆزیەوە.

بەسەختی گەڕامەوە شوێنەکە. ئەکبەرم لە دوورەوە بینی و پێکەنیم بەڕوویدا و ئەویش بەڕووی مندا پێکەنی و بەرەو ڕووم هات.

ئەکبەر- لەوێ خۆش تێپەڕی بۆت؟ تەنها ئاگاداربە ئەو شوێنە بەکەس نەڵێیت!

زۆر خۆشحاڵ بووم. شتێکم پەیدا کردبوو کەوا هیوادارم بکات. سبەی چاوم لە درەختەکانی پشتەوە بوو تاکو چاوم بەکڵاوەکەی ڕەزا بکەوێت.

سەرم خاوێن بوو بوو ئیتر جلەکانیشم بۆنیان لێ نەدەهات، هەستێکی خۆشم هەبوو.

دوو ڕۆژ تێپەڕی بوو کە ڕۆژێکیان تازە نانی بەیانیمان خواردبوو، کڵاوەکەی

ڕەزام بینی و بەوریاییەوە لە کونەکە تێپەڕیم. ئەو کونە بۆ من وەک ڕێگەی بەهەشتی لێ هاتبوو. بەخێرایی خۆم گەیاندە تاقگە بچووکەکە. ڕەزا چاوەڕوانم بوو، سڵاوم لێ کرد.

ڕەزا- سڵاو، زوو هاتیت. وادیارە حەزت لێی هەیە. وەرە تاکو زووتر دەست پێبکەین.

کەمانچەکەی دایە دەستم. نەمدەزانی چۆن بیگرم، کە بیرم دێتەوە پێکەنینم دێت.

ڕەزا- منداڵ مەگەر بێڵت بەدەستەوەیە؟ بەئارامی بیگرە و لەسەر قۆڵت داینێ. ئاوا باشە. ئێستا وانەی یەکەم.

ڕەزا وەک مامۆستایەک فێرری دەکردم و منیش زۆر بەئاسوودەیی گوێم بۆ دەگرت. کاتێک کەمانچەکەم بەدرووستی و بەدەستی چەپم گرت وەک ئەوەبوو کە لەناخەوە هەڵم گرتبێت، هەروەک ئەوە بوو لەسەر شانی باوکم بم و کاتێکیش بەدەستی ڕاستم کەمانچەکەم دەژەند هەروەک ئەوە بوو دەستی دایکم بەدەستمەوە بێت.

ڕەزا- بۆچی چاوەکانت داخستووە کوڕە؟ بیکەرەوە تاکو بزانی چی دەکەیت؟

ڕەزا فەرمانی پێدەکەردم، بەڵام بەدەستی خۆم نەبوو. هەرکاتێک دەستم پێدەکرد بەبێ ویستی خۆم چاوەکانم دادەخست.

لەپاش ئەوەی دوو کاتژمێر ڕاهێنانی پێکردم، گوتی:

ڕەزا- لە ئێستەوە تاکو هەفتەیەک دەبێت خۆت بێیت و ڕاهێنان بکەیت لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە گوتم. کەمانچەکەت لێرە، لە پشتی دارێکەوە بۆ بەجێدەهێڵم بەڵام دەبێت ئاگاداری بیت کە دەستی شێتی پێنەگات.

کاتێک ڕاهێنان تەواو بوو، ڕەزا شتێکی وەک کلیلی لە گیرفانی دەرهێنا و پێیدام و گوتی:

ڕەزا- ڕۆڵەگیان بە ئەمە دەڵێن شا کلیل! بیگرە و ونی نەکەیت. لەژێر زەمینەکەدا ڕاڕەوی ژوورێکی گەورەی هەیە، ئەوێ کۆگایە. هەرچی جلوبەرگ و خۆراک و ئەو شتانە هەیە، کاتێک دەیهێنن بۆ هەتیوخانەکە لەوێدا دایدەنێن.

بە وریاییەوە و لەسەرخۆ برۆ و بەو شا کلیلە دەرگاکەی بکەرەوە. ئاخی بۆ مەخۆ و دڵگران مەبە. تاکو دەتوانی بخۆ و دووبارە دەرگاکە داخەرەوە و وەرە دەرەوە. کەمێک بەخۆتدا ڕابگە با لات و لاواز نەبیت.

- تۆ لەکوێوە ئەوێ شارەزای؟!

ڕەزا- ئەوێ ماڵی زووی من بوو. لە منداڵیدا چەند ساڵێک لەوێدا بووم. ئێمەی

منداڵانی بێسەرپەرشت کاتێک گەورە دەبین، یان جێگەمان زیندانە یان شێتخانە یان گۆڕستان.
- تۆ ئەگەر لەڕاستیدا شێت نیت، ئەی چی دەکەیت لێرەدا؟
ڕەزا- نیوەی ئەو کەسانەی لێرەدان شێت نین! بگرە لە زۆرێک لەوانەی دەرەوەن ئاقڵ ترن.
بۆ ساتێک بە بێدەنگی تەماشای کردم و گوتی:
ڕەزا- باشە برۆ ئیتر. درەنگ دەبێت و دەگونجێت بزانن کە هاتویتەتە ئێرە.
لە جێگەکەم هەستام و خودا حافیزیم لە ڕەزا کرد و بەرەو لای کونەکە ڕۆشتم.
کاتێک گەیشتمە حەوشەی هەتیوخانەکە، گەڕام تاکو ئەکبەرم دۆزییەوە و گوتم کە لەگەڵم بێت. پێکەوە لە حەوشەوە بەبێ ئەوەی کەس ئاگادارمان بێت، چوینە ژێر زەمینەکەوە.
خزمەتکارەکانی ئەوێ لە یەک دوو کەس زیاتر نەبوو، بۆ ئەوەی کە مووچەی کەمتر بدەن و هەمووی بۆ خۆیان ببەن. لەوەدا بەختمان هەبوو کە هیچ کەسێکی لێ نەبوو. کاتێک چووینە ژێر زەمینەکەوە، چووینە ئەو ڕاڕەوەی ڕەزا پێی گوتبووم.
بە ئەکبەرم ڕاگەیاند ئاگادار بێت کەسێک نەیەت و خۆشم بە شا کلیلەکە خەریکی کردنەوەی قوفڵەکە بووم.
دوو خولەکی پێ نەچوو چوومە کۆگاکەوە و دەرگاکەیم کردەوە چیم بینی؟!
کۆگاکە پڕبوو لە برنج و ڕۆن و سابوون و خۆراک و دۆشەک و پەتۆی نوێ، بەکورتی هەموو شتێک! ئەو سەگبابی بێ ڕەوشتانە، ئێمە وەک سواڵکەر برسی دەکەن و تەواوی ئەو شتانەش دەفرۆشن.
کیسەیەک خورمام هەڵگرت و هاتمەوە دەرەوە و دووبارە دەرگاکەم کلیل دایەوە.
هەر ئەکبەر چاوی بە خورماکە کەوت، ئاو لە دەمیدا تکا و گوتی:
ئەکبەر- ئەی بەچکە سەگ! تۆ چەندە فێڵبازی! ئەی مشکە توپیو! ئاوی ژێر کا!
پێکەوە بەپێکەنینەوە کەوتینە گیانی خوورماکان و بەچێژەوە دەمانخوارد. کاتێک تۆزێکمان لێخوارد، دڵمان نەهات بەتەنها بیخۆین. بڕیارماندا کە شەو لە ژووری نوستنەکە کاتێک گڵۆپەکانیان کوژاندەوە، دابەشی بکەین بەسەر منداڵەکاندا.
بابەتەکەی ڕەزام بۆ ئەکبەر گێڕایەوە. لێوی خۆی گەست و گوتی:
ئەکبەر- کوڕە نەوەک لە گۆشەیکی ئەو باخەدا ئەو خوێڕییە یەخەت بگرێت و بێسەر و شوێنت بکات.

یاسەمین

- ئەگەر ئەو خەیالانەی لەسەردا بووایە هەر ئەو ڕۆژە کاتێک ئاگام لەخۆم نەبوو ئەو کارەی دەکرد. نا پیاوێکی چاکە، کاتێک ژێر پێیەکانمی بینی دڵی پڕ بوو.
ئەکبەر دەستی کرد بەگیرفانیدا، چەقۆیەکی دەرهێنا و دای بەمن و گوتی:
ئەکبەر- ئەمە بکەرە باخەڵت. ئەگەر ویستی کارێکی خراپ بکات لێی بدە.
پێکەنیم و چەقۆکەم لێوەرگرت، هەروەک برای گەورەمی لێ هاتبوو. پێکەوە بەشەوقی منداڵانەوە لەژێر زەمینەکە هاتینە دەرەوە و خورماکانمان لە شوێنێکدا شاردەوە.
شەو ئەکبەر ڕۆشت و زەرفە خوورماکەی هێنایە ژووری نوستن. کاتێک کڵێپەکانیان کوژاندەوە منداڵەکانی کۆکردەوە و چەقۆیەکی لە باخەڵیدا دەرهێنا و بەرەو ڕووی منداڵەکان گرتی. نوکی چەقۆکەی بریسکەی دەدایەوە و چاوی سوڕاند بە هەموویدا و تەماشای هەمووانی کرد و گوتی:
ئەکبەر- گوێبگرن مارمێلکەکان، ئێمە دڕندە نین کە بە تەنها بخۆین. خورمامان بۆ هێناون تاکو تێرتان بکەین. بەڵام ئەگەر لەسەر ئەم بابەتە لەلای کەس قسە بکەن، بێ ناموسم ئەگەر گێچەڵتان پێنەگرم! بەم چەقۆیە دەدەم لەو کەسەتان کە بێزارکەرە، تێگەیشتن؟!
ئەو ژنە کاری کۆتایی ئەوەیە کە دارکاریتان دەکات یان دەتانباتە زیندانە ژێر زەمینیەکە، بەڵام من واز لە گیانتان ناهێنم و دەست بەردارتان نابم.
ئەم منداڵەتان لە یاد بێت، بینیتان  کە لەژێر دارکاریدا هیچی نەگوت. ئێستا بێدەنگ وەرن و بەشی خۆتان وەربگرن. دەبێت بەئاگادارییەوە بیخۆن تاکو ئەو ژنە بۆن نەکات!  ئەگەرنا تێدەگات.
ناتوانم باسی ئەو ساتەت بۆ بکەم کە منداڵەکان چۆن خورماکانیان دەخوارد. نەیان دەزانی بە ددان بیخۆن یان بە چاو تەماشای بکەن. هەندێکیان هەر نەیاندەزانی خورما چییە؟!
لەڕاستیدا پێویست نەبوو کە ئەکبەر بیڵێت، چونکە هەموو خورماکەیان بەپەلە و بە وریاییەوە خوارد. بەکورتی ئەو شەوە بۆ ئەوان وەک شەوی جەژن بوو. لە دڵەوە نزام بۆ ڕەزا دەکرد چونکە بۆ یەکەمجار شەوێک منداڵەکان بەگەدەی پڕەوە نووستن.
کاتێک گەیشتینە ئێرەی چیرۆکەکە جەنابی هیدایەت ئیتر هیلاک ببوو. جگەرەیەکی داگرساند و گوتی:
هیدایەت- ئەمانەی کە گوتم، لاپەڕەیەک لە سەد لاپەڕەی ژیانی من بوو. ئێستا

ئەگەر حەزت کرد گوێت لە ماوەی چیرۆکەکە بێت جارێکی دیکەش وەرەوە. ئەگەر حەزت کرد هاوڕێکەشت بهێنە. کوڕێکی باشە و تۆشی زۆر خۆش دەوێت، لەم سەردەمەدا هاوڕێی باش زۆر کەمە.
تەماشای کاتژمێرەکەم کرد، کەمێک لە نۆ لایدا بوو. مۆڵەتم وەرگرت وماڵئاوایم لێکرد. لەو کاتەی دەمویست بڕۆم. هیدایەت گوتی:
- بەهزاد خان وەرە ئەمە بگرە، ئەگەر بە کەسی خۆی بفرۆشی پارەیەکی زۆر باشت پێدەدەن، بیگرە.
کتێبێکی دەست نووسی کۆن بوو، لەوانە بوو چوارسەد بۆ پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر بێت.
- مەمنوون، من بۆ ئەم شتانە نەهاتبووم. ئەو شتەی کە ویستم پەیدام کرد. زۆر سوپاست. جارێکی دیکە دێمەوە.
هیدایەت- بەدڵنیاییەوە، خودا ئاگادارت بێت.

## بەشی پێنجەم

لەو کاتەدا بەفر دەباری، ژوورەکەم تاکو ئەوێ کەمتر لە نیو کاتژمێر ڕێگە بوو.
هەر بەو شێوەی بەڕێگەدا دەڕۆشتم بیرم لە چیرۆکی ژیانی جەنابی هیدایەت دەکردەوە. بەو هەموو سەروەت و سامانەوە لە ڕاستیدا بیرم ڕابردوویەکی بەو شێوەیە نەدەکردەوە. بۆچی بەو شێوەیە ژیانی دەکرد؟ وای بیردەکردەوە کە بەو شێوەیە خۆی لە ژیان دوور دەکردەوە!
لەناو ئەو بیرکردنەوانەدا بووم کە خۆم لە بەردەم ژوورەکەم بینیەوە. کاتێک ویستم قوفلی دەرگاکە بکەمەوە لە گۆشەیکی دەرگاکەدا کاغەزێکم بینی!
کاتێک دەرگاکەم کردەوە کەوتە ژوورەوە. کاتێک کردمەوە پەیامێک لە فەرنووشەوە بوو. بیری ڕووداوەکەی ئێوارەم کەوتەوە و دڵم گیرا.
لەسەری نووسی بوو" سڵاو بەهزاد خان. دووبارە هاتمەوە لێرە نەبوویت.
سبەی دێمە خزمەتتان. خودات لەگەڵ. فەرنووشی ستایش"
چەند جارێک ئەو ڕستەیەم خوێندەوە. تەنانەت پەیامەکەشی بۆنی عەترەکەی لێدەهات. کردمە پاکەتێکەوە و لەپاڵ کتێبەکان دامنا. لەدەستی کارەکەی بێزار بووم بەڵام خەندە کەوتە سەر لێوەکانم.
چایم خستە سەر و لە گۆشەیێکدا دانیشتم. دەنگی کەمانچەی ڕەزا و هیدایەت هەردووکیان لە گوێمدا بوو. ئەوەندە بەجوانی لێی دەدا کە نەم دەتوانی لەبیری بکەم.
کاتژمێر دە بوو کاتێک چوومە سەر جێگەکەم تاکو بخەوم بۆ ئەوەی بەیانی

زووتر بێت. تەنانەت چاییەکەشم نەخواردەوە.

ئەو شەوە لە خەونمدا ڕەزا دیوانە بە کەمانچەکەیەوە و هیدایەت بە شا کلیلەکەیەوە و ئەکبەر بە چەقۆوە و منداڵەکانی هەتیوخانە بەکیسەیەک خورماوە لە خەونمدا بینی.

بەیانی کە هەستام لەپاش ئەوەی دەست و دەم و چاوم شۆرد، ڕۆشتم بۆ نانی بەیانی نانی تازە بکڕم کە کەوتمەوە بیری خورماکەی شەو لە خەونمدا بینیبوم. بەداخەوە خورما گران بوو نەمتوانی بیکڕم. لەباتی خورما کیلۆیەک سێو و نیو کیلۆ شیرینیم کڕی، چوونکە بڕیار بوو ئەمڕۆ میوانم بێت.

کاتێک گەڕامەوە ماڵەوە، لەپاش خواردنی نانی بەیانی دەستم کرد بە سڕینەوە و پاککردنەوە. کاتێک کارەکانم تەواو بوو دانیشتم و چاوەڕوان بووم. هەر جارێک تەماشای کاتژمێرەکەم دەکرد خاوتر دەجوڵایەوە!

کتێبێکم دەرهێنا و لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە بەڵام لەکوێوە هۆشم لای خوێندنەوە بێت. بۆیە ڕادیۆکەم داگیرساند و خۆم پێوە سەرقاڵ کرد.

نیو کاتژمێر تێنەپەڕی بوو کە لە دەرگا درا. لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد، فەرنووش بوو. دەرگاکەم کردەوە لە کاتێکدا دڵم شەکر و ئاوی دەکرد، خۆم بەخوێن ساردی پیشاندا.

فەرنووش- سڵاو. پەیامەکەم گەیشتە دەستت.

- سڵاو. ئەگەر مەبەستان لە نامەکەیە، بەڵێ. حاڵتان چۆنە؟

فەرنووش- هەر لێرەدا و لە پشتی دەرگاوە وەڵام بدەمەوە؟!

- ببورن، فەرموو وەرنە ژوورەوە.

هاتە ژوورەوە و پێڵاوەکانی داکەند و لەسەر مۆبیلکە دانیشت.

فەرنووش- لەدەستم تووڕەی؟

- تووڕە؟ بۆچی؟ لەبەر تەلەفزیۆنەکە؟

فەرنووش- ئەگەر بێزارم کردی، داوای لێبووردن دەکەم. مەبەستێکم نەبوو. ئەوە بەناوی قەرزاوە بوو.

- یەکەمین کە من ناتوانم ئەو قەرزە بدەمەوە. جگە لەوەش فەرنووش خانم ئێوە قەرزاری من نین، چونکە ئەو شەوە ئەگەر لەجیاتی ئێوە هەرکەسێکی دیکە بووایە من یارمەتیم دەدا.

فەرنووش- واتە لەجیاتی من هەرکەسێکی دیکە لە جەنابی هیدایەتی بدایە لەباتی ئەو دەچوویتە زیندان؟

یاسەمین

- باشە نا. نە دەچوومە زیندان، بەڵام کەسێکی دیکەش نەبوو.
خەریک بوو توشی دڵەخورپە دەبووم.
- چایی دەخۆیتەوە؟ ئێستا بۆتان لێدەنێم.
فەرنووش بزەیەکی کرد و گوتی:
فەرنووش- من کوپەکان دەهێنم. شوێنەکەیان شارەزام.
هەر بەو جۆرەی کە بەرەو لای دۆڵابەکە دەڕۆیشت گوتی:
فەرنووش- من دەبێت بڕۆمە لای جەنابی هیدایەت و سوپاستی لێ بکەم.
- کارێکی باش دەکەیت، بەڵام شتێکی بۆ نەکڕیت و بە قەرز پێی بدەی!
فەرنووش- ئەو قسانە دەکەیت ها.
کاتێک ویستی قسەیەکی دیکە بکات، ئەو کوپەی کە دوێنێ چایی تێدا خواردبوو لە دۆڵابەکە دەری هێنا و گوتی:
فەرنووش- لە کۆتاییدا شتێکی پیسم لە ماڵەکەتدا پەیدا کرد.
کوپەکەی پێ پیشان دام.
- ئەوە پیس نییە.
تەماشای کوپەکەی کرد و بەتووڕەییەوە پرسی:
فەرنووش- میوانت هەبوو؟ خانمێک، ڕاستە؟
نەفرەتم لە خۆم دەکرد کە بۆچی دوێنێ کوپەکەم نەشۆرد.
تەماشای من و تەماشای کوپەکەی کرد و دووبارە پرسی:
فەرنووش- لەوانەیە زۆر تەنها نەبێت؟! میوانی ژنت هەبووە؟ جێگەی لێوەکانی لەسەر کوپەکان ماوە! لە بیرت چووە شوێنەکەی پاک بکەیتەوە.
بەرەو ڕووی ڕۆشتم و کوپەکەم لە دەستی وەرگرت. زمانم گۆی نەدەکرد کە بڵێم کوپەکەی خۆتە کە دوێنێ چایت تێدا خواردەوە. زۆر تووڕە بوو.
- بەڵێ. ببورە لە بیرم چوو کە بیشۆم، ئێستا دەیشۆم.
شاڵەکەی لەسەر مۆبیلکە هەڵگرت و کردیەوە ملی و گوتی:
فەرنووش- هاتبوم تاکو بانگێشتت بکەم بۆ ماڵمان، واتە باوکم داوای لێکردم. تکادەکەم ئەگەر حەزتان کرد شەوێک تەشریف بهێننە ماڵمان! خوات لەگەڵ.
هەستمکرد کە ئەگەر ڕوداوی کوپەکەی بۆ باس نەکەم، دەڕوات و ئیتر ناتوانم ببینمەوە.
نازانم چۆن بوو کە لەڕووم هات و لەژێر لێوە وە گوتم:
- کوپەکەی خۆتانە، دوێنێ خۆتان چایتان تێدا خوارد.

گەڕایەوە و تەماشای چاوەکانمی کرد و پاشان کوپەکە کە بەدەستمەوە بووم لێی ڕوانی و پێڵاوەکانی بەئارامی داکەند و شاڵەکەی دانا، پاشان تەماشای کرد.

- لە بیرم چوو کە بیشۆم.

کوپەکەم پیشاندا. پێکەنی و کوپەکەی لە دەستم وەرگرت. کاتێک خەریکی خواردنی چایی خواردن بووین گوتی:

فەرنووش- ئەمڕۆ نانی نیوەڕۆ چیت هەیە؟

لە زمانم دەرچوو گوتم:

- خورشتی قیمە.

فەرنووش- ڕێگە بدە من سەوزەکەت بۆ پاک بکەمەوە.

بە پێکەنینەوە گوتم:

- با سەرەتا من بچم بیکڕم پاشان تۆ پاکی بکەرەوە.

فەرنووش-کەواتە ئەمڕۆ بۆ نانی نیوەڕۆ دەڕۆینە دەرەوە.

کەمێک من منم کردوو بینم کە ناشرینە ئەگەر بڵێم نا. لە هەموو شوێنێکی دونیادا پیاوان بوون کە خانمەکانیان بۆ نانی نیوەڕۆ بانگێشت دەکرد. ئێستا کە خانمێک منی بانگێشت کردووە باش نییە کە ڕازی نەبم، ئەوە بوو کە ڕازی بووم.

- چ شاڵێکی جوانتان لە سەر کردووە.

فەرنووش- سوپاست. هەوا ساردە، ناتوانم لەچک لەسەر بکەم سەرمام دەبێت.

پێڵاوەکانم لە پێکرد و پرسیم:

- ئێستا دەتەوێت بۆ کوێ بچین؟

فەرنووش- شوێنێکی باش کە خواردنی تەندرووست و خۆش بێت. بەڕاست ئێوە ماڵی جەنابی هیدایەت دەزانن؟

- دوێنێ شەو لەوێ بووم.

فەرنووش- دەبێت بڕۆم و سوپاستی لێبکەم، پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو میهرەبانە.

- خۆم دەتانبەم. بەچکە ئاسکێکی هەیە، زۆر جوانە. ناوی تەلایە.

فەرنوش بە سەرسامیەوە پرسی:

فەرنووش- جەنابی هیدایەت بەچکە ئاسکی هەیە؟ بۆ مەگەر لە کوێ دەژی؟!

- لە باخێکی زۆر زۆر گەورە.

تاکو دەرگای ژوورەکەم داخست، فەرنووش سویچی ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو ڕووم گرت و گوتی:

فەرنووش- مۆڵەتی شۆفێریت خۆ هەیە؟

- بەڵێ. بەڵام تکادەکەم خۆتان شۆفێری بکەن. من بەو شێوەیە ئاسوودە ترم.
کاتێک سواری ئۆتۆمبیلە قەشەنگ و پاک و خاوێنەکەی بووم، تازە بیرم کەوتەوە کە میوە و شیرینیم بۆ فەرنووش هێنابوو.
- داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی پێشوازیت لێبکەم. بۆ ئێوە میوە و شیرینیم کڕیبوو، لە بیرم چوو بیهێنم.
فەرنووش- کوپ و چایی باشترین پێشوازی بوو.
قسەکەی بەلامەوە بایەخدار بوو بەلام بەڕووی خۆمدا نەهێنا.
فەرنووش- کاوە خان حاڵی چۆنە؟ بیستوومە کە چوونەتە باکور.
- وا بیرم دەکردەوە کە تەنها بە منی گوتووە چووەتە باکور!
فەرنووش لە کاتێکدا پێدەکەنی گوتی:
فەرنوش- من لە کچە پورەکەیم بیست. ئێوە چۆن نەڕۆشتن؟
- لێرە ئاسوودە تر بووم.
چەند خولەکیەک دواتر لە بەردەم ڕێستورانتێکی جوان ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و و دابەزین. کەمێک خۆم ڕاگرت تاکو ئۆتۆمبیلەکەی داخست. باشتر وابوو کە پێی بڵێم باری دارایم باش نییە.
- فەرنووش خانم. هیوادارم من ببورن، بەلام من نایەمە ئێرە!
فەرنووش- باشە، ئێوە کوێتان بەلاوە خۆش بێت دەڕۆینە ئەوێ. من هەروا گوتم بێینە ئێرە. ئەگەر ئێوە شوێنێکی باشتر دەزانن. باشە بڕۆین.
- بەڵێ، من شوێنێکی باشتر دەزانم، بەلام لەوانەیە ئێوە بەلاتانەوە خۆش نەبێت.
فەرنووش لە کاتێکدا سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو، گوتی:
فەرنووش- بڕۆین تاقی بکەینەوە، لەوانەیە بەلامەوە خۆش بێت.
بەڕێ کەوتین و هەر بەو شێوەیەی ناونیشانەکەم پێدا دەستمکرد بەقسەکردن.
- دەزانیت فەرنووش خانم؟ من سامانێکی کەم و دیاریکراوم هەیە. زۆر بە سادەیی دەژیم. دڵم نایەوێت شتێک کە نیمە یان نەمبووە داوابکات.
ئەو خواردنەی کە دەیخۆم زۆر سادەیە. جلوبەرگیشم هەر بەو جۆرە. ڕەوشتم سادەیە. بەکورتی ناچارم هەموو ئەو شتانەی کە لەڕووی داراییەوە لە ژیاندا هەمە، بەسادەیی بگوزەرێنم. هەر ئەوەندەم هەیە کە ئێستا هەمە. ئەگەرچی سادەیە بەلام لەگەڵ هاوڕێکانم بەشی دەکەم، تکایە لابدەن بەلای دەستە ڕاستدا.
ئامادەم بۆ هاوڕێکانم گیانم فیدا بکەم. بەداخەوە کە ئەمڕۆ پارەم زۆر پێنەبوو، تکایە هەر لێرەدا و لەپاڵ ئەم خواردنگەیە لابدەن. زۆر سوپاست. بەڵێ وەک گوتم

هەر لەبەر ئەوەش بوو کە گوتم لەو ڕێستورانتە نان ناخۆم.
فەرنووش- تەنها لەبەر ئەوە بوو؟ خۆ ئەوە شتێک نەبوو، میوانی من بوویت.
- داوای لێبووردن دەکەم. من تەنانەت کە ئێستا سواری ئۆتۆمبیلە مۆدێل بەرزەکەی ئێوە بووم ئاسوودە نیم، چ بگات بەوەی کە ئێوە پارەی خواردنەکە بدەن.
لەو کاتەی دابەزین گوتم:
- ئەگەر ئێرەتان بەلاوە خۆش نیە، فەرموو لە ماڵەوە لەخزمەتتاندا دەبم.
فەرنووش زۆر بەئاسوودەی دابەزی و قوفڵیدا لە ئۆتۆمبیلەکەی و پێکەوە بەرێ کەوتین بۆ هەمبەرگر فرۆشییەکە.
- ڕانەهاتوون بێنە ئەم جۆرە شوێنانە، تەواوە؟
فەرنووش- مرۆڤ دەتوانێت بە هەموو شتێک ڕابێت، بەو مەرجەی خۆی ویستی لەسەری بێت.
- زۆرێکن ئەوانەی ناتوانن ڕابێن لەسەر ئەم شتانە.
فەرنووش- بەڕێکەوت من زۆر حەزدەکەم بە سادەیی ژیان بکەم.
- ئەو ئۆتۆمبیل و جلانەی لەبەریدەکەن تایبەتە.
فەرنووش- تانەم لێ دەدەیت.
- ڕاست بڵێن؟! تاکو ئێستا ڕوویداوە کە شەوێک نان و پەنیر بخۆیت، تاکو ئێستا ڕوویداوە نیوەڕۆیەک هێلکەی مریشک بخۆن؟!
فەرنووش- نان و پەنیر، نەخێر. بەڵام هێلکەی مریشک بۆچی نا؟
- بە دڵنیاییەوە ئێوارە، بۆ نموونە هەمبەرگری قەڵتان هەبووە و ئێوەش حەزتان لێی نەبووە. لەبەر ئەوە ڕۆژە بەناچاری هێلکە و ڕۆن و گۆشتی سوورەکراوتان درووست کردووە! یان ئەوەی هێلکەتان بۆ چوار خولەک خستوەتە ناو ئاوی کوڵاو و لەگەڵ ئاوی پرتەقاڵ حەزتان لێی بووە و خواردووتانە.
سەری داخستە سەر زەویەکە و هیچی نەگوت.
- ئامادەن ئەو ئۆتۆمبیلەتان لەگەڵ پەیکانێکی مۆدێل نزم بگۆڕنەوە؟ واتە لەباتی ئەم سواری ئەو بێت؟ یان ئەوەی بەپاس سێ سەر ڕێگا ببڕیت تاکو بگەیتە زانکۆ؟
فەرنووش- بەهزاد خان ئەو بابەتە بەو شێوەیە نیە کەوا ئێوە ئەوەندە خۆتان ئازار دەدەن.
- من ئاسوودەم. ئێوە بوون کەوا گوتان حەز لە ژیانێکی سادە دەکەن. ویستم کەمێک باسی ژیانی سادەتان بۆ بکەم.

هەمبەرگرەکانمان ئامادە بوو، لەگەڵ ساردی بۆیان هێنایین.

فەرنووش- باشتر نییە ئیتر ئەم بابەتە تەواو بکەین و خواردنەکەمان بەچێژەوە بخۆین.

- ماوڕام لەگەڵتان. نۆشی گیانتان بێت.

پێکەوە خەریکی خواردن بووین.

فەرنووش- دەزانیت بەهزاد خان، لە زانکۆ لەبارەی تۆوە قسەی زۆر دەکەن!

خواردنەکە لە گەرووم گیرا!

- لە بارەی منەوە؟! بۆچی؟ مەگەر چ کارێکم کردووە؟

پێکەنی و گوتی:

فەرنووش- ببورە مەبەستێکم نەبوو.

تەماشای کردم و دەستی کردەوە بەخواردن و وەڵامی نەدایەوە. منیش سەرم داخست و خەریکی خواردن بووم. کەمێک دواتر فەرنووش گوتی:

فەرنووش- دەزانیت بەهزاد خان، من کچێکی ئازادم. ئەگەر بمەوێت کارێک بکەم هیچ کەسێک ڕێگری ناکات. هەڵبەتە نەوەک هەموو کارێک.

- بیرتان لەوە نەکردۆتەوە دەگونجێت بۆ کچێک کێشەی بۆ درووست بێت؟

فەرنووش ماوەیەک بێدەنگ بوو و تەماشای چواردەوری کرد و گوتی:

فەرنووش- ئێوە نزیکەی ساڵێکە من لە زانکۆ دەبینن. تاکو ئێستا ڕەفتارێکی خراپت لە من بینیوە؟ تاکو ئێستا بینیوتە لەکاتی وانە خوێندندا، لەگەڵ کوڕێک پەیوەندیم هەبێت؟

- ببورن، لەوانەیە نەمتوانیبێت بەدرووستی قسە بکەم. مەبەستم لەوە نەبوو.

فەرنووش- تکادەکەم وەڵامی من بدەنەوە.

- نەخێر، من تاکو ئێستا شتێکی خراپم لە ئێوە نەبینیوە. ئێوە کە دێنە زانکۆ ڕەفتارتان زۆر گونجاوە. تەنانەت جل و بەرگ لەبەرکردنتان زۆر گونجاوە.

فەرنووش- باشە خۆ ئەم شتانە، نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە کچێک خراپ بێت. واتە ئەگەر کچێک بیەوێت خراپ بێت بەبێ ئەوەشی کە ئازاد بێت دەتوانێت. لەو ڕووەشەوە خەیاڵتان ئاسوودەبێت، باوکم دەزانێت کە ئێستا لەگەڵ ئێوەدا لەدەرەوەم.

- لەوانەیە دڵگرانم کردبێتن.

فەرنووش- نەخێر، دڵگران نەبووم، بگرە خۆشحاڵیش بووم. ئێوە جیاواز لە خۆتان وەک گەورەتر لە تەمەنتان ڕەفتار دەکەن.

- دەزانن، دەبێت ئاگاداری هەندێک لە شتەکان بین. هەروەک تەمەنەکان و ئادابەکان و ڕێزگرتنەکان و سنورەکان، ئەگەر بێت و ڕێز لە هەر دانەیەک لەوان نەگرین ئەوا کێشە درووست دەبێت.

فەرنووش- بەبڕوای منیش هەروایە. ڕێزگرتن لە نەریتەکانی هەر گەلێک، وەک پاراستنی بنەچەی خۆمانە. گەلی بێ ڕابردوو و مێژوو یەکسانە بەلەناوچوون.

- یاسا و ڕێسا و سنوور دانان یەکێکە لەو نەریتتانە.

فەرنووش- تاکو ئەمڕۆش پێویستمان بەوانە هەیە. خواردنەکەتان تەواو بوو؟

- بەڵێ. ئەگەر دەڵێن با بڕۆین.

هەستاین و من پارەی خواردنەکەم دا. لەوێ چوینە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبیل بووین.

فەرنووش- حەز دەکەیت کەمێک بەپێ بڕۆین؟

- بۆ ئێوە درەنگ نابێت؟

فەرنووش- نەخێر کاتم هەیە. لەم نزیکانە پارکێکی زۆر جوان هەیە من زۆر حەزم لەوێیە، حەزدەکەیت بڕۆینە ئەوێ؟

- خراپ نیە بەلامەوە.

بەڕێ کەوتین و چەند خولەکێک دواتر گەیشتین. تاکو چووینە پارکەکەوە، لەگەڵ یەکتری قسەمان نەکرد.

کەمێک بەپێ ڕۆشتین و فەرنووش گوتی:

فەرنووش- دەزانیت بەهزاد خان. کاتێک ئەو شەوە لەجیاتی من خۆت بەدەستەوەدا، هەستم کرد کەوا لەگەڵ تۆدا نەناسراو نیم!

ئەو کارەی ئێوە ئەنجامتان دا، هەستێکی لە دورەوە بۆ درووست کردم، هەستێکی هاوڕێیانە ئەویش هاوڕێیانەی کۆن. لەبەرئەوە ڕاست دەڵێن کەوا خۆشەویستی، خۆشەویستی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

گەڕامەوە و تەماشام کرد، چاوم کەوتە سەر چاوەکانی و زمانم بەسترا. ئەوەندە چاوەکانی قەشەنگ بوو کە بەبینینێک تەواوی بیر و هۆشم لەدەستدا. سەرم دانەواند و قسەم نەکرد.

فەرنووش- بەهزاد خان، ئەوکاتە بیرتان لەوە کردەوە کەوا ئەگەر خودا نەکات جەنابی هیدایەت شتێکی بەسەر بهاتایە، تۆیان دەبردە زیندان؟

- بەڵێ ئەو بیرەم کردبووەوە بەلام بەلامەوە گرنگ نەبوو.

فەرنووش- چ هەستێکت هەبوو؟

- بە بڕوای من مرۆڤ دەبێت بۆ بیرکردنەوەکانی نرخێکی بڕواپێکراوی لەو شێوەیەی هەبێت کە بتوانێت لە بەرامبەر سەختییەکاندا خۆڕاگر بێت، ئەوە گرنگە.

ڕاوەستا و تەماشای کردم. منیش وەستام بەڵام هەوڵم دەدا تەماشای چاوەکانی نەکەم خۆم وا پیشاندا کە تەماشای کچەکانی دەوروبەرمان دەکەم کە گوتی:

فەرنووش- بەهزاد خان!

تەماشای چاوەکانیم کرد.

فەرنووش- دەمەوێت بزانم ئەو بڕوایەت چی بوو کە لەبەر ئەو فیداکاریتان کرد؟

نەمدەزانی بەرامبەر ئەو پرسیارەی چ وەڵامێک بدەمەوە.

لام کردەوە و بینم کچێکی بچووک لە پاڵمدا وەستاوە و چەند چەپکە گوڵێکی بەدەستەوەیە. لایەکی پاڵتۆکەمی ڕاکێشا و گوڵەکانی بۆ ڕاگرتم و گوتی:

- کاکە، چەپکێک گوڵم لێ دەکڕیت؟ مەریەمم هەیە و نێرگسم هەیە و گوڵەباخم هەیە. تۆ خودا گوڵێکم لێبکڕە، زۆر ساردە و تاکو ئێستا چڵێکم نەفرۆشتووە. چڵێکم لێدەکڕی؟

لەپاڵیدا دانیشتم و گوتم:

- بۆچی لێت ناکڕم ئازیزم! هەموویانت لێ دەکڕم. سەیرکە، هەموو گوڵەکان بۆ من و هەرچی پارەم پێیە بۆ تۆ، باشە؟!

کچەکە- من سێ چەپکە گوڵم پێیە. پارەکەی زۆر دەبێت ها!

دەستم کرد بەباخەڵمدا و هەرچی پارەم پێبوو دەرم هێنا. دوو هەزار و شتێک بوو.

- باشە؟

زمانی گیرابوو. خۆشحاڵی لە چاوەکانیدا دەبینرا. بەسەر ئاماژەی کرد کە تەواوە و سێ چەپکە گوڵەکەی پێدام و پارەکەی لێ وەرگرتم و ڕۆیشت.

دانیشتبووم و تەماشام دەکرد چۆن لەسەر بەفرەکان ڕای دەکرد! دەترسا پەشیمان ببمەوە و پارەکانی لێوەر بگرمەوە. خولەکێک دواتر هەستام و بەفەرنووشم گوت:

- بڕۆین؟

لە چاوەکانیدا فرمێسک ڕیزی بەستبوو. لەو کاتەی دەگەڕاینەوە گوتی:

فەرنووش- منداڵەکە زۆری سەرما بوو.

بەیەکەوە، بەبێ قسە بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی ڕۆشتین.

لە نزیکی ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستام و گوتم:

- فەرموون، دەڵێن گوڵی مەریەم نیشانەی هاوڕێیەتیە و گوڵی نێرگسیش نیشانەی سۆزە.

پاشان هەموو گوڵەکانم پێدا و گوتم:

- ئەگەر ڕێگەم بدەن، دەمەوێت تاکو ماڵەوە کەمێک بەپێ بڕۆم. ئێوە فەرموو بڕۆن.

گوڵەکانی لێوەرگرتم و چاوەڕێم کرد تاکو سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو، دایگرساند. کاتێک ویستی بەڕێکەوێت، جامی ئۆتۆمبیلەکەی هێنایە خوارەوە و گوتی:

فەرنووش- نەتان گوت گوڵەباخ نیشانەی چییە؟

پێکەنی و بەڕێکەوت، ڕۆیشت. لەو کاتەی وەستابووم و تەماشای ڕۆشتنەکەیم دەکرد لەژێر لێوە گوتم:

- گوڵەباخ نیشانەی خۆشەویستییە بە هەموو زمانەکانی دونیا.

❋ ❋ ❋

## بەشی شەشەم

ئێوارە نزیکی کاتژمێر شەش بوو کە لە ژوورەکەم دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە. ئەم دەزانی دەبێت چ بڕیارێک بدەم. خۆزگە مرۆڤەکان دەیانتوانی ئاگاداری ساڵێک دوای خۆیان بن!

هەستام و کتێبی حافزم دەرهێنا و فاتیحەیەکم بۆ خوێند و بۆم نارد.

لەبەر دەستکورتی خۆمە لە ژێر بارم

کە لەبەر بەرز نشینان شەرمەزارم

مەگەر ئەڵقەی زنجیری پرچم دەستکەوێ

ئەگەر نا ڕووبە شینییە پاشە هەوارم

کتێبەکەم کردەوە شوێنی خۆیی و لە دەرگایان دا. فەرنوش بوو. جلێکی جوان و خەندەیەکی شیرین لەسەر لێوەکانی بوو.

فەرنوش- سڵاو نە نووستبووی؟

- نەخێر. بە ئاگا بووم. فەرموون بۆ ژوورەوە.

فەرنوش- نا زۆر سووپاست. خۆت ئامادەبکە بڕۆین.

- بۆ کوێ؟

فەرنوش- ندەمەوێت سوپرایز بێت بۆتان.

- ئاخر.......!

فەرنوش- بەهانە مەهێنەرەوە، وەرە ئیتر!

- بەسەر چاو. ئێستا جلەکانم دەگۆڕم.

هاتمە ژوورەوە و جلەکانم گۆڕی و ڕۆیشتمەوە دەرەوە. سواری ئۆتۆمبیل بووین و بەڕێ کەوتین.

فەرنوش- کەمێک بێزار دەردەکەون.
- نا هەرگیز.
فەرنوش- لە ماڵەوە کارێکت نەبوو؟
- نەخێر کارم نەبوو.
فەرنوش- مرۆڤ جارێک دەژی! نابێت خەمگین و خەفەتبار بێت!
- ئێوە بۆچی وا بیر دەکەنەوە من غەمگینم؟!
فەرنوش- ئاخر بە جۆرێکیت.
- جەنابی ستایش حاڵیان چۆنە؟ خانمی ستایش چۆنن؟
فەرنووش- زۆر سوپاست باشن.
چەند خولەک دواتر لە بەردەم پیتزا فرۆشیەک ڕایگرت و گوتی:
فەرنوش- ئێستا دابەزە، گەیشتین.
هەر دابەزیم لە ئەو بەری شەقامەکەوە چەند کوڕ و کچ بەرەو لای ئێمە هاتن و دەستیان کرد بە سڵاو لێ کردنمان.
فەرنوش- بەهزاد خان پێتیان دەناسێنم. هوما کچە مامە و ئەوەش دەستگیرانەکەی شەهریار خانە. ئەویش هاوڕێم مەهتاب و ئەوەش کوروش خان، تازە پێکەوە هاوسەرگیریان کردووە.
منیش خۆم ناساند و پێکەوە ئاشنا بووین.
هوما- بەهزاد خان فەرنوش زۆر باسی ئێوەی کردووە هەڵبەتە زیادی نەگوتووە.
- زۆر سوپاست. ئەوان ڕێزیان هەیە.
مەهتاب- فەرنوش گیان پێنج خەلەک چاوەڕێ دەکەیت؟ تاکو من و هوما بڕۆین ئەم خواردنگەیە ببینین.
فەرنوش- بڕۆن بەڵام زوو بگەڕێنەوە ها.
هەر چواریان ڕۆیشتن. مابووینەوە من و فەرنوش.
فەرنوش- مێردی مەهتاب ئەندازیارە و باوکی کارگەی هەیە. دەستگیرانەکەی هومایش ئەندازیارە و باوکی بازرگانی فەرشە. حاڵی ماديان زۆر باشە. ئەو بی ئێم دەبلیوە ئۆتۆمبیلەکەیەتی.
- ئۆتۆمبیلەکەی کورەش خان کامەیە؟
فەرنوش- ئەو پاترۆلە ڕەشەیە.
- بوورن. سوپرایزەکەتان ئەمە بوو؟
فەرنوش- بەڵێ. بڕیارە پێکەوە بڕۆینە شاری یاری. چۆنە؟





CamScanner

تەماشایەکم کرد و گوتم:

- تەماشاکە فەرنوش خانم، ئەم شارە ئەوەندە یاری بۆ من هەیە کە ئێوە رانەیەکیشیان نازانن! ئیتر ناتوانم بە شاری یاری و ئەو جۆرە شوێنانە رابگەم!

حەز دەکەم بزانن کەوا ئێوە هیچ مافێکی منتان بەسەرەوە نیە. ئەگەر کارێکیشم کردووە لەبەر دڵی خۆم بووە. رێگەی من و ئێوە لە یەکتری جیاوازە. دونیاکەیشمان لە یەکتری جیاوازە. باشترە هەر یەکەمان لە دونیای خۆماندا بێت و رێگەی خۆی بگرێت. لەوانەیە رۆژێک رێگەی من و تۆ بچێتەوە سەر یەک! ئێوە قەرزداری من نین. هیوادارم هەست بەو شتانە بکەن کە گوتم.

ببوورن. لەلایەن منەوە داوای لێبووردن لە هاورێکانتان بکەن. خودا حافیز.

کاتێک ئەوەم گوت فەرنوش شڵەژاوانە تەماشای منی دەکرد. سەرم داخست و رۆیشتم. تورەیی قورگمی گرتبوو. زۆر سەختە مرۆڤ ئاگای لەخۆی بێت و هەموو شتێک تێک بدات! کاتێک خەریک بووم لیی جیا دەبوومەوە هەر هەنگاوێکم دەنا وەک ئەوە بوو شاخ بەرز بکەمەوە، وەک ئەوە بوو هەریەک لە قاچەکانم کێشێکی سەد کیلۆیان پێوە بەستبێت!

کاتێک گەیشتمە چوار ریانەکە دەتگوت دونیایان بە من داوە!

دەمزانی تاکو ئەو ئەو کاتە فەرنوش چاوی لەسەر منە! هەستم بە قرسی تەماشاکردنەکەی دەکرد. چوومە بەلای چەپی رێگەکە و هەنگاوەکانم خێراتر کرد. نازانم چەندە بەپێ رۆیشتم و چەندە درێژەی کێشا بەڵام لە کۆتایدا خۆم لە بەردەم ژوورەکەم بینیەوە. رۆیشتمە ژوورەکەم و بەبێ ئەوەی گڵۆپەکان داگرسێنم لە گۆشەیەک دانیشتم و ئەژنۆکانم لە باوەش گرت.

خۆزگە فەرنوش دەیزانی چەندە خۆشم دەوێت. خۆزگە دەیزانی لەبەر خۆیی و ئایندەی ئەو کارەم کرد. بەو شێوەیە باشتر بوو.

دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە، وردە وردە پێڵوی چاوم قورس بوو خەوم لێ کەوت. کاتێک لە خەو راپەریم هەموو گیانم ئازاری هەبوو. دڵم دەیکمی دەویست کە بانگم بکات و جێگەم بۆ راخات و پەتۆم پێدا بدات! مرۆڤ تەمەنی هەرچەند بێت پێویستی بە کەمێک خۆشەویستی هەیە.

هەستام گەرم کەرەوەکەم داگرساند و کتریەکەم پڕ کرد و خستمە سەری. دووبارە دەستم کرد بە بیرکردنەوە. دە خولەک دواتر یەکێک لە دەرگای دا. بۆ ساتێک حەزم کرد فەرنوش بێت بەڵام دووبارە لەگەڵ خۆمدا بوو بە شەرم. کاوە راستی دەکرد. بە دەست دەچوومە پێشەوە و بە قاچ دەهاتمە دواوە!



CamScanner

بریارم دا ئەگەر فەرنوش بوو دەرگا نەکەمەوە. بە هێواشی لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد، کاوە بوو. زۆر خۆشحاڵ بووم. هەر ئەوەبوو کە لە نیوەڕۆوە لە خودام دەویست.

دەرگاکەم کردەوە.

کاوە- سڵاو. شوکر بۆ خودا کە لە ماڵەوەی بەهزاد. لە ڕێگەدا خودا خودام بوو کە لە ماڵ نەڕۆشتبی! باشە سوپاست بۆ خودا کە لەماڵەوە ماویتەوە.

-مەگەر شتێک بووە؟! بڵێ چی بووە؟

کاوە- هیچ بابە. شارەوانی لە شەقامەکاندا دەگەڕێن و هەر کەرێک دەگرن دەیبەن.

- ونبە لەبەر چاوم. بیرم دەکردەوە چی ڕوویدا بێت!

کاوە- دوو کاتژمێر بەجێم هێشتیت، قاوەکەت ڕژاند پێیدا.

- تو خودا دەست پێمەکەرەوە. چی بووە؟ هێشتا نەگەشتوی، تورِی ئینتەرنێتی کچە پورت پێی ڕاگەیاندووی؟

کاوە- بەڵام من نازانم لەو کەللەی تۆدا چی هەیە؟ مێشک،گەچ، چیمەنتۆ، چی؟

- ئەمانە لەباتی سلاو و هەواڵ پرسینە؟

کاوە- چ سلاو و هەواڵپرسینێک؟ کوڕە، کچ بەو هەموو چاکی و باشی و میهرەبانی و دەوڵەمەندییەی، لەخۆڕا لەدەستی دەدەی! بەڕاست! بەهزادگیان سلاو! حاڵت چۆنە؟

بە پێکەنینەوە گوتم:

- سوپاست بۆ خودا کە هەموو شتێک تەواو بوو.

کاوە- چی تەواو بوو؟ کچەکەت دا بەهەوادا و ئێستا دەڵێی تەواو بوو؟ چووە بۆ لای ژاڵە، بۆ گلەیی کردن! کوڕە ئەوە چ ڕەفتارێکە تۆ هەتە؟ بابە بەخودا لوتبەرزی باشە بەڵام تا ڕادەیەک.

بەچی سوێندت بۆ بخۆم کەوا بەو شێوەیە تەماشای فەرنووش نەکەیت. بەو شێوەیە مەڕوانە کە هاتووەتە لات. ئەو کچە سەد دانە خوازبێنی کاری دەوڵەمەندی هەیە و هەزار دانە نیمچە دەوڵەمەند، هیچ کامێکیانی ناوێت. کچێکی پاک و خانەدان. ئێستا خودا بۆ تۆی ویستووە کە بارودۆخێک بێتە پێشەوە کەوا خۆشەویستی تۆی چووەتە دڵەوە. لەو شوێنەت وەرە دەرەوە و بۆ خۆتی بەدەست بهێنە؟!

لوتبەرزی ئاستی خۆی هەیە. دەم و چاو بەیەکدان ئاستی خۆی هەیە. ڕۆڵگێڕان ئاستی خۆی هەیە.شێوە گۆڕین ئاستی خۆی هەیە. بەخودا خەڵکی لەخودایان

یاسەمین

دەویت شتەکانیان بۆ بگونجێت. باشە ئێستا تۆ ڕۆشتووی و قاپی کچەکەت دزیوە. ئیتر بەسە.
من لە کاتێکدا تووڕە ببووم گوتم:
- وەرە دانیشە بزانم دەتەوێت چی بڵێیت؟ من کەی خۆم گۆڕیوە؟ من کەی ڕۆڵم گێڕاوە؟ بابە من پشیلە و مێش و سیسرکم. ئەگەر بڕۆینە دادگا و من سەنەدێک دابنێم کە من خاکی بەر پێی ئێوەم. ئێوە ڕازی دەبن کە دەست لەسەر من هەڵگرن؟ پاشان، پەیوەندی بەتووە چییە؟ مەگەر تۆ بریکاری ئەو کچەی؟
کاوە پێیەک چووە دواوە و گوتی:
کاوە- ببورە، ئێوە هێرش دەبەن، گاز دەگرن؟
پاشان ئاسایی بووە و گوتی:
کاوە- بەدبەخت! دڵم بۆت دەسوتێت.
- تۆ دڵت بۆ خۆت بسووتێت. بەدبەختیش خۆتی.
کاوە- تۆ شێتێت.
- شێت تۆی کە هەست بەژیانی من ناکەیت. شێت تۆی کە بەدبەختی من و هەژاری من و شوێنی من و هەستی من و خۆشەویستی من هەست پێناکەیت!
منداڵی دەوڵەمەند تۆ لەچی تێدەگەیت؟ تۆ لەکوێ دەزانی کرێچێتی واتە چی؟ تۆ لە کوێ تێدەگەیت کە من ئەم نیوەڕۆ لەبەردەم ڕێستورانتەکە چیم کێشا؟ تۆ لەکوێ تێدەگەیت کە ئەمڕۆ من مردم و زیندوو بوومەوە تاکو چوار وشە قسەم کردووە.
کۆتاییەکەی چی دەبێ؟ من خۆ نامەوێت مێرد بکەم! دەمەوێت ژن بهێنم. ئێستا دەستی ئەو کچە بگرم و بیبەمە کوێ؟ بیهێنمە ئەم ژوورە؟
من گوێرەوییەک کە دەدڕێت، دە جار دەی دوورمەوە و لەپێی دەکەم. تازە چەنێکیشم پێداوە؟ سەد تمەن. ئەو کچە کە گوێرەوییەکانی جارێک لەپێ دەکات و دواتر فڕێی دەدات، نرخی دوو هەزار تمەنە! بەڵێ من نامەوێت ژنی دەوڵەمەندم هەبێت. من هەر نامەوێت ژن بهێنم.
شازادە، ئەو کچە خوی پێوە گرتووە کەوا ڕۆژی بیست بۆ سی هەزار تمەن لە خۆراکی خەرج دەکات! ئەو پارەیە ژیانی دوو مانگی منی پێدابین دەبێت! تکات لێدەکەم دەست لەسەر ژیانی من هەڵگرە. تۆ لەکوێ تێدەگەیت ئەو قسانە چییە؟
ئەمڕۆ ڕۆشتم تەماشای جانتاکەیم کرد. بەخودا درۆت لەگەڵ ناڵێم کە جانتاکەی سەد هەزار تمەنی تێدابوو. هەڵبەتە ئەو سەد هەزارە بۆ تۆ هیچ نییە، بەڵام بۆ من

کاوه- تۆ هەموو شتێک لە چاوی پارەوە تەماشا دەکەیت. جگە لە پارە شتی خەونە.

تریش هەیە.

- بەڵێ، زانست باشترە یان سەروەت! دەڵێ گۆشەگیریت نەبینیوە تاکو خۆشەویستی و عاشقی لە مێشکت بڕوات و تەنگاو نەبووی تاکو هەردووکیانت لەبیر بچێتەوە.

کاوە- کچەکە خۆشی دەوێی، ئەوەندە بەس نییە؟

- نەخێر. بۆ ئێوە بۆچی نا، بەڵام بۆ ئێمە نا. من خۆشم دەوێت بۆیە وازی لێ دەهێنم. من تازە لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا لە جیاوازیەکانمان تێگەیشتووم. تازە تێگەیشتووم کەوا لەم دونیایەدا بۆ مرۆڤە هەژارەکان جگە لە شەقام و ئاوەڕۆکان شوێنێکی دیکە بۆ ئەوان نییە. سەر ئەنجامیش سواڵ لە خەڵکی دەکەن!

ئێوەی دەوڵەمەندان کاتێک تەماشای هەوری باران دەکەن، بیری گوڵ و مۆم و پەپوولە و ئەو جۆرە شتانەتان دەکەوێتەوە و بەو شێوەیە دەیبینن. بەڵام ئێمەی هەژاران بیری بەفر و باران و سەرما و بێ نەوتیمان دەکەوێتەوە.

کاوە- تۆش ماوەیەکی دیکە زانکۆ تەواو بوو، دەوڵەمەند دەبیت!

- ئێستا تاکو ئەو کاتە وازم لێبهێنە، سەریشم ئێشاندی.

کەمێک تەماشای منی کرد و گوتی:

کاوە- ئەو شتانەی کەوا ژاڵە لە فەرنووشەوە بۆی باس دەکردم، وا بیر ناکەمەوە کەسێکی دیکەی بوێت و تۆی لەبیر بچێتەوە.

- ئەو هەر دوو سێ ڕۆژە کە ئەوەندە عاشقی من بووە؟ تایەکی توند بگرێت خێرا عارەق دەکاتەوە. مەترسە، لە بیری دەکات. هەر ئەوەی کە گەنجێکی دەوڵەمەند و جوان بێت، ئەو هەموو شتێک لەبیر دەکات. ئەوانە ئێمەین کەوا هیچمان لە بیر ناچێت. تۆش ئەوەندە نۆکەکەت مەکە بەهەر ئاشێکدا. ئیتر لەو جۆرە قسانە لەلای من مەکە.

کاوە- ئەی بابە. وەرە ئەو گورچیلەت بگرە، ئێمە بڕۆین.

- مردوو شۆر تۆ و گورچیلەکەت و گورچیلەکەی من و ئەم ژیانە و ئەم ژوورە و ئەم وانەی زانکۆیە و ئەم دونیایە ببات کە ئیتر حاڵم بەو شتانە تێک دەچێت.

کاوە- ئەمانە لەبەر ئەو نەفس بەرزیەتە؟

- مردوو شۆر ئەو نەفس بەرزییەش ببات.

کاوە- پزیشک! ئەمڕۆ توشی شیزۆفرینا بوون. هاری سەگتان گرتووە! چفە بێ

خاوەن.
- خۆم ئەمڕۆ هارم. پێویست بە هاری سەگ ناکات.
کاوە- ئەمە بەهۆی ئەوەیە کە دەمیان نەبەستووی؟
- لە ڕاستیدا ناوی گاوە(گامیش) لە تۆ دێت وەک کاوە.
کاوە- دەڕۆم ئیتر نایەمەوە ها.
- بە جەهەنەم. بەخودا هیچ کەس قەرزداری من نییە. بڕۆ بەخێر چی!
هەردووکمان بێدەنگ بووین، من خۆم بە لێنانی چاییەوە خەریک کرد. دە خولەک پێکەوە دانیشتبووین و هیچمان نەدەگوت.
کاتێک چاییەکە ئامادە بوو، دوو چایم تێکرد و یەکێکیانم بۆ کاوە دانا.
کاوە- ئەو چاییە ناخۆم وەک ئاو وایە. بۆ بیست و پێنج هەزار دەناڵێنی، خوێڕی بێ ڕەوشت.
- ڕێگاکە شارەزای، کافتریا لە سەری کۆڵانە.
کاوە- ئەو چاییە دەخۆم پاشان دەڕۆم. چونکە باوکم پێمی گوتووە، کوڕم شتی خۆڕایی لە دەست مەدە.
چاییەکەی ڕاکێشا بۆ لای خۆی و دەستی کرد بە خواردنەوەی. تەماشای کردم و پێکەوە دەستمان کرد بەپێکەنین.
هەستام و ئەو سێو و شیرینیانەی کە ئەمڕۆ بۆ فەرنووشم کڕی بوو، هێنام.
- ئەوانەم بۆ فەرنووش کڕی بوو، لە بیرم چوو بیهێنم بیخوات. هەرچەندە ئەو ئەمانە و سەدان جار باشتر لەم شتانە لە ماڵەکەیاندا هەیە و ئەم شتانەی بەخەیاڵدا نایەت، بەڵام من ئەمانەم بەسۆز و خۆشەویستییەوە کڕی بوو.
شتێکیش نیە، کیلۆیەک سێو و نیو کیلۆ شیرینیە! بەڵام سێوەکان، خۆم دانە دانە بە پاکی شۆردبووم. باشە هەرچیەک بێت سنوور و تاوانی خۆم بوو. بەقسمەتی فەرنووش نەبوو، وەرە تۆ بیخۆ. بیخۆ کە تۆش بۆ من ئازیزی.
چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک و ڕووم وەرگێڕا کە کاوە تێنەگات، بەڵام تێگەیشت و گوتی:
کاوە- من لێو لەمانە نادەم. تۆ ئەمانەت بۆ فەرنووش کڕیوە، ئەگەر من بیخۆم دەترسم ڕازی نەبێت و ژانە سک بگرم.
- بێدەنگ بەو بیخۆ. نۆشی گیانت بێت. هەرکەسە و بەشی خۆی لەم دونیایە دەبات.
کاوە- دەکرێ تکا بکەم کە ئیتر ئەوەندە ناوی فەرنووش نەبەیت؟

دەستم کرد بەپێکەنین.

کاوە- دەتوانی پەندێکی پێشینان بڵێی کە لە وشەکانی دەست و قاچ و ئەو شتان سوود وەردەگری و دەڵێ: کرمەکە لە دارەکە خۆیەتی.

- چی بکەم؟ بەردەوام بیرم لەلایەتی و ناویشی لەسەر زمانمە. تۆ چۆن بیرت دەکردەوە؟ بەوشێوە بیرت دەکردەوە کە من مرۆڤ نیم؟

کاوە- نەخێر، ڕەحمەت لە دایک و باوکت کە بڵێی تۆ مرۆڤی. ئێستا وەرە بڕۆین هەڵەیەک بکەین. دلم تەقی لەم هۆڵە پێنج سەد مەترییەدا! ماشەڵا هەزار ماشەڵا خۆ ئەمە ژوور نیە. هۆڵی پێشوازی کردنە لە میوانەکانی دەرەوە.

دوو ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕی. دوو ڕۆژ کە بۆ من وەک دوو ساڵ بوو. بیرم لە زۆرێک لە شتەکان کردەوە. لەو دووریەی لە نێوانمان هەیە. لەو جیاوازییەی لە نێوانمان هەیە. لە دەفتەری چەک و حسابی بانکی. ماڵەکەیان و ژوورە کرێکەی خۆم. بەکورتی هەموو شتێک. بیرم لە ڕابردوو دەکردەوە، بۆنی عەترەکەی فەرنووش لە ژوورەکەم دەهات. بەلام هەرکاتێک دەهاتمە ژوورەوە، یەکەمین شت بۆنی عەترەکەی فەرنووش دەهات کە لەوانە بوو لێرە بووبێت.

ئێوارە بوو کە کاوە هات، وەک هەموو کاتێک شپرز و پڕ شەوق.

کاوە- سڵاو لە ئەرستۆی ئێوارانی ئێمە، سڵاو لە پاستوری ئێمە، سڵاو لە زاهیر بروخی گەورە، سڵاو لە......

- سڵاو و ژەهری مار! چییە شێت بووی؟

کاوە- سڵاو لە دوورترین دوورگەی خەم. سڵاو لە تاکە گوڵی کراوەی مێرگ. سڵاو لە تاکە ئەستێرەی شەو؟

- بابە بۆچی دەنگت بەرز دەکەیتەوە؟ ئێستا هەرکەسێک لێرەوە تێپەڕێت وا دەزانێت شانۆمان هەیە و دەیگێڕین. وەرە و دەنگ مەکە.

کاوە- سڵاو لە دەریای خۆشەویستی. سڵاو لە حەوزی سۆز.

- وەرە ئیتر.

بەدەستم ڕامکێشایە ژوورەوە.

کاوە- سڵاو لە مەنجەڵی میهرەبانی. سڵاو لە مەسینەی وەفایی. سڵاو لە تەشتی ڕاستگۆیی.

- شتێک دەکێشم بەسەرتدا. ئەوە چیتە؟ ئەمڕۆ باش داویەتی لە سەرت؟

کاوە- هاتووم بتبەمە میوانداری دۆستانە. شوێنێکی پاک ها!

- ئەمڕۆ کارم هەیە، نایەم. هەندێک نوسینم لە بەردەستدا ماوە.

کاوە- دایکم رای سپاردووم شۆفێری تۆبم و بتگەیەنمە لای.
- سوپاسی ئێمە بەدایکت بگەیەنە، داوای لێبووردنی لێبکە و بڵێ بۆ کاتێکی دیکە. جلی زۆرم بۆ شتن داناوە.
کاوە- دایکم منی ڕاسپاردووە کە ئەگەر فەرمانی جێبەجێ نەکەیت دەبێت لە تۆتووڕە ببم.
- سوپاست لە دایکت بکە و بڵێ کاوە سەگی کێیە تاکو من بۆ شوێنێک ببات.
کاوە- دایکم فەرمویەتی کە من لە سەختیدا بەکاردێم، مەبەستی لەوە بووە کە من بەڕووی خۆش و زمانی لوسەوە تۆ ببەم.
دوای ئەوەی منی دڵنیاکردەوە لەوەی کە بەسوکی و وردی تۆ هەڵبگرم و کۆتایی گفتوگۆکە، ئەوەی کە کورتەی بەشەکە بوو کە دەبێت لە پشتەوەت بم و تۆ بەتکاکردن ببەم. هەڵبژاردنی ڕێگەکە لەدەستی خۆتە.
- بەخودا کارم هەیە. باشە شەوێکی دیکە.
کاوە- خوێڕی. دایکم ئامادەکاری بۆ کردووی! لە بەیانییەوە تاکو ئێستا لە چێشتخانە زەحمەت دەکێشێت و هێلکەی مریشکی بۆ ئامادە کردووی و شەو بۆت سوردەکاتەوە.
تازە باوکیشم خۆی ئامادە کردووە کە تۆزێک ئامۆژگاریت بکات و لەو سوودانەی کردوویەتی دەربارەی ئارامگری و زیانی هەڵەشەی و زۆر داوای لێبووردن، وتارت بۆ بدات.
وەرە ئەگەرنا دایکم تووڕە دەبێت و دەستی باوکم دەگرێت، دێنە ئێرە.
- بابە من هەموو جۆرە دۆستایەتیەکم لەگەڵ تۆ هەبووە درۆ بووە! ئێوە کە جلشۆری و خزمەتکار لە ماڵتاندا هەیە، منی بەدبەخت دەبێت بەدەست جلەکانم بشۆم. بهێڵە کارەکەم بکەم.
کاوە- جلەکانت لەگەڵ خۆت بهێنە. بەخولەکێک لەناو جلشۆریەکەدا دەیشۆن.
- هێشتا کارێکم ماوە. ئێستا ئەگەر درەنگ بگەینە میوانداریەکە زیانی دەبێت بۆتان؟
کاوە- زیانی هەیە. مریشکە سپییەکان لاواز دەبن. بێگومان دەتبەم. خێراکە خۆر ئاوابوو و یەکەمین ئەستێرەی شەو دەرکەوت.
لەو کاتەی بۆڵە بۆڵم دەکرد. ڕووخسارم چاک کرد و جلەکانم لەبەرکرد و لە ماڵ هاتینە دەرەوە.
کاوە- وەرە گالیسکەیان بۆ ناردووی. لەوانەیە درێژترین ئاوات کە ئاگرەکەی لە

دڵتدا بمێنێتەوە لێخوڕینی گالیسکە بێت.
- من لێخوڕینی لەو جۆرەم ناوێت فێر بم. بەبێ ویستی خۆم و هەروا بچمە ناو کەژاوە و دانیشم. ئەگەر بێت و دەنگی تۆ لەسەر ئەو بڕیارە درابێت، ئەوکات خۆمان لە فریاکەوتن دەبینینەوە.
کاوە- بەداخەوە کە دوو گوێی درێژ لە خزمەتی ئێوەدایە! ئەو ڕۆژەی وەک وەزیر بەکەژاوە هاتیتە تاران، لەبیرت چۆتەوە؟ گوتیان کە فەرشیان بۆ ڕاخستووی، پێڵاوەکانت لە پێ داکەندووە! برۆ بەدوای پێڵاوەکانتدا بگەڕێ و لەلای شاگردی ئۆتۆمبیلەکە دانیشە. ئێمەش گالیسکەی دەسەڵاتت پێشکەش دەکەین.
پێکەوە بەپێکەنینەوە سواری ئۆتۆمبیلەکەی کاوە بووین و بەرەو ماڵیان بەڕێ کەوتین.
- کاوە، لە شوێنێک ڕایگرە پاکەتێک شیرینی بکڕم. جوان نیە بەدەستی خاڵی برۆم.
کاوە- خراپ ئەوەیە تەمەڵ بێت. شیرینی بۆچی دەکڕیت؟ خۆت وەک شەکر شیرینی بەو ڕەوشتەتەوە.
- ونبە. من تەنها ڕۆژێک تووڕە بووم ها! ئێستە دایکت چی درووست کردووە؟
- پەنجا هێلکەی مریشکی بۆ شکاندووی! هێلکە و گۆشتی درووست کردووە.
- هەواڵێک، شتێک نیە؟ واتە هەواڵ چییە؟
تەماشای منی کرد و بەپێکەنینێکی گاڵتە جاڕانەوە گوتی:
- ئەو پەندی پێشینانەت بیستووە کە وشەکانی دەست و قاچ .....
- مردوو شۆر تۆ و ئەو پەندی پێشینانەت ببات. مەبەستم لەوەیە هەواڵ چیە؟
کاوە- برۆ لای ئەو چەتری ڕۆژنامە فرۆشە، ڕۆژنامەیەک بکڕە. ئەوکات هەم تۆ لە هەواڵەکان ئاگادار دەبیت هەم منیش.
- برۆ بابە. شتێک بوو خواردم. ببورە! مرۆڤ ناتوانێت شتێکت لێ بپرسێت. تاکو تۆزێک بەمرۆڤ ڕانەبوێری وەڵام نادەیتەوە و لێی ناگەڕێیت.
کاوە- زۆر باشە تووڕە مەبە. گوێگرانی ئازیز سڵاوتان لێبێت.
هەواڵی تاران و شارۆچکەی دڵداران بە ئێوەی گوێگر ڕادەگەیەنم.
دوێنێ خاتوو فەرنووشی ستایش، ئازیزی دڵی بابە و نوری چاوی دایە، ناسراو بەلەیلا، بەمەبەستی ڕۆشتن بۆ ئەوروپا تارانی بەجێ هێشت. لە یەکێک لەو هەواڵانەی بۆمان هاتووە، دوێنێ کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆ بەفڕۆکەیەکی تایبەتی و بەویستی خۆی ڕۆشتە وڵاتی غەریبان.

یاسەمین

بەو جۆرەی کەوا بڵاو بۆتەوە کەسی ناوبراو، فەرنووش ستایش، نازدارەکەی ئەندازیار ستایش، لەپاش هێرش کردنێکی سامناکانە و توندوتیژانەی تایبەت لەلاین کەسێکەوە بەناوی مەجنونی فەرهەنگ، لەناو ڤیلا ڕۆژئاواییەکەی خۆیدا پێی ڕابواردوە.

ئەوانیش هەواڵەکەیان گێڕایەوە بۆ خانمی بەڕێز، گەوهەرە جوانەکەی شار، خانمیش هەواڵەکەی لە دەست نەدا و گێڕایەوە بۆ هاوڕێیانی. منداڵەکەی ئەندازیار ستایش دەست بەجێ ئەم کێشوەرەی بەشوێنێکی ناخۆش باسکردووە.

شایانی باسە کە لەیلا بەچەند هەزار دۆلارێکەوە ڕۆشتووەتە ئەم سەفەرە و ئەواوی ئاڵتونەکانی لێرە بردۆتە دەرەوە تاکو کەمێک لەو دڵتەنگییەی نەمێنێت و هەندێک شوێن بسوتێنێت! واتە دڵی هەندێک کەس بسووتێنێت. کۆتایی هەواڵی دوێنێ.

وەک ئەوە وابوو کەسێک چنگ بدات لە دڵم. قسەم نەکرد،تەماشای بەردەمی خۆم دەکرد.

کاوە- چاوت کوێر بێت و ددانت بزرێ. نازو نوز کردن هەر ئەم شتانەی لێ دەبێتەوە ئیتر.

- من هیچم نەگوتووە.

کاوە- ڕەنگی ڕووخسارت، ناخت دەردەخات.

- ئاواتەخوازم لەهەر شوێنێکە خۆشحاڵ و خۆشبەخت بێت.

کاوە- دەڵێن تاکە شتێک کە سنووری نییە کەرێتیە.

- عاشق نەبووی تاکو تێبگەی من چی دەڵێم.

کاوە- ببورە جەنابی مەجنوون. ئێستا خەیاڵت ئاسوودەترە کە لەیلا سەفەری کردووە؟! ئەگەر ماوەیەکی دیکە ئەوت لەگەڵ کەسێکی دیکەبینی، سەرت سوڕ دەمێنێت و دڵت بڕیار دەدات؟

- نانا. ئەوەی کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە بۆ من سات بەسات مردنە. بەڵام یار بارودۆخی باش بێت، دڵی ئێمە کە هیچ.

کاوە- نێچیرەکە بەپێی خۆی هاتە ناو داوەکەوە، نێچیرەکەمان وەنەوزی دەدا، ڕێگەی دووری گرتە بەر و کەوتە ڕێ.

- بلێ، هەرچی ئەو دڵە تەنگەت دەیەوێت بیلێ.

کاوە- باوەڕ بکە بەهزاد، هەرکاتێک لە دەستت تووڕە دەبم، دەڕۆمەماڵەوە و دەبکێشم بە گورچیلەمدا و ئازاری دەدەم.

- بۆیە هەندیک جار گورچیلەم ئازاری هەیە، نەوەک پیاکیشانەکەی تۆ بیت.
کاوە- کورە تۆ بۆ من وەک برای، بۆ دایک و باوکیشم وەک کوری دووەمیانیت.
بۆچی کەللە رەقی دەکەیت؟
- دووبارە دەستت پیکردەوە؟ تۆ وەک برامی، زۆر باشە. دایک و باوکت لە جیگەی دایک و باوکی خۆمن، ئەوەش زۆر باشە. بەلام ئیتر لەو جۆرە قسان مەکە.
هەر لەو کاتەدا گەیشتینە مالی کاوە کە مالیکی زۆر گەورە لەگەل حەوشەیەک کە بە هیندەی باخیک دەبوو.
کاوە- هەرکاتیک لەگەل تۆ دیمە ئیرە هەست بەئازار دەکەم. مالیک بەو گەورەییە کەچی سی کەس و دوو خزمەتکار ژیانی تیدا دەکەن و دە دانە ژووری بەتالە. ئەو کات دەبیت تۆ.....
- کاوە وازبهینە. منت هیناوە بۆ میوانی یان هیناوتم ئازارم بدەی؟
کاوە- آهانی را کە موریانە بخورد نتوان برد از آن بە صیقل زنگ
بر سیە دل چە سود خواندن وعظ نرود میخ آهنین در سنگ
بەردیک مۆرانە بیخوات ناتوانریت رزگاری بیت پارچەی بچووکی
بە روو رەشی دل چ سوودیکی هەیە حالی پاشماوەی سەر بەرد
- لە کۆتاییدا تینەگەیشتم کە دل رەشم؟ دل پاکم؟ چیم؟
کاوە- دەزانیت نرخی کورسییەک چەندە. برای من پالەوانیت بخەرە لاوە، لەم رۆژگارەدا بازار نەماوە.
- من هیچ کاتیک لە بازار کارم نەکردووە.
کاوە داماوانە تەماشایەی منی کرد و گوتی:
کاوە- بفەرموو، دابەزن مرۆڤی پاک.
دابەزیم و پیکەوە چوینە مالی جەنابی بەرومەند. باوکی کاوە هاتەلامان و منی لە ئامیز گرت و ماچی کردم. کاتیک دایکی کاوە چاوی بەمن کەوت، چاوەکانی پربوون لە فرمیسک.
باوکی کاوە- بەخیرهاتیت کورم، چەندە سەرسورهینەرە؟ بۆچی خۆت دوور دەگری لیمان؟ مەگەر تۆ و کاوە بۆ ئیمە جیاوازیتان هەیە؟ بۆت دلگران بووم.
کاوە بەنزمی گوتی:
کاوە- دوور لە گیانی من! خودا ئەو رۆژە نەهینیت کە من وەک ئەو بم.
- شەرمەزارم مەکەن جەنابی بەرومەند. من لە هەر شوینیکم لەژیر سایەی

ئێوەدام.
دایکی کاوە- وەرە ژوورەوە ئازیزم، هەوا ساردە.
فرمێسکەکانی پاک کردەوە و چووە ژوورەوە.
کاوە بە بێدەنگی چپاندی بەگوێمدا و گوتی:
کاوە- حەز دەکەم تاڵە تاڵەی قژت هەڵبکەنم.
چووینە ژوورەوە و لە هۆڵێکی گەورە دانیشتین. وەک دەریا بوو!
باوکی کاوە- چاوم ڕووناک بووەوە. هەرکاتێک تۆ دەبینم، گیانێکی تازە دەکرێتەوە بەبەرمدا.
بەهزاد، کوڕەکەم. نامەوێت دڵت ئازار بدەم، کاوە گوتی ئەم قسانە خەمبارت دەکات. بەڵام تاکو نەیڵێم دڵم ئاسوودە نابێت.
سەیرکە بابەگیان، مەگەر تۆ چیت پێویستە؟ جگە لە خانوویەک و ئۆتۆمبیلێک و کەل و پەل! هەموو ئەمانە چەندێکی دەوێت؟
من ئێستا باڵەخانەیەکی دە نهۆمیم هەیە لە دوو کۆڵان خوارتر کە ئامادەیە. نوێیە و تازە تەواو بووە، یەکێکیان بۆ خۆت. وشەیەک بڵێ تاکو سبەینێ بیکەم بە ناوتەوە. لەمماڵەدا سێ ئۆتۆمبیلی هەیە. چ جیاوازیەکی هەیە کە بەدەستی تووە بێت یان بەدەستی کاوە؟ بەو خودایە هەردووکتان وەک یەک وان بۆ من.
ئەگەر چەند ساڵێک پێش ئێستا تۆ نەبوویتایە، بەم هەموو سەروەت و سامانەوە کاوەم لەدەست دەچوو. من ناتوانم چاوت لێداخەم. دەزانم نارەحەت دەبی، بەڵام لەبیرت بێت چیم پێگوتی. هەرکاتێک ویستت تەنها ئاماژەیەک بکە.
لەو کاتەی فرمێسک لە چاوەکانیدا ڕیزی بەست، هەستا و ڕۆیشت.
کاوە- ئێستا چاوەکانی سپی دەبێت.
-باشە ئێستا کە ڕازی نابم، ئەگەر گەورەیی بکەن و ئەم ماڵەی باوکتم بەناوە بکە، سوپاسگوزارت دەبم! ئیتر ڕازیبوون لەمە باشتر نابێت.
کاوە- نەفرەت لە درۆزن، بیڵێ باش.
دایکی کاوە بەسینیەک چاییەوە هات و لە پاش ستایش کردنم لەلای من دانیشت.
دایکی کاوە- زۆر بەخێر بێیت کوڕم. چۆنیت؟ باشیت؟
- زۆر سوپاست. سوپاست بۆ خودا خراپ نیم. ئێوە چۆنن؟
دایکی کاوە- کاتێک ئەو ڕووداوەم بیست. هەم خۆشحاڵبووم و هەمیش نا ئاسوودە.
بە سەرسامیەوە تەماشای کاوەم کرد.

دایکی کاوە- فەرنووش کچێکی زۆر باش و خانمە. پشت بەخودا خۆم دەچمە
خوازبێنی بۆت. تۆ بۆ هیچ شتێک خۆت نیگەران مەکە. ئێمە خۆ نەمردووین تاکو
تۆ تەنها بێت.

ئەمانەی گوت و ڕۆیشت. کاتێک لەگەڵ کاوە تەنها بووین، گوتم:

- ئیتر کێی دیکە هەیە ئەم بابەتە بزانێت؟

- بەخودا جگە لە من و دایکم و باوکم و ژاڵە و سورەیا خانم و کوبرا خانم و
دراوسێی دەستە ڕاستمان و دراوسێی دەستی چەپمان و خەڵکی گەڕەک و
قوتابیانی زانکۆ و کرێکارەکانی بیناکەی باوکم، ئیتر کەسی دیکە نازانێت.

- خواجە حافظ چی؟

کاوە- نا نەخێر. هیچم بەو نەگوتووە!

- کوڕە تۆ خەجاڵەت نابیت؟ شتێک لە دەمتدا دەمێنێتەوە؟ ناتوانیت ئاگاداری
خۆت بیت دەم شڕ؟

کاوە- مەگەر من گوتوومە؟ ژاڵە بەدایکی گوتوە، پووریشم بە دایکم. تاکو تۆ
پەنجە دەکەیت بە لوتتدا، تەواوی تاران ئاگادار دەبن.

- بێ تەربیەت! مەگەر ئەو ژاڵە خانمە نەبینم!

کاوە- چایەکەت بخۆ با سارد نەبێتەوە. تازە ئاگادار نیت کە دایکم دەیەوێت یەک
زەماوەند بۆ هەردووکمان بکات.

من بەسەرسامییەوە پرسیم:

- من و تۆ؟ لە یەک شوێن زەماوەند بکەین؟

کاوە- دایک و کچێکی بینیوە. دەیەوێت کچەکە بۆ من بهێنێت و دایکیشی بۆ تۆ!
من گوتوومە باشە. تەنها ماوەتەوە ڕازیبوونی تۆ.

- بابە بەوانە شتێک بڵێ. بەڵام شتێک نەبووە کە ئەوەندە جەنجالیان کردووە
ناوی کچی خەڵکی بهێنن. ئێستا کە فەرنووش چۆتە دەرەوە ئیتر تەواو.

کاوە- باشە چاییەکەت هەڵگرە، بڕۆینە حەوشە. چایی لە هەوای ساردا خۆشە.

پێکەوە هەستاین و چاکانمان هەڵگرت و چوینە حەوشەکە و لەپاڵ حەوزە
خاڵییەکەدا کە پڕ لە بەفر بوو، لەسەر کورسییەک دانیشتین.

کاوە- کورسیەکان تەڕن و پانتۆڵەکانمان تەڕ دەکەن و دوای بیردەکەنەوە کە
چی بووە! پێمان دەڵێن میز بە خودا کەر.

- باشە هەستە بەڕێگەدا بڕۆین.

پێکەوە لە دووری حەوزەکەوە پیاسەمان دەکرد.

- کاوە، پەیوەندی تۆ و ئەو خاتوو ژاڵەیە چییە؟
کاوە- لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە بووین، وەک خوشکی بچووکمە. مەگەر چۆنە؟
- بیرم دەکردەوە کە داخوازیەک، شتێکتان لە نێواندا هەیە؟
کاوە- ئەگەر ببوایە پێشووتر پێم دەگوتی.
- کاوە تکایەکم لێت هەیە. دەمەوێت بەڵێن بدەی کە نا نەڵێیت.
کاوە- بڵێ. بەڵێن دەدەم.
- ڕێگە مەدە دایک و باوکت کارێک بکەن، واتە دەربارەی من یان فەرنووش نامەوێت قسەی هاوسەرگیری و ئەو جۆرە قسانە بکرێت.
من بە بەدبەختی ئەو کێشەیەم چارەسەر کرد. ئێستا کە هەموو شتێک تەواو بووە. کێ دەڵێت دووبارە هەموو شتەکانی پێشوو نوێ نابنەوە. بەو کچە پورەشت بڵێ کە ئیتر ئەو قسە و چیرۆکانی تەواو بکات. باشە؟
کاوە- باشە. هەر جۆرێک تۆ ئاسوودە بیت. لەم ساتەوە ئیتر ڕێگە نادەم کە ئەوان تێکەڵی ئەم بابەتە ببن.
- سوپاسگوزارم. ئێستا ئەگەر دوو چایی گەرممان بۆ بهێنیت، نزات بۆ دەکەم کە کچێکی چەپەڵ و ناشرین ببێتە هاوسەرت.
کاوە- زمانت لاڵ بێت باشە. بەقسەی پشیلە کوێرە باران نابارێت. سورەیا خانم و کوبرا خانم، دەڵێم بە بڕوای من هەردووکیان بۆ تۆ زۆر باشن.
سورەیا خانم کاری چێشت لێنانە، گیان دەخاتە بەردەستت! ئیتر لە هێلکە خواردنەوە ئاسوودە دەبیت. ئەمڕۆ کە هاتبووی بەچاوی کڕیار تەماشای دەکردی.
پێشووتر جارێک شووی کردووە، هەم پسپۆڕی هەیە و هەمیش شارەزایە. مانگی حەفتا هەزار تمەن وەردەگرێت. لە ڕاستیدا ئۆکازیۆنێکە بۆ خۆی. ئەگەر دەستی بکەیت بردوویانە.
کوبرا خانمیش هەیە. ئەمیان هاوسەرگیری نەکردووە و بەچوار زمان قسە دەکات. تورکی و فارسی و ئازەری و سوسکی! خەندە لەسەر لێوانی ناڕوات. گیان دەدات لەبەر مرۆڤی گرژ و مۆنی وەک تۆ. کاتێک لە دەرگا هاتینە ژوورەوە و تۆی بینی، بریسکەیەکی شەیتانی لە چاوەکانیدا دەرکەوت.
پێشووتر بەمنی گوتبوو کە ژنێکی جادووگەر فاڵی بۆ گرتبووە و گوتبوی کە هاوسەرگیری نەکات، چونکە هاوسەرەکەی پزیشکە. لەبەر ئەوەیە کە ئێستا سی و هەشت ساڵە دانیشتووە. نیو کاتژمێر پێش ئێستا وەک ئەوەی چارەنووسەکەی هاتبێت، دەربارەی تۆ پرسیاری لێ دەکردم کەی خوێندنت تەواو دەبێت و





CamScanner

بروانامەی پزیشکیەکەت وەردەگری؟
ئەوانەی کەوا پرسی تەواوی جەستەم دەلەرزی، بیری فالەکەیم کەوتەوە. چارەنووس خۆ ناگۆردرێت. خودایە تۆ چی بەدەست دەهێنیت؟ لەوانەیە بەختی تۆ هەر لەم ماڵەدا بکرێتەوە!
- هاتویتەتە ئێرە پیاو دابین بکەیت؟
کاوە- شەویلگەم وردبێت ئەگەر پیاو دابین بکەم! کوڕە تۆ ئەگەر ئەو کوبرا خانمە بەدەست بهێنیت، سالی دە شارەزایی پەیدا دەکەیت.
- تۆ کە دەزانیت من دایک و باوکم نییە و منداڵێکی هەتیووم. لە کۆنەوە گوتویان ئاخی هەتیو زوو دامێنت دەگرێت! خودایە هەر ئەو کوبرا خانمە لە چارەنووسیا بێت.
کاوە- لال بێت بەهزاد. پشت بەخودا سووتانت ببینم تا بەو شێوەیە ئاخ نەکێشیت! ئاخ ئاخ. ئێستە بەو بیرە ڕەشەی کە تۆ هەتە، ئیتر دەترسم بڕۆمە چێشتخانە و چایی بهێنم!
- باشە بڕۆ و مەترسە. هەرچەندە بیری من ڕەش بێت، ژن لە شێوەت ڕادەکات.
کاوە- هەڵەت کرد. گوڵی سەر خوانم! ئاغا کاوە بەگوڵ خۆی ڕووپۆش دەکات تاکو ڕووخساری دەرنەکەوێت و کچەکان خۆیان نەکەن بەقوربانی.
- بڕۆ بۆ چێشتخانە کە یەکەمین کچ وەستاوە تاکو خۆی بکاتە قوربانت.گوڵی سەر خوان.
کاوە بەپێکەنینەوە کوپەکانی هەڵگرتوو چووە چێشتخانە. دەستەکانم کردبووە باخەڵم و بیرم لە حەوشەکە دەکردەوە کە چوارسەد مەتر دەبوو.
پیاسەم دەکرد کە دەرگا کرایەوە و فەرنووش و کچێک و جەنابی ستایش، هاتنە ژوورەوە! لە شوێنی خۆم وشک بووم.
ستایش- بەه بەه، پەرۆشی دیدار. ئێمە شایەنی ئەوە نین کەوا شەوێک بفەرموونە ماڵی ئێمە و سەرفرازمان بکەیت بەهزاد خان؟
- سڵاوتان لێ بێت جەنابی ستایش. شەرمەزارم، کاتم بۆ نەگونجاوە. لە یەکەمین دەرفەتدا دێمە خزمەتتان، بەسەر چاوم.
ژاڵە- سڵاو. من ژاڵەم، کچە پوری کاوەم. حاڵتان چۆنە بەهزاد خان؟
- سڵاو خۆشحاڵ بووم. سوپاستگوزارم، ئێوە چۆنن؟
فەرنووش بەشێوەیەک دیار بوو لە دەستم بێزارە، سڵاوی کرد.
فەرنووش- سڵاو جەنابی فەرهەنگ!

- سڵاو خانمی ستایش.
جەنابی ستایش بەپێکەنینەوە گوتی:
ستایش- بۆچی مەگەر ئێرە قوتابخانەیە کە بەناوی خێزانەکانتان بانگی یەکتری دەکەن؟
سەم داخست.
کاوە- سڵاو قوربان، بەخێرهاتیت. تکادەکەم بفەرموون.
ستایش- سڵاو کاوە خان. حاڵتان چۆنە؟ چایت بۆ هێناوین؟ بۆ مەگەر بڕیارە لە حەوشە ڕاوەستین؟!
کاوە- ئێوە بفەرموون بۆ باڵکۆنەکە و لەوێ ڕاوەستن قوربان! باڵکۆنێکی ناشایستەمان هەیە، ئێرە شوێنی پێڵاوی ئێوەیە!
هەموویان دەستیان کرد بەپێکەنین و بەرە و بیناکە ڕۆیشتن. باوکی کاوە لەبەردەم دەرگاکەدا بۆ پێشوازی کردن وەستابوو.
من لە شوێنی خۆم نەجوڵام. ستایش چووە لای باوکی کاوە. دیاربوو لەگەڵ یەکتر ئاشنابوون و ژاڵەش بەرەو لای کاوە چوو.
فەرنووش چەند هەنگاوێک ڕۆشت و کاتێک بینی من وەستاوم، گەڕایەوە و تەماشای کردم و پێی گوتم:
فەرنووش- ئێوە نافەرموون؟
- نەخێر. ئێوە بفەرموون.
تەماشای کردم کە هەستم کرد ئەگەر شتێکی بەدەستەوە بووایە دەیشکاند لە سەرمدا.
کاوە- تۆ دەتەوێت هەر لە حەوشە ڕاوەستی؟ مەگەر چارەکێک پێش ئێستا نەتان گوت بۆچی فەرنووش خانم و جەنابی ستایش، نەهاتن. بۆچی درەنگ کەوتن؟
هەموویان دووبارە پێکەنین.
- من کەی قسەی لەو شێوەیەم کردووە کاوە؟ بۆچی درۆ دەکەیت؟! من لەڕاستیدا نەمدەزانی کە.....
کاوە- منداڵ شەرمەزاری بکێشە. ببوورن! باشە تۆ بەو شێوەیەت نەگوت! وەرە ژوورەوە.
حەزم دەکرد دانەیەکی لێبدەم.
ستایش بەپێکەنینەوە گوتی:
ستایش- بفەرموون بەهزاد خان، ببورن لە پێشتانەوە ڕۆیشتم.

- تکادەکەم فەرموون.
بەرەو ژوورەوە ڕۆشتم. کاتێک لە پشت هەموویانەوە گەیشتم بەکاوە.
بە بێدەنگی گوتم:
- لەیلا ڕۆشتووەتە ئەورووپا؟ وایە؟
کاوە بەبێدەنگی گوتی:
کاوە- سوێند دەخۆم ڕۆشتبوو! لەبەر ئەوەی فڕۆکەکە خراپ بووە، لە نیوەی ڕێگەدا گەڕاوەتەوە.
- مەگەر بەتەنها نەبێن. جەنابی گاوە.
کاوە- تۆ بمری، سوێند دەخۆم کە ڕۆحم ئاگای لەم ڕووداوە بێئاگایە. سوێند دەخۆم، خودا بمکوژێ و کوڕی سەگم ئەگەر لە خۆمەوە قسە بکەم.
- دەبێت سەگێکت پیشان بدەم کە دە پڵنگ لە دەستی ڕابکەن.
هەموومان ڕۆشتین بۆ ژوورەوە و لە هۆڵەکەدا دانیشتین. کاوە شوێنێکی بۆ جێ هێشتم کە لەلای فەرنووشدا دانیشم.
باوک و دایکی کاوە دەستیان کرد بە هەواڵپرسینی جەنابی ستایش و گفتوگۆکەیان گەرم بوو. ئێمەش لەلایەکی دیکەوە دانیشتبووین.
ژاڵە- زۆر حەزم دەکرد لە نزیکەوە بتانبینم بەهزاد خان. ئەو ستایشانەی دەربارەی تۆ کراوە درۆ نەبووە! باڵا بەرز، شۆخ و شەنگ.
بە سەرسامیەوە تەماشام کرد و گوتم:
- ستایشی منیان کردووە؟ چ کەسێک؟
ژاڵە- زۆرێک کە خۆت ئاگادار نیت.
- زۆر سوپاست، بەڵام لەوانەیە ئەوان زیادیان گوتبێت.
کاوە- نەخێر. هیچ زیادیان نەگووتوە. کوڕە پزیشک نیت، کە هەیت! شۆخ و شەنگ و باڵا بەرز نیت کە هەیت، ڕەوشت جوان نیت کە وایە! قسەخۆش نیت ئەویش وایە، سەرسەختیت کە ئەویش وایە، ئیتر چیت کەمە؟ تەنها ئەقڵێکی باش! پشت بەخودا ڕۆژێک خودا ئەوەشت پێدەدات.
لە ژێر چاوە تەماشایەکم کرد. جەنابی ستایش و باوک و دایکی کاوە، خەریکی قسەکردن بوون.
بە بێدەنگی بە فەرنووشم گوت:
- کاوە بەمنی گوت ئێوە ڕۆشتوون بۆ ئەورووپا!
فەرنووش- کێ من؟! من ئەم چەند ڕۆژە ئارەزووی ئەوەم نەبووە لە ماڵ بچمە

دەرەوە چ بکات بەوەی برۆمە ئەوروپا.
کاوە- من گوتم لەوانەیە ڕۆشتبێتن بۆ ئەوروپا.
فەرنووش- بەهزاد خان. سوپاست دەکەمەم بۆ سێو و شیرینیەکە، بەدەستم گەیشت.
بە سەرسامییەوە تەماشام کرد و گوتم:
- سێو و شیرینی؟
کاوە- هەر ئەوانەی بۆت کڕی بوو. هەر ئەوەی لە بیرت چوو بوو میوانداری لێبکەی.
فەرنووش- کاوە خان بۆی هێنام، زۆر سوپاست.
- من هەر ئاگادار نەبووم کاوە ئەوانەی بۆ تۆ هێناوە!
فەرنووش- واتە پەشیمانی لەوەی کە ئەوانە گەیشتووەتە دەستی من؟!
ویستم بڵێم بەڵێ، کاوە نەیهێشت و گوتی:
کاوە- مەگەر تۆ سێو و شیرینیت بۆ فەرنووش خانم نەکڕیبوو؟
کەمێک من منم کرد، دواتر گوتم:
- بۆچی نا.
کاوە- مەگەر داخت هەڵنەدەکێشا کە ئەو ڕۆژە پێت نەداوە؟
- بۆچی نا.
کاوە- مەگەر تۆ خۆت نەتگوت لەبەر خاتری ئەو، دانە دانەی سێوەکانت پاککردووەتەوە؟
- بۆچی نا.
کاوە- باشە، منیش بردم و گەیاندمە دەستی. کارێکی خراپم کردووە؟
پێکەنیم و گوتم:
- کارێکی زۆر باشت کردووە. نۆشی گیانتان بێت.
ژاڵە- ڕاست دەڵێن، کەس بەشی کەسی دیکە ناخوات.
کاوە- ئێستا پێت ناخۆشە؟ برۆم چوار کیلۆ سێوت بۆ بکڕم لەگەڵ سینیەک شیرینی؟
ژاڵە- من کەی گوتم پێم ناخۆشە؟ بەپێچەوانەوە زۆریش خۆشحاڵم. مەبەستم لەوەبوو ئەگەر ئاگاداربوومایە زۆر خۆشحاڵتر دەبووم.
کاوە بەچپە گوتی:
- بەڵی بەگیانی مامت!

بەچاو ئاگادارم کردەوە.
کاوە- بەڵێ هەرئەوەی کە بەهزاد گوتی.
هەر چوارمان دەستمانکرد بەپێکەنین.
ستایش- باشە بەهزاد خان کەی چاوەڕێتان بکەین؟
کاوە- سبەی شەو بە مەرجەێک منیش لەگەڵی میوان بم.
ستایش پێکەنی و گوتی:
- بە ئەوپەڕی خۆشحاڵییەوە. هەمووتان تەشریف بهێنن. خانمی ماڵ ماوەیەک لە ئێران نابن و من و فەرنووشیش تەنهاین. ئەگەر سەردانمان بکەن سەرفراز دەبین.
باوکی کاوە- جەنابی ستایش. چەند ئەلبومێکی پووڵم هەیە،پێموایە ئارەزوو بکەن ببینن. ئەگەر ئارەزوو دەکەن، فەرموو بچینە کتێبخانە.
ستایش- بەه بەه. من خۆم پوڵبازم! فەرموو لە خزمەتت دام. خاتوو بەڕوومەتی لەسەر ئیزنتان.
دایکی کاوە- تکادەکەم ئاسوودەبن. منیش دەچمە چێشتخانە.
هەر لەوکاتەدا کوبرا خانم بەسینیەک چایی هاتە ژوورەوە و فەرمووی لە جەنابی ستایش و باوکی کاوە کرد.
ستایش- ئێمە چاییەکەمان دەبەین و دەچین بەلای کۆبونەوە تایبەتیەکەمانەوە.
کاوە- بەهزاد خان دیداری تایبەتی ئێوەش گەیشت.
ئاماژەی بۆ کوبرا خانم کرد.
ژاڵە- بەهزاد خان زۆر حەزی لە چایە؟
دەستم کرد بەپێکەنین.
کاوە- بەهزاد خان، چایی لەگەڵ جیاوازییەکانی حەز لێیە.
ژاڵە- جیاوازییەکانی چایی ئیتر چییە؟!
کاوە- باشە. مەبەستم لە شەکر و شیر و لیمۆ و ئەو شتانەیە ئیتر! ژاڵە هەستە وەرە ئەو بلوسەی من شوێنێکی دڕاوە بزانە دەتوانیت بۆم چاک بکەیتەوە؟
سەیرم کرد و چاوێکی لێداگرتم.
کاتێک کاوە و ژاڵە لە هۆڵەکە چوونە دەرەوە، فەرنووش گوتی:
- دەزانی بەجێهێشتنی خانمێک لەسەر شەقام و لەلای هاوڕێکانی زۆر کارێکی ناشرینە؟!
سەم دانەواند و گوتم:
- بەڵێ، داوای لێبووردن دەکەم.

فەرنووش- هەر ئەوەندە؟!

- نازانم. ئەگەر کارێک هەیە کە ئێوە من ببەخشن، فەرموون.

فەرنووش- بەڵێ کارێک هەیە بتوانن ئەنجامی بدەن. دەبێ هۆکاری کارەکەتان بەمن بڵێن.

- شەرمەزارم، ڕوونکردنەوەم نییە. تەنها دەتوانم داوای لێبووردن بکەم.

گەرامەوە و تەماشایەکم کرد، بەڕاستی خانمێکی جوان بوو. خۆشەویستی لە دڵمدا سەد بەرامبەر بوو. هەر لەبەرئەوە خۆم سوورتر بینی لەسەری و ژیانم خستە کەنارێکەوە.

فەرنووش کەمێک چاوەڕێی کرد و گوتی:

- دەتوانم تکات لێبکەم بچینە حەوشە قسەکانمان بکەین؟

- مەگەر لێرە ناتوانین قسەبکەین؟

فەرنووش- تکاتان لێدەکەم.

- بەڵام شاڵەکەتان و سەرپۆشەکەتان لەسەربکەن با سەرماتان نەبێت.

بەرەو حەوشەکە بەڕێ کەوت و منیش بەدوایدا.

لە پلیکانەکان چووینە خوارەوە و فەرنووش خێراتر دەڕۆشت و بۆساتێک کاوە خۆی بەمن گەیاند و گوتی:

کاوە- بەهزاد، هەندێک شوێن هەیە کە ئەقڵی مرۆڤ هەڵەی تێدا دەکات بەڵام دڵی مرۆڤ نا. نابێت هەموو شتەکان بە پارە و ئۆتۆمبیل حساب بکەین.

ئەوانەی گوت و ڕۆشت، کەمێک چاوەڕێم کرد و بیرم لە قسەکانی کاوە کردەوە، دواتر لەو شوێنەی حەوشەکە کە فەرنووش لە حەوشەکەدا چاوەڕێی دەکردم ڕۆشتم. کاتێک پێی گەیشتم گوتم:

- ئێستا ئێرە باشە؟ فەرموو قسەکانت بکە.

تەماشایەکی چاوەکانمی کرد، تاکو ناخی دڵم ڕۆیشت. دواتر بە توورەییەوە دەستی پێکرد:

- تۆی کوڕێکی شێت، بیردەکەیتەوە کێیت کەوا ڕێگە بەخۆت بدەی ئەوکارە لەگەڵ کچێکدا بکەیت؟!

- فەرنووش خانم ئارامبە! تکاتان لێدەکەم خۆتان کۆنترۆڵ بکەن.

فەرنووش- تۆ بیرت کردۆتەوە کەوا ئەگەر کچێک ڕاستگۆیانە دوای کوڕێک بکەوێت، ئەگەر کەسێک هەڵبژێرێت ئەوا کارێکی خراپی کردووە؟!

من لەوکاتەوەی خۆم دەناسم، ئازادبووم و هیچ کاتێکیش لەو ئازادییە بەخراپی

سوودم نەبینیوە. بەو شێوەیە فێرکراوم کە خۆم ژیانی خۆم دیاری بکەم. من سەر دانە داواکارم هەیە و هەمووشیان جوان و دەوڵەمەند. بەڵام هیچ کامێکیان لە تاقیکردنەوەکەمدا دەرنەچوون. ئەوانەم گوت تاکو بزانیت.

- فەرنووش خانم بۆچی هاواردەکەیت؟ باش نییە. هەموویان دەنگت دەبیستن.

فەرنووش- حەزدەکەم هاواربکەم! قسەکانم پێ مەبڕە.

من تۆی شێتم بۆ ژیانم هەڵبژارد و هیچ شتێکیشم نەویست و ئامادەش بووم لەگەڵ هەموو شتەکانت بسازێم، چونکە بیرم دەکردەوە کە پیاوی. چونکە بینیم پێش ئەوەی چاوت بە هیچ بکەوێت فیداکاریم بۆ دەکەیت.

چونکە کەسێک بوویت جیاواز لە زۆربەی کوڕەکانی زانکۆ چاوت لەسەر کەس نەبوو. چونکە کەسێکی دەوڵەمەند نەبووی و خۆت خۆتت بەڕێوە دەبرد. چونکە کەسێکی ڕێک و پێک بووی. چونکە کەسێکم بینی وەک پەناگەیەک وایە بۆم.

ئەو ڕۆژەی دام لە پیرەمێردەکە و بە تەلەفوون قسەم لەگەڵ کردی، دەمویست خۆم بە پۆلیس بناسێنم بەڵام تۆ قسەت لەگەڵ کردم و نەتهێشت کارێکی لەو شێوەیە بکەم.

بیرم دەکردەوە کە تۆ کەسێکی دەتوانم پشتت پێ ببەستم. بیرم دەکردەوە تۆ هەمان ئەو کەسەی بەدوایدا دەگەڕام. بیرم دەکردەوە کەتۆ تاکە کەسێکی تەنها لەبەر خۆم منت دەوێت. هەر لەبەر ئەوەبوو کە بەدواتدا هاتم بەڵام تۆ بە هەڵە تێگەشتی. بیرت کردەوە لەگەڵ کچێکدا، چوزانم، لە بەربەرەکانێ دایت.

تۆ لەوە تێنەگەشتی کەوا وەک چۆن تۆ دەتوانیت هاوسەرێکی باش بیت بۆ من، منیش دەتوانم ژنێکی باشبم بۆ تۆ.

تۆ لەژیاندا تەنها وێنە خراپەکەی دەبینیت. ژیان تەنها خراپە نییە. فیلم تەنها وێنەیەک نییە تێگەیشتی! لەبیرت بێت کە پارە زۆر شتە بەڵام هەموو شتێک نییە.

هەر بەوشێوەیەی کە بەتووڕەییەوە قسەی دەکرد، فرمێسکەکانی بە چاویدا هاتە خوارەوە.

بەدەستەکانی فرمێسکەکانی پاککردەوە و گوتی:

فەرنووش- ئەمە فرمێسکی دلگرانبوون نیە، دووبارە هەڵە مەکە. دڵم بۆ ئەوە دەسووتێ کەوا بەبێ بڕیاردان، بڕیارم بۆ دەرکرا. تۆ تەنانەت نەتویست من بەباشی بناسی. ئای خۆزگە هەموو شتێکت بەچاوی پارەوە تەماشا نەدەکرد. ئای خۆزگە لەباتی ئەو هەموو وانەی کە خوێندووتە وانەیەکی دادگەریت بخوێندایە.

بۆساتێک ڕاوەستا و دواتر پشتی کردە دیوارەکە و دەستی کردە ناو قژی، گوتی:

فەرنووش- سەرمامە. بەستم.

هیچ وەلامێکم نەبوو تاکو پێی بڵێم. پاڵتۆکەم داکەند و بە ئارامی خستمە سەرشانی.

بەدەستەکانی پاڵتۆکەی گرت و بەبزەیەکەوە تەماشای کردم. لامکردەوە تەماشای پشتی خۆم کرد، کاوە لەسەر پلیکانەکان ڕاوەستابوو. کاتێک تەماشام کرد، بەڕوومدا پێکەنی.

فەرنووش- دڵم ئارام بووەوە کە ئەو قسانەم پێگوتی. لەسەر دڵم زۆر گران بوو.

- ئێستا ئارام بوویتەوە؟

فەرنووش سەری بە ئاماژەی بەڵێ ڕاوەشاند.

- باشە، ئێستا با بچینە ژوورەوە سەرمات نەبێت.

بەبێ ئەوەی هیچی دیکە بڵێین، بەرەو ژوورەوە بەڕێکەوتین. کاتێک بەپاڵ کاوەدا تێپەڕین، کاوە گوتی:

کاوە- دەستەکانت خۆشبێت فەرنووش خانم. لەکۆتایدا یەکێک پەیدابوو ڕووی ئەم مرۆڤە کەللە ڕەقە کەم بکاتەوە. فەرنووش تەماشایەکی کرد و پێکەنی.

تاکو کاتی نانی ئێوارە تەنها چەند قسەیەک نەبێت هیچی دیکەی نەگوت.

لەبیر و هۆشمدا قوڵ ببوومەوە و بیرم دەکردەوە. فەرنووش ڕووبەڕووی من لەسەر مۆبیلێک دانیشتبوو. هەرکاتێک سەرم بەرز دەکردەوە و تەماشام دەکرد سست دەبووم. دڵم ڕێگەی نەدەدام کە جیا ببمەوە. نیو کاتژمێر دواتر لە سەرەتای شەودا خواردن ئامادەبوو، دایکی کاوە هەمووانی بانگێشت کردە سەر سفرە.

من لەپاڵ کاوە دانیشتبووم و باوکی کاوەش لەپاڵ مندا بوو. ڕووبەڕوی من فەرنووش دانیشتبوو.

ژاڵە دەستیکرد بەخواردن تێکردن بۆ کاوە و کاوەش ویستی خواردن بۆ من تێبکات کە فەرنووش گوتی:

- کاوە خان، من خواردن بۆ بەهزاد خان تێدەکەم. ئێوە زەحمەت مەکێشن.

کاوە- واتە من هەڵەم کرد، وایە؟!

هەموویان دەستیان کرد بەپێکەنین.

فەرنووش- ڕێزتان هەیە. مەبەستم لەوە بوو کە ئێوە زەحمەت مەکێشن.

کاوە- مانای ئەمە واتە ئێوە خۆتانی تێ هەڵمەقورتێنن؟

دووبارە هەموویان دەستیان کرد بەپێکەنین.

- کاوە تۆ بۆچی ئەوەندە بەخراپ لەشتەکان دەگەیت؟!

بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، لێو هەبوو کە ددان هات.
کاوە- ئێوەش بەهزاد خان؟! ببورە ها، لێو هەبوو کە ددان هات.
ڕووخسارم لە شەرمەزاریدا خوسا. لە ژێرەوە تەماشایەکی فەرنووشم کرد، شێوەی ئەوم وەک گوڵ دەهاتە پێش چاو.
ژاڵە- ئیتر قسەکان بەرزتر لە بەکالۆریۆسە!
دووبارە پێکەنین سفرەکەی پڕکرد.
فەرنووش- بفەرموون بەهزاد خان. ئەگەر شتێکی دیکەتان پێویست بوو داوابکەن.
کاوە بەهێواشی گوتی:
کاوە- لەدوای هەر شەڕێک سەرەی ڕێز ڕێزکردنە.
باوکی کاوە- ئەوە چی دەڵێیت کاوە؟
کاوە- هیچ نیە. قسەی ئیحترام خانمی خاوەن ماڵی بەهزادە! خانمێکی زۆر باشە.
من و ژاڵە دەستمان کرد بەپێکەنین.
فەرنووش- ئەوەش ساردیە بەهزاد خان.
- دەستەکانت خۆشبێت فەرنووش خانم، سوپاستەکەم . شەرمەزارم مەکەن فەرموو.
کاوە- بەهزاد گیان ئەوە وەک چی بوو؟!
دەستیکرد بەنان خواردن.
دایکی کاوە- کامە وەک کاوەیە؟
من لەوکاتەدا خەریکبوو لە پێکەنیندا دەمردم.
- کاوە خەریکە گاڵتە لەگەڵ من دەکات.
کاوە- دەڵێن هەرچی قسمەتت بێت هەر ئەوە دەبێت.
ستایش- چۆن مەگەر؟
لە ژێر مێزەکەوە پێم نا بەقاچی کاوەدا، بە دەنگێکی بەرز گوتی:
کاوە- ئاخ لەدەستی ئەم ڕۆژگارە. بەڵام بەهزاد ئەمشەو نەیدەویست بێتە ئێرە، کەچی بەنسیبی بوو.
مەبەستی کاوە لەوە بوو کەوا بە قاچ پێی پێدا دەنێن و دەستیشی بۆ درێژ دەکەن.
باوکی کاوە- بفەرموون تکادەکەم خواردنەکە سارد دەبێتەوە. ئەو کاوەیە ئەم شەو چاک گەرم بووە.
- بەڵێ هەروایە. کاوە گیان زیاد لە پێویست سوود لە زمانە بچکۆلەی

وەردەگریت.

کاوە- بەلی، بەلی! تێنەگەیشتم تاکو ئەم بەیانیە بە زۆر هەناسەت دەدا. ئیستا چی بووە کەوا دەتوانی درووشم بدەی. لەوانەیە ئەم شەو زۆر شت گەرم بووبی، تەنها زمانە بچکۆلەی من نەبێت.

ژالە- کاوە زۆر ژاوەژاو دەکەیت ها! دەهێلیت نانەکەمان بخۆین یان نا؟

ستایش- وزەی کاوە خان، مرۆڤ دلخۆش دەکات.

کاوە- زۆر سوپاست جەنابی ستایش، دوور لە ئیوە هەندیک کەس وەک پشی دەمیننەوە!

باوکی کاوە- پشی؟!

- مەبەستی پشیلەیە، خەریکە وا بەمن دەلێت.

کاوە- مار و میروو گۆشتەکەم بخوات ئەگەر بە ئیوە بلێم پشیلە.

دواتر بەهێواشی گوتی:

کاوە- جگە لە سەگ هیچی دیکە لە تۆ ناچێت.

هەموویان دەستیان کرد بەپێکەنین و بەگەرم و گوڕی نان خواردن دەستی پێکرد.

لەدوای نان خواردن هەمووان لە هۆڵەکە کۆبووینەوە و دەستمان کرد بەقسە.

دایکی کاوە- شەرم مەکەن، میوە پاک بکەن.

کاوە- بەهزاد حەزی لە سێوە!

خەریک بووم زەق زەق تەماشام دەکرد کە لام کردەوە دەبینم فەرنووش سەری داخستووە و پێ دەکەنێت، خۆیشم دەستمکرد بەپێکەنین. مەبەستی کاوە لەو سێوانە بووکە بۆ فەرنووشم کڕی بوو.

چەند خولەکێک تێپەڕی، فەرنووش هەستاو قاپێک میوەی پاککراوی لەبەردەممدا دانا.

کاوە- خودا بەختمان بداتێ لە زەوی تاکو مەریخ.

- زۆر سوپاست فەرنووش خانم.

کاوە- بەهزاد گیان، هەر ئەو خانم ستایشەت بگوتایە باشتر نەبوو.

لە شەرمدا هەمووگیانم خووسا. بەچاوەکانم مۆڕەیەکم لێکرد.

کاوە- زەق زەق تەماشام مەکە. بەفەرنووش خانمیش دەلێم کەوا تۆ بە جەنابی فەرهەنگ بانگ بکات.

دووبارە هەموویان دەستیان کردەوە بەپێکەنین.

باوکی کاوە- کاوە ناتوانی یەک خولەک ئارام بیت.
کاوە- هەپەتا.
ژاڵە- هەپەتا چییە؟!
کاوە- واتە هەرگیز. تاکو زمان هەبێت نابێت خۆت لەبرینەکەی بێئاگا بکەیت.
- باوەڕ بکەن لە پۆل و نەخۆشخانەیش هەر بەو شێوەیە!
دایکی کاوە- بە منداڵیش بەو شێوەیە بوو. تەنهایی ماڵی نەدەهێلا.
باوکی کاوە- بەهزاد گیان. ئەم کوڕە ئەسڵەن وانە دەخوێنێت؟
- بەخودا چی بڵێم؟!
کاوە- لە هەموو پۆلەکەدا لە من ڕێک و پێکترتان تێدا نییە، لەبیرتە بەهزاد؟ لە پۆلی توێکاریدا؟ ئەو مردووەت لە بیر نیە؟
ژاڵە- تو خودا باسی مردوو مەکەن، من دەترسم.
بەبێ ویستی خۆم دەستم کرد بەپێکەنین. بیری ئەو ئیشەی کاوەم کەوتەوە کەوا لەپۆلی توێکاریدا کردی.
ستایش- بەهزاد خان بۆمانی باسبکە. بەڵام هەمووی نا. لە شوێنە خراپەکاندا سانسۆری بخەرەسەر.
دووبارە دەستم کردەوە بەپێکەنین. بەپێکەنینی من هەموویان ئارەزووی زانینیان دەکرد.
- کاتی توێکاری بوو. لەگەڵ قوتابییەکاندا دەمانزانی و چوینە ژووری توێکاری، مامۆستاش لەگەڵمان هات. لە ناوەڕاستی پۆلەکە تەختەیەک هەبوو کە مردووی لەسەر بوو. دەبوایە مامۆستا توێکاری بۆ بکات. بە قوماشی سپی داپۆشرابوو. بەکورتی هەموومان لەدەوری جەستەکە کۆبووینەوە.
کاتێک مامۆستا قوماشەکەی لەسەر مردووەکە لابرد، بینیمان مردووەکە خەیارێکی بە دەستەوەیە کردوویەتی بەدەمیدا و دەیەوێت گازی لێ بگرێت.
دوودانە لە خانمەکان لە ترساندا خەریک بوو دەمردن و مامۆستاش لە پێکەنیندا خەریک بوو دەمرد. نازانم ئەم کاوەیە چۆن پێش دەست پێکردنی وانەکە چوو بووە ئەوێ و خەیارێکی دابووە دەستی مردووەکە!
لەدوای ئەوەی کە قوتابیەکان تێر پێکەنین، مامۆستا بەکاوەی گوت:
-بڕۆرە دەرەوە.
کاوە- مردووەکە خۆی حەزی بەخەیار کردووە، بۆچی من بچمە دەرەوە؟
مامۆستا کە زمانی ئازەری بوو گوتی:

یاسەمین

- ئەگەر قەبوولی بکەین مردووەکە عەزی لە غەیارە، بێگومان دەبێ قەبوولیشی بکەین کە غۆی دەتوانێت بڕوات غەیار بخوات. ئەویش ئەو غەیارە گەورەیە، لەوانەیە کاری کڕینی غەیارەکە کاری جانەوەر بووبێت.

باوکی کاوە و جەنابی ستایش ئاو دەهاتە خوارەوە بە چاویاندا، هەر نەشیان دەتوانی قسە بکەن. دایکی کاوە وەک پەیکەر تەماشای کاوە دەکرد و ژاڵە و نەرنووش پێدەکەنین.

کاتێک پێکەنین تەواو بوو، ژاڵە گوتی:

ژاڵە- کاوە چۆن توانیت بەتەنها بچیتە ئەوێ؟

کاوە تەنانەت پێش نەدەکەنی گوتی:

کاوە- باوەڕ بکەن من بەتەنها خەیارەکەم دایە دەستی مردووەکە. کاتێک بینیم خەیارەکەی بردووە بۆ دەمی، خەریک بوو جەڵدە لێم بدات. لەوانەیە خەیارێکی باش بووبێت و مردووەکەش حەزی کردبێت گازێکی لێبگرێت.

تاکو یازدەی شەو کاوە گاڵتەی دەکرد و ئێمەش پێدەکەنین. دوای ئەوەی ئامادەی ڕۆشتن بووین و دەست خۆشی و خودا حافیزیمان کرد، جەنابی ستایش ویستی کە من بگەیەنێتە ماڵەوە، بەڵام ڕازی نەبووم کاوەیش بمباتەوە. چونکە حەزم دەکرد کەمێک بەپێ بڕۆم و بیربکەمەوە. کۆتا جار چاوم بە چاوی نەرنووش کەوت، وا هەستم کرد بیەوێت پێکەوە قسە بکەین بەڵام نە دەگونجا. خوداحافیزیمان کرد و بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتم.

❋ ❋ ❋

## بەشی حەوتەم

کاتژمێر هەشت و نیو بوو کە بەئاگا هاتم.
لەدوای نانخواردنی بەیانی، خۆم شۆشت و دەستمکرد بەبیرکردنەوە. ئەم دەتوانی لەگەڵ خۆم درۆ بکەم. لە دڵەوە فەرنووشم خۆش دەویست.
شێوە جوان و ڕێکەکەی و باڵا بەرزیەکەی، دەنگە خۆش و دڵ ڕفێنەکەی، هەموویانم لە پێش چاو بوو. کاتێک کەوتمەوە بیری دوێنێ شەو کە خواردنی بۆ تێکردم و میوەی بۆ پاککردم، هەستێکی سەیرم لە دڵدا بوو، هەستێکی شادمانی! حەزم دەکرد فەرنووش بۆ من بێت و هەمیشە لەلام بێت، حەزم دەکرد چەندین کاتژمێر دانیشم و تەماشای ڕووخساری بکەم.
هەر بەو جۆرەی لە تەنهایدا چەندین کاتژمێر دانیشتم و بیرم لێدەکردەوە، بیری قسەکانیم کەوتەوە.
بەڕاستی مافی خۆی بوو. مافی خۆی بوو کە دەربارەی ژیانی خۆی بڕیاربدات بەشێوەیەک وەک دادوەرم لێهاتبوو. بەڕاستی ئامادەبوو کەوا لەگەڵ من هاوسەرگیری بکات؟ خۆی دوێنێ ئێوارە لە میوانداریەکە، ئەو قسانەی کەپێی گوتم لەڕاستیدا باوەڕم نەدەکرد.
وردە وردە دەمویست هەستم و بیر لە نانی نیوەڕۆ بکەمەوە کەوا لەدەرگا درا. دڵم کەوتە لەرزین! لەپشتی پەنجەرەکەوە تەماشام کرد فەرنووش بوو. وەک ئەوە وابوو کە هەموو دونیایان پێ دابێتم. ڕۆشتم و دەرگام کردەوە.
فەرنووش- سڵاو. لەکاتتان ناگرم؟
بەڕوویدا پێکەنیم.
فەرنووش- واتای ئەم پێکەنینە ئەوەیە کە لەکاتم گرتوون یان نا.
- سڵاو. ئێوە هیچ کاتێک لەکاتی من ناگرن. فەرموون.

مانە ژوورەوە و پیلاوەکانی داکەند. پالتۆیەکی جوانی لەبەردابوو. لەدەستیم وەرگرت و لە جێگەیەک هەلم واسی.
ئەرنووش- تەوژمی خوارەوە هەموو کات پاکە. بەڕاست ئیتر کوپی پیستان نییە؟!
پێکەنیم و گوتم:
- نا. هەر ئەو جارەی بە پیسی بەجێم هێشت بۆ حەوت پشتم بەسە.
ئەرنووش- چایت ئامادەیە؟
چایم بۆ تێکرد، هەر ئەوکاتەی چاییەکەی دەخوارد گوتی:
ئەرنووش- لە بابەتی دوێنێ داوای لێبووردن دەکەم، زۆر تووڕە بووم. هیوادارم ببووری.
- ماڵی خۆتانە، خەتا لە منەوە بوو.
ئەرنووش- واتە لەدەستم دلگران نیت؟
- هەرگیز. تەنها..... تێی دەپەڕێنین.
ئەرنووش- نا تکادەکەم هەرچی لە دلتدا هەیە بیڵێ. بە ئاسوودەی قسەکانت بکە.
- کاتێکی دیکە دەیڵێم.
ئەرنووش- چ کاتێک باشتر لەم کاتە؟ ئێمە دەبێت ڕاستەوخۆ پێکەوە قسە بکەین. تۆ حەزناکەیت؟
- بۆچی نا، ئێوە ڕاست دەکەن.
ئەرنووش- باشە دەست پێ بکەن.
- ئێوە فەرموون.
ئەرنووش- من قسەکانی خۆم کردووە بەڵام تۆ نا. ئێستا سەرەی تۆیە قسەکانت بکەیت.
- چی بڵێم.
ئەرنووش- لەم کاتانەدا کوڕێک بەکچێک چی دەڵێت؟
- نازانم. تاکو ئێستا ئەو کارەم نەکردووە و ئەزموونیشم نیە.
ئەرنووش- ئەوەک لە خۆوە هاتبێتم بۆ ئێرە؟ هەڵەم نەکردووە؟
- نانا. کارێکی زۆر باشتان کردوە.
ئەرنووش- ئەی بۆچی هیچ ناڵێیت؟
- دەست پێکردنی کەمێک سەختە. نازانم دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەم.
ئەرنووش- دەبێت هەڵبژاردنی زمانت بدەیت بەدڵت. هەر بەوشێوەی من دوێنێ ئەو کارەم کرد.

سەرم دانەواند. زۆرم حەزدەکرد هەرچی لە دڵمدایە بۆی هەڵبڕێژم. چەند خولەکێک بێدەنگ بووم و لەم دونیایەدا نەبووم. زمانم گۆی نەدەکرد قسە بکەم.

فەرنووش- لەبیرمە کاتێک لە ئامادەیی بووین، دوو مامۆستامان هەبوو کە بەتەواوی پێچەوانەی یەکتربوون.

یەکەمیان کاتێک دەچووینە سەرتەختە بۆ وەڵام دانەوە، ئەگەر وەڵامی ڕاستەکەمان نەزانیایە، ئەوەندە بەپرسیارکردن یارمەتی دەداین کە هەموو ئەو بەشانەشی نەمان خوێندبوو بیرمان دەکەوتەوە و نمرەی باشیشی پێدەداین.

دووەمیان وشک و سارد و سڕ بوو. کاتێک مرۆڤ دەچووە سەرتەختە ئەوەشی کەوا لەبیری بوو، بیری دەچوویەوە. منیش وا بیردەکەمەوە دەبێت منیش وەک ئەو مامۆستا باشە یارمەتیت بدەم.

پێکەنیم و گوتم:

- هەر قوتابیەک ئارەزووی ئەوە دەکات کە مامۆستایەکی باشی هەبێت.

فەرنووش- یەکەم شت دەمەوێت بزانم ئەوەیە کە ئایا تۆ منت خۆش دەوێت؟

ساتێک ئارامم گرت و گوتم:

- بیرمە کاتێک لە ئامادەیی بووم. ڕۆژێک لەگەڵ دایک و باوکم بۆ شت کڕین چووینە دەرەوە. بەهەڵکەوت لەبەردەم ئاڵتوون فرۆشێک تێپەڕین. دایکم بەبێ ویستی خۆی لە پێش دوکانەکە وەستا و چاوی کەوتە سەر زنجیریەک. نازانم ئەوکاتە لە چ بیرێکدابوو کە باوکم بانگی کرد ئاگادار نەبوو. منیش بانگم کرد، بەڵام ئەو لە دونیایەکی دیکە بوون.

لە باوکمی پرسی: بەخەیاڵی تۆ نرخی ئەو زنجیریە چەند دەبێت؟

باوکم لەوەڵامدا گوتی: تەمەنێک گیان کێشانی ئێمە. هەردووکیان پێکەنین و بەڕێکەوتن.

لەدوای ئەوە من پارەم لە کیفەکەمدا کۆدەکردەوە تاکو بتوانم ئەو زنجیریەی گەوهەرێکی زۆر گەورەی لەسەر بوو، بۆ دایکمی بکڕم. منداڵییە ئیتر!

دوو سێ هەفتە جارێک دەڕۆیشتمە لای ئەو ئاڵتوون فرۆشیە و تەماشای ئەو زنجیریەم دەکرد. تاکو دڵنیابم کە نەفرۆشراوە. باشییەکەی لەوەدا بوو لەدوای هەشت مانگ، هێشتا لە شوێنی خۆی بوو. هەر ئەو ساڵە بوو کە دایک و باوکم لەو ڕووداوەدا مردن. من کە هیچ نەمتوانی زنجیرکە بۆ دایکم بکڕم، تەنانەت نەمتوانی دەستبەرداریشی ببم.

لەدوای وەفاتی دایک و باوکم چەند جارێکی دیکە چوومەوە لای ئاڵتوون

فرۆشەکە، بەڵام لەدەستم دان. واتە دەمەوێت بڵێم کە هەمیشە هەرچییەکم خۆش ویستبێت و ئارەزووی بەدەست هێنانیم کردبێ ئەوا لەدەستم داوە.

بەکورتی ئەوەیە کە هەرچییەک دەبینم و حەزی پێدەکەم یان خۆشم دەوێت لەدەستی دەدەم. هەر لەبەر ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆرە هەرچیەکم ویستبێت، دەترسم باسی بکەم و لە دەستی بدەم.

فەرنووش- لە کۆتایدا چی؟! خۆ نابێت مرۆڤ لەبەر ترسی لە دەستدانی شتێک یان کەسێک، باوەڕ بەهەستی خۆشەویستی خۆی نەکات و ڕێگە نەدات بێتە سەر زمان. باشە ئێستا مەترسە و قسە بکە. لەوانەیە ئەم جارە هیچت لەدەست نەڕوات، ئەگەریش لەدەستتدا ئەمیش وەک ئەوانی دیکە.

دووبارە ماوەیەک بیرم کردەوە، فەرنووش ڕاستی دەگوت.

- فەرنووش خانم. من ئێوەم لە گیانی خۆم زیاتر خۆش دەوێت. هەر لە یەکەمین جارەوە کە تۆم لە زانکۆ بینیوە، پەیوەندیم لەگەڵتدا هەبووە و خۆشم ویستوون.

ئەوەندە بۆم ئازیزیت کە نامەوێت ڕێگری خۆشبەختیتان بم. حەزناکەم کە ئەزموونێکی تەڵخ لەژیانتدا پەیدا بێت و هۆکارەکەشی من بم. ئێمە لە دوو ئاستی جیاوازداین. لەبەرئەوە بوو کەوا هەوڵم دەدا لە ئێوە دوور بم. بەوشێوەیە بۆ ئێوە زۆر باشترە.

ئەوانەم گوت تاکو بزانیت بۆچی ئەو شەوە لەبەرچاوی هاوڕێکانتدا ئەو کارەم کرد. ئێوە دەبێت هۆشیاربن و بڕیار بەهەستەکانتان نەدەن. هەبوونی ئێمە پێکەوە بۆ ئێوە کێشەی زیاتر درووست دەکات. ئەمانە قسە گەلێک بوون کە پێچەوانەی ئارەزووەکانم، دەبوایە بەئێوەم بگوتایە.

فەرنووش ماوەیەک بێدەنگ بوو، دواتر گوتی:

- دەزانی بەهزاد ئەو شەوەی ڕووداوەکە دەمویست بۆ کوێ بچم؟ ڕووداوەکەی جەنابی هیدایەت دەڵێم؟

بەدوای تۆدا هاتم! چونکە لە بالکۆنەکەوە تۆم بینی بوو. زۆر خۆشحاڵ بووم تۆ هاتبوویتە بەردەم ماڵی ئێمە. لەزانکۆشدا بینینەکانی تۆ ئازایەتی بەمن بەخشی تاکو بتوانم قسەبکەم. لەنێوان من و تۆدا تەنها پارە ڕێگربووە. من بیرناکەمەوە کێشەیەکی دیکە لە ئارادابێت.

- ایا ایها اساقی ادر کاسا و ناولها
که عشق اسان منمود اول ولی افتاد مشکلها
ئەی ساقی بۆم تێکە پێکێکی دیکە لە شەراب

عەشق ئاسان دێتە بەرچاو بەڵام هاوار لە کێشەکان

ئێوە ئەو بابەتەتان زۆر سادە وەرگرتووە. بەڵام بەڵێنتان پێدەدەم کێشەکانی زیاتر لە ڕێگەدایە. بۆ نموونە باوکی ئێوە لەگەڵ ئەم بابەتە هاوڕایە؟

فەرنووش- باوکم ئەوەندە تۆی خۆش دەوێت ئامادەیە تۆ وەک کوڕی خۆی قبوول بکات چ بگات بەزاوای، دایکیشم کە جاری لێرە نییە.

- فەرنووش خانم بهێڵە ئەم ڕووداوە تێپەڕێت. ئێوە بەڕێگەی خۆتاندا بڕۆن و ڕێگە بدەن منیش بەڕێگەی خۆمدا بڕۆم. بەڵێنتان پێدەدەم کە لەچەند ڕۆژێکدا ئەمانە هەمووی فەرامۆش دەکەین.

لەپڕ تووڕە بوو گوتی:

فەرنووش- بەهزاد من تۆم خۆش دەوێت و کاری یەک دوو ڕۆژ نیە. من دەمەوێت کەوا تۆ پیاوی من بیت، بەڵام ئەگەر ئێستا خۆت بەو جۆرە ناتەوێت ئەوەیان شتێکی دیکەیە.

- من تۆم خۆشدەوێت زیاتر لەهەر شتێک لەم دونیایەدا هەیە. بەڵام تۆ سەختیت نەکێشاوە. ئێوە مانای بێ پارەیی و نەداری نازانن، ئێوە هەژاریتان تاقی نەکردۆتەوە. ئێستا ئەم قسانە دەکەیت، ماوەیەکی دیکە بڕوات فشارتان بۆ بێنێت ناتوانن ئارام بگرن. منیش ئەو مرۆڤە نیم کە هاوسەرەکەم خەرجیم پێبدات. ئەوەیە جیاوازیەکان دەست پێدەکات و خۆشەویستی نەفرین دەکات.

فەرنووش- تۆ نابێت دەربارەی من بەو جۆرە بڕیار بدەیت. ئەوانەی دەیڵێن تەنها قسەیە و تاکو نەسەلمێت ڕاست نیە.

- هەزاران کەس ئەوەیان ئەزموون کردووە.

فەرنووش تەماشایەکی کردم، ئاگری تێبەردام و خۆمدا بەدەستەوە.

فەرنووش- بەهزاد تکادەکەم، ئەگەر بەڕاستی خۆشت دەوێم، بەتەنها جێم مەهێڵە و لەگەڵم وەرە. ئەو شتانەی کەوا گوتت نابێت ببێتە بەربەستی نێوانمان. دڵنیابە من و تۆ لەپاڵ یەکدیدا خۆشبەخت دەبین.

- ئێوە ناترسن.

فەرنووش- ئەوەندە مەڵێ ئێوە ئێوە!

پێکەنیم و گوتم:

- تۆ ناترسیت؟

فەرنووش پێکەنی و گوتی:

- ئەها. کەواتە لە کۆتاییدا تەلیسمەکە شکا. نا نا ناترسم، تۆش مەترسە.

- ئەوەندە لەم دونیایەدا ئازارم چەشتووە کە تەنانەت لە سێبەری خۆشم دەترسم.
فەرنووش- لەتۆ نایەت ترسنۆک بیت. لەوانەیە ترست لە من بێت.
- دەترسم نەتوانی تا کۆتایی ڕێگەکە بێیت.
فەرنووش- دێم لەگەڵت.
- ئەگەر ژیان بۆت سەخت بوو چی؟
فەرنووش- زاڵ دەبم بەسەریدا.
- ئەگەر ڕۆژێک خەم و پەژارە هاتە ماڵمانەوە چی؟
فەرنووش- دەرگای بۆ ناکەینەوە.
- ئەگەر خەم لەچاوەکانت نیشت؟
فەرنووش- پێکەوە دەگرین تاکو خەم لەچاوەکانماندا نەمێنێت و بێتە دەرەوە.
- ئەگەر دەرد تەواوی ژیانمانی گرتەوە؟
فەرنووش- چارەسەری دەکەین. تازە ناسەلامەتی تۆ ماوەیەکی دیکە دەبیتە پزیشک. وانەکانت بەباشی بخوێنە تاکو بتوانیت چارەسەری بکەیت.
- ئەگەر ڕۆژگار بۆمان سەخت بوو؟
فەرنووش- پەنا دەبەینە بەرخودا.
تەماشام کرد. ئاشتی و میهرەبانی و ڕوو ڕاستی لە چاوەکانیدا وەک دەریا شەپۆلی دەدا.
- ناوی خودات هێنا، ترس لە دڵمدا نەما. چایەکی دیکە دەخۆیت؟
فەرنووش- بەڵێ بەڵام بەو مەرجەی کە تا جاری داهاتوو دێم، کوپەکەم نەشۆریت.
خۆشی و شادی تەواوی جەستەمی گرتەوە. چەند خولەک دواتر بەتەنها تەماشای یەکترمان دەکرد و قسەمان نەدەکرد. دواتر هەستا و پاڵتۆکەی لەبەرکرد و گوتی:
فەرنووش- شەو چاوەڕوانتم. کاوە و باوک و دایکیشی دێن. درەنگ نەکەوی. چ کاتێک دێیت؟
- حەوت، هەشت، نۆ، هەر لەو کاتانە.
فەرنووش- شەڕەکەی دوێنێت لەبیر نەچۆتەوە خۆ؟!
- نانا. ڕێک کاتژمێر حەوت لەوێ دەبم. ڕاستی، ئەوە ژمارەی ماڵەوەیە بینووسە. ئەگەر کارێکی گرنگت هەبوو پەیوەندی بکە.





CamScanner

فەرنووش- لەماڵی ئێمە تاکو ئێرە پێنج خولەک ڕێگایە، ئەگەر کارێک هەبێت خۆم دێم.

- باشە ئەو ژمارەیە بنووسە لەوانەیە پێویست بکات.

سەرپۆشەکەی لەسەر کرد و پێکەوە چووینە دەرەوە. کاتێک سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەبوو گوتم:

-فەرنووش، تکادەکەم بەهێمنی شۆفێری بکە، باشە.

فەرنووش- بەخودا من هەمیشە بەوریایی و لەسەرخۆیی شۆفێری دەکەم. لەو جۆرانە نیم کە حەزبە خێرا ڕۆشتن و ئەو شتانە بکەم. ئەو شەوە هەم تاریک بوو هەم بەفر دەباری، هەمیش دەمویست کە تۆ پەیدا بکەم. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە جەنابی هیدایەت لە ناوەڕاستی شەقام نەبینم. بەڵام باشە، بەسەر چاوم بەوریاییەوە شۆفێری دەکەم.

- سوپاست کە گوێ بۆ قسەکانم دەگریت.

فەرنووش- ژن دەبێت گوێڕایەڵی قسەی مێردەکەی بێت.

کاتێک ئەو قسەیەی کرد هەستێکی سەیر و شیرین هەموو جەستەمی گرتەوە.

فەرنووش- ڕێگە نادەم هەرگیز بیرم لە مێشکتدا بڕوات و ڕێگەش نادەم خۆشەویستیم لە دڵتدا بسڕێتەوە.

- هەر ئێستا دەرگای ژوورەکە دادەخەم تاکو بۆنە خۆشەکەت لە ژوورەکەم نەڕوات.

بە خۆشحاڵییەوە تەماشایەکی کردم و ڕۆیشت.

کاتژمێر سێی ئێوارە بوو کە بڕیارمدا سەردانێکی جەنابی هیدایەت بکەم. مل پێچ و کڵاوم لەسەر کرد و ڕۆشتم.

کاتێک گەیشتمە بەردەم ماڵەکەی، تێدا مابووم کە چی بکەم. ماڵەکە زەنگی نەبوو. گوتم نەوەک جەنابی هیدایەت بەم کاتەی ڕۆژ نووستبێت. ویستم کەمێک چاوەڕێ بکەم تاکو ئەگەر نووستبێت، خەبەری ببێتەوە و دواتر لە دەرگا بدەم.

دوو خولەک تێنەپەڕی بوو کە هیدایەت دەرگاکەی کردەوە.

هیدایەت- سڵاو پیاوی شەرمن! دووبارە لە دەرگات نەدا!

- سڵاو. حاڵتان چۆنە؟ چاوەڕێم کرد تاکو ببێتە کاتژمێر چوار و لەخەو هەڵبستی.

هیدایەت- من هەمیشە بەئاگام، وەرە ژوورەوە.

چووینە ژورەوە و ئاسکەکە هات بۆ لام. دەستیکرد بەبۆنکردنم.

- ئەوەک دووبارە تەلا هاتنی منی هەست پێ کردبێت؟!

هیدایەت- بەڵێ. هاتبووە پشت دەرگاکە. بۆ هیچ کەسێکی دیکە واناکات. دەستم هێنا بەسەریدا و چوومە ناو باڵەخانەکەوە.

هیدایەت- چایت بۆ لێ دەنێم. ئاوەکە گەرمە و زوو ئامادە دەبێت. باشە بۆم باسبکە بزانم، ماڵی هاوڕێکەت چۆنە؟ بۆچی لەگەڵ خۆتت نەهێنا؟ ئەو خانمە جوانە حاڵی چۆنە؟

- زۆر سوپاست. هەردووکیان سڵاویان بۆت هەبوو. بەو بۆنەیەوە ئەو خانمە زۆر حەزی دەکرد بێتە خزمەتتان و سوپاستان بکات. کاوەش بەهەمان شێوە.

هیدایەت- سڵاوی منیش بەوان بگەیەنە، پێڵاویان لەسەر چاوم. خۆت لەگەڵ ژیان چۆنی؟

- دەسازێم، چارە نییە.

هیدایەت هەستا و میوە و شیرینی و پاکەتێک پاقلاوەی لە چەکمەجی مێزەکەدا دەرهێنا و لەبەردەمی مندا داینا.

- ئەو کارانە چییە جەنابی هیدایەت؟! مەگەر بڕیار نەبوو کەوا خۆتان نەخەنە زەحمەتەوە؟

هیدایەت- یەکەمین ئەمە شتێک نیە شایەنی تۆ بێت، دووەمیش ئەمانە هیوان بەژیان! هۆکارەکەشی تۆ بوویت.

چایەکی بۆ تێکردم و بۆی دانام.

هیدایەت- هەر ئەوەندەی دەزانم دێیتە لام، دڵم پێی خۆشە. ئیتر هەست بەتەنهایی ناکەم. مرۆڤ کاتێک دەمرێک کە هیوای لەدەست دابێت. ئەگەرنا فریشتەی گیان کێشان جەنابی ئیزرائیل ماوەیەکی زۆرە ناونیشانی ئێرەی لەبیر کردووە!

- پشتیوان بەخودا، ساڵەهای ساڵ، بەباشی و خۆشی زیندوو دەمێننەوە.

هیدایەت- میوە پاک بکە. شەرم مەکە.

- تکایەکم لێتان هەیە بەڵام لە ڕووم نایەت پێتانی بڵێم.

هیدایەت- ئەو کتێبەت دەوێت؟ کوڕی خۆ شەرمی ناوێت. من خۆم دڵم پێی خۆشە پێتی بدەم.

- نانا. ئەو کتێبە یان هیچ کام لە کتێبەکانی دیکە نین.

هیدایەت- لە تابلۆکان دانەیەکت دەوێت؟ بڵێ، هەرکامێکیانت دەوێ بیڵێ.

- نا بەخودا. گوتم کە ئەو شتانەم پێویست نیە.

هیدایەت بەسەر سوڕمانەوە تەماشای کردم.





CS CamScanner

- ئەگەر زەحمەت نابێت بۆتان و گران نابێت، حەزدەکەم کەمێک سازم بۆ لێ بدەیت. بە ئەو دەست و پەنجە مامۆستایانەتەوە خەم لە دڵی مرۆڤ دەڕوات.
تەماشای کردم و بزەیەکی کرد، دواتر بەرەو لای دۆلابەکە ڕۆیشت و کەمانچەکەی دەرهێنا. ماوەیەک چاوەکانی بەست، دواتر دەستی پێکرد.
بەڕاستی مامۆستایانە لێی دەدا. بەڕادەیەک پەنجەکانی دەجولاند کە مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی تەماشای دەکرد. هەر باسی دەنگەکەی مەکە!
ئەو پیاوە بەو چەند دانە تەلە کاریگەری دەکرد کەوا بێئاگا لە سروشتی خۆم دەردەچووم! ئەوەندە بەسۆزەوە لێی دەدا کەوا خۆم لە هەتیوخانەکە و لەنێوان منداڵەکاندا بینییەوە. دڵم دەیویست زمانم نەجوڵێت تاکو ئەو ساتەی تەواو دەبێت.
بەلام ئەویش وەک هەر شتێکی باشی دیکە بەزووی تەواو بوو.
دەستی مامۆستا لەجووڵە وەستا بەلام دەنگی ئاوازەکە هێشتا لە ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە.
بەڕێز هیدایەت کەمانچەکەی کردەوە دۆلابەکە، کاتێک گەڕایەوە فرمێسکەکانم بەگۆشەی چاوەکانیەوە دەبینی.
دانیشت و چایەکی بۆ خۆی تێکرد.
هیدایەت- تەمەنێک گۆرانی گوتن، تەمەنێک بەسووک تەماشاکردن. بەلام خۆشیان دەیانزانی هونەرمەندین. هونەر بەخششێکە خودای تاقانە بە هەموو کەسێکی نادات.
تەماشام کرد، بەلام هەندێک لە قسەکانی تێنەگەیشتم. خۆی ئاگادار بوو، گوتی:
هیدایەت- سەرت سووڕ دەمێنێت؟ وایە؟ خۆت دواتر هەموو شتێک دەزانیت. لەوانەیە ئێستا کاتی گوتنی ئەو بەشەی داستانی ژیانم بێت کەوا ماوە. کەواتە گوێ بگرە.
تا ئەو شوێنەی بۆم باسکردی ڕۆشتینە عەمبار و کیسەیەک خورمامان هێنا، بردمان بۆ منداڵەکان.
لەدوای ئەوە کارمان ببووە ئەوە. هەفتەی یەک دوو جار دەچووینە عەمبار و هەرچییەکمان دەست بکەوتایە دەمانهێنا بەسەر منداڵەکاندا دابەشمان دەکرد و دەمان خوارد.
بەیانیەکی زوو تازە لەخەو هەستابووین، لەگەڵ خاتوو ئەکرەمی ڕووبەڕی یەکتر بووینەوە. هەر منی بینی گوتی:
ئەکرەمی- کوڕە تۆ هێشتایش ئاژەڵت خۆش دەوێت؟

بیری کارەکەی پێشووم کەوتەوە. بەرقێکەوە تەماشام کرد، زللەیەکی دا لەڕووخسارم. بەشێوەیەک خوێنی لوتم بەربوو. خوێنەکەی بینی وەک ئەوەی ڕازی بووبێ، بزەیەکی کرد و گوتی:

ئەکرەمی- هیچ کاتێک بەو شێوەیە تەماشای لەخۆت گەورەتر نەکەیت.

هەردوو دەستم گرت بەڕووخسارمەوە تاکو خوێن نەڕژێتە سەر زەویەکە، بەڕێکەوتم ڕووخسارم بشۆرم، ئەو باوک سەگە لەپشتەوە قژی گرتم. لەئازاردا سەرم گێژی خوارد! بەشێوەیەک قژی ڕاکێشام کە سوڕامەوە بەدەوری خۆمدا. مشتێک قژ بەدەستیەوە بوو! دڵم سست بوو.

ئەکرەمی- کوڕی زۆڵ! من شێوەی زۆربەی ئەمانەم ناردووە بۆ لای مسگەر. ئاگات لە خۆت بێت!

هیچم نەگوت. ئەم جارە تەماشایشم نەکرد. سەرم داخست تاکو ڕۆیشت. کاتێک ڕۆیشتمە حەوشە ئەکبەر هاتە پێشەوە و گوتی:

ئەکبەر- کام..... بەو شێوەی لێ کردوویت؟ ددانەکانی دەهێنمە دەرەوە! بڵێ ئیشی فلا و فلان لێکرواوە؟

بە هێواشی گوتم:

- خاتوو ئەکرەمی.

هەر ناوی خاتوو ئەکرەمی بیست ڕووخساری بە تەواوی سوور بوویەوە. چەقۆکەی دەرهێنا بوو لە دەستیدا دەیگوشی.

ئەکبەر- سوێند بە عەلی ڕۆژێکم مابێت لە دونیادا دەیکوژم.

بەکورتی منی بردە لای ئاوەکە و بەلۆعەکەی کردەوە و ڕووخساری شۆردم. ئەوانی دیکەش دەوریان دام و هەر یەکەیان پلانیان بۆ خاتوو ئەکرەمی دادەنا. بەلام دەمزانی هەموویان لە دڵەوە دەترسن.

ئەکبەر خەریک بوو هەڕەشەی دەکرد کە یەکێک لە خزمەتکارەکان پێی گوتین کۆببنەوە. خوێنی لوتم وەستابوو. بەڕێ کەوتین و چووینە ناوەڕاستی حەوشەکە.

چەند خولەکێک تێپەڕ نەبوو بوو کە خاتوو ئەکرەمی لەگەڵ خزمەتکارێک کە تەڵەیەکی مشکی وەک قەفەز بەدەستەوە بوو هاتنە حەوشەکەوە. ئەو مشکە بێ زمانە خۆی دەکێشا بە ئەملا و ئەولادا. وەک بڵێی ئەو ئاژەڵە هەستی بە مەترسی کردبوو. کارەکەرەکە ڕۆیست و بە دەبەیەک نەوتەوە گەڕایەوە.

تازە تێگەیشتین ئەو ژنە شێتە چ بیرێکی لەژێر سەردایە!

بە پێکەنینەوە تەماشای ئێمەی کرد و گوتی:

ئەکرەمی- منداڵەکان ئەم نمایشەم بۆ ئامادەکردوون تاکو لە دەستان نەچێت! دواتر دەبە نەوتەکەی کرد بەو مشکە بێ چارەدا. سەرەتا هەندێک لە منداڵەکان پێدەکەنین. بەڵام کاتێک شقارتەکەی داگرساند و لە سەرەوەی قەفەزەکە دای لە مشکەکە هەموویان بێدەنگ بوون. هەموومان لە چواردەوری قەفەزەکە کۆبووینەوە و بە بێدەنگی تەماشامان دەکرد.

مشکە داماوەکە گڕی گرت. تاکو ئێستا شتی لەو شێوەم نەبینیبوو! ئەو ئاژەڵە سەرەتا خۆی دەدا بە قەفەزەکەدا و وەک منداڵ هاواری دەکرد! باوەڕم نەدەکرد ئەو هاوار کردنە لەو ئاژەڵەوە بێت! دواتر لە ناوەڕاستی قەفەزەکە دانیشت و وەک مرۆڤ هەوڵی دەدا ئاگری پشتی بکوژێنێتەوە. ئاگرەکە کەم بوویەوە و ئەو ژنە نەوتی پێدا کردەوە! ئەو بێ زمانە کۆتا هاواری کرد و بوو بە خەڵوز!

ئیتر هیچ یەکێک لە منداڵەکان پێنەدەکەنین. هەندێکیان چاویان بەستبوو هەندێکیشیان دەستیان گرتبوو بە گوێیانەوە. سەرم بەرز کردەوە ئەو ژنە دڵ ڕەقە بە پێکەنینەوە تەماشای منی کرد. نمایشەکە تەواو بوو!

لەدڵی خۆمدا گوتم دەبێت ئاگام لە خۆم بێتم چوونکە گرتبووی بە منەوە. بەلایەوە خراپ نەبوو لە جێگەی ئەو مشکە من بسووتێنێت. ئێستایش کە بیری ئەو ڕۆژەم دەکەوێتەوە دەنگی هاوارە سەرسوڕهێنەرەکەی ئەو مشکە لەگوێمدایە! ژنێکی پیس بوو.

سەرت نەئێشینم سێ ساڵ تێپەڕی. بووم بە دەساڵ. کاری من بوو بووە ئەوەی هەموو ڕۆژێک لەدوای نانی بەیانی بڕۆمە ئەو باخە و بە کەمانچەکەی ڕەزا ڕاهێنان بکەم ڕەزایش هەفتەی دوو جار دەهاتە ئەوێ و وانەی بەمن دەگوت و دەڕۆیشت. ببوومە جێگرەوەی! ڕاهێنان لەدوای ڕاهێنان.

هەموو ڕۆژێک تاکو نیوەڕۆ لەوێ دەبووم و کەمانچەم دەژەند. زۆر شارەزا بوو بووم. خودی ڕەزا بەلایەوە سەیر بوو کە بە ئەو تەمەنەوە ئەوەندە پێش کەوتبووم. هەڵبەتە کاری ئەو سازە تەواو نەدەبوو. لەو ماوەی من دەڕۆیشتمە ئەوێ ئەکبەر ئاگادار دەبوو کە خاتوو ئەکرەمی هەست بەو ڕووداوە نەکات.

ژیان تێدەپەڕی. ڕاستە کە ئێمە لەئەمبار شتمان دەدزی بۆ خواردن، بەڵام هێشتا برسی بووین. ئەگەر شێوەی ئێمەت دەبینی ئەوکات، دڵت دەبووە کەباب بۆمان.

ڕۆژێک نزیکی عەسر بوو کە کوڕێکی سیازدە بۆ چوارە ساڵانیان هێنا بۆ ئەوێ. من لە پاڵ دیوارێک دانیشتبووم و تەماشام دەکرد. نامۆ و غەریب بوو. ئەو دەیویست تەماشای هەموو شوێنێک بکات.





CamScanner

لای کردەوە چاوی کەوتە سەر من، بەئارامی بەرەو لای من هات، کاتێک گەیشتە لای من گوتی:

- تۆ ناوت چییە؟

ناوی خۆم پێگوت.

- تۆ لەهەموو ئەوانەی ئێرە پاکوخاوێن تری. بۆگەنی ئەوانی دیکە هەست پێناکەیت! حەزدەکەم بتگرم و لە باوەشت بکەم. بەمەرج و مروچ!

تەماشامکرد بالای لەمن بەرزتر بوو، وەلامم نەدایەوە.

- ماست لەدەمتدا مەیوە؟! بۆچی لالێت؟

- چیت دەوێت؟

- پێویستی بەشی خۆم!

تۆ یارمەتم بدە، منیش یارمەتیت دەدەم. لەو شوێنەی پێشووتر لێی بووم بەحاجی یاوەرخان بانگیان دەکردم. یاوەرخانی دەست ئالتوون.

ڕوبەڕوو تەماشام دەکرد.

کاتێک تێگەیشت سەر لە قسەکانی دەرناکەم بەدەنگێکی بەرزی ناخۆشی مەشهەدی گوتی:

- لەوانەیە هەستیار نەبووبی؟

دواتر دەستی کرد بەگوێرەویەکەیدا و چەقۆیەکی گیرفانی دەرهێنا و هەلقەکەی لابرد، بەخێرای چەقۆیەکە کرایەوە. ڕەنگم پەڕی! تیغی چەقۆکەی خستەسەر ملم و گوتی:

- ئێستا چی؟ هەستیار بوویت یان ڕووخسارت جوان بکەم! ئەوکاتە دەبێتە مرۆڤ. هەرچیەکم پێگوتی ئاگادار بوونەوەیە! لەم ساتە بەدواوە گوندەی ئێرە منم! بچۆ و ئەمە بە هەمووان بڵێ تاکو ئاگاداربن. هەرکەسێک قسە لەقسەمدا بکات...... دەبم! بۆ ئێمە جیاوازی نیە لێرە بین یان لە زیندان.

تاقەتی شەڕ و تێکهەڵچوونم نەبوو. سەم داخست و ڕێگەم گرتەبەر و ڕۆیشتم. چونکە لەێ ئەگەر دووکەس شەڕیان بکردایە ئەوا هەردووکیان لێدانیان دەخوارد.

حەزم نەدەکرد بەم کارەم ڕووبەڕووی خاتوو ئەکرەمی ببمەوە و بەهانەیەک بدەمە دەستی تاکو ژیانم لەوەی هەیە سەختر بێ. هەر بەو شێوەیەش لەو چەند ساڵەدا هەر دەرفەتێکی دەست بکەوتایە ئازاری دەدام. تائەو کاتە دووجار دارکاری کردبووم. خۆشاردنەوە و بەنهێنی تەماشاکردن کاری خۆی بوو.

ئەو یاوەرخانە چاوی لە ئەکبەر بوو تاکو شوێنەکەی بگرێتەوە. ئەکبەریش

یاسەمین

بەهەمان شێوە لێی نەدەهات. یاوەر لەبەرامبەر ئەکبەردا وەک جوجەڵەیەک بوو.
مەبەستی یاوەر هەر ئەوەبوو کە دەیگوت دەبێت پیاوی من بیت کە من لێی تێنەدەگەیشتم. ئەوەبوو کە گوێم پێنەدا و چووم بەدوای کاری خۆمدا، بەڵام لەدوورەوە ئاگاداری کارەکانی بووم. هەرجارە و سەرکێشییەکی دەکرد.
کاتژمێرێک تێپەڕی، دووبارە هاتەوە لای من و گوتی:
یاوەر- جێگری ئالتوون! من ڕاهاتووم کە هەر ڕۆژە و کەسێک بەشی خۆیم پێ بدات. ئێستا سەرەی تۆیە. پشتی کردە من و لەسەر ئەژنۆ دانیشت لەپاڵ دیوارەکە.
دووبارە گوێم پێنەدا.
هەر لەپاڵ دیوارەکە وەستابووم کە لەپڕ لەجێگەکەی هەستا! یەخەی گرتم و گوتی:
یاوەر- منداڵی جوان لەخۆڕا سەرکێشی مەکە! هەرکاتێک من دەست بۆ کەسێک ڕابکێشم ئیتر کاری تەواوە. بتەوێ و نەتەوێ ماڵی منیت. تازە دەبێت شانازیش بکەیت کەوا لەناو هەموو ئەواندا بەقسمەتی تۆ بووە.
پاشان چەند جارێک پێکەنی و ماچێکی کردم.
خوێن نەدەگەیشت بەسەرم. تاکو ئەمڕۆ لەو جۆرە بەرنامانە لێرە نەبوو! ئەکبەر هەندێک جار بەزۆر کاری بەمنداڵەکان دەکرد، بەڵام نامەرد نەبوو. نەفرەتم لەو جۆرە بەرنامانە دەکرد. تاکە شتێک لەو هەتیوخانەیە نەبوو تەنها ئەمە بوو.
ویستم بۆکسێک بکێشم بەناو چاوانیدا، لە دوورەوە چاوم بەخاتوو ئەکرەمی کەوت. ئاگاداری خۆم بووم بەڵام خۆمم خواردەوە.
ئێوارەبوو کە چووین بۆ نانخواردن، هەرکەسە و نان و چایی خۆی، تیکەیەک نانەکۆنە بەئاوایکی لێڵ لەپەرداخێکدا بەناوی چایی وەرگرت و لەگۆشەیەکدا دادەنیشت. سەرقاڵی نان خواردن بوون کە یاوەر تیکەیەک نانی لە یەکێک لەمنداڵە بچووکەکان بەزۆر سەند. ئەکبەر لەژێر چاوەوە تەماشای دەکرد. هەرئەوەی بینی خۆی گەیاندە لای، تیکەنانەکانی لێ وەرگرتەوە و دایەوە دەستی منداڵەکان. ڕوویکردەوە یاوەر و گوتی:
ئەکبەر- زۆر برسیتە؟
یاوەر هەر بە ئەو دەنگە سەرسەریانەی وەڵامی دایەوە:
یاوەر- بەڵێ تۆ بمری؟
ئەکبەر بەبێ درێژە پێدان گوتی:
- کرمەکانت بمرێ تاکو شەوانە بەئاسوودەیی بخەوی؟



CamScanner

یاوەر سەرەتا لەجێگەکەی هەستا و گوتی:
یاوەر- ئێرە جێگای ئەوە نیە. با بەیانی بێت، دەردەکەوێت کێ بمرێت.
ئەکبەر لەجێگەکەی خۆی هەستا بەڵام چاوی هەر لەسەر یاوەر بوو. خواردنی ئێوارە تەواو بوو، هەمووومان چووینە شوێنی نووسن.
پەتۆیەکی دڕاو و دۆشەکەیەکی کۆنیان بۆ یاوەر هێنا و لە بەردەمیدا دایاننا.
منداڵەکان جێگەیان ڕاخست، یاوەر بەزۆر دۆشەک و پەتۆیەکی بەباشتر گۆڕی، ئەکبەر هیچی نەگوت. یاوەر جێگاکەی لەکەنارێکدا داخست. گڵۆپەکان کوژانەوە و هەمووومان نووستین.
نیو کاتژمێر تێپەڕی بوو کە تەواوی جەستەم ئاگری تێبەربوو! دەستێک هاتە ژێر پەتۆکەم. خۆم ڕانەگرت و مشتەکۆڵەیەکم کێشا بەڕووخساری یاوەردا. هەستامەوە لێی بدەم، ئەکبەرم دیت لەسەر سەری یاوەر بەچەقۆیەکەوە وەستاوە.
ئەکبەر بەدەنگێکی هێواش بۆئەوەی دەنگی نەڕوات گوتی:
ئەکبەر- دایک .... بوو بوو تێگەشتی؟ لەبەرچی حەز بە مەرگی خۆت دەکەیت؟
دواتر یەخەی گرت و لەجێگەکەی بەرزی کردەوە.
پەتۆ و دۆشەکەکەی فڕێدایە بەردەم دەرگاکە و گوتی:
ئەکبەر- ئەم شەو بە هێمنی لێرە لای لایی دەکەیت تاکو سبەی یەکلایت دەکەمەوە. سیکتیر! پاڵێکی پێوەنا بۆ ئەولا. یاوەر کە دۆزەخی بەچاوی خۆی بینی بوو، کەنەفت بوو بوو گوتی:
یاوەر- بە ناموسی زەهرا ئەگەر ئەمشەو لەجێگەکەت هەستێت قیمەت لێ درووست دەکەم.
سبەی بەیانی تاکو یاوەر لە بیناکە هاتە خوارەوە، دارو دەستەکەی ئەکبەر یەخەیان گرت و بردیانە حەوشەی پشتەوە چونکە ئەکبەر لەوێدا چاوەڕێی بوو.
یاوەر زۆر ترسا بوو، دەستی کرد بە باخەڵیدا چەقۆ دەربهێنێت، ئەکبەر ڕێگەی نەدا و تاکو توانی تێهەڵدانی کرد. بەدبەختە هەموو گیانی خوێناوی و خۆڵاوی بوو. کۆتا جار ئەکبەر چەقۆکەی لە باخەڵی ئەودا دەرهێنا و فڕێیدا. دڵم ئاسوودە بوو، دڵیشم پێی دەسووتا.
منداڵەکان بەوشێوەیە لەگۆشەیێکدا فڕێیاندا و بەجێیان هێشت. کاتژمێرێک دواتر لەوێدا خۆی خشاند و وردە وردە توانی هەستێتەوە و خۆی بگەیەنێتە شوێنی ئاوەکە. ئەو خوێنەی بەڕووخساریدا هاتبووە خوارەوە پاکی کردەوە.
خەریک بووم تەماشای ئەوم دەکرد، لەپڕ دەرگا گەورەکەی هەتیوخانەکە

کرایەوە. ئۆتۆمبیلێکی جوان هاتە حەوشە و لەبەردەم پلیکانەکاندا ڕاوەستا. شۆفێرەکە دابەزی و دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە. پیاو و ژنێک کە جلوبەرگێکی زۆر جوانیان لەبەردابوو دابەزین.

هەموو منداڵەکان لەدەوری ئۆتۆمبیلەکە کۆبووینەوە، بریسکەی دەدا! خۆمان لە ئاوێنەکانەوە دەبینی. شۆفێرەکە ئاگادار بوو دەست لەئۆتۆمبیلەکە نەدەین، هەر منداڵێک دەیویست دەستی لێبدات هەڵیدەدا بەلایەکدا.

نیو کاتژمێر تێپەڕی کە باوکە سلێمان هات و گوتی کە هەمووتان ڕیزبن. دووبارە چی بوو؟! خێرا ڕیزبووین. ئەمجارە بەڕێوبەری هەتیوخانەکە خۆی هاتە حەوشەکە! بەدڵنیاییەوە بابەتێکی گرنگ ڕوویدابوو.

کاتێک هەمووان بێدەنگ بووین. گوتی:

بەڕێوبەر- گوێبگرن کەللە کەرانە، ئەو بەڕێز و خانمەی بەو ئۆتۆمبیلەوە هاتوونەتە ئێرە، دەیانەوێت یەکێک لە ئێوە وەک منداڵی خۆیان ببەن. وەک مرۆڤ ڕاوەستن و قسەمەکەن. ئەگەر بەختتان هەبوو، یەکێک لەئێوەیان هەڵبژارد ئەوا خودا بۆ ئێوەی ناردووە. ئیتر ژیانتان بەتەواوی دەگۆڕدرێت. ئەم بەڕێز و خانمە زۆر دەوڵەمەند و میهرەبانن. ئێستا لاڵ بن و وەک منداڵی ئادەمیزاد بەبێدەنگی بووەستن.

هەرلەو کاتەدا ئەو بەڕێز و خانمە لەگەڵ خاتوو ئەکرەمی لەپلیکانەکان هاتنە خوارەوە. پیاو و ژنێکی بەتەمەن بوون و ڕووخساریان میهرەبانانە بوو.

بەبێ ویستی خۆم بزەیەک کەوتە سەر لێوەکانم. هەستێکی سەیرم پەیداکردبوو! نازانم بۆچی بیرم دەکردەوە کە ئەوان من هەڵدەبژێرن. نازانم چۆن بوو! بۆساتێک دڵم لەوێ هەڵکەندرا.

وەک ئەوەی کەسێک پێی دەگوتم تا چەند خولەکێکی دیکە لێرە دەڕۆیت. لەخەیاڵی خۆمدا بینیم کەبوومەتە خاوەنی دایک و باوک وەک ئەو کچە بچووکە، بەجل و بەرگی خانەدانی بۆ ئەملا و ئەولا دەچم و دایک و باوکم ئاگاداری منن.

لەو بیر و خەیالانەدا بووم کە بۆ ساتێک بینیم ئەو خانم و بەڕێزە ڕووبەڕووم وەستاون! تەماشاکردنی خانمەکە زۆر میهرەبانانە بوو، وەک ئەوەبوو کە بەچاوەکانی دڵم بداتەوە.

دوای ماوەیەک تەماشاکردن بەبێدەنگی شتێکی بەپیاوەکە گوت و منی نیشاندا، ئەویش سەری وەک ئاماژەی ڕازیبوون نیشاندا.

هەروەک ئەوە وابوو بەئاسماندا بفڕم. واتە دەکرێت ئەوان منیان هەڵبژاردبێ؟!

خانەکە لەمنی پرسی:

- کوڕی خۆ دەمەویت شتێکت لێ بپرسم؟

ئەواوی لاشەم گوێی دەگرت! پرسی:

- تۆیان تازە هێناوە بۆ ئێرە؟

گوتم- نەخێر خانم. من چەندین ساڵە لێرە دەژیم.

گوتی- ئەی بۆچی ڕووخسار و قژ و جل و بەرگەکانت ئەوەندە خاوێنە؟ چۆنە وەک ئەوانی دیکە ڕووخسارت پیس و پۆخڵ نییە؟ چۆنە کەوا سەرت ئەسپێی تێدا نیە؟

لەو ساتەدا لە دڵەوە نزام بۆ ئەو کچە دەکرد کە پێی گووتبووم دەبێت خۆم بشۆرم و پاک و خاوێن دەربکەوم.

بەکورتی گوتم- لەبەرئەوەیە کە من حەز بەپیس و پۆخڵی ناکەم. خانم من هەردوو ڕۆژ جارێک خۆم دەشۆم! لەبەرئەوەی لەدوای خۆششتن ئەسپێکان دێنەوە لام. بەڵام دەزانن؟ ئەسپێکان حەزیان بەسەری پاک و خاوێنە و دێنەوە بۆلای. بەڵام من دووبارە خۆم دەشۆم.

خانمەکە و پیاوەکەش وەڵامەکەمیان زۆر پێخۆش بوو.

خانمەکە ڕووی کردە بەڕێوبەری هەتیوخانەکە و گوتی:

- جەنابی بەڕێوبەر، ئێمە هەرئەم کوڕە بەڕێزە دەبەین لەگەڵ خۆمان. تکایە کارەکانیمان بۆ جێبەجێ بکە.

حەزم دەکرد باوەش بەهەردووکیاندا بکەم و ماچیان بکەم. حەزم دەکرد بەڕێوبەریش ماچ بکەم! حەزم دەکرد تەنانەت خاتوو ئەکرەمیش ماچ بکەم! هەستم دەکرد ئیتر ڕقم بەرامبەر کەسیان نیە و هەموویانم خۆش دەوێت! لەخۆشیدا خەریک بوو دەفڕیم.

بەڕێوبەر بەرەو ژوورەکەی بەڕێکەوت و خاتوو ئەکرەمی هات بۆلای ئەو خانم و بەڕێزە و گوتی:

- ئەگەر من لەجێگەی ئێوە بوومایە، ئەو منداڵەم هەڵنەدەبژارد.

خانمەکەپرسی- بۆچی؟

خاتوو ئەکرەمی گوتی:

- ئەو منداڵە جۆرێکە! ترسناکە! بەکەڵکی ئێوە نایەت. ئەم منداڵە حەزی لەوەیە شک بگرێت و بیخاتە قەفەزەوە، بۆق دەگرێت و ئەو بێزمانە پارچە پارچە دەکات و دڵیان دەهێنێتە دەرەوە! بەکورتی کوڕێکی شەڕەنگێزە!

لەسەر سوڕماندا زمانم بەسترابوو، تەنانەت نەشم دەتوانی قسە بکەم، تەنها تەماشای خاتوو ئەکرەمیم دەکرد.

ئەم خاتونە میهرەبانە بەبیستنی ئەو قسانە ئاماژەی بۆ مێردەکەی کرد و تەماشایەکی منی کرد، بەرەو ئۆتۆمبیلەکە ڕۆیشت.

تەواوی ئەو خەونانەی کەچەند ساتێک پێشووتر بۆ خۆمم درووست کردبوو لەپێش چاومدا لەناو دەچوو. لە ڕیزەکە چوومە دەرەوە و چوومە لای ئەو خانمە و مێردەکەی و گوتم:

- بەخودا درۆ دەکات. من تەنانەت ئازاری مێروولەیەکیشم نەداوە! بەخودا من منداڵێکی باشم. تکایە چاوەڕێ بکەن، تازە من دەشزانم کەمانچە بژەنم.

بەخێرایی بەرەو دیوارەکە ڕۆشتم و چوومە باخەکەوە. بەخێراییەک کەوا بەلای خۆشمەوە جێگەی سەرسوڕمان بوو ڕام دەکرد. لە ماوەی نیو خولەکدا گەیشتمە ئەو شوێنەی کەمانچەکەم هەلگرتبوو، هەڵمگرت و هەر بە ئەو خێراییەش گەڕامەوە. بەلام کاتێک گەیشتم خانم و پیاوەکە بەئۆتۆمبیلەکەیان لە هەتیوخانەکە چوونە دەرەوە.

هاوارم کرد! باوکە سلێمان دەرگای حەوشەکەی داخست و بەخەمبارییەوە تەماشای منی کرد. کەمانچەکەم بەدەستەوە بوو، هەرلەوێدا وەستابووم و مات و تووڕە تەماشای دەرگای هەتیوخانەکەم دەکرد.

خاتوو ئەکرەمی، ئەو ژنە شەیتانە بەرولای من هات و بزەیەکی سەرکەوتوانەی لەسەر لێوەکانی بوو، زۆر بەخوێن ساردی کەمانچەکەی لەدەست سەندم و دای بەزەویدا!

ئیتر بۆ من جیاوازی نەبوو. ئیتر گریانم نەدەهات. تەنها وەستابووم و تەماشای دەرگای هەتیووخانەکەم دەکرد. هەر بەو شێوەیە بووم نازانم، تەنها کاتێک ئەکبەر دەستی گرتم هاتمەوە سەرخۆم. ئەکبەر منی لەگەڵ خۆی بردە لای ئاوەکە و ڕووخساری شۆردم، دەستی کرد بەدڵدانەوەم. لەڕاستیدا گوێم لەقسەکانی نەبوو، لەخەیاڵی خۆمدا بووم.

بیرم لەخۆم دەکردەوە. لەوەی کە چ ئازارێکی ئەو ژنە تووڕەم دابوو کە ئەوەندە کینەی بەرامبەر من هەبوو. لەگۆشەیێکی حەوشەکەدا دانیشتم و چوومە خەیاڵەوە. خۆم بەجل و بەرگی تازە و جوانەوە دەبینی کە سواری ئەو ئۆتۆمبیلە بووم، خواردنی خۆش دەخۆم. لەشووشە پاکەکانی ئۆتۆمبیلەکەوە تەماشای خەلکی دەکەم.

## بەشی هەشتەم

ئەم خەیالانە نە خاتوو ئەکرەمی و نە هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت لێمی جیابکاتەوە. لەکۆتاییدا ئەم ڕووداوەش وەک ئەوانی دیکە تێپەڕی. بەختم هەبوو لەوەی خاتوو ئەکرەمی تێنەگەیشت کە لەناو باخی هەتیوخانەکە ڕێگە هەیە.

سبەی لەدوای نانی بەیانی ئاگادار کرامەوە. ئەم ژنە شێتە دەست بەردارم نەدەبوو. پرسیاری لێکردم کە ئەو کەمانچەم لەکوێ دەست کەووتووە؟ جگە لە بێدەنگی وەڵامی دیکەم نەبوو. ئەو سەگ بابە بە خزمەتکارێکی گووت من بباتە چاڵی ڕەش!

تەواوی لاشەم دەلەرزی. چاڵی ڕەش جێگەیەکی زۆر ترسناک بوو. تاکو ئێستا نەبیسترابوو کەس لەو شوێنە هاتبێتە دەرەوە. یەک دووانێک لە منداڵەکان بە بڕیاری ئەو عیفریتە بردرابوونە چاڵی ڕەشەوە بەڵام ئیتر نەبینرابوونەوە.

هەڵبەتە دواتر بەهەمووانیان دەگوت کەوا ئەوانیان دەرکردووە، بەڵام ئێمە باوەڕمان نەدەکرد. کاتێک زانیم دەیانەوێت من ببەنە ئەوێ، لەترساندا ئەژنۆکانم دەلەرزین، لەوساتەدا نەم دەتوانی پەنا بۆ هیچ کەسێک ببەم. بۆساتێک ناوی خودا هاتە پێش چاوم تەنها لەدڵمدا گوتم:

- خودایەگیان یارمەتم بدە! من لەچاڵی ڕەش دەترسم.

هێشتا نزاکەم تەواو نەکردبوو کە باوکە سلێمان هاتوو گوتی:

- من ئەو کەمانچەم پێی داوە.

ئەو عیفریتە تەماشایەکی باوکە سلێمان و دواتر تەماشای منی کرد و هیچی نەگوت، دواتر ڕۆیشت. دووبارە هیوا گەڕایەوە دڵم! کەواتە خودا فەرامۆشی نەکردووم!

حەزم دەکرد دەستی باوکە سلێمان ماچ بکەم. سۆزی ئەو پیرەمێردە لەوکاتەدا وەک کانیاوێک بوو لەکاتی تینوێتیدا خەریکە بخنکێنیت! خودا لێی خۆش بێت. ئەو ڕۆژە ڕزگاری کردم.

دوو ڕۆژ تێپەڕی. کاتێک ئاوەکە لە ئاڤگەکە هات، بەرەو لای باخەکە ڕۆیشتم. هەمیشە کاتێک دەهاتمە ئێرە، بە عیشقی ڕاهێنانکردن بەکەمانچە بوو. ئێستا ئیتر بەچ هیوایەکەوە بهاتمایە؟ بەچ ڕوویەکەوە بەڕەزا بڵێم ئەو عیفریتە سازەکەی شکاندووە.

لەو بیرکردنەوانەدا بووم. ڕەزام ڕووبەڕووی خۆم بینی. بەشەرمەوە گوتم:

- ڕەزا دەمەوێت شتێکت پێبڵێم.

ڕێگەی نەدام قسە بکەم و گوتی:

ڕەزا- خۆم هەموو شتێکم بینی.

بەسەر سوڕمانەوە تەماشام کرد.

ڕەزا- کەمانچەیەکی نوێم بۆ هێناوی، ئاگاداربە ئەمەیان هیچی لێ نەیەت.

دواتر دەستی هێنا بەسەرمدا و گوتی:

ڕەزا- دڵدانەوەت ناکەم تۆ خۆت ئازار دراوی و ئاشنای بەخەم و پەژارە. ئیتر بیری لێمەکەرەوە.

ئەوانەی گوت و ڕۆیشت. مرۆڤێکی سەیر و سەمەرە بوو. بەخودا لە هەزار ئاقڵ ئاقڵتر بوو. هەستام و بەدوای کەمانچەکەدا گەڕام، لەناو سندوقێکدا دەرمهێنا و بۆماوەیەک تەماشام کرد. دواتر دەستم کرد بەلێدانی.

دەنگی سازەکە هات، برینم تازە بووە و هەنسکم دەدا. ئەوکاتە گریانم دەستی پێکرد.

سەرت نەیەشێنم سێ بۆ چوار ساڵ تێپەڕی بەڵام چ تێپەڕ بوونێک! هەر وەک ئەو شیشەی لەکەباب دەردەهێنرێ، لەو ماوەیەدا هەستم دەکرد لەناخمدا شتێک شکاوە و لەناو چووە. ئەوکاتە ئیتر نزیکەی سیازدە ساڵانم بوو. بەرنامەی هەتیوخانەکە وەک پێشوو بەردەوام بوو.

هەرکاتێک خاتوو ئەکرەمی منی دەبینی زەردەخەنەیەکی سەرکەوتووانەی دەخستە سەر لێوی. وەک ئەوە بوو دەیویست بەزمان و جەستە لەمن بگەیەنێت ئەوە ئەو ببووە ڕێگری خۆشبەختی من. هەڵبەتە بۆ من جیاوازی نەبوو تاکو ئەو ڕووداوە ڕوویدا.

یاوەر بەبێ هیچ هۆکارێک تەڵەی بۆ دەنایەوە، واتە تەڵەی بۆ ئەکبەر دەنایەوە.

ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ بوو کەوا دەستەکەی ئەکبەر بەترسەوە هاتنە لای من و گوتیان کە خاتوو ئەکرەمی لەگەڵ دوو لەکرێکارەکان، ئەکبەریان گرت و بردیان بۆ ژووری بەڕێوەبەر و دواتریش بۆ چاڵی ڕەش. دڵم بەپەلە لێی دەدا.

باوەڕ لەبەرئەوەی کینەی بەرامبەر ئەکبەر هەبووە نەیتوانیوە ئاگاداری خۆی بێت، ئەو شوێنەی خواردنەکانمان لە عەمبار دەهێنا و بەشی خۆمان بەئەو دەدا، لەوێدا تەڵەی بۆ ئەکبەر دانابوو. هەمیشە ئەکبەر خواردنی دەدا بەمنداڵەکان، بۆیە بیریان دەکردەوە بەتەنها ئەکبەر ئەو کارەی کردووە.

کارێکم لەدەست نەدەهات و خۆشم ترسابووم. ئەگەر ئەکبەر یەک وشەی دەربارەی من دەگوت کارم تەواو بوو. بە ئەو دوژمنیەی کە ئەکرەمی لەگەڵ من هەیبوو، گیانم لەدەستی ڕزگاری نەدەبوو.

ڕۆشتمە گۆشەیکی حەوشەکە و لەکەناری دیوارێکدا دانیشتم. خەریک بووم خۆم ئامادە دەکرد، بەڵام لەدڵی خۆمدا دەمگوت ئەکبەر کەسێک نیە کەوا من بەدەستەوە بدات.

خۆرئاوا بوو، کاتی نان خواردن هەموو منداڵەکان بەڕووداوەکەیان زانیبوو. نان و چایی ئێوارەمان بەبێدەنگی و خەمەوە خوارد و دواتر چووینە ژووری نوستن، جێگەمان ڕاخست و نوستین.

خەیاڵی ئەوەی ئێستا ئەکبەر لە چ باروودۆخێکدایە ڕێگەی نەدەدا چاوم لێک بنێم. ڕووخساری ئەکبەر دەهاتە پێش چاوم. دەم هێنایە پێش چاوی خۆم کەوا لەتاریکایی چاڵی ڕەشدا لە چ باروودۆخێکدایە. نەمدەتوانی تاقەت بگرم، ئارامم گرت تاکو کاتژمێرێک تێپەڕێت و هەموویان خەویان لێبکەوێت.

جەستەم وەک دارچنار دەلەرزی، لەڕێڕەوەکەدا هیچ کەسێکی لێ نەبوو. تاریک تاریک بوو. گەڕامەوە و لەژووری نووستندا مۆمێکم هەڵگرت و دووبارە هاتمەوە دەرەوە. ڕاڕەوەکەم تێپەڕاند و لەپلیکانەکان چوومە خوارەوە، وادیار بوو پلیکانەکان تەواو نەدەبوو! هەرچەندە لەژێر زەمینەکە نزیک دەبوومەوە دڵم زیاتر بەپەلە لێی دەدا و قاچەکانم هێواشتر دەبووەوە. دەمزانی چاڵی ڕەش لەکوێیە! لەکۆتایی ژێر زەمینەکە دە پلەی دیکە دەچوویتە خوارەوە.

بەرەولای ڕۆشتم، کەلێی نزیک بوومەوە لەگۆشەیکدا وەستام و گوێیەکانم کردەوە، هیچ دەنگێک نەدەهات. بەئارامی لەپلیکانەکان چوومە خوارەوە و یەک بەیەکی پلیکانەکانم ژمارد. لەکۆتا پلیکانە ترسم لێ نیشت و پەشیمان بوومەوە ئەوەندەی نەمابوو بگەڕێمەوە.

منداڵەکان دەربارەی چاڵی ڕەش شتی زۆر ترسناکیان دەگێڕایەوە. بەشێوەیەک لەو شوێنە دەترساین کە تەنانەت ناوەکەشی بەس بوو بۆئەوەی گیانمان بهێنێتە لەرزین. ئێستا خۆم لەوێ بووم، لەبەردەم دەرگای چاڵی ڕەش! دەمویست بگەڕێمەوە، بەڵم هاوڕێیەتی ئەکبەر منی گێڕایەوە.

کوتا پلیکانە کە چوومە خوارەوە، ناتوانم بارودۆخی خۆمت بۆباس بکەم. کوڕێکی تەمەن سیازدە ساڵ، لەبەردەم دەرگای شوێنێک ئەوەندە بەسەرهاتی ترسناکیان باس دەکرد، بەهێمنی چەند جارێک ناوی ئەکبەرم هێنا بەلام کەس وەلامی نەدایەوە.

وادیار نەبوو ئەکبەر لەوێ بێت؟! بەلام تاکو دەرگاکەم نەکردایەتەوە، ترس و گومان وازی لێ نەدەهێنام. ئیتر خۆم ڕانەگرت و کلیلەکەم دەرهێنا و قوفڵەکەم کردەووە. دەرگاکەم کە کردەوە بەدەنگێکی خراپ کرایەوە.

چەند ساتێک ئارامم گرت تاکو بزانم دەنگ دێت یان نا! بەلام دەنگێک نەبوو. بەبێدەنگی چوومە ناو چاڵی ڕەشەوە. هەرساتێک چاوەڕێم دەکرد مارێک یان دووپشکێک یان جنۆکەیەک یان دێوێک! بەکورتی هەرشتێکی ترسناک کەوا دەمزانی لەبەردەممدا سەوز بێت. بەلام نەوەک تەنها لەیەکێک لەوانە دەنگێک نەبوو بەڵکو بچووکترین دەنگیش نەدەهات.

مۆمەکەم داگیرساند، لەساتی یەکەمدا حەزم دەکرد ئەو چاڵە ڕەشەی ئەوەندە باسی دەکەن ببینم، تاکو ئەو شوێنەی مۆمەکە ڕووناکی دەکردەوە تەماشام دەکرد چاڵی ڕەش ژوورێکی تاڕادەیەک گەورە بوو، بەخشتی کەڕووداری و هەندێک دار و تەختە. هەرئەوەندە بوو. نە هەواڵێک لە ئەژدیها هەبوو نە مار و دووپشکێک.

کەمێک هێز هاتەوە بۆ دڵم و خەیاڵیشم ئاسوودە بوو. پێشووتر بیرم دەکردەوە ئەگەر دەرگاکە بکەمەوە، ئەکبەر دەبینم کە بەزنجیر بەستراوەتەوە و هەڵواسراوە.

ئێستا دەمتوانی بەخەیاڵی ئاسوودەوە بگەڕێمەوە. کاتێک هاتمە دواتر، نوکی پێم لەشتێک گیر بوو! مۆمەکەم ڕووکردە خوارەوە کە چیم بینی؟!

ئەکبەر لەبەردەممدا لەسەر زەویەکە پاڵکەوتبوو. هەناسەم گیرا و مۆمەکەم لەسەر زەویەکە دانا. دەستمکرد بەجوڵاندنی ئەکبەر، بەلام هەرچیەکم دەکرد نەدەجولایەوە. سەرم خستە سەردڵی، هیچ دەنگی لێ نەدەهات. ڕوومکردە سەری ئەکبەر ئیتر هەناسەی نەدەدا.

مۆمەکەم هەڵگرت و نزیکی ڕووخساریم کردەوە، لەلایەکی سەری ئەکبەر خوێن هاتبوو لەسەر زەویەکە ڕژابوو. کراسەکەی دڕابوو تەواوی ڕووخساریشی

یاسەمین

رووشابوو. دەوری یەکێک لەچاوەکانی شین بووبووەوە، مۆمەکەم بردە خوارتر، ئەو منداڵە داماوە پێش ئەوەی بکوژرێت بەقاچەکانیدا دیاربوو دارکاری کرابوو. باوەڕم نەدەکرد کەوا ئەکبەر مردبێت، بەڵام ڕاستی بوو! مۆمەکەم نزیکی ڕووخسار و دەمی کردەوە بچووکترین هەناسەشی نەدەدا.

ئێتر باوەڕم کرد ئەو ژنە ڕەوشت ئاژەڵییە ئەکبەری کوشتووە. بۆ ساتێک بەئاگا هاتمەوە کە لەوێدا بەتەنهام، خەریک بوو لەترساندا جەڵدە لێی دەدام. بیری لێبکەرەوە منداڵێکی سیازدە ساڵان لەژێر زەمینێکی تاریکدا، لەگەڵ مردوویەکدا، ئێستا دەبێ بیر لەوەش بکەیتەوە مردووەکە هاوڕێتە یان کەسێکی نەناسراو.

وەک بروسکە هەستام و لەوشوێنە هەڵهاتم، دەرگای پشتەوە داخرابوو منیش هەوڵم دەدا بیکەمەوە. بەهەر بێچارەیەک بوو دەرگاکەم کردەوە و بەپلیکانەکاندا چوومە سەرەوە و ڕێڕەوەکەشم تێپەڕاند.ویستم لەپلیکانەکانی ڕاڕەوەکە بچمە سەرەوە، دەنگێک لەسەرەوە هات!

دەبوایە زۆر بەخێرایی لەو شوێنە هەڵبهاتمایە. کە گەیشتمە سەرەوە بەپلیکانەکاندا ئەکرەمی هاتە بەردەمم، بەبێ ویستی خۆم کەوتم بەزەویدا. سەرم بەرز کردەوە و تەماشامکرد، شێوەی وەک ئاژەڵێکی دڕندە بوو! چاوەکانی سور هەڵگەڕابوو.

بەچنگ قژمی گرت و بەزۆر بەرزی کردمەوە و گوتی:

ئەکرەمی- هاتووی بەدوای هاوڕێکەتدا؟ وەرە بتبەم بۆ لای! بەیانی هەردووکتان دەبەم بۆ مەسگەر ئاباد.

بۆساتێک هەستم کرد ئێتر لێی ناترسم، زۆر بەخوێن ساردییەوە بەڵام بەنەفرەتەوە تەماشام کرد. ئێستا ئێتر زۆر لەوە گەورەتر ببوم تاکو ئەو ژنە بتوانێت دارکاریم بکات.

ئەم جارەیان من پێکەنینێکی ژەهراویم بۆکرد! باڵامان بەنزیکی وەک یەک بوو، لەوانەبوو خۆشی ئەو هەستەی کردبێت. هێشتا قژم لەناو دەستەکانی بوو. بە هەر دوو دەستم قژیم گرت و ڕامکێشا. ئەویش هەمان کاری کرد. هەردووکمان خەریک بووین قژی یەکترمان بەتووندی ڕادەکێشا بەڵام هیچ کامێکمان دەنگمان لێوە نەدەهات.

هەرلەو ساتەدا تەواوی ئەو ئازارانەی کە لە ئەو چەند ساڵەدا بەئێمەی چەشتبوو هاتەوە خەیاڵم. بینیم کەوا خەریکە پێدەکەنێت! ئارام ئارام قاچەکانی لەژێر دەستمدا سست بوو، لەبەردەممدا چەمایەوە! تازە ئەوکاتە لەوە گەیشتم ئێمە و منداڵەکان

لەکێ ترساووین!

ئیتر دەستی لە مووەکانم جیا بووەوە و لەدوای چەند جارێک هەوڵدان و ئەملا ئەولا کردن، فرمێسک لە چاوەکانی هاتە خوارەوە. ئەویش وەک من زمانی بەسترابوو، بەهۆی ئەو ئازارەی دەیکێشا نە هاواری دەکرد و نە دەیقیژاند.

بۆساتێک دڵم بۆی سوتا و وازم لێی هێنا. گەڕامەوە لەپلیکانەکان بڕۆمە سەرەوە لەپشتەوە دووبارە قژمی ڕاکێشا. بیری چەند ساڵێک پێش ئێستام کەوتەوە کەوا هەمان ئەو شتەی لەگەڵ کردم. گەڕامەوە و بەمشتەکۆڵەیەک دام بەڕووخساریدا. بەهۆی ئەو لێدانەوە لەپلیکانەکان کەوتە خوارەوە، ئیتر چاوەڕێم نەکرد تاکو بزانم چی ڕوویدا. بەخێرایی چوومە جێگەی نووستنەکەم.

ئەگەر بڵێم تاکو بەیانی چیم کێشاوە باوەڕناکەیت. لەلایەک پەژارەی ئەکبەر و لەلایەکی دیکەش لە ترسی ئەو تۆڵەیەی کەوا بەدڵنیاییەوە سبەی ئەکرەمی بۆی ئامادەکردبووم، خەو لە چاوەکانم تۆرا بوو. سبەی خۆم ئامادەکرد وەک ئەکبەرم لێبکەن.

کاتێک لەخەو هەستاین لەناو بینایەکە جموجوڵی زۆر هەبوو، هەمووومان چووینە دەرەوە. بەهەمووانیان گوت لەحەوشەکەدا ڕیز ببین. نیو کاتژمێر دواتر بەڕێوبەر هات! لەکاتێکدا خۆشحاڵیم لەچاوەکانیدا دەبینی بەشێوەیەکی خەم گینانە گوتی:

بەڕێوبەر- دوێنێ شەو خاتوو ئەکرەمی بەهۆی هەڵخلیسکانەوە لە پلیکانەکان سەری کێشاویەتی بەپلیکانەکاندا و مردووە!

دەستی کرد بە باسکردنی خزمەتەکانی ئەو ژنە خوێنمژە و پێیدا هەڵدەدا. بەڵام دەربارەی کوشتنی ئەکبەر هیچی نەگوت. تێگەیشتم کە بابەتەکەیان پەردە پۆش کردووە.

هەر لەوکاتەدا تێگەیشتم کەسێکم کوشتووە! ڕاستە کە ئەو مرۆڤ نەبوو، منیش بە مەبەست ئەو کارەم نەکرد و خۆشی مرۆڤێکی لێزان بوو. بەڵام هەرچیەک بوو من ئەوم کوشتبوو ببوومە بکوژ!

قسەکانی جەنابی هیدایەت کە بەئێرە گەیشت بێدەنگ بوو. بۆ چەند ساتێک چاوەکانی بەست و جگەرەیەکی داگیرساند پاشان سەری داخست. کاتی ئەوە بوو بەتەنها بەجێی بهێڵم. بەئارامی هەستام و لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە. کاتێک نزیکی دەرگای باخەکە بوومەوە، دەنگی خەمگینی کەمانچەکەیم دەبیست کە بەسۆزێکی تایبەت لێی دەدا.

گەڕامەوە و تەماشای باڵەخانەکەم کرد، تەلا لەبەردەم دەرگای باڵەخانەکە

وەستابوو. لەوانەبوو ئەویش تێگەیشتبێت  خاوەنەکەی چەندە بەخەمەوە ساز لێدەدات.

کاتژمێر نزیکی شەش و چارەک بوو کە گەیشتمە ماڵەوە. زۆر بەخێرایی خۆم شۆرد و خۆم ئامادەکرد تاکو جلەکانم لەبەر بکەم.

کاوە دای لەدەرگا و دەرگاکەم کردەوە.

کاوە- سڵاو بێ هەست و سۆز! هەر ناڵێی هاوڕێیەکم هەیە؟ لەکوێیە؟ لەکوێ نیە؟

- سڵاو وەرە ژوورەوە.

کاوە- هەر ئەوەندە؟ دوای نیوەڕۆ لەکوێ بووی؟

- سەرێکم لە جەنابی هیدایەت دا، بۆچی؟

کاوە- بەڵام کاتژمێر چوار هاتم لێرە نەبووی. ئامادەی؟

- بەڵێ. ئێستا جلەکانم لەبەردەکەم. دایک و باوکیشت دێن وایە؟

کاوە- باوکم بەڵێ. بەڵام دایکم نا. گوتی خانمی ستایش لەوێ نەبێ بۆچی بێم.

جلەکانم لەبەرکرد و لەگەڵ کاوە لەماڵ هاتینە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبیلی کاوە بووین.

- لە جێگەیەک ڕایبگرە، دەمەوێت گوڵ بکڕم.

کاوە- وازی لێبهێنە. ئێستا یەکەم جارە و نایەوێت گوڵ بکڕێت. یەکەم جار لەوانەیە مامەڵەکەمان ڕێک نەکەوێت و بوکەکەش بەکەلک نەیەت. حەیفە! پارەکەت بەفیڕۆ دەچێت.

- سەیرکە، دەتوانی تەنها ئەمشەو ئاگاداری خۆت بیت و گاڵتە نەکەیت؟

کاوە- من قسەنەکەم دەمرم.

- من نەمگوتووە قسەمەکە، گوتوومە گاڵتە مەکە. لێرەدا ڕاوەستە. ئەوە گوڵفرۆشییە.

پێکەوە دابەزین و چووینە ناو گوڵفرۆشییەکەوە.

کاوە- سڵاو بەڕێز ببورە، چەپکێک گوڵم دەویست کە هەم جوان بێت و هەم تازە و هەمیش هەرزان بێت.

پیاوی گوڵفرۆش کە دیاربوو ئەسفەهانی بوو بەزمانێکی شیرین پرسی:

- سەرەتا بڵێن بۆ چ بۆنەیەکتان دەوێت؟

کاوە- بۆ کوڕی خەتمی قورئان!

گوڵفرۆش- باشە تەشریف ببەنە ئەو پارکەی سەر کۆڵانەکە، ئەو تایبەتمەندیانەی

گوڵ کە گوتتان تەنها لە پارک پەیدا دەبێت. ئەگەر زەحمەت بکێشن و بچنە ئەوێ ئەوا بەخۆڕایش دەستان دەکەوێت. تەنها ئەوکاتەی گوڵ دەچننەوە ئاگاداری باخەوانی پارک بن. دەڵێن کەسێکە زۆر ڕەوشتی خراپە!

کاوە- ناکرێت. بەڵام ئەم هاوڕێیەی من پیاوی دزی نییە.

گوڵفرۆش- دەی لەوانەیە ئەو ئۆتۆمبیلە جوانە ئێوە خاوەنی بن؟

هەرلەو کاتەدا، کاوە کە لە گاڵتەکردن بەو گوڵفرۆشە خۆشی دەبینی خەریک بوو پێدەکەنی، دانەیەک لە گوڵەکانی هەڵکەند و لەنێوان لێوەکانی داینا.

گوڵفرۆش- تکادەکەم ئەگەر حەزدەکەن تەماشای گوڵەکانی دیکە بکەن، بەدڵتان دەبێت. ئەو قەوزانە تامی زۆر خۆشترە.

بە قسەکانی گوڵفرۆشەکە کاوە لە پێکەنیندا دەکوکی.

- بەڕێز ببورە. ئێمە پەلەمانە. تکایە چەپکێک گوڵە باخمان بۆ بپێچەرەوە.

گوڵەکان زۆر جوان بوون، هەڵمان گرتن و بەرەو ماڵی فەرنوش بەڕێکەوتین.

- مەگەر بڕیار نەبوو ئەمشەو گاڵتە نەکەیت؟

کاوە- ببورە، نەمزانی کەوا گوڵفرۆشەکە باوکی خانمەکەی ئێوەیە!

- دڵم دەڵێی خوێی پێدا دەکەن.

کاوە- ڕاست دەکەیت، دەبێت دڵت خوێی پێدابکەن.

- بەڕاستی وا دەڵێی؟

کاوە- بەڵێ ئیتر. هەرکەسێک دەستی بەخۆی بکات و خۆی بێچارە بکات، بەو جۆرەی لێ دێت! ئاساییە.

- یەک جار بووە تۆ لەژیانتدا قسەیەکی درووست بکەیت؟

کاوە- نا! لەخەیاڵم نیە.

گەیشتینە بەردەم دەرگای ماڵی کاوە.

- بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟

کاوە- دەمەوێت دادیم سواربکەم. ئەگەر پێت ناخۆش بێت سواری ناکەم. ئەوکاتە کەسێک نابێت سەری بەڕێز ستایش گەرم بکات، ئێوەش بتوانن بەبێ بێزارکەر قسەبکەن!

- بێ ڕەوشت.

چەند خولەک دواتر لەگەڵ باوکی کاوە گەیشتینە ماڵی فەرنوش. لەدەرگامان دا و چووینە ژوورەوە. یەکەم جارم بوو.

ماڵەکەیان حەوشەیەکی بوو کەوا بیر دەکەمەوە هەزار مەتر دەبوو. لە لایەکی

حەوشەکە جگە لە ئۆتۆمبیلەکەی فەرنوش، دوو ئۆتۆمبێلی کەشخەی دیکە وەستابوو. بیناکەشیان زۆر گەورە بوو. خەریک بوو پەشیمان دەبوومەوە کە کاوە دەستی گرتم و ڕای کێشام.

هەرلەو ساتەدا گوێم لەدەنگی فەرنوش بوو کە سەلامی کرد، تەماشام کرد، دڵم گەرم بوو!

لە هەمووکاتێک جوانتر بوو. پۆشاکێکی ڕەشی زۆر جوانی لەبەرکردبوو، مووە ڕەش و درێژەکانی زۆر بەسادەیی بەدەوریدا شۆڕ بووبووە و گوڵەباخێکی سوری دابوو لە قژەکانی. بەزەردەخەنەوە کە هەزار جار جوانتری دەکرد بەرەو ڕووم هات.

فەرنوش- سڵاو، زۆر بەخێر هاتن. بفەرموون. خاتوو بەرومەند بۆچی تەشریفیان نەهێناوە؟

جەنابی ستایش لەگەڵ ژاڵە بۆ پێشوازی ئێمە هاتن و جگە لە من و فەرنوش هەموویان چوونە ژوورەوە، بەڵام ئەو دووانەمان بەتەنها لە حەوشەدا ماینەوە.

فەرنوش- ئافەرین، لەکاتی خۆیدا هاتی.

- هەرجارێک کەوا ئێوە دەبینم، لەجارەکەی دیکە جوانترن.

فەرنوش پێکەنی و گوتی- دووبارە گوتت ئێوە.

ئەوەندە شڵەژام و دەست و پێم ون کرد هەر مەڵێ.

فەرنوش- ئاسوودەبە من لێرەم.

- کێشەکە ئەوەیە کە تۆ لێرەی. واتە لەم ماڵەدا و بەو شێوەیە! ئەگەر تۆ کچی خانەوادەیەکی ئاسایی بوویتایە، زۆر باش دەبوو.

فەرنوش- بڕیار بوو بیر لەوشتانە نەکەیتەوە.

- مەگەر دەکرێ؟ بەڵام دەزانیت؟ ئێوە زۆر دەوڵەمەندن! مرۆڤ بیری ئەو فیلمانەی دەکەوێتەوە کە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندن کە کێڵگە و باخ و ئەسپ و لەوجۆرە شتانەیان هەیە.

فەرنوش دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی:

فەرنوش- دەزانی بەچ شتێک پێدەکەنم؟

- بەدڵنیاییەوە بە بارودۆخ و ڕۆژی من پێ دەکەنیت.

فەرنوش- نەخێر، ئەوە چ قسەیەکە؟! بەوە پێکەنینم هات کە من ئەسپێکی جوانم هەیە. هەڵبەتە لێرە نیە، لە باخەکەمانە لە باکور.

بەسستی تەماشام کرد و گوتم:

- ئەگەر دەمزانی، هەر ئەو شەوەی کەدات لە جەنابی هیدایەت، بەجێم دەهێلای و دەرۆشتم.
فەرنوش- دلت دەهات؟
- دلم نەدەهات کە ئێستا لێرە بێکار وەستاوم.
هەر لەوکاتەدا کاوە لە بیناکە هاتە دەرەوە و گوتی:
کاوە- لەبەرچی ئێوە نایەن؟ من ئیتر قسەیەکم نەماوە بلێم بەجەنابی ستایش و سەری گەرم بکەم. ئێستا بیری دەکەوێتەوە و بەدوای کچەکەیدا دەگەڕێت.
فەرنوش دەستیکرد بەپێکەنین و بەرەو لای ژاڵە کە لە سەر پلیکانەکان وەستابوو ڕۆشت.
- ونبە کاوە.
کاوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و نزیکی من بووەوە و گوتی:
- چیتە ئەوە؟ بۆچی ڕەنگت پەڕیوە؟
- شتێکی گرنگ نیە. خەریک بووم تەماشای ئێرەم دەکرد.
کاوە- بەلێ. مالی ئەمان کەمێک لە ماڵەکەی تۆ گەورەترە. نزیکەی ١٩٩٤ مەتر!!!
- زۆر قسە خۆشی!
کاوە- بەلام دلگران مەبە. دەلێن جەنابی ستایش توشی شکست بووە و بڕیارە تەواوی ئەم ماڵ و ژیانەی دەستی بەسەردا بگرن. ئەوکاتە دەبێتە یەکێکی وەک خۆت!
- کاوە بەڕاستی خەریکە پەشیمان دەبمەوە.
کاوە- تۆ کە ترسنۆک نەبووی؟
- ئەمە پەیوەندی بەترسەوە نییە. بابەتەکە شتێکی دیکەیە.
کاوە- خۆت دەزانی. بەلام ئێستا ئیتر بۆ پەشیمان بوونەوە درەنگە. چەند جار گوتم دەست لەسەر ئەم فەرنوش خانمە هەلبگرە! چەند جار گوتم لە بەرەکەی خۆت زیاتر پێت ڕامەکێشە! چەند جار گوتم کۆتر لەگەل کۆتر و باز لەگەل باز!
- ئەگەر شتێکم لەدەست بووایە ئێستا لە سەرتدا وردم کردبوو کاوە خان!
هەر لەوکاتەدا فەرنوش بەرەو ڕووی من هات و گوتی:
- بەهزاد خان ئێوە پێلاوەکانتان توندە! من بەستم. نایەیت بچینە ژوورەوە؟
هەموومان چووینە ژوورەوە.
خانووەکە چیتان بۆ باس بکەم، کۆشک بوو. دوو بالکۆن بەپلیکانەی فراوان لە دوولای هۆلەکەوە بەیەکتر دەگەیشتن. ئاگردانێکی زۆر جوان لە ناوەڕاستی هۆلەکە

بوو. چەند دانە مۆبیل لەناو هۆڵەکە بوو. ناو ماڵەکە هەمووی فەرشی ئاوریشمی بوو. بەکورتی ماڵەکە بەڕادەیەک گەورە و جوان بوو کە مرۆڤی سەرسام دەکرد.
هەر لەوکاتەدا کاوە بەگوێمدا چرپاندی:
کاوە- ئیتر لەمە بەدواوە نانت کەوتوتە ڕۆنەوە! من لەجێگەی تۆ بوومایە، وازم لە وانەکانم دەهێنا و تاکوتایی ژیانم دەمخوارد و دەخەوتم و.......
- مردووشۆر بیرکردنەوەت ببات کاوە.
کاوە- بێچارە پێڵاوەکانت دانەکەنی ها! لەم جۆرە شوێنانە بەپێڵاوەوە دەچنە ژوورەوە.
گەڕامەوە و زەق زەق تەماشام کرد.
بەڕێز ستایش- کاوە خان چی دەچرپێنی بەگوێی بەهزاد گیاندا؟
کاوە- خەریکم پێی دەڵێم، خۆزگە دەکرا پەیکەری جەنابی ستایش بتاشن و بیهێن بۆ مەیدانی تەجریش!
هەموون دەستیان کرد بەپێکەنین و لە دەوری ئاگردانەکە دانیشتین.فەرنوش لەپاڵ مۆبیلەکەی من دانیشت و کاوەش ڕووبەڕووی من.
هەرکە دانیشتین، خزمەتکارێک بەجلوبەرگی تایبەتەوە کە زۆر زۆر پاک و ڕێک پۆش بوو، کاکاو یان نازانم نیسکافەی بۆهێنایین. کاتێک فەرمووی لێکردم و خەریک بووم کوپەکەم هەڵدەگرت، بێ ویستی خۆم واهەستم دەکرد کەوا لەوانەیە تا ماوەیەکی دیکە منیش کەسێکی وەک ئەوم لێبێت و خزمەتی خانەوادەی ستایش بکەم!
بۆ ساتێک هەستمکرد کە تەواوی خەمەکانی دونیایان ڕشتووەتە ناو دڵم. لەوانەبوو کاوە ئاگادار بووبێ، چونکە ئاماژەی بۆکردم. وەڵامم بەسەر دایەوە و چوومە خەیاڵەوە. یەک دوو خولەک ئاگاداری هیچ شتێک نەبووم، فەرنوش بانگی کردم.
فەرنوش- حاڵت باشە بەهزاد؟
- ببورن، خەریک بووم بیرم دەکردەوە. لەم ماڵەدا چەند خزمەتکارتان هەیە؟
فەرنوش- بەهزاد تکا دەکەم!
- چەند دانە؟
ساتێک خۆی ڕاگرت و دواتر بە ناچاری گوتی:
فەرنوش- بە شۆفێرەکەوە چوار دانە. بەهزاد تکادەکەم بیر لەو شتانە مەکەرەوە.
- باشە، هەوڵی خۆم دەدەم.

فەرنوش- ئەو تابلۆیە ببینە. قەشەنگە؟ وایە؟
- بەڵێ. بێگومان دە ملیۆن تمەن نرخەکەیەتی؟
فەرنوش- مەبەستم ئەوەبوو کە خۆم کێشاومە. کاری خۆمە!
ماوەیەک بەسەرسوڕمانەوە تەماشای تابلۆکەم کرد و دواتر گوتم:
- داوای لێبوردن دەکەم. نەمدەزانی کە هونەرمەندی.
هەستام و بەرەو تابلۆکە ڕۆیشتم. قەشەنگ بوو. فەرنوش لەگەڵم هات و لەپاڵما وەستا. دیاربوو چاوەڕێی بیروڕای من بوو.
فەرنوش- باش؟!
- باش چی؟!
فەرنوش- واتە چۆنە؟ بەڕاستی بیڵێ.
- وەک تەواوی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەتۆوە هەیە قەشەنگ و جوانە.
فەرنوش- بەهزاد تۆ کە ئەوەندە جوان قسە دەکەیت، بۆچی ڕێگە دەدەیت بیرکردنەوەی خراپ بێت بەمێشکتدا؟
- بیرکردنەوەی خراپ؟!
فەرنوش- هەر ئەو شتانەی کە دەیڵێی. چەند خزمەتکارتان هەیە و ئێوە زۆر دەوڵەمەندن و کێلگەتان هەیە و لەو جۆرە قسانە.
- ئەگەر تۆ لە جێگەی من بیت ئەو شتانەت لەمن ناوێت؟
فەرنوش- وەرە نیسکافەکەت سارد دەبێتەوە. شەکرت بۆ تێبکەم؟
پێکەوە گەڕاینەوە جێگەی خۆمان. جەنابی ستایش و باوکی کاوە لە لایەکی دیکەی هۆڵەکە سەرقاڵی تەماشاکردنی تابلۆیەک بوون. کاتێک دانیشتین، ئاگاداربوم کە تەواوی خەیاڵی کاوە لەلای منە. بەڕوویدا پێکەنیم تاکو لە نیگەرانی بێتە دەرەوە.
ژاڵە- بەهزاد خان. فەرنوش زۆر هونەرمەندە. پیانۆش دەژەنێت!
کاوە- بەڵام دەبێت ئەمشەو شەوێکی شاعیرانەمان هەبێت. ئەگەر بەهزاد ئەمشەو ئارامی دەگرت خراپ نەدەبوو.
ژاڵە- کاوە تۆ ئەگەر هونەرمەندی دەتوانی ئەمشەو خۆشحاڵمان بکەیت.
کاوە- هەمە! هونەرم هەیە! تۆ ئاگادارنی! من دەتوانم بەبێ دەست قسەبکەم!
ژاڵە- بێ شەرم!
کاوە- تازە دەنگێکم هەیە ئارەزووی دەکەی! وەک بولبول و کەناری!
فەرنوش- بەهزاد خەیاڵت ئاسوودەبێت من چێشت لێنەریشم. یەکێک لە

خواردنەکانی ئەمشەو خۆم درووستم کردووە.
کاوە- کەواتە ئەمشەو من تەنها لەوەی تۆ درووستت کردووە دەخۆم.
فەرنوش- تۆ!
کاوە- تۆ واتە چی؟
فەرنوش- مەبەستم لەوەبوو ئێوە نەک تۆ.
کاوە- واتە چی؟ من نە خۆم؟!
ژالە- هەڵپلی! لەگەڵ تۆی نیە.
فەرنوش پێکەنی و گوتی:
فەرنوش- بەلام بەهزاد خولەکێک من و خۆمانەیە و پێت دەڵێت تۆ، خولەکێکی دیکەش دەبێتە بێگانە و دەڵێت ئێوە.
کاوە- تازە هاتوونەتە تاران. فارسیەکەی باش نییە!
دووبارە ڕۆشتبوومە خەیاڵەوە و ئاگاداری قسەکانیان نەبووم.
کاوە- خەیاڵت لەکوێیە خوێڕی؟
- چی؟
کاوە- ماری سێ سەر! کرمۆکە! فەرنوش خانم لەگەڵ تۆیەتی.
- لەگەڵ من؟!
کاوە- ببورن. ئەم کوڕە سەر و دڵی گرانە، خەیاڵی لێرە نیە. ئەمشەو دەبێت بێگومان دەرزی وشیاری لێبدەم.
ژالە- بەهزاد خان بیر لەچی دەکەنەوە؟
- لە هیچ شتێک.
فەرنوش- بەهزاد هەستە وەرە دەمەوێت شتێکت پێبڵێم.
کاوە- خودا بگاتە فریات! هێشتا هیچ نەبووە، دەبێت بچیتە ژێر هەشت سینی جومناستیکەوە.
فەرنوش- دەمەوێت ژوورەکەمی پی نیشان بدەم.
کاوە- تو خودا فەرنوش خانم، شەڕ لەگەڵ منداڵەکەمان مەکە ها! دەست دەکات بەگریان!
هەستام و هەر بەو جۆرەی کە بەدوای فەرنوشدا دەڕۆشتم، چرپاندم بەگوێی کاوەدا گوتم:
- جەنابی کاوە!
کاوە- بەڵی، بەهزادگیان! کاریکت پێم هەیە؟!

بەڕووی خۆیدا نەهێنا! ڕۆشتمە پشتی فەرنوشەوە کە چەند هەنگاوێک دوورتر چاوەڕوانم بوو. پێکەوە لە پلیکانەکان چووینە سەرەوە.

فەرنوش- بەهزاد چیتە؟ بۆچی ئەوەندە خەیالاویت؟

- شتێکی گرنگ نیە.

فەرنوش- من بیرم دەکردەوە کەوا خۆشحال دەبیت ئەگەر بێیتە مالی ئێمە.

- هەرکاتێک لەلای تۆبم خۆشحالم. جێگەکەی گرنگ نییە.

فەرنوش- باشە، تو خودا ئێستاش خۆشحالبە.

- ئێستا کە لە کەناری تۆم خۆشحالم.

فەرنوش- ئەمە ژووری منە. دەڕۆین بەلام بەو مەرجەی لەو جۆرە قسان نەکەیت ئیتر.

پێکەنیم و پێکەوە چووینە ژوورەوە.

ژوورێکی زۆر گەورە بوو. مۆبیلێک و لەلایەکی ئاگردانیەک هەبوو، کورسیەک کە قاچی کەوانەیی هەبوو وەک جۆلانێ دەلەرایەوە لەکەناری بوو. مێزێکی نوسینی زۆر جوان کە کۆمپیوتەرێکی لەسەربوو لەکەناری پەنجەرەکەدابوو.

لەلایەکی ژوورەکە تەلەفیزیۆن هەبوو لەگەل جیهازێکدا و لەلایەکی دیکە مکەبەرەیەکی چەند قات لەگەل باندی گەورە، تەختەیەکی نوستنی زۆر جوان لەلایەکی ژوورەکە بوو.

فەرنوش- تۆم نەهێناوە تاکو ئەم شتانەت پیشان بدەم، وەرە!

بەرەولای تاقەکەی ڕۆشت و دەرگاکەی کردەوە. ئەمەیان ئیتر زۆر سەرسوڕهێنەر بوو. وێنەی خۆم بوو کە فەرنوش کێشابووی. زۆرباش دروستی کردبوو، باوەڕم نەدەکرد.

- چۆن توانیت وێنەم بکێشیت؟! نەوەک بەدزیەوە وێنەت گرتبێتم و لەبەرامبەر ئەودا کێشاوتە؟!

فەرنوش- نا. لە خەیالی خۆمدا وێنەکەم دروستکردی. تەماشابکە، بەدرووستی ڕووبەڕووی تەختەی نوستنەکەمە. کاتێک دەمەوێت بخەوم، دەرگای تاقەکە دەکەمەوە و لەسەر جێگەکەم تەماشات دەکەم و قسەت لەگەل دەکەم!

لەڕاستیدا هەر نەمدەزانی کەوا دەبێت چی پێ بلێم. باوەڕم نەدەکرد، بەلام کەم کەم ڕازی دەبووم کە ئەم کچەی کەوا سالەها لەڕووی ماددیەوە لەمن دوورە، خەریکە بەخۆشەویستیەکی پاکەوە بەرەو ڕووم دێت!

تەنها تەماشامکرد و گوتم:

فەرنوش، نازانم کە دەبێت چیت پێ بڵێم!
فەرنوش- هیچ، تەنها منت خۆشبوێت، هەر بەوجۆرەی من تۆم خۆش دەوێت.
ماوەیەک تەماشای یەکترمان دەکرد کە لەپڕ ژاڵە بەهەراسانی هاتە ژوورەوە و گوتی:
ژاڵە- فەرنوش، بەهرام و بەهناز هاتن!
فەرنوش- بەهرام و بەهناز؟! ئێرە؟!
ژاڵە- بەڵێ، لەلای کاوە و باوکت و باوکی کاوە دانیشتوون.
فەرنوش- بەڵام چۆن؟ بۆچی ئەمشەو؟! کێ دەرگای لێکردنەوە؟!
ژاڵە بەخەمبارییەوە گوتی:
ژاڵە- لاللبم من. هەواڵی مەرگم لەدەمم دەرچوو، بەسەودابەم گوت تۆ ئەمشەو میوانت هەیە.
واتە چۆن بڵێم؟ گوتم بەهزاد خان بڕیارە ئەمشەو بێتە ماڵی ئێوە. ئەویش ڕێک چووە گوتوویەتی بەبەهناز. بێگومان بەهنازیش بەبراکەی گوتووە. هەمووی خەتای منە.
- چی بووە؟ مەگەر بەهرام و بەهناز کێن؟
فەرنوش- کوڕە پور و کچە پوری منن.
- باشە، چ کێشەیەکی تێدایە.
فەرنوش- هیچ، هەر گرنگیش نیە. وەرە بەهزاد بچینە خوارەوە. دەمەوێت پێتیان بناسێنم، ئەوان تاکو ماوەیەکی دیکە دەبێت بزانن، بهێڵە ئێستا بزانن.
هەرسێکمان چووینە خوارەوە. کاتێک چووینە خوارەوە ڕووخساری جەنابی ستایشم بینی کەوا زۆر مات بوو. بەهرام کوڕێکی نزیکەی تەمەنی خۆم بوو، بەنزیکی باڵای وەک من بوو، لەوانەبوو کەمێک کورتتر. جلوبەرگێکی وەرزشی جوانی لەبەرکردبوو.
بەهنازیش کچێکی تاڕادەیەک جوان بوو، کەمێک لەفەرنوش دەچوو بەڵام قژی ئاوەیی کاڵ بوو. هەرکە ئێمەیان بینی هەستان.
من بەرەو لای بەهرام ڕۆشتم تاکو بەیەکتر ئاشنابین و فەرنوشیش بەرەو لای بەهناز ڕۆیشت.
- سڵاو، من بەهزادم. خۆشحاڵم.
دەستم بەرەو لای بەهرام درێژکرد تاکو تەوقەی لەگەڵ بکەم. بەڵام بەهرام کاتێک دانیشت گوتی:

بەهرام- باشە.

تەماشایەکی کاوەم کرد کە چاوەکانی سوور ببونەوە، چاوم لێداگرت واتە هیچ نەکات.

جەنابی ستایش و باوکی کاوەش ئەو شتەیان بینی کە ستایش لە بێزاریدا گازی لە لێوەکانی دەگرت. فەرنوشیش بەتەواوی ئاگای لەئێمە بوو، ئەو دیمەنەی بینی بەرەولای من هات و گوتی:

- بەهزاد گیان وەرە ئێرە لەلای من دابنیشە.

بەهرام- بەهزاد گیان؟!

کاوە- نەخێر! بەهزاد فەرهەنگ! وشەی گیان پلەی بالایە!

بەهرام- بیستبووم کاوە خان زۆر قسەخۆشن، بەلام نەمدەزانی ئەوەندە خەیار شۆریان هەیە!

کاوە- ئەگەر بەقسمەت بێت یەکێک لەو خەیار شۆرانە تاقیبکەنەوە، تازە تامەکەشی دەزانن!

بەهرام- سەیرکە جەنابی قسەخۆش، من گالتەم لەگەل کەس نیە.

کاوە- منیش گالتەم لەگەل کەس نیە. پێشوازی ڕاستەقینە بوو! خەیار شۆرێک شتێکی ناقابیلە!

بەهرام- پێشوازی هاتن و نەهاتنی هەیە ها!

کاوە- لەوانەیە مێشکتان زۆر پڕ بێت جەنابی بەهرام خان!

ستایش- ئەم قسانە چییە بەهرام؟!

بەهرام ڕووی کردە فەرنوش و گوتی:

بەهرام- ئەم بەڕێزە لێرە چی دەکات؟

فەرنوش- پەیوەندی بەتۆوە چییە؟

بەهرام- تۆ نیشانەکراوی منی! مافی ئەوەت نیە پیاوێکی بێگانە بانگ بکەیت بۆ ئەم مالە!

فەرنوش- کێ ئەم بیرەی خستۆتە مێشکی تۆوە کەمن دەست نیشانکراوی تۆم؟

ستایش- بەهرام سەرت گەرمە؟ دەزانی چی دەلێیت؟

هەستام. جێگەی مانەوە نەبوو.

- لەسەر ئیزنتان من دەڕۆم.

بەهرام- بۆکوێ؟!

قۆلی گرتم. گەڕامەوە و زۆر بەخوێن ساردی تەماشام کرد. کاوە وەک

ئیسپرینگ لە جێگەکەی هەستا. ئاماژەم بۆ کاوە کرد کە ئارام بێت. دواتر ڕووم کردە بەهرام و گوتم:
- کارێکتان هەیە بەهرام خان؟
بەهرام- بەڵێ! دەمویست پێتی بڵێم کە نامەوێت ئیتر ببیستم هاتویت بەم ناوەدا! فەرنوش کچە پور و دەستنیشانکراوی منە. ئەگەر لەدەوروبەری بتبینم، ددانەکانت دەخەمە ناو دەمت!
کاوە- ئاگاداربە بازنەکانت نەشکێت! مەگەر فەرنوش خانم وەڵامی نەدایتەوە؟ کێ ئەم قسەیەی داوە بەگوێی ئێوەدا؟
- کاوە تۆ بێدەنگبە.
ستایش بەدەنگی بەرز هاواری کرد.
ستایش- لەم ماڵە بڕۆرە دەرەوە بەهرام! بەهنازیش لێرە بیە.
بەهرام کە تازە تێگەیشتبوو زۆر ڕۆیشتووە، هەستا کە بڕوات. ئەمجارەیان من قۆڵی ئەوم گرت کە بەتوندی هەڵخلیسکا.
- بەهرام خان ئێوە لەبیری پزیشکێکی ددانندا بن بۆ خۆتان خراپ نیە!
کاوە دەستیکرد بەپێکەنین و بەهرام بە تووڕەییەوە لەوێ ڕۆیشت. تەواوی ئەو ڕووداوە لەوانەیە دوو خولەکی نەخایاندبێ. بێدەنگی باڵی بەسەر هەمووماندا کێشا.
ستایش- بەهزاد خان نازانم چۆن داوای لێبووردنتان لێبکەم.
- گرنگ نیە جەنابی ستایش. خۆتان ئازار مەدەن.
ستایش سەری داخست و ڕۆیشت.
فەرنوش- بەهزاد.
- تۆش خۆت دڵگران مەکە، ڕووداو هەر ڕوو دەدات.
فەرنوش- بەڵام مەڕۆ و دانیشە.
- نا، واباشترە کە من بڕۆم. بەو شێوەیە ئاسوودەترم. لەلایەن منەوە داوای لێبووردن و خودا حافیزی لە جەنابی ستایش بکە.
فەرنوش- بەهزاد بەخودا....
- گوتم کە گرنگ نیە. شتێک نەبووە.
بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆشتم و پێڵاوەکانم لەپێ کرد، کاوەش بەدوامدا هات.
- کاوە تۆ بمێنەرەوە.
کاوە- نا، من ئیتر ئاسوودە نیم، دەڕۆم ئۆتۆمبیلەکە گەرم بکەم. جارێ خوات لەگەڵ.

لەحەوشەکە گەڕامەوە تاکو خوداحافیزی لە فەرنوش بکەم، بینیم فرمێسک لەچاوەکانی کۆبۆتەوە.
- بیری لێمەکەرەوە. لەبیریکە.
فەرنوش- بەخودا بەهزاد، بەهرام دەست نیشانکراوی من نیە.
- خوداحافیز خۆت ئازار مەدە.
دەرگاکەم کردەوە و لە ماڵەکە هاتمە دەرەوە، کاوە چاوەڕوانم بوو. سواری ئۆتۆمبیلەکە بووم.
- باوکت کاوە؟
کاوە- باوکی خۆت بەهزاد!! گاڵتەی باوک و دایکیمان نیە پێکەوە!!
- خۆت بێتام مەکە. باوکت کێ دەیهێنێت؟
کاوە- باوکم دەڵێت، دایکم دەهێنێت!
- مردوو شۆر بتبات لەگەڵ خۆی کە ناتوانرێت بەدروستی قسەت لەگەڵ بکرێت.
کاوە- ئەها! خۆی دەڕواتە ماڵەوە، نزیکە.
- باشە بەڕێکەوە ئیتر.
کاوە- تۆ سەرەتا تەکلیفی خۆت یەکلای بکەرەوە دواتر!
ئاماژەی بەژوورەوە کرد. گەڕامەوە تەماشادەکەم فەرنوش لەدەرەوە وەستاوە و خەریکە دەگریەت.
دابەزیم و بەرەولای ڕۆشتم و گوتم:
- برۆ فەرنوش، هەوا ساردە، سەرمات دەبێت.
فەرنوش- دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم.
دواتر ئێستا برۆ.
فەرنوش- سبەی دێمە ماڵەکەت، باشە؟
ماوەیەک تەماشام کرد و دواتر گوتم:
- باشە، سبەی.
کاوە- چەندە بێ ڕەوشت بوو ئەو کوڕە، بەهرام. نەگەیشت سەرو دڵی گرتین. تف لە گۆڕی باوکی هەرچی مرۆڤی چاو لەدەرە!
- باشە. کچە پوریەتی و بێگومان خۆشی دەوێت.
کاوە- ئەوە کە نابێتە بەڵگە.
- خۆشەویستی بەڵگەی ناوێت.
کاوە- خۆشەویستی کە بەڵێ بەڵگەی ناوێت. بەڵام وەکو سەگ وەڕین و قوڵی

خەلک گرتن بەڵگەی دەوێت.
- وازی لێ بهێنە توورە بوو شتێکی گوت.
کاوە- لە دایک میهرەبانتر دایە خانمە! لەباتی ئەوەی تۆ خەمباربیت من خەریکە دەکوڵێم!
- تۆ لەخۆڕا دەکوڵێیت. بەرامبەرم شتێکی گوت و منیش وەڵامم دایەوە، تەواو!
کاوە- منی داماو وەها بیرم دەکردەوە کە ئێستا سواری ئۆتۆمبیک ببێت، دەست دەکەیت بەداد و بێداد کردن!
چەندە ئەورووپیانە ئەم بابەتەت وەرگرت جەنابی فەڕەنسی! ناسکۆڵە بێت خودایە! لەڕاستیدا وەک شازادەیەک بەڕووی خۆتدا هێنا! بەڕاستی بێ غیرەتی ئازیزم!
پێی پێکەنیم.
کاوە- بۆچی پێدەکەنی! خۆزگە بەهرام مان بانگ دەکرد بۆ خواردنی ئێوارە! ئەو پێکەنینەی تۆ ببینێت، بەدڵێک نا بەڵکو بەسەد دڵ عاشقت دەبێت و واز لە فەرنوش دێنێت و دێتە خوازبێنی تۆ!
- تۆ دێوانەی.
کاوە- کوڕەکە بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکردی و شەڕی لەگەڵ دەکردی. دەبوایە شکستت پێ بهێنایە.
- بەڵێ بەلام نەوەک بەکوتەک کاری و شەڕ و سکاڵا کردن.
کاوە- بابە،گیانی من، من بەقوربانی تۆبم کە ڕکابەرەکەت لە مەیدان نەیەتەوە!
- بەهرام ئەگەر ڕەوشتی هەبووایە، ئەو ڕەفتارانەی نەدەکرد تاکو جەنابی ستایش بیکاتە دەرەوە.
کاوە- بەڵێ. دایک و باوکی ڕەوشتیان فێرنەکردووە، بەلام تاکو دڵت بیەوێت پارەیان پێداوە!
- تۆ لەکوێ دەزانی؟
کاوە- ژاڵە پێمی گووتوە.
ماوەیەک بێدەنگ بووم و دواتر گوتم:
- فەرنوش خۆی دەبێت بڕیار بدات.
کاوە- تۆ ئەمشەو زیاد لەپێویست ئارامی. باوەڕ ناکەم.
- دەبێت چ کارێک بکەم! بەسەر تۆدا هاوار بکەم.
کاوە- نا، بۆچی سەری من؟! بەلام دەتوانیت کەمێک لەخۆت بدەیت و کەمێک بگریت، بەکورتی خاکێک بکەیت بەسەری خۆتدا! بارودۆخت زۆر باش بوو،

ڕکابەریشت پەیدا کردا!

- بێ چاوێن! مرۆڤ دوو دۆست و هاوڕێی وەک تۆی هەبێت، دوژمنی ناوێت.

کاوە- کارەکەم ئەوەیە بەهزاد گیان! بۆکێنی بکەم باشتر لە تۆ! پشتیوان بەخودا کاتێک بەدەستی بەهرام کوژرای، چەک و پێویستیەکانت خۆم دەیبەستم!

ئیتر گەشتبووین و کاوە لەبەردەم ماڵەوە ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت. کاتێک ویستم داببەزم، گوتم:

- هەرکەسێک بەسەرهاتێکی هەیە هاوڕێ، کارەکە لەدەستی من و تۆ و بەهرامدا نییە! خودات لەگەڵ.

کاوە- خودات لەگەڵ ئەی فەیلەسووفی گەورە! خودات لەگەڵ ئەی مرۆڤی شەریف! خودات لەگەڵ ئەی بەدبەختی بێچارە! خودات لەگەڵ ئەی...

- بێدەنگ! خودات لەگەڵ.

کاوە- بەڕاست خۆزگە کاتێک کە دەتویست لەماڵی ستایش بێیتە دەرەوە مەنجەڵێک چێشتت دەهێنا بۆ نانی ئەمشەو! کڵاویان کردە سەرت. گوتم پەلە مەکە و لەخۆڕا گوڵ مەخۆ! دەبێت ئێستا بڕۆیت و هێلکە بخۆیت!

- خودات لەگەڵ زمان ڕەش!

دەرگای ماڵەوەم کردەوە و هاتمە ژوورەوە. کاوەش بەڕێکەوت و ڕۆیشت. گڵۆپەکانم هەڵنەکرد. حەزم دەکرد لەو تاریکیەدا، کەمێک بیربکەمەوە.

ڕاستی دەگوت. بەدبەختیەکانی خۆم کەم بوو ئێستا ڕکابەریکیشم بۆ زیاد بوو.

هەر لەو تاریکیەدا جلەکانم گۆڕی و جێگەکەم تەخت کرد و ڕام خست.

بیری ئەو وێنەیەی خۆمم کەوتەوە کە فەرنوش کێشابوی. بەبێ ویستی خۆم پێکەنیم. بیرمکردەوە کەوا بەهرام ناتوانێت کێشەبێت بۆم، بەڵام دەتوانێت کەمێک کێشە درووست بکات. بابەتەکە لەوە زیاتر نەبوو.

حەزم نەدەکرد لەو کاتەدا بڕیار بدەم، بۆیە بەباشترم زانی کە بخەوم.

* * *

## بەشی نۆیەم

کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو کە خەبەرم بووەوە، خۆم شۆرد و تازە بیرم کەوتەوە دوێنێ شەو هیچم نەخواردووە! زۆرم برسی بوو. دوو هێلکەی سوورەکراو و نان و پەنیر و چایی، وەک کوڕێکی نیمچە دەوڵەمەند!

ئێستا کاتی ئەوە بوو دابنیشم و بیر بکەمەوە، بەقسەی کاوە خاکێک بکەم بەسەری خۆمدا. دانیشتم و بیرم کردەوە، نیو کاتژمێر، یەک کاتژمێر، دوو کاتژمێر. کاتێک هاتمەوە سەرخۆم کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ بوو. سەیر بوو بەلامەوە!

بڕیاربوو فەرنوش بەیانی بێتە لای من. نەوەک نەخۆش کەوتبێت؟! نەوەک ڕووداوێک ڕوویدابێت! دڵم گیرا. دەمتوانی چ کارێک بکەم؟

خۆزگە ژمارەکەیم هەبووایە و تەلەفوونێکم بۆ بکردایە. دڵم دەیویست هەستم و بچمە بەردەم دەرگایماڵیان. بەدڵنیاییەوە بابەتێکی گرنگ ڕوویدابوو، فەرنوش کچێک نەبوو بەڵێن بفەوتێنێت.

بێجگە لە ئارامگرتن چارەیەکی دیکەم نەبوو. بێزار ببووم. تازە تێگەیشتم کەوا چەندە خۆشم دەوێت. بەباشم زانی کاتی خۆم بەشتێکەوە بەسەر ببەم. کتێبێکم هەڵگرت و هەرچۆنێک بێت دەستم کرد بەخوێندنەوەی.

بەڵام مەگەر دەکرا؟!

بەسەر خۆمدا هاوارم کرد کە لەسەر خۆم بم. کوڕێکی منداڵی چواردە ساڵان نیم!

ئیتر تەماشای کاتژمێرەکەم نەدەکرد. جوڵە هێمن و لەسەرخۆکەی ئازاری دەدام.

لەوانەبوو شەست بۆ حەفتا لاپەڕەم خوێندبێتەوە کە لەدەرەوە دەنگی وەستانی ئۆتۆمبێلێکم بیست. خۆی بوو.

تەماشای کاتژمێرەکەم کرد، کاتژمێر یەک و نیو بوو. بەپەلە دەرگاکەم کردەوە.

- سڵاو ڕووداوێک ڕوویداوە؟

فەرنوش- سڵاو، نەخێر. بۆچی؟

- بەڵام بڕیارمان بەیانی بوو.

فەرنوش- باشە، بەڵێ. بەڵام کارێکم هەبوو نەمتوانی بەیانی بێم، ئێستا ڕێگەم دەدەی بێمە ژوورەوە؟

چوومە کەنارەوە. هاتە ژوورەوە و دانیشت. نەمتوانی ئاگاداری خۆم بم، زۆر بەخێرایی پرسیم:

- لە کوێ بووی فەرنوش؟

فەرنوش- لەماڵەوە بووم بەهزاد. مەگەر چی بووە؟

- لەماڵەوە بووی؟! نەدەکرا پەیوەندیەک بکەیت. بیرت نەکردەوە من دەکەومە دڵە ڕاوکێوە؟

فەرنوش- بەڕاستی کەوتیتە دڵەڕاوکێوە بۆ من؟

دووبارە تەماشام کرد.

فەرنوش- بۆچی بەوشێوەیە تەماشام دەکەیت؟

- لەبەرئەوەی باوەڕناکەم ڕاستیەکەت گوتبێ. یان درۆ دەکەیت، یان ئەوەتا من دەربارەی تۆ خەریکە هەڵە دەکەم.

سەری داخست و ماوەیەک بیری کردەوە و پاشان گوتی:

فەرنوش- بەیانی کاتێک دەمویست لەماڵ بێمە دەرەوە و بێمە ئێرە، لەدەرەوە بەهرامم بینی. هات بۆ بەردەمم و دەیویست بزانێت بۆکوێ دەچم. هەستی کردبوو کە من دەمەوێت بێمە لای تۆ، منیش حەزم نەدەکرد بزانێت. ئەوەبوو کە گوتم دەمەوێت بڕۆم بۆ شتکڕین. ناچار بووم بگەڕێمەوە ماڵەوە. ئەویش هاتە ماڵەوە و نیوەڕۆیش لەوێ بوو. هەر کە ڕۆیشت، منیش هەستام و هاتم بۆ ئێرە.

کاتێک قسەکانیم بیست، ڕاستەوخۆ پشتمدا بەدیوارەکەوە. ماوەیەک تەماشام کرد و دواتر گوتم:

- فەرنوش دەکرێ زۆر شت بۆمن گرنگ نەبێت و گرنگی پێنەدەم، بەڵام درۆ نەخێر!

فەرنوش- درۆم نەگوت. لەماڵەوە بووم.

- درۆت نەکرد، بەڵام هەموو شتێکت نەگوت.

فەرنوش- شتێکی گرنگی دیکە نەبوو.

- کامەیان؟

ئەوەی کە پەیمانەکەت نەبردە سەر یان ئەوەی کە ترسایت بە بەهرام بڵێیت دەتەوێت بێیت بۆ ئێرە.

فەرنوش- بەهرام کوڕە پوری منە بەهزاد. هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت بێتە ماڵی ئێمە.

- من ئەمگوت کە بۆچی بەهرام هاتۆتە ماڵی ئێوە. ئەوەشم نەگوتووە کەوا بەهرام کوڕە پوری تۆ نیە. مەبەستی من شتێکی دیکە بوو کە خۆت تێگەیشتی.
فەرنوش- دەبووایە چیم بکردایە؟
- دەکرا تەلەفونێک بکەیت.
فەرنوش- ژمارەکەتم ونکردبوو.
- پۆزش کە خراپترە لە تاوان. ئەگەر من بەلای تووە گرنگ بوومایە بەدڵنیاییەوە ژمارە تەلەفونەکەت دەپاراست.
فەرنوش- تۆ بۆم گرنگی. ئەوە چ قسەیەکە؟
- دواتر. بۆچی پێت نەگوت دەتەوێت بێیتە لای من؟
فەرنوش- حەزم نەدەکرد بزانێت.
- بۆچی؟ مەگەر حسابێک شتێکمان لەنێواندا هەیە؟
فەرنوش- چوونکە کارەکانی من پەیوەندی بەئەوەوە نیە، لەهەمان کاتدا ئاگاداری قسەکردنت بیە بەهزاد!
- مەگەر چیم گوتوە؟
فەرنوش- مانای قسەکەت جوان نەبوو. من حسابێک یان بابەتێکم نیە لە بەهرام یان لە هەر کەسێکی دیکە بترسم.
زۆر تووڕە بووم. کلیلەکانم هەڵگرت و پێلاوەکانم لەپێ کرد.
فەرنوش بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردم.
فەرنوش- چی دەکەیت؟
- هەرکاتێک هەڵبژاردنی خۆتت کرد و هاتیتەوە سەر خۆت ئاگادارم بکەرەوە.
لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە. دەنگیم دەبیست کە هاواری دەکرد و دەیگوت بەهزاد چاوەڕێ بکە بەڵام من ڕانەوەستام. ساتێک دواتر لەپشتمەوە هاواری دەکرد. گەڕامەوە. لەکاتێکدا سەرپۆشەکەی دابوو بەسەریدا و خەریکبوو دوگمەی چاکەتەکەی دادەخست، بەخێرایی بەدوامدا هات.
فەرنوش- بەهزاد، ئەوە چ ڕەفتارێکە تۆ هەتە؟ ئەمە جاری دووەمە کەوا ئەو کارە دەکەیت!
بەڕێکەوتم و وەڵامم نەدایەوە. بەخێرایی دەڕۆیشتم.
فەرنوش- ڕاوەستە بەهزاد!
خۆی گەیاندە لای من.
فەرنوش- بۆچی ئاوات لێ بەسەر هاتووە؟

وەستام و بەتوورەییەوە تەماشام کرد و گوتم:
- چ کاریکتان هەیە؟ فەرموون.
فەرنوش هەناسەی دەرنەدەهات گوتی:
- چیت لی هاتووە بەهزاد؟!
- من هیچم لیبەسەر نەهاتووە. دەبێت لەخۆتان بپرسن.
فەرنوش- زۆر باشە، برۆینە ماڵەوە پێکەوە قسە بکەین.
- من ئیتر قسەیەکم بۆ گوتن نیە.
فەرنوش- باشە من چی بکەم؟
- برۆنەوە ماڵی خۆتان!
دووبارە بەرێ کەوتم. فەرنوشیش لەگەڵمدا دەهات بەڵام قسەی نەدەکرد.
چەند خولەکێک بەو شێوەیە دەرۆیشتین و تەماشای بەردەمی خۆم دەکرد، گوتی:
فەرنوش- ئێستا ئارام بوویتەوە؟
- من توورە نەبووم تاکو ئارام ببمەوە.
خێراییەکەم زیاتر کرد. چەند خولەک دواتر گەیشتەوە بەمن و دەستیکرد بەگریان. نەمتوانی ئیتر بەردەوام بم و وەستام.
- لەبەر چی دەگریت؟
فەرنوش- لەبەر ئەوەی دووبارە نامۆ بوویتەوە.
- ئێستا کە بیردەکەمەوە دەبینم، لەوانەیە هیچ کاتێک ئاشنا نەبووین.
فەرنوش- بەهزاد دەڕۆم ها!
- منیش هەر ئەوەم لێت دەوێت. برۆ فەرنوش. بگەڕێوە دونیاکەی خۆت! من مرۆڤێکم نەوەک یاریەک کە باوکت بۆتی کڕیبێت. من حەزناکەم یاری دەستی تۆ بم، برۆ فەرنوش.
لامکردەوە ڕۆشتم. بەڵام ئیتر ئەو بەدوامدا نەهات.
ماوەیەک بەپێ ڕۆیشتم و گەیشتمە پارکێک. لەسەر کورسیەک دانیشتم. ئیتر حەزم نەدەکرد بیر لە هیچ بکەمەوە. دانیشتم و تەماشای ئەو کەسانەم دەکرد کە بەبەردەممدا دەڕۆیشتن.
ئەوەندە دانیشتم تاکو سەرمام بوو. هەم سەرمام بوو هەمیش برسی. تاقەتم نەبوو برۆمە ماڵەوە و هێلکە بخۆم، هەستام و چوومە پیتزا فرۆشیەک و خۆم خەجاڵەت کرد.

* * *

## بەشی دەیەم

کاتژمێر سێ و نیو بوو کە گەیشتمەماڵەوە. کاوە لە دەرەوە چاوەڕێی دەکردم.

- سڵاو دەمێکە لێرەیت؟

کاوە- نەخێر قوربان. کاتژمێر و نیوێک زیاتر نیە. ئێمە هەموو خزمەتگوزاران و گیان فیدایانی ئێوەین. سەد ساڵ چاوەڕوانی ئێمە بەجارێک دیداری ڕووی مانگی ئێوە دەروات! سەد گیانی ناشایستەی ئێمە بەفیدای یەک تاڵ مووی پیسی ئێوە!

- چۆنە لەم ناوەدایت؟

کاوە- هاتووم مۆڵەت وەربگرم بۆ دوورکەوتنەوەی تووڕەی ئالی جەناب. سبەی خزمان و دۆستان لە خاکی ژێر پێی پیرۆزتدا دەکەمە قوربانی.

- مەگەر ئێوەش لە تووڕەی من تێگەیشتن؟

کاوە- ڕێزتان هەیە خاوەن شکۆ. ئێوە کاتێک تووڕە دەبن ئاسمان تاریک دەبێت. تۆفان ڕوو دەدات و بروسکە هەموو شتێک ویران دەکات. فیدای ئەو چاو و برۆتان بم.

- تاقەتم نیە کاوە، وەرە بچینە ژوورەوە.

کاوە- قوربان، چینی گەورەکان لەپێشەوە خزمەتت دەکەن. ڕێگە بدەن ئەم داماوە وەک پردی پیادە دەرگاکە بشکێنم و دواتر ئێوە بەسەر منی داماودا بگەنە شوێنی پەناگەی تایبەتیتان و دابنیشن.

- تۆ تەنها گاڵتە بەئێمە بکە کێشەی نیە.

کاوە- بەندە میوانداریتان لێدەکات قوربان. شاعیر دەفەرموێ:

دەستە دەستی باوکی دێ

دەنگی پێڵاوەکانی پێی دێ

دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە. زۆرم سەرمابوو! پێڵاوەکانم داکەند و گەرمکەرەوەکەم داگیرساند، دواتر لەگۆشەیەک دانیشتم.
کاوە دەستی لەسەر سنگی دانابوو، لەبەردەم دەرگاکە وەستابوو.
کاوە- قوربان ڕێگەی هاتنە ژوورەوەم دەدەن؟
- ئەگەر گاڵتە و گەپ نەکەیت، بەڵێ.
کاوە- هەرئەوەندە قوربان! گیانی بەختەوەران خەریکە لەترساندا بەهیلاکدا دەچین! دەمان بەخشن؟
ئیتر بەڕاستی هیلاک ببووم و قیراندم بەسەریدا.
- پێویست ناکات قسە بکەیت، بگەڕێوە ماڵی خۆتان.
کاوە- بەهزاد تۆ هیچ دەزانیت دەنگت چەندە هاوشێوەی تیراندۆرە؟ ئەو دەنگ داینەسۆریانە؟
ئیتر وەڵامم نەدایەوە.
کاوە- کوڕە دووبارە یەک خولەک بەجێم هێشتی، هەموو شتێکت تێکدا بەسەر یەکدا؟
- ئاسایش بۆیان فاکس کردی یان بەتەلەفوون پێیان گوتی؟
کاوە- هیچ کامیان. لە هەواڵەکانی کاتژمێر دوو پەخشکرا! هەواڵەکانی ئێوە لەسەر مانگی دەستکردە.
- کێ بەتۆی گوت؟
کاوە لەپاڵمدا دانیشت گوتی:
- نهۆمی سەرەوە، ژاڵە. ئەوە چ کارێک بوو تۆ ئەنجامتدا؟
- باشە ئیتر. وازی لێبهێنە و دەربارەی قسە مەکە.
کاوە- تۆ هەر دەزانی کە چی بووە!
- فەرنوش خۆی پێی گوتم کەوا چی بووە.
کاوە- دەی بەو شێوەیە نەبووە! ئاگادارنیت شازادە بەهرام خان چی گوتووە.
بەتەواوی سەرسام بووم و پرسیم:
- بەهرام چی گوتووە؟
کاوە- وازی لێبهێنە. قسەکانی بەڕووی خۆتدا مەهێنە باوک سەگە!!
- خۆت بێتام مەکە. تورەم ها!
کاوە- من فەرنوش نیم کە بەسەرمدا هاوار بکەیت و هیچت پێ نەڵێم. قسەبکەی دەڕۆم باوکمت بۆ دێنم.

لەدوای ئەوەی خۆی وەک کچەکان لێدەکرد، پەنجەی بەرەو ڕووم دەجولاند و هەڕەشەی لێدەکردم. ئارام بەنازەوە گوتی:
کاوە- ئەوکات تێدەگەیت ماستێکی وەک من چەندە کەرە دەدات، بێ ئابڕووی کوڕی چاو لەدەر.
پێکەنینم دەهات.
کاوە- چەندە کابرایەکی سەیرمان لێ پەیدابووە!
- ئێستا دەڵێی ئەو کوڕە چی گوتووە یان نا.
کاوە- مارەم بکە تاکو پێتی بڵێم!
- ئەگەر لەتەواوی دونیا تەنها کچێک مابێتەوە و ئەویش تۆ بیت، جێی باوەڕ نیە بەرەو لای تۆ بێم.
کاوە- وئبە، خۆ بەزلزان. ئەگەر لە دونیادا تەنها پیاوێک مابێت و ئەویش تۆی لاواز بیت، ناهێڵم لەژێر عەباکەمەوە ئابڕووم ببینی! خوێڕی هەرزەی بێ دەست و پێ!
ئەوانەی بەدەنگی ژنانە دەگوت. هەر تەماشام دەکرد و دەرەقەتی زمانی نەدەهاتم!
کاوە- قاچاخچی جگەرت ببات، تاکو بەوشێوەیە تەماشام نەکەیت. گیانم مێروولە دەکات بێ حەیا!
هەردووکمان دەستمان کرد بەپێکەنین، گوتم:
- قسەکانت تەواو بوو؟ ئێستا دەڵێی ئەو کوڕە چی گوتووە؟
کاوە- نەخێر تەواو نەبووە. دانەیەکی دیکەش ماوە.
- بیلێ و وازم لێبهێنە.
کاوە- قوڕ بەسەرت کە ئەوەندە بێ مەیلی. ئەو نازکردنەم بەرامبەر هەرکەسێک بکردایە تاکو ئێستا مارەی کردبووم.
پێدەکەنیم و تەماشام دەکرد. زمانی ڕکابەری نەبوو.
- کاوە تۆ گیانی من بڵێ چی بووە؟
کاوە- ئەها، ئێستا بوویتە مرۆڤ! گیانم بۆت بڵێت کەچی؟ ئەها، ئەمڕۆ سەرەتای بەیانی مانگی پەرێشانی، خانم خۆی بەحەوت قەڵەم ئارایشت دەکات کە بۆ کوێ بچێت؟ بێت بۆ بینینی تۆی گەدای بێ دەست و پێ. تاکو ئۆتۆمبیلەکەی لە گەراج دێنێتە دەرەوە و کۆڵانی یەکەم تێ دەپەڕێنێت، لەسەر کۆڵانی دووەم چی دەبینێت؟ جەنابی بەهرامی پیسکە!

من بەڕێز بم و تۆش خانمی جوان، فەرنوش خانم خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی زیاتر دەکات تاکو ئەو خوێڕییە ونبکات. بەلام هەرکارێک دەکات، بەهرامی باوک سوتاو لە چاودێری کردنی دەست هەڵناگرێت. وابزانم بەدزیەوە بەدوای فەرنوش دەکەوێت تاکو ماڵی تۆ پەیدابکات.

ئێستا مرۆڤێکی کڵۆلی وەک تۆ بیر لەچی دەکاتەوە؟ کەچی بێت؟

کە کاتی هات ئەوانەشت پێ دەڵێم! کاتێک فەرنوشیش هات ئەوانە بەویش دەڵێم! کاتێک فەرنوش هات بەو شێوەیە نازدەکەم! کاتێک فەرنوش هات بڕۆیەک دەبەمە سەرەوە و ئەوی دیکەشیان دێنمە خوارەوە، دەبمە کەسێکی فێلباز!

- کوشتمت کاوە! دەکرێ وەک مرۆڤ باسی بکەیت؟

کاوە- من بەم شێوەیە دەزانم بیڵێم، بڕۆ لە بەهرام خۆی بپرسە لەکاتێکدا بەو باشیە بۆتی باس دەکەم!

- مەبەستم ڕاستی بابەتەکە بڵێ. درێژەی مەدەرێ.

کاوە- من دەبێت هەواڵەکان بەڕوونی بڵێم، وشک و خاڵی ناتوانم بیڵێم!

- باشە، بەجەهەنەم بیڵێ.

کاوە- ئەوەی ترم لەبیر چووەتەوە! دەبێ بڵێی هەڵەم کرد تاکو بیڵێم.

تاکە پێڵاوێکم هەڵدا بۆی، کێشای بەسەرێدا و گوتی:

- ئاخ. خودایە ئەو دەستانەت بشکێت. ئەو شتەی ڕقم لێیەتی لەپیاودا ئەوەیە دەست لە ژنەکەی بەرزبکاتەوە!

شێتم بکەی بەلایەکت بەسەردێنم ها! نەڵێی بەخودا چوونکە خەجاڵەت دەبم. تۆ ئەوەندە بێ ڕەوشت نەبووی!

- کاوە تو خودا بڵێ چی بووە.

کاوە- باشە خەریکبووم دەمگوت. فەرنوش کە دەبینێت بەهرام بە ئۆتۆمبیلەکەی دوای کەوتووە، دەگەڕێتەوە ماڵەوە و لەبەر دەرگا دادەبەزێت. بەهرامیش دادەبەزێت و دێتە لای. لێی دەپرسێ بۆ کوێ دەچێت؟

ئەویش دەڵێ کە پەیوەندی بەسەر تووە نیە. بەهرام پێی دەڵێ ئەگەر ناونیشانی ئەو خوێڕیەم پێ نەڵێیت، ئەو کەری گێژی بێ ڕەوشتە پەیدا دەکەم و دەیکوژم!

- مەبەستی لەمن بووە؟

کاوە- بەخودا ئەوانەی کە گوتوویەتی هەمووی تایبەتمەندی تۆیە! ئێمە بەو نیشانانە جگە لە تۆ ئیتر کەسێکی ناسراوی ترمان نییە.

بەلام بەهزاد چەندە باش بەیەک بینین هەموو تایبەتمەندیەکانی تۆی زانیوە.

- بەداخەوە تاقەتم نیە ئەگەر نا بەخزمەتت دەگەیشتم جەنابی کاوە. خێرا ئەوەی ماوە بیڵێ بزانم.

کاوە- هیچ ئیتر! دەڵێ ئەگەر ئەو کەری خوێڕی بێ ڕەوشتە پەیدا بکەم دەیکوژم!

- ئەوەت خۆ گوت.

کاوە- بەڵام بەهرام ئەو قسەی زۆر دڵنیاکردەوە! تازە ئەمانە ئەوانەبوو کە فەرنوش توانیبووی باسی بکات.

- بمرە! بزانم بەهرام گوتوویەتی من دەکوژێت؟

کاوە- نەخێر تەنها گوتوویەتی من دەکوژێت؟ بەڕێزم خۆ نامانەوێت لەگەڵ فەرنوش خانم هاوسەرگیری بکەین، بێگومان مەبەستی لەتۆ بووە ئیتر!

- ئەوکات فەرنوش چی گوتووە؟

کاوە- دڵگران مەبە. فەرنوش باش وەڵامی داوەتەوە. کچێکی ئاقڵ و ژیرە!

- چی گوتووە فەرنوش؟

کاوە- گوتوویەتی بەهرام گیان دەستی خۆت بەخوێنی ئەو سورمەکە! حەیف نیە کە تۆ لەگەڵ ئەو کوڕە ڕەوشت سەگە ڕووبەڕوو ببیتەوە؟ چەند ماوەیەکی دیکە شارەوانی دەیگرن و دەیبەن سەر و نگومی دەکەن.

بەڵام شارەوانی سەگەکان لە شەقام دەگرن و ژەهرخۆریان دەکەن.

- بەڕاستی کە زۆر بێتام و بێ ڕەوشت و کات نەناسی کاوە خان! با کاتی خۆی بێت بەخزمەتی تۆش دەگەم.

- بۆچی بەخزمەتی من بگەیت؟ بڕۆ بەخزمەتی ئەو ڕکابەرە نەنک مردووەت بگە کەوا هەڕەشەت لێدەکات.

- بەخزمەتی ئەویش دەگەم. ئێستا ئەوەی کەماوە بیڵێ.

کاوە- هیچ ئیتر. فەرنوش کەوا دەزانێت بەدوای ناونیشانی ماڵی تووەیە دەڕواتە ماڵەوە و نیو کاتژمێر دواتر لەدەرگا دەدرێت و بەهرام و دایکی واتە پوری فەرنوش دەچنە ژوورەوە و جەنگ بەرپا دەبێت.

بەهرام و پوری بەتوند و تیژانە هێرش دەکەنە سەر فەرنوش و باوکی و دەیان بەستنەوە بەگولە توپەوە و لەو نێوانەدا پوری فەرنوش نایکاتە نامەردی و کیمیایی دەڕێژێت!

- کاوە تو خودا بەڕوونی قسە بکە.

کاوە- وادیارە هەر لەوێدا پوری فەرنوش پەیوەندی دەکات بەخوشکەکەیەوە، واتە خانمی ستایش کە بۆچی دانیشتووی خوشکێ! مێردەکەت واتە باوکی

فەرنوش دەیەوێت کچەکەت بداتە کوڕێکی لات و ڕووت و نەدار، بەهەموو شێوەیەک مەبەستیان لەتۆ بووە!
- شەرمەزاری بکێشە کاوە!
- من بۆچی شەرمەزاری بکێشم؟ پوری فەرنوش دەبێت شەرمەزاری بکێشێت کەوا ئەو قسانەی کردووە!
- ژالە هەموو ئەو قسانەی بەتۆ گوت؟ واتە ڕستە بەڕستە بەوشێوەیە گوتی؟
کاوە- هەڵبەتە بەوشێوەیە نا! ئەو پوختەکەی گوت. من بۆ تۆ بەجوانی پەخشم کرد وەک ئەوەی لەناو ڕووداوەکە بیت.
دەستم کرد بەپێکەنین.
کاوە- پێبکەنە بەڕێز! ئەگەر ئەوەی تریت گوێ لێبێت دەست دەکەیت بەگریان!
دایکی فەرنوش لە تەلەفوونەکەدا دەستووری داوە کە هیچ هەڵەیەک نەکەن تاکو من دەگەمەوە ئێران. گوتوویەتی ئەو کوڕە لاتەش ئیتر مافی نیە پێی بخاتە ماڵی ئێمە تاکو من دەگەڕێمەوە. لەگەڵ تۆی بووە کاکە بەهزاد!
- بەڕاست خانمی ستایش ئەو قسەی کردووە؟
کاوە- بەڵێ، هەڵبەتە بەڕەوشتەوە گوتوویەتی بەڵام مەبەستی هەر لەوە بووە.
-لەوان نایەت مرۆڤی دەوڵەمەند بن. تۆ نازانی خانمی ستایش چ جۆرە مرۆڤێکە؟
کاوە- بۆچی نا لە ژالەم پرسی.
دەڵێن ژنێکە دوو مەتر و نیو بالایەتی. من و تۆ بەچەکوشێک پان دەکاتەوە. نانی بەیانی یەک بەرخ خواردنیەتی و نیوەڕۆش مەڕێک، ئێوارانیش ڕێژیمی هەیە و دە مریشک بەپەڕەوە دەخوات.
دەڵێن هەردوو قاچی من و تۆ بەهێندەی قوڵێکی نابێت. کاتێک هەناسە دەدات لە مێشکیەوە دووکەڵ دێتە دەرەوە. دەڵێن لەخەودا کاتێک پرخە دەکات خانووەکە دەلەرێتەوە.
دەڵێن کاتێک سواری فڕۆکە دەبێت بۆئەوەی بڕواتە دەرەوەی وڵات، بەم فڕۆکانە ناتوانن بیبەن، واتە کاتێک ئەو لەناو فڕۆکەی سەفەر دادەنیشێت فڕۆکەکە ناتوانێت بەرز ببێتەوە، هەرلەبەر ئەوە بەفڕۆکەی ١٣٣٠ سەربازی سەفەر دەکات.
ئێستا بڕۆ حسابی خۆت بکە.
ژالە دەیگوت کە باوکی فەرنوش لە ئاستیدا وەک مشکە. هەر ئەوەندەی دەنگی پرخەی دایکی دێت، باوکی مشکێک بەملیۆنێک دەکڕێت.
- ونبە! هەستە بڕۆینە بەردەم دەرگای ماڵی فەرنوش و ئەوان بزانین چ باسە.

ئەم قسە هیچانە چیە دەربارەی خەلکی دەیلێیت؟
کاوە- بەڵێ، هەستە عەباکەت لەسەربکە سەرێک بدەین لەوێ.
ژاڵە دەیگوت پوری فەرنوش خەنجەرێکی بەدەستەوە گرتووە و لەبەردەم مالیان وەستاوە تاکو سەرت لەلاشە جیابکاتەوە ئەو پورەی!
- من لە هیچ ناترسم.
کاوە- چەندە ئازا بووە! ئەگەر تۆ ناترسی من دەترسم. هاوڕێ تا ئێستا بۆ هەرشوێنێک ڕۆیشتووی لەگەڵت بووم بەڵام بۆ ئەمەیان ئیتر من نایەم.
دەڵێن ئەو پورەی دراوسێی دیوار بەدیواری ئەسغەری قاتڵ بووە! من نایەم.
چەندە گوتم بەهزاد گیانم ئەو فەرنوشە تیکەی تۆ نیە!
هەر کەلله ڕەقیت کرد، ئەمەش کۆتاییەکەی! سەد کەس پلانیان بۆ دارشتووین.
- خودا لەناوت ببات کاوە کە هەرچی دەکێشم بەهۆی تووەیە.
ئەو موبایلە خاوەون مردووەت دەربهێنە و پەیوەندی بەژاڵەوە بکە، ژمارەی فەرنوشم بۆ وەربگرە.
کاوە تەلەفوونەکەی دەرهێنا، ژمارەکەی فەرنوشی لە ژاڵە وەرگرت و گوتی:
- وەرە پەیوەندی پێوە بکە.
- لەڕاستیدا لەڕووم نایەت.
کاوە- بێ ئابڕوویت تەنها بەرامبەر منە؟
- باشە بەڕاست! لەناوەڕاستی ئەو قسانەدا چیت بەمن گوت؟
کاوە- دەتەوێت چی بکەیت؟
- دەمەوێت بکێشم بەسەرتدا و وەک سەگ هاوار بکەیت.
کاوە- بێچارە تۆ لە تەواوی ژیانتدا تەنها یەک هاوپەیمانت هەیە کە ئەویش منم. ئەگەر بچووکترین بێڕێزیم بەرامبەر بکەیت بەجێت دەهێڵم و دەڕۆم. ئەوکاتە خۆت دەمێنیتەوە و ئەو گەلە خوێن مژە.
- خودا بتکوژێت کاوە.
خەریک بووم وەک مرۆڤ ژیانی خۆم دەکرد، تۆی مردوو هاتیت و منت بەزۆر برد بۆ بەردەم دەرگای ماڵی فەرنوش کە ئەو ڕووداوە ڕوویدا.
کاوە- ئەوە ژیان بوو کەوا تۆ هەتبوو؟ ژیانی سەگی سەر شەقامەکان ڕێزدارتر بوو لەو ژیانەی تۆ! خراپە خستوومیتە ناو بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند؟
- ئەوانە خۆ نەخشە و پیلانیان بۆ دارشتووم.
کاوە- هەمیشە ئەو جۆرە کارانە سەختە، ماوەیەکی کەم تێپەڕێت چاک دەبێت.



CamScanner

لەکۆتاییدا خێردار دەبێت بۆت.
کارەکە لێژی تێکەوتووە، یان دەچێت بۆ نەخۆشخانە یان ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ
یان دەتخەنە زیندان، یان دەچێت بۆ نەخۆشخانە یان ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ
بەهەشتی زەهرا. دلگران مەبە، بۆ هەریەکە لەو جێگەیانە بڕۆیت لێرە باشترە.
- ئەگەر تۆ لاڵ بیت و یەک خولەک گاڵتە نەکەیت و ئاسایی بیت، خاکێک دەکەین
بەسەری خۆماندا.
کاوە- من خۆم بیرم لێکردۆتەوە. ئەگەر ئەو کارەی من پێتی دەڵێم ئەنجامی
بدەی، بەڵێنت پێدەدەم هەموو شتێک باش بێت.
- چ کارێک بکەم؟
کاوە- دەبێت بڕۆیت دەستی بەهرام ماچ بکەیت و پێی بڵێی هەڵەم کرد، تاکو ئیتر
کاری بەسەرتەوە نەبێت.
- ونبە لەبەرچاوم. بەڕاست ئیتر نامەوێت کارم بەسەر کاری فەرنوشەوە هەبێت.
کاوە- ئەمەت تاکو ئێستا سەد جار گوتووە بەلام هەرکە چاوت بەفەرنوش
دەکەوێت و بانگت دەکات بەهزاد گیان! هەموو شتێکت لەبیر دەچێتەوە و ئاو لە
دەم و لێوت دێتە خوارەوە.
- مردوو شۆر ئەو بیرکردنەوانەت ببات.
کاوە- مەگەر درۆ دەکەم؟
- ئێستا سەیرکە، ئەگەر ئیتر کارم بەسەریەوە هەبوو. باهەر شوو بکات بەو
بەهرامی کوڕە پوورەی.
کاوە- ئافەرین. ئێستا بوویتە مرۆڤێکی درووست و ژیر.
- تۆ ئیتر لاڵ بە.
کاوە- بەسەر چاوم، من ئیتر لاڵ دەبم.
هەر لەو کاتەدا موبایلی کاوە زەنگی لێدا و کاوە وەڵامی دایەوە و دواتر ڕووی
کردە من و گوتی:
کاوە- ا ب ب ب ل!
- کێیە؟
کاوە- ا ب ب ل!
- لاڵی؟
کاوە- ب ب واتە بەڵێ. خۆت گوتت لاڵ ببە.
- دەکێشم بەسەرتدا ها.
کاوە- ا ب ب واتە هەڵە دەکەیت.

- کێیە لەسەر هێڵ؟
کاوە- ئەگەر لاڵ نەدەبووم پێمدەگوتی کەوا فەرنوش کاری بەتۆ هەیە.
- بەڕاستی دێوانەی تۆ. ئەو خاوەن مردووەم پێبدە.
بەزۆر تەلەفوونەکەم لەدەستی سەند.
- ئەلو فەرنوش.
فەرنوش- سڵاو بەهزاد باشی؟
- بۆچی ڕووداوەکەت بەدرووستی بۆ باس نەکردم؟
فەرنوش- دەترسام بەهزاد.
دەستی کرد بەگریان.
- ئێستا بۆچی دەگری؟ شتێک ڕوووی نەداوە. منیش ئەوەندە مرۆڤێکی بێ دەست و پێ نیم کە نەتوانم بەرامبەر کەسێکی وەک بەهرام ڕابووەستم. تۆ باشتر بوو ئەوانە خۆت بەمنت بگوتایە، ئێستا ئیتر مەگری.
فەرنوش کە هەنسکی دەدا گوتی:
فەرنوش- بەڵام ئەو لە دەورو پشتی مرۆڤی لات و پوتی زۆر هەیە، دەترسم ماڵەکەت پەیدا بکات و ئازارت بدات مرۆڤێکی زۆر شەڕەنگێزە.
- ڕێگە بدە ئەو بابەتە خۆم چارەسەری بکەم. ئێستا ئەگەر دەتوانی هەستە و وەرە بۆ ئێرە. دەمەوێت بەدرووستی قسەت لەگەڵ بکەم. من دەبێت تەکلیفی خۆم بزانم.
فەرنوش- تۆ وەرە بۆ ئێرە. باوکیشم دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.
- لەگەڵ من؟
فەرنوش- بەڵێ. هەستە وەرە ئێرە.
ماوەیەک بیرم کردەوە دواتر گوتم:
- باشە تاکو چارەکێکی دیکە دێم. جاری خودات لەگەڵ.
فەرنوش- زوو وەرە چاوەڕوانتم. خودات لەگەڵ.
تەلەفوونەکەم داخست و کاوە کە مات تەماشای دەکردم گوتم:
- هەستە بڕۆین.
کاوە- خولەکێک پێش ئێستا خەریکبوو چیت دەگوت؟
- ئەو کاتە بێزار بووم، هەستە بڕۆین.
کاوە- من ئیتر بۆچی بێم؟
- ڕاست دەڵێیت. تۆ فیتنەی. بۆ هەر شوێنێک بڕۆی جەنگ بەرپادەکەی. پێویست

ناکات بێیت.

کاوه- ئێستا ئیتر من بوومه فیتنه؟

- تۆ هێشتا لێرەی؟

کاوه- من تۆ دەگەیەنم و خۆم دەڕۆم بۆ سەر شەقامەکان، بزانم دەتوانم دەربارەی کێشەکەی تۆ لە چوار کچ ڕێنموونی وەربگرم.

هەستاین و ڕاستەوخۆ ڕۆیشتینە ماڵی فەرنوش و ئەوان. لە بەردەم دەرگا کاتێک ویستم دابەزم کاوه گوتی:

کاوه- بەهزاد دەمەوێت بەڕاستی قسەت لەگەڵدا بکەم.

- ئێستا؟! دەتەوێت چی بڵێیت؟

کاوه- ئەگەر بەڕاستی فەرنوشت خۆش دەوێت وازی لێ مەهێنە و لە پاڵیدا بووەستە ئەگەر هەر ڕووداوێکیش ڕوو بدات. چوونکە دەزانم بەڕاستی فەرنوشیش تۆی خۆش دەوێت هەر ئەوە!

- دەبێت قسەی لەگەڵدا بکەم و ڕووم بکەمەوە. جارێ خودا حافیز!

کاوه- تۆ لە هەر شوێنێک بیت من لەگەڵ تۆم. خوات لەگەڵ.

زەنگم لێ دا فەرنوش خۆی بە ئایفۆنەکە وەڵامی دایەوە و دەرگای کردەوە. چوومە حەوشە و لە بەردەم پلیکانەکان ڕاوەستام. جلێکی سادەی جوانی لەبەر کردبوو زۆر جوانتری دەکرد. لە گریاندا چاوەکانی سوور بوو بوویەوە. وەک ئەوە بوو تیریان دابێت لە دڵم.

فەرنوش- سڵاو.

دەستی کرد بە گریان.

- بڕیار بوو ئیتر نەگریت، جەنابی ستایش لە کوێن؟

فەرنوش- لە هۆڵەکە دانیشتووە. وەرە ژوورەوە.

پێکەوە بەرەو هۆڵەکە ڕۆیشتین و باوکی فەرنوش بەرەو ڕوومان هات. ڕووخساری زۆر تێک چوو بوو.

ستایش- سڵاو کوڕم. چۆنیت. شەرمەزار دەبم تەماشات بکەم.

- سڵاو قوربان. ئەو قسانە چییە؟

ستایش- وەرە کوڕم. وەرە دابنیشە. دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم.

هەر سێکمان دانیشتین و چاییان بۆ هێنایین. چوو بوومە خەیاڵەوە کە دەبێت چ قسەیەک بکات؟ چاییەکەم بە ئارامی خواردەوە. چەند ساتێک دواتر ستایش دەستی

پێکرد.

ستایش- بەهزاد گیان، من ڕانەهاتووم درێژە بە شت بدەم بۆیە دەڕۆمە سەر بابەتی سەرەکی. ئەم فەرنوشە تاقانە منداڵی منە. لە گیانم زیاتر خۆشم دەوێت و حەز دەکەم خۆشبەخت بێت. ئێستا تۆ بڵێ بزانم، فەرنوشت خۆش دەوێت؟

تێدا مابووم. نەمدەزانی چی بڵێم، واتە شەرمم دەکرد. هەستم کرد خەریکە گڕ دەدرێم.

ستایش- بەهزاد گیان شەرم مەکە. دەزانم چەندە کوڕێکی ڕاستگۆیت. بۆیە بەبێ شەرم قسە بکە.

کەمێک بێدەنگ بووم. دواتر بە هەر گیان کێشانێک بووە گوتم:

- بەڵێ جەنابی ستایش. من فەرنوش خانمم لە گیانم زیاتر خۆش دەوێت بەڵام!

ستایش- بەڵام چی؟

- من بیردەکەمەوە کە بۆ کچەکەی ئێوە گونجاو نیە. واتە چۆ بڵێم. دەزانم لە ئایندەدا من و ئەوان کێشەمان بۆ درووست دەبێت.

ستایش- بۆچی؟

- ئاخر ئێوە حاڵی من باشتر دەزانن. من و فەرنوش خانم لەگەڵ یەکتردا لەڕووی ماددییەوە زۆر دوورین. ئەوە بۆ خۆی گەورەترین کێشەیە.

ستایش- ئەوە کە بابەتێک نیە. سوپاست بۆ خودا تۆ ماوەیەکی دیکە خوێندنت تەواو دەبێت و دەبیتە پزیشکێکی باش. ئەوە زۆر گرنگە. لە ڕووی ماددیەوە هەموو شتێک بدەرە دەستی من. من خۆم هەموو شتێک چارەسەر دەکەم.

کەمێک بێدەنگ بووم دواتر گوتم:

- داوای لێبووردن دەکەم. تو خودا لە من ببوورن. من ناتوانم یارمەتی لە هیچ کەسێک وەربگرم. ئەگەر بێ ڕێزی نەبێت حەز دەکەم لەسە پێی خۆم ڕاوەستم. واتە نامەوێت هاوسەرەکەم خەرجیم بکات.

بزەیەکی بۆ کردم و گوتی:

ستایش- تۆم خۆش دەوێت بەهزاد. بە بڕوای من تۆ هاوسەرێکی نموونەیی دەبێت بۆ فەرنوش. من لەگەڵ هاوسەرگیری تۆ و فەرنوش بە تەواوی هاوڕام. تەنها دەمویس ئەوە بە تۆ بڵێم. هەرچەندە پێویست بەو جۆرە قسانە ناکات لەگەڵ تۆدا بەڵام دەمەوێت بزانیت کەوا فەرنوش داخوازی کاری زۆر زۆرە بەڵام بەڕای من تۆ لە هەموویان باشتری هەڵبەتە بەو شتانەی خۆم دەیزانم.

دەربارەی ئەم بابەتە خۆتان دازانن. واتە دەبێت فەرنوش بڕیەیار بدات. باشترە

پێکەوە قسە بکەن. هاوسەرگیری بابەتێکی گەورە و گرنگە. ئێستا من بە تەنها جێتان دەهێڵم. بەباشی بیری خۆتان بکەنەوە. بەڵام بەهزاد گیان ئەگەر ویستت لەگەڵ کچەکەی من هاوسەرگیری بکەیت دەبێت بزانیت کێشەی دیکە دێتە سەر ڕێگەتان. لەسەر ئەم ڕێگەیە دەبێت پیاوێکی تەواو و خۆڕاگر بێت!

ئەوەی گوت و دەستێکیی خستە سەر شانی من و ڕۆیشت. من و فەرنوش مابووینەوە کە سەری داخستبوو، هیچی نەدەگوت. چەند خولەکێکی دیکەیش بێدەنگ بوو من دەستم پێ کرد.

- فەرنوش.

سەری بەرز کردەوە.

- بەڕاستی تۆ منت خۆش دەوێت؟ حەز دەکەیت لەگەڵ مندا هاوسەرگیری بکەیت؟

فەرنوش- ئەگەر نەمویستایە و خۆشم نەویستیایە نەدەهاتم بەدواتدا.

- ئەگەر لەگەڵ من هاوسەرگیری بکەیت، ئەو ژیانەی کە ئێستا تۆ هەتە من ناتوانم بۆتی دەستەبەر بکەم ها!

فەرنوش- بەلامەوە گرنگ نیە.

- دەبێت لەگەڵ من بێیت بۆ خانوویەکی بچووکی کرێ ها!

فەرنوش- دەزانم.

- فەرنوش لەوانەیە من نەتوانم تەنانەت یەک دانە لەو شتانەی ئێستا هەتە پێتی بدەم و بۆتی دەستەبەر بکەم ها!

فەرنوش- من چاو و دڵم تێر بێت، هەر گرنگ نیە بەلامەوە.

- من تەنانەت ئۆتۆمبیلێکم نیە کەوا پێکەوە پێی بچینە دەرەوە، دەبێت بۆ هەرشوێنێک بچین، بەپێ بڕۆین ها!

فەرنوش- ڕەزامەندم.

- من تەنها بەڵێنێک بەتۆ دەدەم، ئەویش ئەوەیە کە خۆشم دەوێیت و بۆ خۆشبەخت کردنت تەواوی هەوڵی خۆم دەدەم.

فەرنوش- منیش بەڵێنت پێ دەدەم کە هەمیشە خۆشم بوێیت و هیچ کەسێکی دیکەم نەوێت.

بەڕوویدا پێکەنیم و ئەویش پێکەنی.

- فەرنوش ناتوانم باوەڕ بکەم کە تۆ ئامادەی لەگەڵ من هاوسەرگیری بکەیت.

فەرنوش- باوەڕبکە بەهزاد. من ئەگەر هاوسەری تۆ بم خۆشبەخت دەبم، تۆ

پیاوێکی کەوا من هەست دەکەم دەتوانم لەژیانمدا پشتی پێ ببەستم.
- هیوادارم هەر بەوشێوە بێت کە تۆ دەڵێیت.
فەرنوش- وەرە بەهزاد.
پێکەوە چووینە لای پیانۆکە لەکۆتایی هۆڵەکەدا. لەبەردەم پیانۆیەکی زۆر قەشەنگ دانیشت و گوتی:
فەرنوش- هەر لەیەکەمین جارەوە لەزانکۆ تۆم بینی خۆشم ویستی.
بەو پشتگیریەی لەو ڕووداوە لەمنت کرد، ئیتر نەمتوانی لەدڵمدا هەڵتبکەنم. ئەو وێنەیەی پیشانم دایت کاری یەک شەو نەبووە! بەڵکو ماوەیەک درێژەی کێشاوە تاکو تەواو بووە. هەر قەڵەمێک پێمدا دەهێنا خۆشەویستیت لە دڵمدا زیاتر دەبوو، دڵ میهرەبانیت پتەوتر دەبوو.
خۆشم دەوێی بەهزاد، تکات لێدەکەم هیچ کاتێک مەگۆڕدرێ. من تۆم هەربەو خورەوشت و شانازی و نەفس بەرزیت خۆش دەوێ. ئەم ئاوازە خۆم دامناوە، بۆتۆم داناوە. لەوانەیە قەشەنگ نەبێت، بەڵام هەرچیەک بێت بۆ تۆیە بەتەواوی هەست و خۆشەویستیمەوە.
دەستی پێکرد. پەنجە قەشەنگ و نەرمەکانی لە ئاستی کلیلەکانی پیانۆکەدا ئەوەندە نەرم و سازیانە دەجوڵا کە بێ ویستی خۆم چاوم لەسەری هەڵنەدەگرت. چاوەکانی داخستبوو، ئاوازێکی زۆر قەشەنگی لێدەدا. نەمدەتوانی ئەو هەموو خۆشبەختیە بۆ خۆم باوەڕ بکەم.
فەرنوش، ئەو خانمە جوان و میهرەبانە ئاوازی بۆ من دانابوو وە خۆیشی بۆی لێدەدام!
خەیاڵکردنیشی نائاسایی بوو. بەڵام ڕاستەقینە بوو.
کاتێک ئاوازەکە تەواو بوو، تنۆکێک فرمێسک لەگۆشەی چاوی دەدرەوشایەوە.
- فەرنوش نازانم کە دەبێت چی بکەم! تۆ زۆر زیاتر لەوەی کەوا من چاوەڕوانم دەکرد. دەترسم نەتوانم خۆشبەختت بکەم.
فەرنوش- تۆ تەنها لەگەڵم بە، من خۆشبەخت دەبم.
بەتەواوی هەست و سۆزەوە تەماشام کرد.

## بەشی یازدەیەم

نیو کاتژمێر دواتر لەماڵی فەرنوش و ئەوان هاتمە دەرەوە و بەرەو ماڵی کاوە ڕۆشتم.

ئەوەندە خۆشی لەدڵمدا بوو کە دەمتوانی هەزار کەس خۆشحاڵ بکەم.

دەمویست بڕۆم و لەگەڵ کاوە قسەبکەم ، حەزم دەکرد ئەویش لەو شادیە بەشدار بێت.

دام لەزەنگەکە، کاوە خۆی دەرگای کردەوە، کاوەم بینی کەوا قژی تێکهەڵچوو بوو زۆر تووڕە بوو.

- چی بووە؟ بوومەلەرزە داویەتی لەماڵتان؟

کاوە- وەرە ژوورەوە. بەڵێ، مردووەکان زیاتر لە سەد کەسن! باش بوو کەوا هاتی، وەرە بۆ یارمەتیدانم.

- شتێک ڕوویداوە؟

کاوە- دایک و باوکم ڕۆشتن بۆ پرسەی یەکێک لەخزمان. لەگەڵ پورم و ژاڵە. ئەو کوڕە پورەمیان لەلای من داناوە، بەگیانی تۆ شێتی کردووم. ئەوەندەی نەماوە یان خۆم بکوژم یاخود ئەو.

- باشە بابە. ئەوە چیتە؟ بەدڵنیاییەوە نازانیت لەگەڵ منداڵاندا ڕەفتار بکەیت. تەمەنی چەندە؟

کاوە- من لەکوێ بزانم، هەواڵی مەرگیەتی! حەوت بۆ هەشت ساڵە. حەزدەکەم دانیشم و دەست بکەم بەگریان.

- بڕۆ ئەلاوە بزانم. شەرمەزاری بکێشە. لەکوێیە؟ ناوی چییە؟

کاوە- بومەلەرزە، هاوار، تۆپ، هاوەن، ئەوەندە ئازاری داوم ناویم لەبیر چووەتەوە. پێکەوە چووینە هۆڵەکە. تەواوی کەل و پەلەکانی تێکچوو بوو

بەسەریەکدا.
لە گۆشەیەکی هۆڵەکە کوڕێکی بچووک کورسیەکی خستبووە ژێر پێی و بەپێوە وەستابوو تەماشای کەناریەکی دەکرد لەناو قەفەزەکەیدا.
کاوە- وەرە خوارەوە منداڵ! کارت بەو بێزمانە چییە؟ داخت لەدڵمدا بمێنێت پشتیوان بەخودا!
- ناوی چییە؟
کاوە- سیامەکی زەلیل بوو.
- وەرە خوارەوە سیامەک گیان، وەرە خوارەوە مامە. گوناحە ئەو ئاژەڵە.
سیامەک- مامە دەمەوێت ببینم کەوا کەناری ڕاستەقینەیە یان لە سکیدا پاتری تێدایە کە هەر دەخوێنێت!
کاوە ڕۆیشت، دەستی گرت و هێنایە خوارەوە.
کاوە- تەماشاکە! ماڵەکە وەک مەیدانی جەنگی لێهاتووە. دەڵێی مەغۆلەکان هێرشیان کردووە.
- وەرە لای من بتبینم، بەبە، چ کوڕێکی چاکی وەرە لای من مامەگیان.
تا لەسەر مۆبیلێک دانیشتم، هاوارم چووە ئاسمان!
سیامەک- ئاخ سوتا، ئاخ سوتا، ئاخ سوتا.
کاوە- ئەی جانەوەری سووک! دەرزیت دانابوو لەسەر مۆبیلەکە؟
بزمارەکەم لەخۆم کردەوە و گوتم:
- کێشە نیە، منداڵە ئیتر.
کاوە- چی منداڵە؟! لەسەر هەموو مۆبیلەکان بزماری داناوە. تاکو ئێستا دووجار بزمارم پێدا چەقیوە. ئێرەم وەک تەیکە کون بووە!
- باشە کوڕی باش، بڵێ بزانم لە پۆلی چەندی؟
سیامەک پەنجە گەورەی بەرەوڕووم گرت.
کاوە- ئەی کوڕی بێ ڕەوشت! بیهێنەرە خوارەوە ئەو پەنجە نەفرەتیەت!
سیامەک- مامە لە پۆلی یەکەمم.
- بێنێت کاوە ئەو کوڕە مەبەستێکی خراپی نەبوو، تۆ خراپ بیر دەکەیتەوە.
کاوە- من ئەو نەنک مردووە دەناسم، مەبەستی لەوە بوو کەوا پێی نیشان دایت.
سیامەک هەر بەرەو ڕووم پەنجەی گرتبوو.
- باشە ئیتر تێگەیشتم سیامەک گیان دەستت بهێنەرە خوارەوە. ناشرینە، ئەو پەنجەیە مانای خراپی هەیە. نابێت بەوشێوەیە بەرامبەر هیچ کەس ڕایبگریت!

سیامەک- مامە ئەوە چییە؟
- کەمەربەندە مامەگیان.
سیامەک- بەستووتانە تاکو پانتۆلەکەتان نەیەتە خوارەوە؟
تەماشایەکی کاوەم کرد، پێدەکەنی.
- هەم بەستوومە کە جوان بێت و هەمیش لەبەر ئەوەی تۆ گوتت.
سیامەک- مامە باوکی من دەدانە کەمەربەندی هەیە.
- باوکی تۆ دەدانە کەمەربەندی بۆ چییە؟
سیامەک- ئەو خۆ هەمووی ناوێت! من دەچم کەمەربەندەکانی دەشارمەوە و ئەویش دەچێت دووبارە دەیکڕێت.
- بۆچی تۆ کەمەربەندەکانی باوکت دەشاریتەوە؟
سیامەک- لەبەرئەوەی بەکەمەربەند لە من دەدات.
- مەگەر باوکت بەکەمەربەند لە تۆ دەدات؟!
کاوە- وەڵڵا مافی خۆیەتی! من بوومایە بەشمشێر لێم دەدایت.
سیامەک- کاوە گیان مەگەر شمشێرت هەیە؟ تۆ خودا بیهێنە با شمشێربازی بکەین.
کاوە- نەنەت قوربانی ئەو چاوە بادەمیانەت بێت، نا من بادەمم دەوێت!
- سیامەک گیان، تۆ بێگومان کارێکی خراپ دەکەیت بۆیە باوکت تەمبێت دەکات.
سیامەک- مامە یەک خولەک وەرە.
- بۆکوێ بێم مامە؟
سیامەک- ئێوە وەرن دواتر پێتانی دەڵێم.
هەستام و بەدوایدا ڕۆیشتم، لە لایەکی دیکەی هۆڵەکە کە هەمووی کاشی سیرامیک بوو وەستا و گوتی:
- مامە ئێوە لێرە دابنیشن، تەماشابکە من چەندە بەباشی دەتوانم لەسەر کاشیەکان خلیسکێنە بکەم.
- باشە مامە. بەڵام ئاگاداربە نەکەویت بەزەویدا و خودا نەخواستە شوێنێکت بشکێت.
سیامەک- نا ئاگادارم مامە.
لەسەر کورسیەک دانیشتم و بەبێدەنگی بەکاوەم گوت:
- دەبێت منداڵەکان یاری بکەن تاکو وزەکەیان سەرف ببێت.
کاوە- مرۆڤ کاتژمێرێک لەگەڵ ئەم جۆرە منداڵانە تەنهابێت، لە حەوت دەوڵەت

ئازادی پێدەدەن! ئەمە وزە نیە، وزەی ناوەکی پێیە ئەم سیلاویە.
سیامەک- مامە تەماشابکە.
بە هێواشی لەلایەکی هۆڵەکە خلیسکا.
سیامەک- مامە وەرە تۆش خۆت بخلیسکێنە، پێکەوە یاری دەکەین.
هەستام تاکو یاری لەگەڵ بکەم، دەبینم بەپشتی پانتۆڵەکەمەوە بنێشتێک لکاوە.
سیامەک- چەسپا چەسپا! چەسپا چەسپا! لەم هەوایەدا تەنها بنێشت دەلکێت.
کاوە- جێگەی مەرگت بێت منداڵ! دەبینی بەهزاد!
دەمویست بنێشتەکە لەپانتۆڵەکەم بکەمەوە، گوتم:
- وازی لێبهێنە کاوە، شتێکی وانیە، پاک دەبێتەوە.
دواتر ڕوومکردە سیامەک و گوتم:
- مامەگیان، لە ئێوە ناوەشێتەوە ئەو کارە شەیتانیانە بکەیت، تۆ شا کوڕێکی باش و بە ڕەوشتی.
سەری دانەواند. هەستمکرد لەوکارەی کردوویەتی پەشیمانە. دووبارە گوتم:
- بێگومان ڕووداوێک بووەتە هۆی ئەوەی ئەو بنێشتە لەسەر ئەو کورسیە دابنێی، وانیە مامەگیان؟
سیامەک- نا مامە. ئەوەم بۆ کوڕە پورم کاوە دانابوو. نەم دەویست بچێتە لە پانتۆڵەکەی ئێوە.
- بەدڵنیاییەوە منت خۆش دەوێت، وایە؟
سیامەک- بەڵێ مامەگیان. ببوورە.
- ئافەرین کوڕی باش.
سیامەک- مامەگیان بهێڵە بۆتانی پاک بکەمەوە، من شارەزام.
- نا مامەگیان، خۆم دواتر پاکی دەکەمەوە. هەرئەوەی تۆ بەکارە خراپەکەت زانی و زانیت هەڵەت کردووە بەسە.
سیامەک- مامە کارێکی خراپی دیکەم کردووە! وەرە پێتی بڵێم.
تەماشایەکی کاوەم کرد، واتە شەرمەزاری بکێشە. دەستمی گرت و بەرەو لایەکی دیکەی هۆڵەکەی بردم.
- نەوەک شەیتانیانە شتێکی دیکەت لەسەر مۆبیلێک یان کورسیەک دانابێت و بتەوێت من لەسەری دابنیشم؟!
سیامەک- نا بەخودا مامە. ئیتر هیچم لەسەر مۆبیل دانەناوە.
- کەواتە چیت کردووە؟

پیشانتان دەدەم.

سیامەک- ئێوە وەرن، پیشانتان دەدەم.

هەنگاوی چوارەم و پێنجەمم نەنابوو کە خۆم بینیەوە لەهەوادا دەخولێمەوە. بەپشتدا کەوتم بەزەویدا. هەناسەم توند بوو، بەرچاوم ڕەش بوو.

سیامەک- مامە کەوت، مامە کەوت! مامە کەوت، مامە کەوت!

کاوە بەدوای کەوت کە بیگرێت، توانای قسەکردنم نەبوو چ بگات بەڕێگە پێگرتنی. بەڕاست خۆشم حەزم دەکرد شتێکی لێبکەم. لە نیوەی ڕێگە سیامەکی بەردا و بەرەو لای من هات.

کاوە- چی بوو بەهزاد؟ سەلامەتی؟

بە هەر بێچارەیەک بوو هەستام. سیامەک لەوبەری هۆڵەکە وەستابوو و پێدەکەنی.

سیامەک- ئەوە تەنها لە فلیمەکانی ماڵەوە فێربووم مامە.

کاوە دەستی گرت بەیەکێک لە سیرامیکەکانی هۆڵەکەوە و گوتی:

کاوە- باڵ بگرێت منداڵ! لەوانەیە مەڵهەمێک یان شتێکی دابێت لەم ناوە. پێش هاتنی تۆ بینیم لێرە کەمێک بێدەنگ بووە و لەم ناوەسا سەرقاڵە، نەمدەزانی باوک سەگە خەریکە مەڵهەم دەدات لێرە.

ئازاری پشتم زۆر بوو گوتم:

- دایک و باوکی کەی دێن کاوە؟

کاوە- من لەکوێ بزانم. دەبێت ئیتر پەیدا ببن. سەیربکە چ چاوێکی شەیتانی هەیە باوک سەگە!

سیامەک- کوڕە پور، کاوە بەمن دەڵێیت باوک سەگ؟ باوکم و ئەوان بێن پێیان دەڵێم.

کاوە- نا ئازیزم. بەخۆم دەڵێم. من هەڵە دەکەم بەئێوە کەمتر لەگوڵ بڵێم. بەلام نەفرەت لە دایک و باوکی ئەو کەسەی یەک خولەک ئاگای لە تۆ دەبێت!

سیامەک- کوڕە پور کاوە، ئەمڕۆ لەلام زۆر خۆشتر لە کارتۆن و شاری یاری تێپەڕی!

من و کاوە تەماشای یەکترمان کرد و پێکەنین.

کاوە- هەر لەبیرم چوو پێت بڵێم لەماڵی ستایش و ئەوان چ هەواڵێک هەبوو؟

- هەر خۆم بیرم چوو بۆچی هاتوومەتە ئێرە!

کاوە- منداڵ نیە ئەمە، بەردی ئاسمانییە، وەک بروسکە دەمێنێتەوە. بچێتە هەر شوێنێک هەمووی لەناودەبات. چونە ئەگەر هەڵی بدەینە ماڵی پوری فەرنوش؟

لەوانەیە باوەشێک بکات بەقاچی بەهرامدا و کێشەکەی تۆ چارەسەر بێت.
- گوناحن ئەو داماوانە. ئەم دیاریە بۆ ئەوان ئیتر زۆر زۆرە.
کاوە- هەستە بڕۆینە حەوشە، بۆم باسبکە بزانم چی ڕوویدا لەماڵی فەرنوش و ئەوان؟
- ئێمە بڕۆین کێ ئاگای لەم منداڵە دەبێ؟
کاوە- مەگەر تاکو ئێستا ئێمە لێرە بوین، توانیومانە پێشی پێبگرین؟
هەر لەو کاتەدا خزمەتکارەکەیان هاتە هۆڵەکە و بەترسەوە گوتی:
- کاوە خان، کاک سیامەک نازانم چی کردە شوشەی ماسییەکان ڕەنگی قاوەیی گرتووە! گومان دەبەم دەرمانی گڵی تێکردبێت.
بەرەولای ئاکواریمە گەورەکە ڕۆیشتین کە لە بالکۆنی نهۆمی سەرەوە بوو. ئەواوی ئاوەکە سور ببوو وە ماسیەکانیش مردبوون.
کاوە- وای وای! بێچارە بووم! سک ئێشەی بیست و چوار کاتژمێری بگریت منداڵ کە بێچارەت کردم. باوکم عاشقی ئەو ماسیانە بوو. ئێستا کاتێک بێتەوە دەڵێت کوڕە نەتوانی دوو کاتژمێر ئاگات لە منداڵێک بێت؟
- بابە وازی لێ بهێنە، ئەم پێنجەیان ببەینە حەوشە تاکو خراپتر نەبێت.
کاوە- ئیتر چ سودێکی هەیە؟ ئێستا ئیتر لێرە جگە لە وێرانەیەک هیچی دیکە نەماوەتەوە. دایکی بێچارەم دەبێت دووبارە کەل و پەلەکانی بکڕێتەوە.
- بەڕاستی منداڵێکی شەیتانە ها!
کاوە- ئێستا دووبارە دروشم دەدەی من نازانم چۆن لەگەل منداڵان ڕەفتار بکەم؟
- ئێستا بڕۆینە خوارەوە ئاگاداری بین، پەنێکی دیکە نەنێتەوە.
هەردووکمان بەخێرایی هاتینە خوارەوە. سیامەک ڕۆشتبوو بەهێمنی لەسەر مۆبیلێک دانیشتبوو.
کاوە- بەهزاد ئاگاداری بە! ئەو جانەوەرە هەرکاتێک بێدەنگ دەبێت کارێکی کردووە!
نەوەک تەڵەیەکی تەقینەوە یان بومبێکی سەد کەسی لەبەردەم پێمان دانابێت!
- سیامەک خان، چییە کەوا بێدەنگ بووی؟
سیامەک- برسیمە مامە.
کاوە- ئێستا دەڵێم دەردت بۆ درووست بکەن و زەهری مارت بۆ بهێنن ئازیزم. ساردیش دەخۆی؟

دەلیم پەرداخێک زەهری گیاژاڵەت بۆ بهێنن! بیکەرە ئەو سکەت، لەوانەیە خولەکێک لە شوێنێک ئارام بێتەوە.

هەر کاوە ئەوانەی گوت، سیامەک لێوی وەرچەرخاند و بەدەنگی بەرز دەستی کرد بەگریان.

کاوە- سوک، چیتە ئەوە؟ هەموو گەڕەک دەنگت دەبیستن. ئەم گریانەشت بەزۆرە ئاژەل؟

- کاوە تو خودا شتێکی پێبدە بیخوات، ئێستا پەردەی گوێمان دەدڕێت!

کاوە بە سورەیا خانمی گوت کە شتێکی بۆ بهێنێت، سورەیا خانم خۆی بە قاپێک برنج و مریشکەوە هاتە هۆڵەکە.

کاوە- بیگرە منداڵ بەدەردی بکە، بزانە دەهێڵێت ئێمە هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵبکێشین؟ بابە لە جەنگیشدا مەشخەڵێک شتێکت پێدەدەن تاکو ماندوویەتیت نەمێنێت. بەڵام هێرشی تۆ بیست و چوار کاتژمێریە!

هەر لەوکاتەدا لەجەرەسیان دا و دایک و باوکی کاوە لەگەڵ ژاڵە و دایک و باوکی هاتن.

کاوە هەر ئەوانی لە پەنجەرەکەوە بینی چەمیەوە سەر زەوی و سوجدەیەکی برد و گوتی:

کاوە- خودایە سوپاستەکەم. ئەگەر نیوکاتژمێر درەنگتر ئەم ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ دەگەیشتن، دەبووایە خۆمان ڕادەست بکردایە و سەنگەرمان بدایەتە دەستی دوژمن! ئەی تف لە گۆڕی هەرچی باوکی منداڵی بێ ڕەوشتە!

سیامەک دەمی پڕ لە خواردن بوو گوتی:

سیامەک- کوڕە پور کاوە، دایکم دەڵێت تفکردن ناشرینە! ڕەوشتی منداڵی بێ ڕەوشتە!

من و کاوە تەماشای یەکترمان کرد و دەستمانکرد بەپێکەنین. کاوە گوتی:

- بهێڵە من ئەو منداڵە ڕادەست بکەم، دەڕۆینە سەرشەقام و پیاسەیەک دەکەین.

هەرلەوکاتەدا ئەوان هاتنە ژوورەوە و سڵاو و هەواڵپرسی و ئەو جۆرە شتانە.

دواتر دایکی سیامەک گوتی:

- منداڵەکان سیامەک ئازاری نەدان؟

- هەرگیز، ڕێزتان هەیە، بەو بۆنەیەوە منداڵێکی پڕ لە وزە و چالاکە.

کاوە- بەڵام پوری دەچێت بە بێدەنگی لەسوچێکدا دادەنیشێت و دەکەوێتە بیری خۆیەوە. نەوەک خودای نەخواستە نەخۆشی نەفسی هەبێت؟

دایکی کاوە- ئای وای، خودا بمکوژێت! ئەم ماڵە بۆچی بەوشێوەیە؟ ئەوانە کێ راوەتی بەیەکدا؟

کاوە پێڵاوەکانی لەپێ دەکرد تا بچینە دەرەوە گوتی:

- شتێکی وانیە دایکە! من و بەهزاد و سورەیا خانم و کوبرا خانم خەریک بووین یاریمان دەکرد.

سورەیا خانم لە چێشتخانە دەستیکرد بەپێکەنین.

پێکەوە لەماڵ هاتینە دەرەوە و دەستمانکرد بە پیاسەکردن لەسەر شەقام.

کاوە- ئۆخەیش! ئازادی چەندە خۆشە.

- ئەم منداڵە نازدار پەروەردەکراوە. هەرکارێکی کردووە پێیان نەگوتووە، بۆیە بێ ڕەوشت بووە.

کاوە- تو خودا ئیتر دەربارەی قسە مەکە، بیرم دەکەوێتەوە هەر چوار پەلم دەلەرزێت.

- چ بەلایەکی بەسەر مندا هێنا. هێشتاش کەمەرم ئازاری هەیە.

کاوە- باشە بۆم باسبکە بزانم چوویت بۆ ماڵی فەرنوش و ئەوان چی بوو؟

ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. گوتی:

کاوە- ئافەرین بۆ فەرنوش و ئافەرین بۆ باوکی، ئیتر واز مەهێنە و برۆرە پێشەوە بەهیوای خودا.

- منیش هەمان بیرۆکەم هەیە. ئێستا کە دەزانم چەندە خۆشی دەوێم، تا کۆتا هەناسەم لەپشتی دەوەستم.

کاوە- خۆ نانت نەخواردووە؟

- جگە لە چلێسیەکەی دەستی سیامەک خان، هیچی دیکەم نەخواردووە.

کاوە- ئێوارە میوانی منی. دەبێت جەژن بگێڕین.

دواتر ماچی کردم و گوتی:

کاوە- بەهزاد پیرۆزبایت لێدەکەم. بەخودا زۆر خۆشحاڵم. پشتیوان بەخودا خۆشبەخت بیت. بەڵام لەبیرت نەچێت، کاتێک هاوسەرگیریتان کرد لەگەڵ خۆتان ئەم سیامەکە ببەن، سەرگەرمتان دەکات و ناهێڵێت بێزار بن!

هەردووکمان پێکەنین.

بەفر وردە وردە دەباری.

کاوە- بگەڕێینەوە ماڵەوە، ئۆتۆمبیلەکە بهێنین. دەمەوێت بتبەمە ڕێستۆرانتێکی شاز.

شتێک بخۆین.
- پێویست ناکات بابە. بڕۆین هەر لەم ناوەدا شتێک بخۆین.
کاوە- بێچارە، تۆ دەبێت تاکو چەند ڕۆژێکی دیکە لەگەڵ خانمی ستایش و پوری و بەهرام بجەنگیت. ئەم ماوەیە گۆشت بخۆ تاکو گۆشت بگریت، خۆ بەهێلکە خواردن نابیت بەپاڵەوان.
بەرامبەر خەسووەکەت دەبێت کە پێی گەیشتی دروشمی وەها بدەیت کەوا دڵی شێر بکات بە ئاو. بەو بارودۆخەی کە تۆ هەتە دەترسم تاکو دەمت بکەیتەوە بچیتە ژێر گڵ، نەتوانی چرای بەرز ببەستی. لە قورگت دەنگی قەد قەد قەد قەد بێتە دەرەوە.
- ونبە لەبەرچاوم کاوە. ئەوەندە لەوقسانەت کردووە کەوا هەست دەکەم پەڕ دەردەکەم و خەریکە دەبمە مریشک.
پێکەوە بەپێکەنین و گاڵتەوە بەرەو ماڵی کاوە ڕۆشتین و کاوە ئۆتۆمبیلەکەی هێنایە دەرەوە و بەڕێ کەوتین.
کاتژمێر دە و نیو بۆ یانزە بوو کە هەر لەسەر شەقامەکان دەڕۆیشتین و قسەمان دەکرد، لەپڕ کچێک لە کەناری شەقامەکە دەستی بۆ بەرز کردینەوە.
- کاوە ڕایبگرە سواری بکەین. کات درەنگە و لەم بەفر و بارانەدا ئۆتۆمبیل دەست ناکەویت، گوناحە.
کاوە- خانم ئێمە ڕاست دەڕۆین، لەهەرشوێنێک ویستت لابدەی بفەرموو ڕایبگرم و دابەزن.
دووبارە هیچی نەگوت. لە جامەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد. ئاماژەم بۆ کاوە کرد بەڕێکەویت کە دوو خولەک دواتر، لەپڕ گوتی:
کچەکە- ئەگەر هەردووکتان بتانەویت، دەکاتە بیست هەزار تمەن!
کاوە تێنەگەیشتبوو، گوتی:
کاوە- ببورە، هەردووکمان چیمان بوویت دەکاتە بیست هەزار تمەن؟
کچەکە- خۆتان دەزانن چی دەڵێم!
کاوە پێی نا بەئیستۆپدا و لەوکاتەی نەفرەت لەچاوەکانی دەباری گوتی:
- تاکو نەمکێشاوە بەسەرتدا دابەزە!
کچەکە- دابەزم؟ دەبێت هەردووکتان بێن و بیست هەزار تمەن بدەن، ئەگەرنا دەقیژێنم تاکو پۆلیس بێت و باوکتان لە گۆڕ دەربهێنێت.
کاوە- باشە بقیژێنە بزانم. لەکەیەوە تاکو ئێستا ..... ڕۆشتوون بۆ بەردەم یاسا؟
- چی دەڵێیت کاوە؟

کاوە- بهێڵە بقیژێنێ ببینم.

ئەو کچە کاتێک کاوە ئەو قسەیەی کرد، سەری دانەواند و زۆر بەهێمنی ویستی لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزێت. لەڕاستیدا باوەڕم نەدەکرد. لە ژێر لێوەوە بەهێواشی گوتی ببورن.

خەریکبوو دەرگاکەی دەکردەوە کە کاوە گوتی:

- دانیشە، پێویست ناکات دابەزی.

- شێت بووی کاوە؟

کچەکە- تو خودا ڕێگەم بدەن بڕۆم!

کاوە دوگمەیەکی داگرت کە دەرگاکە قفڵ بوو، بەڕێکەوت.

- ڕاوەستە کاوە. پێت دەڵێم ڕاوەستە.

کچەکە- تو ئەو کەسەی دەیپەرستی، ڕایگرە دابەزم.

- کاوە تێنەگەیشتی چیم پێگوتی؟ ڕایگرە!

کاوە لەلایەکی شەقامەکە ڕایگرت.

- قوفڵی دەرگاکە بکەرەوە داببەزێت، خێراکە.

کاوە تەماشای منی کرد و گوتی:

کاوە- بەهزاد ئەم خانمە، لەو کەسانە نیە. تاکو پێم نەڵێت لەبەرچی ئەو کارەی کردووە ناهێڵم دابەزێت.

دواتر گڵۆپی ناو ئۆتۆمبیلەکەی داگرساند. هەردووکمان لامان کردووە و تەماشامان کرد. کچێکی قەشەنگ بوو. ڕووخسارێکی بێتاوان و جوانی هەبوو. بۆ ساتێک تەماشای ئێمەی کرد و دواتر ڕووخساری کردە نێوان دەستەکانی و دەستی کرد بەگریان. من و کاوە سەرسامانە تەماشای یەکترمان کرد.

کاوە- دەبێت پێم بڵێیت بەدڵنیاییەوە کچێک بەو قەشەنگیە ئەوە کاری نیە. بۆچی دەبێت لەم کاتەی شەودا سواری ئۆتۆمبیلی دوو گەنجی بێگانە بێت؟

کچەکە- بهێڵن بڕۆم تو خودا. تکاتان لێدەکەم یاری بە ئابڕوم مەکەن!

کاوە پێکەنینێکی تووڕەییانەی کرد و گوتی:

- ئێمە بە ئابڕووی تۆ یاری نەکەین؟ سەیرە! خانم ئێوە هەستان کرد چ کارێکتان کرد؟

دووبارە ئەو کچە هەوڵیدا دەرگاکە بکاتەوە و دەیگوت بهێڵن دابەزم تو خودا.

کاوە- بەخودای بێهاوتا ئەگەر نەڵێیت بۆچی ئەوکارەت کرد، هەر ئێستا دەتبەمە بەردەم بنکە و دەتدەمە دەستی پۆلیسەکان.



CamScanner

ڕەنگی ئەو کچە پەڕی. لای کردەوە و تەماشایەکی کاوەی کرد، ئەمجارە توندتر دەسکەکەی ڕاکێشا و کاوەش پێینا بەبەنزیندا و بەڕێکەوت.
کچەکە- تو خودا ئەو کارە مەکەن ئابڕووم دەڕوات.
کاوە- دەبێت بڵێیت بۆچی سواری ئۆتۆمبیلەکە بوویت.
کچەکە هاواری کرد:
- پەیوەندی بەتووە چییە؟ مەگەر تو لێکۆڵەری؟
دواتر ڕووی کردە من و گوتی:
کچکە- کاکە تو خودا ئێوە بەهاوڕێکەتان بڵێن بهێڵێت من دابەزم.
تەماشای کاوەم کرد و گوتم:
- کاوە بڕۆرە ئەو کۆڵانە و ڕایبگرە.
کاوە چووە کۆڵانێکی چۆڵ و وەستا. دواتر من ڕوومکردە کچەکە و گوتم:
- خانم، بەلای منیشەوە مایەی سەرسوڕمانە کە کچێکی قەشەنگی وەک ئێوە بۆچی کارێکی لەو شێوەیە دەکات؟
حەیف نیە! ئێوە دەبێت هاوسەرگیری بکەن و منداڵتان هەبێت، ماڵی هاوسەرەکەت پڕبکەیت لە خۆشی و خۆشەویستی! ئەوکات لەم کاتەی شەودا لەسەر شەقامەکان سەرگەردانیت. دڵت بۆ دایک و باوکت ناسووتێت بە چ زەحمەتیەک ئێوەیان گەورە کردووە و زەحمەتیان بۆ کێشاوی؟ دەتەوێت سەریان شۆڕبکەیت تاکو لەخەفەتدا بمرن؟
کاوە- کچی بەوکارەی تۆ دەڵێن خۆفرۆشی. تێدەگەیت؟
لەپڕ بەدەنگێکی توورە هاواری کرد:
- بێدەنگ بن.
دواتر گریا و گوتی:
- بهێڵن بڕۆم. بەخودا حاڵی دایکم باش نیە. تو خودا وازم لێبهێنن.
تەماشای یەکترمان کرد.
کاوە- دایکتان نەخۆشە؟
کچەکە- بەڵی بەخودا دەبێت بڕۆم بۆلای.
- ماڵتان لەکوێیە؟ ناونیشانەکەمان پێبدەن، ئێمە دەتگەیەنین.
تەماشایەکی کردین و گوتی:
- ماڵمان لە مونیرەیە.
کاوە- ئێستا بووە قسەی درووست.

بەکورتی بەڕێ کەوت و گلۆپی ناو ئۆتۆمبیلەکەی کوژانەوە و گوتی:
کاوە- ئەو پارەی دەتانویست بۆ دەرمانەکانی دایکت بوو؟
بهێلە من پێتی بڵێم. ئەگەر من لەجێگەی باوک و دایکت بوومایە، ئامادەبووم بمرم بەلام لێو لەحەبێک یان دەرمانێک کە بەو پارە پیسانە دەستدەکەوێت نەدەم.
کچەکە دووبارە بێدەنگ بوو. چارەکێک بۆ بیست خولەک تێپەڕی کە من گوتم:
- خانم، ئابڕووی مرۆڤ زۆر بەنرختر لەو قسانەیە. ئەوکارەی ئێوە وەک ئەوە وایە مرۆڤ ڕۆحی خۆی بفرۆشێت.
کاوە- لەمنەوە ئەم ئامۆژگاریە بۆ ئێوە، تەنانەت ئەگەر لە برسێتی و دەرد و نەخۆشیدا خەریک بوو دەمردی، ئیتر تەنانەت بیر لەو کارانە مەکەرەوە.
کچەکە لەپڕ ڕووی کردە لای ئێمە و گوتی:
- دەکرێ ئێوەی دەوڵەمەندی پیسکە بێدەنگ بن؟
من و کاوە دووبارە تەماشای یەکترمان کردەوە.
کاوە- بەئێمە دەڵێت دەوڵەمەندی پیسکە؟
- لەگەڵ تۆیەتی. من کە دەوڵەمەند نیم.
لامکردەوە و گوتم:
- خانمی ئازیز، بەندە لەم حەوت ئاسمانەدا ئەستێرەیەکیشم نیە. ژیانی منیش ئارادەیەک وەک ژیانی ئێوەیە!
کاوە- ئێستا بڵێ منی پیسکە بەکام لادا دەبێت بڕۆم؟
کچەکە- هەر لێرەدا ڕایگرن. ناشرینە یەکێک من لەناو ئۆتۆمبیلی ئێوە ببینێت.
کاوە- ببورەن. دەڵێی لەبیرتان چووە نیوکاتژمێر پێش ئێستا دەتان ویست چ کارێک بکەن.
کچەکە- ئەوە نیو کاتژمێر پێش ئێستا بوو. تازە هەرئەو کاتەی ئەو قسەیەم بەئێوە گوت پەشیمان بوومەوە. بیرم دەکردەوە، لە شوێنێک وەستان، دابەزم و هەڵبێم.
کاوە- من لەو قسانە تێناگەم. من تاکو ئێوە نەگەیەنمە بەردەم ماڵتان و نەبینم چوونەتە ماڵەوە خەیاڵم ئاسوودە نابێت. کەواتە ناونیشانەکەتان بڵێن، ڕامان مەگرن.
کچەکە- بەڕاستی ئەوەتان دەوێت؟
کاوە- بەڵێ.
کچەکە- ڕاست بڕۆ و لەسەر چوار ڕیانەکە بەلای دەستە چەپ لابدە.

کاوە ڕۆیشتە شەقامێک و هەر بەو شێوەی کچەکە ناونیشانەکەی دەدا ڕۆیشت تاکو گەیشتە کۆڵانێکی باریک و چۆڵ، گەیشتینە بەردەمماڵێکی کۆن.

کاوە- ئێرە ماڵەکەتانە؟

کچەکە- بەڵێ. دەتانەوێت بێنە ژوورەوە؟

کاوە- نا زۆر سوپاست. هەرئەوەندەی ببینم ئێوە چوونەتە ماڵەوە بۆ من بەسە. ئێمە ڕێگەی خۆمان دەگرینە بەر و دەڕۆین. کاوە قوفڵی دەرگاکەی کردەوە.

کچەکە دابەزی و دەرگاکەی داخست و چەند هەنگاوێک بەرەو ماڵەوەیان ڕۆیشت. بەڵام وەک ئەوەی پەشیمان بووبێتەوە دووبارە گەڕایەوە. کاوە جامەکەی هێنایە خوارەوە و گوتی:

- شتێک بووە؟

کچەکە- نەخێر. تەنها ویستم بڵێم داوای لێبوردنتان لێ دەکەم ئەگەر قسەیەکی خراپم کردبێت، بەدەستی خۆم نەبوو. سوپاستی خودا دەکەم کە ئەمشەو ڕووبەڕووی ئێوە بوومەوە ئەگەرنا نازانم چی دەبوو.

ئەوانەی گوت و ڕۆیشت. بەکلیل دەرگای ماڵەوەی کردەوە و چووە ژوورەوە.

من و کاوە تاکو ساتی کۆتایی تەماشامان دەکرد.

کاوە- ئەمەیان ئیتر چ داستانێک بوو؟ وەک فلیمەکان! شەوی ڕووداو! ڕووداو بەهاوبەشی کاوە، کاری هونەری خۆشی تەکنیکی سینەما! بەهزاد، خەڵەتاوی داوی شەیتان.

- باشە تۆ بیرت لەوە نەکردەوە ئەگەر بیقیژانایە باوکمانیان لەگۆڕ دەردەهێنا؟

کاوە- خۆ گوتبووم لەو جۆرە کەسانە نەبوو.

- منیش تێگەیشتم. بەڵام دەکرا ئابڕوومان ببات.

کاوە- بەڵام چ چاوێکی سەرسوڕهێنەری هەبوو!

بە سەرسامیەوە تەماشام کرد.

کاوە- بەگیانی تۆ بەهزاد. دڵمی لەرزاند. لە ئاوێنەکەوە کە تەماشام دەکرد لە ڕووخساری خەم دەباری.

- بەڕێکەوە برۆین. باش نیە لێرە ڕاوەستین.

کاوە- دەمەوێت بەڕێ بکەوم، بەڵام دڵم لەگەڵم نایەت.

- مردوو شۆر دڵت ببات. بەڕێکەوە تاکو یەکێک نەهاتووە یەخەمان بگرێت.

کاوە- لەبیرم چوو ناوی بپرسم.

- پرسیارت دەکرد و وەڵامیشی نەدەدایەوە. بەڕێکەوە ئیتر.

کاوە جامەکەی بەرز کردەوە و بەئارامی بەڕێ کەوت و گوتی:
- سوپاست بۆ خودا کە نەکەوتە دەست کەسانی خراپ.
- بڕیاربوو ئەمشەو خواردنێک بدەیت بەئێمە.
کاوە- لەوانەیە ئەمشەو بەو هێلکەیە بسازێین.
- بڕۆ بێچارە، بڕۆرە لای لەفەفرۆشێک میوانی منی.
لەپڕ کاوە پێی نا بەئێستۆپدا و لای کردەوە تەماشای پشتەوەی دەکرد.
کاتێک لام کردەوە هەمان ئەو کچەم بینی کە بەرەو لای ئێمە بەبێ سەرپۆش دێت و دەستی دەجوڵێنێت. کاوە بەپەلە گەڕایەوە و گەیشتینە لای و دابەزین. بەتوندی دەگریا گوتی:
- تو خودا یارمەتیمان بدەن. دایکم خەریکە دەمرێت.
بەخێرایی ئۆتۆمبیلەکەمان ڕاگرت و پێکەوە لەگەڵ ئەو کچە چووینە ژوورەوە.
ماڵەکە چیتان بۆ باس بکەم. دوو ژووری خاڵی بوو. لە سوچێکدا جێگەیەکی لێبوو کە لەسەری خانمێکی پیری زەردهەڵگەراو ڕاکشابوو. هەرسێکمان چووینە سەری.
- خانم، خانم!
کاوە- خانم خانم ،چاوەکانت بکەرەوە.
لێدانی دڵیم گرت، بەکورتی شتێکی بەناوی لێدان نەبوو.
- کاوە خێراکە دەبێت بیگەیەنینە نەخۆشخانە. ئۆکسجینی دەوێت.
کچەکە- نا. نەوەک بیجوڵێنین خراپ بێت بۆی؟
کاوە- مەترسە خانم. ئێمە هەردووکمان نیمچە پزیشکین. بەهزاد بەرزی کەرەوە.
هەرسێکمان یارمەتیمان دا و بردمانە ئۆتۆمبیلەکە و کاوە بەخێرایی بەڕێ کەوت.
- کاوە بچینە نەخۆشخانەکەی خۆمان.
کاوە- ئەوێ سودی نیە. بڕۆینە نەخۆشخانەی...... هاوڕێی باوکم لەوێیە.
چارەکێک دواتر گەیشتین و بەتەختەیەک ئەو خانمەمان بردە نەخۆشخانەکە. بەشی فریاکەوتن. بڵندگۆ هاواریکرد پزیشک ئەسەدی. هاوڕێکەی باوکی کاوەش لەوێ بوو. خۆی هاتە خوارەوە و بەکورتی بردیانە ژێر ئۆکسجین.
نزیکەی نیو کاتژمێر دواتر، بارودۆخی نزیکە ئاسایی بویەوە.
- کاوە بیردەکەمەوە نەخۆشیەکەی شێرپەنجە بێت.
کاوە- بەڵێ، زانیم.
- زۆر بەرەو پێش چووە. لەوانەیە بەهیچ شتێک چارەسەر نەکرێت، واتە کار

لەکار ترازاوە.
کاوە- خودا پارمەتی دەدات. تۆ چۆن لەخودا دەڕوانیت؟!
- بەڵێ، تەمەن لەدەستی خودایە.
کاوە- لەوانەیە ببینیت ئەو ژنە بەو بارودۆخ و وەزعەیەوە باش بوو بێت و تۆش پیاوەتیت سەلامەت نەبێت. خۆ ناکرێ دەستکاری کاری خودا بکەین.
- بمری باشە. لەم کاتەشدا دەست لە گاڵتەکردن هەڵناگریت؟
لەوکاتەدا پزیشک ئەسەدی هات بۆ لای ئێمە و لەگەڵ یەکدی ئاشنابووین.
پزیشک- کاوە، بەهزاد خانیش لەبەشی پزیشکیە؟
کاوە- بەڵێ پزیشک.
پزیشک- لەوانەیە خۆتان لەڕووداوەکە تێگەیشتبن.
کاوە- کانسۆرە پزیشک، تەواوە؟
پزیشک- بە ئەگەرێکی زۆرەوە تەواوە. لەم قۆناغەدا کارێکیش ناکرێت. هەڵبەت دەبێت تاقیکردنەوەکانی تەواو بێت. دەزانی کەوا سۆنەر و تیشک و بەکورتی هەموو شتێک. لە خزمەکانتانن؟
کاوە- هاوڕێین پزیشک.
پزیشک- دەبێت لێرە بمێنێتەوە. چونکە لە سبەیەوە دەبێت دەست پێبکەین.
کاوە- باشە پزیشک. بەهەر شێوەیەک پێتان باشە دەست پێبکەن.
کاوە- جارێ لەسەر ئێزنتان، من لەم بەشە چەند نەخۆشێکم هەیە دەبێت سەردانیان بکەم.
کاتێک پزیشک ڕۆیشت، ئەو کچە لەبەشی فریاکەوتن بەرەولای ئێمە هات.
کاتێک گەیشت گوتی:
- نازانم چۆن سوپاستان بکەم. خۆم بەشەرمەزار دەزانم کاتێک تەماشای چاوەکانتان دەکەم، من ببەخشن.
ناوم فەریبایە.
کاوە- ناوی منیش کاوەیە. ناوی هاوڕێکەشم بەهزادە. هەردووکمان لەزانکۆی پزیشکین.
فەریبا- لەوانەیە ئەم شەو خودا لەگەڵ من بوو بێت چونکە لەگەڵ ئێوە ڕووبەڕوو بوومەوە، لەهەردوو بابەتەکەدا.
کاوە- خودا هیچ کاتێک بەندەکانی فەرامۆش ناکات.
فەریبا- ببوورە. بینیم لەگەڵ پزیشک قسە دەکەن. ڕای ئەو چی بوو؟

کاوە- بەخودا چی بڵێم؟ شتێکی درووستی بەئێمە نەگوت.
فەریبا زەردەخەنەیەکی تەڵخی کرد و گوتی:
- واتە ئێوە نازانن؟
- فەریبا خانم، ئێوە خۆتان دەزانن نەخۆشی دایکتان چییە؟
فەریبا- بەداخەوە بەڵێ. شێرپەنجەیەکی پیس.
کاوە- ئەی دەزانن لە چ قۆناغێکدایە؟
فەریبا- بەتەواوی نا. پزیشکەکەشی هیچی بەمن نەگوتووە.
- بەداخەوە نەخۆشی دایکتان زۆر بەرەو پێش چووە.
فرمێسک لەچاوەکانیدا کۆبووەوە.
کاوە- فەرموو لەوێ دابنیشن، خودا گەورەیە.
ڕۆشتم چایم هێنا. خەریکی چایی خواردن بووین، فەریبا گوتی:
- دەمەوێت تکایەکتان لێبکەم. هەرچەندە شەرمەزاری دەکێشم، بەلام جگە لەئێوە کەسی دیکەم نیە.
کاوە- بفەرموون.
فەریبا- ئەگەر زەحمەت بکێشن و ئەو کارە ڕێکبخەن تاکو دایکم ببەمە نەخۆشخانەیەکی حوکومی.
کاوە- مەگەر ئێرە چییەتی؟ نەخۆشخانەیەکی زۆر باشە و هەموو پێداویستیەکی هەیە، پزیشک ئەسەدیش لە دۆستەکانمانە.
فەریبا- ئێوە ڕاست دەڵێن، بەلام تێچووەکەی زۆرە و من لەڕووی داراییەوە کێشەم هەیە.
کاوە- ئێوە بیر لەو شتانە مەکەنەوە. خەیاڵتان ئاسوودە بێت.
فەریبا- نا ئیتر تکادەکەم. حەزناکەم لەوە زیاتر بێزارتان بکەم و قەرزارتان بیم.
کاوە تەماشایەکی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد. فەریبا سەری دانەواند.
عەشقم لەچاوەکانی کاوەدا دەبینی. چاوەکانی فەریبا کاری خۆی کردبوو. لەوانەبوو هەر لە ڕووداوەکە کاری خۆی کردبێت.
کاوە- من ئێستا دەگەڕێمەوە.
- بۆ کوێ؟
کاوە- دەڕۆم سەرێک لەدایکی فەریبا خانم دەدەم و دەگەڕێمەوە.
- سوپاست بۆ خودا حاڵی ئێستا باشە. باشترە هەستین و بڕۆین نانێک بخۆین.
فەریبا- ئێوە فەرموون، من برسیم نیە.

کاوە- کەواتە ئێمەش ناڕۆین.
فەریبا- بەڵام نابێت، لەوە زیاتر شەرمەزارم مەکەن، تکادەکەم.
کاوە- کێشە نیە، ئێمەش هیچمان نەخواردووە. کۆتاییەکەی ئەوەیە لەبرسانا لەهۆش دەچین، دواتر دەمانهێننە ئێرە. ئێرەش کە نەخۆشخانەیە و هەموو شتێک لێرە هەیە و شتێکمان لێبەسەر دێت.
فەریبا پێکەنی و هەستا، گوتی:
فەریبا- باشە بڕۆین. ئێوە ئەوەندە باش و میهرەبانن کە حەیفە مرۆڤی بەڕێزی وەک ئێوە شتێکیان لێ بەسەر بێت.
هەرسێکمان لە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوە و بەرەو پیتزا فرۆشیەک کە بیست مەترێک دوورتر بوو بەپێ بەرێکەوتین.
چەند خولەک تێپەڕی و فەریبا گوتی:
فەریبا- دەمویست لەگەڵتان قسەبکەم دەربارەی ئەمشەو.
کاوە- بیرناکەنەوە کە باشترە کاتێکی دیکە دەربارەی قسەبکەین؟
- نەخێر. واباشترە هەرئێستا فەریبا خانم قسەکانیان بکەن و ئاسوودە بین.
کاوە لای کردەوە و زەق زەق تەماشای منی کرد.
فەریبا- ڕاستە. خۆیشم حەزدەکەم هەرئێستا قسەتان بۆبکەم.
من تاقانە کچی خێزانەکەم، واتە تاکە منداڵی دایک و باوکم بووم. کاتێک زۆر بچووک بووم باوکم کارمەندێکی سادە بوو. کەمێک گەورەتر بووم، باوکم شوێنێکی کڕی و لەگەڵ هاوڕێیەکی کۆمپانیایەکی دامەزراند.
چەند ساڵێک تێپەڕی و بارودۆخی هەردووکیان باش بوو. سەرەتا شوقەیەکی دوو نووستنی بچووکمان کڕی لەگەڵ پەیکانێک، ژیانێکی سادەمان هەبوو.
دواتر وردە وردە بارودۆخی باوکم باشتر بوو، خانووەکەمان گۆڕی و باڵەخانەیەکی گەورەمان کڕی و ئۆتۆمبیلی گرانبەها و ........
بەکورتی ژیانمان زۆرباش بوو. دایکی بێچارەم ئیتر هیچی دیکەی لەخودا نەدەویست. تاکو ئەوەی نازانم لە چ مامەڵەیەکی گەورەدا فێڵیان لەباوکم کرد و زیانی کرد.
بێچارە بووین و هەرچیمان هەبوو لەدەستمان دا. هەرلە ئۆتۆمبیل و ئاڵتوونەکانی دایکم، بەکورتی هەموو شتێک.
هاتینە هەر ئەو ماڵەی کەوا خۆتان بینیتان. ئەو خانووەمان بەکرێ گرت و تێیدا دانیشتین. شەوی یەکەم کە هاتینە ئەوێ لەبیرمە زۆر گریام، چ شەوێک بوو.

لەسەرەوە بۆ خوارەوە هاتن، زۆر سەختە.
ئەو شەوە باوکم بەڵێنی پێدام کە دوای ساڵێکی دیکە هەموو شتەکانمان بۆ بکڕێتەوە و دووبارە وەک پێشوومان لێ بێتەوە. تەنانەت باشتر لەوەیش.
بەڵام تەمەن تاکو سبەی ڕێگەی نەدا، لەخەودا جەڵدە لێیدا و مرد.
ماینەوە من و دایکم، تەنها و بێکەس. نە خێزانێک، نە خزم و کەسوکارێک، غەریب و تەنها.

بێچارە دایکم دەستی کرد بەکارکردن، ئەویش لەکوێ؟ هەمیشە بەمنی دەگوت لەکارگەیەک کاردەکەم. دوو ساڵ دواتر تێگەیشتم لەماڵی خەڵکی کاردەکات.
تازە دیپلۆمەکەم وەرگرتبوو کاتێک دایکم نەخۆشکەوت و تەنها خۆم مامەوە. هەر شتێکی بەنرخمان هەبوو فرۆشتم و خەرجم کرد.
ئەوەندە لەم دەرگا و لەو دەرگایەم دا تاکو لەکۆتایدا لە کۆمپانیایەک کارم دەستکەوت و بوومە سکرتێری ئەو کۆمپانیایە. پارەکەی هەر ئەوەندە بوو کەوا تەنها دەمانتوانی سکمان تێر بکەین.

ڕۆژێک چووم بۆ لای بەڕێوبەری کۆمپانیایەکە و داوای قەرزم کرد. گوتی چوونکە تازە دامەزراوم و ناتوانێت قەرزم پێبدات.
نەمدەتوانی لە دوو کاتدا کاربکەم، چونکە دەبوایە ئاگام لە دایکم بێت. وابەباشم زانی کە بابەتەکە لەلای بەڕێوبەری کۆمپانیاکەمان کەپیاوێکی ژیر بوو باسبکەم.
گوتم لەوانەیە باوکایەتی بکات و بڕێک لەپارەکەم زیاد بکات. بەڵام کاتێک زانی بارودۆخمان خراپە و هیچ پشت و پەنایەکمان نیە، نەخشەی بۆ کێشام و ویستی بەخراپی سوودم لێ وەربگرێت.
کاتێکیش زانی لەوجۆرە کەسانە نیم، دەری کردم. ئیتر نەمدەتوانی هیچ کارێک بکەم. ماوەیەک بەدوای کاردا گەڕام بەڵام دەستم نەکەوت. وردە وردە ئەو بڕە پارەشی کە هەبوو تەواو بوو.
دوو سێ مانگ بوو کرێی خانووی خاوەن ماڵەکە قەرزار بووین.
ڕۆیشت بۆ لای یەک دوو دۆستی کاتی زانکۆم. هەرچەندیان توانی پارەیان بەقەرز پێدام، بەڵام دووبارە نەمتوانی کار پەیدا بکەم.
لەکۆتایدا پارەکان تەواو بوو. ئیتر هیچی دیکە نەمابوو لە ماڵەکەماندا بیفرۆشم. خۆتان ماڵەکەمانتان بینی کە هەر لەوکاتەدا خەریک بوو چەند پارچەیەک دەڕووخا.
ڕۆیشتە کەنارێکەوە و سەری نا بەدیوارێکەوە.
هەستم پێدەکرد. لامکردەوە و تەماشای کاوەم کرد، نازانم لە خەیاڵی خۆیدا بوو

یان ئەوەی لەڕووی نەدەهات تەماشای چاوەکانی من بکات. سەری دانەواندبوو تەماشای نەدەکردم.

چوومە لای فەریبا و بانگم کرد.

- فەریبا خانم!

لای کردەوە و فرمێسکەکانی سڕی، بزەیەکی کرد کەوا لە سەد گریان خراپتر بوو.

- منیش وەک تۆم. منیش نە باوکم هەیە و نە دایک. نەخزم و کەس و کارێک. بەڵام خودام هەیە. ئێوەش خوداتان هەیە.

قسەکانت کاری کرد لە دڵم و فرمێسکەکانت دڵمی سوتاند.

منیش ئەو ڕۆژانەم هەبووە و لە کۆتاییدا تێدەپەڕێت. ئێستا سەخت بێت یان ئاسان، هەمووی تێدەپەڕێت. حەزدەکەم من وەک برای خۆتان بزانن.

پارەدار نیم. خۆیشم لە ژوورێکی بچووکدا ژیان دەبەمە بەسەر. بەڵام ئەوەندەم هەیە کە بتوانم سکی دوو کەس تێر بکەم. ئێوەش وەک خوشکی خۆم. مەبەستم لەوەیە لەمە بەدوا بزانن کەوا بەتەنها نین.

هەرلەو کاتەدا کاوە هاتە پێشەوە و گوتی:

- بڕۆین، بڕۆین شتێک بخۆین.

فەریبا- وابزانم دووبارە ئازارم دانەوە.

- نا دڵی ئێمە هەمیشە گیراوە.

ڕووم وەرگێڕا تاکو ئەو تنۆکە فرمێسکەی لەچاومدا بوو، دەرنەکەوتبێت.

کاوە- بەسە ئیتر! لەکۆتاییدا وابزانم ناڕۆین بۆ نانخواردن! بەناوی خودا بەهزاد، خوشکەکەت هەڵبگرە بڕۆین!

خودی کاوە کە بارودۆخی لەمن خراپتر بوو، بەڵام هەوڵی دەدا بیشارێتەوە. هەر لەبەر ئەوە گاڵتەی دەکرد و پێدەکەنی.

چووینە پیتزا فرۆشیەکە و داوای خواردنمان کرد.

کاتێک پیتزایان بۆ هێناین، فەریبا تەماشایەکی کرد و دوو تنۆک فرمێسک لەچاوەکانی هاتە خوارەوە، بەپێکەنینەوە گوتی:

- لە دوێنێ شەوەوە تاکو ئێستا هیچم نەخواردووە! باوەڕدەکەن کە تەنانەت پارەی کڕینی نانێکیشم پێ نەبوو!

ئەوەم کە بیست، ئارەزووی خواردنم نەما. هەردووکمان پیتزامان دەخوارد بەڵام بوو بەدەردمان. شتێک گەرووی گرتبووم، پارووەکە نەدەچووە خوارەوە و

بەزۆری ساردی خواردم.
لامکردەوە و تەماشای کاوەم کرد، سەری دانەواندبوو. بەوشێوەیە دەردەکەوت کە خواردن دەخوات. تەماشایەکی کردم، بینیم چاوەکانی پڕلە خوێنە. لەوانەبوو بەدزییەوە گریابێت.
لەکۆتایدا خواردنەکەمان تەواو بوو، کاوە پارەکەی دا و هاتینە دەرەوە.
چوار هەنگاو ڕۆیشتبووین کە فەریبا گوتی:
فەریبا- ئەمڕۆ لەبەیانییەوە خەریک بووم دەربارەی بیرم دەکردەوە. دەربارەی ئەو کارەی دەمویست ئەنجامی بدەم.
هەرچەندە لەشەو نزیک دەبوومەوە دەتگوت لەکۆتایی ژیانم نزیک دەبوومەوە.
ئێوارە بوو کە لەگۆشەیەک دانیشتم و دەستمکرد بەگریان. لەبەر برسێتی و ماندوویی و خەم و پەژارە و خەوم لێکەوت.
بەدەنگی دایکم خەبەرم بووەوە، حەبەکەی دەویست و پێمدا. کۆتا دانەی بوو. ئیتر پارەم نەبوو کە بچمە دەرمانخانە و دەرمانەکانی بۆ بکڕم. ئەوەبوو کە بڕیاری خۆمدا و نزیکی کاتژمێر حەوت لەماڵ هاتمە دەرەوە.
باوکم فێری کردبووم کە هەمیشە لەماڵ چوومە دەرەوە بڵێم بەناوی خودا. تا ئەو شوێنەی لەبیرم بێتم هەمیشە ئەو کارەم کردووە. بەڵام ئەمڕۆ نا!
چونکە لەخودا تورە بووم. ئیتر لەکاتی هاتنە دەرەوەدا ناویم نەهێنا. بیست هەنگاو لەماڵ دوور کەوتمەوە و وەستام، پەشیمان بوومەوە و گەڕامەوە.
چوومە ماڵەوە و دووبارە هاتمە دەرەوە. لەدڵی خۆمدا گوتم کە خودایەگیان مەهێڵە ڕۆحم بفرۆشم. ڕازی مەبە بەبێ ئابڕووی من!
ڕێگەم گرتە بەرو ڕۆشتم. بیرم نایەت کەوا بیرم لەچی دەکردەوە.
بۆساتێک هەر لەو شوێنەی منتان بینی خۆم بینییەوە. لەوانەیە کاتژمێرێک لەوێدا و لەو تاریکیەدا بەپێوە وەستابم. غیرەتم نەبوو بێمە سەر شەقامەکە، بەڵام بۆ ساتێک ڕووخساری دایکم هاتەوە پێش چاوم، دەستم بەرزکردەوە. ئەوەی دیکەی کە خۆتان دەزانن.
فەریبا ئیتر بێدەنگ بوو. تاکو نەخۆشخانە هیچی نەگوت. ئەو لە ناوەڕاستی ڕێگەکە دەڕۆیشت و من و کاوەش لە تەنیشتیەوە. هەمووما لە خەیاڵی خۆماندا بووین.
خەریک بوو بیرم لەکاری خودا دەکردەوە. فەریبا دەبێت لەماڵی خۆیانەوە تاکو ئەو شوێنە بەپێ بێت و دواتر کاتژمێرێک چاوەڕوان بێت.

به درووستی بێتە ئەو شەقامەی ئێمەی لێوە تێدەپەڕین. ئەگەر چەند خولەک درەنگتر یان زووتر دەهاتە ئەوێ، بەئەگەری زۆرەوە یان ئێمە ئەو شوێنەمان تێپەڕاندبوو. یان ئۆتۆمبێلیکی دیکە سواری کردبوو.

کاتێک گەیشتینە نەخۆشخانە، کاوە ژوورێکی تایبەتی بۆ دایکی فەریبا گرت و بڕێک پارەشی بەزۆردا بەفەریبا. کاتێک خەیاڵمان ئاسوودە بوو جێگەیان باشە و هەموو شتێک ڕێک و پێکە، گەڕاینەوە ماڵەوە.

کاوە سەرەتا منی گەیاندە ماڵەوە، لەبەردەم دەرگاکە گوتم:

- باشە کاوە خان، لەنێو چاوانتدا بەندی دەبینم.

کاوە- من کە ساڵەهایە لەدەستی تۆ وەک زیندانی ژیان دەبەمە سەر.

- ئیتر لێرەدا گاڵتە لەکارەکەدا نیە. ئەگەر هەڵەم نەکردبێت فەریبا خانم دڵی تۆی بردووە. بەڕوومدا پێکەنی.

- دانی پێدابنێ تاکو ئاسوودە ببیت. زۆر خێرا و بەپەلە! ئەگەر خۆت بیڵێیت تاوانەکەت کەمتر دەبێت، دەی بەناوی خودا!

کاوە- زۆر خێراو و بەپەلە، خۆشیم لێی هاتووە.

- ها ئەو کاتەی گوتت فیلمی شەوی ڕووداو بەبەشداری هونەرمەندی ناسراو کاوە بەرومەند!

کاوە- شاعیر دەڵێت:

لەم دونیایەدا بێ مێشک و خوێنمژ و بێ ئەقڵ و ئاژەڵی وەک من پەیدا نابێت!

- ئەگەر لەژیانتدا یەک قسەی باشت کردبێت، هەر ئەوەبوو ئێستا گوتت.

کاوە- ببورە بەهزاد خان. دڵم داوە بەفەریبا،زمانم پێی نەداوە. بێچارە بڕۆ لەبیری خۆتدابە. من کە دەبینی کارم تەواوە و خەزوریشم کە نیە و ڕکابەریشم نیە. دەمێنێتەوە یەک خەسوو کە ئەویش نەخۆشە و لەگۆشەی نەخۆشخانە کەوتووە.

بڕۆ خۆت ئامادەبکە کە هەر لەم ڕۆژانەدا خانمی ستایش خانم لەگەڵ پوری و بەهرامدا پارچە پارچەت دەکەن.

- ئەمشەو نزادەکەم کە دایکی فەریبا حاڵی باش بێت و دەربکەوێت فەریبا خانم دەست نیشان کراوێکی هەیە کەوا ئەوەندە بێخەمی. ئەوکاتە بابزانم دووبارە گاڵتەچیت یان نا!

کاوە- وشتر لەخەودا لۆکە دەبینێت. بڕۆ ئەم شەو بخەوە کە هیوا دەخوازم سبەی هەستای لەپێش چاوی فەرنوش کەوتبیت و فەرنوش ئارەزوو نەکات

بنێنێت.

ئەمشەو تاکو سبەی نەفرەتت لێدەکەم تاکو جاری داهاتوو فەرنوش تۆی بینی لەبەرچاویدا وەک قالۆنچە بێت.

ئەمشەو تاکو بەیان نزات لێدەکەم بەهزاد!

ئەو شیرەم کە خواردووتە واتە ئەو پیتزایەم کە خواردووتە حەرامی دەکەم لێت. پشتیوان بەخودا قاپی چی لێبکەم و چی لێنەکەم بێتە دەستت. پشتیوان بەخودا چاوێکت فرمێسک و چاوێکت خوێن بێت.

پشتیوان بەخودا، نا هەر ئەوەندە بۆ ئەم شەو و سبەی شەوت بەسە.

- لال ببێت کاوە. مرۆڤ ئەو شتانە بەدوژمنەکەی نالێت.

ئێستا بڵی بزانم سبەی چی دەکەیت.

کاوە- دەزانیت خۆ! دەچمە لای فەریبا گیان و دایکی. چ خەسوویەکی باشم هەیە بەخودا!

- برۆ هیوادارم خۆشبەخت ببیت.

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

## بەشی دوازدەیەم

ئەو شەوە تاکو بەیانی خەوی ناخۆشم بینی. سبەی هەستام و چوومە لای جەنابی هیدایەت. لەسەر ڕێگە چەند نانێکم کڕی و کەمێکیش ئاو میوە بۆ تەلای بەوەفا.

کاتێک گەیشتمە بەردەم ماڵی جەنابی هیدایەت، لەدەرگام نەدا. دەمویست بزانم دووبارە تەلا دەزانێت من هاتووم!

حەوت هەشت خولەکێک وەستام تاکو دەنگی جەنابی هیدایەت هات.

هیدایەت- بۆنێکی ناسراو دێت. بەهزاد گیان تۆی؟

دواتر دەرگا کرایەوە و جەنابی هیدایەت و تەلا لە پشتی دەرگاکەوە دەرکەوتن. سلاوم کردوو چوومە ژورەوە. دەستم هێنا بەسەری تەلادا و ئاو میوەکەم پێدا.

هیدایەت- دەستەکانت خۆش بێت. خۆیشم دەمویست بڕۆم نان بکڕم. وەرە ژوورەوە خەریکە دەبیەستی.

وەک هەمیشە ئاگردانەکە داگیرسابوو. سەماوەر و چایش بەهەمان شێوە.

هیدایەت- هاوڕێکەت چۆنە؟ ئەو خانمە جوانە چۆنە؟

- هەردووکیان باشن و سلاو دەگەیەنن.

هیدایەت- تۆ کەی وانەکانت تەواو دەبێت کوڕم؟

- یەک دوو ساڵم ماوە.

هیدایەت- سەلامەت بێت. بەهیوای خودا سەرکەوتوو بێت.

چایەکی تێکرد و کردیە بەردەستم. هەر بەو شێوەی چاییەکەم بەچێژەوە دەخوارد پرسیم.

- جەنابی هیدایەت، تەلاتان لەکوێ هێناوە؟

میدایەت- ئەم ئاژەڵە، ئەوەی جووتێک ئاسکی نێر و مێن، لە ئاسراوێکەوە بەمن گەیشتووە. یادگاریەکە لە هاوڕێ یەکەوە.
- بێگومان لێرە بەتەنها بێزار دەبن.
میدایەت- ئیتر ڕاهاتووم. خۆم بەئەو ئاژەڵە و پیسی و ئەو شتانە سەرقاڵ دەکەم. ڕۆژی یەک دوو کاتژمێر کتێب دەخوێنمەوە. تۆ لەگەڵ ژیان چی دەکەیت؟
- دەتوانم چی بکەم؟ دەبێت بسازێم لەگەڵی. تازە دوێنێ شەو شتێک ڕوویدا کە تێگەیشتم لە من گرفتارتر لەم دونیادا هەیە.
میدایەت- شتێک ڕوویداوە؟
ڕووداوی فەرییام بۆ گێڕایەوە. زۆر نا ئاسوودە بوو و گوتی:
میدایەت- حەز دەکەیت کەوا گوێت لەوەی کە ماوە لەژیانم بێت؟ تاقەتت هەیە؟
- هەم هاتوم ئێوە ببینم. هەم گوێم لەدەنگی سازەکەتان بێت و هەمیش چیرۆکە شیرینەکەتان.
پێکەنی و چایەکی دیکەی بۆ تێکردم و جگەرەیەکی داگرساند و گوتی:
- لەم دونیایەدا هەریەکە و بەهۆی شتێکەوە گرفتارە. ئێستا هەندێکیان کەمتر یان زیاتر. من لەو جۆرانە بووم کەوا بێچارەیم زیاتر بوو. بیرت ماوە لەکوێی داستانەکە بووین؟
ئێستا خۆت بخەرە جێگەی ئەو کاتەی من تاکو تێبگەیت من چیم کێشا! کوڕێکی چواردە ساڵان کەسێکی کوشتبێت و هاوڕێکەشی کوژرابێت! تەنها و بێ کەس!
بینیم کەوا حەزدەکەم دەردەدڵ بۆ کەسێک بکەم، ڕاستەوخۆ ڕۆشتم و لە هەتیو خانەکە چوومە دەرەوە و چوومە باخەکەوە. لەخودام دەویست ڕەزا لەوێ بێت.
هەر کە منی بینی گوتی:
ڕەزا- چاوەڕوانت بووم. چی ڕوو دەدات لەو وێرانەیە؟
تەواوی ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە و دواتر دەستم کرد بەگریان. لە باوەشی کردم و دڵی دامەوە و گوتی:
- بینیم کەوا ئەمڕۆ لەوێ زۆر هاتوچۆ دەکرێت ، نەیانگوت ئەو عیفریتە مردووە! ئێستا ئیتر خۆت بێتاقەت مەکە. حەقی بوو وای لێ بەسەر بێت. ژنێکی پیس بوو. تۆش بە ئەنقەست ئەو کارەت نەکردووە. ئیتر بیری لێمەکەرەوە. لەدوای ئەمە مانەوەت هیچ سودێکی لێرە نیە. دەبێت بیدەیت لە کونەکە و بڕۆ بەدوای ژیانتدا. بە لێرە مانەوەت بەهیچ شتێک ناگەیت. من سبەی هەندێک پارەت بۆ ئامادە دەکەم. تۆ ئێستا هونەرمەندی. ئەو ئاوازەی کەوا تۆ لێی دەدەیت، ڕێگە نادات بەبرسێتی



CamScanner

بمێنیتەوە. ڕێگە بگرە و برۆ بەدوای بەشی خۆتدا تاکو بزانین خودا چی بۆ تۆ دەوێت.

پێم گوت ڕەزا وەرە پێکەوە برۆین. گوتی:

ڕەزا- بۆ من هیچ شتێک لەدەرەوە نیە، بەڵام بۆ تۆ بۆچی نا.

پرسیم کە بۆچی تۆیان هێناوە بۆ شێتخانە، تاکو ئێستا چەند جار ئەوەم لێ پرسیوی، بەڵام وەڵامت نەداوەتەوە. گوتی:

ڕەزا- چ سوودێکی هەیە کەوا بزانیت؟

- هەروا دەڵێم.

تەماشایەکی کردم و گوتی:

- من ڕۆژگارێک بۆخۆم کەسێک بووم. سەروەت و سامانم هەبوو. ماڵ و ژیانم هەبوو بەڵام نەیانهێشت ژیانی خۆم بکەم. ئێستا ئیتر تێپەڕیوە وازی لێبهێنە.

بەزۆر لێم دەرهێنا. کەمێک بیری کردەوە و دواتر گوتی:

ڕەزا- ڕووداوەکە لەوکاتەوە دەستی پێکرد کەوا لەگەڵ کۆمەڵێک کارم دەکرد. یەکێک تاری لێدەدا و یەکێک گۆرانی دەگوت و منیش کەمانچەم دەژەند. ئەوکاتە ئێمە دەچووینە گوندەکانەوە و بەرنامەمان پێشکەش دەکرد.

دەرامەتمان کەم نەبوو. خۆزگە هەرلەو گوندانە دەبووین، خۆزگە هەر لەو شارە دەبوین. بەکورتی هەم مژدە بوو هەمیش تەماشاکردن. تاکو ئەوەی چووینە گوندێکەوە. گوتیان پیرەمێردێک لەگەڵ کچەکەی هاتوون بۆ ئەوێ. خەڵکی گوندێکی دیکە بوون و دەیانویست بۆ چارەسەر بچن بۆ شار چونکە کچەکە نەخۆش بوو. دەیانبرد بۆ شار بۆ چارەسەرکردنی. هەر لەو گوندەدا تەمەن ڕێگەی پێنادات. کچێکی حەڤدە بۆ هەژدە ساڵان بوو.

چوونکە کچەکە لەوێ مردبوو، نەمانتوانی بەرنامەکەمان لەوێ پێشکەش بکەین. دەمان ویست بگەڕێینەوە و لەوێ برۆین کە کوێخای ئەو گوندە گوتی ئێوە کەوا هەر دەڕۆن کەواتە تەرمی ئەو مردووەش لەگەڵ خۆتان ببەن، گوناحە. باوکی پیرە و بەتەنهایە.

بینیم کەوا قسە لە قسەی کوێخادا ناکرێت، تازە تاوانیش بوو. ئەوە بوو تەرمەکەمان کردە ناو تابووتێک و بەڕێ کەوتین. ئەو ساڵە زستانێکی زۆر سەختی هەبوو. بەفر تاکو ئەژنۆ دەهات و ڕێگەکەش کوێرە ڕێگە و شاخاوی بوو. چەند کاتژمێرێک بەڕێگەوە بوین کەوا تۆفان و بارانێک دەستی پێکرد هەر باس ناکرێت. نەمان دەتوانی بجوڵێین. شەهادەتمان هێنا! نە ڕێگەی ڕۆیشتنمان هەبوو نە

گەرانەوەیش.

پیرەمێردەکە گوتی لەم ناوەدا جێگەیەک هەیە کە دوو کوخی خالی هەیە. شوانەکان کاتێک مەڕەکانیان دێنن بۆ ئێرە و تێیدا دەمێننەوە. با بڕۆینە ئەوێ.

سوپاستی خودامان کرد کەوا ئەو تەرم و پیرەمێردەمان لەگەڵ خۆمان هێناوە. ڕێگەمان گرتە بەر و پیرەمێردەکەش لە پێشمانەوە، تاکو نیو کاتژمێر دواتر گەیشتینە ئەو کوخانە.

چووینە ژورەوە. کوخێکی بچووک بوو کە لەناویدا دار و چرا و هەندێک کای لێبوو. بە دارەکان ئاگرمان کردەوە و لەدەوری دانیشتین. تەرمەکەشمان لەترسی گورگ هێنایە ناو کوخەکەوە.

بێچارە ئەو پیرەمێردە کاتێک گەرمی بووەوە، دەستیکرد بە گریان بۆ کچەکەی. ئێمەش دانیشتبوین و تەماشامان دەکرد. تازە خەریکبوو تاریک دەبوو کەوا لەدەرەوە دەنگە دەهات.

سەرەتا بیرمان کردەوە کەوا گورگ بێت بەڵام دواتر یەکێک لەدەرەوە بانگی کرد و گوتی: -کێیە لەناو ئەو کوخەدا؟

دەرگامان کردەوە، سێ کەس بوون و هاتنە ژوورەوە. لە نزیکی ئاگرەکە جێگەمان کردنەوە. کاتێک بەباشی گەرم بوونەوە، ئەوەی لە هەموویان قەڵەوتر بوو لەئێمەی پرسی:

- ئێوە چ کارەن؟ دیارە کەوا خەڵکی گوند نین.

گوتم پێی کەوا چ کارەین. و ئەویش گوتی:

- چۆنە لەم بەفر و سەرمایەدا و بەم چلەی زستانە ڕێگەتان گرتوتە بەر و هاتوونەتە ئێرە؟ گوتم کەوا خەڵکی گوندەکان لە زستاندا کاریان نیە، لەبەر ئەوە ئێمە لەزستاندا دێینە ئەم ناوە. کەش و هەوا باش بوو، لە شاریش کار باشە و ئێمەش دەگەڕێینەوە شار.

- ئێمەش ئەم شەو بێزاربوین. ئێمە پۆلیسی دەوڵەتین و بەدوای بێ باوک و بێ دایکەکاندا دەگەڕێین کەوا لە گوند و شارەکاندا بڵاوکراوە بڵاودەکەنەوە. خەریک بوین لێرەوە تێدەپەڕین کەوا جیپەکەمان خراپ بوو. دوکەڵەکەمان لەدوورەوە بینی و بەپێ هاتین بۆ ئێرە. ئێستا دەستبکەن بەسازلێدان کە ئاژەڵێکتان لەلای ئێمەیە.

ئێمە تەماشای یەکترمان کرد و ئەوەی لە هەموومان بەتەمەنتر بوو گوتی:

- بەڵام فەرماندە یەکێک لێرە مردووە. تەرمێکمان لێرە هەیە، باش نیە. کچێکی گەنج بووە و ئەوەش باوکیەتی. گوناحە.

پێکەنی و گوتی:
- چ کێشەیەکی هەیە؟ ئەو خودا لێ خۆشبووەش پێی خۆش دەبێت.
هەمویان دەستیان کرد بەپێکەنین.
یەکێک لەئێمە لای کردەوە و گوتی:
- ئێمە دەست نادەین لە سازەوە.
لەپڕ ئەو کابرایە دەستی کرد بەباخەڵیدا و دەمانچەیەکی دەرهێنا!
دڵمان کەوتە لەرزین. لولەکەی ڕووکردە ئێمە و گوتی:
- ئەگەر یەک جاری دیکە قسە لە قسەمدا بکەن، بەو تەرمەوە دەبنە پێنج دانە!
دواتر ڕووی کردە دوو لە هاوڕێکانی و گوتی:
- چ زمانێکی بولبولیان گرتووە بۆ ئێمە ئەم گۆرانی بێژانە.
یەکێک لەوان لە کیفێکدا دوو بتڵی دەرهێنا و دایە ئەو قەڵەوە. مەی بوو. بەکورتی دەستیانکرد بەزەهری مارکردنیان.
سەرت نەیەشێنم ئێمەش ناچار دەستمان کرد بە سازلێدان. پیرەمێردی بێچارە کە ئەوەی بینی هەستا و لەو سەرمایەدا چووە دەرەوەی کوخەکە.
کاتژمێرێک تێپەڕی و گەرم بوونەوە و سەرخۆش بوون. یەکێکیان چووە لای تەرمەکە و بە ئەوانی دیکەی گوت:
- ئەگەر ئەم کچۆڵەیە زیندوو بووایە، ئێستا سەمایەکی بۆمان دەکرد خراپ نەبوو ها!
ئێمە لەپڕ دەستمان هەڵگرت لە ژەنین. وەک ئەوەی کارەبا وشکی کردین.
ئەو کابرا قەڵەوە هەستاو چووە لای ئەوی دیکەیان. دواتر ئەو بێشەرەفە دەستیدا لە لاشەی مردووەکە و پێکەنینێکی شەیتانی کرد و گوتی:
- لاشەی خۆ گەرمە!
دواتر ئەو بێڕەوشتە کفنەکەی لادا! هەرسێکیان بەگوێی یەکدا شتێکیان گوت و پێکەنین. خۆمان لەناخەوە دەخواردەوە. لەلایەک نەمان دەتوانی دەستبەرداریان بین و لەلایەکی دیکەش نەمان دەوێرا فزە بکەین. پۆلیسی دەوڵەت گاڵتە نەبوو. ئەو سیانە ئیتر بەبێ قسە دانیشتن. مامۆستاکەمان بەگوێی مندا چرپاندی.
- گەنج غیرەتت هەبێت و بۆ خۆت ماڵێک لە بەهەشت بکڕە!
- چی بکەم؟
- هەڵەم نەکردبێت ئەوانە بیر لەوە دەکەنەوە کە شەو هەموومان نووستین، بچنە لای ئەو تەرمە و لەگەڵیدا بێناموسی بکەن! تۆ دەبێت هەرچۆنێک بووە بچبە



CS CamScanner

گوندی ئەو پیرەمێردە. کوێخا و خەڵکەکەی بهێنیتە ئێرە.
- لەم بەفرەدا؟ تازە ئەگەر گیانیشم ڕزگاری بێت، گورگەکان ناهێڵن پارێزراو بم.
- پشت بەخودا ببەستە و برۆ. شەرەفی ئەو پیرەمێردە، شەرەفی ئێمەیە. برۆ گەنج، لەدەوری سەرت گەڕێم.

بڕیار بوو ئەوان پۆلیسەکان سەرقاڵ بکەن تاکو من بڕۆم و بگەڕێمەوە.

بە بێدەنگی هەرچۆنێک بوولە کوخەکە هاتمە دەرەوە. ناوی خودام هێنا و بەناو بەفردا ڕۆیشتم. لەوانەیە خودا هێز و توانای چەنین پیاوی پێدابێتم کە تەواوی ڕێگەکە ڕامکرد. کاتێک لە دوورەوە گوێم لەدەنگی سەگەکانی گوند بوو، سوپاستی خودام کرد. دەستم کرد بەهاوارکردن و خەڵکی گوند هاتنە دەرەوە. کوێخام بینی و ڕووداوەکەم پێگوت و تێمگەیاند.

ئیتر توانای قسەکردنم نەبوو. منیان بردە ماڵی کوێخا و هەموو پیاوەکان بەدار و داس و بێڵ، بەڕێکوتن بەرەو کوخەکان.

ژنەکانی گوند کە زانیان من چ کارێکم کردووە. یەکێکیان چایی بۆ دێنام و یەکێک نان و یەکێک گەشتی دەهێنا. بەکورتی زۆر ڕێزیان لێگرتم.

بەرەبەیان بوو کە بەدەنگی لا اله الا الله و الله اکبر هەستام و ڕامکردە دەرەوە.

خەڵکی گوند بوون. سوپاست بۆ خودا کاتی خۆی گەیشتبوون و ڕووداوێک ڕووی نەدابوو. تەرمەکەیان بە سڵاوات ناشت و هەموو شتێک بەخێر تێپەڕی و ئێمەش بووینە ئازیزی ئەو گوندە.

هەر ئەو شەوە لەماڵی کوێخا چاوم بەکچەکەی کەوت و بڕیارمدا بیخوازم. ئەویش لەوانەبوو منی بەدڵ بووبێت، هەر دەهاتە لام و بەهێمنی بەڕوومدا پێدەکەنی.

بینیم کەوا ناتوانم لەبیری بکەم. بەهەر جۆرێک بوو بە مامۆستاکەمانم گوت و ئەو بێچارەش گەورەیی کرد و داخوازی لەکوێخا کرد بۆم. کوێخاش کە ئەو کارەی منی زۆر پێخۆش بوو.

خۆی ڕیش سپییەکانی گوندی ڕازیکرد و مارەبڕین و شایی دواخرا بۆ دوای چلەی مردنی ئەو کچە. بڕیاردرا من هەر لەو گوندە بمێنمەوە و پارچەیەک زەوی کە کوێخا پێی دەدام، سەرقاڵی کارکردن بیم تێیدا.

بەڕێزم تۆ بمێنی. لەدوای چلە ئێمە هاوسەرگیریمان کرد و ساڵێک دواتر بووینە خاوەنی کچێک. پێکەوە بەخۆشی و شادی ژیانمان دەکرد کە فیلەکەم بیری هیندستانی کەوتەوە و وردە وردە نوکە نوکی من دەستی پێکرد کە لەم گوندەدا

ناتوانرێت هیچ کارێک بکرێت و مرۆڤ بەهیچ کوێیەک ناگات و دەبێت بڕۆین بۆ شار. لە کۆتاییدا کوێخا و ژنەکەم ڕەزامەندیان دا و ئێمە هاتینە شار.

بەکورتی لە شاردا دوو ژوورمان بەکرێ گرت و من لەکارگەیەک دەستم بەکارکردن کرد. ئێوارانیش سازم لێدەدا و کۆتایی شەو دەگەڕامەوە ماڵەوە. پارەیەکی باشم دەست دەکەوت. خۆشحاڵ بووم کە ژن و منداڵەکەم بە ئاسوودەیی دەژین و خەریکە وردە وردە گوزەرانمان باش دەبێت. تا ئەوەی کە شەوێک پۆلیسەکان ئەو شوێنەی سازم لێدەدا دایان خست. ناوەڕاست شەو بوو کە پۆلیسەکان ڕژانە ئەوێ و من خۆم خستە کەنارێکەوە تاکو کەس یەخەم نەگرێت. دەیانگوت کە لەپشتەوە شوێنی قومار و ئەو جۆرە شتانە بووە. بەکورتی دوو کاتژمێر زووتر هاتمە ماڵەوە.

ژوورەکانی ئێمە لە ماڵێکدا بوو کە بەدەوریدا ژوور بوو. هەر ژوورێکیش خێزانێکی تێدا دەژیا. یەکێک لەوانە کوڕێکی گەنجیان هەبوو کە زۆر چاوی دەگێڕا و چاوێکی ناپاکی هەبوو.

ئەو شەوە کە گەیشتمە ماڵەوە، کاتێک لەبەردەم ژوورەکەمان خەریک بووم پێڵاوەکانم دادەکەند دەنگی بێگانەم بیست. گوتم لەوانەیە کوێخا لە گوندەوە هاتبێت. دەرگاکەم کردەوە دووکەس لە جێگە بەرزبوونەوە! پلیتەی چراکەم زیادکرد کە چیم بینی!

وەک ئەوە بوو دونیایان کێشابێت بەسەرمدا. ئەو کوڕە بێ هیچ شتێک لە ژوورەکەی من، لەماڵەکەی مندا بوو! ئیتر تێنەگەیشتم. دەستمکرد بەلێدانی ئەوان. ئیتر نازانم لەکێم دەدا، خوێن بەرچاوی گرتبوم. هەرلەو کاتەدا چراکە کەوت بەزەویدا و هەموو شوێنێک گڕی گرت.

کاتێک ڕەزا گەیشتە ئێرە. سەری دانەواند و دەستی کرد بەگریان. دوای چەند خولەکێک گوتی کەوا منداڵەکەشی لەو ئاگرەدا سوتاوە و ژنەکەشی خنکاوە و ئەو کوڕەش ڕایکردووە.

دەڵێن ڕەزا هەر ئەوکاتە شێت دەبێت و دەیهێننە شێتخانە. یەک دوو ساڵ دواتر باش دەبێت، بەڵام هەر لەوێدا دەمێنێتەوە.

ئیتر ڕەزا نەیتوانی قسەبکات و هەستا و ڕۆیشت. پەشیمان بوومەوە کەوا بۆچی من بیرەوەریەکانیم بیرخستەوە. منیش ڕێگەم گرتە بەر و چوومەوە بۆ هەتیوخانەکە. تەواوی ئەو شەوە بیرم لەوە دەکردەوە کەوا چی بکەم. بڕۆم یان نەڕۆم؟ بمێنمەوە یان نەمێنمەوە؟

ڕەزا ڕاستی دەکرد. ئیتر ئەوی شوێنی مانەوە نەبوو.

لە نیوەی شەودا چوومە ژووری بەڕێوبەر. نیو کاتژمێر لەناو بەڵگەکاندا گەڕام تاکو ناسنامەی خۆم پەیداکرد. هێواش هێواش گەڕامەوە ژووری نوستن.

تەواوی ئەو ماوەیەی لەژووری بەڕێوبەر بەدوای ناسنامەکەم دەگەڕام. بیرم دەکردەوە کەوا ڕۆحی خانم ئەکرەمی خەریکە دەمگرێت. ئەو شەوە هەستێکی سەیرم هەبوو. لەوەی کە دەمویست لە هەتیوخانەکە بڕۆم، کەمێک نائاسوودە بووم. لەوەی کە دەمویست بڕۆمە ناو دنیای دەرەوە کەمێک دەترسام.

لە هەردوو بارەکەدا مافی خۆم بوو. هەشت بۆ نۆ ساڵ، لەوانەیە زیاتریش ئەوێ ماڵی من بوو. لە دونیای دەرەوەش هەواڵێکم نەبوو. لە کۆتایدا بەهەر شێوەیەک بوو کەمێک نووستم.

سبەی ماڵئاوایم لە هاوڕێکانم کرد و چووم بەرەو باخەکە. ڕەزا چاوەڕێی دەکردم. بڕێک پارەی پێدام لەگەڵ دەستێک جلی نیواشت.

دواتر کەمانچەکەی دایە دەستم و گوتی:

- ئەگەر دەتەوێت بەم کەمانچەیە نان پەیدا بکەیت ئەوا دەبێت بڕۆیت بۆ لالەزار.

لەباوەشم گرت. حەزم نەدەکرد لێی جیاببمەوە چونکە زۆر چاکەی لەگەڵ کردبووم. بە هێندەی مامۆستایەک مافی لەسەرم بوو. لەکۆتایدا لەباخەکە هاتمە دەرەوە و بەرەو شار بەڕێکەوتم.

هەرچەندە دورتر دەبوومەوە لە هەتیوخانەکە، بیرەوەریەکانی ئەو چەند ساڵە کاڵتر دەبووەوە.

## بەشی سیازدەیەم

دوو کاتژمێر بەپێ ڕۆیشتم تاکو گەیشتمە شار. زۆر حەزم دەکرد زووتر دەست بکەم بەکارەکەم.

یەکەم جار شارم بینی وەک دەریایەک بوو بەلامەوە. غەریب و نەناسرار بووم. بۆ من کە تەواوی ژیانم لەناو چوار دیوار تێپەڕاندبوو هەموو شتێک بەلامەوە سەیر و تازە بوو. بەڕێگادا دەڕۆیشتم و سەرم دەسوڕاند، تەماشای دەرگا و دیوارەکانم دەکرد و وردە وردە دەچوومە پێشەوە.

نزیکی نیوەڕۆ بوو کە تێپەڕیم بەلای کەباب فرۆشییەکدا. ئەژنۆم بەبۆنی کەبابەکە کەوتە لەرزین.

بەترس و لەرزەوە ڕۆیشتم و بەخاوەنی ئەویم گوت:

- کاکە ئەوانە چییە؟

پێکەنی پێم. لەوانەیە واتێگەیشتبێت گێلێکی تووش بووە! گوتی:

- ئەوانە ناوی کەبابە، پارە و شتت پێیە؟

پارەکانم نیشاندا. گوتی:

- دانیشە.

چەند خولەک دواتر دوو شیش کەبابی بۆ هێنام و لەبەردەمم داینا. باوەڕم نەدەکرد. ماوەیەک دانیشتبوم و تەماشای کەبابەکانم دەکرد. پیاوەکە گوتی:

- بۆچی نایخۆیت؟

پێکەنیم. چۆن دەمتوانی تێی بگەیەنم تاکو ئێستا کەبابم نەبینیوە.

ئەو ڕۆژە لەدوای نان خواردن هەرچۆنێک بوو ڕۆیشتم بۆ لالەزار. ئوتێلیکی گەورە و سینەما و ئەو جۆرە شتانە لەوێ هەبوو. لەسەر شەقامەکان

بەرێکی ئۆتۆمبیلەکان دەهاتن و دەچوون. شەقامەکە بەنزیکی چۆل بوو!
سەرەتا لەنزیکی ئوتێلەکە وەستام، بەلام پاسەوانەکان دەریان کردم. ڕۆیشتمە بەنجامەتر ئەولاتر و لە گۆشەیەک دانیشتم.
یەک دوو کاتژمێر تێپەڕی و شەقامەکە قەرەباڵغ بوو. پیاوان و ژنان بەجل و بەرگی ڕازاوە دەڕۆیشتن و دەهاتن. شەقامەکە زۆر ڕووناک بوو. خواردنگەکان و قاوەخانەکان هەموویان گلۆپیان هەبوو. سکم خاڵی بوو. حەزم نەدەکرد دەست لە تەماشاکردن هەڵبگرم. کاتژمێرێک دواتر هاتمەوە سەرخۆم.
کەمانچەکەم لە بەرگەکەی دەرهێنا و دەستمکرد بە لێدانی. تەواوی هەوڵی خۆمدا چونکە دەمویست هونەرەکەم بەهەمووان نیشانبدەم. ئەوە یەکەمین جارم بوو لەبەردەم ژمارەیەک خەڵک کەمانچە بژەنم.
چاوەکانم بەستبوو. ئارشەکەم بەتەواوی توانامەوە دەهێنا بەتەلەکاندا. لێمدەدا و لێمدەدا بەیادی ڕەزاوە. لێمدەدا بەیادی ئەکبەرەوە. بەیادی ئەو منداڵە بێچارانەی کە لەناو ئەو هەتیوخانەیە زیندانی بوون. لێمدەدا و شتێک گەرووی گرتبوو. دەترسام چاوەکانم بکەمەوە و ببینم کەوا سازەکەم بەلای هیچ کەسێکەوە بایەخی گوێگرتنی نەبووە!
لەبیرمە ئەو شەوە ئاوازێکی قەشەنگ و هەست بزوێنم لێدەدا کە هەمیشە ڕەزا لێی دەدا و فێری منیشی کردبوو. کاتێک ئاوازەکە تەواو بوو وە چاوەکانم کردەوە، باوەڕم نەدەکرد!
لە چواردەورم هەمووی پیاو و ژن بوون، تەماشایان دەکردم و گوێیان بۆ سازەکەم دەگرت. دواتر هەموویان دەستیان هێنا و دەنگی زرنگانەوەی پارەکان بەرز بووەوە. پارەیان زۆر بۆ دادەنام. ئەوکاتە تێگەیشتم کاری ڕەزا چەندە باش بووە!
سوپاستی خودام کرد. کارم دەستکەوتبوو، زۆر خۆشحاڵ بووم. ئەو شەوە تاکو خەڵکی لەسەر شەقام بون سازم لێدا. لەبیرمە تاکو کۆتایی شەو دوو تمەنم پەیدا کردبوو. پارەیەکی زۆر بوو. ئەوکاتە بەچوارسەد بۆ پێنج سەد تمەن دەکرا خانوویەک لەسەروی شارەوە بکڕی.
بەکورتی زۆر خۆشحاڵ بووم. کاتێک پارەکانم ژمارد، ڕێگەم گرتەبەر تاکو جێگەیەک پەیدابکەم و تێیدا بنووم.
خەریک بووم کەمانچەکەم دەکردەوە ناو بەرگەکەی کە یەکێک پێی گوتم:
- ماندوو نەبیت.

سەرم بەرز کردەوە سێ کەس بوون. گوتم:
- مەمنوون کاکە. دەتانەوێت سازتان بۆ لێبدەم؟
- نا. لەسەرەتای شەوەوە تاکو ئێستا خەریکین گوێ دەگرین. بەلام باش ساز لێدەدەیت ها!
سوپاستم کرد و گوتی:
- خولەکێک وەرە ئەو کۆلانە کارم پێتە.
کەمێک ترسام بەلام چارەم نەبوو. بەدوایدا ڕۆیشتم، کاتێک گەیشتینە کۆلانێکی چۆڵ ڕژان بەسەرمدا و بەباشی لێیاندام. هەر ئەو کابرا گوتی:
- منداڵەکان ئاگاداری بن سازەکەی نەشکێت.
لەدڵی خۆمدا سووپاستی خودام کرد کە ئەو کابرا کاری بەسەر سازەکەمەوە نیە. بەکورتی کە باشیان لێدام وازیان لێهێنام.
هەر ئەو کابرا لێی پرسیم:
- ناوت چییە؟
بە بەدبەختی ناوم پێگوت. گوتی:
- تازە هاتوویتە شار؟
- بەڵێ.
- کوڕی جوان ئێرە سەر قوفڵی هەیە. نابێت هەروا مرۆڤ بێت و شتەکانی بشارێتەوە.
بە ئازارە پرسیم:
- دەبێت چی بکەم؟
- دەبوایە ڕێگەپێدانت وەربگرتایە؟
- لەکێ؟
- لەمن.
- من کە ئێوە ناناسم.
- ئێستا کە دەمناسی.
- بەڵێ.
- چەندە کارت کردووە؟
پێم نیشاندا.
نیوەی هەڵگرت و گوتی:
- سبەی شەو دێیتەوە ئێرە و کۆتایی شەو هەرچەندە کارت کردبوو نیوە بەنیوە

باشە؟
پێم گوت:
- نەدەکرا ئەوانەم بەزمانی خۆش پێبڵێی؟
پێکەنی و گوتی:
- نا. چونکە ئەوکاتە بەزمانی خۆش حاڵی نەدەبووی.
دواتر بەرزی کردمەوە و گوتی:
- شوێن و جێگەت هەیە بۆ نووستن؟
بەسەر گوتم نەخێر.
- وەرە برۆین جێگەی نووستنت پێدەدەم.
- نا زۆر سوپاست. تا ئێرە چاکەت لەگەڵ کردووم ئیتر بەسە.
ماوەیەک پێکەنی و دواتر گوتی:
- نا ئیتر خەیاڵت ئاسوودە بێت. ئێستا بووینە هاوڕێ. لە ئێستە بەدواوە بەهاوبەشی کاردەکەین. بەڵام زۆرباش کەمانچە دەژەنیت ها! کێ فێری کردوویت؟
- ئێوەش زۆر باش لە خەڵکی دەدەن ها! کێ فێری کردوون؟
دووبارە پێکەنین.
لەڕێگا وردە وردە بووینە هاوڕێ. ناوی جەواد بوو. پێیان دەگوت جەوادە قەڵەو! هەڵبەتە لێی دەهات، چونکە لاشەیەکی قەڵەوی هەبوو.
بەکورتی نیو کاتژمێر بۆ سێ چارەکی دیکە گەیشتین. هەرکە چاوم بەوێ کەوت بەبێ ویستی خۆم ترسم لێ نیشت. بەخۆم گوت کوڕی شێت، چۆن وێرات لەگەڵ کەسانێک کە نیو کاتژمێر پێشتر لەواندەدایت و نە بینیوتن و نەدەیان ناسیت لەگەڵیان بییت بۆ شوێنێکی غەریب و وێرانە!
لەوانەبوو جەواد هەستی کردبێ چونکە گوتی:
جەواد- چییە؟ دەترسی؟
- لەڕاستیدا بەڵێ.
پێکەنی و گوتی:
جەواد- مەترسە ئێمە ئیتر هاوڕێین.
- بەڵام مرۆڤ کاتێک ئەم دەرگا و دیوارانە دەبینێت، دەترسێت.
جەواد- ئێرە کاروان سەرایەکی زۆر کۆنە. تەماشای دەرەوەی مەکە، لە ناوەوە باشترە.
لەدەرگای دا کە بەدەنگی چەند هاوارێک کرایەوە و چووینە ژوورەوە.

کاروان سەرایەکی زۆر کۆن بوو. حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، لە چوار لایشیەوە ژووری لێ بوو. لە یەکەمین نیگاوە تێگەیشتم کەوا هەموو جۆرە مرۆڤێک ژیانی تێدا دەکەن. هەر لەوکاتەدا لەوانەبوو زیاتر لە بیست کەس لە حەوش وەستابوون و تەماشای ئێمەیان دەکرد.

جەواد- شەرم مەکە. بڕۆرە ژورەوە. ئەوانەی کە دەبینی هەموویان خوێن گەرمن و زوو دەبنە هاوڕێت.

بەکورتی ژوورێکی بەتەنها بەمن دا و ڕۆیشت. ژوورێکی گەورە بوو. لە ناویدا حەسیرێک ڕاخرابوو، بەڵام زۆر تاریک بوو. چەند خولەکێک هەربەو شێوەیە وەستابووم کە کچێکی بچووکی یازدە بۆ دوازدە ساڵان بە چرایەکەوە هاتە ژوورەوە و بەبێ قسە چراکەی دایە دەستم و ڕۆیشت.

چەند خولەک دواتر جەواد هات و گوتی:

جەواد- چۆنە بەلاتەوە؟

- باشە بەڵام کرێکەی چەندە؟

جەواد- هیچ. تۆ میوانی منی.

- چۆن؟

جەواد- لەبەرئەوەی تۆ لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازیت هەیە، ناسەلامەتی هونەرمەندی.

دواتر گوتی:

- ئێستا ئەو کچە جێگەی نووستنت بۆ دەهێنێت. ئیتر ئاسوودە بە.

خودا حافیزی لێکردم و ڕۆیشت. کەمێک تێپەڕی و ئەو کچە بەدەستێک جێگەی خەو هاتە ژوورەوە و لە گۆشەیەک داینا.

پێم گوت:

- ناوت چییە؟

تەماشایەکی کردم و بەبێ وەڵام ڕۆیشت.

جێگەکەم ڕاخست. تازە بیرم کەوتەوە لە نیوەڕۆوە هیچم نەخواردووە. ئێستاش هیچ نەبوو کەوا بیخۆم، بەڵام ڕاکشام و بەکورتی خەوم لێکەوت. لەگەڵ ئەوەی یەکەمین شەوم بوو هاتبوومە ئەوێ، بەڵام ئەوەندە هەستم بەئازادی و ئارامی دەکرد دەتگوت لە ئاسماندا دەفڕم.

ئەوەندە هیلاک بووم تاکو بەیانی ئاگاداری هیچ نەبووم. باشیەکەی لەوەدا بوو کە کاکە جەواد لەگەڵ ئەوەی سەرسەری بوو بەڵام پێی نەگوتم گۆرانی بێژ!

بەیانی بەدەنگ و هەرا خەبەرم بووەوە، هیلاک و برسی بووم. لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە و بینیم تاکو چاو دەبینێت لە حەوشەکەدا سوالکەر وەستاوە. لە گۆشەیەکدا دانیشتم و تەماشام کرد، جەواد لە ناوەڕاستدا وەستاوە و فەرمان دەردەکات. لەڕووخساری هەریەکەیاندا سوالکەری دەبینرا چونکە وەک ئامێر کاریان دەکرد.

یەکێک چاوی بەستبوو واتە کوێرە و یەکێک گۆچانی لەدەست بوو، یەکێک دارشەق لەژێر باڵیدا.

فێری یەکێکیانی دەکرد کە چۆن وەک شەل بڕوات و یەکێکی دیکە چۆن داوا و تکا بکات و یەکێکی دیکەیان کە چۆنی خەڵکی بانگ بکات. بەکورتی هەموویان سەرقاڵ بوون.

نیو کاتژمێر تێپەڕی و سوالکەرەکان چوونە سەر کارەکانیان و کاران سەراش تا ڕادەیەک چۆڵ بوو. مابوونەوە دە بۆ پانزە نەفەر کە بینیم کوڕێکی هاوتەمەنی خۆم بەرەو ڕووم دێت. کە گەیشت گوتی:

- سڵاو مامۆستا.

پێکەنینم دەهات. گوتم:

- مامۆستا؟

- کاک جەواد گوتوویەتی ئێوە بەوشێوە بانگ بکەین. گوتوویەتی دەبێت زۆر ڕێزی ئێوە بگرین.

لەپاڵمدا دانیشت. ناوی ڕەجەب بوو. ناوی خۆم پێ گوت و دواتر پرسیم:

- کاری ئێوە چییە؟ بۆچی ناچنە سەر کار.

ڕەجەب- کاری ئێمە ئێواران دەست پێ دەکات.

- مەگەر کاری ئێوە چییە؟

ڕەجەب- قۆڵ بڕین. پێم دەڵێن ڕەجەبە تیر. چوونکە وەک تیر باخەڵی بەرامبەرم دەبڕم و ڕادەکەم.

- ئەی ئێوە سوالکەر نین؟

ڕەجەب- نا ئێمە سوالکەری دەزانین. ئێمەش سەرەتا سوالکەر بووین، پلەمان وەرگرت و بووینە قۆڵبڕ. پلەمان بەرز بووەوە.

ئەوانەی گوت و پێکەنی!

سەرم لێ دەرنەدەکرد. ڕووداوەکەم لێ پرسی. گوتی:

ڕەجەب- سەیرکە. ئێمە سەرەتا فێردەکرێین سواڵ بکەین، دواتر لەدوای ئەوەی

دوو سال سواڵمان کرد، دواتر ورده ورده کاک جەواد فێرمان دەکان کە چۆن قۆڵبڕی بکەین و دەبینە قۆڵبڕ.

پێکەنینم دەهات. گوتم:

- بۆچی لە سەرەتاوە نابنە قۆڵبڕ؟

- لەبەرئەوەی یەکێک لە ڕێگەکانی قۆڵبڕی ئەوەیە وەک گەنە بنووسێین بەخەڵکەوە و بەناوی سواڵەوە قۆڵیان ببڕین. بەوشێوەیە!

دواتر چەسپا بەمنەوە و بە تکاوە گوتی:

- تو فاتیمەی زەهرا یارمەتیەکم بدە. تو ابوالفضل. ئیشەڵا لەناو گۆڕەکەتدا ئازار نەبینی. تو خودا گەورەیی بکە، دەمەوێت نان بکڕم. برسیمە و لە دوێنێ وە هیچم نەخواردووە. تو گیانی منداڵەکانت. گیانی ئەو خانمە جوانەی لەگەڵتە، نزادەکەم ببێتە ژنت.

دەستەکانی لە جلەکانم کردەوە و پێکەنی. کیسەی پارەکانمی پێدامەوە. باوەڕم نەدەکرد.

- کوڕە چۆنی ئەو کارەت کرد؟

پێکەنی.

- ئێستا کە پارەکانت دزی بۆچی پێتدامەوە؟

- ئێمە دزین بەلام نامەرد نین. ئەگەر لەگەڵ کەسێک سەلام و علیک مان هەبێت چەقۆی لێنادەین.

دواتر منی برد و بەوانی دیکەی ناساندم. هەموویان منداڵی باش بوون، بەلام بەداخەوە ڕۆژگار ئاوای لێکردبوون. هەموویان خوێن گەرم و بێ فێڵ. کاتژمێرێک تێنەپەڕی بوو کە دەتگوت ساڵانێکە یەکتر دەناسین.

لە ڕەجەبم پرسی کە بۆچی ئەو کچە لەگەڵ ئەوانی دیکە نەڕۆیشت؟

ڕەجەب- ئەو مردوە دەڵێیت؟ ئەو ئەوەندە داماوە کە ناتوانێت سەریشی پاک بکاتەوە. سواڵکردن کەسی خۆی دەوێت. ئەو چەند ساڵە نەخۆشە. هەر لەم ڕۆژانەدا فریشتەی مەرگ دێت بۆ گیانی.

تەماشام کرد، ڕاست دەگوت. کچێکی داماوی لاوازی زەرد هەڵگەڕاو بوو بەقژی ڕەشەوە. چاوەکانی هەڵئاوسابوو، لێوەکانی ڕەنگی پێوە نەمابوو. بەتەواوی نەیدەتوانی خۆی بەپێوە ڕاگرێت و بڕوات. پرسیارم کرد:

- ناوی چییە؟

ڕەجەب- یاسەمین.

دواتر پێکەنی و گوتی:
- بەپێچەوانە دەبوایە ناوی کافور بووایە.
- گاڵتەی پێ مەکەن، گوناحە.
ڕەجەب- وەرە لەگەڵ ئێمە نانی بەیانی بخۆ.
بیری برسێتیم کەوتەوە. لەدوای نان خواردن ڕەجەب و ئەوانی دیکە سەرقاڵی ڕاهێنانی قوڵبڕین بوون و منیش تەماشام دەکردن.
بەڕێز هیدایەت جگەرەیەکی داگرساند و دوو چایی تێکرد و بەردەوام بوو.
هیدایەت- سەرئەنجام ئەوێ بوویە ماڵی ئێمە بەهزاد خان. وردە وردە پارچەیەک نەرشم کڕی و پکنیکێک بۆ خواردن درووستکردن و چەند دانە قاپ و قاچاخێک. ژیانێکی بچووکم بۆ خۆم درووستکرد.
چەند ڕۆژێک بەیانیان چوومە لالەزار و کارم کرد، بەڵام سوودی نەبوو. بەڕۆژدا خەڵکی زۆری لێ نەبوو بەڵام لە ئێوارەوە دەکرا ئیش بکەیت. ڕەجەب دەیگوت کە بێگومان جەواد خۆشی دەوێت کە دەهێڵێت لەوێ کار بکەیت، ئەگەرنا هەموو کەسێک ناتوانێت بچێتە ئەوێ.
بەڵێ بەنزیکی پارەیەکی باشم پەیدا دەکرد و دەستم پێوە دەگرت و کۆم دەکردەوە. دەمویست چەند ساڵێک لەوێ کار بکەم، بەڵکو بتوانم ماڵێک بۆ خۆم بکڕم و لەوێ بڕۆم.
چەند مانگێک تێپەڕی. شەوێکیان خەریکبووم لە لالەزار کارم دەکرد کە پیاوێک هاتە بەردەمم و گوتی:
- خراپ ساز لێنادەی ها! بەیانیانیش کار دەکەیت؟
- نا هەر ئێستا کاردەکەم.
- دێیت لە خواردنگەکەم ساز لێبدەی؟
- ئەگەر پارەی باشم پێبدەی بۆچی نایەم.
- چەندت دەست دەکەوێت؟
- چەند کاتژمێر دەتەوێت سازت بۆ لێبدەم؟
- لە کاتژمێر دە و یانزە بۆ دووی دوای نیوەڕۆ.
- خواردنگەی چییە؟
- مەی خانە.
- نەخێر نایەم.
- لەبەر چی؟

- ئاخر حەرامە.
- باشە تۆ مەیخۆ.
بیریکم لیکردەوە و گوتم:
- باشە، پانزە هەزارت لێ دەستێنم و دێم.
- کاکی فستەق مەگەر چ باسە؟ دوو کاتژمێر دێیت و چوار ساز لێدەدەی و دەڕۆی. ڕۆژی پێنج هەزارت پێدەدەم وەرە.
لە قسەکانی بێزار بووم. ماچێکی کردم. گوتم:
- هەرگیز نایەم. ڕۆژی دە تمەنیشم پێبدەیت نایەم.
- بۆچی؟
- لەبەر ئەوەی نازانیت قسە بکەیت. بێ ڕەوشتی!
پێکەنی و گوتی:
- چییە! گوتیان لەماڵی شا پاقلەیان لێناوە! نایەیت بە جەهەنەم.
ئەوانەی گوت و ڕۆیشت. دەستم کرد بەساز لێدان کە چارەکێک دواتر یەکێکی دیکە هات و سڵاوی کرد. وەڵامم دایەوە.
- کوڕە بەڕێزەکە، دێیت کۆڕی ئێمە گەرم بکەیت؟
شێوازی قسەکردنیم بەڵاوە جوان بوو.گوتم:
- شەوانە کە لێرەم. دەتەوێت چ کاتێک بێم؟
- لە دوانزە و یەکەوە تاکو خۆرئاوا بوون.
- چەندیکم پێ دەدەی؟
- تۆ وەرە بزانە حەز بەوێ دەکەیت؟ دواتر لەسەر پارەکەی ڕێک دەکەوین.
ناونیشانم وەرگرت. ناوی سەرکیس بوو. ماڵیان لە دەوروبەری شەقامی سیروس بوو. بڕیار بوو سبەی بڕۆم. بۆمن باش بوو چوونکە دەمتوانی لە ماوەی ڕۆژەکەم سوود وەربگرم. سبەی زووتر نانی نیوەڕۆم خوارد و ڕۆیشتم. ماڵێک بوو بەدەرگایەکی بچووکەوە. کەمێک درێژەی کێشا تاکو دەرگایان کردەوە.
پشتم بەدەرگاکەوە بوو، لام کردەوە بینیم کچێکی باڵا بەرز بەقژی ڕەشەوە و چاوە گەورە و قەشەنگەکانیەوە بەڕوومدا پێدەکەنێت. بیرم چوو سڵاو بکەم.
تەماشایەکی دەستمی کرد کە کەمانچەکەی بینی گوتی:
- وەرە ژوورەوە.
تێنەگەیشتم چی گوت ، بەتەنها تەماشای چاوەکانیم دەکرد. کاتێک بینی وەستاوم و تەماشای دەکەم، دەستمی گرت و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ناو ماڵەکە.

دواتر گوتی:
- سەرکیس گوتبوی کە تۆ دێیت بەڵام ناوتی نەدەزانی. تەنها دەیگوت زۆر باش ساز لێدەدەیت. ناوت چییە؟
ناوی خۆمم پێ گوت. گوتی:
- ناوی منیش هاسمیکە و لێرە کار دەکەم. چاوەڕێبە تاکو سەرکیس بانگ دەکەم.
دواتر چوویە خانووەکەوە.
تازە هاتمەوە سەر خۆم، حەوشەیەکی پڕ لە دار و درەخت. هەموو شوێنێکی یان دار بوو یان گوڵدانی پڕ لە گوڵ بوو. حەوشەیەکی جوان بوو. بەدەوریدا خشت ڕیزکرابوو. خەریک بووم تەماشای دەرگا و دیوارەکانم دەکرد کە سەرکیس هات.
سڵاوم کرد و گوتی بەخێر بێیت. دواتر گوتی:
سەکیس- ئێستا ئیتر سەر و کەللەی مشتەریەکان پەیدا دەبێت. جێگەیەک بۆ خۆت بدۆزەرەوە کە بتوانی بەئاسوودەی ساز لێبدەیت.
پرسیارم کرد:
- لێرە ئاهەنگی هاوسەرگیریە؟
سەرکیس- نا بابە. هاوسەرگیری لەکوێ بوو؟ ئێرە مەی خانەیە.
- من لە مەی خانە کار ناکەم.
سەرکیس- من خۆ مسوڵمان نیم. مەی بۆ ئێمە حەرام نیە. تۆش ئەگەر دەڵێی حەرامە، باشە مەیخۆ. سازەکەت لێبدە و پارەی خۆت وەربگرە. تاوانی ئەوانەی کە دەیخۆن لە ملی خۆیان.
بینیم خراپ ناڵێت. پرسیارم کرد:
- چەندم پێدەدەی؟
سەرکیس- تۆ ئەمڕۆ ساز لێبدە من ڕازیت دەکەم. ئێستا دانیشە و چاییەک بخۆ تاکو ماندوویت دەربچێت.
لەسەر مێزیک دانیشتم. خولەکیک دواتر هاسمیک بە پیاڵەیەک چاوە هاتە لام و لەپاڵمدا دانیشت. گوتی:
- مامەڵەتان کرد؟
- هێشتا دیار نیە.
- خودا بکات بەشێوەیەک بێت تۆ لێرە کار بکەیت.
- بۆچی؟
- بەڵام من لێرە زۆر تەنهام. ئەگەر تۆ بێیتە ئێرە، پێکەوە کار دەکەین. ماوەیەک

پێش ئێستا سەرکیس لەگەڵ کەسێک قسەی کردبوو کە تاری لێدەدا. زۆر خراپ بوو، هەر نەدەکرا تەماشای بکەیت. سوپاس بۆ خودا مامەڵەکەیان ڕێک نەکەوت و کابرا ڕۆیشت. بەڵام تۆ گەنجێکی جوانیت و نزا دەکەم لێرە بمێنیتەوە.

ئەو قسانەم کە گوێ لێبوو دڵم لەرزی. هەستێکی سەیرم پەیدا کردبوو. حەزم دەکرد هاسمیک دانیشێت و قسەم بۆ بکات. ئەو ڕۆژە پۆشاکێکی پەمەیی لەبەرکردبوو تاکو ئەژنۆکانی دەهات و کەمەربەندێکی بەستبوو لە کەمەری. قژە ڕەشەکەی بەردابویەوە. هەرچیەکم دەکرد نەمدەتوانی چاوم لەسەری هەلگرم. لەبەردەمیدا دەست و قاچم وندەکرد. بەکورتی چارەکێک پێکەوە قسەمان کرد. دواتر کە بینی چاییەکەم نەخواردووە گوتی:

هاسمیک- چاییەکەت بخۆ و مەترسە. خۆم بۆم تێکردووی. مەی نییە.

دواتر بەنازەوە هەستا و ڕۆیشت.

کە چاییەکەم خوارد. وردە وردە مشتەریەکان هاتن. هەموو جۆرە کەسێک دەهات.

ئاسنگەر و کرێکار، لاو، میوە فرۆش و گۆشتفرۆش، لاواز و قەڵەو. بەکورتی وەک مەیدانی جەنگ بوو. زۆربەیان ناسراو و هاوکاری خۆم بوون، بەڵام کاتێک دەهاتن و ڕووبەڕووم دەبوونەوەم بەڕووی خۆیاندا نەدەهێنا و خۆیان بەناسراو دانەدەنا. کاتێکیش لەماڵی سەرکیس دەچوونە دەرەوە باسی بینینی یەکتریان لەوێدا نەدەکرد.

چەند تەختەیەک پڕبوو، سەرکیس ئاماژەی بۆکردم ساز لێبدەم. کەمانچەکەم دەرهێنا و دەستم پێکرد. کە گوێیان لە ئاوازەکە بوو دەستیان کرد بەچەقەنە لێدان. زۆر بەوریاییەوە تەختەکەم گرتە دەست. لەناوەڕاستی ئاوازەکەدا بووم کە هاسمیک لە ناوەڕاستدا و لەبەردەمی مندا دەستی کرد بەسەماکردن، ئەویش چ سەمایەک!

سەرکیسیش جارێک مەی دەبرد بۆ مشتەریەکان و جارێکیش لە ناوەڕاستدا خۆی دەسوڕاند. بەکورتی چ شەوێک بوو! تاکو خۆرئاوابوون سازم لێدا.

کاتێک دەبوایە بڕۆم، خەمی دونیا ڕژایە ناو دڵم! نەم دەویست لە هاسمیک دووربکەومەوە. سەرکیس هاتە پێشەوە و گوتی:

سەرکیس- باشە، ئێستا بڵێ بزانم، چەندمان بۆ حساب دەکەیت؟

کەمێک من منم کردوو دواتر گوتم:

- دوو تمەن.

یاسەمین

سەرکیس- هاتووی کە نەسازێی.

- خۆت بینیت چۆن کوڕەکەم گەرم کرد.

سەرکیش- بەڵێ، قوربانی دەست و پەنجەت بم، بەلام کەمتر حساب بکە. منیش لێرە خەریکم خزمەتی خەڵکی دەکەم و چەند کاتژمێرێک خەم لەدڵیان دەردەکەم.

- باشە یەک تمەن و نیو.

بانگی هاسمیکی کرد و گوتی:

سەرکیس- بەگیانی ئەو هاسمیکە لە تمەنێک زیاتر لەمن وەرناگری.

ئەو نامرۆڤە دەستی خوێندبوومەوە. ئیتر دەمتوانی چی بڵێم. ڕازی بووم.

خوداحافیزیم کرد و خەریکبووم دەچوومە دەرەوە کە هاسمیک لە دەرگای دەرەوە هاتە بەردەمم و گوتی:

هاسمیک- بۆچی هەر ئەو یەک تمەن و نیوەت وەرنەگرت؟

- لەبەرئەوەی بەگیانی تۆ سوێندی خوارد، دڵم نەهات هیچی دیکە بڵێم.

پێکەنینێکی پێزانینی جوانی کرد و گوتی:

هاسمیک- گیانی من بەلای تووە بەنرخە؟

خەریک بوو تەماشاکردنەکەی دەیسوتاندم. قسەم نەکرد.

هاسمیک- سبەی زووتر وەرە کەمێک پێکەوە قسەبکەین.

حەزم دەکرد بفڕم لە خۆشیدا.

ئەوەندە جێگەی لەدڵمدا کردبووەوە کەوا ئەگەر سەرکیس بەخۆڕایش بیگوتایە کارم بۆ دەکرد.

بەکورتی هەر ئەوکاتە ڕاستەوخۆ چوومە لالەزار و تا کۆتایی شەو لەوێ بووم. شەویش هیلاک و ماندوو هاتمەوەماڵەوە و کەمێک لە خواردنی نیوەڕۆم مابوو، خواردم و نووستم. تەواوی شەوەکە لە خەونمدا هاسمیکم دەبینی.

بەیانی کە لەخەو هەستام، لەدوای نانی بەیانی چوومە دەرەوە بۆلای ڕەجەب. بەلام دەربارەی کارە تازەکەم قسەم نەکرد چونکە نەم دەویستهەواڵ بگاتەوە بەگوێی کاکە جەواد و ناچاربم لەپارەی ماڵی سەرکیس بەشی پێبدەم.

نیو کاتژمێر لەگەڵ ڕەجەم قسەم کرد و دواتر چووم بەلای درووستکردنی خواردنەوە.

پلاویکم بۆ خۆم لێنا و دانیشتم بیرم دەکردەوە. کاتێک بیری قسەکانی هاسمیک و جولەکانیم کەوتەوە، کاتێک دوێنێ دەستی گرتم. لەڕاستیدا نەمدەزانی چ هەستێکم هەیە. حەزم دەکرد زووتر نیوەڕۆ بێت و بڕۆم بۆ ماڵی سەرکیس.

دواتر بیری ئەوەم کەوتەوە کەوا من پانزە ساڵم، لەوانەیە هاسمیک لەمن گەورەتر بێت. بەڵام جیاوازی نەبوو بۆم. گرنگ لەوەدا بوو من خۆشم دەویست. ئەگەر ئەویش منی خۆش بوویستایە هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکرد.

لەکۆتاییدا کات بوو بەیازدە و نیو. نانی نیوەڕۆم خوارد و کەمانچەکەم هەڵگرت، بەڕێکەوتم بۆ ماڵی سەرکیس. دەتگوت لەڕێگەدا باڵم پەیدا کردووە و دەفڕم. نیو کاتژمێر دواتر گەیشتم و لە دەرگام دا.

سەرکیس دەرگاکەی کردەوە، سڵاوم کرد و چوومە ژوورەوە.

خولەکێک دانیشتم بەڵام چاوەکانم لە هەموو شوێنێک بەدوای هاسمیک دەگەڕا کە سەرکیس بەپیاڵەیەک چاییەوە هاتە ژوورەوە. کەمێک چاوەڕێم کرد، بەڵکو سەرکیس پەیدابێت تاکو چارەکێک تێپەڕی و هەواڵی نەبوو. لەسەرکیسم پرسی:

- هاسمیک لەکوێیە؟

ئەو خوێڕییە لەوەڵامدا گوتی ڕۆشتووە.

دڵم پارچە پارچە بوو. واتە چی ڕۆشتووە؟! حەزیشم نەدەکرد ڕاستەوخۆ لە سەرکیس بپرسم و دڵیشم وەک سرکە دەکوڵا. چەند خولەکێک تێپەڕی و پرسیم:

- بۆ کوێ چووە؟

سەرکیس- لەکوێ بزانم، کاتژمێرێک دەبێت ڕۆیشتووە.

حەزم دەکرد بیکێشم بەزەویدا بۆ ئەو وەڵامدانەوەی. دەخولەک چاوەڕێم کرد و بەخۆمم گوت، ئەگەر هاسمیک لێرە ڕۆشتبێت ئیتر منیش دەڕۆم و بۆ سەرکیس کارناکەم.

بەلامەوە سەیر بوو. چۆن دەکرا لەپڕ هەستێت و بڕوات. دەنگی دەرگا هات! ئاگام لەخۆم نەما. یەکێک لەدەرگای دەدا و دڵم دەیگوت ئەوە دراوسێکانە لەدەرگا دەدەن.

ئێستا سەرکیسیش گیانی دەکێشای تاکو دەچوو دەرگاکە بکاتەوە! سەرەتا نەعلەکانی لەپێ کرد و دواتر هێواش هێواش ڕۆیشتە لای دەرگاکە. بەکورتی تاکو دەرگاکەی کردەوە گیانم گەیشتە سەر لێوم.

هاسمیک بوو. لەسەرکیسی پرسی کە من هاتووم یاخود نا. سەرکیس گوتی:

سەرکیس- هاتووە. بۆچی ئەوەندەت پێ چوو؟

هەستام و چووم بۆلای و سڵاوم لێکرد. هەر کەمنی بینی ڕووخساری وەک گوڵ گەشایەوە. بەستەیەکی لەدەست بوو، دایە دەستی سەرکیس و هات بۆلای من. گوتی:

هاسمیک- زۆر دەمێکە هاتووی؟
- نیو کاتژمێر دەبێت، تۆ لەکوێ بووی؟ سەرکیس گوتی ڕۆشتووە. لەترسان باوکم دەرهات.
پێکەنی و گوتی:
هاسمیک- ڕۆشتبووم تووتن بکڕم. مەگەر ئەو باوک سەگە پێتی نەگوت؟
- نەخێر. تەنانەت نەشی گوت چووی بۆ شت کڕین. هەر گوتی ڕۆشتووە.
هاسمیک لەناخی دڵیەوە پێکەنی و دەستی گرتم. لەسەر تەختەکەی پاڵی دانیشت و گوتی:
هاسمیک- زۆر خەمت خوارد؟
تازە تێگەیشتم قسەکەم لەدەم دەرچووە، گوتم:
- زۆر نا، کەمێک دڵگران بووم.
هاسمیک- ئەی درۆزن! بەڕەنگی ڕووخسارتدا دیارە.
- هاسمیک تۆ چەند ساڵی؟
هاسمیک- لەبەرچی دەتەوێت بزانیت؟
- دەمەوێت هەر بزانم.
هاسمیک- هەژدە ساڵم.
- تۆ موسوڵمان نیت؟
هاسمیک- نەخێر.
کەمێک بێدەنگ بووم. گوتی:
- دڵگران بوویت لەوەی موسوڵمان نیم؟
قسەم نەکرد.
سەرکیس بانگی کەرد. هەستا کە بڕوات، گوتی:
هاسمیک- ئەگەر تۆ بتەوێت دەبمە موسوڵمان.
قسەکەیم بەلاوە خۆش بوو. سوپاستی خودام کرد کە ئەو کێشە چارەسەر بوو. مایەوە سەر ئەوەی کە دوو ساڵ لەمن گەورەتر بوو. کێشەی چی بوو؟
چەند خولەک دواتر گەڕایەوە و دانیشت لەسەر تەختەکە. گوتی:
هاسمیک- تۆ چەند ساڵی؟
پێیم گوت. پرسی:
هاسمیک- باوک و دایکت نیە؟
- نەخێر.

ئیتر هیچی دیکەمان نەگوت تاکو ماوەیەک تێپەڕی، پرسیاری کرد:
هاسمیک- تۆ منت خۆش دەوێت؟
تێدا مابووم چی بڵێم، تەماشای دڵم کرد، بینیم خۆشم دەوێت. گوتم:
- نازانم هاسمیک، بەڵام لەدوێنێوە کەوا تۆم بینیوە و قسەم لەگەڵ کردووی، حەزدەکەم هەمیشە لەلای تۆ بم.
هاسمیک- باشە، ئەوە خۆشەویستیە ئیتر.
- بەڵێ لەوانەیە خۆشم بوێت.
کەمێک چاوەڕیم کرد، دواتر پێکەنینێکی شیرینی وەک شەکر بۆکردم و گوتی:
- منت دەوێت؟
منیش پێکەنیم و گوتم:
- ئەگەر تۆش منت خۆشبووێت بەڵێ.
هاسمیک- من بۆ تۆ دەمرم، بەڵام قسەکەت نەگۆڕی ها!
- باشە بەڵام بەو مەرجەی کاتێک من ساز لێدەدەم سەما نەکەیت.
هاسمیک- ئەگەر سەما نەکەم سەرکیس لێرە دەرم دەکات.
بینیم ڕاست دەکات، بۆیە گوتم:
- باشە لەبەرئەوەی ناچاری، سەما بکە. بەڵام بەنازکردن و ئەو شتانەوە نا، ئاگاداربە کە دەسوڕییتەوە جلەکەت بەرز نەبێتەوە.
دەستی گرتم و تەماشایەکی پڕ لە خۆشەویستی کرد و گوتی:
هاسمیک- باشە هەرچیەک تۆ بیڵێی. بەڵام تو خودا هاوسەرگیریم لەگەڵ بکە و لێرە بمبە.
- باشە ئێستا نابێت، دەبێت ماوەیەک کار بکەم و کەمێک پارە کۆبکەمەوە تاکو بتوانم ماڵێک بنیات بنێم.
هاسمیک- من خۆم سەد تمەنم بەدزییەوە کۆکردۆتەوە، دەیدەم بەتۆ.
- منیش ئەم چەند مانگە سەد و بیست تمەنم کۆکردۆتەوە بەڵام هێشتا کەمە، چاوەڕوانبە ماوەیەکی دیکە کاربکەین، لەوانەیە بتوانین لەسەرەوەی شار شوێنێک بکڕین.
هاسمیک- باشە ئیتر منیش پارەکانم بەفیڕۆ نادەم، گوێرەوی نایلۆن و بنێشت و ئەو جۆرە شتانە ناکڕم، ئەگەر خودا بیەوێت تاکو شەش مانگی دیکە گوزەرانمان باش دەبێت.
هێشتا دەستمان لەناو دەستی یەکتر بوو کە سەرکیس کۆکەیەکی کرد و ئێمەش

خۆمان کۆکردەوە.
ورده ورده مشتەریەکان پەیدا بوون و منیش دەستمکرد بەکەمانچە ژەندن. کاتێک تەواوی تەختەکان پڕبوو، سەرکیس ئاماژەی بۆ هاسمیک کرد تاکو سەما بکات.
هاسمیک بەسەر ئاماژەیەکی بۆ کردم، واتە چارم نیە. خەیک بووم خۆمم دەخواردەوە، بەڵام کارێک نەدەکرا. دەبوایە ئارامم بگرتایە.
دوو کاتژمێر تێپەڕی کە لەپڕ کوڕەکە خۆی کۆکردەوە و بەبێدەنگی دەیاندا بەگوێی یەکتردا. دەیان گوت، شەعبان خان هات شەعبان خان هات!
من نەمدەزانی ئەو کابرا کێیە بەڵام هەمووان بەترسەوە ناویان دەبرد. دوو خولەک تێپەڕی کە دەرگا کرایەوە و سێ گەنج کە گوایە پیاوی شەعبان خان بوون هاتن و لە پشتیانەوە پیاوێکی قەڵەو کە لەڕووخساریدا شوێنی چەند برینێک هەبوو، هاتە ژوورەوە.
سەرکیس بەخێرایی چوو بۆلای و ڕێزێکی زۆری لێدەگرت. تەختەیەکی بۆ چۆلکرد و لەگەڵ ئەوانی دیکە دانیشت.
خەریکی کاری خۆم بوم کە یەکێک لە گەنجەکان گوتی:
- کوڕە هەستە پەرداخێک ئاوی سارد بهێنە بۆ شەعبان خان.
سەیرێکم کرد و گوتم:
- ئەوە کاری من نیە، بەسەرکیس بڵێ.
پیاوەکە ویستی هەستێت و بێت بۆم، بەڵام شەعبان خان ڕێی لێگرت. تەماشایەکی کردم، قاچەکانم کەوتە لەرزین.
سەرکیس بەپەلە پەرداخێک ئاوی لەسەر سینیەک برد بۆ شەعبان خان. هاسمیک هاتەلای من و بەڕەنگی پەڕیوەوە گوتی:
هاسمیک- چی دەکەیت؟ دەزانیت ئەوە کێیە؟
- نەخێر.
هاسمیک- لەم شارەدا هەمووان ڕێز بۆ ئەم کەسە دادەنێن، تۆش بەو شێوەیە وەڵامیان دەدەیەوە؟
- هەرکەسێک هەیە، ببێت. پەیوەندی بەمنەوە نیە.
بەڵام بەڕاستی ترسابوم. بەکورتی بەهەر شێوەیەک بێت، کوڕەکە تەواو بوو، هەموان ڕۆیشتن. کاتێک پارەم لە سەرکیس وەرگرت، هاسمیکم بانگکرد و گوتم:
- مردوو شۆر ئەو سەماکردنەت ببات باشە، دووبارە نازت کردەوە؟!

هاسمیک- بابە خۆ مرۆڤ ناتوانێت بەگرژ و مۆنیەوە سەما بکات. کاتی سەماکردن خۆ سەبێت چوار هەستان و دانیشتن بکەیت تاکو خەڵکی بەدڵیان بێت ئیتر. ئێستا لەبەر خاتری تۆ لەباتی چوار هەستان دوو دانە دەکەم، وشک و خاڵی کە نابێت.

بینیم ئەو بێچارەیە ڕاست دەکات. گوتم:

- ناکرێت جلێکی دیکە لەبەر بکەیت کاتێک سەما دەکەیت؟ بەو شێوەیە هەموو لاشەت دیارە!

هاسمیک- دەتەوێت چادر لەسەر بکەم و سەما بکەم؟ ناکرێت بەچادر و بیجامەوە سەما بکەیت.

- نالێم چادر لەسەر بکە، شتێکی درێژتر لەبەر بکە.

هاسمیک- ئەو جلانە سەرکیس خۆی بۆمی دەکڕێت. بەتایبەتی کورتی دەکاتەوە تاکو کاتی سەماکردن جوان دەربکەوێت. تۆش ئەوەندە ئاوازی ڕەنگاوڕەنگ لێمەدە تاکو من ناچاربم زیاتر هەڵس و کەوت بکەم.

کاتێک گەیشتە ئێرەی داستانەکە، جەنابی هیدایەت جگەرەیەکی داگیرساند. دەنگوت تەواوی ئەو ڕووداوانە هەر دوێنێ ڕوویداوە بۆی. بزەیەکی تەڵخ لەسەر لێوەکانی بوو.

هیدایەت- بەڵێ ئێوە باشبن. چەند ڕۆژێک کارمکرد تاکو شەممە کە ئەوێ دادەخرا. بەدزییەوە لەگەڵ هاسمیک بڕیارماندا کە سبەی پێکەوە بڕۆینە دەرەوە و پێکەوە نانی ئێوارە بخۆین.

لەسەری کۆڵانەکەیان وەستابووم و چاوەڕێم دەکرد تاکو هات. بوخچەیەک لەدەستیدا بوو. پێکەوە گالیسکەیەکمان گرت و چووینە دەرەوەی شار. شوێنێکی هێمن و بێدەنگمان دیاری کرد.

ئەوکاتە تاران وەک ئێستا نەبوو کە هەرکەسێک لەشار بچێتە دەرەوە دەبێت ڤیلای هەبێت. بنی دارێک نەبێت تاکو تێیدا دابنیشێت. کاتێک لە دەروازەی تاران دەچوویتە دەرەوە هەموو شوێنێک سەوزی و گوڵ و گیا بوو، بەبێ دووکەڵ!

بەکورتی پێکەوەلە کەناری ئاوێک دانیشتین و هاسمیک لەناو بوخچەکەیدا میوە و چەرەساتی دەرهێنا. کتریەکی دایە دەستی من و گوتی:

هاسمیک- مەیم نەهێنا چوونکە دەمزانی نایخۆیت. هەستە ئاو بکەرە ناو ئەو کتریەوە و ئاگرێک بکەرەوە تاکو چایت بۆ لێ بنێم.

پێکەنیم. بەتەواوی وەک ژن و مێردمان لێهاتبوو!

ئاگرەکە بەرز بووەوە و ئاوەکەش کوڵا. هاسمیک چایی لێنا، دواتر دەستی کرد بەمیوە پاککردن بۆ من. هەر بوشێوەیەی خەریکی کارەکەی بوو گوتم:

- چۆن بوو کە هاتیتە ماڵی سەرکیس؟

هاسمیک- چیرۆکەکەی درێژە. کاتێکی دیکە بۆتی باس دەکەم.

- چ کاتێک باشتر لە ئێستا.

دەستەکانی پاککردەوە و چاییەکی بۆ تێکردم. لەبەردەمم داینا.

هاسمیک- بەسەرهاتی منیش وەک ئەو کچانەی دیکە کەوا دڵسۆزێکیان نیە.

تەمەنم حەوت بۆ هەشت ساڵان بوو، باوکم ئەوەندە مەی دەخواردەوە تاکو نازانم چ دەردێکی گرت و مرد. مایەوە دایکی داماوم کە لەماڵی خەڵکی کاری دەکرد، ڕۆژێک لێرە و ڕۆژێک لەوێ. منیش لەو نێوانەدا بچکۆلەیەک بووم. چەند ساڵێک تێپەڕی.

ڕۆژێک لەگەڵ دایکم لەسەر شەقام دەڕۆیشتین کە ئۆتۆمبیلی کەللە زلێک کێشای بەدایکمدا و بێچارە هەرلەوێدا مرد. کابراش بەجێی هێشت و ڕۆیشت. دەستم نەدەگەیشتە هیچ کەسێک. لەسەر شەقامەکان وێڵ و سەرگەردان بووم کە سەرکیس منی بینی و بردمیە ماڵی خۆی.

سەرەتا تەنها قاپەکانم دەشۆرد و ئەوێم پاک دەکردەوە. کاتێک گەورەتر بووم سەماکردن و خزمەتکردنی مشتەریەکانیش زیادی کرد. هەر ئەوەندە.

- تۆ گوتت بەسەرهاتەکەت زۆر درێژە؟

هاسمیک- لەو ماوەیەدا ڕووداوی زۆر ڕوویانداوە بۆم، ڕۆژێک بۆتی دەگێڕمەوە. ئیتر درێژەم پێنەدا. گوتی:

هاسمیک- هێشتا لەسەر قسەی خۆتی؟

- بەڵێ. تەنها چاوەڕێکە بارودۆخمان باش بێت.

هاسمیک- باشە، هەرچەندە تۆ بتەوێت ئارام دەگرم.

- تەنها ئاگاداربە سەرکیس بۆنت نەکات.

هاسمیک- ئەو تەنها لەبیری پارە پەیداکردندایە، خەیاڵی لای ئەو شتانە نییە.

دواتر تەماشای چواردەوری کرد و گوتی:

- چەندە شوێنێکی باشە ئێرە. هیچ کەسێکیشی لێنیە. تەنها من و تۆین و دەنگی خوڕەی ئاوەکە. دەتەوێت سەمات بۆ بکەم؟

- نەخێر. هەرئەوەندەی لەماڵی سەرکیس سەمادەکەی بەسە.

دەستمی گرت و گوتی:

- بەخودا ئەگەر ببمە ژنت، تەنها تۆم دەوێت و بۆت دەبمە ئەوکەسەی کە تۆ دەتەوێت. بەیانی کە لەخەو هەستای، نانی بەیانیت بۆ درووست دەکەم و دەیخەمە بەردەستت. کاتێکیش چوویتە لەسەر کار، ماڵەوە وەک دەستە گوڵ لێدەکەم و ئەوەندە لەبەردەم دەرگا چاوەڕێت دەکەم تاکو دێیتەوە بۆ ماڵ.

کاتێک دێیتەوە، خاولیت بۆ دێنم تاکو دەست و دەم و چاوت وشک بکەیتەوە و بێیتەوە سەرخۆت. دواتر سفرەت بەحەوت ڕەنگ بۆ دەڕازێنمەوە و ئەو خواردنەی حەزی پێدەکەیت درووستی دەکەم. کارێک دەکەم حەزنەکەیت لەماڵ بچیتە دەرەوە.

- منیش نایەڵم ڕووخسارت خۆری بەرکەوێت. کاتێک بوویتە هاوسەرم پێویست ناکات خزمەتی هیچ کەس بکەیت و بۆ هەرکەس و ناکەسێک سەما بکەیت. لەماڵەوە دادەنیشیت و خانمی دەکەیت.

خەریک بووین لەم قسانەمان دەکرد کە باران دەستی پێکرد. لەدڵمدا قسەم بەهەرچی با و بارانی ناوەختە گوت. شتەکانمان کۆکردەوە و ڕۆشتینەوە بۆ شار.

کاتژمێرێک دواتر هاسمیکم گەیاندەوە ماڵەوە و خۆشم چووم بۆ کاروان سەرا. سەرەتای شەو چووم بۆ لالەزار.

سبەی کە چووم بۆ ماڵی سەرکیس، هاسمیک بەتەنها بوو. سەرکیس چووبووە دەرەوە بۆ ئەوەی شت بکڕێت. پێکەوە دانیشتین بەبێ بێزارکەر. دڵ و گیانمان دەدا بەیەکتری. لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەمان دەکرد تاکو سەرکیس هات.

نیو کاتژمێر دواتر سەر و کەللەی مشتەریەکان پەیدابوو، منیش نەرمە نەرم دەستمکرد بەژەنین.

لەپاڵ ئەو شوێنەی وەستابووم، تەختەیەک هەبوو کە چوار کەس لەسەری دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. منیش لەخۆمەوە گوێم بۆ گرتن. ئەوان بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد و هەندێک کاتیش بەبێدەنگی. کەمێک تێپەڕی و سەرخۆش بوون، ئیتر بەبێدەنگی قسەیان نەدەکرد و دەمتوانی گوێیم لەوانبێت. بۆ ساتێک گوێم ڕاگرت، باسی کوشتنی کەسێک بوو!

بەباشی ئاگادار بووم. تێگەیشتم کە ئەمشەو بڕیارە ئەو چوارکەسە لەپشتی ماڵی سەرکیس لەشوێنێک خۆیان بشارنەوە و بەچەقۆ کەسێک بکوژن. شەڕەکەیان لەسەر ئەوە بوو کەوا کامیان کابرا بکوژێت و کامیان پیاوەکانی. لەوانەبوو بترسن، چوونکە هیچیان ڕازی نەدەبوون. ماوەیەکی کەم تێپەڕی و بڕیاری خۆیاندا.

زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەو کەسە کێیە؟ تاکو ئەوەی یەکێکیان ناوی شەعبانی لەدەم دەرچوو، هاوڕێکانی تووڕە بوون. تێگەیشتم لەوەی دەیانەوێت شەعبان خان

بکوژن.
هەرچەندە شەعبانم خۆش نەدەویست، بەڵام بیری ئەو ڕۆژەم کەوتەوە کە نەیهێشت پیاوەکەی ئازارم بدات. مامەوە لەسەر ئەوەی پێی بڵێم یاخود نا؟
نێو کاتژمێر تێپەڕی و ئەو چوارکەسە حسابی خۆیاندا و ڕۆیشتن.
خەریک بووم بیرم لەوە دەکردەوە کە نەوەک ئەوانە درۆیان گوتبێت و بۆ شتێکی دیکە هاتبێتن، دواتر منیش لەلای شەعبان ئابڕووم بڕوات. ئەوکاتە ئیتر بەزەیی پێمدا نایەتەوە! گوتم پەیوەندی بەمنەوە چییە؟ کەسێک گوندەی شار بێت، دەبێت کەسێکیش هەبێت لەناوی ببات.
تازەماڵەکە قەرەباڵغ ببوو کە دەرگا کرایەوە و شەعبان خان لەگەڵ یەکێک لە پیاوەکانی هاتە ژورەوە. تەماشایەکی دەوروبەری کرد و ڕۆیشت تاکو لەسەر تەختەیەک دابنیشێت. کاتێک خەریک بوو بەلای مندا تێدەپەڕی بەدەنگە گڕ و بەرزەکەی گوتی:
- ماندوو نەبی مامۆستا!
سوپاستم کرد. ئەو ڕەوشتەیم زۆر بەلاوە جوان بوو. لامکردەوە و چاوم بەیەکێک لەو چوارکەسە کەوت کە دەیان ویست شەعبان خان بکوژن. بەدوای شەعبان خاندا هاتە ژوورەوە. بینیم ناپیاویە قسە نەکەم. چاوەڕێم کرد تاکو کاتژمێرێک تێپەڕی و ئەو کابرا چووە دەرەوە. منیش ڕانەوەستام و چوومە لای شەعبان خان. سڵاوم کرد و وەستام.
وەڵامی دایەوە و دوو تمەنی دەرهێنا و بۆی ڕاگرتم.
- شەعبان خان من بۆ پارە نەهاتوومەتە ئێرە.
لەپڕ پیاوەکەی هەستا و گوتی:
- دەستی شەعبان خان بەرەکەتە، بیگرە و بڕۆ بەدوای کاری خۆتدا.
شەعبان خان ئاماژەی بۆکرد کە دابنیشێت. دواتر گوتی:
- چیت دەوێت کوڕی جوان؟
ڕووداوەکەم بەبێدەنگی تێگەیاند و چوومەوە سەرکارەکەم. ئەوانیش دە خولەک بۆ چارەکێک دواتر هەستان و ڕۆیشتن. خەیاڵم ئاسوودە بوو کە ئەو کارەی لەدەستم دەهات ئەنجامم دا.
کاتێک گەیشتینە ئێرەی چیرۆکەکە جەنابی هیدایەت تەماشایەکی کردم و گوتی:
هیدایەت- بەهزاد گیان، لەم دونیایەدا لە مرۆڤەکان تەنها باشیەکانیان دەمێنێتەوە. چ بیری باش و چ خراپ.

دواتر هەستا و لە ئەمبارەکە کەمانچەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بەسازلێدان و گوتی:
- ئەمە هەمان ئاوازە کە یەکەمین شەو لە لالەزار لەبەردەم خەڵکیدا لێمدا. ئێستا بۆ تۆی لێدەدەم، لەوانەیە دوای ئەوەی گوێت لێبوو یادی ڕەزا خودا لێخۆشبوو بکەیتەوە.
دواتر کەمانچەکەی لەسەر قوڵی دانا و ئاوازێکی زۆر جوان و خەمناک بوو. چومە خەیاڵەوە.
نەمدەزانی ئێستا لە سەردەمی سەرکیس و هاسمیک و شەعبان و ڕەزادام یان لە سەردەمی فەرنوش و فەریبا و کاوە!
خەریک بووم چێژم لە ئاوازەکە دەبینی کە دەنگی هەنسکی هیدایەت تێکەڵی ئاوازەکە بوو.
حەزم نەدەکرد ئەو بەشەی ئاوازەکە لەدەست بدەم. بەڵام بینینی گریانی پیرەمێردێکی تەنها و دڵشکاو، دڵێکی دەویست کە من نەمبوو. هەستام و لەژێر لێوەوە خودا حافیزیم کرد و هاتمە دەرەوە.

## بەشی چواردەیەم

نزیکی نیوەڕۆ بوو کە گەیشتمە ماڵەوە. دوو هێلکەم سورکردەوە و خواردم. گوتم کەمێک بنووم و ئێوارە سەرێک لە فەرنوش بدەم. جێگەم ڕاخست و بیری جەنابی هیدایەتم کەوتەوە. ئەو بێچارەیە بەدبەختی زۆر کێشابوو. هیواداری خۆم و ژیانی خۆم بووم. وردە وردە چاوەکانم گەرم بوو.

نەمزانی چ دەنگێک لە شەقامەکەوە هات کە لەخەو ڕاپەڕیم. دونیا تاریک ببوو. گڵۆپەکانم داگرساند و دانیشتم. ژوورەکە ساردبوو بەڵام تاقەتی ئەوەم نەبوو گەرمکەرەوەکە دابگرسێنم. تەماشای کاتژمێرم کرد، کاتژمێر پێنج بوو. هەستام و چوومە گەرماو. کەمێک حاڵم باشتر بوو. خەریک بووم جلەکانم لەبەردەکرد کە لەدەرگایاندا.

- کێیە؟

کاوە- منم بیکەرەوە.

- چاوەڕێ بکە شتێک لەبەربکەم، ڕووتم.

کاوە- هەر ئەو شەرم و ئابڕوەت دڵی منی بردووە!

- ونبە! یەکێک لێرەوە تێپەڕ دەبێت و گوێی لێدەبێت. ناشرینە.

کاوە- لەخودا شاراوە نیە، بۆچی لە بەندەکانی خودای بشارینەوە؟ بیکەرەوە ئەو دەرگا بێخاوەنە.

بە پێکەنینەوە دەرگام کردەوە.

کاوە- بەبە شازاوا. ئادەی بزانم گوێرەویەکانت باش لەپێکردووە؟ جەنابی ستایش گوتوویەتی زاوایەکی خۆش ناوێت کە گوێرەویە حوشتریەکانی خراپ بێت.

- وەرە ژوورەوە لەبەر دەرگا ئەوەندە قسەی هیچ مەڵێ. ئابڕوی منت لەبەرچاو

هەمووانیدا بردا!
هاتە ژوورەوە و چووە سەر کتری و گەرم کەرەوەکە.
کاوە- ئای، بۆچی چایت ئامادە نیە؟
کتریەکەم پڕکرد و گەرمکەرەوەکەم داگیرساند.
کاوە- مژدە مژدە!
- چی بووە دووبارە؟
کاوە- خەسوت دەیەوێت تۆ ببینێت! هەستە بەناوی خودا!
- مەگەر لە دەرەوە گەڕاوەتەوە؟
کاوە- بەڵێ. زۆر حەزیش دەکات تۆ ببینێت.
- کەی؟ لەکوێ؟
کاوە- هەر ئێستا، لەسەر تەختەی مردوو شۆری ماڵەوە!
- لاڵ بیت کوڕە. بەڕاستی گەڕاوەتەوە؟
کاوە- هێشتا نا. هێشتا کاتت بۆ ژیان هەیە.
- گوتم کە ئەو بەم زووانە نایەتەوە. خەریکە کاری مانەوەی جێبەجێ دەکات.
کاوە- بەڕاست مژدەیەکم بۆت هەیە.
- ونبە لەبەرچاوم!
کاوە- ئەمشەو میوانین، لەماڵی ژاڵە.
- ئەوەندە گاڵتە دەکەیت کە مرۆڤ باوەڕ بەهیچ قسەیەکت ناکات.
کاوە- بەگیانی بەهزاد، ڕاست دەڵێم. ژاڵە و فەرنوش و چەند هاوڕێیەکی زانکۆیان بانگێشت کردوە بۆ ماڵی ژاڵە و منیان ناردوە بەدوای تۆدا. هەستە وردە وردە ئامادەبە بڕۆین.
- بەگیانی من ڕاستەکەیت؟
کاوە- تۆ تاکو ئێستا درۆت لەمن بیستووە؟
- باش بوو خۆم شۆرد ها!
کاوە- خۆت بگۆڕە بڕۆین. گەرمکەرەوەکەت لەبیر نەچێت بکوژێنێتەوە.
- ئێستا زوو نیە؟
کاوە- زووی چی؟ میوانی کاتژمێر پێنج بووە. ئێستا پێنج و نیوە، تاکو دەگەین دەبێتە شەش.
هەستام و جلەکانم لەبەرکرد و گوتم:
- بڕۆین بەدوای فەریبادا. گوناحە و بەتەنهایە. بەڕاست حاڵی دایکی چۆنە؟

کاوە- سوپاست بۆ خودا باشە!
- کاوە!
کاوە- واتە سوپاست بۆ خودا خراپە!
- زمانت لال بێت!
کاوە- باشە قسەکەم ڕاست کردەوە ئیتر!
- نەخوێندەوار دەبوایە وشەی خراپت بگۆڕیایە. ئێستا بڕۆین بەدوای فەریبا یان نا؟
کاوە- نا بابە. ئەو منداڵە داماوە ئێستا دڵ و مێشکی میوانی نیە.
- بڵێ نامەوێت لەگەڵ خۆم بیبەم تاکو نەزانێت تۆ چ ئیبلیسێکی! دەتەوێت لەوێ ئاسوودە بێت بەبێ بێزارکەر!
کاوە- فەرموو بابڕۆین خودای پاکی! درەنگ دەبێت!
سواری ئۆتۆمبیل بووین و بەڕێکەوتین. لەڕێگە گوتم:
- بەدەستی خاڵی بڕۆین دەڕۆین ناشرین نیە؟ خۆزگە گوڵێک شتێکمان دەکڕی.
کاوە- من تێناگەم! کوڕە بەو شێوەی کە تۆ ئەوەندە زیادەڕەوی دەکەیت، ناکرێت! گوڵ چییە؟
- ڕاست دەڵێن کە مرۆڤ تاکو دەوڵەمەند بێت، پیسکەتر دەبێت ها!
کاوە- ئێشتا من حاجی جەبارم! مەگەر ماڵی کچە پوری من نیە؟ پێویست ناکات هیچ بکڕین.
- بەجەهەنەم!
دە خولەک دواتر گەیشتین و دابەزین.
کاوە- بەهزاد، کە ڕۆشتین پێڵاوەکانت دانەکەنی ها!
- بەخودا کاوە شتێکت پێدەڵێم ها!
لەدەرگامان دا و چووینە ژوورەوە. ماڵی ژاڵەش وەک ماڵی پوری واتە ماڵی کاوە خانویەکی زۆر گەورە بوو.
- کاوە دەڵێی دەوڵەمەند بوون وەک درمە! یەکێک لە خێزانەکە دەوڵەمەند بێت، ئەوانی دیکەش تووش دەکات و دەوڵەمەند دەبن!
کاوە- بەڵێ. من دەربارەی ئەم بابەتە زۆر بەدوایدا چووم، درووستە. وەک بەدبەختی دەمێنێتەوە. هەروەکو خۆت. تۆ کە بەدبەختی تەواوی دەور و بەرت بێچارە دەکەیت!
-یەک جار بووە من شتێک بڵێم و تۆش ڕاستەوخۆ وەڵام نەدەیتەوە؟

کاوە- بڕۆین بابە. ئێستا هەموویان بیر دەکەنەوە کە لێرە وەستاوین و یاری مای دەکەین.

خەریک بووین پێدەکەنین کە دەرگا کرایەوە و فەرنوش و ژالە هاتن بۆ پێشوازیمان.

ژالە- باشە ئێوە نێوانتان ئەوەندە باشە دەڵێی لەیل و مەجنونن، پێکەوە لێرە چی دەکەن؟

کاوە- وەرە، نەمگوت؟

دواتر ڕووی کردە ژالە و فەرنوش و گوتی:

کاوە- خەتای من نیە بەخودا، ئەو بێ ڕەوشتی خێر نەبینیوە، لەو تاریکیەدا هات و منی ماچ کرد.

هەموومان دەستمان کرد بەپێکەنین و چووینە ژوورەوە.

فەرنوش- حاڵت چۆنە بەهزاد؟ بۆچی ئەوەندە درەنگ هاتی؟

- کاوە کاتژمێر پێنج و نیو هات بەدوای مندا و تاکو ئامادە بووم بوو بەکاتژمێر شەش.

فەرنوش- بەیانی لەکوێ بووی؟

- بۆچی ؟ هاتبوویت بۆ ئەوێ؟

فەرنوش- نا. پەیوەندیم کرد بۆ خاوەن ماڵەکەت، گوتی چووەتە دەرەوە.

- چووبووم سەرێک لە جەنابی هیدایەت بدەم.

فەرنوش- وەرە دەمەوێت لەگەڵ هاوڕێکانم بەیەکترتان بناسێنم.

تازە چووبووینە هۆڵەکە کە کاوە لەبەردەم دەرگا هاواری کرد.

کاوە- سڵاو لە هەمووتان. هاوڕێیان دوو ماچی زیادەتان نیە بیدەن بەمن؟ بۆ نەخۆشم دەوێت!

یەکێک لە کوڕەکان گوتی:

- من هەمە. بەڵگەت هێناوە؟

کاوە- بەدەفتەرچە نایدەی؟

کوڕ- نا!

کاوە- باشە بەقوربانت بم، بەئازاد حسابی بکە. پێمی بدە بیبەم.

هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین و دەستیان کرد بەبەخێرهاتن و جێکردنەوەی ئێمە. هەرکەسێک کە خۆی دەناساند، دەتگوت هەموویان ئێمە ئەو دوانە دەناسن. یەکێک دەیگوت من پەروانەم یەکێک دەیگوت من مەسعودم. یەکێک دەیگوت من

سەردابەم. بەکورتی بەشێوەیەک جەنجال بوو کە کاوە گوتی:
کاوە- چ باسە؟ سەرم سورماوە! سەد ڕەحمەت لە حەمامی ژنان! مەگەر بەردی بێ ونبووە کە ئەوەندە هاوار دەکەن؟ دووبارە دوو مرۆڤی باشتان بینیوە دەست و ناخچتان ونکردووە؟
هەمووان دەستیان کرد بەپێکەنین.
کاوە چپاندی بەگوێمدا:
کاوە- کەرە! خەریکە دەیبەستم! ببینە خەریکن فێڵ و فرم لێدەکەن!
دواتر گوتی:
کاوە- باشە ئێوە خۆتان ناساند. ئێستا بهێڵن ئێمەش خۆمان بناسێنین ئیتر.
یەکێک لە کچەکان گوتی:
- ئێوە کە پێویستتان بەخۆناساندن نیە.
کاوە- دەزانم. من جەنابی کاوەی ناسراوم. ئافەرین کچەکە، ناوت چییە؟
- پوونە.
کاوە ڕووی کردە من و گوتی:
- بەهزادگیان ناوی ئەم پوونە خانمە بنووسە تاکو سبەی دایکم بنێرم بۆ ماڵیان بۆ خوازبێنی.
دەنگی قیژەی کچەکانی دیکە بەرز بووەوە کە نارەزاییان دەردەبڕی.
کاوە- شەڕمەکەن، دەگاتە سەرەی هەمووتان.
دووبارە هەمووان پێکەنین.
کاوە- بۆ زیاتر ناسراوی دەبێت بڵێم:
باڵا: بەرزتر لە کۆنستەر
دەنگ: ئاڵن دلون
لاشە: ئارنۆڵد.
خولیا: چارلس برانسۆن.
چاو و برۆ: سۆفیا لۆرن.
دەم و ددان: تایەفەی لێو پاقلەکان.
موو: پوڵ براینەر.
ڕێکخستنی لاشە: کەریم عبدالجبار.
گۆشتم کە هەر باسی مەکەن، گۆشتم خشڵە!
بە هێواشی لەپاڵ گوێیدا گوتم:

- ڕەوشت: هیندی جگەر خۆر.
کاوە- داواکەرانی بەڕێز، بۆ دڵنیابون لە مەرجەکان بەبێ دەست لێدان بەیەکێک لە پەنجەکانتان تەماشای ناسنامەکەم بکەن.
هەموویان فیکەیان بۆ لێدا. دووبارە چپاندم بەگوێیدا و گوتم:
- هەر لەبەر ئەمە بوو کە ڕازی نەبووی فەریبا لەگەڵ خۆت بهێنیت؟
یەکێک لە کچەکان گوتی:
- بەهزاد خان، چی دەڵێن لەپاڵ گوێی کاوە خان؟
کاوە- ئەم خوێڕییە چاو حیزە دەیەویت هەر لێرەدا من لەناو ببات، هیچ بەئێوە ناگات!
مشتەکۆڵەیەکم دا لە کەلەکەی! بەکورتی چووە ناوەڕاست هۆڵەکە و هەمووانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە و گوتی:
- هاوڕێیان هەمووتان دوو پەنجەتان بەرز بکەنەوە تاکو شتێکتان بۆ بڵێم.
هەموویان هاواریان کردوو کاوە دانیشت لەسەر زەویەکە، ئەوانیش لەدەوری دانیشتن.

کاوە- لەبەردەم ماڵتان دیقە دیق دەکەم
وەک پینۆکیۆ لەقە لەق دەکەم
وەک کۆتر بوقە بوق دەکەم
وەک سەگی کۆڵان وەڕە وەڕ دەکەم
بەتیکەیەک نانی وشک کرمە کرم دەکەم
ئەگەر نەبیتە ژنم بەگیانی دایکم
سەری کەچەڵم شەق شەق دەکەم

هەمووان گێژ و وڕ ببون. چووم و دووبارە چپاندم بەگوێیدا.
- کاوە خەجاڵەت بە! ئەو قسە هیچانە چییە دەڵێی؟ بەسە ئیتر. بڕۆ لە شوێنێک وەک مرۆڤ جێگەیەک بگرە دانیشین.
کاوە- چی بکەم بەهزاد گیان؟ ئەم هەموو مرۆڤە ساڵانێکە چاوەڕێ بوون من ببینن. ئێستا دەڵێی پێیان نیشان نەدەم؟
دواتر بەدەنگی بەرز بەهەمووانی گوت:
کاوە- خانمان و بەڕێزان ئاگادار بن و کاغەزەکانتان ئامادە بکەن، ئێستا ژمارە تەلەفوونەکانی پەیوەندی تایبەتی جەنابی کاوەی بەرومەندی ناسراو دەڵێم.
ژمارەکان بنووسن، هونەرمەندانی ئێمە بۆ هەر کوڕێکی مارەبڕین و

ماوسەرگیری لەخزمەتی ئێوە دان!
هەر لەوکاتەدا یەکێک لە کچەکان گوتی:
- کاوە خان شتێکی دیکە بخوێنە. هەرلەو شتانەی کە دەزانیت.
کاوە- بابە ستەمکارن ها! تاوانبارەکانیش سەرەتا قومێک ئاویان پێدەدەن تاکو نوورگیان تەڕبێت دواتر لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەن! زمانم بەستراوە بەمەلاشومەوە! گەرووی وشکبووم دەبینن ئەوەتا. ئیتر هەر قسە ناکەم.
تا کاوە ئەوانەی گوت، دوو سێ کچ وەک بروسکە ڕۆشتن و خولەکێک دواتر یەکێک ساردی بۆ هێنابوو، یەکێک قاوەی بۆ هێنابوو، یەکێکیش میوەی بۆ پاک دەکرد! بەکورتی باش پێی ڕادەگەیشتن.
کاوە لە دوورەوە برۆکانی بۆمن بەرز دەکردەوە واتە ببینە چۆن پێم ڕادەگەن.
دواتر ساردیەکەی هەڵگرت و بەرەولای من هات کە هەموویان هاواریان کرد:
- بۆکوێ کاوە؟ تازە کۆڕەکە گەرم ببوو.
کاوە- بابە تەلەفزیۆنیش لە ناوەڕاستی بەرنامەدا دوو خولەک پەخش ڕادەگرن! ماندوو بووم، بهێڵن هەناسەیەک بدەم. دواتر دیدارەکەمان بەردەوام پێدەدەین.
دواتر ساردیەکەی دا بەمن و گوتی:
کاوە- بیگرە بیخۆ. کەسێک لەبیری تۆدا نیە، خۆشت ئەوەندە دەست و پێ سپیت کە ناڕۆیت شتێک بهێنیت و بیخۆیت. ئەگەر من بەفریات نەگەم دەمری!
هەرلەو کاتەدا فەرنوش بەچاییەک و قاپێک میوە هاتە لای من و بەکاوەی گوت:
فەرنوش- ئەی من چ کارەم کاوە خان؟ خۆم پێی ڕادەگەم.
کاوە- بزانم فەرنوش خانم دەتوانن ئەم پاروە هاوڕێیە لە قوڕگی من دەربهێنی یان نا؟
هەدووکمان پێکەنین کە لەپڕ لە ناوەڕاست هۆڵەکە هەموویان گوتیان:
- کاوە وەرە، کاوە وەرە، کاوە وەرە.
کاوە بەرولایان ڕۆیشت و دەستی کرد بەخوێندن و چەپڵە لێدان.
کاوە- جەرگم دەربهێنن و بیکەنە ئاگردانەوە

فووی لێبکە و هەواڵی بەشکردنی بدە
شیشێک جەرگی ئاڵتوونی بۆ مێردی سەرەوە
ئێستا حاجی دێت و بۆنی قاچی دێت
تەماشاکە چەند کەسن دەیانەوێت من ببەن
بۆ ئەم دراوسێیە و بۆ ئەو دراوسێیە

ئەمات
خۆر هەڵهات و حاجی بهێڵێت
خودا بیکوژێت و یەکێک بەجێی بزانێت ئەو شتانە بڵێت.
لەڕاستیدا باوەڕم نەدەکرد کەوا کاوە هەمووان چەپڵەیان بۆ لێدەدا. یەکێک لە کچەکان ل
کاتێک شیعرەکەی تەواو بوو، دەمات گوتی:
پێکەنیندا فرمێسک لەچاوی ئەوەندە پێکەنیم دەردی دڵم گرت.
- کاوە خودا بتکوژێت. نەخۆشی نەگریت؟ کاتژمێریکە لێدەدەین و پێدەکەنین.
کاوە- لێرەدا دەستت ئەفرەتم لێدەکەیت؟ هەستە برۆ ڕووخسارت بشۆرە. ڕەش
لەباتی سوپاسکردن هاتوتە خوارەوە!
ئارایشتەکەت مارکە و باش بکرە، تەماشای ئارایشتی من بکە! هیچی لێنەهاتوو!
ئارایشتێکی ماشەڵای پێگووتبوم.
خۆڕاگرە!
ئەگەر تاکو ئێستا دایکم لێرە بوایە سەد
پور و مێردی پوری کاوە لە قاتی سەرەوە هاتنە خوارەوە و بەهەموانیان گوت:
- ماشەڵلا لەو زمانەی کاوە!
هەمووان سلاو و هەواڵپرسیمان کرد. پوری کاوە ڕۆشتە چێشتخانە تاکو
خواردن ڕێکبخات. یەکێک لە کچەکان لە کاوەی پرسی:
- کاوە تۆ دەبیتە پزیشکی چی؟ ببیتە هەرشتێک، ئێمە هەمووومان کە نەخۆش
کەوتین دێینە لای تۆ.
کاوە- من دەمەوێت ببمە پزیشکی قانوونی! بەدڵنیاییەوە هەمووتان بێنە لای من!
کچێکی تر:
- داماو بێت کە هەرچیەکی پێ دەڵێین وەلامێکی لە باخەڵیدا هەیە!
کاوە- نەخێر! نیو کاتژمێری دیکە لێرە بووەستم، بەهۆی ئەو نەفرەتانەی ئێوە
پێشکەشم دەکەن، یان دەمرم یان دەبمە کەنەفت و داماو!
مێردی پوری کاوە گوتی:
- کاوە گیان ئەمانە خۆشیان دەوێت!
کاوە- مردوو شۆر ئەو خۆشەویستانە لەگەڵ خۆی ببات، ئەگەر بیر لە ئەو
خۆشەویستیە بکەمەوە دەبێت تاکو کۆتایی شەو فریاکەوتنی تاران من ببات.

لەوکاتەدا کچێک کەناوی زوهرە بوو بەکوپێک قاوەوە بەرەولای کاوە هات و
گوتی:

- کاوە خان من وەک ئەوان نیم، قاوەم بۆ هێناون، فەرموون.
زوهرە ئەوەی گوت، کاوە دەفتەری تەلەفوونەکەی دەرهێنا. گوتی:
کاوە- ئافەرین بۆ تۆ! خێرا ناو و ناونیشانت بڵێ تاکو یەکەم کەس لە لیستەکە دابنێنم و دایکم بنێرم بۆ خوازبێنیت.
زوهرە لە خۆشحاڵی و شەرمەزاریدا ڕووخساری گەشایەوە.
کاوە- ئێستا کە کچێکی باش بوویت. بڕۆ قاوەیەک بۆ خۆت بهێنە تاکو فاڵت بۆ بگرمەوە.
سەودابە- کاوە خان تو خودا ڕاست دەڵێیت ؟
کاوە- بەگیانی دایکم ئەگەر درۆ بکەم. لەڕاستیدا ئەوە کاری دایکمە!
کاوە کە ئەوەی گوت. بەخێرایی سێ بۆ چوار کچ چوونە چێشتخانە تاکو قاوە بهێنن.
زوهرە ئەو قاوەیەی کە بۆ کاوەی هێنابوو، پێی نەدا و خۆی خواردی!
کاوە- چۆن بوو؟ تامی خۆش بوو؟
زوهرە- ببورە کاوە خان. دەمویست کە زووتر فاڵ بۆ من بگریتەوە. دواتر قاوەیەکی دیکەتان بۆ دەهێنم.
کوپەکەی بەخێرایی هەڵگێڕایەوە و ڕۆیشت تاکو قاوەیەک بۆ کاوە بهێنێت.
چەند خولەکێک دواتر هەمووان بەکوپێکی هەڵگەڕاوە لەسەر ژێرکوپێک لەدەوری کاوە دانیشتبوون.
کاوە- یەکە یەکە، تێکەڵی مەکەن. دەبێت تەرکیزم هەبێت.
کاپەکەی زوهرەی  هەڵگرت و تەماشای کرد. کەمێک دواتر گوتی:
کاوە- وای وای!! چ تاریکیەکی تێدایە! وەک دڵی ڕەشی شەیتانە وایە!! ئەمە فاڵگرتنی ناوێت، لەخۆڕا ئاشکرای مەکە. نۆرەی کێیە؟
کاوە- بمدەرێ ئەو خودا بڕیوە؟
تەماشایەکی کوپەکەی کرد و گوتی:
کاوە- تۆ هیچت تێدا نەهێشتوە؟ دەتویست کوپەکەیش بلیسیتەوە!
سەودابە- کاوە خان کوپەکەم هەڵگێڕایەوە، ئیتر بەو شێوەیەی لێهات. هەمووی ڕژایە ژێر کوپەکە.
کاوە- ئەها، کەواتە ئەوە فاڵەکەتە! باشە بیهێنە تەماشای بکەم.
کاوە- تۆ مێردێکی کەچەڵت تووش دەبێت! تەماشاکە کوپەکەت دەبریسکێتەوە.
سەودابە- خەریکی گاڵتە دەکەیت؟

پێشتر من فاڵ ناگرم. کوپەکانتان هەڵبگرن و بڕۆن. ئیتر من فاڵ ناگرم.

کاوە- ئەگەر باوەڕناکەن، کوپەکانتان هەڵبگرن و بڕۆن. ئیتر من فاڵ ناگرم.

کاوە- ئەگەر باوەڕناکەن، خوازبێنی پێشووت کەچەڵ نەبوو؟ خۆت گوتت!

پەروانە- سەودامە مەگەر خوازبێنی پێشووت کەچەڵ نەبوو؟ خۆت گوتت!

سەودابە- ئای وای، ڕاست دەکات! ببورە تو خودا کاوە گیان. بەخودا باوەڕ دەکەم.

کاوە- ئیتر لەو قسانە نەکەیتەوە ها!

باشە چیم دەگوت؟ ئەها. ئەو کوڕە کەچەڵە جارێک هاتۆتە خوازبێنیت و ڕازی نەبووی، بەڵام هەڵەت کرد!

هەڵبەتە ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە. ئەم جارەیان ڕۆشتووە قژی بڕوێنیتەوە! قژی وەک گسک و چزەیە. ئەم جارەیان خۆت نایناسیتەوە.

ئێستا ئەوانەت لەیاد بێت تاکو ئەوەی کە ماوە پێتی بڵێم.

دواتر ڕووی کردە زوهرە و گوتی:

- وەرە ئەو کوپەت بهێنە تاکو بزانم دەتوانم چیت بۆ بکەم.

کوپەکەی زوهرەی بەرزکردەوە و دووبارە تەماشای کرد و گوتی:

کاوە- ئەم خاوەن مردووە دەڵێی توێژاڵی کردووە. من چ خاڵێکت بۆ بڵێم؟

زوهرە زۆری نەمابوو دەست بکات بەگریان.

کاوە- ئێستا خۆت دڵگران مەکە. بەش و بەسەرهاتت هەر ئەوەیە ئیتر! وەرە پەنجەت بکەرە ناو ئەم کوپە، لەوانەیە لە لایەکەوە هیوا بۆ تۆ هەبێت. بەوشێوەیە بارودۆخت خراپە!

زوهرە خەریک بوو فرمێسک دەهاتە خوارەوە لەچاوی، کوپەکەی گرت و پەنجەی کردە ناوی. کاوە هاواری کرد!

کاوە- هێواش بابە چ باسە؟ خۆ کونت کرد. تەواوی هێڵەکانی ژیانت ڕژان کە گوتم پەنجەیەک دابنێ.

زوهرە بەتوڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

زوهرە- بەخودا زۆر توند دام نەنا کاوە خان.

کاتێک کاوە توڕە بوو کوڕەکەش بێدەنگ بوو.

کاوە- زۆرباشە ئێستا برۆ لە گۆشەیەک دابنیشە تا دواتر. بەداخەوە کە دڵ ناسکم، ئەگەرنا دەستم نەدەدا لە کوپەکەت.

فەرنوش بەهێواشی بەمنی گوت:

- کاوە دەزانێت فاڵی قاوە بگرێتەوە؟

- نازانم بەخودا. تاکو ئێستا ڕوونەداوە تاکو تێبگەم.

کاوە کوپەکەی سەودابەی هەڵگرت و تەماشای ناوەکەی کرد. سەودابە خەریک بوو دڵی دەردەهات.

کاوە- باشە سەودابە خانم خەریک بووم چیم دەگوت؟

سەودابە- باسی خوازبێنی کاری پێشووت کرد.

کاوە- بەڵێ وێنەکەی لێرەدا دیارە. ئێستا وەرە پەنجەت بکەرە ناو ئەم کوپە و نیەتەکەت بهێنە.

سەودابە بەبێدەنگی نینۆکی کردە ناو کوپەکە و کاوە دووبارە هاواری بەرز بووەوە.

کاوە- ئەی بابە! ئێوە بۆچی بەو شێوەیەن؟ ناتوانن پەنجەیەک دابنێن؟ بەنینۆک دەتویست چاوی خوازبێنی کارەکەت کوێرکرد. باشە ئێستا دەکرێت بەیەک چاوەوە بێتە داخوازیت؟ وەک دزەکانی دەریا کە چاوی خۆیان دەبەستن. تۆ هەر دەبیتە ژنی؟!

سەودابە- کاوە خان من تەنها ئاماژەیەکم کرد.

کاوە- باشە هەمان ئاماژە چوو بەچاوی کابرادا ئیتر. نینۆک نیە خۆ! دەڵێی نوکی رمە!

دووبارە تەماشای کوپەکەی کرد. دەنگ لە هۆڵەکە نەدەهات. دواتر گوتی:

کاوە- نەخێر سوپاست بۆ خودا بەخێر تێپەڕی. لە چاوی کابرا تێپەڕی. لەبیرت بێت خێرێک بدەی بەسواڵکەرێک یان کەسێک.

سەودابە هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا.

کاوە- ئەو کابرایە ئەندازیارە.

سەودابە- بەڵێ. بەخودا ڕاست دەکات.

کاوە- بارودۆخیشی زۆر باشە. جارێک بێت، دەمی دەبەستریێ و هاوسەرگیریتان سەردەگرێ.

هەموویان هاواریان کرد و چەپڵەیان لێدا.

کاوە- بێدەنگ! خەیاڵم پەرش دەبێت. ئەم شوێنەی فاڵەکە زۆر هەستیارە! دەربارەی خۆشبەختیتانە!

سەودابە- منداڵەکان تو خودا بێدەنگ بن.

کاوە تەنها تەماشای کوپەکەی دەکرد و خولەکێک دواتر گوتی:

-لە خوازبێنیەکەتاندا ڕووناکیەک دەبینم. واتاکەی ڕۆشناییە.

وابزانم کاتی مارەبڕینە، کاتێک بەڵێ دەڵێیت، نازانم چییە!

سەودابە- تو خودا کاوە خان دووبارە تەماشای بکەرەوە بۆم، لەوانەیە بزانیت!
کاوە- بەخودا دەڵێیت هەرچیەک ڕوو دەدات لەدوای مارەبڕین دەبێ.
سەودابە- هاوسەرگیریەکەمان کێشەی دەبێت؟
کاوە- نەخێر. ڕووداوێکی باشە. خەریکە ڕووناکی دەبینم. ئەها تێگەیشتم! کابرا کەچەڵە و بارۆکەیەکی کردووەتە سەری.سەری وەک پرۆژەکانی یاریگای ئازادیە. خەریکە هەموو شوێنێک نور باران دەکات. بەه بەه! بەه بەه لەو فاڵە.
هەمویان دەستیان کرد بەپێکەنین.
سەودابە- گاڵتە دەکەیت کاوە خان؟
کاوە- من کاتی فالگرتن گاڵتە لەگەڵ کەس ناکەم. ئەوانەش لەخۆیانەوە پێدەکەنن. تەماشاکە سەودابە خانم،دلگران مەبە. کەچەڵەکان بەختیان هەیە! دواتر لە هاوسەرگیریەکەتان گڵۆپی ماڵەکەتان بەخۆڕایی دادەنێن.
بە ئەو نورەی کە من لەم کوپەدا دەیبینم، لەڕاستیدا پێویست ناکات گڵۆپ دابگرسێنن!
هەمویان لە پێکەنیندا گێژ و بێئاگا بوون. بەڵام کاوە خۆی تەنانەت پێنەدەکەنی.
چوومە لای و گوتم:
- ئەو قسە هیچانە چییە دەیلێی؟
کاوە- بەڵام وەرە تەماشا بکە. کوپەکەی بەخاڵی داوەتە دەستی من و ئەوکات دەڵی فاڵم بۆ بگرەوە!
کوپەکەی بەهەموویان نیشان دا. ڕاستی دەکرد، کوپەکە پاک و خاوێن بوو.
کاوە- من هەرچەندە تەماشای ئەم کوپە دەکەم، هیچ نور و ڕۆشناییەک نابینم! هەستە سەودابە خانم. برۆ قاوەیەکی دیکە تێبکە و بیهێنە. بەڵام ئەمجارە بهێڵە کەمێک قاوەی تێدا بمێنێتەوە.
دواتر ڕووی کردە زوهرە و گوتی:
کاوە- بیهێنە با ئەو کوپەت ببینم!
زوهرە کە هێشتا تورەیی لە ڕووخساریدا مابوو، کوپەکەی پێدا.
کاوە تەماشایەکی کرد و گوتی:
کاوە- شتێک بڵێم دلگران نابیت؟ توانای بیستنت هەیە؟
زوهرە- هەرچیەک هەیە بیڵێن کاوە خان.
کاوە- ئەم فاڵەی تۆ زۆر تاریکە! مانایەکی باشی نییە. ئێستا دەتەوێت پێتی بڵێم؟
زوهرە ئیتر دەستی کردبوو بەگریان، بەسەر ئاماژەی کرد.

کاوە- تەماشاکە زوهرە خانم. تاکو هەفتەی سەردان کاتێک مانگ پڕدەبێت، ڕووداوێکی زۆر خراپت بۆ ڕوو دەدات!

زوهرە- هەفتەی سەردان واتە چی؟ بەڵام من ،بڕیارە هەفتەی داهاتوو لە ئێران بڕۆم.

کاوە- کات و شوێنەکەی ڕوون نیە. دەگونجێ حەوت خولەک یان حەوت کاتژمێری دیکە یان حەوت ڕۆژ یان حەوت هەفتە یان حەوت مانگی دیکە یان حەوت ساڵی دیکە بێت. هیچ ڕوون نیە! خۆت کۆبکەرەوە. هەڵبەتە ڕێگە هەیە تاکو پێشی پێ بگرێت.

زوهرە- چ کارێک بکەم؟ بەخودا من پارەیەکی زۆر بەسوالکەر دەدەم.

دووبارە تەماشای ناو کوپەکەی کردەوە و گوتی:

کاوە- یان نسیب یان قسمت بێچارە پورە عیسمەت.

هەموویان دەستیان کرد بەپێکەنین.

کاوە لای کردەوە و تەماشایەکی کردم و گوتی:

- بەهزاد تۆ قسەیەکی هیچ نازانیت بیڵێیت؟ من ئیتر درۆکانم تەواو بوون!

تازە هەموویان تێگەیشتن لەوەی کە کاوە نیو کاتژمێرە خەریکە گاڵتەیان پێدەکات.

هەر لەوکاتەدا سەودابە بەکوپێک قاوە لە چێشتخانە هاتبووە دەرەوە.

سەودابە- قسەی هیچ و پوچت دەگوت کاوە؟

کاوە- نا. دەربارەی ئەو کەچەڵەی تۆ بەڕاستم بوو!

زوهرە- تو خودا ئەوانەی گوتت درۆ بوو؟ خەریک بوو جەڵدە لێی دەدام.

سەودابە- لەکوێ زانیت کە خوازبێنی کاری پێشوم کەچەڵ و ئەندازیار بووە؟!

کاوە- باشە، زۆربەی کەس کە کاتی ژنهێنان دێت لە تەمەنێکدان کە بەگشتی کەچەڵن!

لەم ڕۆژانەدا لەهەر دە کەسێک، نۆ دانەیان بەکالۆریۆسیان وەرگرتووە و کاریان نیە، وێڵ و سەرگەردان دەگەڕێن و دڵیشیان خۆشە کە پێیان دەڵێن ئەندازیار.

هەمویان دووبارە پێکەنین.

سەودابە- بەڵا بگرێت کوڕ! چەندە بەڕاستم وەرگرتبوو.

کاوە- ئێوە هەمووتان مرۆڤی سادەن. سبەی چیرۆکی ژیانتان لە لاپەڕەکاندا دووبارە دەبێتەوە وەک ڕۆژنامەکانە ئیتر!

دواتر هاتەلای من و فەرنوش و گوتی:

- باش فاڵم بۆ گرتنەوە؟

- ئەمشەو باش گرت تێبەردان. ئەو داماوە خەریک بوو دەست بکات بەگریان.

کاوە- فاڵی هیچ و درۆ هەر ئەوەیە ئیتر. بەڕاست فەرنوش خانم دایکتان کەی بەسەلامەتی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە؟

فەرنوش- ئەمەش نمایشێکی دیکەیە کاوە خان؟

کاوە- نەخێر. گەنجی نەبینم ئەگەر بمەوێت لەگەڵ ئێوە نمایش بکەم. هەروا پرسیم.

فەرنوش پێکەنی و گوتی:

- دایکم چاوەڕێیە کاری نیشتەجێ بوونەکەی ئامادە بێت، ئەو کاتە بێتەوە.

کاوە- پێشنیارێکم بۆتان هەیە. لەکاتی هاتنەوەیان، لەباتی فڕۆکە بەکەشتیەگەورەکان بێتەوە ئێران. دەڵێن سەفەرکردنیان زۆر خۆشە.

فەرنوش- بەڵام زۆر درێژە دەکێشێت تاکو بگاتەوە ئێران.

کاوە- گرنگ نیە. ئەو بەرنامانەی بەدرێژایی گەشتەکە هەیانە زۆر باش و چێژ بەخشە!

فەرنوش- ئێستا ئەگەر پەیوەندیی کرد پێی دەڵێم. لەوانەیە بیەوێت بەکەشتی بێتەوە.

هەر لەو کاتەدا ژاڵە بانگی کرد و فەرنوشیش داوای لێبووردنی لێکردین و ڕۆیشت.

کاتێک تەنها بووین بەکاوەم گوت:

- تۆ کارت بەخانمی ستایش چییە کە پێشنیاری هیچی پێدەدەی؟

منیش لە خودام دەوێت دایکی زووتر لە سەفەرەکەی بگەڕێتەوە و تەکلیفی ئێمەش یەکلایی ببێتەوە. هەربەو جۆرەش-دیارنیە کەی دەگەڕێتەوە ئێران.

من ئاگام لەخۆم نیە تاکو دێتەوە. ئەوکاتە تۆ دەڵێی بەکەشتی بێتەوە، کە مانگێکی پێدەچێت تاکو بگاتەوە ئێران؟ شێت بووی کوڕە؟!

زۆر خوێن ساردانە ڕۆیشت و پەرداخێک ساردی لەسەر مێزەکە بۆ خۆی هێنا و دانەیەکیش بۆ من. کەمێکی لێخوارد و گوتی:

کاوە- تۆ تێناگەیت، من باشی تۆم دەوێت!

ئەگەر بەکەشتی بێتەوە، دەکرێ نەیەتەوە ئێران. ئەگەر خودا بیەوێت، لەوانەیە کەشتیەکەی وەک کەشتی تایتانیک لە ناوەڕاستی دەریادا بشکێت و نوقم بێت. ئەوکاتە هەم خەیاڵی تۆ ئاسوودە دەبێت و هەم خەیاڵی جەنابی ستایش و هەم

یاسەمین

خەیاڵی فەرنوش.
پێکەنیم و گوتم:
- خودانەکات، بەراستی مرۆڤێکی پیسی تۆ!
کاوە- بەڵێ. لە پێکەنینەکەتەوە ئەوە دیارە! خودا ئاگای لە دڵتە! بەڕاست بەهزاد، ڕووداوەکەی فەریبا بەژاڵە نەڵێی ها!
- بۆچی دەترسی دارکاریت بکات؟
کاوە- نا بابە. ئەم ژاڵەیە لە خەیاڵی خۆیدا من بەمێردی خۆی دەزانێت لەگەڵ سێ بۆ چوار منداڵی باڵا بەرز و باڵا کورت لە چواردەورمان!
ئەگەر تێبگات شەڕ هەڵدەگرسێت و دەچێت بەدایکی دەڵێت و ئەویش دەیکاتە دەستی دایکم. ئەوکاتە دەبێت شتەکانم کۆبکەمەوە و بێم لە ژوورەکەی تودا پێکەوە بژین!
- مەگەر ژاڵە چ کێشەیەکی هەیە؟ ناسراوە و کچێکی باشیشە.
کاوە- بەڵێ، بەڵام ئەو وەک خوشکی منە. لەمنداڵییەوە پێکەوە گەورەبوین، جارێکی دیکە گوتبووم.
هەر لەوکاتەدا کچەکان کاوەیان بانگ کرد. کاوەش چووە لای ئەوان. فەرنوشیش هات بۆلای من و گوتی:
فەرنوش- بەهزاد بڕۆینە حەوشە کەمێک پیاسە بکەین؟
- بێزار بوویت؟
فەرنوش- تا کاتێک تۆ لەلام بیت، هیچ کاتێک بێزار نابم! بەڵام حەزدەکەم ئێستا لەگەڵ تۆ بەتەنها بم.
پێکەنیم و پێکەوە چووینە حەوشە. هەوا سارد بوو، بەفریش دەستی پێکردبوو.
فەرنوش- زۆر حەزدەکەم لەژێر بەفردا بڕۆم.
پێکەنیم.
فەرنوش- بۆچی پێدەکەنی؟
- ئەگەر ڕۆژێک بوومە دەوڵەمەند، ئەو بەرنامە ڕۆژانانەی زستان هەمە بەردەوام دەبم.
فەرنوش- دەزانی هاوڕێکانم دەربارەی تۆ چیان دەگوت؟
- بەدڵنیاییەوە گوتویانە چەندە مرۆڤێکی ساردە!
فەرنوش- نا. دەیانگوت زۆر سەنگین و بەڕێزە.
تەماشام کرد و پێکەنیم. دواتر گوتم:

- دەربارەی من لەگەڵ دایکت قسەت کرد؟
فەرنوش- بەو شێوەیە نەخێر.
- چۆنی هێشتا نەخێر.
فەرنوش- بەڵام بەتەلەفون ناکریت قسە بکەیت. تازە دایکیشم تۆی نەبینیوە، دەبێت تۆ ببینێت و دواتر بەدڵنیاییەوە ڕازی دەبێت بەوەی کە پێکەوە هاوسەرگیری بکەین.
دواتر پێکەنی گوتی:
فەرنوش- ئەو باڵا بەرزی و ڕووخسارە جوان و چاو و برۆیەی کەوا تۆ هەتە، بەدڵنیاییەوە دەمی دایکم دەبەستێت و ڕازی دەبێت.
- باش دەزانیت بەو قسانە هەڵم بخەڵەتێنی ها!
فەرنوش- ڕاستیم پێ گوتی بەهزاد. ئەوانەی گوتم سەرەڕای ڕۆحی پاک و گەورەت، هەر ئەوانە بوو بینیم و خۆشم ویستی.
- دەتەوێت منیش بۆتی باسبکەم؟ وایە! من هیچ شتێک بەتۆ ناڵیم، بەڵکو تەواوی خۆشەویستیم بۆ تۆ لەدڵمدا دەپارێزم.
فەرنوش- پێداهەڵدان لەمە باشتر نابێت.
- تەنها کەمێک دەترسم. دەترسم دایکت ڕازی بەهاوسەرگیریمان نەبێت.
فەرنوش- نا بیر لەوشتانە مەکەرەوە. تۆ دایکم ناناسیت، ژنێکی خراپ نیە.
- دەزانم، تەنها کەمێک دڵم دەوروژێت.
فەرنوش- بەڕاست لەبیرم بێت کاتێک دایکم پەیوەندی کرد، بڵێم ئەگەر بیەوێت بەئەو کەشتیە گەشتیاریانەی کە کاوە دەیگوت بگەڕێتەوە ئێران.
خەریک بوو لە پێکەنیندا دەمردم. لە ناخمدا هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، دوو نەفرەتم لە کاوە کرد و گوتم:
- ئەوانە باش نیە. گەشتەکەیان زۆر درێژە دەکێشێت. من حەزدەکەم کە دایکت زووتر لە دەرەوە بگەڕێتەوە و قسەی لەگەڵ بکەین. ئەگەر خودا بیەوێت زووتر پێکەوە هاوسەرگیری بکەین.
فەرنوش- بەو شێوەیەش خراپ نیە. سەردەمی دەست نیشانکراویمان زیاتر درێژە دەکێشێت.
ویستم شتێک بەفەرنوش بڵێم کە لەپڕ لە باڵکۆنی قاتی سەرەوە گوێمان لە پێکەنین بوو. سەرمان بەرزکردەوە بینیمان کاوە لەگەڵ کچ و کوڕەکان لەوێ وەستاون و تەماشای من و فەرنوش دەکەن پێدەکەنن.

کە بینیمان هەموویان گۆرانی پیرۆزباییان بۆ گوتین، هەم بارودۆخێکی باشمان لە دەست چوو هەمیش شەرمەزار بووین.

کاوە- مەجنوون وەرە ژوورەوە. دەمانەوێت یاری شا و وەزیر بکەین. لەوانەیە بەختت هەبێت و لەپڕ تەمەنی شا بۆ تۆ بێت. ئەوکات دەسەلاتداریت لە هەموو شوێنێک هەیە.

- بەسەر چاو، ئێوە برۆن. ئێمەش ئێستا دێین.

کاوە- نابێت! دەبێت هەر ئێستا بێنە ژوورەوە. باوکی فەرنوش خانم تەلەفونی کردووە و منی ئاگادارکردەوە کە ئاگاداری کچەکەی بم. گوتی ئەو بەهزادە دێوی زیندانە، فێل لە منداڵەکەم نەکات!

هەمویان دەستیان کرد بەپێکەنین. ئەوەندە شەرمەزار بووم کە ئارەقم کرد.

کاوە- ئێستا دێیتە ژوورەوە یان دووبارە بیڵێم؟!

-هاتم، تۆ قسە مەکە. من هاتمە ژوورەوە!

کاتێک دووبارە هەمووان لە هۆڵەکە کۆبونەوە، کاوە قوتوویەکی شقارتەی نیشاندا و دەستی کرد بەیاری شا و وەزیر.

کاوە- هەموو شقارتەکان هەڵدەدەین. کاتێک کەوتە سەر زەوی، ئەگەر بەرەولای هەرکەسێک چوو ئەوە شا دەبێت و هەرچیەکی گوت دەبێت جێبەجێ بکرێت. هەرکەسێکیش تەنها یەک شقارتەی بەرکەوت ئەوە دزە.

هەمووان شقارتەکانیان هەڵدا. کاوە خۆی بووە شا و کچێکیش بەناوی شەونم بووە دز.

کاوە- سەرەتا بڵێ بۆچی دزیت کرد؟

شەونم- وای! من کەی دزیم کرد؟

کاوە- نکوڵی لێدەکەیت؟ جەلاد، ئەشکەنجە!

زوو برۆن دانپێدانانی لێ وەربگرن.

فەرنوش- لێرە جەلادمان نیە!

کاوە- مەگەر پوری ئێوە ئەمشەو تەشریفی نەهێناوە بۆ ئێرە؟

-کاوە شەرمەزار بە.

هەمویان دایانە قاقای پێکەنین.

فەرنوش- زۆر سوپاست کاوە خان! واتە پوری من جەلادە؟

کاوە- ببورن مەبەستم کورە پورەکەتان بوو! بەهەر شێوەیەک دەبێت یەکێک بێتە جەلاد.

چەلادمان بۆ چییە؟

شەونم- بابە خۆم دانی پێدادەنێم.

کاوە- باشە ئێستا بڵێ بۆچی دزیت کردووە؟

شەونم- پێویستم بەپارە بوو.

کاوە- سزای ئێوە ئەوەیە کە پێنج پەرداخ ئاو لەسەریەک بخۆنەوە.

شەونم- پێنج دانە! من دانەیەک بەزۆر دەتوانم بخۆم و ئاگاداری خۆم دەبم کە ئەهمە دەرەوە.

- قوربانت کەمێک سزاکەی سوک بکە.

کاوە- خۆت وەرە پێشەوە. تۆ لەکاری شادا خۆت تێهەڵقورتاندووە! سزای تۆ ئەوەیە کە نیوەڕۆ بیست هێلکە بخۆی.

- سەیرە. چەندە شایەکی ستەمکاری!

هەر لەوکاتەدا دەنگی زەنگی موبایل هات.

کاوە- بێدەنگ. موبایلی شا زەنگ لێدەدات.

یەک دوو خولەک بەتەلەفوون قسەی کرد و دواتر گوتی:

کاوە- دەربارەکانم، بەداخەوە دەبێت بڕۆم. دەڵێن لە لایەکی وڵات شۆڕش سەری هەڵداوە. دەبێت بڕۆین و دەنگیان لە بنەچەوە ببڕین!

ئەگەر ڕێگەی پێدابن و گەڕاینەوە، شەونم خانم دەبێت پێنج پەرداخ ئاو بخوات بەداوای لێبووردنەوە!

دواتر ئاماژەی بۆ من کرد کە بڕۆین. فەرنوش پرسی کە چی بوورە؟

کاوە- دایکی یەکێک لە هاوڕێکانمان بارودۆخی خراپە.

ماڵئاوایمان لە هەمووان کرد و هەموویان دڵتەنگ و بێ هیوا بوون کە ئێمە ناچار بووین بڕۆین. کاتێک لەماڵ هاتینە دەرەوە پرسیم:

- چی بووە کاوە؟

کاوە- خەسوو بەمە دەڵێن ها! بەڕاستی ئافەرین! خەسوویەکی تێگەیشتووە!

سەیرم دەکرد و سەرم لە قسەکانی دەرنەهێنا.

کاوە- سەیرکە بەهزاد. ئەو خەسووە چاکە کە پێش زەماوەندی کچەکەی بمرێت

- دەزانی چی دەڵێی؟ داویەتی لە سەرت؟

کاوە- لە باشترین جێگەی بەهەشتی زەهرا گۆڕێکی بۆ دەکڕم. کێلێکی بۆ دادەنێم کە ئەو کەسەی دەیبینێت حەزی لێبکات! دەڵێم لەسەری بنووسن

بەرواری لەدایک بوون: فلان

بەرواری مردن: زۆر ناوەخت

تەنها تەماشام دەکرد. خەریک بوو سواری ئۆتۆمبیلەکە دەبوو لەبەر خۆیشییەوە ئەو قسانەی دەکرد:

کاوە- دەڵێم لە ژێریدا بنووسن:

خەسووی من ڕۆیشتی و تێپەڕی ڕۆژە سەختەکانت

ناوی تۆ بوو تەنها لە خەیاڵم،

چوونکە پێش زەماوەند چوویتە شوێنی خۆت

خەتمت بۆ دەگرم

چ نابڕوومەندانە بێت لەلایەن کاوەی بەرومەند

پێکەنینم بەقسەکانی دەهات. گوتم:

- ئەو شیعرانە لەکوێ فێربووی؟

کاوە- خۆم گوتم.

- فێلت لە شیعرەکە کردووە؟ ئێستا ئەمەت بۆ کێ گوت؟

کاوە- بۆ دایکی فەریبا خانم. خودا لێخۆشبوو نیو کاتژمێر پێشووتر وەفاتی کرد.

- دایکی فەریبا مرد؟ بەڕاستی دەڵێیت؟ بێچارە! فەریبا بوو پەیوەندی کرد؟

کاوە- بەڵێ. داماوە زۆر خەمبار بوو، دەگریا.

تازە لە قسەکانی خولەکێک پێشووتری تێگەیشتم.

- کاوە مردوو شۆرەکان تۆ ببەن. تۆ چەندە دڵ ڕەق و بێ هەستی. ئەو بێچارەیە مردووە و تۆ ئەو قسانەت دەکرد و شیعرت بۆ دەگوت؟

شەرمەزاربە. بەڕاستی بیر دەکەیتەوە مرۆڤیت؟

کاوە- مەگەر چیم گوتووە؟

- هەر ئەوانەی کەوا گوتت.

کاوە- خراپە کە دەمەوێت خەتمی بۆ بکەم؟ خراپە کە دەمەوێت گۆڕی بۆ بکڕم؟ خراپە کە دەمەوێت کێڵێکی بۆ بدەم بەدروستکردن؟ دەزانیت کێڵی گۆڕ بەچەندە؟

- ئەوەندە خراپ نیە. بەڵام ئەو شیعرە چییە؟

کاوە- بەهرەی شیعر خۆ بەدەستی خۆم نیە، لەپڕ شیعر دێت.

- مەبەستم لەوەیە کە ئایا تۆ خۆشحاڵی دایکی فەریبا مردووە؟

کاوە- تۆ بەلاتەوە خراپە ئەگەر ئێستا هەواڵت پێبدەن کە خانمی ستایش مردووە؟

- بەڵێ بەلامەوە خراپە. حەزناکەم دایکی ئەو کەسەی خۆشم دەوێت و دەمەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، بمرێت.

کاوە- زۆر باشە. منیش نزات بۆ دەکەم کە تاکو کۆتایی تەمەنت هەموو ڕۆژێک

دوو بۆ سێ کاتژمێر ڕووخسارە خۆشەویستەکەی خەسوت ببینی! ئیشەڵا کە مردیشی لە دنیاکەی تردا لەگەڵ گیانی خەسوت حەشر بکرێیت.
بەڕاستی جێگەی خۆشحاڵییە کە زاوایەک ئەوەندە پەیوەندی لەگەڵ خەسووی باش بێت! شایەنی ڕێز لێگرتنە.
پێکەنینم دەهات. گوتم:
- بەو شێوەیەش نا. ناکرێت مرۆڤ ڕۆژی دوو بۆ سێ کاتژمێر خەسووی ببینێت.
کاوە- بەدبەخت! لەدوای هاوسەرگیری، مانگی دوو بۆ سێ خولەکیش بەئازارە!!
دووبارە پێکەنیم و گوتم:
- ئێستا بەڕێکەوە. ئەو داماوە ئێستا بەتەنهایە.
کاوە- لەکۆتایدا چی بوو؟ هەرئەوەی کە من گوتم؟
- لەڕاستیدا ئیتر تۆ چ جۆرە درووستکراوێکی؟
کاوە- دێوێکی بێڕەوشت و پیس بەبیرۆکەی جوان و خۆش ویستراو.
بەڕێ کەوتین.
کاوە- هەست دەکەم تۆ لە دڵەوە ئیرەیی بەمن دەبەیت. بەقوربانی خودا بم. نە خەسووم هەیە و نە خەزوور و نە ڕکابەر!
ئێستا تۆ هەموو ئەوانەت هەیە! بارودۆخت زۆر باشە ها!
- فەریبای داماو حاڵی چۆنە؟
کاوە- باوەڕبکە تۆ لەجێگەی من نیت تاکو بزانیت چ بارودۆخێکم هەیە.
ئەوەی گوت و بزەیەکی شەیتانی کرد.
- ئێستا ئیبلیس کێیە؟
کاوە- منم.
پێکەنیم.
کاوە- بابە تاکو ئەو شوێنەی توانیم، یارمەتیم داون. لەباشترین نەخۆشخانە خەواندم.
ئێستاش ئاگاداری کچەکەیم و ناهێڵم دڵتەنگ ببێت. ئیتر مردن لەدەستی مندا نیە! ئیبلیسم بەڵام مرۆڤ کوژنیم.
تەمەنی ئەو خودا لێخۆشبووە هەرئەوەندە بووە، خۆ من نەمکوشتووە. ئێستا گاڵتەیەکم کرد و بەڕاستم نەبوو. ئەوانەم گوت کەمێک پێبکەنین و دڵمان خۆش بێت.
- ئەگەر فەریبا بزانێت شیعرت بۆ دایکی گوتووە؟

کاوە- ئێستا نەڕۆیت و دەم شڕی بکەیت! شتێکی پێ بڵێی ها!
گاڵتەم کرد شێتە، ئەگەر نا خۆت دەزانی خەسووم گیانی من بوو! لە چاوەوکانم زیاتر خۆشم دەویست. کاتێک هەواڵی مردنیم بیست، بەگیانی تۆ دەتگوت تەواوی دونیایان کردووەتە دڵمەوە!
- بەدڵنیاییەوە هەموو خۆشیەکانی دونیا.
کاوە بەپێکەنینەوە گوتی:
- خاک بکەن بەسەر گوڕی بێ ڕەوشت و بێ شەرمی وەک تودا! دەڵێم بەگیانی تۆ.
- بەگیانی پورت!
کاوە- بەگیانی پورم ڕاست دەڵێم. تازە ئێمە ماوەیەکی دیکە دەبینە پزیشک. نابێت پزیشک دڵ ناسک بێت.
- من تاکو ئێستا نەم بینیوە پزیشکێک نەخۆشەکەی بمرێت و ئەویش شیعر بخوێنێت و شایی بکات!
کاوە- ئەم پزیشکەیان جیاوازە. ئەمەیان تایبەت بەخۆشی و شادییە! دەرمانەکانیشی باسی دەکەن. سەما و ئاواز و پێکەنینە! پزیشکیش ساز لێدەر و سەما کەرە!
دەمەوێت کلینکێک لەسەر چوار ڕیانی سیروس بکەمەوە و ناویشی دەنێم کلینکی شادوومانی. بەشی دەرمانی لەژێر چاودێری پزیشک کاوە بەرومەند! تایبەت تایبەت بەئێسک و شکاوی و هەڵس و کەوت! تکایە بەوریاییەوە بێنە ژوورەوە.
تۆ هەر کارت بەسەر منەوە چییە؟
هەرکاتێک خەسووی خۆت مرد، تاکو یەک ساڵ ڕەش بپۆشە و ڕووخسارت چاک مەکە و لەسەر گۆڕەکەی هەر فرمێسک بڕێژە!
هەردەزانی چییە؟ من دەمەوێت بەشی جومگە هەڵبژێرم! هەرکەسێک بێتە لام، بۆ نموونە بڵێ بەڕێز پزیشک کەمەرم ئازاری هەیە. دوو نەرمادەی پێدەدەم تاکو هەر لە شوێنی خۆیدا چاک بێتەوە.
- پارچە پارچەت بکەن ، بەتەواوی سەماکەری!
کاوە- تازە زانیوتە؟ تەماشاکە!
دەستی کرد بەخۆتەکاندان و سەماکردن لە پشتی سوکانەوە و دواتر گوتی:
کاوە- باشە حەز دەکەم بەم شێوەیە بم. تەماشاکە!
- باشە کێشە نیە. بەو مەرجەی ئەمانەش لەبەردەمی فەریبادا بڵێیت ها!
کاوە- دووبارە من شتێکم گوت و تۆش هەڵەت لێگرت!

## بەشی پازدەیەم

ئیتر گەیشتبووین. لە نزیکی نەخۆشخانە ئۆتۆمبیلەکەمان ڕاگرت و چووینە ژوورەوە.

فەریبا لەپاڵ هۆڵی چاوەڕوانی لەسەر کورسیەک دانیشتبوو، بەئارامی دەگریا. پێکەوە چووینە لای و بەهێمنی سەرەخۆشیمان لێکرد و ڕاوەستاین. هەرکە گوێی لە ئێمە بوو سەری بەرزکردەوە و گوتی:

فەریبا- کاتژمێریک لەپێش ئەوەی بمریت چاوەکانی کردەوە و منی بانگکرد. چوومە لای سەری و ماچم کرد و دەستم هێنا بەسەریدا. ئاوم پێدا و تەماشای کردم و پێکەنی. دواتر یەک تنۆک فرمێسک لە گۆشەی چاوەکانی ئارام هاتە خوارەوە.

فرمێسکەکانیم پاک کردەوە و گوتم:

- دایە بۆچی دەگریت؟

- حەزناکەم کچە باش و نازدارەکەم تەنها جێبهێڵم و بڕۆم، بەڵام دەبێ چی بکەم؟

- دایە پزیشکەکان گوتیان بارودۆختان باش دەبێت. تەماشام بکە تۆم هێناوە بۆ نەخۆشخانەیەکی باش. دوو گەنجی باش و میهرەبان یارمەتیان دام.

- خودا یارمەتیان بدات، لەکوێن؟

- ئێستا لێرە نین. لەوانەیە نیو کاتژمێر یان کاتژمێرێکی دیکە بێن.

- لەوانەیە من نەتوانم بیان بینم. لەلایەن منەوە سوپاستیان بکە و دواتر پێیان بڵێ ئەگەر مردم، فەریبا سەرەتا بەخودا و دواتر بەئێوە دەسپێرم.

من کارێکم لەدەست نایەت تاکو چاکەکەیان بۆ قەرەبوو بکەمەوە، بەڵام لەلای

داپیرەم زەهرا نزایان بۆ دەکەم و فەرامۆشیان ناکەم. تاکو بەمەبەستیان دەگەن، پێشیان بلێ پشت بەخودا دەست بدەن لەخاکەوە ئالتونیان بۆ بێتە دەرەوە تو حەقی ئابرووی زەهرا.
ئەوانەی گوت و دەستی کرد بەگریان.
- دایەگیان ئێوە نابێت خۆتانِ دلگران بکەن بۆ تو باش نیە.
- ئێتر دلگران نیم. باوکت پێی ڕاگەیاندم کە پێیان بلێ منداڵەکەم سپاردووە بەئێوە تاکو ڕۆژی دوایی. تا لە شەرمەزاریان دەربچم!
کاتێک گەیشتە ئێرە فەریبا سەری داخست. ڕۆشتم ئاوم بۆ هێنا. فەریبای داماو هەنسکی دەدا. کەمێک ئاوی خوارد و فرمێسکەکانی پاککردەوە و گوتی:
فەریبا- دواتر گوتی کچم سەرت بخەرە سەر کۆشم. دەمەوێت وەک منداڵی دەستبهێنم بەسەر قژە جوانەکانت و لای لایەت بۆ بلێم و خەوت لێبکەوێت. بمرم بۆت کە لەژیانتدا بەکوێ گەیشتی! وەرە کچم، تەختەکە بەرز بکەرەوە دەمەوێت لە باوەشت بکەم.
ڕۆشتم تەختەکەیم بەرزکردەوە و سەرم خستە سەر قاچەکانی. خەریک بوو دەی لاواندمەوە وەک منداڵیم. چاوەکانم داخستبوو بیرم دەکردەوە کە کچێکی بچووکم وەک ئەو کاتانەی باوکم زیندووە و لە ماڵە گەورەکەی خۆماندایین و هیچ خەمێکم نیە و دایکم خەریکە لای لایەم بۆ دەکات تاکو خەوم لێبکەوێت.
لەپڕ هەستم کرد دەستی دایکم ناجولێ! سەرم بەرزکردەوە، چاوەکانی بەستبوو. بزەیەکی جوان لەسەر لێوەکانی بوو. بانگم کرد و جولاندم بەلام هیچی نەگوت.
دووبارە فەریبا دەستی کردەوە بەگریان. دەستم کرد بەگریان و لەخەفەتدا نەمدەتوانی قسە بکەم. گوتم کاوە خۆڕاگرترە و پێی دەلێم کە کەمێک فەریبا ئارام بکاتەوە. لام کردەوە کە ئاماژەی بۆ بکەم، بینیم خەریکە فرمێسک لە چاوەکانی دێتە خوارەوە. لە باخەڵمدا کلینسم دەرهێنا و پێمدا.
لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە و کۆلانەکە بێدەنگ بوو. دەمتوانی بەئاسوودەیی بۆ باروذۆخی ئەو کچە و ڕۆژگارەکەی بگریم.
چوومە بەشی زانیاری چونکە دەمزانی تەرمەکەیان بردۆتە ساردخانە. داوام لێکردن ژوورێکی دیکەمان پێ بدەن بۆ ئەوەی تاکو سبەی فەریبا بتوانێت بخەوێت. هاوکاریم کردن و ژوورەکەمان گۆڕی. پزیشک ئارام بەخشێکیدا بەفەریبا و لەگەل کاوە بردمانە ژوورەکە و بەزۆر لەسەر تەختەکە خەواندمان. داماوە زۆر خەمبار بوو. گریان وازی لێ نەدەهێنا، بەلام لە کۆتایدا ئارامبەخشەکە کاریگەری بوو،





CamScanner

خەوی لێکەوت.
من و کاوە لەسەر مۆبیلێک دانیشتین. هەریەکەمان لە دونیای خۆماندا بووین. کاتژمێرێک هیچ کامێکمان قسەمان نەدەکرد. لەپڕ فەریبا لە خەو ڕاپەڕی و هاواری کرد:
- کاوە!!
کاوە ڕۆیشتە لای تەختەکە و گوتی:
کاوە- چییە فەریبا خانم؟ من لێرەم خەیاڵت ئاسوودە بێت.
فەریبا کە چاوی بەکاوە کەوت، کەمێک ئارام بووەوە و دەستی کرد بەگریان.
فەریبا- دایکمیان بۆ کوێ برد؟
کاوە- بخەوە فەریبا خانم. ئەو ئێستا شوێنی زۆر لە من و تۆ باشترە. بخەوە!
لەوانەبوو ئەو ئارامکەرەوەی پێیان دابێت، زۆر بەهێز بێت چونکە لەسەر خۆی چوو.
- نەتزانی چیان پێداوە؟
کاوە- دیازپامی ١٠ ملیمی. ئارامی دەکاتەوە.
- هاتە لای من و دانیشت.
- کاوە من بیرێکم کردۆتەوە.
کاوە- دەربارەی چی؟
- فەریبا!
کاوە- باشە.
- سەرەوەی ژوورەکەی من واتە نهۆمی سەرەوە. دوو ژوور و چێشت خانە و گەرماو و دەستشۆری هەیە و خاڵییە. کرێچییەکەی ڕۆیشتووە. بیگرین بۆ فەریبا چونکە ناتوانین وازی لێ بهێنین و بڕۆین. کرێکەشی من بەشێوەیەک دەیدەم، زۆر نیە. کەمێک خەرجی دەوێت و ئامادە دەبێت. هەم لای خۆمە و ئاگاداری دەبم، هەمیش بەڵکو بتوانێت بڕواتەوە بەلای خوێندنەکەیەوە.
کاوە- ببورە، ئێوە ئیتر چی ئامادە بکەیت؟ بەدڵنیاییەوە لە جێگەی هێلکە، توێکڵەکەی لەگەڵ نان دەخۆی؟!
- نا بابە. بارودۆخی من بەوشێوەش خراپ نیە و کارێکیش دەکەم.
کاوە هات و ماچی کردم و گوتی:
- دەزانم زۆر مەردی. دەزانم دڵسۆزیت و دەزانم دڵت وەک دەریایە. بەڵام نا سەلامەتی منیش هاوڕێی تۆم و باڵام هێندەی باڵات دەبێت. دەبێت کەمێک ڕەوشتم

له تۆ وەرگرتبێت؟
هەر ئەو دوو ژوورەی کە گوتت زۆر چاکە. فەریبا ئەگەر لەلای تۆ بێت خەیاڵی من ئاسوودەتر دەبێت، تاکو بزانین خودا چی دەوێت بۆمان.
- کاوە ئەوانەی گوتت گاڵتە بوو. ئێستا بەڕاستی بڵێ خۆشت دەوێت؟
کاوە تەماشایەکی ڕووخساری فەریبای کرد کە زۆر بێتاوان بوو، گوتی:
کاوە- بەڵێ. بەڵام دەبێت بیری لێبکەمەوە. تازە خۆشی دەبێت ڕازی ببێت. ئەمە لەلایەک. لە لایەکی دیکەش دایک و باوکم. ڕەوشتیان دەزانیت؟ دایکم سندوقێک کچی بۆ داناوم! ئێستا ئەگەر بڕۆم و پێی بڵێم کە دەمەوێت کچێک بهێنم هیچ کەسی نیە. ئای لەو کێشەیە.
- خودا گەورەیە. دونیات چۆن بینیوە؟ لەوانەیە قسمەتی تۆ و فەریبا بۆ یەکدی بێت و زمانی دایک و باوکت ببەسترێت. تۆ دەبێت سەرەتا بیری لێبکەیتەوە و ببینی کە بەڕاستی خۆشت دەوێ؟ ئەوانی دیکە ڕێک دەکەوێت.
کاوە- وەرە کارێک بکەین بەهزاد.
- چ کارێک؟
کاوە- وەرە شوێنەکانمان بگۆڕینەوە! فەریبا بۆ تۆ، وەک تۆ بێ کەس و کارە و پێکەوە ڕێک دەکەون. منیش دەڕۆمە داوای فەرنوش. دایکی کاتێک سامانی باوکم دەبینێت ئیتر زمانی دەبەسترێ. ئەوکاتە ئیتر جێگەکانمان دەگۆڕینەوە. چۆنە؟
- وەک بیرۆکەکانی دیکەت، بەتاڵە!
کاوە موبایلەکەی دەرهێنا و پەیوەندی بەماڵەوە کرد و گوتی کە شەو ناگەڕێتەوە ماڵەوە. منیش هەستام و بەتەلەفوونی دەرەوە پەیوەندیم کرد بەیەکێک لە هاوڕێکانی زانکۆ و گوتم سبەی ئەگەر دەتوانی لەگەڵ چەند هاوڕێیەک وەرن بۆ بەهەشتی زەهرا. گوتم کە دایکی یەکێک لە هاوڕێیان وەفاتی کردووە و ئەو خودا لێخۆشبووە کەسی نیە. دواتریش گەڕامەوە ژوورەوە.
کاوە- وەرە بیگرە و بخەوە. سبەی کاری زۆرمان هەیە.
- تۆ بخەوە، من خەوم نایەت، ئاسوودە نیم.
کاوە- مەگەر پورت مردووە کە ئاسوودە نیت؟
بیگرە بخەوە کوڕە. دایکی یەکێکی دیکە مردووە کەچی تۆ ئاسوودە نیت؟
- تۆ ئیتر چ جۆرە مرۆڤێکی؟ نە بەو گریانەت و نە بەم قسانەت!
کاوە- گریانم تەواو بوو ئیتر خەوم دێت. سبەی دەبێت هێزم تێدابێت تاکو دووبارە بگریم یاخود نا؟

- من خەوم نایەت.

کاوە- بەجەهەنم! من نووستم، هەر ئێستا! ئێستا!

ئەوەی گوت و چوار مشکی لەسەر مۆبیلەکە چاوەکانی داخست.

کاوە- بەهزاد تاکو من تۆزێک دەخەوم، تۆ کەمێک بگری تا بێزار نەبێت! لە جێگەی من بۆ شادی ڕۆحی ئەو خودا لێخۆشبووە دوو فاتیحە بخوێنە، تا لەخەو هەڵدەستم.

دواتر چاوەکانی کردەوە و گوتی:

کاوە- تاکو فاتیحە نەخوێنیت نەخەوی ها! سبەی کاتێک هەستام لە خودی ئەو خودا لێخۆشبووە دەپرسم. ئەگەر فاتیحە نەگەیشتبێت پێی هیچ هەواڵێک لە نانی بەیانی نیە.

سەری خستە سەر دەستەکانی و دوو خولەک تێنەپەڕی بوو کە خەوی لێکەوت! بینیم ئەگەر نەخەوم سبەی لەسەر خۆم دەچم، هەر کە چاوم داخست خەوم لێکەوت.

سبەی پەرستارەکە هەڵی ستاندین.

هەردووکمان دەست و دەم و چاومان شۆرد و چووینە خوارەوە. نانی بەیانیمان خوارد و گەڕاینەوە ژوورەوە. کاتێک گەڕاینەوە فەریبا هەستابوو، لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو. پێکەوە سلاومان کرد.

بزەیەکی بۆ کردین و من گوتم:

- خودا لە دایکتان خۆش بێت.

هەرکە ئەوەم گوت، دەستی کرد بەگریان! کاوە هاتە پاڵم و چپاندی بەگوێمدا:

کاوە- کوڕە بێکاری؟ تازە لە بیری کردبوو ها!

دواتر ڕۆیشتە لای تەختەکەی فەریبا و گوتی:

- ئێوە دەبێت لەبیری خۆتاندا ببن. نەخۆش دەکەون ها!

فەریبا فرمێسکەکانی پاک کردەوە و گوتی:

- بەدڵنیاییەوە دوێنێ شەو زۆر سەخت تێپەڕیوە بۆتان. دەبێت ببورن، خۆزگە دەچووینە ماڵەوە.

کاوە- نانی بەیانیتان نەخواردووە؟

فەریبا- نەخێر. پێم ناخورێت.

- بەو شێوەیە کە نابێت، لاواز دەبن. خودا نەخواستە نەخۆش دەکەون و بەو شێوەیەش دایکتان پێی خۆش نیە.

کە ناوی دایکی بیست، دەستی کردەوە بەگریان.
کاوە زەق زەق تەماشای کردم و بەهێواشی گوتی:
کاوە- کرمت هەیە تۆ؟ ئێستا دەبێت ئێمەش لەگەڵی بگرین!
دواتر فەریبا گوتی:
- ئەگەر ئێوە بگرین، ئێمەش دڵگران دەبین ها!
- بهێڵە بگرین و ئاسوودە دەبن. بەلام دەبێت شتێک بخۆن.
کاوە- ئێستا دەڵێم نانی بەیانیتان بۆ بهێنن.
کاوە ڕۆیشت و بە پەرستارێکی گوت کەوا نانی بەیانی بۆ فەریبا بهێنن.
فەریبا فرمێسکەکانی پاککردەوە و گوتی:
- ئێوە زۆر میهرەبانن، سوپاستان دەکەم.
چەند خولەکێک دواتر نانی بەیانیان هێنا. ئەو پەرستارەی کە سینی خواردنەکەی هێنا بە فەریبای گوت:
پەرستار-ئەم دوو بەڕێزە تاکو بەیانی لەسەر ئەم مۆبیلانە بەدانیشتنەوە نووستن. بەدڵنیاییەوە ئێوە بۆیان زۆر گرنگن.
فەریبا- ئەم بەڕێزانە بەڕاستی چاکەیان لەگەڵ من کردووە.
دواتر بزەیەکی بۆ کاوە کرد. کاوەش سینی خواردنەکەی وەرگرت و لەسەر مێزەکەی پاڵ فەریبا داینا و گوتی:
- ئێستا نانەکەتان بخۆن.
فەریبا- بەخودا بۆم ناخورێت. لە گەرووم ناچێتە خوارەوە.
- فەریبا خانم ئەگەر نان نەخۆن، لە بەهەشتی زەهرا بارودۆختان تێک دەچێت ها!
تا وشەی بەهەشتی زەهرای بیست، دەتگوت ئازارەکەی تازە بۆتەوە و دەستی کردەوە بەگریان. دەتگوت تازە تێگەیشتبوو کە دەبێت ماڵئاوایی لە دایکی بکات.
کاوە دووبارە بەهێواشی گوتی:
- بەهزاد گیان، دەکرێ تکابکەم ئێتر قسە نەکەیت؟ دوو دانە ڕستەی دیکەی وەک ئەو ڕستانە بڵێی، دەبێت ئەمیش لەگەڵ دایکی ببەینە گۆڕستان ها!
بە هێواشی گوتم:
- وتبە لەبەرچاوم کاوە لەکۆتایدا هەردەبێت شتێک بڵێم ئێتر!
کاوە- بەڵێ بەقوربان، بەلام سود لە وشەکانی دایک و بەهەشتی زەهرا و گۆڕستان سوود وەرمەگرە!

پێکەنینم دەهات. چوومە دەرەوە و داوام لە پەرستارەکە کرد کە پێویستیەکانی گواستنەوەی تەرمەکە بۆ بەهەشتی زەهرامان پێبدات.

بەکورتی کاتژمێرێک دواتر ئۆتۆمبیل لە بەهەشتی زەهراوە هات و تەرمەکەی برد و ئێمەش بەدوایدا ڕۆشتین. لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا فەریبا بەبێدەنگی دەگریا.

دەمویست دڵی بدەمەوە کە کاوە گوتی:

کاوە- بەخودا بەهزاد ئەگەر لە دڵدانەوەکانی نەخۆشخانە بڵێیت بەفەریبا، بەشتێک دەکێشم بەسکتدا ها!

وازی لێ بهێنە تازە ئارام بووەتەوە.

دووبارە پێکەنینم هات. ئیتر هیچم نەگوت تاکو گەیشتین.

دابەزین و چووینە هۆڵی ژمێریاری. سەرم سوڕما کاتێک بینیم زۆربەی هاوڕێیانی زانکۆ هاتوون کە نزیکی سی کەس دەبوون.

کاوە- دووبارە دەست پێشخەریت بەفیڕۆدا؟ تۆ هەواڵت بەوانە داوە؟

- ئەی بابە! بەدوو کەس کە ناتوانین تەرمەکە ببەین. دەبێت کەسێک هەبێت یارمەتیمان بدات یان نا؟

فەریبامان لەلای چەند کچێکی زانکۆ دانیشاند و خۆشمان چووین تاکو کارەکانی گۆڕ و کفن و ناشتنی ڕێک بخەین.

کاوە- سڵاو کاکە. ماندوو نەبن. ببورن گۆڕێکی باش و دڵبەرم دەوێت.

کابرای بەرامبەر پێکەنی و گوتی:

- حەز دەکەن خزمەت گوزاریەکانی چۆن بێت؟ ئێرانی یان فەرهەنگی؟

کاوە- شتێکی باش و بناغەدارم دەوێت ئیتر! بەشێوەیەک بێت کەوا لانی کەم تاکو سەد ساڵ هیچی لێنەیەت.

- ئەی بەسەر چاو! گۆڕی چل هەزار تمەنیمان هەیە تاکو یەک ملیۆنی، کامیان بدەمە خزمەتتان؟

کاوە ئەوەندە بەڕاستی قسەی دەکرد کە مرۆڤ بیری دەکردەوە دەیەوێت شوقەیەک لە نوسینگەی خانووبەرە بکڕێت!

کاوە- بەقوربانت بم کاکە! یەک ملیۆن تمەنی لەگەڵ دوو نهۆمدا! هەواکەی باش بێت یان لەدەوروبەری جەردەنە؟ لەمەیدانی وینکدا گۆڕمان نەویستوە! هەر لێرەدا نیو مەترمان پێبدە!

کابرا کە قیافەی کاوەی دیت، دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی:

- بەڕێز زۆر دڵخۆشی! بەڕاستی بڵێ مردوو چ خزمایەتیەکی لەگەڵ ئێوەدا هەیە؟

کاوە- خودا لێخۆشبوو بڕیار بوو لە داهاتوودا خەسووم بێت بەڵام پێش خوازبێنی مرد. خودا لێی خۆش بێت و نور ببارێت بەسەر گۆڕەکەیدا، چ خانمێکی نێکبەشتوو بوو!

بە هێواشی بەکاوەم گوت:

- بابە هەمووان چاوەڕێن! ڕاوەستاوی و لێرە قسەی هیچ دەڵێی؟

کاوە- خەریکم مامەڵە دەکەم کە شتێکی باش و هەرزانی بۆ بکرم! مەگەر نابینیت ماڵی کۆتایی هەمووی ناوچەی دەست بەسەرە!

کابرا بەپێکەنینەوە ڕێکخستنی کارەکانی پێدایین دواتر لەگەڵ فەریبا خانم چووینە لای هاوڕێیان. دواتر لەگەڵ فەریبا خانم چووینە هۆڵی شوشتن. نیو کاتژمێر تێپەڕی و بانگیان کردین. ڕۆشتین و تەرمەکەمان هەڵگرت. هەرچەندە فەریبا پێویست بێت بەڵام کچەکان نەیان هێشت.

بەکورتی مەراسیمی نوێژی مردوو تەواو بوو، سواری ئۆتومبیل بوین و چووینە سەر گۆڕەکە. تەرمەکەمان بەسڵاوات کردە ناو گۆڕ و زۆر زوو هەموو شتێک تەواو بوو.

کاوە هاتە لای من و گوتی:

- بەهزاد، فەریبا بەتەنها و بێدەنگ دەگرییێت و ئەو کچانەش کە گوتت بێن، چوار فرمێسک زیاتریان نەڕشتووە و کورەکانیش بێ هەست و سۆزن! لانی کەم کەمێک شیوەنیان بکردایە و بگریانایە. بابە دەبێت دەنگێک شتێک بەرز بیتەوە ئیتر! دوێنێ شەو نووستیت و لەسەر خۆتی!

خەریک بووم لەژێر چاویلکەکەوە بەئارامی دەگریام بۆ ئەو خودا لێخۆشبووە، بۆ تەنهایی فەریبا بۆ بەدبەختی خۆم. کاتێک کاوە ئەوەی گوت، خەریک بوو لە پێکەنیندا بکەوم!

- کاوە خودا لەناوت ببات کە یەک خولەک ناتوانی وەک مرۆڤ لە جێگەیەک ڕاوەستی.

کاتێک خاکەکەیان کرد بەسەر گۆڕەکەدا، گۆڕکەنەکان ڕۆشتن. یەکێک لە هاوڕێیان هاتە پێشە وە و گوتی:

- من وتاردان نازانم، وە نازانم کە دەبێت لەم کاتانەدا چی بگوترێت. ئەو خانمە بەڕێزەی کە مردووە گوایە کە خزمایەتیەکی نیە بەڵام ئەوە گرنگ نیە. ئەگەر باش بیربکەینەوە تێدەگەین کە هیچ کام لە ئێمە لەکاتی مردندا کەسمان نیە و دەبێت بەتەنها سەفەر بکەین. دەوروبەریان بەداخەوەن، بەڵام ئەو بەداخەوە بوونەیان بۆ

خۆیانە و بۆ تەنهایی خۆیان.

ئەم سەفەرە کۆتایی نیە، بەڵکو لەدایک بوونێکی نوێیە. چوونە ناو دونیایەکی دیکە دووبارە لەدایک بوونەوەیە.

کاوە بەبێدەنگی گوتی:

- ئەمە خەریکە چی دەڵێت؟ بیر دەکاتەوە هاتووە بۆ جەژنی لەدایک بوون!

کێشام بەکەلەکەیدا. هاوڕێکەمان بەردەوام بوو:

- ئێمە نازانین ئەوان چ کارێکی باشیان کردووە، بڕیاردانیش لەدەستی ئێمەدا نیە. ئەو کەسە خۆی دەزانێت و خودای گەورە. داواکارم لە بەرامبەری خودای گەورەدا سەرفرازبن.

قسەکانم بەشیعرێک تەواو دەکەم و ڕۆحی شاد بێت.

کاوە دووبارە بەهێواشی گوتی:

- بەهزاد بڕۆ بڵێ لەپڕ گۆرانی لەدایک بوونت پیرۆز نەڵێیت!

ئەگەر یەک وشەی دیکەی بگوتایە نەم دەتوانی پێکەنینەکەم ڕابگرم. سەرم داخست و کۆتایی قسەکانی هاوڕێکەمان شیعرێکی جوان بوو منیش گوێم ڕاگرت. جێگەی کەسانی باش لەم شارستانیەتەدا جگە لە خەفەت نیە تا دەگاتە گەورەکان دڵ گەورەیش بەوە دەبێت ژینی دونیا بڕوات و ئاسوودە ئەو کەسەیە خۆی سەرقاڵ نەکات

ئێستا هەمووان فاتیحەیەک بۆ شادی ڕۆحی بخوێنن.

مەراسیمەکە تەواو بوو، سوپاستمان لە هاوڕێیان کرد و هەموویان ڕۆشتن. من و کاوە لەگەڵ فەریبا گەڕاینەوە شار. نزیکی نیوەڕۆ بوو کە لەشوێنێک نانمان خوارد و دواتر چووینە ئوتێلێک.

کاوە ژوورێکی بۆ فەریبا گرت و گوتی:

کاوە- ئێوە جارێ لێرەبن تاکو شوێنێکتان بۆ ڕێک دەخەم.

فەریبا- من نازانم کە دەبێت چی بڵێم و چۆن سوپاستان بکەم. کارێکیشم بۆ قەرەبووکردنەوە لەدەست نایەت. تەنها ئەوە دەڵێم کە ئێوە سەلماندتان کە هێشتا مرۆڤایەتی ماوە! زۆر سوپاستان دەکەم.

کاوە- ئێمە کارێکمان نەکردووە. ئێوەش بەخۆڕایی خۆتان دڵگران مەکەن. ئێوە پشووی خۆتان وەرگرن تاکو ئێمە کارەکان ڕێک دەخەین.

فەریبا- ئەگەر ڕێگەتان بدایە من بچوومایەتەوە ماڵی خۆمان باشتر بوو، کرێی ئوتێل نەدەهاتە سەر ئەوانی دیکە.

کاوە- بۆ ئێوە باش نیە کە بچنەوە ئەوێ. بیرەوەریەکانی ئەوێ ئازارتان دەدەن. چەند ڕۆژێک لێرە بمێننەوە، هەموو شتێک چاک دەبێت. پێویستیەکانی ئێرە دەدەم خەیاڵتان ئاسوودە بێت.

کاوە هەندێک پارەی دا بەفەریبا، من چوومە کەنارێکەوە تاکو شەرمەزار نەبێت. دواتر هەندێک پارەشی دایە پرسگەی ئوتێلەکە و بڕیار بوو کە تەواوی پێویستیەکان و نان خواردنەکان لەسەر ئەوە حساب بکەن، داوای زۆری کرد. ماڵئاوایمان لە فەریبا کرد و لە ئوتێلەکە هاتینە دەرەوە.

هەرکە لەناو ئۆتۆمبیلەکە دانیشتین، مۆبایلی کاوە زەنگی لێدا. فەرنوش بوو! دیار بوو کە پەیوەندیی بۆ خاوەن ماڵەکەی من کردبوو، چونکە دڵەڕاوکێی بوو تەلەفونی بۆ کاوە کردبوو. ڕووداوەکەم پێگوت و داواشم لێکرد کەوا هیچ بەژاڵە نەڵێت.

بڕیار بوو ئێوارە بێتە لای من و ماڵئاوایی کرد. بەکاوەم گوت من بگەیەنێتەوە ماڵەوە.

کاوە- کەواتە پێویستیەکانی نهۆمی سەرەوە دەدەیت؟

- بەڵێ هەوڵ دەدەم هەر لەم یەک دوو ڕۆژەدا ئەوێ بۆ فەریبا بگرم. تەنها دەمێنێتەوە پێویستیەکان.

کاوە- ئەوانە خۆم ئامادەی دەکەم. تۆ تەنها بڕیاربدە و بنووسە.

دواتر گوتی:

- دەستەکانت خۆش بێت بەهزاد. باش بوو کە هەواڵت دا بەهاوڕێیان. ئەگەر ئەوان نەبوونایە بەدڵنیاییەوە فەریبا زۆر دلگران دەبوو. تەنها ئەم جارەیان پێیان بڵێ کاتێک دێن بۆ پرسە، ئاگاداری خۆم نەبووم کە لە ناوەڕاستی قسەکانی لەپڕ باسی کەسێکیان دەکرد!

- ونبە لەبەرچاوم، بەو جوانی قسەکردنەوە.

هەر گەیشتمە ماڵەوە لەگەڵ خاوەن ماڵەکە قسەم کرد و نهۆمی سەرەوەم بەکرێ گرت. دواتر پەیوەندیم بە کاوە کرد و هەواڵم پێدا. بڕیار بوو ئێوارە کەل و پەلەکان بکڕێت و بیهێنێتە ئەوێ تاکو پارە و ئەو شتانە بدەینە خاوەن ماڵەکە.

ڕۆشتم خۆم شۆرد و نووستم تاکو ئێوارە فەرنوش هات لەسەر خۆم بم. دوو کاتژمێر نووستم و دواتر چایم ئامادەکرد و چوومە دەرەوە. کەمێک میوە و شتم کڕی زوو گەڕامەوە و دانیشتم تاکو فەرنوش بێت.

نیو کاتژمێر تێنەپەڕی بوو کە زەنگ لێدرا و فەرنوش بوو. هەر چوومە لای

پرسی:
فەرنوش- دیارە لێرە چ باسە؟
- جاری هیچ نیە. بەلام دواتر لەوانەیە هەواڵی زۆر هەبێت. دواتر بەدرێژی ڕووداوەکەم بۆ باسکرد.
فەرنوش- ئێستا کاوە خۆشی دەوێت؟
- بیر دەکەمەوە بەڵێ. بەلام ئێستا کاتی نیە، تاکو دواتر بزانین خودا چی دەکات.
فەرنوش- بەهزاد هاتووم شتێک بەتۆ بڵێم. بەلام داوات لێدەکەم کە دلگران نەبێت و ڕەچاوی بابەتەکە بکەیت.
- شتێک بووە؟
فەرنوش- شتێک نەبووە. تەنها پورم منی بانگێشت کردووە بۆ ماڵی خۆیان، میوانداریەکە.
- دەتەوێت بڕۆی؟
فەرنوش- ناچارم و دەبێت بڕۆم. ئەگەر نەڕۆم بابەتەکە خراپتر دەبێت.
- تۆ دەبێت تەکلیفت لەگەڵ خۆت یەکلایی بکەیتەوە، بەو شێوەیە نابێت. من دەزانم بۆچی پورت ئەم میوانداریەی ڕێک خستووە! تاکو بەشێوەیەک خۆی بیاتە پێشەوە.
فەرنوش- دەزانم، بەلام چی بکەم؟ دەبێت بڕۆم ئیتر.
- ئەگەر نەڕۆیت چی دەبێت؟ بهێڵە تێبگەن لەوەی تۆ خەیاڵی هاوسەرگیریت لەگەڵ بەهرامدا نیە.
فەرنوش- خراپتر دەبێت بەهزاد. هەربەو جۆرەش هەموویان تەڵەم بۆ دادەنێن. من تەنها لەبەر خۆم نالێم، ئەگەر بمەوێت لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکەم دەبێت دایکم ڕازی ببێت یان نا؟
- ئەگەر ڕازی نەبێت؟
فەرنوش- تۆ ئەو شتانە بسپێرە بەدەستی من. خۆم جێبەجێی دەکەم. تەنها ئەو بارودۆخەی منی تێدام هەستی پێبکە. ڕازی ببە بەوەی کەوا ئەمشەو بڕۆم. مەگەر تۆ متمانەت بەمن نیە؟ تازە لەگەڵ ژاڵەش دەڕۆم.
کەمێک تەماشام کرد و قسەم نەکرد.
فەرنوش- بۆچی بەو شێوەیە تەماشام دەکەیت؟
- هەستەکەم کەمێک دڵت لای بەهرامە. فەرنوش تۆ دەربارەی ئەو بڕیارەی کە داوتە دڵنیای؟

فەرنوش- چاوەڕێم لێ نەدەکردی ئەو قسەیە بکەیت بەهزاد.
- چاوەڕێکە بزانم! چاوەڕێی چیت لەمن دەکرد؟ دەتەوێت بێم تاکو ماڵی بەهرام تۆ بگەیەنم؟
فەرنوش- ئەوێ ماڵی پوری منە.
- چ جیاوازیەکی هەیە؟ بەهرام خۆ لەوێیە. ئەگەر چاوی لەسەرت نەبووایە، قسەیەکم نەبوو بەڵام ئەو تۆ بەدەستنیشانکراوی خۆی دەزانێت. تۆیش کە دەڕۆیتە ئەوێ، ئێستا چاوەڕێی چی لەمن دەکەیت؟ هەستم چەقەنە لێبدەم؟
هەستام و چایم بۆ تێکرد و لەبەردەمی دامنا. ماوەیەک بێدەنگ بووین کە گوتی:
فەرنوش- بەهزاد گیان من یەک دوو کاتژمێر دەڕۆمە ئەوێ و دواتر بەبیانوی سەرئێشە دەگەڕێمەوە ماڵەوە. پەیوەندیت پێوە دەکەم تاکو خەیاڵت ئاسوودە بێت. تکادەکەم ئەوەندە مڕ و مۆچ مەبە. بابەتەکە ئەوەندە گەورە نیە کە تۆ بەو شێوەیە دڵگران بووی.
- بۆ من بابەتێکی زۆر گەورەیە فەرنوش خانم. هێشتا کوڕە پوری ئێوە ڕکابەری منن ها!
فەرنوش- دووبارە بوومەوە بەفەرنوش خانم؟ هەر شتێک ڕوو دەدات بۆت دەبێە بێگانە؟
- من حەزناکەم ئەم شەو بڕۆیتە ئەوێ. تەلەفوونێک بکە و بڵێ نەخۆشیت و ناتوانیت بڕۆیت تەواو.
فەرنوش- بەڵام من گوتومە کە دێم!
- کاتێک گوتوتە ئیتر ئەم قسانە چییە؟ بڕۆ بەسەلامەت.
فەرنوش- ویستم بەتۆم گوتبێ. حەزم دەکرد کە تۆش ڕازی بێت.
- باشە گوت و من ڕازی نیم. ئێستا چی؟
فەرنوش- تۆ ئێستا توڕەیت و مێشکت باش کار ناکەت. ئەگەرنا بەو شێوەیە لەگەڵ من قسەت نەدەکرد.
- ئەگەر مێشکێکی باشم هەبووایە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ تۆ قسەم نەدەکرد.
فەرنوش- بەڕاستی دەڵێیت بەهزاد؟
وەڵامم نەدایەوە. خولەکێک چاوەڕێی کرد و دواتر پالتۆکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. کاتێک خەریک بوو دەرگاکەی دادەخست، کاوە گەیشت و سڵاوی کرد. دەنگیان دەهات.

کاوە- سڵاو فەرنوش خانم، بۆ کوێ؟ بۆچی بەو خێراییە؟ لەوانەیە هاتنم خراپ بووبێت.

فەرنوش- سڵاو کاوە خان. هاتنی ئێوە خراپ نەبوو، بارودۆخی هاوڕێکەتان خراپە.

کاوە- ئای! بەهزاد نەخۆشە؟ نەخۆشیەکەی چییە؟

فەرنوش- نەخۆشی خراپ بیرکردنەوە و گومانی خراپ!

کاوە- ئاخ ئاخ! دراوسێیەکمان هەبوو، ئەو نەخۆشییەی گرت. هەفتەیەکی نەبرد و مرد! چارەسەری ئەم نەخۆشییە ڕەچەتەی گوڵی گازەبانە!

دەنگی فەرنوشم بیست کە ماڵئاوایی کرد و سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو، ڕۆیشت.

کاوە بەسەر سوڕمانەوە هاتە ماڵەوە و پرسی:

- تۆفان هەستاوە؟ ئەوە چی بوو؟ تۆ چیتە؟ نەخۆش کەوتووی؟ هەستە ڕەچەتەیەکت بۆ بنوسم کە بێیتەوە سە خۆت.

ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە.

کەمێک بیری کردەوە و دواتر گوتی:

کاوە- دەتەوێت لەدەستی بەهرام ئاسوودە بیت.

- بەڵێ، چۆن دەبێت؟

کاوە- من بەشێوەیەک دەیبەم بۆ دەرەوەی شار. شوێنێک دیاری دەکەین و تۆش وەرە. دواتر پێکەوە سەری لێدەکەینەوە، سەرەتا باش لێی دەدەین و دواتر بیبەرە بەردەمی سەگەکان بیخۆن!

- مەگەر ئەسغەری پیاو کوژم دێوانە؟

کاوە- لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوە باشترین چارەیە!

- حەزم دەکرد بڕۆمە میوانیەکەیان و وەک ئەو شەوەی هاتمە ماڵی فەرنوش و میوانیەکەی ئێمەی تێکدا، بەرنامەکەیان لێ تێکبدەم.

کاوە- ئێستا خۆت دڵگران مەکە. دڵنیابە ئەم شەو شیرینی خواردنەوەی فەرنوش نیە! میوانداریەکە ئێترا دواتریش فەرنوش دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیان و دووبارە تۆ دەبیتەوە خاوەنی.

- ئێستا ئێتر کەشەکە خراپە.

کاوە- بەڵێ! کەشەکەی کەمێک هەوراویە لەگەڵ بروسکە و باران! نەتزانی کاتژمێر چەند دەڕۆن؟

- نا. میوانیەکە شەوە. گوتیشی کە ژاڵە لەگەڵی دەڕوات.

کاوە- ژاڵەی ئێمە؟
- نەخێر، ژاڵەی ئێمە!
کاوە- هەستە بڕۆین.
- بۆکوێ؟
کاوە- وەرە پێتی دەڵێم. سەرەتا سەردانێکی ماڵی ئێمە دەکەین و دواتریش بۆ شوێنێکی دیکە وە دواتریش بڕۆینە لای فەریبا.
- خۆت بڕۆ، من تاقەتم نیە.
کاوە- تۆ وەرە، کارم پێتە. هەستە درەنگ دەبێت ها!
هەستاین و ڕۆشتین بۆ ماڵی کاوە. داوای لێکردم کە بچمە ماڵەوە بەڵام من لەناو ئۆتۆمبیلەکە چاوەڕێم کرد. نیو کاتژمێری خایاند و دواتر بەچوار پێنج پاکەتی شقارتەوە گەڕایەوە و هاتە ناو ئۆتۆمبیلەکە. بەڕێ کەوتین.
- بۆچی ئەوەندەت پێچوو؟ ئێستا دەچی بۆ کوێ؟
کاوە- بۆلای کەسێکی تایبەت!
سەرم لە قسەکانی دەرنەدەکرد. پێنج خولەک دواتر لە بەردەم ماڵی پوریدا وەستا.
- هاتووی لێرە چی بکەیت؟
کاوە- ماڵی پورمە. چاوەڕێبکە تێدەگەیت. ناتوانین بۆ ماڵی پورمان بەبێ ئاگاداری بێین؟
زەنگی لێدا و چەند خولەک دواتر سیامەک هاتە دەرەوە. ڕەنگم پەڕی!
پێکەوە هاتنە ناو ئۆتۆمبیلەکە. بەبێدەنگی گوتم:
- کارت بەسیامەک چییە؟
کاوە- مەترسە! دەمەوێت پەیمان نامەیەکی لەگەڵ واژوو بکەم!
دواتر ڕووی کردە سیامەک کە خەریکی داگرتنی دوگمەکانی ئۆتۆمبیلەکە بوو.
کاوە- سیامەک من و تۆ کوڕە پورین وایە؟
سیامەک- بەڵێ کوڕە پورمی. دەتەوێت یاریم لەگەڵ بکەیت؟
کاوە- حەزدەکەیت ئەلبوومی پوڵەکەمت پێبدەم؟
چاوەکانی سیامەک گەشایەوە و بەسەر ئاماژەی بۆ کردم.
کاوە- دەبێت کارێک بکەیت. بەڵام ئەگەر کەسێک تێبگات ئەلبووم بێ ئەلبووم! باشە؟
دواتر پاکەتی شقارتەکانی پێدا و دەستیکرد بەچپەکردن لەگەڵی.

ده خولەک قسەی لەگەڵ کرد و لە کۆتاییدا گوتی:
- ئاگاداربە کوڕە پوڕ، دوازدە دانە و سێ دانە! دانە دانە بەکاری بهێنێت و بەفیڕۆی نەدەی!
گەیشتینە ماڵەوە پەیوەندیم پێوە بکە. ژمارەی موبایلەکەم لە دەفتەری تەلەفوونەکەی ماڵەوەتاندا هەیە.
پێکەوە سەرکەوتین و پرسیم :
- کارت بەو منداڵە چییە؟
کاوە- منداڵێکی باشە!
- کوێی ئەم منداڵە باشە؟
کاوە- ئەم شەو ئەم منداڵە بۆ یەکێکی وەک تۆ باشە!
تێنەدەگەیشتم لە قسەکانی. بەڕێکەوتین بۆ ئوتێلەکەی فەریبا و سێ چارەک دواتر گەڕاینەوە ماڵەوە.
هەرسێکمان چووینە لای خاوەن ماڵ و بەڵێننامەکەی لەگەڵ فەریبا واژوو کرد و کاوە پارەی پێشەکی کرێیەکەی پێدا. دواتر هاتینە ژوورەکەی من و چایم لێنا و دەستمان کرد بەقسەکردن.
فەریبا- زۆر سوپاستی هەردووکتان دەکەم، بەتایبەتی کاوە خان. داوا لە خودا دەکەم کە بتوانم ڕۆژێک بۆتانی قەرەبوو بکەمەوە.
- ئێستا ئێرەتان بەدڵە؟
فەریبا- زۆر باشە و پاک و چاک. دەستەکانتان خۆش بێت. دەبێت وردە وردە بڕۆم بەدوای کارێکدا.
- نا فەریبا خانم. ئێوە نابێت ئێستا بیر لە کارکردن بکەنەوە. من و کاوە بیرمان کردۆتەوە کە ئێوە بڕۆن و وانەکانتان بخوێنن تاکو بەهیوای خودا بڕۆنە زانکۆ. حەیفە!
فەریبا- ئەوکاتە خەرجیم لەکوێ بهێنم؟ خەرجی ئەم ژیان و ماڵ و پێویستی و خواردنم کێ دەیدات؟
کاوە- خودا دەیدات. گریمان ئێوە چوونە سەرکار، مەگەر چەندە کرێتان پێدەدەن. لەڕاستیدا لەم ڕۆژانەدا بەدیپلۆم کەس دانامەزرێنن؟ بەکالۆریۆسەکانیش بێکار ماونەتەوە!
فەریبا- ڕاستە بەلام من دەبێت هەوڵی خۆم بدەم. تاکو ئێستا بەیارمەتیەکانی کاوە خان ڕازی بووم لەبەر ئەوە بوو کە چارەیەکی دیکەم نەبوو، تەنها بووم و

بێ پەنا. حەزناکەم لەوە زیاتر شەرمەزاری ئێوەبم.
ئەوکاتە دایکم زیندوو بوو وە نەخۆش بوو. بەهۆی ئەوەی خەرجی زۆر بوو.
ئێستا کە ئەو نیە گرنگ ترین بابەت خانوو بوو کە کاوە خان ئەرکی کێشاوە.
ئەگەر من بڕۆمە سەرکار، لانی کەم خەرجی خۆراک و پێویستی نایەتە سەری.
منیش بەو شێوەیە ئاسوودە ترم.
کاوە- یەکەمین کە پەنای هەمووان خودایە. دووەمیش ئێوە ئەگەر بڕۆنە سەرکار چەندتان پێ دەدەن؟ مانگی لە سی هەزار تمەن زیاترتان پێدەدەن؟
فەریبا- نەخێر. بیر ناکەمەوە ئەوەندەم پێبدەن. بەڵام هەرچەندێک بدەن هەر باشە.
کاوە- من مانگی ئەو سی هەزار تمەنەتان پێدەدەم، بۆ من کار بکەن.
فەریبا پێکەنی و گوتی:
- ئەگەر ئێوە چ کارێکتان هەیە کەوا من بتوانم بۆتانی ئەنجام بدەم. جگە لەوەش ئەگەر ئێوە کارێکتان هەبێ ئەوا من بەدڵ و بەگیان لە خزمەتی ئێوەدام کاوە خان.
کاوە- زۆر سوپاست فەریبا خانم. بەڵام من هەزار کارم هەیە کەوا ئێوە دەتوانن ئەنجامی بدەن بۆم. یەکێکیش لەوانە ئەوەیە کە لەباتی من کەمێک وانە بخوێنن!
دواتریش من بەڕێگەدا دەڕۆم و قسەی هیچ دەکەم. دەمەوێت شەوانە بینووسن و بیدەنەوە دەستی من. لەوانەیە بیکەمە کتێبێک و بڵاوی بکەمەوە.
- بەو بۆنەیەوە خراپ نالێیت کاوە. لەوانەیە کتێبێکی بێ مانای لێ دەربچێت!
فەریبا خەندەیەکی کرد وگوتی:
- ئای خۆزگە هەموو شتە بێ ماناکان، وەک قسەکانی کاوە خان دەبوو.
کاوە- سوپاست خانمی بەڕێزا! هەڵبەتە من تەواوی هونەرە نەگوتراوەکانم لەناو مێشکمدا لەپڕ بەڕۆژێک نادەم!
دەبێت وردە وردە من ئاشکرا بکەن و زەرە زەرە و تیکە تیکە خۆم نیشان بدەم!
هەر جارێک بەڕێگەدا دەڕۆم لەوانەیە کەمێک لەو هەزار هونەرە سەرهەڵبدەن!
دواتر دەکرێ لەپڕ من ئاشکرا بکەن.
بە هێواشی گوتم:
- وەک سەگ کاتێک بەسەر شەقامەکاندا دەڕوات، لەگەڵ کچەکاندا ......
کاوە نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم و گوتی:
کاوە- بەهزاد گیان چایەک تێبکە بیخۆین. فەرنوش ئێستا ئیتر ڕۆشتووە بۆ ماڵی پوری، ئاگاداربە!

دووباره بیری ئەو ڕووداوەم کەوتەوە ترسام. زەق زەق تەماشام کرد و هەستام سێ چایم تێکرد و فەرمووم لێکردن.

فەریبا بەقسەکانی من و کاوە دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی:

فەریبا- هیوادارم هەمیشە بەم شێوەیە ئەو دووانەتان پێکەوە باش و میهرەبان بن. لەم چەند ڕۆژەدا دەرفەت نەبووە کە دەربارەی خۆتان قسە بکەین. ئێستا دەمەوێت بزانم چۆن بوونە هاوڕێ؟ چی دەکەن؟ خوێندنتان چۆنە؟ زۆر بۆم گرنگە!

کاوە- بەخودا گیانم بۆت بڵێت، ئەم بەهزاد خانە چەند ساڵ لەمەوبەر لەناو پۆل و لە زانکۆدا لەپڕ هات و قاچی منی گرت و بەرزی کردەوە!

- بێ ڕەوشت؟

کاوە- ئێوە بمێنن، چەند ڕۆژ دواتر تێگەیشت چ هەڵەیەکی کردووە. گورچیلەیەکی بیست ساڵ ماوەی گەنیوی بۆگەن کردووی بەمندا! چ گورچیلەیەک! سەد ڕەحمەت لە گورچیلەی مەڕ!

فەریبا هەر تێنەدەگەیشت کە کاوە چی دەڵێت. تەنها تەماشای دەکرد.

فەریبا- ببورە، من تێنەگەیشتم. لەناو پۆل بوو بەشەڕتان؟

کاوە- ئەم لەگەڵ من شەڕی کرد، من لەگەڵ ئەو شەڕم نەکرد.

فەریبا- ئەوکات هاتن لەگەڵتان ئاشت ببنەوە، گورچیلەی بۆ هێنان؟

کاوە- نا بابە. یەکێک لە کلیەکانی خۆی هێنا.

فەریبا- کلیە؟!

کاوە- گورچیلە بابە، گورچیلەی!

فەریبا سەری سوڕمابوو، کاوەش پێدەکەنی و چیرۆکەکەی بۆ باس کرد.

فەریبا- باوەڕ ناکەم. ئەمە بەڕاستی زۆر سەرسوڕهێنەرە!

کاوە- دەتانەوێت سکم هەڵدەمەوە و گورچیلەکەی ببینن؟ درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم من و بەهزاد یەک مەرگمان هەیە! ئێستا ئەو گورچیلەیەکی هەیە و منیش دانەیەک!

فەریبا- خۆزگەم بەخۆتان کاوە خان؛ چ دۆستێکتان هەیە!

کاوە- بەڵێ. هەڵبەتە لەبەر ئەوە گەورەم کرد و ناردم بخوێنێت و بۆخۆی شتێکی لێ دەربچێت! لەژێر پەڕ و باڵی خۆم دامنا!

بەکورتی تا ئێستا زۆر زەحمەتم کێشاوە و بەددانەکانم گرتوومە تاکو ئەوەندەی لێهاتووە! ئەگەر نا ئێستا یان کرێکارێک بوو یان لە گۆڕستان نووستبوو.

من و فەریبا گوێمان لێدەگرت و پێدەکەنین.

ئەوەندە بەڕاستی قسەی دەکرد کە هەرکەسێک گوێی لێبووایە وای دەزانی لە مێبوخانە منی هێناوە و گەورەی کردووم.
دواتر بەشێوەیەکی خەم گینانە گوتی:
کاوە- ئێستا گەورە بووە و وەک شاخ ڕووبەڕووم دەوەستی!
بەکورتی دوو کاتژمێر دانیشت و ئەم قسە هیچ و پوچانەی دەکرد، ئێمەش خەریک بوو پێدەکەنین. خۆشحاڵ بووم کە فەریبا خەریک بوو پێدەکەنی. لە هەبوونی هاوڕێیەکی ئاوا خۆشحاڵ بووم.
هەر لەو کاتەدا موبایلەکەی زەنگی لێدا و کاوە وەڵامی دایەوە. خەریک بوو پێدەکەنی و دەیگوت ئافەرین ئافەرین! دواتر گوتی:
کاوە- ئێستا لە ماڵەوەیت وایە؟ ئافەرین، ئافەرین!
پێنج خولەکی دیکە قسەی کرد و دواتر گوتی:
سبەی بەیانی ئەلبوومی پوڵەکەمت بۆ دەهێنم کورە پور!
خودا حافیزی کرد و گوتی:
کاوە- لەمە بەدوا ئیتر خەیاڵت ئاسوودە بێت.
- چی بوو؟ کێ بوو؟ سیامەک؟
کاوە- بەگیانی تۆ بەهزاد، دوازدە سیسرکەم پێدابوو هەریەکەیان هێندەی پڵنگێک!
سێ مارمێلکەم پێدابوو، هەریەکەیان هێندەی تیمساحێک دەبوو!
منداڵی داماو ئەو سیامەکە. هەموویانی فڕێداوەتە میوانیەکە! ئەوانیش قیژە و هەرایان کردوە و تەواو! میوانداریەکەیان پێ نەکەوتووە خەیاڵت ئاسوودە بێت.
فەرنوش خانمیش لەماڵی خۆیانن!
- ڕاست دەڵێی کاوە؟ بەگیانی من؟
کاوە- بەگیانی تۆ. باوەڕ ناکەیت وەرە پەیوەندی بەفەرنوشەوە بکە. هەر ئێستا پاسەوانانی ئێمە سیامەک! پەیوەندی پێوە کردم و هەواڵی وێرانبوونی ماڵی پوری فەرنوشی بەمن دا! هەموویان بەسەلامەتی چوونەتەوە ماڵی خۆیان!
خۆشبەختانە زیانی گیانیمان نیە! ئێستا خۆشحاڵ بووی؟
هەستام و ماچم کرد و گوتم:
- بەڵێ بەڵام ئەگەر دەمزانی نەم دەهێشت ئەو کارە بکەیت.
کاوە- کوێرە. ئەگەر سیسرکەکان نەبوونایە پوری فەرنوش هەر ئەم شەو خوازبێنی کردبوو!
- باشە ئەگەر درۆ نەکەم، لە دڵەوە خۆشحاڵم!

کاوە- کێ بوو دەیگوت ڕکابەر دەبێت بەناز و نەوازش و بەقوربان بڕۆم لە مەیدان دەری بکەم؟

پێکەنیم.

کاوە- بەڵام ڕێگەی ڕاست هەر ئەوەیە کە گوتم. ڕۆژێک لە دەرەوەی شار، بدە لەسەری و بیخەرە بەردەمی سەگەکان!

فەریبا بەماتی تەماشای دەکرد.

فەریبا- دەکرێ بەمن بڵێن چی بووە کە ئەوەندە خۆشحاڵن؟

کاوە- ئێوە بفەرموون، لەڕێگا پێتانی دەڵێم. مەگەر ناتانەوێت بڕۆنەوە بۆ ئوتێل. کات درەنگە و سبەی دەبێت کۆڵێک شت بکڕین.

پێکەوە هەستان و کاوە گوتی:

- سبەی چی دەکەیت؟

- لەوانەیە بڕۆم بۆ ماڵی جەنابی هیدایەت. بۆچی؟

کاوەر- هەموو ڕۆژێک دەڕۆیتە ئەوێ چی دەکەیت؟

- کەمێک قسە دەکەین و کەمانچەم بۆ دەژەنێت و هەندێک لە ژیانی خۆی باس دەکات.

کاوە- نەوەک ئەو پیرەمێردە بێچارەت کوشتبێت و وردە وردە کەل و پەلەکانی ببەیت؟

- ونبە! ئێستا فەریبا خانم بیر دەکاتەوە دێوە بکوژەکەم!

کاتێک ویستیان بڕۆن کاوە گوتی:

کاوە- کوڕە لەبیری خۆتدا بە. مەترسی لەبەردەمتدایە ها! ئەو پورەی فەرنوش لە حەوت کەسەکەی ڕۆژگارە ها!

- دڵی فەرنوش لەلای منە!

کاوە- بەڵێ دڵی فەرنوش لەلای تۆیە، بەڵام دڵی دایکی لەلای بەهرامە! خوات لەگەڵ دڵی من!

پێکەنیم و خودا حافیزیم لێکردن.

هەندێک نان و پەنیرم هێنا و لەگەڵ چایی خواردم. ویستم کەمێک بیر لە بارودۆخی خۆم بکەمەوە، بەڵام ئەوەندە ماندوو و گێژ بووم کە بینیم بخەوم باشترە. جێگەم ڕاخست و نووستم. بەڵام چ خەوێک!

## بەشی شازدەیەم

سبەی وەک بورجی زەهری مار لەخەو هەستام و لەداوی نانی بەیانی بەڕێکەوتم بۆ مالی جەنابی هیدایەت. ئەم جارەیان خۆی لەبەردەم دەرگا خەریکی ئاودانی باخچە و دارەکان بوو. منی بینی، پێکەنی و گوتی:

هیدایەت- حەلال زادەی! ئێستا بیرم لە تۆ دەکردەوە.

- سلاو ماندوو نەبیت. ڕێگە بدەن یارمەتیتان بدەم.

هیدایەت- دەستەکانت خۆش بێت. تەواو بوو، بڕۆینە ماڵەوە.

ڕەلا هاتە پێشەوە و دەستم هێنا بەسەر و گوێیدا و لەگەل هیدایەت چووینە ماڵەوە. چایی ئامادە بوو. هیدایەت دوو چایی تێکرد و هات لە پالمدا دانیشت.

هیدایەت- باشە. بارودۆخت چۆنە؟ چ هەواڵێک هەیە؟

- خۆشیت. ئێوە چۆنن؟

هیدایەت- هێشتا زیندووم! خودا دەزانێت کەی ئاوابوون دەگاتە ئێمە.

- ئێوە نابێت ئەوەندە بێ هیوا بن. ژیان بەو شێوەیەش خراپ نیە، هەرچەندە بۆ خۆیشم زۆر باش نیە.

هیدایەت- چیرۆکی ژیانم دەبێت بۆ تۆ وەک وانەیەک بێت. من لە کۆتایی ڕێگەکەم بەلام تۆ دەبێت بجەنگیت و بچیتە پێش و هەوڵ بدەیت بەرز ببیتەوە.

- پرسیارێکم هەیە جەنابی هیدایەت. ئەگەر ئێستا بگەڕێنەوە و تەماشای ئەو هەموو بیرەوەریانە بکەن، چ هەستێکتان بۆ درووست دەبێت؟

هیدایەت کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

هیدایەت- پوچی! لەوانەیە باوەڕ نەکەیت، بەلام ئەو کاتەی گەنج بووم لەو گرفتانە هیچ تێنەدەگەیشتم.

بەلام ئێستا هەموو شتێک تەواو بووە تێدەگەم کەوا لەخۆڕایی ئەو هەموو

خەفەتم خوارد. ژیان نرخی هیچ خەفەت خواردنێکی نیە. ئێمە نەهاتووینەتە دونیا کە خەم و خەفەت بۆ خۆمان درووست بکەین و دواتر دانیشین و بکێشین بەسەری خۆماندا.

چاییمان خوارد و ڕووم کردە هیدایەت و گوتم:

- ناتانەوێت پاشماوەی چیرۆکەکەتان بگێڕنەوە؟

هیدایەت- بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە بەلاتەوە؟

- زۆر. کاتێک گوێم لێی دەبێت کە چ کێشە گەلێک ڕوویداوە بۆتان. تەنانەت باوەڕ ناکەم کە خودی خۆتان لەناو ئەم نمایشانەدا بوون.

هیدایەت- نمایش؟ لەوانەیە تەواوت گوتبێت. ژیان چەند دانە نمایشێکە! هەندێک لە بەشەکانی سەختی و هەندێکیشیان خەم ئامێزن. وا بیرناکەمەوە کە هەموو ئەوانەی ناو نمایشەکە مرۆڤەکان ببن. تەنانەت کەسێکیش بیریان لێناکاتەوە.

جگەرەکەی دەرهێنا و دایگرساند. کاتێک چەند مژێکی لێدا گوتی:

هیدایەت- نزیکی خۆرئاوا بوون بوو کە لە ماڵی سەرکیس هاتمە دەرەوە و لەسەر ڕێگە شتێکم خوارد، چوومەوە هەمان شوێنی هەمیشەی. خەریکی کاتژمێرێک دواتر کەمانچە ژەندن بووم کە دەستێکی قورس لەپشتەوە هاتە سەر شانم. لامکردەوە شەعبان خان و پیاوەکانی بوون. لەجێگەکەم هەستام و خۆم ئامادەکرد بۆ لێدانێکی باش کە بزەکەی شەعبان خان دڵی ئارام کردمەوە.

شەعبان- ماندوو نەبێت.

وەڵامم دایەوە.

شەعبان- شەوانە لێرە چەندە کار دەکەیت؟

- دوو تمەن و بیست و پێنج هەزار.

شەعبان- لەکوێ دەخەویت؟

پێیم گوت و ئاماژەی کرد بەدوایدا بڕۆم.

ڕۆشتین بەرەولای ئوتێلێک و پێکەوە لە دەرگای پشتەوەی چووینە ژوورەوە. بەڕێوبەری ئوتێلەکە چاوەڕێمان بوو. شەعبان خان منی دایە دەستی بەڕێوبەرەکە و ڕۆشت. تێدا مابووم بۆچی؟

بەڕێوبەرەکە تەماشایەکی کردم و گوتی:

- چیت کردووە کە شەعبان خان متمانەی پێکردووی؟

قسەم نەکرد.

- لە سبەینێوە دەستێک جل و بەرگی باش لەبەر دەکەیت و لێرە خۆت خەریک

دەکەیت. کاتژمێرێک لە خۆرئاوابوون تێبپەڕێت کاری تۆ دەست پێدەکات. شەوی دوو تمەنیشت پێدەدەم و بەخششەکانیش بۆ خۆت.
پرسیارم کرد:
- شەوی تمەنێک بەخشش دەدەن؟
پێکەنی و گوتی:
- ڕۆڵە گیان، هەرچی دەسەڵاتدارە دێتە ئێرە. تمەنێک بۆ ئەوان پارە نیە. ئێستا برۆ و سبەی شەو لەکاتی هەڵکردنی چراکاندا وەرە.
گەڕامەوە بۆلای کارەکەم، بەڵام خەیاڵم هەر لەلای سبەی شەوی ئوتێل بوو.
سبەی بەیانی ڕۆشتم دەستێک جلی ئابڕوو مەندانەم کڕی و کردمە ناو بوخچەیەک، دواتر چووم بۆ ماڵی سەرکیس. هەرکە هاسمیک دەرگاکەی کردەوە بەخۆشیەوە بابەتەکەم بۆ گێڕایەوە. زۆر شادوومان بوو و گوتی:
هاسمیک- جێگەی باوەڕ نیە! نەوەک تواناکانت ببێتە دووان و من فەرامۆش بکەیت.
پێکەنیم و گوتم:
- خەیاڵت ئاسوودە بێت لێرە دەتبەم. ئەگەر خودا بیەوێت.
هاسمیک هەستا و کوپێک چایی بۆ هێنام و پێکەوە لەسەر تەختەیەک دانیشتین. دەستەکانی گرتم. هەستێکی سەیرم هەبوو، دەتگوت ئاوی گەرمیان کردووە بەسەرمدا!
پێی گوتم کەوا دوێنێ شەو بیری لەوە کردۆتەوە کەوا پێکەوە لەوێ بڕۆین و ماڵێک بۆ خۆمان دروست بکەین و ژیانێکی سادە بۆ خۆمان درووست بکەین. دەی گوت کە من ئێستا تۆ بەمێردی خۆم دەزانم و بەبێ تۆ بۆ خولەکێکیش لێرە نامێنمەوە.
دڵم شەکر و ئاوی دەکرد کاتێک هاسمیک ئەو قسانەی بۆ دەکردم. حەزم دەکرد باروودۆخم باش ببوایە و هەر لەوێدا دەستیم دەگرت و لەگەڵ خۆمدا دەمبرد.
پرسیارم لێ کرد:
- هاسمیک بەڕاستی تۆ منت خۆش دەوێت؟
ئژەکانی ڕاوەشاند کە دڵمی سست کرد. دواتر بەپێکەنینێکی ڕەزامەندی وەڵامی دامەوە. دەمویست شتێکی پێ بڵێم کە سەرکیس هاتە ژوورەوە.
وردە وردە مشتەریەکان هاتنە ژوورەوە و دانە دانە هاتن. تاکو زۆر بوون چایەکم خوارد کە سەرکیس ئاماژەی کرد دەست بکەم. بە سازلێدان. کەمێک

تیەڕی و هاسمیک لە ناوەڕاستدا دەستی کرد بەسەماکردن. حەزم دەکرد سەری سەرکیس و مشتەریەکانی بکەمە ژێر خاک. بەڵام چارەیەک نەبوو دەبوایە ئارام بگرم.

سەرت نەیەشێنم یەکەمین خۆشەویستی بۆ هەر گەنجێک فەرامۆش نەکردنە! لەوانەیە ئەگەر ئەو هاوسەرگیریەم بکردایە ئەوەندە بێچارەیم نەبینیایە.

وەک شاعیر دەڵێ: عیشقی یەکەم سەرکەش و خوێناوی بوو.

بەکورتی چ شەوێک تێپەڕێ، کارەکەم لە ئوتێل زۆر باش بوو، سێ بەرامبەری کرێکەم بەخششم وەردەگرت. دەچوومە سەر هەر مێزێک، پێنج هەزاریان پێدەدام.

ئێوارەیەکیان لە ماڵی سەرکیس خەریکی سەرگەرم کردنی خەڵکەکە بووم کە شەعبان خان و پیاوەکانی هاتنە ژوورەوە. چوومە لای و سوپاستم کرد، پێکەنی بەڕوومدا و ڕۆیشت دانیشت.

نزیکی ئێوارە بوو، دەمویست لە ماڵی سەرکیس بێمە دەرەوە کە شەعبان خان بانگی کردم. کاتێک چووم لەلای دانیستم گوتی:

شەعبان- تۆ کوڕێکی باشیت، حەیفە بەفیڕۆ بچیت. بیستوومە ئەو کچە، هاسمیک بەدەورتدا دەگەڕێت و دەیەوێت ڕامت بکات. ئاگاداری خۆت ببە ئەو بەکەڵکی تۆ نایەت.

قسەم نەکرد و ڕۆشتم، بەڵام تەواوی شەوەکە بیرم لێدەکردەوە. کۆتایی شەو کاتێک گەڕامەوە بۆ کاروان سەرا، کینەیەکی سەرسوڕهێنەرم هەست پێدەکرد لەدڵمدا بەرامبەر شەعبان خان.

ڕەجەب هات لەلام دانیشت و گوتی:

ڕەجەب- بۆچی ماتیت؟

حەزم دەکرد لەگەڵ کەسێکدا دەردە دڵ بکەم، کێ باشتریش بوو لە ڕەجەب! ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. هەرکە گوێی لەناوی هاسمیک بوو گوتی:

ڕەجەب- هاسمیک؟! دەتەوێت ئەو بهێنیت؟ مەگەر شێت بوویت؟

- تۆ دەیناسیت؟!

ڕەجەب- پێنج هەزار بدە باشتر دەتوانیت بیناسیت.

هەستام یەخەیم گرت و دام بەزەویدا. گوتم:

- ئەگەر جارێکی دیکە قسەی هیچ بکەیت دەتکوژم!

ئەو بێچارەیە تەماشایەکی کردم و گوتی:

- هەستەکانت کوێریان کردوویت.هەستە بڕۆین پێتی نیشان بدەم.

چ بارودۆخێکم هەبوو با بمێنێت! تێنەگەیشتم تاکو ماڵی سەرکیس چۆن ڕۆشتین

د لەرێگە ڕەجەب چی پێ گوتم. گەیشتین و ڕەجەب دای لە دەرگا. من لە کەنارێکەوە وەستام، کاتێک دەرگا کرایەوە چووینە ژوورەوە. تاریک بوو، سەرکیس ڕووخساری منی نەبینی. ڕاستەوخۆ ڕەجەب منی بردە سەرەوە لای هاسمیک لە ژوورێکدا.

چیم بینی؟ دەتگوت تەواوی دنیایان کردۆتە تۆپێک و داویانە بەسەرمدا!

ئەژنۆکانم بێ هێز بوون و هەرلەوێدا دانیشتم. هاسمیک کە منی لەوێدا بینی هەناسەی ڕاوەستابوو. نەیدەتوانی یەک وشە بڵێت. تەنها بەتانیەکەی دا بەسەریدا و دەستی کرد بەگریان بەدەنگی بەرز.

کاتێک گەیشتینە ئێرەی چیرۆکەکە، دڵۆپێک فرمیسک لە گۆشەی چاوەکانی هیدایەت کۆ ببووەوە. پاکی کردەوە و جگەرەکەی داگرساند و گوتی:

هیدایەت- ئێستا کە ئەمانەت بۆ باسدەکەم، دەڵێی دوێنێ ئەوانە ڕووی داوە. دڵم شکا! باوەڕناکەم ئەو ڕووداوانە بۆ خۆم ڕوویداوە و ساڵانێکی بەسەردا تێپەڕیوە!

ئاهێکی ساردی کێشا و گوتی:

ئەو شەوە ڕەجەب دەستی گرتم و بەرزی کردمەوە چوونکە توانام نەبوو لەسەر پێیەکانم ڕاوەستم. یەکەمین لێدان بوو کە بەهۆی خۆشەویستیەوە! کەسێک کە خۆشم دەویست و دەمویست لەگەڵی هاوسەرگیری بکەم، لەگەڵ کەسێکدا و لەو بارودۆخەدا!

پێکەوە دورکەوتینەوە لە ماڵەکە. کاتێک کەمێک لە ماڵی سەرکیس دوور کەوتینەوە، لە گۆشەیەکدا دانیشتم و وەک ژنێک منداڵەکەی مردبێت دەستمکرد بەگریان. دڵم زۆر سوتابوو.

کاتێک گەیشتینەوە کاروان سەرا، ڕاستەوخۆ چوومە ژوورەوە و وەک تۆپ خۆمدا بەزەویدا. لەناخەوە تێک شکابووم. دووبارە گریانێکم کرد کە مەپرسە!

کاتژمێرێک تێپەڕی، تازە بیرم کەوتەوە کەوا بۆچی هەردووکیانم نەکوشت؟ ئەوەیان زیاتر ئازاری دەدام. حەزم دەکرد تۆڵەی لێبکەمەوە.

دانیشت لە گۆشەیەکدا و وەک دێوانەکان خۆم دەکێشا بەدار و دیواردا. خۆزگە دەمکێشا بەسەری خۆمدا، خۆزگە مشتەکۆڵەیەکم دەدا لە دیوار!

بیرم دەکردەوە کەوا ئیتر دونیا تەواو بووە! باوەڕم نەدەکرد بەیانی بێت. بەڵام ئەو شەوە و چەندین شەوی دیکەش هەبوون کەوا وەک شەوەکانی دیکە ڕۆژ بووەوە! بەڵی دەمگوت.

سبەی نەڕۆیشتم بۆ ئەوێ و لەماڵەوە مامەوە و خەمم دەخوارد. شەو جلەکانم لەبەرکرد و چووم بۆ ئوتێل. چ شەوێک بوو ئەو شەوە! لە سازەکەمدا جگە لە دەنگی

گریان و ناڵە نەدەهات بەڵکو دەرد و ڕەنجەکانم لە زمانی سازەوە دەهاتە دەرەوە.

دوو سێ ڕۆژ تێپەڕی و لەخۆم بێزار بووم. لەکۆتاییدا بڕیارمدا کە بڕۆم بەدوای هاسمیکدا و دەستی بگرم و لەوێ بیهێنمە دەرەوە. دەمزانی ئەویش کەسێکی بەدبەختی وەک خۆمە و بەدبەختیەکانی ڕۆژگار بەو شێوەی لێ بەسەر هێناوە.

شەو چوومە لای ڕەجەب و ئاگادارم کردەوە کە دەمەوێت چی بکەم. تەماشایەکی کردم و گوتی وازی لێ بهێنە. گوتم نەخێر من بڕیاری خۆم داوە و سبەی دەچم بەدوایدا.

ڕەجەب کەمێک ئەملا و ئەولای کرد و گوتی:

ڕەجەب- لەڕاستیدا نەم دەویست پێتی بڵێم. بەڵام کە ئێستا دەڵێت دەچم بەدوای هاسمیکدا ئیتر ناچارم بیڵێم.

- چی بڵێیت؟

ڕەجەب- هاسمیک شتێکی خواردوە و خۆی کوشتووە!

سەرم قرس بوو! ئارەقم کردەوە.

- تو گۆڕی باوکت ڕاست دەڵێیت ڕەجەب؟

ڕەجەب- بەو نان و نمەکەی پێکەوە خواردوومانە ئەگەر درۆ بکەم. ئەگەر دەتەوێت خۆت بڕۆ پرسیار بکە.

لەسەر زەویەکە دانیشتم! ئەی دڵی بێ ئاگا. چ هەڵەیەکم کرد. بەڵام ئەو کچە بێچارەیە ڕاستی دەگوت کەوا منی خۆش دەوێت و باشی منی دەوێت! خۆزگە قاچەکانم دەشکا و نەدەڕۆیشتم بۆ ئەو شوێنە تاکو ئەو بەو شێوەیە ببینم. خۆزگە لاڵ دەبووم و هیچم بەڕەجەب نەدەگوت.

چوومە لای ڕەجەب و گوتم:

- کوڕە خۆشی لە گەنجیت نەبینیت کە ڕۆژگاری منت ڕەشکرد. ئاگر بەربێتە تەمەنت کە ئاگرت بەردایە ژیانی من. من چ کارێکم بەوە هەبوو کە بزانم هاسمیک چ کارەیە؟ هەر ئەوەندەی پێکەوە یەکترمان خۆش دەویست بەس بوو بۆم. وەنەبێت دەگرت ئەگەر ئاگات لە زمانت ببوایە؟

بێچارە ڕەجەب هیچ قسەی نەکرد و سەری دانەواندبوو.

بەڕێکەوتم و چوومە ژوورەکەم، دەستم کرد بەگریان. بەڵام ئەم گریانەیان لەوەی دیکە جیاوازی هەبوو. ئەمجارەیان گریانی پیاوێکی بریندار بوو، گریانی مرۆڤێک بوو کە خۆشەویستی مردبوو.ئەمەیان دووەم کەس بوو بەبێ ئەوەی خۆم بمەوێت، بوومە هۆکاری مردنی.

## بەشی حەڤدەیەم

چەند مانگ تێپەڕی و خۆشەویستی هاسمیک وەک خۆی چووە ژێر خاکەوە. ژیان چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت دەڕوات. وردە وردە دڵگرانیم بەرامبەر ڕەجەم کاڵ بووەوە و پێوە بووینەوە برا. ڕۆژێکیان پرسیم :

- ئەو کچەی یەکەمین شەو بینیم، لەکوێیە؟ نایبینم.

ڕەجەب- یاسەمین دەڵێیت؟

- بەڵێ.

ڕەجەب- یەک دوو مانگێک دەبێت کە لەگۆشەیەکدایە و چاوەڕێی مردنە!

- واتە چی؟

ڕەجەب- چاوەڕێیە کەسێک دوو مەتر قوماش بۆ کفنەکەی بکڕێت تاکو بەڕێ کەوێت!

- ئێستا لەکوێیە؟

ڕەجەب- هەر لەلای یەکێک لەو گۆشت فرۆشانەی ئێرەیە!

بەزۆر ڕەجەبم هێنا تاکو من بباتە سەرەوە بۆلای ئەو نەخۆشە. پێکەوە ڕۆشتینە ژوورێک لە ژوورە درێژەکانی کاروان سەرا! ئەوەندە تاریک بوو کە نەدەکرا هیچ ببینیت.

کاتێک چاوەکانم بەتاریکیەکە ڕاهات، لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا لەسەر کا و پوشەکان بوونەوەرێکم بینی لەسەر شێوەی مرۆڤ ڕاکشابوو! لەپڕ بیرم کردەوە کە مردبێت. لە ژوورەکەدا بۆنی گەنیویەکی لێدەهات کە باسی مەکە.

- ئەوە بۆچی بەو شێوەی لێهاتووە؟ نەوەک مردبێت!

ڕەجەب چووە پێشەوە و بە نوکی پێی لەقەیەکی لێدا! دەنگی ناڵەیەکی سوکی

لێوە بەرز بووەوە. لای کردەوە و گوتی:

ڕەجەب- مرۆڤ هەرچەندە بێچارەتر دەبێت، زیاتر وەک سەگی لێدێت! هێشتا کاتی کفن و لەگۆڕنانی نەهاتووە! سێ ڕۆحی دیکەی لەبەردایە.

ئەوانەی گوت و پێکەنی. تەماشایەکی ئەو کچەم کرد کە وەک ئاژەڵ کەوتبوو، دواتر گوتم بەڕەجەب:

- کورە مەگەر تۆ مرۆڤ نیت؟ مرۆڤ کاری لەو شێوەیە لەگەڵ پشیلەی ماڵەکەشی ناکات! لە دڵتدا سۆز و بەزەیی بوونی نیە؟

ڕەجەب پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی کرد و گوتی:

ڕەجەب- کەسێک وەک ئێمە دز و دەربەدەر و بێ کەس و کار بوو، لە دڵیدا هیچ پەیدا نابێت. ئەوانەی وەک ئێمە دەست بەکڵاوەکەمانەوە دەگرین تاکو با نەیبات!

- دەبێت بیبەینە لای پزیشکێک بۆ چارەسەر. یارمەتم بدە هەڵی بستێنین.

ڕەجەب- پزیشک و دەرمان و چارەسەر پارەی دەوێت، من ئەسپێ لە باخەڵدا سەوزەڵە خانم دەکات. پارەی ناو مشتمان لەکوێ بوو!

- یارمەتی بدە و بیکەرە سەر کۆڵت من خۆم دەیبەم.

ڕەجەب- کورە دەستی لێنەدەیت! نەخۆشی گواستراوەی هەیە. لەناو دەچیت ها!

خۆم چوومە لای و دەستیم گرت تاکو هەڵی بستێنم. دەستەکانی دوو پارچە ئێسک بوون.

هەرکە دەستم لێدا وەک پشیلەیەک هاواری کرد، دڵم بۆی سووتا.

ڕەجەب- وازی لێبهێنە. بیجوڵێنیت، تەواو دەبێت و خوێنەکەی دێتە سەرت ها! ئەو خەریکە دەڕوات وازی لێ بهێنە. وادانێ چارەسەرت کرد و چاک بووەوە. دووبارە یان دەبێت سواڵ بکات یان ئەگەر ڕەنگ و ڕووخسارێکی هەبێت جەواد ئاغا دەینێرێت بۆ ......! ژیانێکی باشی نابێت. بەم شێوەیە هەم لە بەدبەختی ڕزگاری دەبێت هەمیش ئەگەر خودا بیەوێت بچێتە بەهەشت. تازە ئەگەر بچێتە دۆزەخ دەکرێ خواردنێکی باشی دەست بکەوێت!

بۆ ساتێک دوو دڵ بووم. بەخۆمم گوت نەوەک ببێتە کێشە بۆم. بەڵام دڵم ڕێگەی پێ نەدەدام مرۆڤێک لەو بارودۆخەدا بەجێ بهێڵم و بمرێت. پشتم بەخودا بەست و کردمە سەر کۆڵم و بەڕێ کەوتم.

ڕەجەب کە ئەوەی بینی هاواری کرد کە کلینکی پزیشک لەو نزیانەیە.

وەڵامم نەدایەوە و خۆی هات بەدوامدا. نیو کاتژمێر دواتر گەیشتینە باڵەخانەیەکی بەرز و خاوێن.

دامان لە دەرگا و چووینە ژوورەوە. پزیشک هەر چاوی بەکچەکە کەوت گوتی:
پزیشک- بۆچی ئەمەتان هێناوەتە ئێرە؟
- ئەی بۆ کوێمان ببردایە؟
پزیشک- بیبەنە گۆڕستان! ئەمە ئیتر شتێکی نەماوە تاکو من چارەسەری بکەم. لەکوێوە هێناوتانەتە ئێرە؟ ناوچەی پێنج کاری دەکرد؟
تسەم نەکرد. پزیشکەکە دە خولەک پشکنینی بۆ کرد و دواتر ڕووی کردە ئێمە و گوتی:
پزیشک- هەڵی بگرن. هەڵی بگرن و لێرە بیبەن.
- دکتۆر مرد؟
پزیشک- سەد ڕەحمەت لە مردووی گۆڕستان. مردووە و بەهەنسکەوە پێدەکەنێت. ئەمە هەر ناجوڵێت!
- چی بکەم دکتۆر گیان، من ئەمڕۆ بینیومە. لەبەر خاتری خودا کردمە سەر کۆڵم و هێنام بۆ ئێرە.
پزیشک- تەماشاکە کوڕی من، ئەمە خەرجی و چارەسەری زۆرە. زۆر درێژە دەکێشێت و هەمیش لە کۆتایدایە. هیوایەکی نیە. چی تۆیە؟
- هیچم نیە. کەسێکی بێگانەیە.
پزیشک- کەواتە هەڵی بدەرە گۆشەیەکی کۆڵان! لانی کەم سەگەکان دەیخۆن و سکیان تێر دەبێت.
تەماشایەکم کرد و گوتم:
- تۆ پزیشکیت یان جەلاد؟
پزیشک- لەم ڕۆژانەدا لەهەر کۆڵانێکدا دەیان کەسی لەم شێوە هەیە! دەکرێت چیان بۆ بکرێت. گریمان من پارەم وەرنەگرت، خەرجی نەخۆشخانە چی؟
دەستم کردە باخەڵم و مشتێک پارەی کاغەزم دەرهێنا و نیشانم دا.
- ئێوە چارەسەری بکەن، پارەکەی من دەیدەم. شیفاش لای خودایە.
پزیشک- ئەم دە دانە نەخۆشی جۆر بەجۆری هەیە. نازانرێت باش دەبێت یان نا! دواتر نەیەیت و بڵێی تۆ بەمنت نەگوتوە. ئێستا ناوی چییە؟
- یاسەمین.
دەستی کرد بەقاقا پێکەنین.
پزیشک- چ ناوێک. قوربانی دڕکەکانی شەقام بم! چ ڕەنگێکی هەیە؟ کەس نازانێت کە ڕەش باوە یان سپی یان زەرد؟ چۆن گەیشتووە بەم ڕۆژە؟

ڕەجەب- مرۆڤێکی نا پیاو تاکو توانی کاری پێکرد و دواتریش کە بەکەڵکی نەهات، فڕێی دایە لایەکەوە.

پزیشک- دەبێت بیگەیەنینە نەخۆشخانە.

ڕۆشتم بیکەمە باوەش کە ئاهێکی کێشا و دڵم بوو بەئاو بۆی. پزیشکەکە بێزار ببوو، لەژێر لێوەوە قسەی بەحوکمەت و دەوڵەت گوت و جلەکانی کۆکردەوە. خۆی هاتە لای و نەخۆشەکەی هەڵگرت و گوتی:

پزیشک- وەرن بەئۆتۆمبیلی خۆم دەیبەین.

لە چاوەکانیدا فرمێسک ڕیزی بەستبوو. کاتێک سواری ئۆتۆمبیلەکە بووین گوتی:

پزیشک- ئیتر وردە وردە خەریکە بیرم دەچێتەوە کە پزیشک و مرۆڤم.

بەکورتی یاسەمینمان گەیاندە نەخۆشخانە و لە ژوورێکی چەند تەختەیی خەواندمان. کەمێک پارەمدا بەنەخۆشخانە و بڕیاربوو چەند ڕۆژ جارێک سەردانی بکەم. ویژدانم کەمێک ئاسوودە بوو.

ئەگەر ببوومە هۆکاری مەرگی هاسمیک، هەوڵی قەرەبووکردنەوەمدا و یاسەمینم ڕزگارکرد. پزیشکی بێچارە مافی خۆی بوو، چونکە یاسەمین وەک ئێسکە پەیکەرێک بوو.

تەواوی مووەکانی سەری هەڵوەری بوو،کەچەڵ ببوو. نەدەکرا تەماشای ڕووخساری بکەیت چونکە هیوا لە چاوەکانیدا نەبوو. تەواوی لاشەی هەر برین بوو و نینۆکەکانی کەوتبوو. بەکورتی بارودۆخێکی هەبوو، سەد ڕەحمەت لە تەرم! هیچ هیوایەکی نەبوو.

دوو ڕۆژ دواتر چوومە نەخۆشخانە تاکو سەردانی بکەم، بینیم لەسەر تەختەکەی نییە. بیرم لەوە کردەوە کەوا مردبێت و لەوێ بردبێتیان.

لە پەرستارێکم پرسی بە ناخۆشی وەڵامی دامەوە. دیاربوو کە بۆ چاودێری و ئەو شتانە بردبوویانە شوێنێکی دیکە.

پەرستارەکە کە ڕووخساری منی بینی، حەزی نەدەکرد وەڵامی سڵاویشم بداتەوە. ئەوەبوو کە چووم یەک دوو دەست جل و بەرگی جوانم کڕی بۆ خۆم. تاکو ئەو کاتە جگە لەو شەوانەی لە ئۆتێل کەمانچەم دەژەند، هەر ئەو جلانەی ڕەزا دابووی پێم لەبەرم دەکرد.

سبەی بەجلی جوان و خاوێنەوە چوومە نەخۆشخانە، هەموو پەرستارەکان بەشێوەیەکی دیکە تەماشایان دەکردا بەڵام بۆچی لەتۆ شاراوە بێت؟! ئەو کاتە ڕووخسارێکی جوانم هەبوو.

ئەمەی پیرەمێردەکان کاتێک گەنجین، نازانین ڕۆژێک پیر دەبین. کاتێکیش پیر دەبین، گەنجەکان باوەڕناکەن ئێمەش ڕۆژێک گەنج و جوان بووین!

بەکورتی پەرستارەکان پێیان گوتم کە یاسەمین لە ژوورەکەیەتی و چوومە ژوورەوە. بینیم لەسەر تەختەکە کەسێک نوستووە. باڵای وەک یاسەمین بوو بەڵام ڕەنگ و ڕووخساری نەخێر!

پێستی یاسەمین بەتەواوی ڕەش بوو بەڵام ئەمەیان سپی بوو. چوومە پێشەوە و بینیم کە خودی یاسەمینە.

پەرستارێک بەپێکەنینەوە لە پشت سەرمەوە گوتی:

- چییە سەرت سوڕما؟ دوو ڕۆژ سمارتەمان کردووە تاکو ڕەنگی بەو شێوەی لێهاتووە!

تەماشای ڕووخساریم کرد، نە برۆی هەبوو نە برژانگ. سەری بەهۆی برینەوە پێچرابوو هێشتا بێهۆش بوو. لەدوای ئەو ڕۆژە، دوو ڕۆژ جارێک سەردانم دەکرد و هەواڵم لێی هەبوو.

مانگێک تێپەری تاکو وردە وردە هێز هاتەوە بەبەریدا و چاوی کردەوە. زۆر خۆشحاڵ بووین، پزیشک و پەرستارەکانیش هەروەها. سوپاستی خودامان کرد کەوا ماندوو بوونەکانمان بەفیڕۆ نەچووە.

بەکورتی لە پاش سێ مانگ یاسەمین لە نەخۆشخانە دەرکرا. پزیشکەکەی کیسەیەک دەرمانی پێدام و هەردووکمانی ناردەوە ماڵەوە. خەرجی نەخۆشخانە پارەیەکی لە ڕادەبەدەر زۆر بوو، من پارەکەیم دا. بێچارە پزیشکەکە خۆی پارەی وەرنەگرت.

یاسەمین چاک بووەوە، بەڵام نە قسەی دەکرد و نە تێدەگەیشت. وەک کەسێکی مێشک پوکاوە تەنها تەماشای دەکرد. بە چاوە ڕەش و گەشەکانی لە ڕووخسارە لاوازەکەیدا بەشێوەیەکی ترسناک، بەڵام کەمەند کێشانە تەماشای خەڵکی دەکرد. هیچ بەرپەرچ دانەوەیەکی نەبوو. بردمەوە کاروان سەرا و جێگەم بۆ ڕاخست و خەواندم.

قاچێکی دەخشاند و نەدەجوڵا. قسەی نەدەکرد، دەستی دەجوڵا بەڵام هەستی نەبوو. مابوومەوە کە چی بکەم.

نەدەکرا لە نەخۆشخانە بمێنیتەوە، چونکە خەرجی زۆر بوو منیش پارەم نەبوو. نەدەکرا لە شەقامیش بەجێی بهێڵم، چارەیەکم نەبوو، دەبوایە خۆم چاودێریم بکردایە کە کارێکی گران نەبوو. خواردنم درووست دەکرد و خۆم خواردنەکەم پێی

دەدا تاکو بیخوات.

دەرمانەکانیم لەکاتی خۆیدا پێی دەدا، هەموو ڕۆژێک دەرزیەکی هەبوو، کاک جەعفەرێک هەبوو ڕام سپاردبوو هەموو ڕۆژێک لێی بدات. دەفرێکم بۆ دانابوو لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بۆ ئەوەی پێویستیەکانی جێبەجێ بکات. هەفتەی ڕۆژێک ئەفسەر خانمێک هەبوو ژنی کاک جەعفەر بوو، ڕام سپاردبوو بێت و بیشوات تاکو هەمیشە پاک و خاوێن بێت. شوردنی کارێکی گران نەبوو چونکە هێندەی جوجەلەیەک دەبوو. دە ڕۆژ جارێکیش سەردانی لای پزیشکمان دەکرد.

لە سەرەتاوە نەمدەزانی کاتێک لەماڵەوەم دەبێت چی بکەم لەگەڵی. وەک بەرخێک بەزەقی تەماشای مرۆڤی دەکرد بەڵام وردە وردە ڕاهاتم و قسەم بۆ دەکرد. دەردە دڵم دەکرد و باسی منداڵیم دەکرد بۆی. بەکورتی ببووە بەردی ئارامگری من و بەتەنها گوێی ڕادەگرت. زمانی بەسترابوو.

تەنها دوو کەسی دەناسی، ئەویش یەکێکیان من و ئەوەی دیکەیان پزیشک بوو. هەرکەسیکی دیکەی دەبینی، لێی دەترسا و سەری دەکردە ژێر پەتۆکەیەوە.

تەنها کاتێک ئارام دەبوو کە من لە ماڵەوە دەبووم و کاتێکیش شادی لە چاوەکانی دەبینرا کە خواردنم دەکرد بەدەمیەوە و باسی ئەو ڕووداوانەم بۆی دەکرد کە شەوانە لە ئوتێل ڕوویان دەدا. بەڕۆژدا خۆم لە ماڵەوە بووم و شەوانەیش کە دەچوومە سەرکار دەرگام قوفڵ دەکرد و دەڕۆیشتم.

لەوێ کەس کاری بەسەر ئەوە نەبوو. کاکە جەوادیش لە ترسی شەعبان خان کە لەگەڵ ئێمەدا زۆر چاک بوو، سەری نەدەخستە سەرمان.

دوو مانگ تێپەڕی بەسەر ئەو ڕووداوەدا و برینەکانی سەری چاک بووەوە. مووەکانی بەهێندەی جۆیەک دەرهاتبوو! ڕەش ڕەش بوو. بەڵام خۆی پێی خۆش نەبوو سەری دەربکەوێت و بەو باندیجەی پزیشک پێی دابوو سەری دەبەست. ئاسوودە بوو.

ڕۆژانە بۆ خۆم کەمانچەم دەژەند، بەیادی هاسمیک و ڕەزا و ئەکبەر تاکو دەنگی سازەکە بەرز دەبووەوە چاوەکانی یاسەمین هەر لەسەر دەستم بوو، پێلوی نەدەجولاند. دەتگوت زۆر حەز بە دەنگی ئاوازەکە دەکات، چاوەکانی لەگەڵ دەستی من دەجولاند.

منیش دەمزانی حەزی بە ئاوازەکەیە، دریغیم نەدەکرد و هەرکاتێک کارم نەبووایە کەمانچەم دەژەند. چەند دەستە جلێکی کچانەی جوانم بۆی کڕی بوو، زۆری حەز لە دانەیەکیان بوو.

ئەفسەر خانم هەرکاتێک دەیشۆرد، جلەکانی دەگۆڕی. تەواوی پیسیەکەی خۆم دەمشۆرد و قاپەکەی خۆم خاڵیم دەکرد. بەیانیان دەست و دەم و چاویم بۆ دەشۆرد و نینۆکەکانی دەرهاتبووەوە دەمبڕی بۆی.

دەست و قاچی بێ جوڵە بوو، دەمگرت و دەمجولاند چونکە پزیشکەکەی گوتبووی. ددانەکانی وەک مرواری سپی بوو، خۆم بۆم دەشۆرد. قسەم بۆ دەکرد و چیرۆکم بۆ دەگێڕایەوە و شیعرم بۆی دەخوێند.

بەکورتی بەشێوەیەکی لێهاتبوو کەوا بەخەیاڵی یاسەمین دەهاتمە ماڵەوە. شەوانە کە دەچوومە سەر کار، دڵە خورپەم بوو کەوا نەوەک ڕووداوێک بۆی ڕووبدات. تاکو دەگەڕامەوە ماڵەوە دڵم ئارام نە دەبووەوە. ببوومە دایکی!

بەیانیەک دەم و چاویم دەشۆرد، چاوم کەوتە سەر برژانگەکانی و بینیم بەهێندەی پەنجەیەک درێژ بووە! نازانم چۆن ئاگادار نەبووم. باندجەکەی لەدەوری سەری پێچابوو و برۆکانی دادەپۆشی.

لێمکردەوە، زۆر سەرم سوڕما. برۆکانی دەرهاتبوو و قژیشی درێژ ببوو بەهێندەی دوو ئەوەندەی قژی من. وەک مشکی بوو بەسەریەوە!

پێکەنیم و گوتم:

- حەیف نیە کەوا موو بەم قەشەنگی و برۆ بەو کەوانەییە دابپۆشی؟

دەستی برد بۆ باندجەکە وەک کڵاوێک بوو، دەیویست بیکاتەوە سەری. ئازارم نەدا و گوتم با ئاسوودە بێت.

هەستام و چوومە دەرەوە ئاو بهێنم، کاتێک گەڕامەوە بینیم باندجەکەی خستۆتە ئەولا و نەیکردۆتەوە سەری. بەچاوەکانی زەق زەق تەماشای دەکردم تاکو بزانێت من چی دەڵێم.

پێکەنیم و گوتم:

- ئەها. ئێستا بوویتە کچێکی جوان!

دەنگوت ئاو کراوە بەسەریدا. ڕاستە کە هێشتا وەک ئێسکە پەیکەر لاواز بوو، بەڵام باوەڕم نەدەکرد ئەم کچە هەمان ئەو نەخۆشە بێت کە چەند مانگی پێشوو لە ژوورێکی کاروان سەرادا دۆزیمەوە.

چەند ڕۆژ دواتر تازە لەخەو هەستابووم کە پاسەوانەکان ڕژانە ناو کاروان سەرا و هەموو منداڵەکانیان گرت. یەکێکیشیان هاتە لای من وای دەیزانی منیش دزی گیرفان برم. خودا ڕەحمی کرد کەسێکیان منی دەناسی کە لە ئوتێل کەمانچەم دەژەند، ئەگەرنا دەیان بردم بۆ بنکەی پۆلیس.

بەکورتی بینیم ئیتر ئەوێ شوێنی ئێمە نیە. هەستام و چووم بەدوای ماڵێکدا.
ئەگەیشتە نیوەڕۆ خانوویەکی بچووک بەڵام دڵگیر و باشم بەکرێ گرت و گالیسکەیەکم گرت و کەل و پەلەکانم کۆکردەوە و لەگەڵ یاسەمین ڕۆشتینە ماڵە تازەکە. ئیتر باش نەبوو لە کاروان سەرا بمێنینەوە.
ماڵیکی دوو نهۆمی بوو کە نهۆمێکیان بەدەستی ئێمە بوو. دوو ژووری هەبوو لەگەڵ چێشتخانە و دەستشۆری و گەرماو. بۆ ئێمە زۆر باش بوو. باشیەکەی لەوەدا بوو کە گەرماوی هەبوو، ئاومان گەرم دەکرد و ئەفسەر خانم دەیتوانی لەوێدا بیشوات.
ناچار نەبوین وەک ژوورەکەی کاروان سەرا بۆ شۆردنی یاسەمین فەرشەکان کۆبکەینەوە تاکو تەڕ نەبێت. جێگەم بۆ داخست و نووست.
دراوسێی سەرەوەمان ژن و پیاوێک بوون لەگەڵ دوو منداڵ. ئیتر خەیاڵم ئاسوودە بوو کە کاتێک لەوێ نەبم یاسەمین جێگەی باش و پارێزراوە.
بەکورتی سەرت نەیەشێنم دوو ساڵ تێپەڕی و من چاودێری یاسەمینم دەکرد! ئەو ببووە هەموو کەسێکی من و منیش ببوومە هەموو کەسێکی ئەو.
لەدوای ئەو ماوەیە ئەگەر یاسەمینت ببینایە ئەستەم بوو باوەڕ بکەیت کە هەمان ئەو کەسە بوو کەخەریک بوو دەمرد و پزیشک هیچ هیوای بە مانەوەی نەبوو.
قژی تاکو کەمەری دەهات. خەرمانێک مووی هەبوو! لێوەکانی سور ببوو. کاتێک تەماشای دەکردم وەک تیر دەیدا لە دڵم. بەڵام خودا دەزانێت بەچاوی خراپ تەماشام نەدەکرد.
کاتێک دەنگی سازەکەم بەرز دەبووەوە، بزیەکی دەکرد کە شیرینتر لە کیلۆیەک هەنگوین بو. ئەوکاتە دوو چاڵ دەکەوتە سەر ڕوومەتەکانی کە ئەژنۆکانی سست دەکرد.
گەنج و دڵ سوتاو بووم. ئەوکاتانە لە تەمەنی مندا ژنیان دەهێنا. یاسەمین زۆر جوان و قەشەنگ بوو، بەداخەوە کە دەست و قاچێکی ئیفلیج بوو. خەریک بووم بیرم لەخۆم دەکردەوە کە ئەگەر قسەی بکردایە دەمگوت کە خۆشم دەوێت و دەمەوێت لەگەڵی هاوسەرگیری بکەم.
پێم دەگوت کە بەلامەوە گرنگ نیە ئیفلیج و لاڵە، بەڵام ئەو قسانەم بە ناجوامێرانە دەزانی. ئەو کچە نان خۆری من بوو. ئەگەر تێدەگەیشت چی دەڵێم، لەوانەبوو ناچار بێت ببێتە ژنم.
ڕۆژێکیان لەخەو ڕاپەڕیم، لە ژوورەوە دەنگی یاسەمین دەهات! دەتگوت یەکێک

خەریکە بەخشکە خشک دەڕوات. بیرم دەکردەوە کە دزە!

ڕامکردە ژوورەکەی یاسەمین و بەخۆمم گوت ئەگەر کەسێک دەست لە یاسەمین بدات دەیکوژم. ڕۆیشتم و بەچوار چاو تەماشام دەکرد، باوەڕم نەدەکرد!

یاسەمین هەستابوو و جێگەکەی کۆبکەمەوە و چایی لێنابوو، سفرەی بەیانی ڕاخست بوو. هەر منی بینی پێکەنی. نازانم چەندە بەو شێوەیە ڕاوەستام و تەماشام کرد.

کاتێک هاتمەوە سەر خۆم، بینم یاسەمین ساغ و سەلامەت لە ناوەڕاستی ژوورەکە وەستابوو بەڕوومدا پێدەکەنی. بالا بەرز و جوان. لەڕاستیدا نەمدەزانی چی بڵێم و چی بکەم. سوجدەم برد و زەویەکەم ماچ کرد. فرمێسک لە چاوەکانم دەهاتە خوارەوە، سوپاستی خودام کرد. خودایە ئەوە هەمان کچە مردووەکە بوو؟!

تاکو ئەو کاتەی لەسەر جێگە بوو نەمدەزانی ئەوەندە بالا بەرز و جوانە. تاکو ئەو کاتە یاسەمینم تەنها لەسەر جێگە و بەپەتووە بینی بوو. ئێستا ئەم کچە جوانە بەتەواوی بەرامبەرم وەستابوو!

هەر لەوێدا لەسەر زەویەکە دانیشتم و تەماشام دەکرد و ئەویش بەچاوی پێزانینەوە و بزەی شیرینەکەی تەماشای دەکردم.

ئێستا کە چاک ببوو و بێ ڕەنگی نەمابوو، چاوەکانی هیچ ترسی نەبوو بەلکو لە ڕووخساریدا ببووە بەڵا بۆ گیانی منی بەدبەخت!

چەند خولەکێک تێپەڕی تاکو لە سەرسامی هاتمە دەرەوە. هەستام و لەسەر سفرەکە دانیشتم، بەزۆر خۆمم دەگرت تاکو هەڵنەستم و لەباوەشی نەکەم!

چایی بۆ تێکردم و خستتیە بەردەمم. خۆیشی لەلای من دانیشت. حەزم نەدەکرد چاوی لەسەر هەڵبگرم. هەستم دەکرد کە-یاسەمین کەسێکە خۆم درووستم کردووە! هەستی خاوەندارێتیم بۆی هەبوو.

ئەوەندە جوان بوو باس ناکرێت. ئەو جلانەی لەبەری کردبوو زۆری لێ دەهات.

بە هێواشی گوتم

- بە هیوای خودا تا چەند ماوەیەکی دیکە زمانت دەکرێتەوە و قسە دەکەیت.

هەر ئەوەم گوت، ئەویش پێکەنی و گوتی:

یاسەمین- ئەگەر تۆ بتەوێت قسە دەکەم، بەڵام تەنها بۆ تۆ!

ئیتر هیچ شتێک نەمابوو ببێتە ڕێگری گریانم. بیری لێبکەرەوە مرۆڤ ڕۆژێک لەخەو هەستێت و تەواوی ئاواتەکانی هاتبێتە دی! ناتوانم باسی ئەو دۆخەت بۆ بکەم.

پرسیارم کرد:
- یاسەمین چۆن تەواوی ئەم شتانە لەپڕ درووست بوو؟
یاسەمین- لەپڕ نەبوو، من ماوەیەکی زۆرە دەتوانم قسە بکەم! دەست و قاچم بەهۆی ئەو وەرزشانەی تۆ پێت دەکردم، وردە وردە کەوتەوە کار.
- دەی بۆچی تاکو ئێستا قسەت نەکردووە؟ بۆچی لە جێگەکەت هەڵ نەدەستای؟!
یاسەمین- دەترسام لە جێگەکەم جیا ببمەوە! باوەڕم بەخۆم نەبوو. ئەو جەوادە سەگ بابە ئەوەندە ئازاری داوم لە هەموو شتێک دەترسم. بۆیە قسەم نەدەکرد چوونکە لە هەمووان بێزار بووم. لە خۆم لە دونیا لە خودا.
- هەرگیز ئەو قسانە مەکە. خودای گەورە دووبارە ژیانی پێدایتەوە.
یاسەمین- خودا باوکی منی دەرهێنا! ئەوکات گیانی پێدامەوە؟! باشە لە سەرەتاوە پێی نەدامایە یان کەدای بەباشی بیدات. مەگەر من منداڵێکی بچوک بووم، چ تاوانێکم کردبوو کە دەبووایە ئەوەندە سەختی بکێشم؟
- خودا بەندەکانی تاقی دەکاتەوە. هەرکەسێک سەرکەتوو لە تاقیکردنەوەکە بێتە دەرەوە دەچێتە بەهەشتەوە.
یاسەمین- من نە ئەو بەهەشتە و نە دۆزەخم دەوێت.
مەگەر من خۆم ویستومە بێمە دونیا؟ هەر کە چاوم کردەوە لەناو بەدبەختی و بێچارەیی بووم. پانزە ساڵی تەمەنم بەدەربەدەری و سواڵکەری تێپەڕی. بیرت چووەوە کە یەکەم ڕۆژ لە چ بارودۆخێکدا بووم؟ چەند مانگ دواتریش چی؟ لەبیرت چووە؟ تەواوی ئەوانە خودا بۆ منی ویستبوو.
- باشە باش! کفر مەکە. لە کۆنەوە گوتوویانە دونیا کێڵگەی دوارۆژە، هەرچیەک لەم دونیادا بیچێنیت لە دوارۆژدا کۆی دەکەیتەوە.
یاسەمین- کچێکی بچووکی شەش ساڵان چ کارێکی لەدەست دێت ئەنجامی بدات؟ هەر ئەقڵی بەو شتانە دەشکێت؟
دایک و باوکەکان دەبنە هۆکاری ئەو شتانە. منیش ئەگەر دایە گەورەیەکی باش و چاکم هەبووایە کارم نەدەگەیشتە ئێرە. بۆ تیکەیەک نان سەربکەم بە هەموو کارێکدا و دوارۆژەکەی ئەوەبوو کە بینیت.
- ئیتر لەو جۆرە قسانە مەکەرەوە. ئێستا سوپاست بۆ خودا هەموو شتێک تێپەڕیوە و بارودۆخت باشە، جێگەیشت پارێزراوە. تیکەیەک نانیش پەیدا دەبێت کە بیخۆن. منیش کە.....
ئیتر قسەم نەکرد و دانیشتم بۆ خواردنی نانی بەیانی. لەبیرم نیە کە هیچ شتێک

هێندەی ئەو نانی بەیانیە چەسپابێت بەدڵمەوە.
کاتێک سفرەکەمان کۆ دەکردەوە گوتی:
یاسەمین- حەز دەکەیت بۆ نیوەڕۆ چیت بۆ درووست بکەم.
دڵم بەجۆرێک بوو. گوتم:
- تۆ دابنیشە خۆم درووستی دەکەم.
یاسەمین- نا ئیتر بەو شێوەیە نازانم چۆن قەرەبووی زەحمەتەکانت بکەمەوە.
- وەرە لێرە دابنیشە. دڵم هاتە دەرەوە کە ئەوەندە قسەم بۆ کردیت و وەڵامت نەدامەوە. ئێستا دەمەویت تەمەنێک گوێ لە قسەکانت بگرم.
سەرەتا بۆم باس بکە چۆن چوویتە ئەو کاروان سەرایە؟
پێکەنینێکی کرد. ئەی ڕۆژگار نەفرەتت لێبێت!
کاتێک جەنابی هیدایەت گەیشتە ئێرە، جگەرەیەکی داگیرساند و تەماشایەکی تابلۆکەی پشتی کرد و گوتی:
هیدایەت- دەبینیت؟ قەشەنگ نیە؟
تەماشای تابلۆکەم کرد. هەمان ئەو تابلۆیە بوو کە ڕۆژی یەکەم بینیم. وێنەی ژنێکی جوان بوو بەقژی درێژ و پڕ لەگەڵ ڕووخسارێکی جوان.
- وێنەی یاسەمین خانمە؟
هیدایەت- بەڵێ خۆیەتی. بڵێ بزانم. تۆ گەنجێکی، ئەگەر کچێکت لە مردن ڕزگار کرد و ئەو کچەش بەو شێوەیە ببوایە، دڵت پێی نە دەدا؟
کەوتمە بیری دڵ گرفتاری خۆم لە دەستی فەرنوش، خەریک بوو ئەقڵم لەدەست دەدا! سەرم داخست لەبەر ڕێز تەماشای تابلۆکەم نەکرد.
هیدایەت- خەریک بووم دەمگوت. پێکەنینێکی کرد کە ڕابردوومی دا بەبادا!
یاسەمین- کاتێک تۆ قسەت دەکرد، هەر وشەیەکی بۆ من چارەسەرێک بوو. هەرکاتێک سازت لێدەدا، هەر دەنگێکی دەرمانێک بوو. حەزم دەکرد تەنها گوێ لە دەنگی تۆ و کەمانچەکەت بگرم. هەر بۆیە قسەم نەدەکرد.
سەرەتا زمانم گوێ نەدەکرد، بەڵام دواتر خۆم نەم دەویست کار بکات. توانا و وزەی زمانم هاتبووە گوێیەکانمەوە.
- شیفا لەدەستی خودایە. ئێمە تەنها هۆکارین.
یاسەمین- تۆیش لە ژیانتدا بەدبەختی زۆرت کێشاوە. ئەو کاتانەی باسی ژیانی منداڵیت دەکرد، زۆر دڵم بۆت دەسووتا و گریانم دەهات.
جیاوازی من لەگەڵ تۆ ئەوە بوو کە تۆ کوڕ بوویت و منیش کچ. هەرکەسێک

هەڵدەستێت دەڵێت پیاو سەروەری کچ و ژنەکانە! یەکێک لەماڵەوە زیندانیان دەکات و یەکێک بەزۆر بەڕووتی دەیانباتە سەر شەقام. یەکێک بەپۆشتەیی و ئەوی دیکەیان ڕووتی دەکاتەوە.
ئێوە هەر کارێک بکەن قسەتان لەدوا ناکەن، بەڵام ئێمە لەجێگەی خۆمان هەڵبستین سەد تۆمەتی ناشرینمان بۆ درووست دەکەن. ئێوەی پیاوان خاوەنی خۆتانن و ئێمەی ژنان دەبێت کەسێک ببێتە خاوەنمان.
- ئافرەت بەسروشتی بەو شێوەویە. هەر لە بنەڕەتەوە بەو شێوەیە بووە.
یاسەمین- مرۆڤ بەهەر شێوەیەک ڕابهێنرێت بەو شێوەیە دەبێت. ئێمە چوونکە لاواز بوین، بەو شێوەیە ڕاهێنراین.
- واز لەم قسانە بهێنە یاسەمین. من تازە تۆم دەست کەوتووە، بۆچی ئەوەندە ڕەش بینی؟ پێکەوە قسە بکەین و پێبکەنین باشترە.
یاسەمین- دەترسم ئەم ماوەیە کە قومێک ئاو بەخۆشی لە گەروم چۆتە خوارەوە هەموو شتێک خراپ بکات.
- مەترسە. سوپاست بۆ خودا هەموو شتێک باشە و سەقفیک لەسەر سەرمانە و فەرشێک لە ژێرماندایە. بارودۆخ و کاریشم خراپ نیە. ئیتر مرۆڤ چی لە خودا دەوێت؟
ئێستا بۆم باسبکە چۆن لە دایک و باوکت جیابوویتەوە؟
یاسەمین- ئێستا نا. ڕۆژێک هەموویت بۆ باس دەکەم. لەبیرت بێت لە ئەمڕۆ بەدواوە هەر ڕۆژێک گەڕایتەوە ماڵەوە ڕۆژنامەیەک بکڕیت!
بە سەرسامیەوە تەماشام کرد و گوتم:
- مەگەر خوێندەواریت هەیە؟
یاسەمین- بەڵێ. کەمێک خوێندەواریم هەیە. کاتێک ڕۆژنامەت دەکڕی و لە ماڵەوە نەبووی، بەزۆر و بەبەدبەختی هەموویم دەخوێندەوە. لە زۆربەیان تێنەدەگەیشتم، بەڵام لە ئاسانەکانیان بۆچی نا!
- منیش لە هەتیوخانە پێنج ساڵ زیاتر وانەم نەخوێندووە.
یاسەمین- کێشەی نییە. پێکەوە دەخوێنینەوە و فێر دەبین. تەواوی بەدبەختیەکانی ئێمە بەهۆی نەخوێندەواری و نەزانیەوەیە. دەبێت کارێک بەڕۆژانا بۆ خۆت پەیدا بکەیت.
- بەیانیان هەواڵ لە هیچ شوێنێک نیە کەمانچە بژەنم، دواتریش لە ئوتێل پارەکەم باشە. ئیتر چ پێویستیەکم بەوە هەیە زیاتر بزانم؟ لە زۆر هەوڵداندا جل و پێڵاوی

مرۆڤ دەدرێت.
یاسەمین- تۆ نازانیت. مرۆڤی دەوڵەمەند لە هەموو شوێنێک ڕێزی هەیە. بەو هونەرەی تۆ هەتە بە ئاسانی دەتوانی پارە پەیدا بکەیت. دەبێت چەند پارچە کاغەزێک بنووسیت کە دەتوانی خەڵک فێر بکەیت. دواتر لە دەرگای ئوتێلەکان و شوێنەکانی دیکەی بدەیت. دڵنیابە زۆر کەس دێنە لات. ئیتر ئەو کاتە بەیانیان بێکار نابیت و پارە پەیدا دەکەیت. دەبێت ماڵێک بکڕیت چونکە کرێ نشینی سوودی نییە.
لە سەرسامیدا دەمم کرابووەوە. چۆن تاکو ئێستا خۆم بیرم لەوە نەکردبووەوە؟
- ئەو شتانە چۆن بەخەیاڵی تودا دێت؟
یاسەمین پێکەنی و گوتی:
- لەو ماوەدا من زۆر کاتم هەبووە کە بیربکەمەوە.
بەکورتی سەرت نەیەشێنم، ئەو کارەی یاسەمین گوتی کردم و کارم دەست کەوت. ناونیشانی ئوتێلەکەم لە بڵاوکراوەکاندا نوسیبوو. مانگێک تێنەپەڕی کە ڕۆژێ دوو سێ قوتابی دەهاتن و هەموویان کچ و کوڕی دەوڵەمەند بوون.
پارەی باشم لێ دەسەندن و دەرامەتەکەم بوو بە دوو هێندە. هەر پارەیەکم دەبوو یاسەمین لێی دەسەندم و کۆی دەکردەوە. شەش مانگ دواتر بەپارەی پێشووتر و بەئەو پارەیەی یاسەمین کۆی کردبووەوە، لەنزیک سەرەوەی شار ماڵێکی گەورەمان کڕی.
نهۆمی خوارەوە بەدەستی خۆمانەوە بوو سەرەوەیشیمان بەکرێ دا. بەڕێکەوت ئەو کەسەی نهۆمی سەرەوەی بەکرێ گرتبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر بوو لە ڕادیۆ کاری دەکرد.
لەو ماوەیەدا چەندین جار ویستم بە یاسەمین بڵێم خۆشم دەوێت و دەمەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، بەڵام هەموو جارێک شەرم ڕێگەی نەدەدا قسە بکەم. بیرم دەکردەوە کە ئەگەر پێی بڵێم، ناچار دەبێت ڕازی ببێت و منیش حەزم نەدەکرد بەو شێوە بێت. لەخودام دەویست خۆشەویستی من بکاتە دڵی و منی خۆش بوێت.
کاتێک گەیشتینە ئێرە چیرۆکەکە، جەنابی هیدایەت دوو چایی تێکرد و جگەرەیەکی داگیرساند.
هیدایەت- نازانم بۆچی ئەم شتانە بۆ تۆ باسدەکەم. لەوانەیە ئارەزووی گوێ گرتنت نەبێت. نازانم چۆنە کە ئەوەندە حەز دەکەم لەگەڵ تۆ قسەبکەم!
- چیرۆکی ئێوە زۆر شیرینە بۆ گوێ گرتن. من چێژ دەبینم کاتێک قسە دەکەن.

هیدایەت- دەزانی کوڕم؟ ناوی من هیدایەت نیە! هەر لە خۆوە خۆم بەهیدایەت ناساند.

بەڕێز هیدایەت ئەو ڕۆژە کە ناوی ڕاستەقینەی پێ گوتم، زۆر سەرسام بووم! چەندین جار ناویم بیستبوو چونکە کەسێکی ناسراو بوو. داوای لێکردم کە ناوی ڕاستەقینەی بەهیچ کەسێک نەڵێم و هەر بەناوی هیدایەتەوە بانگی بکەم. دەیگوت کە حەز ناکەم کەس بزانێت من کێم؟ دوومیش ناوی ڕاستەقینەم ئازارم دەدات. زۆر لە مێژە خۆم ونکردەوە، مردووم و چوومەتە ژێر خاک.

کاتێک هەستام بڕۆم، هێشتا سەی داخستبوو تەماشای گوڵەکانی فەرشەکەی دەکرد. تەماشایەکی دیکەی وێنەکەی یاسەمینم کرد و بەخودا حافیزیەکی بێدەنگ لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە.

کاتێک گەیشتمە بەردەم دەرگای باخەکە، دنگی کەمانچەکەیم بیست لەگەڵ ئاوازێکی خەمگینی دەگوت. خەمێک کە لە دانە دانەی وشەکانی دیار بوو.

## بەشی هەژدەیەم

نزیکی نیوەڕۆ گەیشتمەماڵەوە. هەر کە گەیشتم و دەرگام داخست لە دەرگا درا.
- کێیە؟
- ئێمە دراوسێی نهۆمی سەرەوەین. هاتبووین بۆ ڕۆژ نشینی بەڵام بوو بەشەو. دێین بۆ شەو نشینی.
تازە بیرم کەوتەوە کە بڕیار بوو ئەمڕۆ کاوە و فەریبا بڕۆن بۆ کڕینی پێویستییەکان. دەرگام کردەوە.
کاوە- سڵاو، کوشتت؟ هیدایەت دەڵێم!
- سڵاو وەرە ژوورەوە. فەریبا لەکوێیە؟
کاوە- لە سەرەوە. خەریکن کەل و پەلەکان دادەنێن و پاکی دەکەنەوە.
- مەگەر چەند کەسن؟ کرێکارتان گرتووە؟
کاوە- باشە باشە! ئێستا ئیتر بوختان دەکەیت؟ فەرنوش خانم لە سەرەوەن.
- فەرنوش لە سەرەوە چی دەکات؟
هاتبوو بۆ لای تۆ. من و فەریبا کاتێک گەیشتین، پێکەوە ئاشنا بوون. ئێستا خەریکە یارمەتی دەدات و کەل و پەلەکان دادەنێن و دەسکاری ماڵەکە دەکەن.
فەرنوش خانم گوتوویەتی تاکو دەستم لە کاردایە سەردانێکی خوارەوەش دەکەم و دەچمە خزمەتی بەهزاد خان. گوتوویەتی کە نزیکی جەژنە و گوناحە بەتەنها جێی بهێڵم.
- من کە دونیا بەجێی هێشتووم، بهێڵە فەرنوش خانمیش بەجێم بهێڵێت.
کاوە- نەخێر. من ئەم جارەیان تکام لێ کردووە کە لێت ببورێ. گوتم ئیتر لەو جۆرە هەڵانە ناکاتەوە.

- ئێستا وەرە ژوورەوە. بۆچی لەبەردەم دەرگا وەستاوی؟

کاوە- من و فەریبا دەمانەوێت بچین نانی نیوەڕۆ بخۆین. فەرنوش خانم دەیەوێت بێتە خوارەوە. کاتێک هات نەوەڕیت ها! قاچی نەگریت ! وەک مرۆڤ بە مرۆڤ!

- تاقەتم نیە کاوە. شتێکت پێ دەڵێم ها!

کاوە- چغە خاوەن مردوو! من ئێستا دەڕۆمە سەرەوە و بەفەرنوش دەڵێم هاتوویتەوە. بیرت کۆبکەرەوە و باش قسە بکە. فەرنوش کچێکی زۆر باش و خاتونە و زۆر سادە و تێگەیشتووە. لە کەسێکی تۆی فێڵباز پەراسوویەکی زیاترە! دەڵێن ترێی باش دەستی ئاژەل دەکەوێت.

- ئاژەل خۆتی!

کاوە- دەزانی بەهزاد کە دەنگت وەک قارە قاری قەلە ڕەشە.

دەستم کرد بەپێکەنین. کاتێک ڕۆیشت، دووبارە گوتیەوە کە لەگەڵ فەرنوش نەرم و نیان هەڵس و کەوت بکەم.

چەند خولەک دواتر فەرنوش لە دەرگای دا. دەرگام کردەوە و هات دانیشت. گەرم کەرەوەکەم داگیرساند و کتریم خستە سەر و دواتر لە پاڵیدا دانیشتم.

فەرنوش- بارودۆخت باشە؟

- باشم.

فەرنوش- شتێکت پێ بڵێم باوەڕ ناکەیت بەهزاد. چوونکە تۆ ڕازی نەبووی من برۆم بۆ ماڵی پورم، میوانیەکەیان پێ نەکەوت.

لە دەرگا و دیوارەوە سیسرک و مارمێلکە دەڕژا بەسەرماندا! یەکێک لە سیسرکەکان چووبووە لای قژی پورم، خەریک بوو لە ترساندا جەڵدە لێی بدات. زۆر سەیر بوو کە ئەو هەموو گیانلەبەرە بڕیاریان دابوو پێکەوە بێنە میوانیەکەی ماڵی پورم. بەکورتی منیش لە خودام دەویست. ئەوەبوو کە لەبەر ئەوەی ترسام، هەستام و لەگەڵ ژاڵە و براکەی سیامەک هاتینە ماڵەوە.

خەریک بوو لە پێکەنیندا دەمردم، خۆم کۆنترۆڵ کرد.

- ئێستا بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ هاتووی ئەمانەم پێ بڵێیت؟

فەرنوش- بەهزاد تۆ زۆر خراپ لەگەڵ من قسە دەکەیت. ئەوە لە قسەکانی دوێنێ و ئەمەش لەوانەی ئەمڕۆ! من حەزناکەم تورە ببم و کۆنترۆڵی خۆم لەدەست بدەم، بەڵام تۆ مرۆڤ دەوروژێنیت.

- باشە توورە ببە خانمی دەوڵەمەند. بەدڵنیاییەوە کاتێک کۆنترۆڵ لەدەست

دەدەیت بەکورە پورەکەت بەهرام خان دەڵێی بێت و بکاتە خزمەتم، وایە؟
زۆر بێزار بوو. زەق زەق تەماشای دەکردم و دواتر سەری دانەواند. بیرم کردەوە کە ئێستا هەڵدەستێت و دەڕوات.
بەڵام خولەکێک دواتر گوتی:
- بەهزاد تۆ چیتە؟ بۆچی بەم شێوەت لێ هاتووە؟ لە دوێنێوە دەڵێی تۆیان بردووە و بەهزادێکی دیکەیان لە جێگەت داناوە! ئەگەر من بڕۆم ئیتر من نابینیتەوە! ئەوکاتە خەفەت دەخۆی ها!
- من شتێکم نیە تاکو لە دەستی بدەم.
فەرنوش- واتە من لەلای تۆ هیچ بایەخێکم نیە؟!
سەرم داخست و وەڵامم نەدایەوە.
بەلای خۆیشمەوە سەیر بوو کەوا چۆنە لەپڕ ئەوەندە دڵ ڕەق و خۆ بەگەورەزان بووم. ئارەزووم دەکرد لەگەڵی نەرم بم، بەڵام نازانم بۆچی شتێک لە ناخمدا ڕێگەی دەگرت.
لەو کاتەدا ئاوی ناو کتریەکە گەرم بوو، دەنگی کتریەکە هات.
فەرنوش هەستا و کتریەکەی هەڵگرت و سەرقاڵی چایی لێنان بوو. منیش لەژێرەوە تەماشام دەکرد و چێژم دەبینی. کارکردنی فەرنوش لەماڵی مندا زۆر بەلامەوە جوان بوو. واتە ژوورەکەی جوان کردبوو. تاکو چاییەکە کولا، خۆم بەدەرهێنانی کتێبەکانەوە سەرقاڵ کرد.
چەند خولەک دواتر چایی تێکرد و لەگەڵ شەکردا هێنای، لە بەردەمی مندا داینا و بەجۆرێک گوتی:
فەرنوش- فەرموو کاکی تووڕە! ئەو چاییە تام بکەن، لەوانەیە خۆشەویستی من دووبارە بێتەوە ناو دڵت.
- خۆشەویستی ئێوە لە دڵی مندا نەڕۆیشتووە تاکو دووبارە بێتەوە ناو دڵم.
فەرنوش- دەی کەواتە بۆچی لەگەڵ مندا ئەوەندە کینە و هەرا دەکەیت؟
- لەبەر ئەوەی حەزناکەم بچیتە ماڵی پورت. هەر پێم خۆش نیە بەهرام لەگەڵ تۆدا قسە بکات.
فەرنوش هاتە لام دانیشت و بزەیەکی کرد. دواتر گوتی:
- پێم خۆشە کاتێک حەسوود دەبیت!
- من هەرگیز حەسوود نیم. شتێک لەگەڵم ناگونجێ حەسوودیە؟!
پێکەنی.

فەرنووش- بەهزاد گیان تۆ ئاگاداری هەندێک لە شتەکان نیت. من ئەگەر نەرۆیشتمایەتە ماڵی پورم، بەکورتی تەلەفوونی دەکرد بۆ دایکم و بۆردوومانی دەکردم.

دواتر دەیگوت کە هێشتا هیچ نەبووە قاچی خوشکەزاکەم لە ماڵی پوری بڕیوە. وای لەو کاتەی ئەو کوڕە هاوسەرگیری لەگەڵ فەرنوش دەکات! ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە ڕێگەیش نادات سەردانی دایکیشی بکات. ئێستا زانیت کە بۆچی دەمویست دوێنێ شەو بڕۆم؟

بیرم کردەوە کە ئەو کچانە لە مێشکیاندا بیر لەچی دەکەنەوە! کاتێک زانی من بێدەنگم، دووبارە گوتی:

فەرنوش- بەهزاد من تۆم زۆر خۆش دەوێت و شەرمەزار نابم ئەگەر ئەوەت پێ بڵێم. واتە قسەی دڵمت پێ بڵێم. تۆ دەبێت ڕێگە بدەیت من کاری خۆم بکەم. مەگەر تۆ ناتەوێت من لەگەڵ تۆدا هاوسەرگیری بکەم؟

- من لە خودام دەوێت تۆ تەنها بۆ من بیت. بەڵام کاتێک یەکێک پێمان دەڵێت هاوسەرگیری من و تۆ ڕێک ناکەوێت، کارەکان ڕێک نابن.

فەرنوش- تۆ ئەو شتانە بدەرە دەستی من . ئیتر تۆ کارت بەسەر ئەوەوە نەبێت. من خۆم باشت دەزانم دەبێت چی بکەم. بەو مەرجەی من هەرچیەکم گوت تۆ گوێ ڕابگری. ئێستا ڕووگرژیت لابەە و کەمێک پێ بکەنە. کەسێک ئەگەر تۆ نەناسێت، بیردەکاتەوە من بەزۆر دەمەوێت ببمە ژنت!

پێکەنیم و گوتم:

- زۆر خۆم ڕاگرت نا؟

فەرنوش- زۆر! مردم تاکو پێکەنین هاتە سەر لێوت.

تەماشای چاوەکانیم کرد و گوتم:

- تەماشاکە فەرنوش گیان. دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم. من لەڕووی داراییەوە زۆر لاوازم، بەڵام وەک دەڵێن بەخشیش هەوڵی دەوێت بەڵام ڕازی نەبوون بەبەخشیش لە خودی بەخشیشەکە زیاتر هەوڵی دەوێت.

باوکی کاوە چەندین جار ویستوویەتی کە ئۆتۆمبیل و شوقە و پارە و ئەو شتانەم پێ بدات، بەڵام ڕازی نەبووم. بێ پارەم بەڵام سوالکەر نیم. من زۆر شتم لە ژیاندا تێپەڕاند.

پارەی باش، ژیانی باش، تەنانەت خواردنێکی خۆش!

ئەوانە هەمووی لەبەر ئەوەیە کە دەمویست نەفس بەرزیم بپارێزم، ئەگەرنا

هەموو ئەو شتانە بەئاماژەیەک ڕێک دەخرێت بۆم!
هەر ئەوە جەنابی هیدایەتەی پێکدادانت کرد لەگەڵی. چەند جار ویستوویەتی کتێبی دەست نووس و زۆر بەنرخم پێبدات. یان بۆ نموونە چەند ماوەیەک پێش ئێستا دەیگوت هەرکام لەو تابلۆیانەم دەوێت، هەڵی بگرم و بیبەم بیفرۆشم. بەپارەی هەر یەکێک لەوانە دەکرا چەند شوقەیەک بکڕێت، بەڵام من ڕازی نەبووم.
ئێستا لەو بار و دۆخەی مندا کاتێک تۆ کارێک دەکەیت، وەک ڕۆیشتن بۆ ماڵی پورت! دڵی من دەشکێت چونکە وەک کوڕی پورت زێڕ و زیوم نیە.
بەخودا کاتێک لە تەنهایدا دادەنیشم و بیردەکەمەوە دڵم زۆر دەگیرێت! نەک لەبەر ئەوەی بیر لە ئەوە بکەیتەوە پارەم بۆ خۆم بوێت نا هەرگیز!
حەزم دەکرد دەوڵەمەند بم تاکو هەموو شتێکت بۆ دابین بکەم. حەزم دەکرد دەوڵەمەند بم تاکو کاتێک دەهاتمە خوازبێنیت، کەس هەژاری و نەداری نەداتەوە لە ڕووم. حەزم دەکرد دەوڵەمەند بم تاکو کاتێک دەچوومە بیرکردنەوە، ئەو بیرەی لەوانەیە تۆ نەدەن بەمن، وەک خۆرە نەداتە گیانم. منیش حەزم دەکرد کە ئۆتۆمبیلی زۆر باش بێم بەدواتدا و بتهێنمە دەرەوە و بتبەمە باشترین ڕێستورانتەکان!
تورەی قورگمی گرتبوو، قسەکردن بۆم سەخت بوو. سەرم دانەواند و گوتم:
- فەرنوش من لەم دونیایەدا دڵم بەهیچ شتێک خۆش نەکردووە و دڵم بەهیچ شتێک نەبەستووەتەوە، دەزانیت بۆچی؟ چونکە ناتوانم ئەو شتانەم هەبێت.
هەمیشە ئەگەر خودا مۆمێکی لە دڵمدا هەڵکردبێ، کوژاندوومەتەوە. هەر دەنگێک لە دڵمدا بەرز بووەتەوە بێدەنگم کردووە. زۆر لەمێژە ئەم دڵە کز و سیس بووە.
ئێستا لە پاش هەموو ئەو ماوەیە دڵم بەتۆ بەستووە. ئەگەر ڕۆژگار تۆم لێ بستێنێت ئیتر هەبوون و نەبونی ئەو دڵە بۆ من جیاوازیەکی نیە.
چاییەکەم هەڵگرت بەناوی خواردنەوەیەوە. تورەیی خەریک بوو بێدەنگی دەکردم، خستمە خوارەوە.
سەرم بەرز کردەوە و بینیم کە فەرنوش تەماشای من دەکات، فرمێسک لە چاوەکانی دێتە خوارەوە. کوپەکە لە دەستم کەوتە خوارەوە و بارودۆخم تێک چوو، دەت گوت لە دڵمدا جل و بەرگ دەشۆن.
- خودا بمکوژێت! من گیانم دەدەم تاکو درک نەچێت بەپێی تودا، ئێستا خۆم خستمیتە گریان؟

فەرنوش- بەهزاد من جگە لەتو کەسی دیکەم ناوێت.

من دەزانم کە تۆ ئەوەندە بەڕەوشتی لەماڵی دونیا تێپەڕیوە. ئەو ڕۆژەی لەجێگەی من خۆت دا بەدەستەوە. لەگەڵ ئەوەی کە دەتزانی جەنابی هیدایەت لەوانەیە بمرێت. هەر ئەوکاتە تەواوی ماڵی دونیات ڕژاندە ژێر پێی منەوە.

بەهزاد من تۆم هەر بە ئەو شێوەیە دەوێت. بە پارەی کەم، بەڵام خۆشەویستی و پیاوەتیەکی زۆرەوە. تۆ ئەگەر خۆتت بفرۆشتایە، ئیتر تۆم نەدەویست. تەنها دەمەوێت خۆشت بوێم، لەگەڵمدا بیت و تەنهام نەکەیت.

- فەرنوش تۆ ئەگەر منت بەوشێوەیە بوێت ئەوا لەگەڵتدا دێمەوە هەموو شوێنێک و بەجێت ناهێڵم و تەنهات ناکەم. خەمەکانت بەگیانم دەکڕم و خۆشیەکانم فیدای تۆ دەکەم. لەگەڵ تۆ بووندا بۆ من وەک ڕۆژە و بێ تۆیی وەک شەوە. من شتێکم نیە پێشکەشتی بکەم، گیانم پێشکەشی تۆ بێت فەرنوش.

نیو کاتژمێر دواتر لەگەڵ فەرنوشدا بەرەو ماڵەوەیان بەڕێ کەوتین. فەرنوش بەپێ هاتبوو بۆ ماڵەکەی من. بەپێ گەیاندمەوە ماڵەوە.

کاتێک بەڕێگەدا دەڕۆیشتین گوتی:

فەرنوش- بەهزاد ئاگاداری خۆت ببە. بەهرام زۆر حەزدەکات ماڵتان بزانێت و نازانی چی لە مێشکیدایە.

- باشە ناونیشانەکەی پێبدە. لەوانەیە بیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات. بۆچی نیگەرانی؟ من منداڵیکی چواردە ساڵان نیم کە بەڵایەک بەسەرمدا بهێنێت.

فەرنوش- تۆ سەیری خۆت کردووە! بەهرام کوڕیکی شەڕانی و لات و دەم شڕە.

- دووبارە گرنگ نییە. تۆ ناونیشانەکەی منی پێبدە، لە کۆتایدا بەهەر شێوەیەک بێت لە زمانی یەکتری دەگەین.

فەرنوش- لەپڕ دێتە بەردەم ماڵەکەت و ئابڕووت دەبات!

- یەکەمین کە توانای ئەو کارەی نیە. دووەمیش لەم وڵاتەدا یاسا هەیە. مەگەر هەر کەسێک حەزبکات دەتوانێت بڕواتە بەردەم ماڵێک، بەزۆر کەسێک بهێنێتە دەرەوە؟ تۆ بەهرامت زۆر گەورە کردووە.

فەرنوش- لەگەڵ تەواوی ئەو قسانەی کردت. من ناونیشانی پێنادەم.

- باشە خۆم ڕۆژێک پەیوەندی پێوە دەکەم و بانگێشتی دەکەم بۆ ماڵەوە!

فەرنوش- بەڵێ. هەر ئەوەت مابوو ئەنجامی بدەیت. لەگەڵ بەهرام لەسەر سفرەیەک دابنیشن، خوێنی یەکتر بخۆن. تۆ بیرتکردۆتەوە کە بەهرام لە قسەی خۆش تێدەگات؟

ئەوەندە مندالێکی شەڕەنگێزە کە لەزانکۆ دەریان کردووە.

- زۆر باشە بانگێشتی ناکەم بۆ ماڵەوە بەڵکو ڕۆژێک خۆم بۆ نیوەڕۆ دەچم بۆ ماڵیان!

فەرنوش پێکەنی و گوتی:

- ئەوەیان بۆ ئەو ئاسانترە. شتێک دەکاتە ناو خواردنەکەت و ژەهر خواردت دەکات!

- بەو بۆنەیەوە کاوە بیرۆکەیەکی هەیە. دەڵێت کە پێکەوە ڕۆژێک بەهرام دەبەینە دەرەوە و سەری لێدەکەینەوە! دواتر سەری دەخەینە بەردەمی سەگەکان!

پێکەوە دەستمان کرد بەپێکەنین.

فەرنوش- بیرۆکەکانی کاوە وەک بیرۆکەکانی شێتە.

- هەموو ئەوانە خەتای تۆیە فەرنوش!

فەرنوش- خەتای من؟!

- بەڵێ. ئەگەر لەو میوانیانەدا ئەوەندە جلی جوانت لەبەر نەکردایە، بەهرامی بەدبەخت دێوانە نەدەبوو تاکو بیەوێت من لە مەیدان بکاتە دەرەوە!

تۆ خۆت بەڕادەی پێویست جوان و قەشەنگی، خودای گەورە لە دروووستکردنی تۆدا هیچی فەرامۆش نەکردووە. هەر بەو شێوەیە باوکی من و بەهرامت دەرهێنا، چ بگات بەوەی دەست بدەیت لە رووخسارت!

فەرنوش بەپێکەنینەوە گوتی:

- ئەوانە دەخەمە سەر پێداهەڵدانەکانت؟ تۆ هەم باش دەزانیت بەمندا هەڵبدەیت و هەمیش قسەکانت بکەیت. لە خزمەتتدا بڵێم، من هیچ ئارایشتێک ناکەم بەڵکو ئەوە رووخساری سادەی خۆمە.

- ڕاست دەڵێی فەرنوش؟

فەرنوش- بەڵێ بەخودا من هەرگیز ئارایشت ناکەم.

- خودا بەفریای من بگات ئەگەر تۆ ئارایشت بکەیت. ئەوکاتە دەبێت کار و ژیانم بخەمە لایەک و یەک بەیەکی ڕکابەرەکانم ببەمە دەرەوەی شار و بیان خەمە بەردەمی سەگەکان!

کاتێک ئەوەم گوت، لەپڕ بینیم ڕەنگی فەرنوش پەڕی و بارودۆخی تێکچوو!

فەرنوش- بەهزاد گیان تۆ بگەڕێرەوە ماڵەوە، ئیتر گەیشتین. تۆ بڕۆ من خۆم ئەم کامە ڕێگەیە دەڕۆم.

سەرسام بووم چونکە گەیشتبووینە سەری کۆڵانەکەیان و گوتم:

- ناتەوێت دراوسێیەکان پێکەوە بمان بینن؟
فەرنوش- نەخێر تۆ برۆ دواتر خۆم پێت دەڵێم.
لام کردەوە و تەماشای بەردەم ماڵیانم کرد. بەهرام و بەهناز لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا لەبەردەم ماڵی فەرنوش وەستابوون و تەماشای ئێمەیان دەکرد.
تەماشای ڕووخساری فەرنوشم کرد ترسی لێ دەباری!
- ئەگەر تۆ لەبەر خۆت دەڵێیت باشە. من قسەیەکم نیە و دەڕۆم، بەڵام ئەگەر نیگەرانی منیت ئەوا ڕێگەبدە تاکو بەردەم ماڵتان بتگەیەنم.
فەرنوش- من نیگەرانی تۆم بەهزاد. ئەگەرنا هیچی دیکە بۆ من گرنگ نییە.
- ئێستا کە بەوشێوەیە، بەهێزانە بەڕێکەوە بڕۆین. لەهیچ شتێک مەترسە، من لێرەم خەیاڵت ئاسوودە بێت. لەوانەیە ئیتر پێویست نەکات بەهرام بانگێشت بکەم بۆ ماڵەکەمان.
فەرنوش- باشە، هەرچییەک تۆ بڵێی. هەرکارێک تۆ بڵێیت من ئەنجامی دەدەم بەهزاد. بۆئەوەی تێبگەیت چەندە خۆشم دەوێی.
بەڕێکەوتین و کاتێک گەیشتینە لای بەهرام و بەهناز، من سڵاوم لە بەهناز کرد.
بەهناز- سڵاو بەهزاد خان. زۆر سوپاست. بارودۆخی ئێوە چۆنە؟ باشن؟
بەهرام بەئەنیشک کێشای بەکەلەکەی بەهناز و گوتی:
بەهرام- لەبەرچی هەواڵ پرسی لێدەکەیت؟
دواتر ڕووی کردە من و گوتی:
بەهرام- مەگەر بەتۆم نەگوتبوو ئەگەر جارێکی دیکە لەم ناوەدا بتبینم چیت لێدەکەم؟
- منیش لە خزمەتی ئێوەدا گوتم ئەگەر جارێکی دیکە منتان بینی دەبێت لەبیری شتێک بۆ خۆتان بن!
بەهرام- دەڵێی تۆ لە زمانی مرۆڤ تێناگەیت؟
- من لەقسەکانی ئێوە تێناگەم، ئەگەرنا لە زمانی مرۆڤەکان باش تێدەگەم و دەزانم کە دەبێت بەچ زمانێک لەگەڵیان قسە بکەم.
بەهناز- بەهرام وەرە بڕۆین. ئەم کارانە ناشرینە.
بەهرام- تۆ قسە مەکە.
دواتر ڕووی کردە فەرنوش و گوتی:
- ئێستا مافی خۆمە هەرکارێک دڵم بیەوێت بیکەم؟
فەرنوش- تۆ لەگەڵ بەهزاد قسە بکە. هەرچییەک بەهزاد گوتی ئەوا قسەی منیش

فەرنەوە دەبێت.
بەهرام- لەکەیەوە تاکو ئێستا مرۆڤی زیندوو پارێزەری بۆ قسەکردن پەیدا کردووە؟
فەرنوش- پارێزەر نا، هاوسەر!
لەناخی دڵەوە تەماشام کرد و گوتم:
- فەرنوش گیان ئێوە برۆنە ماڵەوە. نیگەرانیش نەبێت برۆ.
فەرنوش ماڵئاوایی لە من و بەهناز کرد و ڕۆیشتە ماڵەوە، دەرگاکەی لەدوای خۆی داخست. مابووینەوە ئەو سیانەمان و من ڕووم کردە بەهرام و گوتم:
- ئێوەیش بەهرام خان ئەگەر قسەیەک یاخود کارێکتان هەیە، تکایە وەرن بۆ دوو کۆڵان ئەولاتر لەوێ بەئاسوودەیی قسەدەکەین. بەهناز خانم تکایە ئێوەش برۆن. درووست نیە ئەو قسانە بەئامادەبوونی خانمەکان بکرێت.
بەهرام- تۆ کارت بەسەر خوشکی منەوە نەبێت.
بەڕێ کەوتم و گوتم:
- بەهەر حاڵ من کەمێک لە ئەولاتر چاوەڕێی ئێوە دەبم تاکو ئەگەر کارێکتان بەمن هەبوو لە خزمەتتاندا دەبم.
بەڕێ کەوتم و ڕۆیشتمە سەر کۆڵانەکە وەستام. بەهرام کەمێک چاوەڕێی کرد، دواتر لەگەڵ بەهناز سواری ئۆتۆمبیل بوون و هاتنە سەر شەقامەکە.
کاتێک دەیویست دابەزێت، بەهناز بەگریانەوە دەستی گرت و نەیهێشت بەهرام لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزێت. بەهرام وەک بڵێی بەلایەوە خراپ نەبوو لەناو ئۆتۆمبیلەکەوە قسە لەگەڵ مندا بکات. جامەکەی هێنایە خوارەوە و گوتی:
بەهرام- ئەمە جاری کۆتایت بێت. ئەم جارەیان کارم بەسەرتەوە نییە. بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە......
ڕێگەم نەدا قسەکەی بکات و گوتم:
- تکادەکەم بیر لە من مەکەنەوە. هەر لە ئێستاوە با ئیتر کارمان بەسەر یەکەوە نەبێت.
زەق زەق تەماشای کرد و دەیویست جامی ئۆتۆمبیلەکەی بباتە سەرەوە کە ئەم جارەیان من دەستم پێکرد.
- بەهرام خان. هەرکەسێکی لات دەزانێت چۆن سەر و پێ و شان و باڵ دەربکات. باش گوێیەکانت بکەرەوە و بزانە چی دەڵێم!
ئەگەر جارێکی دیکە ببیستمەوە کە شاخ و باڵت بۆ فەرنوش دەرکردووە. دێمە

بەردەم ماڵتان تۆ دەهێنمە دەرەوە و ئەوکات دەزانێت کێ ددانی ئەوی دیکەیان دەهێنێتە دەرەوە. فەرنوش کچێکی گەورەیە و خۆی دەتوانێت بڕیار بدات کە کێی خۆش دەوێت!

ئەگەر ڕێزت دەگرم، ئاگاداربە. بهێڵە فەرنوش خۆی بڕیاربدات. لەبیرت نەچێتەوە کە ئەمڕۆ چیم گوت بەتۆ چونکە منیش وەک تۆ جارێکی دیکە مۆڵەتت پێ نادەم!

جامەکەی بەرز کردەوە و بەخێرایی گازی دا بەئۆتۆمبیلەکەی و ڕۆیشت. لەو هەموو لات و پوتیە تەنها کەمێک خاک و خۆڵ مایەوە!

بەهێواشی و لەسەرخۆ بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتم. لە ڕێگەدا بیرم لەخۆم دەکردەوە و نەمدەزانی ئەو کارەی کردم، باش بوو یاخود خراپ. نیو کاتژمێر بۆ سێ چارەک درێژەی کێشا تاکو گەیشتمەوە ماڵەوە. هێشتا نەچووبوومە ژوورەوە کە لەدەرگا درا. فەریبا بوو!

فەریبا- سڵاو بەهزاد خان. بارودۆختان چۆنە؟

- سڵاو فەریبا خانم. ئێوە چۆنن؟ بەداخەوە ببورن کە ئەمڕۆ زوو نەهاتمەوە و یارمەتیتان بدەم.

فەریبا- ئێوە و کاوە خان بەڕادەی پێویست چاکەتان کردووە. ببوورن، فەرنوش خانم لەسەر هێڵە و کاری بەئێوەیە. فەرموو وەرنە سەرەوە.

- ئەی بابە. هێشتا هیچ نەبووە بووینە ئەرک بەسەرتانەوە.

فەریبا- تو خودا شەرم مەکەن. فەرموو تکادەکەم.

پێکەوە چووینە سەرەوە و وەڵامی تەلەفونەکەم دایەوە.

فەرنوش- سڵاو بەهزاد باشیت؟ هیچ بووە؟ بۆچی نەهاتیت هەواڵم پێ بدەیت دواتر بڕۆیتە ماڵەوە؟ دڵم بۆ هەزار شوێن چوو. بەدڵنیاییەوە دەزانم کە ئێستا پەستیت. ئەو کوڕە لاتە زۆر بێڕەوشتە. سوپاست کە ڕێگەت نەدا لەبەردەم دەرگا دەنگ و هەرا درووست ببێت.

تۆ کە گوتت بڕۆرە ماڵەوە منیش ڕۆیشتم لەپشتی دەرگاکەوە گوێم بۆ قسەکانتان ڕاگرت.

تاکو ئەو شوێنە گوێم لێبوو کە تۆ چوویتە سەری کۆڵان. کاتێک تۆ چووینە ئەوێ دڵم وەک سرکە دەکوڵا. خۆم ئاگاداری هەموو ڕووداوەکەم، بەڵام حەزدەکەم خۆت بۆمی باس بکەیت کە چی بووە.

ئەلو بەهزاد لەوێیت؟ بۆچی قسە ناکەیت؟

- بەڵێ لێرەم.

یاسەمین

فەرنوش- کەواتە بۆچی هیچ ناڵێیت؟

- بەخودا دەنگت ئەوەندە شیرین و خۆشە کە حەزم نەدەکرد قسەکانت ببڕم.

فەرنوش- واتە قسەم زۆر کرد؟ بەڵام زۆر دڵم بۆت تەنگ ببوو.

- دڵ وابەستەیی تۆ بۆ من، هیوای ژیانە!

فەرنوش ماوەیەک بێدەنگ بوو، دواتر گوتی:

- بەهزاد هیچ کاتێک بیرم نەدەکردەوە کەوا تۆ ئەوەندە بە لەسەر خۆیی و ئارامی بتوانیت کەسێکی وەک بەهرام لە جێگەی خۆی دابنێیت. دەستەکانت خۆش بێت. تۆ ڕاستت دەگوت من بەهرامم زۆر گەورە کردبوو.

- فەرنوش لەوێدا تەنها من و بەهرام و بەهناز بووین. تۆ ئەو شتانە لەکوێ دەزانیت؟

فەرنوش- جارێکی دیکە بەتۆم گوتبوو، ژنەکان ئەگەر بیانەوێت لە هەموو شتێک ئاگادار دەبن!

- بەهەرحاڵ. هەرکاتێک بێزاری کردیت، ئاگادارم بکەرەوە باشە؟

فەرنوش- باشە بەڵام تۆیش ئاگاداری خۆت ببە. بەهرام کەسێکی باش نیە!

- بەسەر چاوم.

فەرنوش بەپێکەنینەوە گوتی:

- چاوت بێ بەلا بێت گیانم.

هەردووکمان پێکەنین و خودا حافیزیمان کرد.

فەرنوش- لە پێداهەڵدانەکانت سوپاستت دەکەم.

- منیش سوپاستی دڵەڕاوکێی و دڵ وابەستەیت دەکەم.

تەلەفۆنەکەم داخستەوە. کاتێک لام کردەوە سوپاستی فەریبا بکەم و داوای لێبووردنی لێبکەم، بینیم پاڵی داوە بەدیوارەکەوە و بەپێکەنینەوە تەماشای من دەکات.

پێکەنیم و سەرم داخست، شەرمەزار بووم.

فەریبا- زۆرت خۆش دەوێت، نا؟ فەرنوش کچێکی قەشەنگە.

- بەڵێ زۆر. ئەوەندە خۆشم دەوێت کە لە سەرەتاوە دەمەویست لەسەر ڕێگەی لاچم تاکو نەبمە ڕێگری خۆشبەختیەکانی.

فەریبا- فەرموو دابنیشن.

تەماشای چواردەورم کرد. بینیم کاوە هەموو شتێکی کڕیبوو و هێنابووی بۆ فەریبا.

ڕێکخستووە.
- پیرۆزتان بێت، ئێرەتان زۆر جوان ڕێکخستووە.
فەریبا- کاوە خان بەڕاستی شەرمەزاری کردووم.
مۆبیلی نوستن و سەلاجە و غاز و بەکورتی هەموو شتێک! تەنانەت ڕازی نەبوو بەقسەکانی من کە فەرش بکڕین. تەماشابکەن! ئەو قالییەی زۆر بەگران کڕی.
من کە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆم هەر نەدەویست. ڕۆیش تەلەفیزیۆنێکی گەورە و دەستگا و ڕادیۆ و نازانم چی؟ ئەها! چەند سیدیەکی بۆ کڕیم.
بەهزاد خان بەخودا من نازانم لە بەرامبەر ئەو هەموو چاکەیەدا چی بکەم. شەرمەزار دەبم ئەگەر قسە لە قسەیدا بکەم. بەهزاد خان من زۆر تەنهام و لەدوای خودایش جگە لە کاوە و ئێوە هیچ کەسێکم نیە. من لەم نێوانەدا ماومەتەوە کە چی بکەم!
هەموو ئەو شتانە قبوول بکەم و هەر بەوشێوەی ئێوە ئەتانەوێت بەردەوامی بەوانەکانم بدەم یان سەرم داخەم و لێرە و لە کاوە و لە ئێوە و لە خۆم و لە هەموو شتێک ڕابکەم!
بیر لەخۆم دەکەمەوە کە ئەگەر بێت و من لەزانکۆ وەربگیرێم، تاکو بڕوانامەیەک یان شتێک وەرگرم و کارێک پەیدا دەکەم و قەرەبووی هەموو زەحمەتەکانتان بکەمەوە، بیست ساڵ درێژە دەکێشێت!
لانی کەم ئەوەی کە بڕۆمە زانکۆ و وانەکانم تەواو بێت، پێنج بۆ شەش ساڵ کاتی دەوێت. تاکو ئەو کاتە دەبێت ببمە ئەرک بەسەر کاوە خانەوە ؟
ئەگەر ساڵێکی دیکە یان دوو ساڵی دیکە ئەو ویستی هاوسەرگیری بکات، بەوشێوەی لێ دێت کە ئیتر نەتوانێت یارمەتی من بدات. ئەو کاتە چی بکەم ؟
ئەو بیرکردنەوانە خەریکە شێتم دەکات. کاتێک تەماشای ئەم ماڵە و کەل و پەلەکانی دەکەم یان کاتێک بیر لە ئێوە و کاوە خان دەکەمەوە کە خەریکن ئاگاداری من دەبن، دڵم گەرم دەبێت و هیوام بەژیان دەبێت. بەڵام کەمێک دواتر بیرێک دێتە مێشکمەوە و من دەترسێنێت!
خەریک بوو دەستی دەکرد بەگریان. لەسەر مۆبیلەکە دانیشت و سەری خستە ناو دەستەکانی وەک ئەو کاتەی تازە دایکی مردبوو. بەلەسەخۆیی دەگریا. زۆر دڵم بۆی دەسووتا.
لەسەر مۆبیلەکە دانیشتم و گوتم:
- یەکەم کە ئێوە تەنها نین چونکە من ئێوە وەک خوشکی بچووکم تەماشا دەکەم. هیوادارم شایستەی ئەوەبم کە ئێوە بەچاوی برا تەماشام بکەن. دووەمیش

ئەوەی کە ئەگەر ڕۆژێک کاوە بەهەر هۆیەک نەیتوانی یارمەتی ئێوە بدات من لەجیاتی ئێوەم.

کاوە کوڕێکی زۆر باش و بەڕێزە و لە هاوڕێیەتیدا پشتیوانتە و دەکرێت متمانەی پێبکرێت دڵنیابن. ئێوەش نابێت ڕێگە بدەن ئەو بیرانە بەخەیاڵتاندا بێت و پشت بەخودا ببەستن. بەدڵنیاییەوە خۆی ویستوویەتی بەم شێوەیە بێت. لە کۆتایدا کاتێک دێت ئێوە بتوانن زۆر شت قەرەبوو بکەنەوە. ئێستا نەوەک دەربارەی کاوە، سۆزی ئەو دەستی جوڵاند.

منیش وەک ئێوەم! ئاشنام لەگەڵ ناڕەحەتی و تەنهایی و بێکەسی و نەداری و بەدبەختیدا، غەریبە نیم. ئێستا ئێوە مەگرین. خۆتان بدەنە دەستی خودای گەورە و ڕێگە بدەن ڕۆژگار کاری خۆی بکات. چونکە ئەگەر بەوشێوەیە بیربکەنەوە کە تەواوی ئەو ڕووداوانە بەویستی خودای گەورە بووە، ئیتر ئارام دەبمەوە.

ماوەیەک دەبوو تەماشای دەکردم. دواتر فرمێسکەکانی پاک کردەوە و پێکەنی.

فەریبا- با هەستم چایتان بۆ بهێنم.

کاتێک بەرەو چێشتخانە دەڕۆیشت، لە نیوەی ڕێگەدا وەستا و گوتی:

- سوپاستت دەکەم بەهزاد خان. قسەکانی ئێوە زۆر ئارام کەرەوە بوو. ئارامی کردمەوە.

ئێوە بەشێوەیەک ئارام بەڵام بەهێزانە قسەدەکەن کە لەناخی مرۆڤەکان جێگەی خۆی دەکاتەوە.

دواتر بەرەو چێشت خانە ڕۆیشت. خولەکێک دواتر زەنگی دەرگا لێدرا. فەریبا وەڵامی دایەوە کاوە بوو.

هاتە سەرەوە وەک هەمیشە شپرز و پڕ لە دەنگ و هەرا. هەرکە گەیشتە سەرەوە گوتی:

کاوە- سڵاو پاڵەوان! دەستی چاکەکاری! ئێستا ئیتر بەتەنها ناوچەکە دەپارێزی؟ سنگت دێنیتە پێشەوە و خاک دەکەیت بەسەری مندا؟! بیستبووم جیا بۆتەوە؟ بەهرامی بێچارە خەمی تەنهایی گرتووە و چووەتە گۆشەی ماڵەوە. ڕیسوات کردووە.

بڵێ بزانم تۆ هەمان بەهزاد خانی لاواز نیت؟ ڕۆیشتم لە ژوورەکەت نەبووی، گومانم کرد؟!

- بابە وەرە ژوورەوە. بۆچی لە بەردەم دەرگا وەستاویت و هاوار دەکەیت کوڕە؟

هەوا تاریک بوو سمێڵتانم نەبینی.
کاوە- ببورن سامسۆن خان! هەوا تاریک بوو سمێڵتانم نەبینی.
- من خۆ سمێڵم نییە.
کاوە- داوای لێبووردن دەکەم دلاوەر! بازووەکانتم نەبینی. باشە پاڵەوان تۆ کەی لەلای ئەو سیسرکەیە بوویت؟ هەر لەخۆتەوە سەری دەبڕیت و دەیخەیتە بەردەمی سەگەکان بیخۆن!
- تۆ لەکوێ ئەوانەت زانی؟
کاوە- ڕێگە بدە بێمە ژوورەوە، دەیڵێم.
پێڵاوەکانی داکەند و هاتە ژوورەوە.
کاوە- ببورن فەریبا خانم، سڵاوکردنی ئەو شەعبان خانەی ئێمە، سەری چوار بازاڕی شەق کردووە! خەیاڵی ئێمەیش پەرش و بڵاو بووە ببوورن.
فەریبا کە بەقسەکانی کاوە پێدەکەنی، بەسینیەک چاییەوە هاتە پێشەوە.
- بەڕاستی کاوە تۆ لەکوێ زانیت؟
کاوە- بەهزاد، دەڵێی ئەو بەهنازە شتێکی هەیە ها! هەڵەم نەکردبێت چاوەکانی تۆی گرتووە!
- دووبارە لە پاشەملە باسی خەڵکیت کرد؟
کاوە- بەڵام تۆ بڵێ. ئابڕووی براکەی بردووە، ئەو کاتە ئەمەیان خۆشحاڵە! هەرکە گەیشتۆتە ماڵەوە پەیوەندی کردووە بەفەرنوشەوە و هەموو شتێکی گوتووە. ئەویش پەیوەندی بەژاڵەوە کردووە و ژاڵەش بەدایکی گوتووە و پوریشم بەدایکم و دایکیشم بەمن و منیش بەتۆی دەڵێم! باشترە تویش بەفەریبای بڵێیت فەریبایش بەفەرنوش و فەرنوش بەژاڵە و ژاڵە بەدایکی و ...
- بەسە ئیتر مێشکت بردم! سەرمان داکەوت.
کاوە- ئەمە دەڵێم و ئیتر قسە ناکەم باشە؟
- بلێ.
کاوە- دایکیشی کە پوری منە بە منی بڵێت و منیش بەتۆ و تۆیش بەفەریبا و فەریباش بە..
- لال بیت کاوە! لانی کەم لەلای فەریبا خانم ئاگاداری خۆت بە.
فەریبا پێکەنی و چووە چێشتخانە میوە بێنێت، کاوە بەهێواشی گوتی:
-دووبارە دەربارەی دایک و گۆڕستان و ئەو شتانە قسەت کردووە؟ چاوەکانی فەریبا سوور بووە!
- فەرنوش پەیوەندی بەئێرەوە کرد و فەریباش منی بانگ کردە سەرەوە. لەپاش

یاسەمین

پەیوەندییەکە کەمێک دەردە دڵی کرد و منیش دڵیم دایەوە.
کاوە- خودایە من لەدەوری گەڕێم!!
زەق زەق تەماشام کرد، گوتی:
- بەدوای ژوورێکی گەورەتر بۆ تۆ!
فەریبا بەقاپێک میوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و خستیە سەر مێزەکە و گوتی:
فەریبا- چاییەکەتان سارد بووەوە، بیگۆم؟
کاوە- خودایە ئەم چاییە کۆتا چایی ئێمە بێت کە سارد دەبێتەوە تا ئێوە نەکەونە زەحمەتەوە.
- زەحمەت مەکێشن فەریبا خانم، ئێمە لەسەر ئیزنتان دەڕۆین.
فەریبا- نا تو خودا! لە تەنهایدا شێت و بێزار دەبم. تازە دەمویست تکاتان لێبکەم زیاتر بێنە ئێرە و لەدەوری یەکتری کۆببینەوە باشترە. منیش زۆر بیرناکەمەوە و ئاسوودەترم.
کاوە- دەرد و بەڵات بکەوێت لە سەری ئەو بەهرامە بێڕەوشتە.
دواتر ڕووی کردە من و گوتی:
- هەستە بەهزاد. کاتژمێرێکی دیکە دەڕۆم نانی ئێوارە دەکڕم، سێ قوڵی زۆر خۆشە. دەدات لە سەرمان و خواردنەکەمان دەخۆین. دواتر لەپشت سەری بەهرام لمەدەکەین و جنێوی بۆ دەنێرین.
- من هێشتا نانی نیوەڕۆم نەخواردووە. دەڕۆمە خوارەوە تاکو بیر لە شتێک بکەمەوە بۆ نیوەڕۆ بیخۆم.
فەریبا- بەڕاستی دەڵێن بەهزاد خان؟ ئێستا شتێکتان بۆ درووست دەکەم.
- نا تو خودا زەحمەت مەکێشن. دەڕۆمە خوارەوە شتێک دەخۆم.
کاوە- جیاوازی چییە؟ ئەو هێلکەی دەتەوێت لە خوارەوە بیخۆیت، هەر لێرە بیخۆ.
فەریبا هەستا و چووە چێشتخانە.
کاوە پرسی:
- نەتگوت بەهزاد کە چۆن چوویتە سەر بەهرام. خۆ تۆ دەتگوت دەبێت ڕکابەر بەنەرمی لە مەیدان دەربکرێت.
- باڵەخانەیەک کە پێویستی بەشوشە و پەنجەرە و گوڵ و گیا و جوانکاری هەیە. بەهەمان شێوە پێویستی بەشیش و چیمەنتۆ و بلۆک و دیواری بەهێز هەیە. تاکو کاتێک دەکرا ڕکابەر بێت، بەڵام کاتێکیش دێت لە بەرامبەری ڕاوەستی.

کاوە- فەرنوش چی گوت؟ خۆشحال بوو بەوەی ڕووبەڕوی بەهرام بوویتەوە؟

- بەڵێ زۆر دڵخۆش بوو.

کاوە- دەبێت لێرەوە هێڵێک ڕابکێشین بۆ خوارەوە و تەلەفوونێک دانێین بۆ تۆش.

- من پێویستم بەتەلەفوون نییە. هەرکاتێک فەرنوش یان تۆ کارتان بەمن بوو، پەیوەندی بکەن بەنێرەوە.

چارەکێک دواتر فەریبا بەسینیەک هاتە ژوورەوە و سینیەکەی لە بەردەمم دانا و گوتی:

فەریبا- ببورن بەهزاد خان، شتێکی دیکە حازر نەبوو. پشتیوان بەخودا ڕۆژێک بۆ نیوەڕۆ لە خزمەتتاندا دەبم.

هەمبەرگری بۆ درووست کردبووم. سوپاستم کرد و بەچێژەوە خواردم.

کاوە- شتێک لە هەمبەرگرەکە ماوەتەوە؟

- بەڵێ وەرە. ئەوەیان تۆ بیخۆ. من تێر بووم.

کاوە دانەیەکی لە هەمبەرگرەکان خوارد و بەفەریبای گوت:

کاوە- ئۆخەیش! تێربووم. خودا لە جوانیتان کەم نەکاتەوە. پشتیوان بەخودا خودا مێردێکی ڕێک پۆشی وەک من بکاتە نسیبتان.

- بێدەنگ کاوە. گوێی لێدەبێت ها!

فەریبا لە چێشتخانەوە گوتی:

- شتێکتان دەوێت. شەرم مەکەن بڵێن با بیهێنم، شتێکتان پێویست نییە؟

- زۆر سوپاست، تێر بووین. کاوە دەڵێت خودا لە خانمیتان کەم نەکاتەوە.

کاوە بەهێواشی گوتی:

- پێویستم بە قاپێک وەفا هەیە، ئەگەر لەبەردەستدایە تکایە بیهێنن!

دواتر بەبێدەنگی گوتی:

- بۆ خاتوونەکان ئەگەر باسی جوانیان بکەیت زیاتریان بەلاوە خۆشە تاکو دەربارەی خانمیان! خاڵۆی گیان ئەوانە بزانە چوونکە سبەی پێویستت پێی دەبێت.

- چ پێویستیەکم پێی دەبێت؟ فەرنوش بەڕادەی پێویست، لەوانەشە زیاد لەپێویست جوانە. چ لەوەی من پێیدا هەڵبدەم، چ پێیدا هەڵنەدەم.

کاوە- لەبەر فەرنوش ناڵێم، چەندە سادەیت! لەبەر دایکی دەڵێم. ماوەیەکی دیکە لە فەرهەنگ گەڕایەوە هەرکە بینیت دەبێت بڵێیت: بەە بەە بەە ! ماشەڵڵا ئێوە وەک قاڵی کرمان ماونەتەوە! هەرچەندە تەمەنتان زیاتر بێت جوانتر دەبن! بەە بەە بەە! تەماشای ڕووخساری بکەن! وەک بەرگی گوڵە ! چ کرێمێک بەکار دەهێنن ! وای

خودا من بکوژێت! ببورن لەڕاستیدا ئەم ڕووخسارە پێویستی بەکرێم و ئەو جۆرە شتانە نییە! بەه بەه چ برۆیەک! تاتۆتان کردووە؟ وای لال بم ئەم برۆیانە تاتۆی پێویست نییە!

ئەوانەی وەک ژنێک دەگوت زۆر بەجوانی دەیگوتن. خەریک بووم پێدەکەنیم کە بینیمان فەریبا لە پەنجەرەی چێشتخانەوە تەماشامان دەکات و پێدەکەنێت.

فەریبا- کاوە خان هەموو خانمەکان بەو شێوەیە نین.

کاوە- خانمی ستایش بەو شێوەیە. من دەیناسم!

- لە پشتی خەڵکەوە قسە مەکە. ئەگەر بەو شێوەیەش بێت، من نازانم لەو جۆرە پێداهەڵدانانە بکەم.

کاوە- ئەویش کچەکەیت پێ نادات! دواتر دەبێت بچێتە داوای پوری فەرنوش.

فەریبا- خانمی ستایش چ جۆرە کەسێکە؟

کاوە- بەخودا ئێمەش تاکو ئێستا نەمان بینیوە. بەڵام وەک باسی دەکەن، کەسێکە لە نێوان ئارلۆند و مارادۆنا و هیندی جگەر خۆر! لاشەیەکی هەیە دوو ئەوەندەی من! لەم دەرگایە نایەتە ژوورەوە.

- شەرمەزاربە کاوە!

کاوە- ئا ئا. دووبارە ئەمە پشتگیری خەسووی کردەوە. هیوادارم لەبەر ئەم ڕۆژە پیرۆزە، ئەم خانمی ستایشە بێت و بەلایەک بەسەری تۆدا بهێنێت. بابزانم ئەو کاتەش تۆ پشتگیری دەکەیت یان نا!

- تۆ لەکوێ دەزانیت؟ تۆ هەر لەکوێوە دەیناسیت؟ تاکو ئێستا بینیوتە؟

کاوە- سوپاست بۆ خودا تاکو ئێستا بەدیداری شاد نەبووم! بەڵام ڕۆیشتم پرسیارم بۆ کردیت! چوومە لای پورم و پەروەندەکەیم لە ئەرشیفدا دەرهێنا!

- ڕۆشتی لەلای ئەم و ئەو پرسیارت بۆ من کردووە!

کاوە- ئەی چۆن؟ نابێت بزانین تۆ دەچیتە ناو چ خێزانێکەوە؟

- مەگەر من کچم و دەمەوێت شوو بکەم کە ڕۆشتووی بۆ پرسیارکردن؟ کوڕە تۆ ئابڕووی منت بردووە!

کاوە- ئەوە دەست خۆشیەکەتە؟ ئەوە وەڵامی چاکەکانمە؟ خودایە خێر لە خۆت نەبینی کوڕ! خودایە جەستەت لەژێر ئۆتۆمبیل دەربهێنن؟ خودایە پارچە پارچە بێت! ئەوانەی دەگوت و وەک ژنەکان بەمشتەکۆڵە دەیکێشا بەسنگیدا! لە پێکەنیندا مردبووین!

ئێستا ئەنجامی لێپرسینەوەکانت چی بوو؟
- ئێستا ئەنجامی لێپرسینەوەکانت چی بوو؟
کاوە- سەیری بکە! کاتێک حەزدەکات بزانێت کە پورم چی گوتووە! دێت خۆی وەک بێتاوانەکان لێدەکات! ئەی عەمر و عاصی خیانەتکار! تەنها من تۆ دەناسم.
- هەر پێویست ناکات قسە بکەیت من دەزانم کە خانمی ستایش ژنێکی زۆر باشە.
کاوە- دوو هەزار بدە و هەموو شتێک بزانە!
- خودا بتکوژێت کاوە! دڵمت خاڵی کردەوە.
کاوە- ئەگەر بزانیت چ جۆرە کەسێکە هیچ کە دڵت خاڵی دەبێت، بەڵکو گەدەیشت خاڵی دەبێتەوە!
- تۆ گیانی من ڕاست دەڵێیت؟
هەردووکیان دەستیان کرد بەپێکەنین و گوتی:
کاوە- ئێستا بۆچی ڕەنگت پەڕیوە؟ دەڵێن هەرکەسێک بەڕووخساریدا هەڵبدات کاری بەسەریەوە نییە. بەڵام خودا ئەو ڕۆژە نەهێنێت کەسێک ئەو ببینێت و بەڕووخساریدا هەڵنەدات! دەڵێن هەرلێرەدا دەست دەبات بۆ سنگی و گەدەی دەردەهێنێت و بەکاڵی دەیخوات.
ڕەوشتێکی سەیری هەیە! بەڵام لە ڕووخساردا ژنێکی باشە! دەزانیت کە لە هیندی جگەر خۆر دەچێت!
- ونبە کاوە! ئێمە دانیشتوین و گوێ لە قسە هیچەکانی تۆ دەگرین.
کاوە- لەمن گوتن بوو. ئیتر خۆت دەزانیت. تەنها کە بینیت پێداهەڵدانی ڕووخساریت لەبیر نەچێت. وەک بەتاڵکردنەوەی جادوو دەبێت بۆی. لە بەردەمیدا تێنەپەڕیت، ماوەیەک لەبەردەمیدا بووەستە و قسەی لەگەڵ بکە!
فەریبا خەریک بوو لە پێکەنیندا دەمرد. خودی کاوە ئەوەندە بەڕاستی قسەی دەکرد، ئەگەر نەم دەناسی خۆم لەدەست دەدا.
کاوە دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و گوتی:
- خودایە ئێمە لەم دونیایەدا جگە لەم هاوڕێیەمان نییە، تۆ خۆت ئەم کوڕە لە شەڕی هەرچی دێو و درنج و ئەژدیها و جادوو بپارێزیت.
هەستە پەیوەندی بەفەرنوشەوە بکە و بڵێ ئەگەر دێت، سبەی خۆی ئامادە بکات دەچینە سەر شاخ.
- بۆچی بڕۆینە سەر شاخ؟
کاوە- دەڵێن گیایەک لەسەر شاخ دەرهاتووە کە ئەگەر تۆزێکی لەگەڵ فرمێسکی

یاسەمین

میزدوولە و چلکی نینۆکی مردوو و میزی کوڕێکی منداڵ تێکەڵ بکەیت و بیخۆیت ئیتر هیچ سیحر و جادوویەک کارت لێ ناکات!

- ئاە ونبە کاوە. حاڵمانت تێکدا.

کاوە- ئاخر پرسیاری سەیر دەکەیت! خەڵکی دەچنە سەر شاخ بۆچی؟ دەڕۆن دڵیان بکرێتەوە ئیتر! ئێمەش وەک ئەوان.

دڵم دەرهات ئەوەندە لە سوچێکدا دابنیشم و خەم بخۆم!

فەریبا پێدەکەنی و گوتی:

- ماشەڵڵا کاوە خان زۆر قسە خۆشن.

کاوە- خزمەتکاری ئێوەم. دەزانیت فەریبا خانم؟ چارلی چاپلین باوکی من بوو؛ بەڵام هەر لەسەرەتای هاوسەرگیریان دایکم لەسەر بابەتی خەتەنەکردن بەردەوامیان نەدا بەژیانیان و دایکم منی لێ وەرگرتەوە و هات بۆ ئێران!

ناوی ئەوی لە ناسنامەکەم سڕیەوە بۆیە بەکەس ناڵێم ناوم کاوە چاپلینە، لە هەموو شوێنێک دەڵێم ناوم کاوە بەرومەندە!

ئەوکاتە خۆشی پێکەنینی هات و بەمنی گوت:

کاوە- هەستە ئیتر. پەیوەندی بەفەرنوشەوە بکە تاکو سبەی پێکەوە بچینە سەر شاخ. سبەی کاتێک دایکی هاتەوە ڕێگە نادات چاوت بەفەرنوش بکەوێت ها!

سەیرکە ئەوە من گوتم.

- بەخودا کاوە ئەگەر تۆ ڕۆژێک قسەی ڕاست و درووست بکەیت هیچ کەسێک باوەڕ ناکات. بووی بەشوانی درۆزن.

کاوە- دەڵێی ئاگادار نەبووی! کاتێک لە ئامادەیی بووم، هەرکاتێک بەڕێوبەری قوتابخانە باوکمی دەویست، میوە فرۆشێک لە بەردەم دەرگاکەمان بوو پارەم پێی دەدا و لەگەڵ خۆم دەمبرد بۆ قوتابخانە لە جێگەی باوکم. بەڕێوبەرەکە بیری دەکردەوە ئەوە باوکمە.

ڕۆژێک باوکم خۆی هاتبووە قوتابخانە تاکو بزانێت هەواڵی خوێندنم چۆنە؟

بێچارە ئەو بەڕێوبەرە باوەڕی نەکردبوو ئەوە باوکم بێت، داوای ناسنامەی لێکردبوو! ئەو ساڵە دەیان ویست لە قوتابخانە دەرم بکەن.

تەلەفوونەکەم هەڵگرت و پەیوەندیم بەفەرنوشەوە کرد. ڕووداوەکەی سبەینێم بۆ باسکرد، بڕیار بوو سبەی بەیانی بێت بەدوای ئێمەدا. گوتم بەدڵنیاییەوە بەباوکت بڵێ کە لەگەڵ ئێمە دێیت بۆ سەر شاخ.

خوداحافیزیم کرد و تەلەفوونەکەم داخستەوە.

بەکاوەم گوت:
- هەستە بڕۆینە خوارەوە. باشترە لەوە زیاتر نەبینە ئەرک بەسەر فەریبا خانمەوە.
فەریبا- چ ئەرکێک؟ کاتێک ئێوە لێرەن سەرقاڵ دەبم و هیواداریش. تکاتان لێ دەکەم ئیتر ئەو جلە ڕەشانە لە بەرتاندا لابەن. زۆر سوپاستان دەکەم.
- ئەگەر ڕێگە بدەن تاکو شەوی حەوتەم ئەم جلە ڕەشانەمان لەبەر بێت.
دواتر ڕووم کردە کاوە کە حەزی نەدەکرد لە جێگەکەی هەستێت و گوتم:
- هەستە کوڕی بەڕێز. هەستە بڕۆینە خوارەوە.
کاوە- بابە وەرە دانیشە. سێ بۆ چوار کاتژمێری دیکە دەڕۆین.
دەستیم گرت و بەرزم کردەوە. خوداحافیزیمان لە فەریبا کرد.
فەریبا- سبەی بۆ نانی بەیانی وەرنە سەرەوە.
هەر گەیشتینە ژوورەکەی من کاوە گوتی:
کاوە- ئەی کەڵەشێری بێ شوێن.
- ئەوە چیتە؟ کچەکە دەیەوێت پشوو بدات.
کاوە- بابە ئێمە دەبێت باشتر یەکتر بناسین.
- ئەگەر من بهێڵم ژمارەی کۆبۆنی کوڕە مامی نەوەی پوریشی پەیدادەکەیت و دەناسیت!
کاوە- کۆبۆن نا. کارتی کالا.
- ئەم شەو لێرە بمێنەرەوە. پەیوەندیەک بکە بەماڵەوە و بڵێ کە لێرەیت.
کاوە- ناکرێت. من شەوانە ڕاهاتووم لە پێش نووستن نیسکافە بخۆم، هەیە تاکو پێمی بدەیت؟
- لێرە زەهریشم نییە پێتی بدەم.
کاوە- تازە باوکم گوتویەتی شەوانە لای پیاوی بێگانە نەمێنمەوە چونکە شەرمە! قسەم بۆ درووست دەکەن!
- ئێستا کە باوکت گوتویەتی، هەستە بڕۆ. بەخێر چێت.
کاوە- نەخێر، دەمێنمەوە. شەوێکە خۆ هەزار شەو نییە. باوکم بۆ شەوێک قسە ناکات.
دواتر خۆی پێکەنی و گوتی:
- منداڵانی وەک منن لەماڵ دەردەچن ها! کاتێک دەیانەوێت کارێک بکەن، دەڵێن جارێکە خۆ هەزار جار نیە!

دواتر پەیوەندی بەماڵەوە کرد و جلەکانمان گۆڕی و گەرم کەرەوەکەم داگرساند. کاوە کتری خستە سەر و گوتی:

- کوڕە خەریکە کەم کەم فەریبام خۆش دەوێت. تەنها خراپی ئەوەیە کە دایکم من نادات بەهەموو کەسێک. هەرکەسێک منی بوێت دەبێت لە چینی ئەرستۆکراتی بێت.

- نا زۆر لێت دیت لە پیاو ماقوڵان بیت؟

کاوە- بەو بۆنەیەوە من لە چینی پیاو ماقوڵانم. هەرکاتێک باوکم لەگەڵ دایکم شەڕی دەبێت بەخۆ بەگەورە زانیەوە دەڵێت ئەشرەف بێزارم لێت!

بە پێکەنینەوە گوتم:

- کاوە لە دەستی تۆ شێت بووم. تۆ کەی دەتەوێت ژیان بەڕاستی وەربگریت؟

کاوە- بەگیانی تۆ بەڕاستمە. تەماشای پێکەنینەکانم مەکە. هەرچەندە زیاتر فەریبام خۆش بوێت زیاتر گریانم دێت. بیری ئەوەم دەکەوێتەوە کە دەبێت لە باوە گەورە و دایە گەورەم ڕەزامەندی وەربگرم. دیار نییە ڕێگە بدەن لەگەڵ فەریبا هاوسەرگیری بکەم.

- ئەگەر ڕازی نەبوون چی؟

کاوە- کێشە نیە. هەژدە ساڵم تەواو کردووە! ناسنامەکەم هەڵدەگرم و لەماڵ هەڵدێم! لە دادگا ڕێگەی هاوسەرگیری بەسەرو هەژدە ساڵ دەدەن. دێمە لای فەریبا و خەرجیم پێ دەدات. لەکۆتاییدا تیکەیەک نان پەیدا دەبێت بەدەردی بکەین ئیتر!

دەڕۆم لە ماڵی خەڵکی خزمەتکاری دەکەم.

- ونبە لە بەرچاوم. خولەکێک بەڕاستی وەربگرە. ئەگەر دایک و باوکت ڕێگەیان نەدا چ هەڵەیەک دەکەیت؟

کاوە- هەمان ئەو هەڵەیەی کە کاتێک خانمی ستایش ڕێگەی نەدا لەگەڵ کچەکەی هاوسەرگیری بکەیت! هەر ئەوەی تۆ کردت، منیش ئەوە دەکەم.

- لاڵ بیت بۆ ئەو زمانە ڕەشەت.

کاوە- ئەوەک بیر بکەیتەوە خانمی ستایش زووتر بەڕێ دەکەوێت و دێتەوە ئێران تاکو دەستی ئێوە بخاتە ناو دەستی یەکترەوە؟!

بەڵێ تۆ بمریت! لە دەرەوە کۆمەڵێک دیاریت بۆ دێنێت! حوشتر لە خەویدا لۆکە دەبینێت!

- خۆتی حوشتر.

وه.
کاوه- باشه من حوشترم، بەلام تۆ کەریت ئەگەر ئەو بیرانه بکەیتەوه.
- ئاخر تۆ لەکوێ دەزانیت؟
کاوه- ڕۆیشتم بۆ پرسیارکردن، پرس و جۆم بۆ کردوویت، پورم دەیگوت ئەو خانمی ستایشه لەو جۆره ژنه سود وەرگرانەیه که شتێک دەڵێت و شتێک وەردەگرێت!
- ئەی بێ ڕەوشت،
کاوه- ئەمه گفتوگۆ نیه دەبێت تێت بگەیەنم! واته ئەو فتیله له گوێت دەربهێنه کە خانمی ستایش بەو ئاسانیه ڕازی ببێت.
- دەڵێی من دەبێت چی بکەم؟
کاوه- سەری بەهرام ببەره بەردەمی سەگەکان تاکو بیخۆن!
- ئا ئا! دووباره خۆت بێتام کردەوه؟
کاوه- من لەکوێ بزانم چی بکەیت؟ ڕێگه چارەکەی مەرگه!
هەر له سەرەتاوه گوتم بەدوای ئەم کچەدا مەڕۆ. ڕۆیشتی ئێستا بیکوژه.
- خودا له ناوت بەرێت کاوه. ئەم نانه تۆ خسته بەردەمی من.
کاوه- خراپه کە کچێکی جوان و پارەدار و نەجیب و دەوڵەمەندم بۆ پەیداکردی؟ پشتیەکم بەدەستەوه بوو هەڵمدا بۆی.
- دەمەوێت هەر سبەی بڕۆم بەدوای کاردا بگەڕێم و کارێک بۆ خۆم پەیدابکەم.
کاوه- کە چی ببێت؟
- باشه ئەگەر بڕیار بێت لەگەڵ فەرنوش هاوسەرگیری بکەم، دەبێت دەرامەتێکم هەبێت.
کاوه ماوەیەک بێدەنگ بوو. ڕووخساری گۆڕدرا. دوای چەند خولەکێک گوتی:
- ئەگەر بڕۆیته سەرکار، بیردەکەیتەوه چەندت پێ دەدەن ؟
- ئەوەندەی بتوانم ژیانێکی سادەی پێ بەڕێ بکەم.
کاوه- لەم ڕۆژەدا ژیانێکی ساده پێنج سەد هەزار تومەنی پێویسته تاکو بەڕێی بکەیت! تۆ شوێنێک دەزانیت هەموو مانگێک ئەوەنده بدەن؟
- بەکەمتر لەوەش دەکرێت ژیان بەڕێ بکەیت.
کاوه- کرێی خانوو چی؟ هەر هیچی نەوێت، مانگی سەرو پەنجا بۆ دوو سەد هەزاری دەوێت که دەبێت بیخەیته لاوه.
- دەی دەبێت کەسێکی وەک من چ گویەک بخوات؟
ئەو ڕۆژانەی که پێم دەگوتی من و فەرنوش لەگەڵ یەکتر ناگونجێین، هەر لەبەر

پێیە بوو ئیتر. تۆ بێدەنگ بوویت و ئێستا زمانت کراوەتەوە؟ ئێستا کە کار لە کار ترازاوە؟ ئێستا کە گیانم بەگیانی ئەو کچەوە بەستراوە؟

کاوە- هەڵمەچۆ. ئێستا هیچ نەبووە. تۆ هەرکاتێک ئاماژە بکەیت هەموو شتێکت بۆ ڕێک دەبێت.

- واتە چی؟ چیم بۆ ڕێک خراوە؟

کاوە- ماڵ، ژیان، ئۆتۆمبیل، پارە!

- بەدڵنیاییەوە ئەوانە باوکی تۆ دەیدات؟

کاوە- بەڵێ لە ئاسمانەوە بۆت دێتە خوارەوە؟

- ئەو شتانە دەبێت خۆم بەدەستی خۆم هەوڵی بۆ بدەم و بەدەستی بهێنم. تاکو ئێستا سەد جار ئەمەم بەتۆ گوتووە.

کاوە- ئەگەر بەهیوای من منانەی. بڕۆ شوو بکە بێوە منانی! لەبەر هەر یەکێک ئەوانە دەبێت دە ساڵ وەک سەگ گیان بدەیت و کار بکەیت!

تاکو تۆ بتەوێت بۆ نموونە شوقەیەکی سەد مەتری بەهەوڵی خۆت بکڕیت، فەرنۆش سێ شێوەی گۆڕیوە.

- بەو شێوەیەش نیە کە تۆ دەڵێیت. هەر باوکی خۆت یان باوکی فەرنوش، مەگەر ئەوان چۆن پارەیان پەیداکردووە؟

کاوە- ڕێگە بدە گوێیەکانی تۆ پڕ بکەم. چاوەکانت بکەرەوە. باوکی من کە دەیبینیت دەوڵەمەند بووە، پێی لەزۆر شت ناوە. تۆ ئەگەر بیربکەیتەوە و چاوەکانت دابخەیت زۆر بەخێرایی دەوڵەمەند دەبیت!

شاعیر دەڵێت:

ئاسمان خۆ زێڕی نەباراندۆتە سەری
یان باوکی دز بووە یان خۆی

- واتە هەرکەسێک دەوڵەمەند بێت کاری نایاسایی کردووە؟

کاوە- هەرکەسێک نازانم بەڵام باوکی بەڕێزی من خودا لە هەڵەکانی ببورێت، کارەکەی گەنجینە بەستراو و ئەو جۆرە شتانە بووە کە ئێستا سودەکەی کۆدەکاتەوە.

ئەوانەی لە منت بیست وەری بگرە، چونکە لەبرا زیاتر خۆشم دەوێیت ئەوانەم پێ گوتی. باوکی فەرنوشیش کارێکی نایاسایی کردووە. ئیتر لەکوێ بزانم، خۆت بیری لێبکەرەوە. کارێکی وەک کڕین و فرۆشتنی دەرمان.

- من باوەڕ ناکەم.

کاوە- شتێکی سەختە باوەڕ ناکەیت! تۆ بیرت کردۆتەوە کە لە ڕێگەی ڕاست و دروستەوە ئەو هەموو پارەیەی دەست کەوتووە؟ دەزانیت ئەو ئۆتۆمبیلەی لەژێر پێی منە نرخی چەندە؟ سەرو بیست ملیۆن تمەن!

تۆ هەر دەزانیت بیست ملیۆن تمەن چەند سفری هەیە؟ ڕۆژێکی دەوێت تاکو ئەو پارەیە بژمێریت!

هاوڕێی من، تاکو ئێستا نەبووە کە کەمتر لە سەد هەزار تمەن لە باخەڵی مندا بێت! ئێستا تۆ باوەڕ مەکە.

ئێستا تۆ بڵێ، پاکی و ڕاستگۆیی و ویژدان و ڕێگەی ڕاست و ئەو جۆرە قسانە! تەواوی شەرەفت ببەیتە بانک، ڕۆژی دوو هەزارت پێ نادەن!

- من باوەڕم بەو شتانە هەیە.

کاوە- باوەڕت هەیە بەڵام پارەت نییە. خانمی ستایش بەباوەڕ کچەکەیت پێ نادات.

ماوەیەک بیرم کردەوە و دواتر پرسیم:

- تۆ دەڵێیت من چی بکەم؟ بڕۆم بۆ دزی؟ لە دیواری خەڵکی بڕۆمە سەرەوە؟

کاوە- دزی؟ تەواوی دزەکانی شەو لە گۆشەیەکی زیندان خەریکن ئاوی گەرم دەخۆن!

ئەو جۆرە دزیانە کۆتایی نییە. دەبێت دزی بەشێوەیەکی دیکە بکەیت کە تۆ توانای ئەوەت نییە. تۆ دەبێت ئەو شتانەی باوکم ئامادەیە پێتی بدات، ڕازی ببیت و وە سەلام!

- فەرنوش منی بەو شێوەیە ویستووە و هەر بەو جۆرە منی دەوێت. خۆی پێی گوتم.

کاوە- بەڵام دایکی تۆی بەو شێوەیە ناوێت.

چاییەکە کوڵا. دوو چایم تێ کرد و لە جێگەی خۆم دانیشتم. بەکاوەم گوت:

- کاوە ئەم شەو بەو قسانە دڵمت سوتاند!

کاوە- ڕۆژی مەرگم بێت ئەگەر بمەوێت دڵت بسوتێنم. ئەوانەم گوت تاکو بیرت کۆبکەیتەوە کە ئەمڕۆ ڕۆژی پارە کۆکردنەوەیە. سەرسەبیلی شای مس، دز نەبوو کەچی پاشایش بووە. کاتێک دەوڵەمەند بوویت، کەسێک نایەت لێت بپرسێت ئەو پارانەت لەکوێ هێناوە.

مرۆڤ تاکو بێ پارەیە سەد کاغەزی پێوە دەلکێت! کاتێک دەوڵەمەند بوویت، کاغەزێکیش نایەتە لات.

چاییەکەم بەئارامی خوارد و بیرم لە قسەکانی دەکردەوە. دواتر هەستام، جێگەم ڕاخست و گوتم:

- هەستە بخەوین. سبەی فەرنوش دێت بەدواماندا.

کاوە- بهێڵە ئەمەش بڵێم دواتر بخەوین.

دەڵێن گەنجێک چووە خوازبێنی کچێک. باوکی کچەکە لێی پرسی چ کارەیت؟ گوتی دەمەوێت مۆڵەتی دووەم وەربگرم و دوای پێنج ساڵ مۆڵەتی یەکەم وەردەگرم و بەلۆری کار دەکەم. دوای پێنج ساڵ کارکردن خۆم دەبمە خاوەنی لۆرییەکە. ئەوکاتە دەبمە شۆفێری لۆری.

باوکی کچەکە تەماشایەکی کرد و گوتی ئێستا بڕۆ. هەرکاتێک بوویتە خاوەنی لۆری وەرە داخوازی کچەکەم. ئەگەر تاکو ئەو کاتە زیندوو بوو، هاوسەرگیری نەکردبوو دەیدەم بەتۆ!

ئێستا بەهزاد گیان ئاگاداربە تۆ نەبیتە ئەو گەنجە!

تاکو ئەو کاتە کاوەم بەو شێوەیە نەبینی بوو!

ئەو کاتەی گڵۆپەکەم کوژاندەوە و چوومە سەر جێگاکەم کاوە گوتی:

کاوە- ئەوەش بزانە ئەگەر باوکی فەرنوش تۆی پەسەند کردووە، لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤێکی پاک و خۆبەختکەری دەست کەوتووە. حەزدەکات کچەکەی بداتە کەسێک وەک خۆی لە فێڵبازەکان نەبێت!

لەم سەردەمەدا مرۆڤی بێ فێڵ، چەکی کیمیاییە! قەدری خۆت بزانە. پیاوەتی و پاکی و مرۆڤایەتیت سەرمایەیەکی کەم نییە. ستایش خەریکە بەپێدانی کچەکەی بەتۆ پارەی ئەوانە دەدات. جەنابی ستایش وەک ئەو باوکە جگەرە کێشانەیە کە بەکورەکەی دەڵێت جگەرە مەکێشە، شتێکی خراپە!

- شەو شاد.

کاوە- شەو شاد هاوڕێ!





CamScanner

## بەشی نۆزدەهەم

بەیانی زووتر لە کاوە هەستام. دوێنێ شەو تاکو نزیکی بەیانی خەوم لێ نەکەوت، بیرم لە قسەکانی کاوە دەکردەوە.

چاییم لێنا و نانی بەیانیم ئامادەکرد. دواتر کاوەم بانگ کرد و دەست و دەم و چاوم شۆرد و نانی بەیانیمان خوارد، ئامادە بووین تاکو فەرنوش بێت. نیوکاتژمێر دواتر فەرنوش گەیشت.

ئۆتۆمبیلەکەی وەستاند و هات لە جەرەسی دا.

من و کاوە لە پشتی پەنجەرەکەوە تەماشامان دەکرد. کاوە گوتی:

- لەبیرت نەچێت پیرۆزبایی لێبکەیت! ئۆتۆمبیلەکەی گۆڕیوە. دەزانیت مۆدیلی ئەو ئۆتۆمبیلە نرخی چەندە؟

- لەکوێ بزانم. مەگەر من بازرگانم تا نرخی ئۆتۆمبیلەکان لە دەستی مندا بێت؟

دەرگاکەم کردەوە.

فەرنوش- سڵاو درەنگ نەکەوتم؟

- سڵاو نا. بەتەواوی لەکاتی خۆی هاتیت. حاڵت چۆنە؟ پیرۆزە ئۆتۆمبیلەکەت گۆڕیوە؟

فەرنوش- سوپاست. بەڵێ جوانە؟

- زۆر جوانە پیرۆزت بێت.

کاوە- سڵاو فەرنوش خانم. حاڵتان چۆنە؟ پیرۆز بێت.

فەرنوش- سڵاو کاوە خان، زۆر سوپاست. فەریبا لەکوێیە؟

کاوە- کردوومەتە بەفرگر تاکو تازە بمێنێتەوە! باشە لە ماڵی خۆیانە ئیتر!

فەرنوش- من دەڕۆم بانگی دەکەم. ئێوەش ئامادەبن.

دەرگای ژوورەکەم قوفڵ کرد. کاوە گوتی:

- کچێکی قەشەنگ و میهرەبان و سادەیە. حەیفە لەدەستت بڕوات.

- کاوە تۆ خودا وازبهێنە. بەڕادەی پێویست لە دوێنێ شەو تاکو ئێستا خوێت کردووە بەبرینەکەمدا!

کاوە- وەرە بڕۆینە ئۆتۆمبێلەکە، هەوا ساردە. سویچەکە بگرە و بڕۆ.

- نەخێر خۆت شۆفێری بکە.

پێکەوە سواری ئۆتۆمبێلی کاوە بووین و بەبێ قسە چاوەڕێی هاتنی فەریبا و فەرنوشمان دەکرد و دانیشتین.

پێنج خولەک دواتر هاتن و سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون. لەدوای سلاو و هەواڵپرسی لەگەڵ فەریبا ویستمان بەڕێ بکەوین کە فەرنوش گوتی چاوەڕێ بکەن. دابەزی و لە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کۆڵەپشتێکی دەرهێنا و دووبارە سەرکەوت، بەڕێ کەوتین.

فەرنوش- بەهزاد هەواڵێکی خۆش.

- چی بووە؟

فەرنوش- سبەی بەیانی دایکم دێتەوە.

کاوە لە ناوەڕاستی شەقامەکە ئیستۆپی گرت!

- بۆچی وا دەکەیت؟

کاوە- دەمەوێت بڵێم پشت بەخودا هەر بەو شێوەی تۆ بەئارەزووەکانت گەیشتی، خودا هەمووان بە ئارەزووەکانیان بگەیەنێت.

فەرنوش- بەهزاد زۆر حەزت دەکرد دایکم زووتر بێتەوە؟

کاوە- ئاگای لە خۆی نەبوو داماوە. هەموو ڕۆژێک بەمنی دەگوت پەیوەندی بکە بەفڕۆکەخانەوە و بزانە کەی فڕۆکەکەی خانمی ستایش دەنیشێتەوە.

دواتر بەهێواشی گوتی:

- بەڵام هێشتا دەڵێم، کەشتی باشتر بوو!

فەریبا- بە هیوای خودا هەرچی زووتر هاوسەرگیری فەرنوش و بەهزاد خان دەبینین.

کاوە لەژێر لێوەوە گوتی:

- حوشتر لە خەودا پەموو دەبینێت!

فەرنوش- چی دەڵێن کاوە خان؟

کاوە- دەڵێم لە هاوسەرگیریەکەتاندا حوشتر دەکەم بەقوربانی.

- کاوە شۆفێرییەکەت بکە.

کاوە- پشت بەخودا لەدوای هاوسەرگیری ئێوە، نۆرەی ئێمەیە.

من و فەرنوش بەبێ ویستی خۆمان لامان کردەوە و تەماشای فەریبامان کرد. فەریبا لای کردەوە و لە شوشەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد. وەک بڵێیت قسەکەی کاوەی نەبیستبێت.

فەرنوش بەشێوەیەکی شەیتانیانە گوتی:

- کاوە خان نۆرەی چی ئێوەیە؟

کاوە- نۆرەی ئێمەیە کە دیاری هاوسەرگیریتان بکڕین ئیتر!

پێکەنینم هات.

فەرنوش- بەڕاست کاوە خان خەیاڵی هاوسەرگیریتان نییە؟

کاوە- سەرەتا ڕێگە بدەن کە دایکی ئێوە تەشریف بهێنن و ئەم بەهزاد خانەی ئێمە سەروەت و سامان پەیدابکات، دواتر ئەگەر بینیم باشە و ئەم منداڵە خۆشبەختە، منیش باوکم دەنێرمە خوازبێنی.

فەرنوش دەیویست قسە لەزمانی کاوە دەربهێنێت و پرسی:

فەرنوش- خوازبێنی کێ؟

کاوە- خوازبێنی نەنەم! تو خودا نزابکەن پێم بدەن.

پێکەنیم و بەفەرنوشم گوت:

- مەگەر تۆ دەتوانیت قسە لەمە دەربهێنیت؟! ئەمە گورگە!

فەریبا- نا. دڵی کاوە خان وەک شوشەیە.

کاوە- زۆر سوپاست فەریبا خانم. هەڵبەتە لەو شوشانەی کە ناشکێن، وەک شوشەی بانکەکان.

دە خولەک دواتر گەیشتینە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیل و دابەزین.

من کۆڵەپشتەکەی فەرنوشم هەڵگرت و کاوەش جانتاکەی فەریبا. سواری پاس بووین و چووینە سەرەوە. چەند خولەک دواتر دابەزین.

کاوە- هاوڕێیان وێستگەیەک دەچینە سەرەوە.

- تەنها وێستگەیەک بەپێ بڕۆین؟

کاوە- نەخێر. ئەی سەد وێستگە بڕۆین؟! خۆ وێستگەی پاس نییە دوو هەنگاو دوو هەنگاو بڕوات!

- تۆ ناسکۆڵەیت. ڕانەهاتوویت بەپێ بڕۆیت.

کاوە- من لە ژوورەکەم تاکو چێشتخانە بەتەکسی دەڕۆم. ئێستا چی دەبێت

ئەگەر لە شاخەکە بڕۆینە سەرەوە و دووبارە بێینەوە خوارەوە؟ هەر لێرە ڕادەوەستین و چوار چایی و هێلکە دەخۆین. دواتر لەوانەی چوونەتە سەرەوە دەپرسین کە لەسەرەوە چ باسە؟

- تەمەڵی مەکە کاوە، بەڕێ کەوە. خۆت پێشنیاری شاخت کرد ها!

بەکورتی هەرچۆنێک بوو بەڕێ کەوتین. نزیکی نیوەڕۆ گەیشتینە وێستگەی دووەم.

کاوە- ئەگەر پارچە پارچەیشم بکەن، یەک هەنگاوی دیکە نانێم. ئیتر خۆتان دەزانن.

- کورە شەرمەزار ببە. ئێستا فەرنوش و فەریبا خانم دەڵێن چەندە کوڕێکی تەمەڵە. تۆ کەی ئەوەندە لاواز بوویت؟ هەستە بڕۆین سەربکەوینە سەرەوە.

کاوە- من ئەگەر بچمە سەربانی ماڵی خۆمان ئازایەتیم کردووە. دواتریش منی لاواز! منی مێرووله! کورە منی حەسەنە کەچەڵ! ئەگەر هەر لێرە تاکو نوکی شاخەکە دۆلار دابنێیت لێرە ناجوڵێم.

- بابە تۆ ڕووی حەسەنە کەچەڵت سپی کردووە. ئەو لانی کەم دایکی لە ماڵەوە تاکو کوڵان سێوی بۆ دانا، هەستا ڕۆیشت سێوەکانی کۆکردەوە.

کاوە- هەر لەبەر ئەوە بوو دایکی دەرگای داخست و ڕێگەی نەدا بڕواتە دەرەوە. وەرن دابنیشن من چیرۆکی حەسەنە کەچەڵتان بۆ باس دەکەم. لە چوونە سەر شاخ باشترە. لانی کەم زانیاری گشتیتان زیاد دەکات.

فەرنوش- ئێمە هەمووومان چیرۆکی حەسەنە کەچەڵ دەزانین.

کاوە- باشە ئێوە وەرن هەر لێرەدا دابنیشن، من چیرۆکی گوزەی دانە دانەی ژنانتان بۆ دەڵێم.

- کورە شەرمەزاربە. ئابڕووت لەلای هەمووان دەڕوات ها!

کاوە- من ئابڕووم نیە تاکو بڕوات! من لێرە ناجوڵێم، ئێوە بڕۆن. تەنها کەمێک ئاو و خواردن بۆ من دابنێن تاکو ئێوە دەگەڕێنەوە لەناو نەچم. ئیتر کارتان بەسەر منەوە نەبێت.

فەریبا- تو خودا ئازاری مەدەن، دیارە زۆر ماندوو بووە.

کاوە- ئافەرین بۆ ئێوە فەریبا خانمی گوڵ، ئێوە وەرن لێرە دابنیشن. مەگەر چی دەبێت بڕۆینە سەرەوە؟

ئەو سەرەوە وەک ئێرەیە، تەنها ساردترە. ئێوە وەرن لێرە دابنیشن پێکەوە بەو بەردانە یاری دەکەن تاکو ئەو دووانە دەڕۆن و دەگەڕێنەوە.





CamScanner

- زۆر باشە. هەستە کەمێکی دیکە بچینە سەرەوە. هەستە ئیتر.

کاوە- لەو دونیادا دەبێت وەڵامی ئەو قاچانە بدەیتەوە کە بۆچی ئەوەندە کارت پێکردووە! لەو دونیادا پرسیارت لێدەکەن کەوا بۆچی لەخۆڕا کارت بەدەست و قاچت کردووە؟

ئێمە قسەمان دەکرد و فەرنوش و فەریباش پێدەکەنین. نیو کاتژمێر دواتر گەیشتینە سەرەوەی شاخەکە. هەوا زۆر سارد بوو. کاوە لەسەرماندا ددانەکانی دەلەرزی.

کاوە- خۆزگە ئێستە هێلی کۆپتەرێک دەهات و منی هەڵدەگرت و دەبردە ماڵەوە.

- هێلی کۆپتەر نا، چوارباڵ.

کاوە- یەکێکی دیکە باوکی دەرهاتووە و هێلی کۆپتەری درووست کردووە کەچی تۆ ناوی بۆ دادەنێیت؟

فەرنوش- کاوە خان ڕاست دەکات زۆر ساردە.

فەریبا- زۆریش بێدەنگە.

کاوە- ئەگەر گورگەکان بێنە سەرمان، کێ دەگاتە فریامان؟

- ئێمەت هێناوە بۆ شاخێک، خوێنت لە جەرگمان هێنا ها!

ڕۆیشتینە لایەک و دانیشتین. فەرنوش لەناو کۆڵەپشتەکەی بتڵێکی چایی دەرهێنا و چوار کوپ چایی بۆ تێکردین.

کاتێک چاییەکەمان خواردەوە، گەرم بووینەوە.

کاوە- بمرم بۆ ئەوانەی لە جەمسەری باکور دەژین! لە بەیانی تاکو شەو دەبێت وەک بەفرگر بلەرزن لەسەرماندا! تازە کاتێک شەو دەیانەوێت بڕۆنەوە لای ژن و منداڵەکانیان دەبێت بڕۆنە کوێ؟ بۆ ناو خانووە سەهۆڵەکانیان.

- باشە ئەوانە ڕاهاتوون.

کاوە- بەڵێ باشە. باشیەکیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پارەی سەهۆڵ و بەفرگر و فریزەر و فێنککەرەوە نادەن.

- بەگشتی ژیانێکی سادە و ئاسوودەیان هەیە. دوور لە دووکەڵ و ترافیک و گازوایل و ئالوودەبوون.

کاوە- بەڵێ. تاکو حەزبکەیت پێستی ئاسکیان هەیە و ئالاسکا و بەهەشتێک لە سەهۆڵ و بەفر.

فەرنوش- هەرکاتێک چاویان دەکەنەوە، بەفری پاک و سپی دەبینن. زۆر شاعیرانەیە.

کاوه- بەڵێ بەڵێ. هەرکاتێک حەزیانکرد و پێیان خۆشبوو دێنە دەرەوە و پێکەوە شارە بەفر دەکەن.

نەرنوش دەسکێشەکانی دەرهێنا و لە کوڵەپشتەکەیدا چەند هەمبەرگرێکی دەرهێنا.

نەرنوش- بەهزاد هەمبەرگری مریشکم بۆ هێناوی، حەزت لێیە؟

- دەستەکانت خۆشبێت. زۆر باشە.

نەرنوش- ئەگەر حەزت لێی نیە، هەمبەرگری گۆشتیش هەیە.

- هەردووکیان باشە. زۆر سوپاست.

کاوە کە خەریکبوو هاهای دەکرد تاکو دەستەکانی گەرم ببێتەوە گوتی:

- قوربانی خودابم. ڕاستە دەڵێن ئەگەر مرۆڤ ئارام بگرێت هەموو شتێک درووست دەبێت!

شیرین و فەرهاد ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێیان کرد تاکو دونیایان کونکرد. ئێستا شیرین خانم هاتوونەتە سەر شاخ، فەرهادیش دەستی لە کار هەڵگرتووە و تەورەکەی داناوە.

سفرەی نیوەڕۆیان داخستووە و خەریکن هەمبەرگری مریشک دەدەن بەیەکتر.

نۆشی گیانتان. بفەرموون ئێمە زەهر دەخۆین ئیتر! بخۆ فەرهاد گیان زووتر بیخۆ. ئەگەر خەسرەو پەرویز بگات و ببینێت لەسەر کار هەستاوی، لەگەڵ دەستگیرانەکەی دانیشتووی و گەز دەخۆیت. یەک قرانت پێ نادات و دەریشت دەکات.

- ئەگەر من دەربکات ئیتر کێ شاخی بۆ کون دەکات؟

کاوە- پرۆژەکەی دەداتە کۆمپانیای میترۆ. بێگومان لەدوای حەوت سەد ساڵ بیترۆیەکی جوان دەدەنە دەستی!

پێکەنین و فەریبا بەهێواشی گوتی:

- کاوە خان من خواردنم بۆ ئێوەش هێناوە، هەمبەرگرە. نەمدەزانی حەزتان لە مریشکە.

کاوە- خودایە زمانم بەمرۆڤی کوێری هێتلەرەوە بلکێت! بۆچی حەزم لێی نیە؟ هەرچی هەمبەرگری زەهری مریشکە بمێنێتەوە! من هەر ڕقم لەو باڵندە بێ ڕەوشتە دەبێتەوە! تۆ هەر ماددەی پرۆتینی گەورە دەهێنێت و دەبینێت کە بۆیشتووە دایکی تاڵان کردووە و لە پشتی شوشەوە دانیشتووە.



CamScanner

هەمبەرگرەکەی لە فەریبا وەرگرت و گوتی:

کاوە- بەبە! چ هەمبەرگرێک! لەپڕ چۆن ئێرە هەواکەی گۆڕدرا، وەک بەهار وایە! چەندە بەئێوەم گوت ئەو خوارەوە سوودی نیە و بچینە سەرەوەی شاخەکە؟!

- خۆ تۆمان بەزۆر هێناوە بۆ ئێرە؟

کاوە- منتان بەزۆر هێنا؟ من مەبەستم لەوە بوو کە بەپێ نەڕۆین واتە بەڕێگەدا نەڕۆین. دەمویست پێتان بڵێم کە تەواوی ڕێگاکە بەیەکجار ببڕین و بێینە سەرەوە. ئێستا لەفەکەت بخۆ و ئەوەندە قسە مەکە.

فەرنوش- ئێرە زۆر جوانە. تەماشا بکەن، هەموو شوێنێک سپییە.

کاوە- بەڵێ بەڵێ، وەک کفنی مردوو!

- بەراوردێکی جوانترت نەدۆزییەوە؟

کاوە- بۆچی نا. وەک سەرچەفی سپی نەخۆشخانە!

- مردوو شۆرەکان تۆ ببەن کە مرۆڤ وشەیەکی هیوادارانە لە تۆ نابیستێت.

کاوە- بیرم کەوتەوە. وەک لفکە و سابوونی مردوو شۆرەکان!

- زۆر سوپاست کاوەگیان. لەو نموونانەی هێناتەوە زۆر کەیفمان کرد. ئێستا ئیتر تکایە بارودۆخمان تێکمەدە، دەمانەوێت نانەکەمان بخۆین.

فەرنوش و فەریبا پێکەنین. فەرنوش گوتی:

- چ خویەکی ناسک و شاعیرانەی هەیە کاوە خان!

کاوە تەماشایەکی فەریبای کرد و گوتی:

- بەڕاست نموونەکانم خراپ بوو؟

- نە بەگیانی تۆ ئەو چەند ڕستەیە زۆر دانایانە بوو. مرۆڤ بیری یەک دوو مەتری گۆڕستانی دەکەوێتەوە!

فەریبا- کاوە خان گاڵتە دەکەن. ئەگەرنا زۆر هەست ناسکن.

فەرنوش- وەرە بەهزاد لەفەیەکی دیکەش بخۆ. زۆرم درووست کردووە.

فەریبا- کاوە خان هەمبەرگری دیکە هەیە. پێتانی بدەم؟

کاوە- بڕیار نەبوو هەر لە ئێستاوە چاو لەیەکدی بکەن و پێشبڕکێ بکەن تاکو شت بدەن بەئێمە ها!

هەموومان پێکەنین. خواردنمان دەخوارد و پێدەکەنین. دواتر فەرنوش چایی بۆ تێکردین.

کاوە- چی بووە فەرنوش خانم؟ بۆچی لە کوپدا چایتان بۆ بەهزاد تێکردووە و بۆ ئێمەش لە پیاڵەدا؟

فەرنوش- کاوە خان ئێوە چەندە حەسوودی بەم منداڵە داماوە دەبەن؟

- وەرە بیگرە. نەم خواردووە. ئەو کوپە چاییە بۆ تۆ!

کاوە- بیخۆ بابە، گاڵتەم کرد.

فەرنوش- بەهزاد ئەگەر سەرماتە، وەرە پێڵاوەکانی من لەپێ بکە.

- نا زۆر سوپاست. سەرمام نییە.

فەرنوش- ئاخر پێڵاوەکانی تۆ تەنکە. سەرمات دەبێت.

کاوە لەپڕ تەماشایەکی ئێمەی کرد و گوتی:

- لە خودا دەخوازم کە هیچ کاتێک ئەو خۆشەویستیە لە دڵتاندا نەچێتە دەرەوە.

دواتر ڕووی کردە من و گوتی:

- بەهزادگیان من لە کاتێکدا هیوام لەو سەرەوەیە، گوێم لە فەرنوش خانمە کە هەرکارێکی بۆ کردووی بەو خۆشەویستیو بووە کە لە دڵیدا بووە. خودا بیپارێزێت و پشت بەخودا لەپاڵ یەکتردا پیر بین.

فەرنوش شەرمی کرد، سەری دانەواند.

کاوە ڕاستی دەگوت. خۆیشم هەستم کردبوو. کاتێک چایی پێدەدام بەخۆشەویستیەوە بوو، کاتێک لەفەی پێدەدام و پێشوازی لێدەکردم بەخۆشەویستیەوە بوو. لە ناخی دڵەوە بوو. دەکرا خۆشەویستی لە چاوەکانیدا بخوێنرێتەوە.

کاتێک فەریبا و کاوە لە شەرمی فەرنوش دەستیان کرد بەپێکەنین، فەرنوش بەهێواشی کەمێک چووە ئەولاتر.

بەدوایدا ڕۆیشتم و گوتم:

- خۆزگە تەواوی پارەی دنیام هەبووایە تاکو هەموویم برژاندایەتە بەر پێت!

لای کردەوە و تەماشای کردم. بزەیەکی کرد و گوتی:

فەرنوش- من پارەی دونیام ناوێت.

- دەی خۆزگە تەواوی گوڵە سور و جوانەکانی دونیام هەبووایە، هەموویم دەهێنا و دەمڕژاندە بەردەمی ماڵتان!

فەرنوش- گوڵی سور زۆر جوانە، بەڵام من هەموو گوڵە سورەکانی دونیام ناوێت.

- دەی خۆزگە تەواوی خۆشیەکانی دونیام هەبووایە دەمکردە کیسەیەک و لە پەنجەرەی ژوورەکەتەوە دەم کردە ژوورەوە.

فەرنوش- خۆشی زۆر باشە، بەڵام تەنهایی خۆشییەکان خراپ دەکات. من

تەواوی خۆشییەکانی دونیام ناوێت. تەنها کەمێکم بۆ خۆمان دەوێت و ئەوی دیکەی بۆ کەسانی دیکە.

- کەواتە من چی بۆ تۆ بهێنم تاکو بەرامبەری پارە بێت؟

فەرنوش- تەواوی ئەو خۆشەویستیەی لە دڵتدایە! تەواوی ئەو خۆشەویستیەی کە خودا کردوویەتیە دڵتەوە بەرامبەر بەمن!

- فەرنوش ئەگەر هەژارم، ئەگەر پارەم نییە، بەڵام دڵێکی گەورەم هەیە کە خودا پڕی کردووە لە خۆشەویستی. هەمووی بۆ تۆ بێت!

فەرنوش تەماشایەکی پڕ لە سۆزی کردم و گوتی:

- بڕۆین ئیتر درەنگ دەبێت!

کەل و پەلەکانمان کۆکردەوە و کاتێک دەمان ویست بەڕێ بکەوین بەهێواشی گوتم بەکاوە:

- خۆزگە ئەم یەک دوو کاتژمێرە تێنەدەپەڕی!

کاوە- دەتەوێت نەڕۆین و کەمێکی دیکە بمێنینەوە؟

گریمان کاتژمێرێکی دیکەیش ماینەوە. سوودی چییە؟ من فەرنوشم بۆ هەتا هەتایی دەوێت!

* * *

## بەشی بیستەم

نزیکی ئێوارە بوو کە گوتم سەرێک لە جەنابی هیدایەت بدەم. نازانم چی منی بۆلای ئەو پیاوە ڕادەکێشا. هەستام کارەکانم کرد و ڕۆیشتم.
بیست خولەک دواتر گەیشتم. لە دەرگام دا، لەناو باخەکە بوو. کاتێک دەرگای کردەوە سلاوم کرد.
- سلاو مامۆستا.
هیدایەت- سلاو کوڕی گوڵ. بەخێر بێیت! خۆشیت هێنا. وەرە بڕۆرەماڵەوە. من خولەکێکی دیکە دێم. چایی ئامادەیە، تاکو چایەک بۆ خۆت تێبکەیت من هاتووم.
چوومە ماڵەوە و گەیشتمە ژوورەکەی جەنابی هیدایەت. بەبێ ویستی خۆم تەماشای تابلۆکەی یاسەمینم کرد. ڕووخسارێکی دڵگیری هەبوو. قژی درێژ و چاوی تیژ! باوەڕم نەدەکرد کە ئەم ژنە بەم ڕووخسارەوە ڕۆژێک مووی بەسەردەوە نەوبوە و لە ڕووخساریدا تەنها جووتێک چاوی ترسناک ماوەتەوە.
بیرم لەوانە دەکردەوە کە گوێم لە دەنگی جەنابی هیدایەت بوو لە پشتەوە.
هیدایەت- مافی خۆم بووە کە ئەسیری بم یان نا؟
- مافی خۆتان بووە مامۆستا.
هیدایەت- بڕیار بوو کە هەر بەمن بڵێیت هیدایەت. لە وشەی مامۆستا بێزارم.
- ئێوە مایەی شانازی هونەری ئێمەن. بۆچی دەبێت لەو بابەتە بێزاربن؟
هیدایەت- سەردەمێک شانازیم بە هونەرەکەمەوە دەکرد. ئێستا تەنها دەمەوێت فەرامۆش بکرێم!
دوو چایی تێکرد و یەکێکی لە بەردەمی من دانا و جگەرەیەکی داگرساند. دانیشت و پرسی:
هیدایەت- تۆ ئەگەر ئەندازیار بێت و خودا نەخواستە، زمانم لاڵ، باڵەخانەیەک

درووست بکەیت و ئەو باڵەخانەیە داڕوخێت و ببێتە هۆی کوشتنی خانەوادەیەک، ئەوکاتە دووبارە حەزدەکەیت ئەندازیاری بیناسازی بیت؟

- باشە ئەوەیان جیاوازی هەیە.

هیدایەت- لەم دونیایەدا هیچ شتێک جیاوازی نییە. ڕووداوەکان وەک یەکن و تەنها لە ڕووخساردا کەمێک دەگۆڕدرێن.

ئادەم کە باوکی مرۆڤایەتی بوو، بەدوای ئاسایش و ئاسوودەیی دەگەڕا، نەوەکانیشی هەر بەدوای ئەوەن. ئەگەر سەختی دەکێشن لەبەر ئاسوودەیی دواترە. تەماشای مێژووی دونیا بکە. هەرکەسێک هاتووە، ویستوویەتی ببێتە پادشا و حوکومڕانی بکات. لەبەر خۆی بووە. بەوانەی دیکەی گوتووە ئێوە مەخۆن و ئێمە دەخۆین.

مەگەر جگە لەوە بووە؟

بەتبەختی مرۆڤەکان هەمووی وەک یەکە. ئێستا یەکێک نەخۆش و بەتبەختە و یەکێکی دیکە بێ پارە و بەتبەختە. یەکێک سەد ملیۆنی هەیە و دەیەوێت بیکاتە دووسەد ملیۆن و یەکێکی دیکەش دوو سەد ملیۆنی هەیە و دەیەوێت بیکاتە سێ سەد ملیۆن.

هەردووکیان لەبەر پارەیە، جیاوازی چییە؟ لە کۆتایشدا هەردووکیان بەتبەخت و بێ بەختن. کاتێک شتێکیان دەوێت و بەدەستی دەهێنن، زۆر شتیان هەبووە و لە دەستیان داوە.

منیش ڕۆژێک هەمان بیرکردنەوەم هەبوو بەڵام چی؟ ئەو هەموو سەروەت و سامانەم هەیە کەچی ئەو شتانەی دەبووایە بمبێت لەدەستم داوە.

لەوانەیە ئەو ڕۆژانەی بەدوای پارەوە بووم زۆر لە ئێستا دەوڵەمەندتر بووم و خۆم ئاگادار نەبووم. با واز لەو شتانە بهێنین.

حەزدەکەیت چیرۆکەکەمت بۆ بڵێم؟ خۆم زۆر حەزدەکەم.

- لە سەر تاکو پێم گوێیە مامۆستا! ببوورن جەنابی هیدایەت.

پێکەنی و چاییەکەی خواردەوە. کۆتا مژی لە جگەرەکەی دا و کوژاندیەوە. دواتر لای کردەوە و بەشێوەیەکی سەیر تەماشای تابلۆکەی یاسەمینی کرد.

لەوانە بوو دوو خولەک بەو شێوەیە تەماشای کردبێت و دواتر سەری داخست.

- هەژدە بۆ نۆزدە ساڵان بووم. باڵا بەرز و چاو و برۆم ڕەش. موویەکی سپی لە قژمدا نەبوو. چەمانەوەیەکیش لەپشتمدا نەبوو.

شەوانە کاتێک کەمانچەم دەژەند، هەرچی کچ و ژن هەبوو بە چاوەکانیان دەیان





CamScanner

ویست من بخۆن!
جلی جوانم لەبەر دەکرد و ڕووخسارم سپی دەکردەوە و کریمم دەدا لە قژم. لەکاتی ژەنیندا خۆم دەجولاندەوە و دڵی هەمووانم دەبرد.
یەکێکی دیکە لەوانەی کە لەناو ژنەکاندا ناوم پەیدا کردبوو، ڕێک و پێکیم بوو. هەرزە نەبووم و تەماشای کەسم نەدەکرد. بەبێ قسە دەهاتم، کەمانچەم دەژەند و دەڕۆیشتم. تەنها سڵاوێک لەکاتی هاتن و سڵاوێک لەکاتی ڕۆشتن.
ئاوازی ناسکم لێدەدا و زۆریش قەشەنگ بوو. باڵایشم خراپ نەبوو. لەوێدا بڵاوبووەوە کەوا کەسێکی سەیرم. خەڵکی حەزیان بەکردارە ئاڵۆزەکانم بوو، بەتایبەتی ژنەکان!
کاتێک سازم لێدەدا، دەنگی هیچ کەس نەدەهات. هەڵبەتە ئەگەر باسی بکەم بۆت، زۆر درێژەی کێشا تاکو گەیشتم بە ئەوێ. ئەزموونەکان مرۆڤ فێردەکەن. ئیتر پاداشتم لە کەس وەرنەدەگرت. نەوەک بیرکەیتەوە لەبەر ئەوەی دڵم تێر بوو بوو. نا!
لەسەرەتاوە کە تازە چووبوومە ئەوێ برسی بووم. هەر لەبەر ئەوەبوو کە پێم گووتی بەڕووکار گۆڕدرابوو!
خزمەتکاری ئوتێلەکەم ڕاسپاردبوو بۆ کۆکردنەوەی پاداشتەکان و لە کۆتایی شەودا شتێکم پێ دەدا. شتێکم دەدا بەبەڕێوبەری ئوتێلەکە، ئەویش بەڕێکی شتەکانی بۆ دادەنام.
هەموو کاتێک دەیگوت: مامۆستا تەشریفیان هێنا! مامۆستا دەتوانن فڵان ئاوازمان بۆ لێبدەن! مایەی شانازی کۆمەڵەی هونەر، مامۆستا فڵان ئەم شەو نیو کاتژمێر درەنگتر دەست پێ دەکەن. مامۆستا ئەمشەو هیلاکن! مامۆستا بۆ سبەی شەو دەمرن!
بەکورتی ئەوەندە پێی گوتین مامۆستا تاکو ئەو ناسناوەمان پێوە چەسپا. باشە خۆ لە ئوتێل کەسی سواڵکەر و برسی نەدەهاتن! هەرچی باخەڵ پڕ و دەوڵەمەند بوو، شەوانە لەوێدا کۆدەبوونەوە. هەموویان منیان دەناسی. هەربۆیە بە مامۆستا ناسرام. نەوەک توانام نەبێت و تەنها پێداهەڵدان بێت! پەنجەی شیرین و بەهرەیەکی فراوان.
لەوکاتانە خەڵکی تینووی چوار مرۆڤی ئەهلی مۆسیقا و هونەر بوون بەڵام گۆرانی بێژ نەبێت. هەڵبەتە مامۆستای ڕاستی هەبوون، بەڵام هەموویان بێ ناونیشان بوون.





CamScanner

ڕۆژێک لە ماڵەوە دانیشتبووم، دیوانی حافزم دەخوێندەوە. حەزم دەکرد ئاوازێک لێ بدەم و شیعرێکی لەگەڵدا بڵێم. یاسەمین لە چێشتخانە خەریکی خواردن درووست کردن بوو.

کەمانچەکەم هەڵگرت و دەستم کرد بەژەنینی. دەمژەنی لەگەڵیدا وردە وردە چەند دێرە شیعرێکم دەخوێندەوە.

بینیم یاسەمین لە چێشتخانەوە سەری دەرهێنا و لێی پرسیم:

- ئەوە ئاوازی چ کەسێکە؟

هەرچەندە بیرم کردەوە ئاوازی کەس نەبوو! تێگەیشتم ئاوازێکە و خۆم داماناوە. هەربۆیە زۆر پێم خۆش بوو. لە دڵەوە ئەوەندە نزام بۆ ڕەزا کرد هەر باسی مەکە. ڕەزا یەکێک بوو لە مامۆستا ونبووەکان کە ئەوکاتە من تێگەیشتم. بەکورتی لە ئاوازەکە بەردەوام بووم تاکو بوو بەشتێکی جوان.

شەوێک لە ئوتێل پێشکەشم کرد. خەڵکی زۆر بەلایانەوە خۆش بوو، هانیان دەدام.

لەدوای ئەوە لەکاتی بێکاری ئاوازم لێدەدا. کاتێک تەواو دەبوو، لە ئوتێل پێشکەشم دەکرد. هاندانەکان زیاتر دڵ گەرمیان دەکردم.

بەڵام هاندانی ڕاستەقینە ئەو کاتە بوو کە یاسەمین وەسفی دەکرد. وەسفەکانی وزە و هیوای پێدەدام. ئێستا کە بیر لە خۆم دەکەمەوە دەبینم تەواوی ئەو حەز و هەولانە لە عیشقی یاسەمینەوە بوو!

عیشقێک کە لەبەر دەستمدا بوو. دەترسام ئەگەر وشەیەک بڵێم هەموو شتێک خراپ ببێت. دەترسام لە ناچاریدا لەپڕ هەستێت و بڕوات. ئەوە بوو خۆشەویستیم لە دڵمدا هێشتەوە و هیچم نەگوت.

ئێوە باش بن. ئەو ڕۆژانە پارەی باشم دەست دەکەوت. لەلایەک ئوتێل و لەلایەکی دیکەوە وانەم دەگوتەوە. هەموو پارەکانیشم دەدا بەیاسەمین تاکو کۆی بکاتەوە. ساڵێکی دیکەیش تێپەڕی. هەرچەندە خۆشەویستیم بۆ ئەو کچە زیاتر دەبوو، ئەو ئاوازانەشی لێم دەدان جوانتر دەبوو!

ڕۆژێکیان کرێچی نهۆمی سەرەوە هات و دای لە دەرگا. هاتە ژوورەوە و کەمێک ڕاوەستا و دواتر گوتی:

- فڵان کەس دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.

- چی؟

- تۆ کە ئەوەندە بەتوانایت و ئاوازی بەو قەشەنگییە لێدەدەیت، بۆچی نایەیت بۆ

- رادیۆ؟
- بەڵێ. من لەوێ کار دەکەم. ئەگەر ویستت بیڵێ من بۆتی ڕێک دەخەم.
- ئەگەر لەوێ چەندم پێ دەدەن؟
- پێویست ناکات بێیت لەوێ کەمانچە بژەنیت! من شیعر و ئاواز خوێن دەهێنم و تۆیش ئاوازەکەی لێبدە. پارەکەیشی باشە و دەناسرێیت.
یاسەمین کە گوێی لە قسەکانی ڕاگرتبوو، هەر زوو گوتی:
- زۆر باشە. هەر لە سبەینێوە دەست پێ دەکەین.
- بابە ئەو کارانە خوێندەواری باشی دەوێت.
دراوسێکەمان گوتی:
- بەڵێ. بەڵام لە پێش خوێندەواری، توانایەکی باشی دەوێت کە تۆ توانات هەیە. ئەو چەند ئاوازەی کە درووستت کرد، من لە سەرەوە گوێم لێبوو.
هەر ئەو شیعرانەی حافز لەگەڵی دەتگوت. باشە هەر لە سبەینێوە ئاواز خوێنێک لەگەڵ خۆم دێنمەماڵەوە. هەر بەو شێوەیە پێکەوە ڕاهێنان دەکەین. ئەگەر باش بوو، دەڕۆینە ڕادیۆ بۆ پێشکەش کردنی.
یاسەمین ئاماژەی بۆ کردم کە ڕازی ببم. منیش گوتم باشە و دراوسێکەمان هەستا و ڕۆیشت.
کاتێک گەڕامەوە بە یاسەمینم گوت:
- کچەکە ئەو کارانە گاڵتە نیە. دەڕۆمە ئەوێ و ئابڕووم دەچێت ها!
یاسەمین- مەترسە. ئەو شتانەی کە تۆ لەم ماوەیەدا درووستت کردوون و ژەندووتن، هەمووی قەشەنگە. کۆتاییەکەی ئەوەیە کە ڕازی نابن. خۆ سەرت نابڕن! بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە. چۆن لە خودای گەورەت ڕوانیوە؟
لەوانەیە کارت دەست بکەوێت. تەنها خۆت بەکەم دامەنێ. کاتێک هاتوون بەدواتدا وابە کارت باشە ئیتر!
دەستم لێ هەڵگرت. قسەکانی باشترین بوو بەلامەوە. گوتم باشە و سبەی دراوسێکەمان لەگەڵ ئاواز خوێنێکی پیاو هاتن بۆ ماڵمان. جارێ با ناوەکەی بێنێت. هەر ئەوەندە دەڵێم کە لەو سەردەمەدا زۆر بەناوبانگ بوو. چ پیاوێکی شیرین بوو.
هاتە ماڵەوە و لەدوای بەخێرهاتن و ئەو قسانە، دراوسێکەمان گوتی:
- فڵان ئەو کەمانچەیەت بهێنە و بەپەنجەکانت میوانداریمان بکە.

هەستام و چووم کەمانچەکەم هێنا. ڕێکم کرد و کەمێک لە تەماشاکردنیدا ڕۆچووم. ڕاستییەکەی کەمێک شڵەژابووم و دەستەکانم دەلەرزی. تەواوی ئەو ئاوازانەی لێمدابوو لە بیرم کردبوو! ئارەقم کردبووەوە.

کاتێک لام کردەوە یاسەمینم بەعەبایەکەوە بینی کە خەریکە تەماشام دەکات و بزەیەکی شیرین لەسەر لێوەکانی بوو. پڕ بووم لە سۆز و خۆشەویستی. وەک ئەوەبوو تەواوی گەرمی دونیا هاتبێتە ناو پەنجەکانم! هەر لە بیرم کردبوو کەسێکی دیکە لەوێ هەبێت!

کەمانچەکەم لەسەر شانم دانا و دەستم پێکرد، تێنەگەیشتم کە چیم لێدا و چۆن لێمدا و کەی تەواو بوو. کاتێک بینیم ئەو ئاواز خوێنە خودا لێخۆشبووە هەستا و دەستەکانی ماچ کردم.

کاتێک دەستمی گرت گوتی:

- بەڕاستی کە مامۆستای! دەستت نەڕزێت!

بەڵێ بەهزاد خان. ئێمە بەو شێوەیە پێیەکانمان خستە ڕادیۆ.

ئەو ڕۆژە ئاوازخوێنەکە هەمان ئەو شیعرەی حافزی خوێندەوە کە من ئاوازەکەیم بۆ دانابوو. هەر بەو شێوەیە خوێندی کە من لەبەرم کردبوو. وەک بولبول دەیگوت و منیش گەرم بووبووم، لەگەڵی دەهاتم. پێکەوە ببووینە کەسێک. ئەو حەزی نەدەکرد من دەست هەڵبگرم و منیش حەزم نەدەکرد ئەو وازبهێنێت!

بەکورتی هەستان،ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن. بڕیار بوو من لەگەڵ دراوسێکەمان برۆمە ڕادیۆ. ئیتر دەرگای ڕەحمەت بەڕووومدا کرایەوە. لەدوای ئەوە کاتم نەبوو سەرم بخورێنم. لە سبەینێوە لەگەڵ دراوسێکەمان چووین بۆ ڕادیۆ. بەڕێوبەرێک لەوێ بوو، ناوی ئەویش ناڵێم: ئاوازەکەم بۆ لێدا زۆر حەزی پێکرد.

لێی پرسیم:

- لەو ئاوازانە دەزانیت؟

- دڵی من پڕە لەو ئاوازانە!

- ئەی لە دڵتدا داستانی هەزار و یەک شەوە هەیە؟

- تۆ بڵێ هەزار و یەک خەم!

بەکورتی چووینە بەشی پێشکەش کردن. ئەو ئاوازخوێنە و ئۆکێسترەکەیش هاتبوون. خودا لێیان خۆش بێت. زۆربەیان ئێستا زیندوو نین. لەوانەیشە هیچیان زیندوو نەبن.

چەند کاتژمێرێک ڕاهێنانمان کرد. بڕیار بوو سبەی بێم بۆ تۆمارکردن. چونکە

ئاوازێک بەو ئاسانیەی ئێستا نەبوو. ئێستا هەریەکە لە مۆسیقا ژەنەکان دەرۆن تۆماری دەکەن. لەهەر شوێنێک خراپ بێت، ڕایدەگرن و چاکی دەکەنەوە.

بەلام ئەوکاتە ئەو ئۆکێستەرە دادەنیشت و ئاوازێکی ڕێک دەکرد. ئێستا ئەگەر لە کۆتایدا خراپ ببوایە. دەبوو دووبارە لە سەرەتاوە دەستمان پێ بکردایەتەوە. بەلام باشیەکەی لەوەدا بوو هەموویان مامۆستا بوون ئەوانەی پێشکەشیان دەکرد.

هەر لەوێدا یەکێک لە هونەرمەندەکان، خودا لێی خۆش بێت کارەکەمی زۆر بەدل بوو، بەلێنی پێدام وانەی تایبەتی مۆسیقام پێ بلێت. پێی دەگوتم کە حەیفە ئەو توانایەت هەیە و کاریشت باشە.

با تێیەڕێنین. ئەوە بوو بەکاری من. دەزانیت ئەگەر مرۆڤ کاری یەکەم وەربگرێت ئیتر هەموو شتێک درووست دەبێت. لەو ڕۆژە بەدواوە گولم کرد! هەموان منیان دەناسی. چەند ماوەیەک تێپەڕی و حەوت بۆ هەشت ئاوازم گولی گرت و کەوتە سەر زمان. پارەیەکی باشیش لەو کارەدا هەبوو. سالێک تێپەڕی.

ڕۆژێک لە مالەوە دانیشتبووم و کارم لەسەر ئاوازێک دەکرد کە بینیم یاسەمین وەستاوە و تەوماشای من دەکات. کەمانچەکەم دانا و بەڕوویدا پێکەنیم. بەپێچەوانەی هەموو کاتێک وەلامی پێکەنینەکەی نەدامەوە!

پرسیارم کرد کەوا چی بووە.

یاسەمین- تۆ شەرم و حەیات هەیە؟

لە جێگەکەم هەستام.

- واتە چی؟!

یاسەمین- تۆ هەر پیاوی؟

زۆر پێم ناخۆش بوو. ڕووخسارم تێک چوو.

- کەسێک شتێکی پێ گوتووی؟ ئازاریان داوی؟ پێم بلێ کێیە با باوکی لەگۆڕ دەربهێنم.

یاسەمین- خودی تۆ! تۆ ماوەیەکی زۆرە من ئازار دەدەیت!

خۆم کۆکردەوە.

- من ئامادەم درک بچێت بەچاومدا و نەچیت بەپێی تودا. ئەوکات چۆن من تۆم ئازار داوە؟!

یاسەمین- ئێمە دەبێت تاکو کەی وەک خوشک و برا بژین؟ یان تۆ پیاو نیت یان منت خۆش ناوێت! لەبەر ئەوەبوو ئەوکاتانەی نەخۆش بووم و قژ بەسەرمەوە نەبوو نەم دەویست سەرم ببینی.

لەبەر ئەوە بوو باندجەکەم وەک کڵاو لێکردبوو، کردبوومە سەرم. بەڵام ئێستا تەماشابکە.

ئەوەی گوت و قژە درێژەکەی جوڵاند. قژی وەک شەپۆل دەجولایەوە.

یاسەمین- سەیربکە چ قژێکم هەیە. وەک شەپۆلی ڕەش!

- تو خودا ئیتر وامەکە. تۆ باوکی منت لە گۆڕ دەرهێنا! قوربانت بم. مردم ئەوەندە عیشقی خۆت ڕژاندە ناو دڵمەوە و هیچم نەگوت. شەو و ڕۆژم وەک ڕەنگی قژەکانت بوو.

یاسەمین- دەی کەواتە بۆچی تاکو ئێستا هیچت پێ نەگوتووم؟

- خۆم دەپاراست. دەترسام تۆ منت نەوێت و بەزۆر ڕازی بیت تاکو ببیت بەهاوسەرم. ئەگەرنا ئارەزووی من ئەوەیە تۆ ببیتە هاوسەرم.

یاسەمین- بەڕاستی دەڵێی یان دەتەوێت دڵم خۆش بکەیت؟

- بەو کەسەی دەیپەرستی و دەیپەرستم زۆر لە مێژە سۆزی تۆ لە دڵمدایە. ئەو ئاوازانەی لێی دەدەم بەسۆزی عیشقی تۆیە! هەر ئێستا هەستە بچینە نوسینگە و مارەت ببڕم.

یاسەمین ئارام بوویەوە و چاوە تیژ و درەوشاوەکانی ئاسایی بوویەوە.

هەر ئەوکاتە بەڕێ کەوتین. عاباکەی لەسەر کرد و بەڕێ کەوتین بۆ نوسینگەیەک لە نزیکی ماڵی خۆمان. بەکاتژمێرێک کارەکان تەواو بوو، یاسەمین بوو بەژنی من. حەڵاڵ و مەحرەم.

چۆن بۆت بڵێم کە ئەو شەوە چ شەوێک بوو بۆ من! وەک ئەوەبوو تینوویەک لەدوای ساڵانێک بەئاو بگات یان گورگی برسی بگاتەوە بەگەلەکەی یان هاوڕێیەک بەهاوڕێکەی بگات. کەسێکی خەمگین کە گەشتبێ بەئارامی!

کاتێک گەیشتینە ئێ رەی چیرۆکەکە، جەنابی هیدایەت بەبێ ویستی خۆی دەستی کرد بەگریان. توانای بینینی فرمیسکەکانیم نەبوو. هەستام تاکو بڕۆم، بەڵام ئاماژەی بۆ کردم دابنیشم. ماندوو پەرێشان بووبوو.

فرمێسکەکانی پاک کردەوە و جگەرەیەکی داگرساند.

هیدایەت- بەدەستی خۆم نییە. ئەو فرمێسکانە خۆراکی شەو و ڕۆژی منە. دانیشە هێشتا خاڵی نەبوومەتەوە.

چی بڵێم تاکو تێبگەیت. دەبێت عاشق ببیت تاکو دەردی عەشق تێبگەیت. دەبێت دەردی عەشقت کێشابێت تاکو بزانیت چ دەردێکە! دەبێت ببیتە مەجنوون تاکو بزانیت شێتی چییە! چ شەوێک بوو ئەو شەوە.

میشتان قسەکانی ئەو شەوە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، پێی گوتم من جگە لە تۆ کەسێکم نییە. هەر بەو جۆرەی گەورەیت کرد و تاکو ئەمڕۆ ئاگادارم بوویت، چاوەدێری بکە و بۆ هەمیشە من لەژێر پەڕ و باڵی خۆت دابنێ. من باشییەکانی تۆم لەبیر ناچێتەوە. تۆ تاکو ئێستا لەجیگەی باوک و دایک و برایش بوویت بۆ من. لەمە بەدوا دەبێت هاوسەرم بیت. نەوەک ئێستا بەناوبانگ بوویت منت لەبیر بچێتەوە. منیش سوێند دەخۆم بۆ هەمیشە کەنیزەکی تۆ ببم. تۆ تەنها لەگەڵمدابە و لێکم نزیکبە و پارچەیەک جلم پێبدە لەبەری بکەم ئیتر هیچی دیکەم ناوێت.

نازیم دەکێشا و خۆم دەکرد بەقوربانی.

- ئەو قسانە چییە تۆ دەیکەیت؟ ئەگەر تۆ نەبیت حەزدەکەم دونیاش نەبێت! پارچەیەک جل چییە؟ ئەو قسانەت لەکوێ بوو؟ هەرچیم هەیە بۆ تۆ بێت. لە گیان نازیزتر نیە، بەفیداتی دەکەم. تۆ دابنیشە و خانمی بکە. ببە بەتاجی سەری من.

حاڵێکی سەیرم هەبوو ئەو شەوە بەهزاد!

لە سبەیەوە ماڵەوە بۆ من وەک بەهەشت بوو. بەلای چەپ و ڕاستدا دەڕۆیشتم، یاسەمین وەک پارچەیەک مانگ لەپێش چاوم بوو منیش بەقوربانی دەبووم.

لەوکاتەوەی ببوینە ژن و مێرد و لەیەکتری حەلال بووین، هەموو ڕەفتارەکانی لەگەڵ من گۆڕا بوو. هەمیشە پێدەکەنی و گاڵتەی لەگەڵ دەکردم و نازی دەکێشام. تێکەی دەکرد، دەیکرد بەدەمی منەوە و تەڕی دەکردم.

پێم دەگوت دوایی نازدارم دەکەیت ها!

ئەویش دەیگوت عەیبی نییە. دەمەوێت تۆڵەی چاکەکانت بۆ بکەمەوە.

دەنگی پێکەنین لە ماڵماندا نەدەبڕا! ئیسفەندمان دادەگیرساند بۆ ئەوەی دراوسێکان چاویان لێمان بەبێت.

ڕۆژێکیان لەسەر کار گەڕامەوە ماڵەوە. کاتێک دەرگای حەوشەکەم کردەوە و هاتمە دەرەوە، گوێم لێبوو یەکێک دەیخوێند.

وەستام و گوێم ڕاگرت. یاسەمین بوو! چ دەنگێکی هەبوو؟! هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەو دەنگە لە قورگی ئەو ژنەوە بێت!

ئاوازێک کە ئاواز خوێنێکی پیاو بەسەختی دەیخوێند، یاسەمین بەشێوەک دەیگوت کە وەک ئەوە بوو شتێک لەژێر لێوە بڵێت! دەمم لە سەرسوڕماندا کرابوویەوە.

کاتێک گەیشتە ئەو شوێنەی کە دەبوایە بیخوێندایە، بەشێوەیەک دەنگی دەردەکرد کە هەناسەی لە من بڕی!

ئەو چەپلەی لێدەدا و هەناسەی من لە سنگمدا گیرابوو. دەزانم باوەڕ ناکەیت بەڵام هەر لەوکاتەدا ئەو باڵندەکانەی لەسەر درەختی حەوشەکە بوون بۆ ماوەیەک جریوە جریویان نەدەکرد!

هەر ئارامم گرت تاکو ئەو خوێندنە تەواو بێت بەڵام تەواو نەدەبوو. هێندە دەنگی نەرم و نیان بوو وەک ئەوە بوو دە باڵندەیان کردبێتە ناو ماڵەکەمان.

لە کۆتاییدا تەواو بوو. هەناسەم دایەوە! ئەو دەیخوێند و منیش خەریک بوو بێدەنگ دەبووم. ئەوەندە دەنگی قەشەنگ بوو کە بیردەکەمەوە پەنجەکانی من ناتوانێت ئەو دەنگە دەربکات!

گوێم ڕاگرت. بەباشی گوێم ڕاگرت. لە دڵی خۆمدا گوتم:

- بەقوربانی خودابم. ئەوە دەنگی مرۆڤە یان دەنگی بولبول و کەناری!

هەر لەوێدا دانیشتم. دەمزانی ئەگەر بچمە ژوورەوە ئیتر ناخوێنێت. لە سوچێکدا دانیشتم و گوێم بۆ ڕادەگرت. خودای گەورە هەموو شتێکی لە دروستکردنی ئەو ژنەدا تەواو کردبوو. لەو ماوەیەدا ئەوەندە بەباشی فێری خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو بوو کە باوەڕم نەدەکرد. خەتی ئەوەندە جوان بوو هەر مەپرسە. ئەوەش لە دەنگی.

بیرم کردەوە تاکو ئێستا چۆن تێنەگەیشتبووم کە یاسەمین ئەوەندە بەتوانایە!

بیرم لەوانە دەکردەوە، لەماڵەوە دەنگی کەوتن و شکانی شتێک هات. دواتر یاسەمین گوتی:

- وای خاک بەسەرم قۆریەکە شکا.

خولەکێک دواتر چوومە ژوورەوە.

هەرکە منی بینی بەپێکەنین و خۆشحاڵیەوە هاتە پێشەوە و سڵاوی کرد. منیش بەسەر وەڵامم دایەوە و گوتی:

یاسەمین- چەندە زوو هاتیتەوە. هێشتا چایم بۆ لێنەناوی. واتە خەریک بووم دروستم دەکرد، قۆریەکە لەدەستم کەوتە خوارەوە.

- بەفیدای سەرت بێت. چایی ناخۆم. خولەکێک دانیشە کارم پێتە.

یاسەمین- شتێک بووە؟

- نەخێر. تەنها کەمێک لێت ڕەنجاوم.

یاسەمین- خودا بمکوژێت! کارێکی خراپم کردووە؟ نەوەک لەبەر ئەوەی قۆریەکەم شکاندووە نارەحەت بێت؟

- ئەو دەنگی بولبولە لەکوێ بوو؟

کەمێک تەماشای کرد و تێنەگەیشت چی دەڵێم
یاسەمین- بولبول؟!
- بەڵێ! بیستت؟
کەمێکی دیکە بیری کردەوە و گوتی:
یاسەمین- نەخێر! من خەریکی کارکردن بووم! لەکوێ دەنگی دەهات؟
- لە ئاسماندا!
دووبارە تێنەگەیشت چی دەڵێم. دواتر گوتی:
یاسەمین- لە کاتی فڕیندا دەیخوێند؟!
پێکەنیم و گوتم:
- نەخێر. لەسەر لقی درەختەکان دەیخوێند!
بە سادەیی و بێ تاوانیەوە گوتی:
یاسەمین- کام درەخت؟!
دووبارە پێکەنیم و گوتم:
- درەختێک لەسەر دڵی من! ئەگەر بیدۆزمەوە قورگی دەگرمە ئالتوون.
تازە تێگەیشت. ڕووخساری سوور بوویەوە و ڕۆیشتە چێشت خانە. بەدوایدا ڕۆیشتم و گوتم:
- سەرسام بووم چوونکە تاکو ئێستا ئەو ولبولەم نەبینی بوو.
دەستی کردبوو بە کار کردن، واتە ئاگادار نیە! چوومە پێشەوە و دەستیم گرت و گوتم:
- تۆ نەتزانی ئەو دەنگە لە قرگی چ کەناریەکی دەنگ خۆشەوە دەهات؟
سەری داخست و بە شەرمەوە گوتی:
یاسەمین- خودا من بکوژێت! لەکوێ بزانم ئەم ماڵە ئەوەندە بێ دەرگا و دیوارە کە دەنگ بەرز دەبیتەوە!
- خولەکێک وەرە دابنیشە کارم پێت هەیە!
یاسەمین- خواردنەکەم لەسەر ئاگرە! هێشتا هیچ کارێکم نەکردووە!
- من دەڕۆمە حەوشە دادەنیشم! کەمانچەکەیشم دەبەم! دەبێت ئەو بولبولە بۆ من بخوێنێت!
یاسەمین- شێت بوویت؟!
- بەڵێ! شێتی ئەو دەنگە!
کەمێک ڕاوەستا و گوتی:

یاسەمین- ئەگەر نەی خوێند چی؟!
- ئەو کاتە نە من و نە ئەو!
یاسەمین- لەوانەیە ئەو بولبلە شەرمت لێ بکات!
- بولبول لە بێگانە شەرم دەکات نەک لە خۆی!
ئەوەم گوت و ڕۆیشتم لە ژوورەوە کەمانچەکەم دەرهێنا و ڕۆیشتمە حەوشە، ئامادەم کرد و وردە وردە دەستم کرد بە ساز لێدان!
چاوەکانم بەستبوو گوێیەکانم کردبوویەوە تاکو دووبارە دەست بە خوێندن بکاتەوە! لێمدا و لێمدا ئەوەندە لێمدا تاکو لە پڕ دەنگی کەناریەکە هات! پەنجەم نەدەجوولاند نەوەک لە خوێندن ڕاوەستێت.
سەرەتا شەرمی دەکرد دەنگ بەرز بکاتەوە، بەڵام دواتر ڕووی کرایەوە!
دووبارە باڵندەکان بێدەنگ بوون! منیش ئاگام لە خۆم نەبوو!
لەپڕ بە دەنگی یاسەمین چاوەکانم کردەوە! خەریک بوو پێدەکەنی. منیش پێکەنم و گوتی:
یاسەمین- خەریکیت چی دەکەیت؟! بولبولەکە پێنج خولەکە بێدەنگ بووە!
- ئاگام لە خۆم نەبوو! بەخودا ئیتر نابێت قسە بکەیت لەم قسەیەمدا!
یاسەمین- چ قسەیەک!
- لە ئێستاوە هەر ئاوازێکم دانا دەبێت ئەو بولبولە بۆم بخوێنێت.
پێکەنی و بە شەرمەوە ڕۆیشتە ژوورەوە.
لەدوای ئەوە کاری من بوو بەوەی کە هەر شیعرێکم پێ دەدرا لەدوای دانانی ئاوازەکەی سەرەتا دەمدا بەیاسەمین بیخوێنێتەوە. ئەگەر باش بووایە، دەمدا بەڕادیۆ.
بەشێوەیەکم لێ هاتبوو کە ئەگەر ڕۆژێک نەیخوێندایە بۆم و گوێم لە دەنگی نەبووایە بێزار دەبووم. مافی خۆشم بوو، چوونکە دەنگی یاسەمین هەرکەسێک گوێی لێبووایە ئیتر هیچ دەنگێکی دیکەی بەلاوە دەنگ نەبوو.
بەکورتی پێکەوە زۆر خۆش دەژیاین. ژیان وێنە جوانەکەی بە ئێمە نیشاندابوو.
تاکو ئەوەی ڕۆژێک بەشەرمەوە هاتە حەوشەکە. خەریک بووم بەناو دارەکاندا دەڕۆیشتمە سەرەوە. قاچم لەسەر پلیکانەکانی پەیژەکە بوو، خەریکی بڕینی لقە زیادەکان بووم.
یاسەمین- دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.
- بڵێ.

یاسەمین- وەرە خوارەوە پێتی دەڵێم.
- بڵێ گوێ ڕادەگرم.
یاسەمین- ئەگەر خودا منداڵ نەدات بەئێمە چی دەبێت؟
- نزادەکەم کە پێمان بدات.
یاسەمین- ئەگەر نەیدا چی؟ لێم جیادەبیتەوە؟
- قسەیەکی دیکەت نیە بیڵێی؟ هەرکاتێک خودا ویستی منداڵمان پێ بدات، پێمانی دەدات ئیتر.
یاسەمین- لەوانەیە کاتی هاتبێت! دووگیانم!
قاچم هەڵخلیسکا و بەپشتا کەوتم بەزەویدا. دەستێکم بەپشتمەوە و دەستەکەی دیکەش بەزەوییەکەوە. هەستام و پرسیم:
- تۆ لەکوێ دەزانیت؟
پێکەنی و گوتی:
یاسەمین- باشە ئێمەی خانمان بەشێوەیەک دەزانین ئیتر!
- خودایە لە دەورت بگەڕێم. پشت بەخودا هەمیشە هەواڵی خۆشت پێ بێت. وەرە دابنیشە. ئیتر نابێت کاری گران بکەیت. دەبێت پشوو بدەیت.
یاسەمین- ئەوکاتە قەڵەو بووم و منداڵەکە دەمرێت! بۆ ژنی دووگیان کارکردن باشە، تۆ دڵگران مەبە.
- تۆ خودا ئاگاداربە. خۆت ئازار مەدە. ئەو منداڵە ئەمانەتی خودایە ها!
دابەزیم و زەوییەکەم ماچ کرد. ئیتر هیچم لە خودا نەدەویست. هەموو شتێکم هەبوو. چۆن سەرت نەیەشێنم؟
چەند مانگ دواتر خودا کوڕێکی گوڵی پێداین. وەک هەنگووین شیرین بوو. ئیتر حەزم نەدەکرد قاچم لەماڵ ببەمە دەرەوە. دڵم بۆ منداڵەکە تەنگ دەبوو. حەزم دەکرد قوتی بدەم! بەلای چەپ و ڕاستدا دەڕۆیشتم شتێکم دەدا بەیاسەمین تاکو بیخوات. پێم دەگوت
- ژنی شیردەر دەبێت بەباشی بخوات.
یاسەمین- خەریکە دەبمە ورچ.
- کێشە نیە. دەبێت هەم تۆ و هەمیش کوڕەکەم قەڵەو ببن.
ڕۆژێکیان جگەرم بۆ برژاندبوو، خەریک بووم پێم دەدا تاکو بیخوات. دەستمی گرت، ماچی کرد و گوتی:
یاسەمین- ڕاستە کە لە منداڵییەوە سەختیم زۆر کێشاوە، بەڵام خودا قەرەبووی

هەمووی بۆ کردمەوە. تاکو لە ژیاندابم چاکەکانی تۆ لەبیر ناکەم پیاو.

دەستم کردە ناو قژی و گوتم:

- منیش لە منداڵییەوە سەختیم زۆر کێشاوە، بەڵام دەڵێی خودا دەرگای سۆزی لە ئێمە کردۆتەوە. لەبەر خاتری بەرەکەتی مورتەزا عەلی خودا بیدات بەهەمووان. چاکەی ئەوانەمان پێ بدات و ئەوەی کە هەمانە لێمان نەستێنێت.

کوڕەکەمان ناونا عەلی. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەتر دەبوو. هەرچەندە ئەو گەورەتر دەبوو کاری منیش باشتر دەبوو. باشترین ژیانم بۆ درووست کرد. لە ئاڵتوندا تێرم کردبوو. خۆیشی دەیگوت ئەوەندە ئاڵتوونم هەیە کە زەڕەنگەریش ئەوەندەی نیە! پێم دەگوت شایەنی تۆی نیە. خانمی گوڵ تۆ بۆ من وەک دەستە گوڵی.

هیدایەت دووبارە جگەرەیەکی داگیرساند و دوو چایی دیکەی تێکرد. هەناسەیەکی تازە کردەوە. بەردەوام بوو.

- لە ژیاندا بەئاکام گەیشتبووم. ساڵانێک تێپەڕی و ئاو لە قوڕگمان نەگیرا. عەلی نزیکی شەش ساڵان بوو. ئیتر وردە وردە کاتی چوون بۆ قوتابخانەی بوو. ڕۆژێک لەسەر کار گەڕامەوە، لەدوای ئەوەی یاسەمین چایی بۆ هێنام و خواردمەوە گوتی:

یاسەمین- من ماوەیەکە زۆر بیرم کردۆتەوە و بینیم ئەقڵ شتێکی باشە. خودا کاتێک شتێکت پێ دەبەخشێت ئەگەر سودی لێ نەبینیت کوفری نیعمەتە.

- واتە چی؟

یاسەمین- لە کۆنەوە گوتراوە دەبێت بولبول ئازاد بێت تاکو بخوێنێت! حەیفە ئەو دەنگە لە قەفەزدا بمێنێتەوە و هیچ کەسێک نەیبیستێت!

- ئەو بولوبلە هەر ئەوەندەی بۆ هاوسەرەکەیی و منداڵەکەی دەخوێنێت بەسە.

یاسەمین- دەبێت ئەو باڵندەیە ئازاد بێت تاکو هەمووان دەنگی ببیستن!

- دەڵی چی؟

یاسەمین- ڕادیۆ! ئەم دەبێت بڕواتە ڕادیۆ!

زەق زەق تەماشام کرد و گوتم:

- هەر لەوەم مابوو ژنەکەم بڕواتە ڕادیۆ! دەتەوێت بێچارەم بکەیت؟ کێ ئەوانەی بە تۆ گوتووە؟! دەتەوێت ئابرووماں ببەیت؟! لە چ شتێکت کەمە؟! چیت ویستووە بۆم دابین نەکردووی؟! دەستەکانت خۆش بێت! ئافەرین! هەر بژێت!

سەری داخست و هیچی نەگوت! کەمێک دواتر چایی بۆ هێنام و گوتی:

یاسەمین- بابە بۆچی ئەوەندە توڕە بوویت؟ ئێستا من شتێکم گووتووە! وازی لێ بهێنە ئیتر!

## بەشی بیست و یەك

ماوەیەک تێپەڕی و ئیتر دەنگ و باس نەبوو. ژیانمان ئاسایی بوویەوە. بەیانیەکیان دانیشتبووم لە ژوورەوە و لە سەر ئاوازێک کارم دەکرد. چایی بۆ هێنام و لەبەردەمم دانا و خۆیشی دانیشت. کەمێک دواتر گوتی:

یاسەمین- سەردەم گۆڕاوە!

- چۆن؟!

یاسەمین- ژنان دەبێت بچنە سەر کار!

تێگەیشتم دەیەوێت چی بڵێت! خۆ ڕانەگرت و گوتم:

- من لەو جۆرە پیاوانە نیم کە لە قاپی ژنەکەم نان بخۆم. پێم خۆش نیە ژنەکەم بچێتە بەردەم پیاوی بێگانە و پیاوی بێگانە دەنگی ببیستن. جگە لەوەش ئێمە پێویستمان بەپارە نییە. ئەو هەموو پارەم بۆ چییە؟

یاسەمین- ژن کە توانای هەبێت دەبێت سوودی لێ وەربگرێت!

- بەڵێ بەلام لە ڕێگەی ڕاستەوە!

یاسەمین- واتە دەڵییت دەبێت ژن هەمیشە لە ماڵەوە بێت؟! بشۆرێت و پاک بکاتەوە و خواردن درووست بکات؟! ئاخر ئەوە بیرکردنەوەیە تۆ هەتە؟! ئەووە سەردەمی هەزار ساڵ پێش ئێستایە! کەمێک مێشکت بەکار بهێنە!

- یاسەمین تۆ تاکو ئێستا تورەیی منت نەبینیوە. مەهێڵە دەمم بکرێتەوە.

یاسەمین- دەمت بکرێتەوە یان نا. من ئیتر یاسەمینی پێشوو نیم! تۆ هەر کارێکت لەدەست دێت ئەنجامی بدە!

لەپڕ لەدەستم دەرچوو شتێکم کێشا بەڕووخساریدا! لە جێگەکەی هەستا و

بەگریانەوە چووە چێشتخانە.

بەڕووکار کارەکە تەواو بوو، بەلام ئەوە ژیانمان بوو کە تەواو بوو. چەند مانگ تێپەڕی، وەک ئەوەبوو یاسەمینیان بردبێت و یاسەمینێکی دیکەیان لە جێگەی دانابێت! وردە وردە دەبووینە دوو کەسی بێ هەست.

جاری داهاتوو بەرامبەرم وەستا و گوتی کە من دەمەوێت بڕۆم! تۆیش هەر کارێکت لەدەست دێت ئەنجامی بدە. ئەگەر دەستت بەرز بکەیتەوە، هەرچیەک ڕوویدا دەبێت لە چاوی خۆتی ببینی ها!

تەماشام کرد و گوتم:

- ئەوەیە پاداشتی کارەکانم؟!

یاسەمین- هەر کارێکت بۆ کردووم لە جێگەی سوودت بردووە، ئەوەی دیکەیش هەرچی بووە لەگەڵم حسابی بکە تاکو پارەکەیت پێ بدەم!

- لەکوێ تاکو ئێستا پارەت پەیدا کردووە کە ئێمە نەمان زانیوە؟!

یاسەمین- تۆ ئاگادار نیت. کاتی خۆ تێدەگەیت!

- زمانی بولبولت گرتووە!

یاسەمین- مەگەر خۆت نەتگوت دەنگم وەک دەنگی بولبولە!

- ئێستا ئیتر گاڵتە بە من دەکەیت؟!

یاسەمین- خۆتیت کە گاڵتە بە خۆت دەکەیت!

- ئەو کاتەی کە کەچەڵ بوویت و خەریک بوو دەمردیت بەم شێوەیە قسەت لەگەڵ دەکردم؟!

یاسەمین- ئەوانە کۆنە، باسی ئێستە بکە.

- ئێستا خەریکە بە شێوەیەکی دیکە دەمریت! خۆت ئاگادار نیت!

یاسەمین- کاتێک پارەم پەیدا کرد دێم و نیشانی تۆی دەدەم ئێستا قسەت چییە؟!

- هیچ! ئەگەر دەتەوێت بڕۆیت بڕۆ! خۆت دەزانیت و ویژدانت!

ئەوانەم گوت و چوومە حەوشە. کاتژمێرێک دواتر بەچاییەکەوە هاتە حەوشە. چاییەکەی لە بەردەمم دانا و خۆیشی دانیشت.

یاسەمین- سەیرکە من تۆم خۆش دەوێت و کوڕەکەیشم خۆش دەوێت و ژیانیشمم خۆس دەوێت بەلام بەدەستی خۆم نیە وەک ئەوەیە کرابێتمە قەفەزەوە! دەبێت ڕێگە بدەیت بفڕم!

- ئەوە هەڵفڕینی ئازادی نیە! هەڵفڕینی بەدبەختیە!

یاسەمین- کارت بەسەر ئەوانەوە نەبێت! من خۆم دەزانم! هەفتەیەک یان دوو

مەنە جارێک دەڕۆم خۆ زۆر نیە! هیچ کاتم ناگرێت!
- خەریکە مالمان تێک دەدەیت. مەکە یاسەمین! من نازانم ئەم شتانە کێ بە تۆی گوتووە بەلام هەرکەسێک هەیە دوژمنتە!
یاسەمین- جاری تۆ دووژمنی منیت و پێشم پێ دەگریت!
- من کە هەمیشە ئاگادارت بووم و گەیاندوومی بە ئێرە دوژمنتم؟! بەخودا بێچارەت دەکەن ها!
تەنها تەماشای کردم وەک ئەوەی شەرمەزار بێت و گوتی:
یاسەمین- سەیرکە ناسەلامەتی تۆ خۆت هونەرمەندی! بۆچی پێس بە هونەر دەگریت؟! سبەی پەشیمان دەبیتەوە ها!
- تۆ پەشیمان دەبیتەوە! ئەو کاتە ئیتر ڕووی گەڕانەوەت نابێت! ئالودەت دەکەن! بەدبەختت دەکەن! تۆ ئەو کەسانە نا ناسیت! تۆ سادەیت و گەنجیت! دەست لێ ئەدروایت! من ڕازی نابم! نابم! نابم!
کەمێک بێدەنگ بوو گوتی یاسەمین- قسەی کۆتایت هەر ئەوەیە؟
- بەڵێ. ئەگەر من هاوسەرتم و گەورەترم دەڵێم نا. دڵت ساف بکە یاسەمین. بە خودا شەیتان کلاو دەخاتە سەرت!
یاسەمین- من لە ئەو قسانە تێناگەم! دەبێت بڕۆم!
- بڕۆ بەلام ئەگەر ڕۆیشتی ئیتر ڕۆیستووی! وەک ئەوەیە بۆ من مردبێت!
یاسەمین- بە جەهەنم!
دواتر پیاڵە چاییەکەی هەڵگرت و فڕێی دایە لایەک و چووە ماڵەوە.
هەستام دەستم کرد بە کۆکردنەوەی شەکرەکان و خەریکی گسکدانی ئەوێ بووم کە بینیم بە جانتایەکەوە هاتە دەرەوە. بینیم ڕێک و ڕاست خەریکە دەڕوات. نۆرەبی قورگمی گرت. چوومە بەردەمی و گوتم:
- چ شتێکی خراپم پێ گوتووی؟ بێ ڕێزیم بەرامبەر کردووی؟ بێزارم کردووی؟ سەرم ئێشاندوی؟ کاری خراپم لەگەڵ کردووی؟ چ ئازارێکم پێ گەیاندوویت کە بەم جۆرە بووی بەدوژمنی خوێنم و خەریکیت من دەسوتێنیت.
یاسەمین- خۆزگە ئەو کارانەت دەکرد! ئەو کاتە زۆر ئاسوودەتر دەڕۆیشتم بەدوای کارمدا!
- بەخودا هەرکەسێک لەژێر پێت وەستاوە، دوژمنتە. باشەی تۆی ناوێت. بەخودا بەچاویان کردووین! لە کەللەی شەیتان وەرە خوارەوە. بەقورئان تاکو قوڕقوڕاگەت دەکەیتە ناو قوڕەوە.

یاسەمین- ئەوانەی تۆ دەڵێیت لەو هەواڵانە نیە. لە خۆڕا ئامۆژگاریم مەکە.
ویستی بڕوات کە ڕۆیشتم دەستیم گرت و کێشام بەدیواردا. لەپڕ مشتێک خۆڵی هەڵگرت و هەڵیدا بەڕوومدا. تاکو ویستم سەرم لابدەم، کێشای بەڕووخسارمدا و خوێن بەرووخسارمدا هاتە خوارەوە.
ئیتر هیچ تێنەگەیشتم. بەچنگ قژیم ڕاکێشا و کێشام بەسنگیدا و لەسەر خۆی چوو.
دەنگی گریانی عەلی بەرز بووەوە. چوومە لای و کردمە باوەشم و بردمە ماڵەوە تاکو ئەو شتانە نەبینێت.
تاکو گەڕامەوە دەرەوە، بینیم یاسەمین هەستاوە. ویستم دووبارە لێی بدەم کە گوتی:
- هەرچەندە دەتەوێت لێم بدە! توانات بەسەرمدا هەیە و دەتوانیت زیندانیم بکەیت، بەڵام تاکو سەرت بجوڵێنی یان خیانەتت لێ دەکەم یاخود ڕادەکەم!
لە خەم و خەفەتدا گریانم دەهات. گوتم:
- من زۆر زەحمەتم بۆ تۆ کێشاوە یاسەمین.
یاسەمین- دەکرا نەیکێشی. کەس لە تۆی ویستبوو؟ لێ بگەڕایتایە بمرم.
- ئێستا لە خودام دەوێت کە بمریت تاکو شەرمەزارم نەکەیت.
یاسەمین- یاری نەنە من خۆم یاریم مەکە! دراوسێکان کۆبوونەتەوە!
کاتێک لامکردەوە دەبینم هەموو دراوسێکان لە پشتەوە وەستاون و تەماشامان دەکەن.
- پشت بەخودا هەواڵت بهێنن کە ئابڕووت نەبردووە. خودا بتکوژێت ژن.
یاسەمین- خودا سەری قاڵە. ڕاناگات بەم شتانە.
- لاڵ ببیت کە خودات فەرامۆش کردووە. شەیتان دەستی گرتووی، خەریکە دەتبات بۆ لای خۆی!
لەدوای ماندوو بوون و گریان ڕۆیشتمە سەر حەوزەکە و ڕووخسارە خوێناویەکەم شوشت و گوتم:
- من لەژێر فەلاقەدا خەفەتم نەخوارد. لە هەتیوخانە برسێتی و بەتبەختیم کێشا، لە بەرامبەر کەسدا تنۆکێک فرمێسک لەچاوم نەهات. تۆ فرمێسکی منت ڕژاند، خودا فرمێسکت بڕژێنێت.
برۆ ژن. ڕۆژێک پەرێشان و نەخۆش بوویت، سوجدەم بۆ خودا دەبرد تاکو تەمەنێکی نوێت پێ بدات. هەر بەو دڵەی شکاندت خەفەتم دەخوارد تاکو تۆ باش

بیت بەو دەستانەم قاپی پیسیەکەتم خاڵی دەکرد. بەو پستەی خەفەتت خستە سەری لە کۆڵم دەگرتی و دەمبردی بۆ لای پزیشک تاکو چاک ببیتەوە!
ئیتر جێگەی ژنی بێ ڕەوشتی وەک تۆ لەم ماڵەدا نابێتەوە. بڕۆ چونکە دونیا وەفای لەگەڵ کەسدا نییە. بڕۆ کە هەر بەو دڵە شکاوەم لەلای خودا شکاتت لێ دەکەم.هیوادارم ڕۆژێک بێت کە پەشیمانیت ببینم. ئەگەر خودا خودابێت مافی من و ئەو منداڵە بێ تاوانەت لێ بستێنێ. بڕۆ ئەی بێ کەس.
دواتر چوومە ماڵەوە بۆلای عەلی. لە پەنجەرەکەوە بینیم جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. خەریک بووم تەماشام دەکرد کە دراوسێی سەرەوەمان بەدوایدا ڕۆیشت. تێگەیشتم چ ناپیاوێک لەژێر سەری ژنی مندا بووە.
چوومە سەرەوە و بەژنەکەیم گوت تاکو سبەی مۆڵەتتان هەیە لێرە بڕۆن ئەگەرنا کەل و پەلەکانتان فڕێ دەدەمە سەری کۆڵان.
هاتمە خوارەوە. کوڕەکەم کردە باوەشم، گوتی:
عەلی- بابە، دایکم لەکوێیە؟
- بابە گیان مەگری. ئیتر دایکت مرد!
عەلی- من دایکم دەوێت.
لە خەمباریدا خەریک بوو دەخنکام. دەمتوانی چی بەو منداڵە بڵێم؟ سەرم خستە سەر شانی منداڵەکەم و دەستم کرد بەگریان.
بۆ ژیانم دەگریام کە وەک ئەوەبوو بۆمبی لەژێردا دانرابێت، چوو بەهەوادا. بۆ ئەو منداڵە دەگریام کە لەخۆڕایی بێ دایک بوو! لەبەر نامەردی مرۆڤانێک دەگریام کوا چۆن وەلامی باشە دەدەنەوە.
ئیتر ئەو دراوسێ نامەردەم نەبینیەوە. سبەی شتەکانیان بارکرد و ڕۆیشتن.
تاکو ماوەیەک عەلی بەهانەی دایکی دەگرت. ئەو دەگریا و منیش لە پاڵیدا دەگریام. ئەو منداڵە داماوە لەم کۆتاییەدا بۆ ئەوەی من نەگریم هیچی نەدەگوت. لەوانەیە ترسابێت لەوەی باوکی ئازار بدات. ئیتر شەرمەزار دەبوم لە ماڵ بچمە دەرەوە. شەرمم دەکرد لە دراوسێکان.
لەو ماوەدا بووم بەجگەرەکێش. لە ماڵەوە دادەنیشتم، بیرم دەکردەوە و جگەرەم دەکێشا. ماڵەوە بەتەواوی تێک چوو بوو. پیسی لە دەرگا و دیوارەوە چووبووە سەرەوە. نە نانی بەیانی نە نیوەڕۆ و نە ئێوارە. ماڵمان بووبوە ماتەمگا. دادەنیشتم لە سوچێکدا و بیری ئەو ڕۆژانەم دەکردەوە کە دەنگی پێکەنینی یاسەمین هەموو

ئەو ماڵەی پڕکردبوو.
خۆم کارێکم کرد کە نەفرەتم بۆ بنێرن. ئەگەر من فێری دەربڕینم نەدەکرد و داوام لێ نەدەکرد کە ئاوازم بۆ بخوێنێت. ئەگەر کەمێک خەیاڵم کۆبکردایەتەوە ئەم بارودۆخە نەدەهاتە پێشەوە.
ئەو منداڵە داماوە ئەوەندە لاواز بوو بوو کە ئیتر نە یاری دەکرد، نە پێدەکەنی. بیری ئەو ڕۆژەم کەوتەوە کە یاسەمینم لە سەرە مەرگدا هێنایە لای خۆم. بیری ئەو کارانەی بۆم کردبوو.
کاتێک چاوم بەو منداڵە دەکەوت، گریان لە قوڕگیدا بوو بەڵام دەنگی نەدەهات. دڵم ئاگری دەگرت. نەمدەزانی چ خاکێک بکەم بەسەری خۆمدا. مابوومەوە کە چی بکەم. دڵم خەریک بوو دەردەهات. هەمیشە بەخۆمم دەگوت کەوا ئێستا یاسەمین لەکوێیە؟ ئەم شەو سەری لەسەر پشتی چ ناپیاوێک داناوە؟
هەفتیەک دەبوو هەواڵم لێی نەبوو. غیرەتم خەریک بوو دەیخنکاندم. ئەو کاتانە بیرم کردەوە بڕۆم بیدۆزمەوە و بیکوژم. دواتر هەم خۆم و هەم ئەو منداڵەیش بکوژم. بەکورتی ڕۆژانێکی خراپ تێپەڕین.
ڕۆژێک لەگەڵ عەلی لە ماڵەوە دانیشتبووین و گوێمان لە ڕادیۆ دەگرت. لەپڕ کەسێک لە ڕادیۆکەوە گوتی:
- گۆرانیەک لەلایەن هونەرمەند و گۆرانیبێژی نوێ خانمی فڵان پێشکەش دەکرێ بفەرموون.
دوای کەمێک لە گۆرانیەکە چیم بیست؟! دەنگەکە دەنگی یاسەمین بوو بەڵام بەناوێکی دیکەوە!
عەلی هاواری کرد
- بابە! بابە! دایەیە! دەنگی دایکمە! بەخودا دەنگی دایکمە!
سەرمدا بەدیوارەکەدا. ئەوەندە بەتوندی دەستەکانی خۆم گەست تاکو خوێنی لێهات. خودایە چ وەڵامێکی ئەم منداڵە بدەمەوە؟ لە خۆمم دەدا و دەگریام.
عەلی، ئەو منداڵە هەژارە لەپاڵ ڕادیۆکەدا دانیشتبوو بەئارامی دەگریا. تاکو یاسەمین خوێندی، من و ئەو منداڵە گریاین. کاتێک گۆرانیەکە تەواو بوو، عەلی هاتە لای من و گوتی:
عەلی- بابە، ئێستا دایکم لەکوێیە؟
- بابەگیان دایکت مردووە!
عەلی- ئەی ئەوە کێ بوو گۆرانی دەگوت؟!

- ئەوە دایکی تۆ نیە بابە. خانمێکە دەنگی وەک ئەوە.
عەلی- دایکم بۆچی ڕۆیشت؟ تۆ ئازارت دا؟
- نا کوڕم. دایکت ئیتر نایەوێت باش و پاک بێت. ئیتر من و تۆی خۆش ناوێت.
سەرم داخست. چیم هەبوو کەوا پێی بڵێم؟
دووبارە گوتی:
عەلی- من دڵم بۆ دایک زۆر تەنگ بووە! کاتێک شەوان دەخەوتم دایکم چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە. دەیلاواندمەوە تاکو خەوم لێ بکەوێت. لە ئەو کاتەوەی دایکم ڕۆیشتووە کاتێک دەڕۆم بخەوم، هەرکاتێک چاوم دادەخەم شتی ترسناک و خراپ دێتە بەرچاوم!
کاتێک ئەوانەم گوێ لێبوو، لە خودام دەویست بمرم. لە باوەشم گرت و گوتم:
- بابە من وەک دایکت چیرۆک نازانم بەڵام تۆم خۆش دەوێت، هەر بەو جۆرەی دایکتم خۆش دەویست. بەڵام تۆ بەو شێوەیە مەکە.
بردم بۆ سەر جێگەکەی تاکو بیخەوێنم. دانیشتم لە پاڵیدا و دەستم کرد بەلاواندنەوەی. خولەکێک تێپەڕی و گوتی:
عەلی- بابە دەکرێ سازم بۆ لێبدەیت؟
- نا بابە. ناتوانم سازەکە هەڵبگرم.
عەلی- ئەگەر سازم بۆ لێبدەی، بیری ئەو کاتەم دەکەوێتەوە کە دایکم نەڕۆیشتبوو، بۆ خۆم بەئاسوودەیی دەنووستم.
نەمدەزانی چی بکەم. لەئەو ڕۆژەوە یاسەمین ڕۆیشتبوو دەستم نەدابوو لە کەمانچەکەمەوە. لەولاشەوە نەم دەویست بڕۆم بەلای سازەکەمدا. لەلایەکی دیکەوە حەزم نەدەکرد دڵی منداڵەکەم بشکێنم.
بە سستی و لاوازییەوە هەستام و ڕۆیشتم کەمانچەکەم دەرهێنا. خودا خۆی دەزانێت کاتێک دەستم برد بۆ سازەکە بارودۆخم چۆن بوو. بەهەر شێوەیەک بوو هاتمەوە لای عەلی.
تاکو ویستم سازی بۆ لێبدەم گوتی:
عەلی- بابە هەر ئەو ئاوازە لێبدە کە دایکم حەزی لێی بوو، هەموو کاتێک دەیخوێند.
تەماشام کرد. لاڵ بووبووم و هیچم بۆ نەدەگوترا. چۆن دەکرا بەو منداڵە بڵێم چ بارودۆخێکم هەیە!
ژەندم. ئەو ئاوازەی کە هەمیشە یاسەمین دەیخوێن ژەندم. لە بەرچاومدا

یاسەمینم دەبینی لەپاڵمدا ڕاوەستاوە و بۆم دەخوێنێت.

لە خەیاڵمدا بەو شێوەیە بوو کە هەموو ئەوانە خەو بوو. یاسەمین نەڕۆیشتووە بۆ هیچ شوێنێک. بەخۆمم دەگوت کە ئێستا دەرگاکە دەکرێتەوە و یاسەمین بەپێکەنینە قەشەنگە هەمیشەییەکەیەوە دێتە ژوورەوە. ئەو شەوە چیم کێشا تاکو ئەو ئاوازە تەواو بوو؟!

عەلی خەوی لێکەوت.

مانگێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی. کەمتر لەماڵ دەچوومە دەرەوە. یەک دوو جار هەمان ئەو گۆرانیبێژە هات بەدوامدا. داوای لێکردم بڕۆم بۆ ڕادیۆ، بەڵام ڕازی نەبووم. تازە بۆ کڕینی خانوو بەزۆر لەماڵ دەهاتمە دەرەوە. چ بکات بەوەی دووبارە بڕۆمەوە بۆ ڕادیۆ.

بەیانیەک دەڕۆیشتم نان بکڕم، چەند ژنێکی دراوسێمان لەسوچێکدا وەستاون و خەریکن تەماشای بڵاوکراوەیەک دەکەن کە بەدیوارەکەوەیە. کاتێک منیان بینی شتێکیان بەیەکتر گوت و ڕۆیشتن. بەئارامی چوومە پێشەوە، ویستم بزانم چی بڵاودەکەنەوە. کاتێک گەیشتمە لای دیوارەکە تازە تێگەیشتم چەندە خاک کراوە بەسەرمدا! هێز لە ئەژنۆکانم بڕان.

وێنەی یاسەمین، ژنەکەی منیان بڵاوکردووەتەوە. ژنێک کە خۆر ڕووخساری نەدیتبوو. ئێستا بەڕووتی هەموو پیاوانی شار دەیان بینی!

سەبەتەکە لەدەستم کەوت و بارودۆخم تێکچوو. لەسوچێکدا دانیشتم و کێشام بەسەرمدا.

ئەی خودایە چ تاوانێکم لە بەردەرگات کردبوو کە ئێستا دەبوایە کڵاوەکەم ببردایەتە سەرووتر! تف لە تۆ ئەی ڕۆژگار!

لە شەرمەزاریدا لەڕووم نەدەهات سەرم لە کۆڵان بەرزبکەمەوە. ئەو ژنە کەمەری منی شکاند. هەمیشە بەوشێوە بیرم دەکردەوە کەوا خەڵکی گەڕەک وەستاون و تەماشای من دەکەن.

ویستم هەستم تاکو کەشێک ئەو بڵاوکراوەی نەبینیوە بدڕێنم. بەڵام مەگەر دانە و دووان بوو. لەمبەر تا ئەوبەری کۆڵانەکە پڕبوو لە وێنەی ژنی من.

خودایە ئەوە چ بەتبەختیەک بوو؟ مەگەر تەماشای ناموسی چ کەسێکم کردبوو بەخراپی؟

عەبای سەری چ ژنێکم لابردبوو کە عەبای سەری ژنەکەی منیان لابرد؟!

دەستم گرت بەدیوارەکەوە و بەزەحمەت هەستام. تەماشای بڵاوکراوەکەم کرد لە





CS CamScanner

ژێریدا نووسرابو خانمی فلان، ئەستێرەیەک لە ڕۆژهەلاتەوە هەلهاتووە و لە ئاسمانی هونەری ئێراندا دەدرەوشێتەوە. پیرۆزبای هاتنی خاتوو فلان دەکەین بۆ ناو هونەر. لە ئێستەوە دەبێت دەنگی بولبول و کەناری فەرامۆش بکرێت.

بەتەنها ئەم شەو خاتوو فلان هونەرمەندی خۆشەویستی ئێوە لە فلان میوانخانە بەرنامە پێشکەش دەکات.

دەستم گرت بەدیوارەکەوە و بەهێواشی لە کەناری دیوارەکەوە گەڕامەوە مالەوە.

هەر کە دەرگاکەم داخست دەستم کرد بەگریان.

ئەو منداله هەژارە، عەلی. نەیدەزانی چی بووە، وەک پەروانە بەدەورمدا دەهات و دەچوو پرسیاری دەکرد:

عەلی- بابە چی بووە بۆچی دەگری؟

بەلام چیم هەبوو تاکو پێی بلێم؟ پێی بلێم ئەگەر دەتەوێت دایکت ببینی برۆ بۆ فلان میوان خانە! ئیتر ئەو گەڕەکە شوێنی من نەبوو. هەفتەی داهاتوو هەردوو خانووەکەم فرۆست و هاتمە ئێرە.

ئەم مال و باخەم کڕی. ئەو کاتە لێرە زەوی هەر نرخی نەبوو. نزیکی شاخ بوو. دڕندەکان لەم ناوەدا بوون.

ئەم مال و باخە، خاوەنەکەی پیرە مێردێکی دەولەمەند بوو کە لەبەر نەخۆشی ئیتر نەدەهاتە ئێرە. بۆ من زۆر باش بوو. هیچ کەسێک ئێرەی نەدەزانی و دەکرا دەرگای باخەکە دابخەم و دابنیشم بیر لە بەتبەختیەکانم بکەمەوە.

ئەم کەل و پەل و کتێبانە، بەکورتی هەرچی شتی ئێرەیە لەوگەل ئەم خانووەدا لەو پیرە مێردەم کڕی. هیچ کەسێکیش جگە لەو گۆرانی بێژەی کە ناوی نالێم ناونیشانی ئێرەی نەدەزانی. ڕامسپارد کە بەهیچ کەسێک نەلێت من بۆ کوێ ڕۆیشتووم و چ کارێک دەکەم.

ئیتر ئەم مال و باخە بوو بەدونیای من و ئەو منداله داماوە. دادەنیشتم لەم مالەدا و ئاوازم درووست دەکرد. ئاوازەکانم پڕبوون لە سۆز. مانگی جارێک ئەو ئاوازخوێنە دەهات و ئاوازەکانی دەبرد، پارەکەیشی بۆ دەهێنام.

سالێک تێپەڕی. لەو خودالێخۆشبووەم بیست، ئەو پیاوەی دراوسێمان کە چووبووە ژێر سەری ژنەکەی من دەردی بێ دەرمانی گرتووە و مردووە.

ئەوەش سزای کەسێکە مالی خەلکی وێران بکات. بەلام سوودی بۆ من چی بوو؟

ئێستا ئیتر مال و باخێکی بەو گەورەییەم هەیە و پارەیشم هەیە بەلام ئەو شتەی دەمەوێت نیمە. ئەوکاتە تێگەیشتم کە سەردەمێک چەندە دەولەمەند بووم و خۆم

نەمدەزانی.
چەند ساڵێک تێپەڕی و یاسەمین بەناوبانگتر دەبوو. ناوی لە هەر شوێنێک دەهات، بۆ خەڵکی شادی و بۆ من خەمی دەهێنا.
چی بڵێم تاکو بزانیت چیم دەکێشا؟!
عەیم نارد تاکو وانە بخوێنێت و بۆ خۆی ببێتە کەسێک. هەم دایک و هەمیش باوک بووم بۆی. منداڵ بوو، زوو لەبیری کرد.
لە سەرەتاوە بەدوای دایکی دەگەڕا، بەڵام چەند ساڵێک تێپەڕی و ڕازی بوو کە دایکی نیە.
هەرچۆنێک بوو بەچنگ و ددان گەورەم کرد. ڕێگەم نەدا دەردی بێ دایکی بکێشێت، واتە ئەوەی کە خۆم بیرم لێدەکردەوە.
ڕۆژان تێپەڕین. مانگ و ساڵەکانیش تێپەڕین. بەڵام من نەمتوانی یاسەمین لەبیر بکەم. ڕۆژێک بڕیاربو عەلی لەدوای قوتابخانە بڕوات بۆ ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی. دڵم زۆر تەنگ بوو. دڵ گەرمی و هیوام کوڕەکەم بوو.
ڕۆژێک نەبوو کەوا چاوم لە ڕێگە نەبێت تاکو لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە. ئەو ڕۆژە دەمزانی لە میوانیەک بانگێشت کراوە تاکو درەنگی شەو ناگەڕێتەوە. خەمی دونیا ڕژایە ناو دڵم. خەیاڵی یاسەمین لاشەمی گرتەوە.
دەمزانی لەکوێ بەرنامەی هەیە. زۆر ئاگاداری خۆم بووم بەڵام لە کۆتاییدا نەمتوانی خۆم ڕابگرم. نزیکی ئێوارە بوو کە لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە، چوومە ئەو میوانخانە و لەسوچێکدا وەستام بەڵکو بتوانم یەک جار بیبینم.
سەرەتای شەو ئۆتۆمبیلێکی کەشخە هاتە بەردەم میوانخانەکە و چەند کەسێک دابەزین. دواتر ئەو کەسەی ساڵانێک ئارەزووی بینینیم دەکرد بینیم.
یاسەمین!
یاسەمینێک ڕۆژێک بەتەنها بۆ من بوو، بەڵام ئێستا تەنها کەسێک دەستی بەئەو نەدەگەیشت من بووم. چاکەتێکی چەرمی لەبەرکردبوو. قژە ڕەش و درێژەکانی بەردابوویەوە. بەئارامی دابەزی.
چوار دەوریان گرتبوو. چەندین کەس هاتبوون بۆ بینینی. ئیتر هیچ شوێنێک بۆ من نەبوو. لەوبەری شەقامەکە وەستابووم و تەماشام دەکرد، بەبێ ویستی خۆم فرمێسک لە چاوەکانم هاتە خوارەوە. لەوکاتەدا نازانم چۆن چاوی کەوتە سەر من و وەستا.
بینیم کە دەیەوێت بێتە لای من بەڵام ئەوەندە دەوروبەری جەنجاڵ بوو

نەیدەتوانی هەنگاو بنێت. تازە بەزۆر لای ئەو پیاوانەی ئاگایان لێی بوو ڕۆیشتە ژووورەوە.

ساتی کۆتایی لای کردەوە و تەماشایەکی کردم.

ئیتر حەزم نەدەکرد لەوێدا بجولێم. ئەگەر سۆزی کوڕەکەم نەبووایە هەر لەوێدا دەمامەوە تاکو لەوانەبوو جارێکی دیکە بیبینمەوە.

هیلاک و ماندوو گەڕامەوە ماڵەوە. هەمان ئەم ئاگردانەم هەڵکرد تاکو کاتێک عەلی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ماڵەکە گەرم بێت. لەپاڵ ئاگردانەکەدا دانیشتم. دووبارە چوومە خەیاڵەوە.

هەستام کەمانچەکەم هێنا. ویستم بیکەمە ناو ئاگرەکەوە و بسوتێت بەلام دڵم نەهات. واتە تاکو ئێستا دە جار ویستووومە ئەو کارە بکەم بەلام نەمتوانیوە.

کاتێک گەیشتینە ئێرەی چیرۆکەکە، جەنابی هیدایەت ئیتر بەردەوام نەبوو. چاوی بڕیبووە ئاگری ئاگردانەکە کەوا خەریک بوو دەکوژایەوە.

یەک دوو خولەک تێپەڕی و گوتی:

هیدایەت- دەبینی بەهزاد خان، ژیان چ یاریەک لەگەڵ ئێمە مرۆڤەکان دەکات؟

- کاتێک ناوی ئێوەم دەبیست و گوێم لەو ئاوازانە دەگرت کە درووستان کردبوو، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کەوا دەکرێت چیرۆکێکی لەو شێوەیەتان هەبێت.

بەڕێز هیدایەت، دەکرێت تکاتان لێ بکەم ناوی هونەری یاسەمین خانم بەمن بڵێن؟ واتە ئەو ناوەی لەخۆی نابوو؟

هیدایەت- دەیڵێم بەلام تکات لێ دەکەم لەلای خۆت بمێنێتەوە.

- بەڵێن دەدەم.

ناوەکەی پێ گوتم. زۆر بەلامەوە سەیر بوو. هەمیشە بیرم دەکردەوە کەوا ئەو گۆرانی بێژە یەکێک لەو کەسانەیە کە خۆشبەختن و بەئارەزووەکانیان گەیشتوون! بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووین.

هیدایەت- ئێوارە لێرە بمێنەرەوە. منیش تەنهام. تیکەیەک نان دەبێت بیخۆین.

- نابم بەئەرک بەسەرتانەوە، زۆر سوپاست.

هیدایەت- ئەگەر ئێستا بڕۆیت بەهۆی ئەو یادگاریانەی تازە بوونەتەوە نازانم چی بکەم.

ئەگەر دەکرێت کاتژمێرێکی دیکەش بمێنەرەوە. بەڕاست کەمێکیش دڵم ئازاری هەیە، هەست دەکەم کە دەخنکێم! لەوانەیە بەهۆی ئەو خەمەوە بێت کە هاتۆتە

گیانم.

ڕووخساری سوور سوور بووبوویەوە هەر کارێکم کرد ڕازی نەبوو بچین بۆ نەخۆشخانە. گوتم پێی کە ڕابکشێت و پەرداخێک ئاوم پێدا تاکو بیخواتەوە.

کاتژمێرێک تێپەڕی و بارودۆخی باش بوو. لەوانەبوو بەهۆی یادەوەری ڕابردوویەوە تووشی سترێس بووبێت.

کاتێک دڵنیابووم ئیتر بارودۆخی باشە، لەماڵیان هاتمە دەرەوە. ئەو نووستبوو، هەڵم نەستاند. کاتێک خەریک بووم لە باخەکە دەهاتمە دەرەوە، ئیتر ئەو باخ و ماڵە و شتەکانی بەلامەوە قەشەنگ نەبوون.

لەوانەیە ڕۆژەکانی سەرەتا حەزم کردبێت منیش ئەو سەروەتەم هەبێت. بەلام ئێستا ئیتر نا.

* * *

## بەشی بیست و دوو

نزیکی کاتژمێر هەشت گەیشتمە ماڵەوە. تاکو جلەکانم دانا، لە دەرگایان دا!

کاوە بوو. هاتە ژوورەوە و دانیشت.

کاوە- لەکوێ بووی؟

- ڕۆیشتبووم بۆ لای جەنابی هیدایەت.

کاوە- کوشتت؟

- ونبە کاوە.

کاوە- ئەها، خەریکیت ئەشکەنجەی دەدەیت!

- هەواڵی فەرنووش چییە؟ پەیوەندی نەکردووە؟

کاوە- بۆچی نا بابە، پەیوەندی کرد و کەڕووی کرد، لە ناویش چوو! ئاخر ئەو کچە بێچارەیەش دڵی هەیە.

- دووبارە قسەی هیچت کردەوە؟ مەبەستم لەوەیە پەیوەندی نەکردووە؟

کاوە- ئامۆژگاریەکت دەکەم بەهزاد. ئەگەر گوێ بگریت کارت تەواوە.

- هەر ئەوەمان مابوو تۆ ئامۆژگاری من بکەیت.

کاوە- بەتبەخت! من تاکو ئێستا ئامۆژگاری هەر کەسێکم کردووە کارەکەی درووست بووە و بەئاسوودەیی نووستووە. هەڵبەتە لە گۆڕستان. تۆیش وەرە گوێ لە ئامۆژگاریم بگرە تاکو ئاسوودە بیت.

- قوربانت بم من تاکو ئێستا ئاواتم هەیە، زۆر سووپاست.

کاوە- ئاوات بۆ گەنجان شەرم نیە. وەرە ئەوەم بۆ تۆ کڕیوە.

کتێبێکی بەدەستەوە بوو، پێی دام. کاتێک بەرگەکەیم خوێندەوە لەسەری

( ئاگادارکردنەوەی تایبەتی پێش منداڵ بوون)!

نوسرابوو

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم:

- ئەمە چییە؟!

کاوە- گوتم بیخوێنیتەوە بۆ ئەوەی ئامادە بیت پێش ئەوەی دایکی فەرنووش بیتەوە، بەسروشتی منداڵت ببێت و بەسەلامەتی دەربچیت. بۆ ئەوەی کارت نەگاتە نەشتەرگەری و ئەو شتانە.

- مردوو شۆر خۆت و بیرکردنەوەکانت ببات! لەباتی ئەوەی دڵی من بدەیتەوە ئەوەت بۆ هێناوم؟

کاوە- ڕاست دەڵێیت ها. دەبووایە کتێبی ( ئاگاداریەکانی تایبەتی پێش منداڵبوون) بۆ تۆ بکڕیایە. چونکە ئیتر کات نەماوە و خانمی ستایش سبەی دێتەوە.

- باوەڕبکە تاکو ئێستا سەد جار نەفرەتم بۆخۆم ناردووە کەوا بۆچی لەگەڵ تۆ بووم بەهاوڕێ؟!

کاوە- ئاخر دەبێت چیت بۆ بکەم؟ هەرچییەکت پێ دەڵێم گوێ ڕاناگریت.

- تۆ تاکو ئێستا جگە لە قسەی هیچ و پوچ هیچی دیکەت گووتوە من گوێم نەگرتبێ؟

کاوە- ئەگەر بڵێم گوێ دەگریت؟

- بەومەرجەی بەڕاستی قسە بکەیت و باق و بریق نەڵێیت.

کاوە- هەستە سبەی بڕۆینە لای باوکم. دوو ساڵ لە بەردەستیدا ببە و پشت بەخۆت ببەستە.

- کە چی بکەم؟ باوکی تۆ چی فێری من دەکات؟

کاوە- هەموو شتێک! کاسپی و کار. ڕێگەی پارە پەیداکردن. دزی. فێڵبازی.

- من بەدوای پارە پەیداکردنەوە نیم. من دەمەوێت دوای تەواو بوونی وانەکانم خزمەتی خەڵکی بکەم.

کاوە- باشە مەگەر من دەڵێم خزمەتی خەڵکی مەکە؟ سەرەتا لە خودی خەڵکی وەربگرە و دواتر خزمەتیان بکە!

- شێت بوویت؟ دەزانی چی دەڵێیت؟

کاوە- تۆ سادەیت و نازانیت من چی دەڵێم! هەر ئەو باوکی فەرنوشە، باوکی من، ئەوانەشی وەک ئەوانن و لەبەر چاوترن بەو شێوەیەن ، دەبێت ڕازی ببیت.

ئەو دووانە گەنجینە دەکەنەوە، کۆت و بەندەکان دەکەنەوە، دزی دەکەن، دواتریش خزمەت بەخەڵکی دەکەن. خەرجیان پێ دەدەن و شەوانی جەژن لە

هاڵەکانیان برنج دەدەن بەخۆڕایی! پارمەتی خانەی بێ سەرپەرشتان دەدەن، تازە لەگەڵ خەڵکیش بەربەرەکانێ دەکەن.
بەکێکیان بەشەو کەبابی لێدراو دەدات و ئەوی دیکەیان سبەی کەبابی بەبەرگ بەکێکیان مەڕ سەردەبڕێت و ئەوەی دیکەیان گوێرەکە دەدات بەزەویدا.
دەدات! یەکێکیان مەڕی دەدزی و گۆشتەکەی دەدات بەهەژاران. تاوانی دزیەکەی دەگوترا کابرا مەڕی دەدزی و گۆشتەکەی دەدات بەهەژاران. تاوانی دزیەکەی لەبەر ئەو کارەی ئەنجامیدا سڕایەوە. لەو نێوانەدا سودی لە پێستەکەی دەبینی!
- هەمووان بەو شێوەیە نین.
کاوە- هەمووان نا. بەڵام زۆربەیان بەو شێوەیەن. مەگەر دەکرێت بەو دەرامەتە مالی پێنج سەد ملیۆنی بکڕێت؟ مەگەر دەکرێت بەو پارانە ئۆتۆمبیلی پەنجا بۆ شەست ملیۆنییان لەژێردا بێت؟
- کاوە، تۆ بەخراپی تەماشای هەمووان دەکەیت.
کاوە- کێشە نییە. منی ڕەشبین بەباوکی یەک ملیارد تمەنی! بەڵام تۆی گەشبین بەهێلکە و نان و پەنیر و چایی دوو بۆ سێ جار گەرم کراوە.
- بەڕاست کاوە، سبەی نیوەڕۆ وەرە بۆ ئێرە. دەمەوێت گۆشتاو درووست بکەم. وەرە پێکەوە بیخۆین.
تەماشایەکی کردم و فرمێسک لە چاوەکانیدا کۆببوویەوە.
- دەزانم حەزت بەگۆشتاو نییە، بەڵام ئەوە باشترین خواردنە کە من بتوانم درووستی بکەم. حەزدەکەم لەگەڵ تۆدا بیخۆم.
هاتە لام و ڕووخسارمی ماچ کرد و گوتی:
کاوە- بەقوربانی هاوڕێیەتیت بم. ئەو گۆشتاوەی تۆ، سەربەرزانەترە لە سەد خواردنی خۆشی ئێمە. سبەی نیوەڕۆ لێرەم. پێکەوە بەخۆشی دەیخۆین.
ئەوەی گوت و هەستا ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت.
کاتێک بەتەنها بووم. ئەو کتێبەی بۆی هێنابووم، لاپەڕەی یەکەمیم خوێندەوە نووسرابوو:
سکپڕی و دوو گیانی قۆناغێکی زۆر گرنگە لە ژیانی خانماندا کە بەداخەوە پیاوان تاکو سکپڕ نەبن ناتوانن بزانن ئەو سەختی و تەنگانەیە چۆنە!
پێکەنینم دەهات. ئەو کوڕە چ تاقەتێکی هەیە، ڕۆیشتووە لە کتێبخانە چی بۆ من کڕیوە! ئەو شەوە بەهەزار هیوا و سەد هەزار نائومێدیەوە ڕۆژم کردەوە. سبەیش بەسەد ئارەزووەوە هەستام.
کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو. خۆم شۆرد و نانی بەیانیم خوارد. کەمێک

ژوورەکەم پاک و خاوێن کردەوە. هێشتا نەبووبووەکاتژمێر دە جلەکانم لەبەرکرد تاکو سەردانێکی زانکۆ بکەم. لە دەرگای ماڵەوە هاتمە دەرەوە، ئۆتۆمبیلەکەی فەرنوش لە بەردەممدا وەستا!

فەرنوش- سڵاو لە کوڕی بەڕێز و کەشخە و هەواڵدەر. خەریکن تەشریف بۆ کوێ دەبەن؟

- سڵاو تۆ لەکوێ بوویت؟

فەرنوش- لە ماڵەوە بووم. ئێستا تۆ بڵێ، تۆ بۆ کوێ دەڕۆیشتی؟

- ویستم سەردانێکی زانکۆ بکەم. وەرە ژوورەوە تاکو چایت بۆ لێ بنێم.

فەرنوش- نا نایەمە ماڵەوە. بڕۆین کەمێک پیاسە بکەین.

بەڕێگەدا دەڕۆیشتین. هەوا سارد بوو. کەمێک تێپەڕی و گوتی:

فەرنوش- بەهزاد، دایکم بەیانی زوو گەیشت.

- بەڕاست؟! چاوت ڕوون. بەسەلامەتی. بارودۆخیان چۆنە؟

فەرنوش- باشە. دایکم هەمیشە باشە! هێشتا نەگەیشتووە تەواوی خزمەکانی بانگێشت کردووە بۆ شەو بێنە ماڵی ئێمە. بەو بۆنەیەوە تۆشی بانگێشت کردووە. دەیەوێت تۆ ببینێت.

- هەر ئەم شەو؟

فەرنوش- باشە بەڵێ. ترسایت؟

- نەترسام. کەمێک سەرم سوڕما.

پێکەنی و گوتی:

فەرنوش- نە سەرت بسوڕمێت و نە خۆیشت ناڕەحەت بکە. سوپاست بۆ خودا هەموو شتێک درووستە. باوکم لەگەڵ دایکم دەربارەی تۆ قسەی کردووە. بیروڕای دایکیشم خراپ نییە. تەنها گوتوویەتی سەرەتا دەبێت خۆی تۆ ببینێت.

- کاتێک ڕووداوەکەی بیست، ناڕازی نەبوو؟ قسەیەک شتێکی نەگوت؟

فەرنوش- هەرگیز. خەیاڵت ئاسوودەبێت.

- ئاخر نامەوێت بۆ تۆ خراپ بێت. یان ئەوەی لەگەڵ دایکت ببێتە شەڕتان.

پێکەنی و گوتی:

- بەهزاد بەهەر شێوەیەک بێت، من تەنها تۆم دەوێت. دەمەوێت تەنها لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکەم. شتەکانی دیکە زۆر گرنگ نییە. بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە دوو کەس یەکتریان خۆش بوێت. ئێستا ئیتر خۆت دڵگران مەکە.

- ئەگەر لەپڕ دایکت گوتی نەخێر چی؟ ئەگەر بەهاوسەرگیری ئێمە ڕازی نەبوو

چی؟!
فەرنوش- دایکم زۆر کەللە ڕەق نیە. لەگەل پورمدا زۆر جیاوازە. بهێلە جارێک تۆ ببینێت، بەدڵنیاییەوە ڕازی دەبێت.
بگەڕێینەوە بەهزاد. دەبێت بڕۆینەوە ماڵەوە. کاری زۆر ماوە. شەو پەنجا کەس میوانمان هەیە.
پێکەوە بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکە گەڕاینەوە. کاتێک گەیشتین گوتم:
- بۆ نیوەڕۆ گۆشتاوم درووست کردووە. خۆزگە دەهاتیت پێکەوە دەمان خوارد. کاوەش دێت.
فەرنوش- مەگەر دەزانیت گۆشتاو درووست بکەیت؟
- بەڵێ. دەستاوم زۆر باشە. نیوەڕۆ دێیت؟
فەرنوش- لەخودام دەوێت کەوا بێم بەڵام ناکرێت. بهێڵە پێکەوە هاوسەرگیری بکەین، هەموو ڕۆژێک گۆشتاوت بۆ درووست دەکەم و پێکەوە دەیخۆین.
- هەموو ڕۆژێک گۆشتاو؟!
فەرنوش- باشە. ڕۆژێک لە ڕۆژان.
کاتێک سواری ئۆتۆمبیل بوو بۆ ئەوەی بڕوات، لەناو کیفەکەی سیدیەکی دەرهێنا و دای بەمن.
فەرنوش- بیگرە بەهزاد، ئەمە بۆ تۆیە. دیاریەکی بچووکیشم بۆ کڕیویت. تەنها نکات لێدەکەم ئەمەیان وەک تەلەفیزیۆنەکە مەگێڕەوە.
- فەرنوش گیان بۆچی ئەو کارانە دەکەیت؟ هەر ئەو سیدیە لە هەموو شتێک بۆ من بەنرختره.
فەرنوش- شتێک نییە. ڕادیۆیەکی بچکووکە. بۆ ئەوەی بەڕووی خۆتدا نەدەیتەوە و بێزار نەبێت، هەرزان ترینیانم بۆ کڕیوی. خۆیان دەیهێننە ماڵەوە. وەری بگرە باشە؟
پێکەنیم و گوتم:
- باشە بەڵام هەر ئەم جارە. باشە؟
فەرنوش- باشە. کارێکت نییە؟
- شەو کاتژمێر چەند بێم؟
فەرنوش- نزیکی کاتژمێر هەشت وەرە، خوات لەگەڵ.
- بەهێواشی شۆفێری بکە فەرنوش.
فەرنوش- بەسەر چاوم خەیاڵت ئاسوودە بێت.

وەستام تاکو لە کۆڵانەکە پێچی کردەوە و گەیشتە سەر شەقامەکە و ڕۆیشت. منیش گەڕامەوە ماڵەوە. جلەکانم گۆڕی و سەرێکمدا لە گۆشتاوەکە، لەناو بوخارەکەدا بوو. نیو کاتژمێر تێپەڕی لە دەرگایان دا، کاوە بوو. هاتە ژوورەوە و گوتی:

کاوە- بۆنی گۆشتاوەکە تاکو ماڵی ئێمە دێت. باوکم ڕۆیشتووە نانی سەنەکی بکڕێت، خەریکە دێتە ئێرە. تەواوی گەڕەک زانیویانە تۆ ئەمڕۆ گۆشتاوت درووست کردووە!

- پێلاویان لەسەر چاوم. تەشریف بهێنن.

کاوە- ئێستا هەموو شتێکت ڕێک کردووە؟ ئاوەکەیت خۆ نەڕشتووە؟ ئاوی زۆر نەبێت من حەزم لێی نییە ها! پەتاتە و تەماتە، هەموو شتێکت تێکردووە؟

- بەڵێ بابە.

کاوە- بەهاراتت تێکردووە؟ تامی خۆش دەبێت ها.

- تۆ منداڵی دەوڵەمەند ئەو شتانە لەکوێ دەزانیت؟

کاوە- مەگەر پێم نەگوتوی؟ باوکم ماوەیەک قاوەخانەی هەبوو. جارێک لەباتی گۆشت بەدزییەوە مشکی تێکردبوو! قاوەخانەکەیان داخست. باوکی من ئیشکەرە، چۆن بیرت کردۆتەوە؟

- ونبە حاڵمت خراپ کرد.

کاوە- بزانم خواردنەکەت ئەوەندەیە کە میوانێکی دیکە بانگێشت بکەیت؟

- بەڵێ لەژێر سایەی تۆدا تاکو دڵت بخوازێت گۆشتاو هەیە. ئێستا دەتەوێت کێ بانگێشت بکەیت؟

کاوە- فەریبا خانم. حەیفە دەستاوی تۆ نەخوات.

کاوە سەری مەنجەڵەکەی لابرد و تەماشای گۆشتاوەکەی دەکرد کە لە دەرگایان دا.

ڕۆیشت دەرگاکەی کردەوە و گوتی:

کاوە- بفەرموون.

- سڵاو ماڵی کاک بەهزادە؟

ببورن ئەو ڕادیۆیە بۆ ئێوەیە. خانمێک بۆ ئێوەی کڕیوە و ناردوویانە.

- بەڵێ بەڵێ. دەستی ئێوە خۆش بێت.

- تکایە ئێرە واژوو بکەن کە وەرتان گرتووە.

تاکو من واژووم کرد پیاوەکە بەکاوەی گوت:
- بەلام بەڕێز ئێوەش زۆر ڕوو خۆشن ها! بۆچی ناچن لە تەلەفیزیۆن ڕۆڵ بگێڕن؟
کاوە- لەکوێ زانیت؟ بەوبۆنەیە لە درامای تەنز کە سێزدە زنجیرەیە خەریکین ڕۆڵ دەگێڕین، بەناوی ئەو پیاوەی نانی دەخوارد و گوێی دەجولایەوە. بڕیارە هەر لەم ڕۆژانەدا پەخشی بکەن.
- تۆ خودا بەڕاستانە بەڕێز؟! لەکام کەناڵ؟
کاوە- هەر زنجیرەیەکی لە کەناڵێک پەخش دەکرێت. تاکو هیچیان بەڕووی خۆیاندا نەهێنن و دڵگران نەبن.
- بەڕێز تو خودا تاکو بەناوبانگ نەبوون واژوویەک بۆ من بکەن.
- بفەرموون بەڕێز. ئەو پەڕەم واژو کردووە. ئەوەش لە خزمەتی ئێوەدا بێت.
دوو تمەنیەکم پێدا و ڕادیۆکەم لێ وەرگرت. کابرا بەحەسرەتەوە تەماشای کاوەی کرد کە زۆر بەئاسایی وەستابوو، دواتر سەری داخست و ڕۆیشت.
کاوە- بۆچی هەوادارانی من بەو شێوەیە بەڕێ دەکەیت؟
- مردوو شۆرەکان تۆ ببەن تاکو گاڵتە بەخەڵکی نەکەیت.
کاوە- بابە کابرا نەناسراوە و بەمن دەڵێت هونەرمەندیت، واژوی لەمن دەوێت. پەیوەندی بەمنەوە چییە؟ بیرت کردۆتەوە کە ڕیزی پیاز و پەتاتەیە! دەیەوێت پێش ئەوەی جەنجاڵ بێت یەکەم کەس بێت لە ڕیزەکەدا بووەستێت!
ئێستا بڵێ بزانم، ئەم ڕادیۆیە لە کوێوە هاتووە؟
- فەرنووش بۆی کڕیم. کاتژمێرێک بەر لە ئێستا لێرە بوو. هاتبوو بڵێت دایکی گەیشتووە و شەو هەموو خزمانی بانگێشت کردووە، دەیەوێت من ببینێت.
کاوە- بڕیارە شەو بڕۆیتە ماڵی فەرنوش و ئەوان؟
- ئەگەر خودا بیەوێت بەڵێ. کاتژمێر هەشت.
کاوە ئاسایی بوویەوە و بیرێکی کردەوە دواتر گوتی:
کاوە- بەهزاد وەرە دانیشە، خولەکێک کارم بەتۆیە.
- دووبارە دەتەوێت گاڵتە بکەیتەوە.
کاوە- نا بەگیانی تۆ. ڕاستی ڕاستە.
پێکەوە لەلایەک دانیشتین و کاوە دەستی پێکرد:
- بەهزاد گیان تۆ بۆ من لە برا ئازیزتری. تکات لێدەکەم یەکێک لەو دوو ڕێگەیەی پێتی دەڵێم ئەنجامی بدە. من نامەوێت وەڵامی نەخێر بەتۆ بدرێت.

نامەویت بیرت تێک بدەم بەڵام تۆ خانمی ستایش ناناسیت. بەڵام من بۆچی نا!
ئەگەر بتەویت پەیوەندیەکەت سەربگریت، دەبێت یەکێک لەو کارانەی دەڵێم ئەنجامی بدەیت. یەکەمیانت پی دەڵێم باشترە.
ڕێگە بدە باوکم بەو جۆرەی خۆی گوتویەتی شوقەیەکت بەناوەوە بکات. باوکم بارودۆخی باشە. شتێک نیە بۆ ئەو. ئەم شەو کە ڕۆیشت بۆ ماڵی فەرنوش و ئەوان بەدایکی بڵێ کە هەموو شتێکم هەیە. ماڵ و ئۆتۆمبیل و پارەیش. بڵێ کە ئەوانەم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە.
شەو بەئۆتۆمبیلەکەی من بڕۆ، من چاکەی تۆم دەوێت. گوێ لە قسە ڕابگرە کوڕە. بەدایکی بڵێ دوکانێکم لە بازاڕ هەیە و بەکرێم داوە. ئەگەر فەرنوشت خۆش بوێت دەبێت ئەو کارە بکەیت.
- لەبەر ئەوەی فەرنوشم خۆش دەوێت ئەو کارە ناکەم. یەکێک لەو شتانەی فەرنوش خۆشی دەوێت ڕاستگۆیی منە. ئێستا من بێم و خراپی بکەم؟
تەماشایەکی کردم و گوتی:
کاوە- لانی کەم ئەوە درۆیەک بووە، ئەوانە بەدایکی فەرنوش بڵێ. ناتەوێت ئەوانە وەربگریت وەری مەگرە. بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە ئەو نەخشە سازیە بکە تاکو فەرنوش مارە دەکەیت. کاتێک فەرنوشت مارەکرد، بڕۆوە ناو قالبی خۆت. چۆنە؟
- گوتم خۆ! من درۆناکەم و چاوەڕێی شتێکیش نیم کەوا نیمە. ڕێگە چارەی دووەم بڵێ. ئەوەیان بەکەڵک نەهات.
کاوە- بەخودا سەرم دەکێشم بەدیواردا! کوڕە تۆ دەتەوێت کەی تێبگەیت کەوا ئەو شتانە کرینی نییە؟ دەوروبەری دزی و فێڵبازییە!
- بەدڵنیاییەوە دەڵێیت ڕۆژێک خانمی ستایش ببەمە دەرەوەی شار و سەری ببڕم دواتر بیخەمە بەردەمی سەگەکان؟!
کاوە- ئەوەیانم هێشتبوویەوە بۆ ئەو کاتەی بەمەیان ڕازی نەبیت.
- ئێستا دووەمیان بڵێ. برسیمە و دەمەوێت گۆشتاوەکە دابگرم.
کاوە تەماشایەکی کردم، لە سەد هەڕەشە خراپتر بوو. گوتی:
کاوە- دووەمیان ئەوەیە کەوا لەگەڵ باوکی فەرنوش قسە بکەین. ئەو ڕازییە و دەستی فەرنوش بگریت و بێتە دادگا، هەر لەوێدا هاوسەرگیری بکەن.
منیش ئێوە دەبەم بۆ شوێنێک دەستی کەسی پێنەگات. کاتێک ساڵێک تێپەڕی، بگەڕێنەوە. ئەوکاتە ئاوەکە لە گۆزەکە ڕژاوە و کار لەکار ترازاوە. دایکیشی ئیتر

هیچ نالیت و کاری بەسەرتانەوە نییە.
- کاوە ئەوانە بیرۆکەی خۆتە یان کەسێک یارمەتی داویت؟
کاوە- نەخێر. تایبەتمەندیەکانی تۆم دا بەکۆمپیوتەر و لە گۆگل دەرمهێنا. واتە
نامێنێت ئەو دەمە بێ خاوەنەی من نەکرێتەوە!
- لەو بێ ڕەوشتی و ڕێکە چارە گێلانەت. سفرەکە ڕابخەم؟ مردین لە برسان
برۆ فەریبا بانگ بکە.
کاوە- پشت بەخودا خانمی ستایش وەلامی نەخێرت بداتەوە تاکو بزانیت گێل
کێیە.
هەر بەوشێوەیە تەماشای دەکردم. گوتم:
- ئێمەیش خودایەکمان هەیە کاوە خان.
کاوە- نا خودایە هەڵەم کرد. زمانم لاڵ بێت! بەگیانی بەهزاد دلم دەسوتێت کاتێک
ئەو قسانە دەکەم. ئەگەرنا چ شتێک باشتر لەوەی هەموو شتێک باش بێت و تۆ
لەگەل فەرنوش هاوسەرگیری بکەیت.
دایکی فەرنوش بۆ کچەکەی چ کەسێک باشتر لەتۆ دەتوانێت پەیدا بکات؟ بەڕێز و
نەجیب، پاک، پیاو، میهرەبان. ئێستا پارەت نییە کە نەبووە. بەلام هەزار سەرمایەی
دیکەت هەیە!
بەلام پشت بەخودا بەوشتانەی من دەربارەی ئەو ژنە بیستوومە هەمووی هەڵە
بێت. چاوم ئاو ناخواتەوە! ترسی منیش هەر ئەوەیە.
- مەترسە برای من. مەترسە هاوڕێی من. هەر چییەک خودا بیەوێت هەر ئەوە
دەبێت. ئێستا هەستە و فەریبا بانگ بکە. نەوەک نانی خواردبێت.
من هەر تێناگەم ئەم چەند ساڵە قسە لەگەل هەرکەسێک دەکەیت، تەنها باسی
پارە و پارە پەیداکردن دەکات؟ ماوەیەک بەر لە ئێستا بەم شێوەیە نەبوو. بەلام
ئەم تازانە هەموویان بەدوای پارەوەن.
کاوە- دەزانی بۆچی؟ چونکە ئەندامی خێزانێک کاری نەکردووە و بێ پارەیی
چەشتووە، ئەوانی دیکەش ئەویان بینیوە.
خودی من یەکێکە لەوانە! ئەگەر باوکی من لە ڕێگەی دروستەوە بەزەحمەت
پارەی پەیدا بکردایە، ئەو کارانەی بۆ من نەدەکرد! واتە ئۆتۆمبیلی فلان ملیۆن
تمەنی بخاتە ژێر پێم و بەمشت پارەی خۆڕایی بکردایەتە ناو کیفەکەم! ئێستا منیش
ڕاهاتووم بەو جۆرە ژیانە. ئەگەر ڕۆژێک پارەی کەم بێت، ئامادەیە کەسێک
بکوژێت تاکو پارە پەیدا بکات!

ڕۆیشتووه؟!
دەزانیت بەهزاد تامی پارە لەژێر ددانی ئێمەدا ڕۆیشتووه؟! فلان ئۆتۆمبیلی نوێ دێت دەیکڕین. فلان تەلەفیزیۆنی نوێ دێت دەیکڕین. فلان سیدی تۆماردەکرێت دەیکڕین. دایکم ڕاهاتووه هەموو ساڵێک تەواوی کەل و پەلەکانی ماڵەوه بگۆڕێت. ڕاهاتووه جوانترین و گەورەترین ڤێلای لە باکور هەبێت. ڕاهاتووه باشترین ئۆتۆمبیلی هەبێت. ڕاهاتووه لە کیفەکەیدا هەمیشه چەکی سێ سەد بۆ چوارسەد هەزاری هەبێت تاکو بۆ هەرکوێیەک بڕوات و هەرچییەک ببینێت بیکڕێت.

ئیتر کاتێک دەڕوات ئاڵتوون بکڕێت، جوانی ئاڵتوونەکە نابینێت. بۆ نموونه زنجیریەک دەکڕێت نیو کیلۆیه، کاتێک دەیکاته ملی سەری قورس دەبێت بەڵام ڕازییە. ڕاهاتووه ئەو شتانه لەباوکم وەربگرێت. باوکیشم ڕاهاتووه ئەو پارانەی پێ بدات.

ئەگەر ڕۆژێک پێی نەبێت، ئامادەیه بڕواته دەرەوه و سەرێک لە بازاڕ بدات و پارە بهێنێته ماڵەوه. بەوانه دەڵێن چێژی پارە زۆری.

ئەوانەی بێ پارەن، بەباشی ئەوانه دەبینن و حەزی پێ دەکەن، دواتر دەڕۆن بەدوای پارە پەیداکردندا. ئەوانیش چ پارەیەک؟ پارەی پەیدا نەکراو ئەوه دوارۆژەکەیەتی!

خودی تۆ حەزت نەدەکرد دەوڵەمەند بوویتایه؟ کێشەی تۆ چییه؟ مەگەر جگە لەوەی بێ پارەیت؟

- ڕاسته بەڵام من حەزم لەو پارانه نییه. حەزدەکەم پارە بەڕەنجی خۆم پەیدا بکەم.

کاوە- ئەگەر کەسێک لە کوڕەکان پارە بەزەحمەت پەیدا بکات ..... ناکات. کابرا پارەکەی بەفیڕۆ دەدات.

ئێمه خزمێکمان هەیه کەوا بەقسەی تۆ پارەی بەزەحمەت پەیداکردووه و لە ڕێگەی درووستەوه نیوەی خواردنەکەی دەدات بەکوڕەکەی. پێی گوتووه ئەگەر چەسپای بەکارەوه چەند ساڵێکی دیکه بەشێکت لە خواردنەکە پێ دەدەم.

ڕۆیشتووه ڕینۆیەکی کڕیوه بەپێنج بۆ شەش ملیۆن بەرزتر تاکو ئەمساڵ تەنها لەژێر پێیدا بێت و کارەکەی پێ بەڕێ بکات. بەکورتی کوت و دەبینێت نایکاتەوه. کارەکەی حساب و کتابی هەیه. ئێمه ئیتر ناتوانین بێ پارە بین بەهزاد گیان. ڕاهاتوین بەدەوڵەمەندی.

ئەوانەم گوت تاکو شتانێکت دەستکەوێت . فەرنوشیش وەک من بەهەندێک شت

رامانووە، بیرت کۆبکەرەوە.

- ببورە کاوە خان ئێوەی دەوڵەمندان ناتوانن تیکەیەک گۆشتاو لەگەڵ ئێمەی هەژاردا ببینن؟ ئاوی گۆشتاوەکە تەواو بووە و خەریکە لە برساندا دەمرین.

کاوە- زۆر باشە! میزی ئابووری ئەم هەفتەیە لێرەدا گەیشتە کۆتایی. لەکۆتاییدا بۆ هەموو ئێوەی ئازیزانی بێ پارە و کەم دەرامەت پێشنیار دەکەین کەوا قەناعەت فەرامۆش مەکەن. هەرکاتێک وەک ئێمە دەوڵەمەند بوون، هەرکاتێک حەزتان کرد مەلی برێژن، بەڵام ئێستا قەناعەت!

لە کارناسانی بەڕێز جەنابی کەمال سوپاست دەکەین.

- کاوە برۆ فەریبا بانگ بکە بێچارەت کردم.

کاوە- ئەمە دەڵێم و دەڕۆم. خانمان و بەڕێزان، هەوڵبدەن لەو نانە بەباشی سوود وەربگرن تاکو بەفیڕۆ نەڕوات! لەو خواردنانەی بێ گۆشتن سوود وەربگرن تاکو یۆرانیۆمتان بەرز نەبێتەوە. لە خواردنەکانی وەک باینجان یان بەڕای کارناسانی ئێمە هێلکە باشترین خواردنە.

سوود وەرگرتن لە پێویستیەکان، سەرەڕای ئەوەش لەبەر ئالوودەبوون لە هەموو لایەکی ژینگەوە، سەلامەتی ئێوە مەترسی دێتە سەرتان و تەمەڵتان دەکات تاکو دەتوانن هەوڵ بدەن لەهەر جێگەیەک بوون بەپێ بڕۆن!

بەخێرهاتنی میوانەکانتان بکەن چونکە هەرکاتێک خزمان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە دواتر قسە و باس لەناویاندا بڵاو دەبێتەوە. لە خواردنی هەر میوەیەک بابێتەوە وەک مۆز، ئەنەناس، کیوی، قەیسی، گێلاس، پرتەقاڵ، قۆخ، هەمووی دەبێتە هۆی ئالودەیی جەستەیی و ڕۆحی.

بەڕاستی ئاگاداری خۆت ببە! لە میوەدا خەیاری زەلاتە کە هەریەکەیان بەهێندەی باینجانێک دەبێت بخۆ.

بەدەستی نیو مەتری پیشاندا!

کەم لەبەر بکەن و کەم بخۆن و کەم بخەون. چوونکە تەواوی ئەوانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستیتان هەیە. لە گەردنەوە خۆتان بەهێز بکەن چونکە هەوای پیسی دەرەوە بۆ لاشەی ناسکی ئێوە خراپە!

کارتان بەسەر ئەوەوە نەبێت کە فلان کەس چی هەیە و چی دەخوات و چ شتێک لەبەر دەکات و سواری چی دەبێت. چونکە تەنها ئازار بەمێشکی خۆتان دەگەیەنن. ئەو جۆش و خرۆشەی ئێوە بۆ فلان کەسی دەوڵەمەند بچووکترین زیانی نابێت. تەنها ژیانی ئارامی خۆتان خراپ دەکەن.

ئێمە لە ناخی دڵەوە ئارەزووی ژیانێکی ئارام بۆ ئێوە دەخوازین.

ئارام ببن و بەئارامی بژین. بەئارامی قسە بکەن و بەئارامی تێکە نانەکەتان بخۆن. بەئارامی بمرن! ئەوە ژیانێکی ئایدۆلۆژیە کە بەداخەوە ئێوەی ئازیزان قەدری نازانن!

- ئەگەر هەر ئێستا ئارام نەبیتەوە بەئارامی نەڕۆی فەریبا بانگ بکەیت، بەئارامی هەڵدەستم و بەئارامی بەو گۆشەیە دەکێشم بەسەرتدا تاکو هێواش هێواش بگەیت بەئارامی! برۆ ئیتر زۆر بڵێ.

کاوە- دۆستانی هەژاری ئازیز! ئێمە زۆر خۆشحاڵین لەوەی ئێوە ئەوەندە بەباشی بابەتەکان وەردەگرن و ڕوونکردنەوەکانی ئێمە بەڕاستی وەردەگرن.

باوەڕبکە بەکی سوێند بخۆم ئەو گۆشت و مریشک و برنج و شتانە باشتر نین لەوەی ئێوە دەیخۆن. لەولاشەوە لاشەتان دەردە ڕێوی دەگرێت و توشی تەنگ نەفەسی دەبن!

تازە ئەگەر مرۆڤ گۆشت و مریشکی زۆر بخوات دڵڕەق دەبێت و دەبێتە پڵنگ! ئەوانە ئێمە نایڵێین، بەڵکو زاناکان دڵنیای دەکەنەوە!

تەماشای ئەو ئاژەڵ و ڕێویانە بکەن لە فیلمەکانی مریشک و ڕێوی بکە لە بەرنامەی مندالان!. ئەو ڕێویە تەنها مریشک و جوجەڵەی گرتووە و خواردوویەتی. لە هیچ شوێنێک جێگەی نابێتەوە و هیچ ئاژەڵێکی جەنگەڵ خۆشیان ناوێت!

ئێوە خۆ حەز ناکەن خەڵکی ئێوەی خۆش نەوێت؟! نابێت هەرگیز لێو بدەن لە مریشک و جوجەڵەوە! لە ڕاستیدا ناشرینە مریشکی بێ چارە ڕووت دەکەنەوە و دەیخەنە سەر مێز!

پێڵاوەکانی لەپێ دەکرد و قسەی دەکەرد.

- گۆشت یان ساڵی جارێک ئەویش شەوی جەژن! تەشریف دەبەنە بازاڕ و ماسیەک لە بازاڕی ئازاد دەکڕن نزیکی پێنج سەد بۆ شەش سەد گرامێک. بیدەنە خانمەکانتان تاکو پاک و خاوێنی بکەنەوە و سود لە چاوەکانیان ببینن وەک ژاپۆنیەکان! ببینە چەندە لەش ساغ و تەندرووستن. هەمووی بەهۆی ئەو ماسییە خراپانەوەیە!

کاتێک دەستم برد بۆ گۆشەکە دەرگاکەی کردەوە و چوو بەدوای فەریبادا.

ئەو ڕۆژە گۆشتاوەکە زۆر بەچێژ بوو لەلامان. سەد جار جێگەی فەرنوش خاڵی بوو. زۆر حەزم دەکرد کە ئەویش لەلای ئێمە بووایە و پێکەوە نانمان بخواردایە.

کاتێک کاوە و فەریبا ڕۆیشتن و بەتەنها بووم، کەمێک هەستم بەتەنهایی کرد.

ترس گیانمی داگرتبوو چوونکه نەمدەزانی ڕووبەڕوو بوونەوەی خانمی ستایش بەرامبەرم چۆنە؟!

چووم بەدوای سیدیەکەی فەرنوشەوە. ڕادیۆکەم کردەوە و دام لە کارەبا. لەسەر سیدیەکە نووسی بووی "پێشکەش بەتۆ بەهزاد"

هەر ئەو ڕستە کورتە سەد کتێبی بەرامبەرم کردەوە. سیدیەکەم کردە ناو ڕادیۆکەوە و هەڵمکرد.

سەرەتا دەنگی قەشەنگی فەرنوش بوو. تەنها گوتی:

"بەهزاد ئەگەرچی ئەم ئاوازە لەبەرامبەر خۆشەویستیم بۆ تۆدا زۆر کەمە، بەڵام بەخۆشەویستیەوە بۆ تۆم داناوە. خۆشم دەوێیت بۆ هەمیشە"

لەوانەیە زیاتر لە بیست جار گوێم لە ئەو ڕستەیە گرتەوە! هەرکاتێک دەگەیشتە کۆتایی دووبارەم دەکردەوە. هیچ دەنگێک هێندەی دەنگی خۆشەویستی جوان و قەشەنگ نییە!

کاتێک دەنگی ئاهەنگەکە بەرز بوویەوە هەستم کرد بەزمانێکی دیکە قسەکانیم پێ دەڵێت. خۆراکی دڵم وەرگرت. لانی کەم فەرنوش لەگەڵ من بوو، بەتەنها نەبووم. کەم کەم چاوەکانم قورس بوو، هەرلەوێدا ڕاکشام و نووستم.

لە خەونمدا بینیم فەرنوش جلی بوکێنی لەبەر کردووە و بەئۆتۆمبیلەکەی هاتووە بەدوای مندا. منیش دەمویست جلەکانم لەبەر بکەم و لەگەڵی بڕۆم بەڵام پێلاوەکانم نەدەدۆزیەوە و بەپێی پەتی چوومە سەر شەقام!

لەخەو ڕاپەڕیم، کاتژمێر شەشی دوای نیوەڕۆ بوو. هەستام و یەکەمین شت چووم تەماشای پێلاوەکانم کرد بینیم لە جێگەی خۆیدایە. پێکەنینم هات. ئەگەر ئەو خەوە بیوایەتە ڕاستی دەبووایە بەبێ پێلاو بڕۆمە دەرەوە!

خۆم شۆرد و جلەکانم لەبەرکرد، لە گۆشەیەکدا دانیشتم و چاوەڕێم دەکرد. ئاگام لە دەرەوە بوو کە نەوەک بەڕاستی فەرنوش خۆی بێت بەدوامدا!

لە خۆم تێنەدەگەیشتم، دڵە خورپەیەکی سەیرم گرتبوو. بەردەوام تەماشای کاتژمێرەکەم دەکرد. خولەک بەخولەک ژماردم! تەماشایەکی دەووروبەرم کرد، بۆ ساتێک تەواوی کەل و پەلی ژوورەکەم بینی!

خەریک بوو بۆ کوێ دەچووم؟ کەی من و ئەو شتانەیان گوتووە؟ فەرنوش لەکوێ و من لەکوێ؟ خۆم کردبووە گاڵتەجاڕ؟ هەر چۆن بوو کەوا گەیشتم

بەئیرە؟ بۆچی ڕێگەم بەدڵم دا تاکو مێشکم بۆ لای خۆی ڕابکێشێت؟ من بەکەڵکی ئەوان نایەم!

بیری قسەکانی کاوەم کەوتەوە. ڕاهاتن! ڕاهاتنی دەوڵەمەندبوون؟! ڕاستی دەکرد کاوە. فەرنووش ئەو ڕاهاتنەی هەیە. منیش بەهەژاری ڕاهاتووم بەلام ڕاهاتنی من زۆر بەئاسانی لادەچوو. بەلام ڕاهاتنی فەرنووش چی؟! بۆ ئەو زۆر سەختە.

ئەو چ جۆرێکە؟ ئەگەر بڕیاربێت پێکەوە هاوسەرگیری بکەین من ئاهەنگێک بگێرم لەکوێ پارە بهێنم؟

بۆچی چاوەکانت ناکەیتەوە؟ تۆ ئەگەر خۆت کچێکت هەبووایە و خوازبێنی کاری بەوشێوەی بهاتایە ڕازی دەبوویت پێی بدەیت؟

کوڕە تۆ نە دایکت هەیە نە باوک و نە خێزان و نە پارەیش! بەچی دەتەوێت بڕۆیت بۆ خوازبێنی؟! ئەویش خوازبێنی کچێکی جوان و دەوڵەمەند!

نەوەک فەرنوش بیەوێت لەو بارودۆخەی من سوودی خراپ ببینێت؟ نەوەک بیەوێت وەک دەگوتری ژێر باڵم بگرێت؟! نەوەک بەچاوی یاری تەماشای من بکات؟! نەوەک ببمە خزمەتکاری ماڵیان؟!

گەرمام بوو. بۆینباخەکەم کردەوە. وەک ئەو کاتە بوو کە دەترسام لە تاقیکردنەوەدا خراپبم. لە پۆلی چەندەم بووم؟ پێنجەم یان چوارەم؟ دەگریام و نەم دەویست بڕۆم بۆ تاقیکردنەوە.

کاتێک فرمێسکەکانم هاتە خوارەوە، دایکم لە باوەشی کردم و گوتی:

- کوڕە گوڵەکەم بۆچی دەگریت؟ تۆ کە وانەکانت بەباشی دەزانیت. لەچی دەترسیت؟!

دواتر باوکم دەستی خستە سەر شانم و بەرەو لای خۆی ڕوومی وەرگێڕا. بەدەستەکانی فرمێسکەکانمی پاک کردەوە و دەستمی کردە ناو دەستە گەورەکانی خۆی. دواتر بەبێ ئەوەی وشەیەک بڵێت خەندەیەکی ڕاستەقینەی خستە سەر لێوەکانی.

ئیتر نەدەترسام. پرسیارەکانی تاقیکردنەوە ئەوەندە ئاسان بوو بەلامەوە کەوا بەنیو کاتژمێر وەلامم دایەوە. ئەو ساڵە بوومە یەکەم!

خۆزگە ئێستا دایکم لێرە بووایە و دڵدانەوەی منی بکردایە. خۆزگە باوکم لێرە بووایە و بەدەستە بەهێز و بەسۆزەکانی هێزی پێ بدامایە!

خۆزگە هەردووکیان ئێستا لیرە دەبوون، لە جیاتی من بترسانایە و دڵیان تەنگ بووایە بۆ من تاکو من ئاسوودە ببم. خۆزگە کەسێک دڵ نیگەرانی من بوایە!





CamScanner

ماندوو بووم. بێ هێز و خاڵی! دەستەکانم دەلەرزی. پەرداخێک ئاوم خواردەوە سوودی نەبوو. تەواوی ئەو وانانەی خوێندبووم لەبیرم کردبوو! متمانە بەخۆبوونم لەدەست دابوو.

لەناو کیفەکەمدا چەندە پارە هەبوو؟ ژماردم، حەوت هەزار و وردەیەک! دەبووایە سێ چوار هەزاریش بدەم بەگوڵ. بەڵێ تەواو بوو. بەسێ بۆ چوار هەزار تمەن دەتوانێت گوڵی زۆر بکڕێت. بەڵام چەندێک لە کیفەکەمدا دەمێنێتەوە؟

ئەگەر کەسێک لەوێ بیەوێت پارەی بۆ وردبکەمەوە چی دەبێت؟! ئەگەر ببینن لە سێ بۆ چوار هەزار زیاتر لە کیفەکەمدا نیە!

نە بابە. کەس لەوێ ئەو کارانە ناکات. تەماشای گوێرەویەکانم کرد نەوەک کۆن بێت! نەخێر نوێ بوو. سپی و خاوێن! تازە کڕیبوم. پێڵاوەکانم بریسکەی دەدایەوە. چاکەت و پانتۆڵەکەم ئوتوکراو و ڕێک بوو. هەموو شتێک تەواو بوو. لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم کرد باڵا بەرز و جوان! بەڵام لەچی دەترسام؟

کاوە ڕاستی دەگوت. ترس لە هەژاری بوو! من لە هەژاری دەترسام نەوەک لە کەسێک یان شتێکی دیکە. مرۆڤ ئەگەر باخەڵی پڕ بێت، متمانەی بەخۆی دەبێت. هەروەک قومار بازەکان! باخەڵیان پڕە و قومار دەکەن.

نێتۆکەکانم کردبوو. هەستام ددانەکانم شۆرد. دووبارە بۆنم دایەوە لە خۆم. دووبارە پارەکانم ژماردەوە. خۆزگە پەیوەندیم بەتەکسیەکەوە بکردایە تاکو بهاتایە بەدوامدا. بەچاکەت و پانتۆڵ و بۆنباخەوە خۆ ناکرێت تاکو ئەوێ بەپێ برۆم! ئەو کاتە هیچ نەبێت دەبووایە هەزار تمەنم بەتەکسی بدایە! خۆزگە زیاتر پارەم لە بانک دەهێنا. کاتژمێر چەند بوو؟

وای بوو بوو بەحەوت و نیو. نە دەبووایە درەنگ بکەوم. فەرنووش گوتی کاتژمێر هەشت وەرە. نە دەبووایە درەنگ برۆم.

چوومە بەردەم دەرگا بەڵام دوو دڵ بووم. چ بەڵایەکە!

سووپ بەکام کەوچک دەخۆن؟! کەوچکی گەورە یان بچووک؟! ئەگەر ویستم پارچە گۆشتێک بخۆم، چنگاڵ بەدەستی چەپ دەگرن یان دەستی ڕاست؟! جێگەیان کردووە بەچەند بەشەوە؟ تاجە گوڵینەکان لەکوێدا دادەنێن؟! ئەوانە خۆم دەزانم بەڵام قاپەکان دەبێت بەکام دەست هەڵبگرم؟! ئەگەر بۆ نانی ئێوارە مەعکەرۆنیان دەبێت چ خاکێک بکەم بەسەرمدا؟

ڕۆیشتم لە گۆشەیەک دانیشتم. خۆزگە کتێبێکم هەبووایە تاکو ئەو شتانەی لێوە فێربم.

خۆزگە خواردن تەنها گۆشتاو و گۆشتی کولاو و کەباب بووایە! ئەوانە دەزانم بخۆم، هەرچەندە کەمیشم خواردەوە بەلام دەزانم.

چۆنە کەوا نەڕۆم و دواتر داوای لێبووردن بکەم و بڵێم نەخۆش بووم؟! بەلام نەخێر نەدەکرا. لە سەتاوە بەڵێن نەبردنە سەر.

لە دەرگا درا یان من بەو شێوەیە بیرم دەکردەوە. دووبارە لەدەرگا درایەوە!

بەئارامی هەستام و دەرگام کردووە. هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا. وەک ئەوەبوو تاکو دەرگاکە کرایەوە هەرچی گومان هەبوو لەلای دەرگاکە چووە دەرەوە. ژوورەکە سووک بوو!

کاوە و فەریبا لە پشتی دەرگاکەوە وەستابوون. زەردەخەنەئارامەکەی کاوە وەک هەمیشە پێی دەگوتم دونیا بەسەختی مەگرە! کەواتە کەسێک هەیە نیگەرانی من بێت.

کاوە- حەوت کەس ئاوێنەی لەدەست بەهزاد خان سەری دەبەست

پیاوی باش درەنگە! بەبە. ببوورن ئێوە لەگەڵ ئاڵن دروون خزمایەتیان هەیە؟

فەریبا- سلاو بەهزاد خان. بەو جل و بەرگ و ڕووخسارەوە دڵنیابن کەس نەخێر بەئێوە ناڵێت!

- سلاو. مەمنوون. ئێوە لەکوێ بوون؟

کاوە- لەژێر سایەی ئێوەدا! هاتین ببینە دروشکەتان و جەنابتان بەڕێزەوە بگەیەنینە چوار کولان سەروتر بۆ بەردەم ماڵی یار. بڕۆین درەنگ دەبێت ها!

هاتینە دەرەوە و کاوە گوتی:

والا حەزرەت لە بێ ڕێزی بەندە ببوورن. بەلام ئەگەر پێلاوەکانت بەپێیەکانت پیرۆز بکەن باشترە! دیارە لە شوێنی بۆنەکە ڕێگە نادەن بەپێی پەتی بڕۆن! هەرچەندە لێرەوە تاکو تەلاری شایستە فەرش ڕاخراوە، بەلام دەترسم قاچی نازەنینی ئێوە بریندار ببێت!

پێکەنینم دەهات. گەڕامەوەو و پێلاوەکانم لەپێ کرد. کاوە ئاماژەی بۆ فەریبا کرد و فەریباش قورئانێکی بچووکی بەرزکردەوە تاکو من بەژێریدا بڕۆم. دڵم گەردی کرد.

کاتێک دەمان ویست سواری ئۆتۆمبیلەکە ببین کاوە بەهێواشی گوتی:

- بەهزاد پارەم بۆ هێناوی. دووبارە دەڵێمەوە قسەکانی منت لەبیر ماوە؟ بەدایکی فەرنووش بڵێ کە هەموو شتێکت هەیە. ماڵ، ژیان، پارە، مەترسە و بیدە بەدەستی منەوە.

ماچم کرد و گوتم:
- کاوە گیان من ناتوانم درۆ بکەم. هەرچی خودا بیەویت هەر ئەوە دەبیت.
فەریبا- بەبە. بوکەخان تەشریفیان هینا.
فەرنوش لە سەری کۆلانەکەوە پیچی کردەوە و هاتە بەردەمی ئۆتۆمبیلەکەی ئیمە!
دابەزی و سلاوی کرد.
- سلاو تۆ لیرە چی دەکەیت؟! مەگەر میوانتان نییە؟
فەرنوش- لەمە بەدوا دەبیت هەمیشە چاکەت و پانتۆل لەبەر بکەیت و بۆینباخ لە مل بکەیت! زۆر لیت دیت بەهزاد.
- مەمنوون بەلام تۆ لیرە چی دەکەیت؟!
فەرنوش- هاتم بەدوای تۆدا.
- من خۆم دەهاتم.
کاوە- خەریک بوو پیکەوە دەهاتین. واتە ویستمان بیگەیەنینە مالی ئیوە.
فەرنوش- ئیوەش تەشریف بهینن، مالی خۆتانە. فەریبا گیان کارەکانت بکە بڕۆین.
فەریبا- قوربانی تۆ. بۆ جاریکی دیکە. ئیستا کاتی نییە.
فەرنوش- بەهەر حال شەرم مەکەن. ئەگەر بین خۆشحال دەبین.
کاوە- زۆر سوپاست. پشت بەخودا لە زەماوەندەکەتان دیین و خزمەتتان دەکەین.
فەرنوش- زۆر سوپاست. بەلام من بەهزاد دەبەم. ئیتر ئیوە زەحمەت مەکیشن.
کاوە- بڕۆن بەئومیدی خودا. پشت بەخودا هەموو شتیک باش دەبیت.
خوداحافیزیمان کرد و سواری ئۆتۆمبیلەکەی فەرنوش بووم، فەرنوش بەڕی کەوت.
ڕووم وەرگیڕا و تەماشای کاوەم کرد، بەرەو ڕووم فووی دەکرد! خەریک بوو نزای بۆ دەکردم. ڕووم وەرگیڕا و بەفەرنوشم گوت:
- نەتگوت بۆچی هاتووی بەدوامدا؟
فەرنوش- لەڕاستیدا بیرم کردەوە، گوتم نەوەک شەرم بکەیت و نەیەیت. لەبەر ئەوە هاتم بەدواتدا.
- دایکت هیچی نەگوت؟
فەرنوش- بۆچی نا، پرسی بۆ کوی دەچیت؟ منیش گوتم کە دەمەویت تۆ ببەم.

بەهزاد دەمەویت شتیکت پی بلیم.

- شتیک بووە؟

فەرنوش- نا هەرگیز. تەنها ویستم بزانیت هەرچییەک ڕوو بدات من تەنها تۆم خۆش دەویت و بەتەنها دەمەویت تۆ میردی من بیت و منیش هاوسەری تۆبم. خەیالت لەلایەن منەوە ئاسوودە بیت بەهیزبە و قسەکانت بکە. من و باوکم لەگەل توین.

- ئاوازەکەت زۆر قەشەنگ بوو بەهەمان شیوە دەنگیشت. ئەگەر سیدیەکە خراپ نەبووبیت باشە! چونکە بیست جار گویم لی گرتووە.

فەرنوش- بەڕاستی بەلاتەوە خۆش بوو؟

- هەرشتیک بچووکترین پەیوەندی بەتووە هەبیت، لەلای من قەشەنگ و ئازیزە! دەنگ و ئاوازەکەت ئیتر جیگەی خۆی هەیە.

بەڕاست لەلای گول فرۆشیک ڕاوەستە کارم هەیە.

فەرنوش- نا بەهزاد گیان، ئەوە چ کاریکە؟ گول پیویست ناکات.

- بۆچی نا. بەدەستی خالی جوان نییە.

سەبەتەیەکی جوانی گولم کڕی و دواتر چوومە مالی فەرنوش کاتیک دابەزیم دەنگی لیدانی دلم دەبیست. بەلام ئیتر ئیستا کاتی گوی گرتن لەو قسانە نەبوو!

پیکەوە چووینە ژوورەوە.

هۆلەکە پڕ بوو لە میوان. کچ و کوڕ، پیاو و ژن. چ جل و بەرگیک! چ بۆنیک! چ ئالتوونیک! هۆلی بۆنەی ئەورووپیش بەو شیوەیە نەبوو. سەرەتا لەبەردەم هۆلەکەدا وەستام.

فەرنوش- چی بووە بەهزاد؟

- هیچ نەبووە.

فەرنوش- کەواتە بۆچی وەستاوی؟

پیکەنیم. ئاماژەم بۆ میوانەکان کرد و گوتم:

- دەلیی میوانی شازادەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەیە!

فەرنوش- وەرە ژوورەوە. دەست و پیت ون مەکە! هەندیک لەوانە جیاوازی ئەلف و بی نازانن چییە! تۆ زۆر لەوانە لە سەرتری! تەماشای ڕووخساریان مەکە.

پیکەنیم و پیکەوە چووینە هۆلەکەوە. یەکەم کەس کە لەبەردەم مندا سەوز بوو پووری فەرنوش بوو.

- بەبە. شا زاوا! باسی ئیوەم زۆر بیستبوو. ئاواتەخوازی بینینتان بووم. پیلاوتان

سەر چاوم! بفەرموون، خۆشیتان هێنا. بەهرامی کوڕم لەبارەی ئێوە زۆری گوتووە. فەرموون لە خزمەتتاندا بین. خۆزگە زووتر هەواڵتان بدایە تاکو مەڕێکمان لەبەر پێتان سەربڕیایە!

- سڵاو. منیش لە ناسینتان خۆشحاڵم. بارودۆختان چۆنە؟

پوری فەرنووش- ناگاتە بارودۆخی ئێوە! بەڵام باشین سوپاست.

فەرنوش- ببورن پورێ گیان. ڕێگە دەدەن بەهزاد بناسێنم بەدایکم؟

پوری فەرنوش- بفەرموون! ماڵی خۆتانە. لەگەڵ ئێمە شەرم دەکەن، لەوانەیە لەگەڵ خوشکم میهرەبانتر بن!

- داوای لێبووردن دەکەم. لەسەر ئیزنتان.

بەڕێ کەوتین. هەمووان بەبێ ویستی خۆیان لایان کردبوویەوە و تەماشایان دەکردین. نمایشێکی سەیر بوو. باوکی فەرنوش هاتە پێشەوە و بەخێرهاتنی کردم. دەستی گوشیم و گوتی:

ستایش- نیگەران مەبە. هەمیشە سەرەتا بەم جۆرەیە. دواتر هەموو شتێک چاک دەبێت.

سوپاستم کرد و بەرەو هۆڵەکە ڕۆشتین. خانمی ستایش لەسەر مۆبیلێکی ئیستیلی گەورە و ڕازاوە وەک شازادەکان دانیشتبوو. کاتێک چووینە لای و فەرنوش منی پێ ناساند لە جێگەی خۆی نەجوڵا. بەڕووخساریدا نەدەزانرا چ جۆرە مرۆڤێکە.

سەری جوڵاند و ئاماژەی کرد لەسەر مۆبیلێک لە نزیکی دابنیشم.

دانیشتم و تەماشای فەرنوشم کرد بینیم گاز لە لێوی دەگرێت. ڕووخساری سوور بووبوویەوە.

زەردەخەنەیەکم بۆ کرد، ئەویش بەزەردەخەنەیەک وەڵامی دامەوە. دایکی گوتی:

خانمی ستایش- فەرنوش گیان ئێوە بەمیوانەکان ڕابگەن. من و ئەم گەنجە دەبێت زیاتر لەگەڵ یەکتردا ئاشنا ببین.

فەرنوش لەگەڵ ئەوەی حەزی نەدەکرد من بەتەنها بەجێ بهێڵێت بەناچاری ڕۆیشت. کەمێک تێپەڕی و دایکی گوتی:

- بیستم کە دکتۆری دەخوێنی. وانەکانت چۆنە؟ دەبێتە دکتۆری چی؟

بێزم لە شێوازی قسەکردنی دەبوویەوە. بەڵام حەزم نەکرد لە سەرەتاوە شتێکی لەگەڵ من هەبێت.

- بەڵێ پزیشکی دەخوێنم. وانەکانم خراپ نییە. سەرەتا دەبمە پزیشکێکی ئاسایی.

ئەگەر بەردەوامی پێ بدەم دەتوانم بچمە بەشێکەوە.
- بیستم دایک و باوکت لە ڕووداوێکدا مردوون ڕاستە؟
ددانەکانم فشار دەدا تاکو لەپڕ شتێک لە دەمم نەیەتە دەرەوە.
- بەڵێ دایک و باوکم لە پێکدادانێکدا کۆچی دواییان کردووە.
- خودا لە هەموو مردووان خۆش بێت. واتە ئێستا کەسێکی گەورە یان خزمێکت نییە؟
- نەخێر. چەند خزمێکم هەیە کە خزمایەتیان دوورە لەگەڵ من و زۆر هاتوچۆ ناکەین.
- لەکوێ لەدایک بوویت؟ خەڵکی کوێیت؟
- تاران.
- شتێک بخۆ. پرتەقاڵێک پاک بکە و بیخۆ. پرتەقاڵەکانی باشە.
- بەسەر چاوم. زۆر سوپاست!
دواتر بەدەنگی بەرز هاواری کرد:
دایکی فەرنوش- سوغرا خانم چاییەک بهێنە بۆ ئێرە!
دواتر ڕووی کردە من و گوتی:
- پێم خۆش بوو. هەڵبژاردنی فەرنوش خراپ نییە! لەو شێوانەی کە ژن بەدڵیەتی! قەد و باڵایشت خراپ نییە! خەرجیت لە کوێیە؟ کێ خەرجیت پێ دەدات؟
تەماشام کرد. زنجیریەک لە ملیدا بوو کاتێک دەجوڵا لە تیشکەکەی خەریک بوو چاوەکانت کوێر دەبوو! لەوانەبوو دوو بۆ سێ ملیۆن نرخەکەی بێت.
- هەندێک پارەم لە بانکدا هەیە، پاشەکەوتە. لە سوودەکەی ژیانم بەڕێ دەکەم.
- ئەوەندەیە کە دەستی ژنەکەت بگریت و بچیتەماڵی خۆت و دەست بۆ کەس درێژ نەکەیت؟!
سەرم دانەواند. سوغرا خانم چایی بۆ هێنام. هەڵم گرت و سوپاستم کرد.
سەر بەخواردنی چاییەوە قاڵکرد. لەناو میوانەکاندا چاوم کەوت بەفەرنوش.
بەچاوە نیگەران و قەشەنگەکانیەوە لە دوورەوە تەماشای منی دەکرد. بەڕوویدا پێکەنیم تاکو ئارام ببێتەوە.
دایکی فەرنوش گوتی:
خانمی ستایش- جوانە نا؟
- کێ؟
خانمی ستایش- کچەکەم. فەرنوش دەڵێم.

بەڵێ کچێکی زۆر قەشەنگە. هەم جوان و هەمیش میهرەبان و خانم.
- بەڵێ قسەکانی کاوەم کەوتەوە کە دەیگوت هەرکەسێک یەکەم جار بیبینێت و بیری ڕووخساری نەکات. پێکەنینم هات!
وەسفی ستایش- زۆر زەحمەتم کێشاوە تاکو ئەوەندەی لێ هاتووە. تەماشای بکە! خانمی هەموو کچەکانی خێزانەکە تاکە.
لەناو ڕاست دەڵێن.
- بیستم لە ڕووداوێکدا زۆر یارمەتیت داوە!
- شتێکی گرنگ نەبووە.
- باشە ڕاستە، بیمە و دیە هەر بۆ ئەو کارانە دانراوە ئیتر! بەڵام کاری تۆیش باش بووە، قاپی فەرنوشت دزی!
دووبارە تەماشام کرد. ڕووخساری وەک ڕووخساری فەرنوش بوو. لەوانە بوو نزیکی چل ساڵ دەبوو. بە پێچەوانەی ئەوەی کەوا کاوە گوتبووی، خراپ و ناشرین نەبوو.
لەوانەبوو لە شوێنی خۆ لاوازکردن و ئارایشتگای جۆراو جۆر و پزیشکی جوانکاری کاری زۆر لەسەر خۆی کردبێت!
جلی کچێکی یاخود ژنێکی بیست و حەوت بۆ هەشت ساڵانی لەبەر کردبوو. بەئەو ئالتوونانەی سوودی لێ وەرگرتبوو دەردەکەوت کەوا ژنێکی قەشەنگ بێت.
دووبارە سەرم داخست.
خولەکێک دواتر پرسی:
- چەندە سوودت پێ دەدەن؟
- نزیکی سێ هەزار تومەن.
- ئەوە کە زۆر کەمە! دەبێت بیرێکی باشت بۆ بکەمەوە. ماڵ چی؟ ماڵت هەیە؟
- نەخێر. ژوورێکم بەکرێ گرتووە و تێیدا دەژیم.
- ئۆتۆمبێل و مۆتۆمبێل ماکو!
- ببورن تێنەگەیشتم.
- واتە بەدڵنیاییەوە ئۆتۆمبێلت نییە؟
- نەخێر ئۆتۆمبێلم نییە.
- ئێستا بۆچی ئەوەندە شەرم لەمن دەکەیت؟ بەدڵنیاییەوە فەرنوش بەخراپی باسی منی کردووە لەلای تۆ؟
- فەرنوش؟ دەربارەی ئێوە؟ هەرگیز!

- بۆچی نا. کچانی ئەمڕۆ ئەگەر گیانت بکەیتە قوربانی بۆیان هێشتان دەڵێن کەمە!

- کچانی ئەمڕۆ نازانم. بەڵام فەرنووش خانم هیچ کاتێک دەربارەی ئێوە شتی خراپی نەگووتووە.

هەر لەو کاتەدا خانمێکی دیکە، نزیک لەتەمەنی خانمی ستایشەوە بەرەو لای ئێمە هات. هەرکە گەیشت گوتی:

- فەری، حەکیم بەچکە کەڵەشێرەکانی ڕازی کردووە؟

دایکی فەرنوش ئاماژەی بۆ کرد و گوتی:

- لەناو بچیت مەلی. ئەمە خوازبێنی کاری فەرنوشە!

دواتر ڕووی کردە ن و گوتی:

- ئەمە هاوڕێی سەردەمی کچێنیمە. ناوی مەلیحەیە. پێی دەڵێم مەلی. زۆر زۆرزانە!

هەستام و سڵاوم کرد.

مەلی- دانیشە ئازیزم. ئاسوودەبە. چۆنیت؟ باشیت؟

سوپاستم کرد. لە دڵەوە هەستم بەجێگەی خاڵی کاوە کرد.

مەلی- ئازیزم بۆچی بەتەنها هاتووی؟

- پێشووتر لە خزمەتی خانمی ستایش گوتم. دایک و باوکم لە ڕووداوێکدا تەمەنیان بۆ ئێوە بەجێ هێشت. بۆیە بەتەنها هاتوومەتە خزمەتتان.

مەلی- خودا لێیان خۆش بێت. بزانم لە دام و دەزگاکەت دۆستێک هاوڕێیەک، هاوشێوەی خۆت نییە؟!

خانمی ستایش- ئای وای. خاک بەگۆڕت مەلی! ئەو تازە هاتوتە لای ئێمە. نازانێت تۆ گاڵتە دەکەیت. لەپڕ بەڕووی خۆیدا دەهێنێت. برۆ برۆ بەدوای کارتدا. بەفەرنوش بڵێ کە بڕوات خوانەکە ڕێک بخات. مردن لە برسان میوانەکان.

پێکەنینم دەهات. ئەو مەلیحە خانمە یەکێکی وەک کاوەی خۆمان بوو. کاتێک مەلیحە خانم زەردەخەنەیەکی شەیتانییەوە لە ئێمە دوور کەوتەوە خانمی ستایش لەو کاتەی پێدەکەنی ڕووی کردە من و گوتی:

خانمی ستایش- لەدەستی مەلی دلگران نەبیت ها. ئەو ڕەوشتی بەوشێوەیە، لەگەڵ هەمووان گاڵتە دەکات.

- ڕێزتان هەیە. منیش هاوڕێیەکم هەیە زۆر شاد و بەکەیفە.

خانمی ستایش- باشە لێرە ناکرێت قسە بکەین. ناونیشانەکەت بدە، سبەی دوای

نیوەڕۆ کاتژمێر سێ دێم تاکو پێکەوە قسە بکەین. لەم ماڵە بێخاوەنەدا ناکرێت دوو قسەی درووست بەکەسێک بڵێیت.

تاونیشانەکەم پێدا. بڕیار بوو سبەی کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ بێتەوە ماڵمان. کاراتە هێشتا قسەکانی مابوو! ئای خۆزگە هەر ئێستا وەڵامی دەدامەوە تاکو شەوێکی دیکە توشی دڵەڕاوکێ و سەرگەردانی نەبم. بەڕووکەش ژنێکی خراپ نەبوو. بەڵام باشە بڕیاربوو من ببمە زاوای، مافی خۆیەتی بەبیر و هۆشەوە بڕیار بدات.

هەر لەو کاتەدا خزمەتکارێک هات و گوتی کە نان ئامادەیە و تکای لە میوانەکان کرد بڕۆنە هۆڵی نان خواردن. بۆ ساتێک تەماشای چواردەورم کرد بینیم بەتەنها لە هۆڵەکەدام.

بیرم دەکردەوە کە ئەگەر خواردنەکە گۆشت بوو دەبێت کەوچک بەدەستی ڕاست بگرم و چنگاڵیش بەدەستی چەپ. دەبێت بەکەوچکی گەورە سوپ بخۆم.

لەوانەیە سەرەتا خواردنی ئەورووپی بهێنن. من تاکو ئێستا خواردنی ئەورووپیم نەخواردبوو تاکو بزانم چییە! خودا بکات لەو خواردنە بێگانە سەیر و سەمەرانە نەبێت کە ئابڕووم لەلای هەمووان بڕوات. ئەو کاتە دەڵێن زاوا نازانێت لەسەر مێزی نان خواردن دابنیشێت!

لەو بیرکردنەوانەدا بووم گەیشتمە بەردەم هۆڵەکە. یەکێک لەو پیاوانەی میوان بوو بەدەمی پڕ لە خواردنەوە هاواری کرد:

- دکتۆر گیان وەرە. لێرە ڕۆبیانیان هێناوە! هەموو مریشکەکانیان لە سەرەتاوە خێڵ کردووە!

یەکێکی دیکە هاواری کرد:

- ئای دکتۆر ئەگەر درەنگ بجوڵێیت ئەم شەو دەبێت سەری مەڕێک بدەیت بەزەویدا! وەرە خواردنەکان سارد بوونەوە! ئەم قاسمە بەزۆر شیشێک دەکاتە ناو گوێی!

بزەیەکم بۆ کردن و هەر لەوێدا وەستام. چەند ساتێک دواتر فەرنوش لەسەر ئەو مێزەوە بەقاپێکی پڕ لە خواردنەوە و بەڕووخساری سوور بووەوە بەرەو لای من هات و گوتی:

فەرنوش- گەلێ مەغۆلن، نا؟!

بزەیەکم بۆکرد. سوربوونەوەکەی لە شەرمدا بوو. پێکەوە چووینە سوچێکی هۆڵەکە و دانیشتین.



CamScanner

فەرنوش- پێکەوە لە قاپێکدا باشە؟
- باشە. زۆریش باشە.
فەرنوش- دەبێت ڕابێیت. کاتێک هاوسەرگیریمان کرد نابێت قاپی زۆر پیس بکەین. شۆردنی سەختە!
- خۆم قاپەکانت بۆ دەشۆم. ڕاهاتووم.
فەرنوش- گاڵتە دەکەم. وابیرنەکەیتەوە من کچێکی ناز پەروەرم و کارکردن نازانم.
- حەیف نیە ئەو دەستە جوانانە بەهۆی قاپ شۆردن و ئەو شتانەوە خراپ ببێت؟!
پێکەنی و گوتی:
فەرنوش- دایکم چی پێ گوتی؟
- شتێکی گرنگی نەگوت. تەنها کەمێک .دەربارەی خۆم و ژیانم و خوێندنەکەم قسەمان کرد.
فەرنوش- بەهزاد تکادەکەم! ڕاستیەکە بەمن بڵێ.
- باوەڕبکە تەنها ئەو قسانە بوو. هەڵبەتە گوتی سبەی کاتژمێر سێ دێتە ماڵەکەم تاکو زیاتر پێکەوە قسەبکەین. گوتی کە ناکرێت لێرە بەباشی قسەبکەین.
باشە مافی خۆیەتی، لەوانەیە بەباشی نەزانی بێت تەنانەت لەلای تۆیش لەگەڵ مندا قسەبکات. لەم جەنجاڵیەدا کە ناکرێت.
هەستم کرد فەرنوش خەمباربوو، چووە خەیاڵەوە. پێکەوە بەئارامی نانمان خوارد. کاتێک نان تەواو بوو، ئەو پیاوەی پێشوو لەلایەکی هۆڵەکەوە هەستا و گوتی:
- جەنابی دکتۆر خولەکێک تەشریف بهێنن. لێرە چەند زۆر خۆرێکمان هەیە!
پێکەنیم. فەرنوش گوتی:
- گاڵتەچی لووس و هیچ!
پیاوەکە- دکتۆر گیان خولەکێک وەرە. کفنت کردم. خولەکێک وەرە و سەردانی ئێرەش بکە! ئەمانە بەمەبەستی خۆکوژی چوونەتە سەر مێزی نان خواردن، بەڵام لەوانەیە ڕێک نەکەوتبێتن! تو گیانی قاسم وەرە ببینە!
ویستم هەستم، فەرنوش گوتی:
- دانیشە بەهزاد. ئەوە مێردی پورمە. پیاوێکی هیچە گوێی پێ مەدە.
- ئاخر فەرنوش گیان ناکرێت. ناشرینە! ئێستا دەگەڕێمەوە.

فەرنوش لە بێزاریدا خەریک بوو دەتەقیەوە. بۆئەوەی ئارامی بکەمەوە گوتم:
- لەناو هەموو خێزانێکدا لەو جۆرە کەسانە هەیە، بەو بۆنەیەوە باشە. دەبنە دڵخۆشی خێزان. خۆت دڵگران مەکە، ئێمە ئێرانی و خوێن گەرمین. تاکو زیاتر ئاشنا ببین زۆر خۆشتر دەبێت. بەداخەوە کە سەرەتا نەکرا من بەهەمووان بناسێنێت.

فەرنوش- بەختت هەیە کە تۆم پێ نەناساندن! گاڵتەجاڕن! تازە هەموویان بەتەواوی تۆ دەناسن.

هەستام و بەرەولای کاک قاسم ڕۆیشتم. خۆم پێناساند، گوتی:

قاسم- ئای دکتۆر ڕێزتان هەیە، ئێمە دڵسۆزین. گیانی قاسم تەماشای ئەو گورەپانی قەلە بکە! دەڵێی ئیتر داویەتی لە دڵی!

ڕاستی دەکرد. دیاربوو یەکێک لە پیاوەکان لەکاتی نان خواردن ڕۆنی پێدا ڕژابوو.

- دکتۆر گیان کە ئێستا تەشریفتان هێناوە بۆ ئێرە، زەحمەتێکی دیکەش بکێشن. ئەو دڵەی من لە خولەکێکدا سەد جار لێ دەدات! نەوەک کار لەکار بترازێت.

- چییە دکتۆر زەنگی ئێوەیە! بهێڵە پزیشک تەماشایەکی ئێمەش بکات قاسم گیان.

- خواردنێکمان بەو بێچارەیە داوە چەندە کاری پێدەکەین.

- کێشە نیە، ئەوانە دانیان ناوە بەوەدا کە نازانم سوغرا یان کوبرا یان چییە خواردوویانە! دەبێت هەموویان لەبیری نەخۆش کەوتندا بن.

- ئەوە دانپێدانانە چییە؟! دەبێت دانپێدانانەکەیان بدەنە ڕۆحی بەرازەکانیان!

- هیچ سوێندێک هێندەی سوێند خواردن بە ماڵی دونیا نییە! دەبێت بەشەکەیان بدەن بەهەرچی چەک و پارەیە!

من تەنها وەستابووم و پێیان پێ دەکەنیم. خانمی ستایش هاتە پێشەوە و گوتی:

خانمی ستایش- بەهزاد خان لەوانەیە فەرنوش کاری پێتان هەبێت.

داوای لێبوردنم کرد و لەگەڵ خانمی ستایش ڕۆیشتم. گوتی:

- لەماڵەوە تەلەفوونت نیە؟

- بەداخەوە نەخێر. بەڵام لە نهۆمی سەرەوەمان هەیە. دەتانەوێت ژمارەکەیتان پێ بدەم؟

خانمی ستایش- بەڵێ پێمی بدە. ئەگەر دەتەوێت یەکێک لەو موبایلانە هەڵبگرە و بیە. ئێمە سێ بۆ چوار دانەمان هەیە!

سوپاسم کرد و ژمارەی فەریبام پێدا. کاتێک بینیم فەرنوش لە دوورەوە بانگم

دەکات، چووم بۆ لای.

فەرنوش- گاڵتە جاڕیان تەواو بوو؟

- نەبابە. ئەو بێچارانە شتێکیان نەگووت. گاڵتەیان دەکرد.

فەرنوش- ئەم شەو زۆر خراپ تێپەڕی بۆ تۆ، دەزانم. داوای لێبووردنت لێدەکەم بەهزاد.

- نا هەرگیز بەوشێوەیە نییە. زۆریش باش بوو. بەڕاست باوکت لەکوێیە؟ زۆر ئەوم نەبینی. دەمەوێت ماڵئاوایی لێبکەم. ئیتر درەنگە باشترە بڕۆم.

بە تووڕەیی و خراپییەوە گوتی:

فەرنوش- لەکوێ بزانم. بەدڵنیاییەوە لە سوچێکدا دانیشتووە و کچێکی بەگیر هێناوە، خەریکە بەگوێیدا دەچرپێنێت!

ڕاستی دەکرد. یەک بۆ دوو جار خۆم بینیبووم. سەر و گوێی دەلەرایەوە!

- ئەوە چ قسەیەکە فەرنوش؟! تۆ نابێت دەربارەی باوکت بەوشێوەیە قسە بکەیت.

فەرنوش- تۆ ڕاست دەکەیت، تووڕە بووم. تۆ ئیتر بڕۆ. هەرچەندە کەمتر لەم جۆرە شوێنانە بێت بۆ تۆ باشترە!

تێنەگەیشتم مەبەستی لە چییە. خودا حافیزیم لە دایکی و ئەوانی دیکەش کرد. لەگەڵ فەرنوش هاتینە دەرەوە. ویستی بەئۆتۆمبێلەکەی من بگەیەنێت بەڵام نەمهێشت.

فەرنوش- بەهزاد سبەی کە دایکم هات قسەکانی لەگەڵ تەواو بکە. نەهێڵێت درێژەی پێ بدات. من ئیتر تاقەتی ئەم بارودۆخەم نییە! بۆ من ئارام گرتن لەم ماڵەدا زۆر سەختە! بەتایبەت ئێستا کە دایکم گەڕاوەتەوە!

- خەریکی چی دەڵێیت فەرنوش؟ سوپاستی خودا بکە. لە ژیاندا لە چیت کەمە؟ خەڵکی نان نییە بیخۆن! نەوەک تۆش دابێتی لە دڵت؟!

خەڵکی لە ڕۆژ تاکو شەو گیان دەدەن تاکو لە کۆتایدا خواردنێکی سادە پەیدا بکەن! ئەم شەو لەو خواردنانەی لە ئێوە مایەوە پەنجا کەسی برسی تێر دەبن! تازە ئەمانە درێژە دەکێشێت ها! هاوسەرگیری سەرەتا شیرینە دواتر بۆمان خراپ دەبێت.

تەماشای کردم و گوتی:

فەرنوش- سبەی تەواوی بکە بەهزاد. وەڵامی کۆتایی وەربگرە. من تەمەنم یاساییە و باوکیشم ڕازییە لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکەم. ئەوانی دیکە بەلامەوە

گرنگ نییە.
- تۆ ئەم شەو کەمێک تورە بوویت. کاتێک نووستی بارودۆخت باشتر دەبێت
ئێتر. سبەی بەیانی بەو قسانەت پێدەکەنیت. برۆ پشوو بدە و خۆت دلگران مەکە.
بەئومێدی خودا هەموو شتێک رێک دەبێت. دلگران مەبە.
پێکەنی و خودا حافیزیمان کرد.

لە رێگەدا بیرم لەخۆم دەکردەوە. خانمی ستایش بەرووکەش ژنێکی خراپ نەبوو.
ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەبینم کەوا لەوانەیە منی بەلاوە خراپ نەبووبێت.
لەوانەیە بەئومێدی خودا سبەی هەموو شتێک باش بێت و رازی بێت
بەهاوسەرگیری ئێمە.

بەو بیرکردنەوانە گەیشتمە مالەوە و جلەکانم داکەند. سیدیەکەی فەرنوشم
داگیرساند و چوومە سەر جێگە. هێشتا کۆتا بەشی ئاوازەکەی تەواو نەبوو بوو کە
خەوم لێکەوت. تەواوی شەوەکە لە خەودا فەرنوشم دەبینی کەوا جلی سپی بوکێنی
لەبەر کردووە و خەریک بوین پێکەوە لە رێگەیەکی بێ کۆتایدا دەرۆیشتین.

## بەشی بیست و سێ

کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو کە یەکێک دای لە دەرگا. لەخەو ڕاپەڕیم. کاوە بوو. دەرگاکەم کردەوە و دووبارە ڕۆیشتمە سەر جێگەکەم و پەتۆکەم دا بەسەرمدا.

کاوە- هێشتا نووستووی؟! هەستە بێچارە! باوکی من کە پارەکانی دەچێتە سەرەوە کاتژمێر شەش لەماڵ دەچێتەوە دەرەوە بەدوای پەیداکردنی پارووێکدا! ئەوکات تۆ هێشتان نووستووی؟! ئەها! نەوەک ئەمڕۆ مەیدانی حەزرەتی والا داخراوە؟! پشوویان داوە بەکارمەندەکانیان؟

- کتریەکە پڕ بکە لەئاو و بیکەرە سەر گەرمکەرەوەکە. من کەمێکی دیکە دەخەوم و هەڵدەستم.

کاوە- تەمەڵ مەچۆ بۆ سایە خۆی دێت بەدواتدا سایە!

هەستە بزانم دوێنێ شەو چ خاکێکت کرد بەسەرتدا! تاکو بەیانی نەخەوتوم و خەمم بۆ جەنابتان خواردووە! لەدایک میهرەبانتر دایە خانم! بوو بووم بەکاسەی گەرمتر لە ئاش!

هەستە ئەگەرنا سوراحیەک ئاو دەکەم بەسەرتدا تاکو عەشق و عاشقی و هاوسەرگیری لە مێشکتدا بڕوات ها!

مەجنوونی نووستوومان نەبینی بوو تاکو ئێستا! هەستە، هەستە، فەرهاد بەهۆی خۆشەویستی شیرینەوە بەتیرێک میترۆی درووست کرد! تازە شیرینیشیان پێ نەدا. گوتیان زاوا تەمەڵە! ئەگەر بزانن تۆ تاکو کاتژمێر هەشت دەخەوی لاستیکی ئۆتۆبیلەکەی کچەکەیانیشت پێ نادەن تاکو بیکەیتە پەنجەرەکەت، چ بگات بەکچەکەیان!

هەستام باوێشکم دەدا و گوتم:

- تۆ کات و ناکات نازانیت، ئاخر مرۆڤ کاتژمێر هەشتی بەیانی دێت بەدوای ئەوالدا؟!
کاوە- هەستە ئەگەرنا دەڕۆم بەدایکی فەرنوش دەڵێم ئەم بەهزادە تاکو ئێستا گورچیلەیەک و نیوەی جگەری و تۆزێک لە دڵی فرۆشتووە! ئەوکاتە ئیتر کچ نادەن بەمرۆڤێکی کەم ئەندامی وەک تۆ ها!
هەستام و جێگاکەم کۆکردەوە. دەست و دەم و چاوم شۆرد. تاکو گەڕامەوە کاوە کترێەکی خستبووە سەر ئاگر.
- ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە تاکو هەوا بگۆڕدرێت. نانی بەیانیت خواردووە؟
کاوە- بەڵێ بابە. ڕووداوی دوێنێ شەوم بۆ باس بکە.
ڕووداوەکەی دوێنێ شەوم بۆ گێڕایەوە. بەتایبەتی ڕووداوەکەی کاتی نان خواردن.
کاتێک زانی بڕیارە خانمی ستایش ئەمڕۆ کاتژمێر سێ بێت بۆ ئێرە گوتی:
کاوە- ئاخ ئاخ! وەسفی ڕووخساریت نەکرد؟ ئێستا بەتایبەت دەیەوێت بێت بۆ ئێرە تاکو لەبەردەم دراوسێکاندا دارێکت پێدا بکێشێت تاکو لە ڕووخسارت کەم بێتەوە!
- ونبە! هەر ژنێکی خراپیش نیە. زۆریش میهرەبانە.
کاوە- کاتێک هاتە ئێرە و جزەی دەرهێنای ئەو کاتە تێدەگەیت چەندە میهرەبانە!
دەڵێن ئەو کەسانەی وەسفی ڕووخساری ناکەن، دەیانگرێت و دەیانخاتە سەر ئاگر و ڕۆنەکەیان دەگرێت. دواتر دەیدات لە ڕووخساری.
- مردوو شۆرەکان تۆ نەبەن کاوە! بۆ ئەو قسانەت. مێشکی منت تێکدا. دوێنێ شەو چاوەڕێ بووم ژنێک بێت بەدوو مەتر باڵا و لاشەیەکی گەورەوە و چاوی سور و ددانی تیژەوە!
بەو بۆنەیەوە زۆر جوان و ڕێکە. بەو شتانەی تۆ بۆ منی باسکرد، بیرم دەکردەوە ئەگەر قسە بکات خانووەکە دەلەرزێت! بەپێچەوانەوە دەنگێکی ناسکی هەیە.
کاوە- چۆنە بڕۆینە خوازبێنی دایکی؟! ئێستا کە بەدڵتە، دەڵێم لە باوکی جیابێتەوە و مارەی بکەین لە تۆ! ئەگەر بەباشی بزانیت.
- بەو پێڵاوانە دەکێشم بەسەرتدا ها!
کاوە- کەرە ئەو شێوەی بەو جۆرە لێکردووە وەک کارتۆنی جوانی نووستوو!
کەمێک تێپەڕێت قاچی دەبێتە پێنج مەتر! نینۆکەکانی بەهێندەی بێڵێک دەردێت!

چاوەکانی دەبێتە دوو قاپ خوێن! کاتێک هەناسە بدات زەوی دەلەرێتەوە! ئەوکات ورده ورده دێت بۆ لات، لەپڕ هێرش دەکاتە سەرت!

ئەوانەی گوت و دەنگی غوڕێلای دەردەکرد و خۆی هەڵدا بۆ من! دە خولەکێک پێکەوە گاڵتەمان کرد تاکو ئاوەکە کوڵاو و چایمان لێنا.

کاوە- لە کۆتایدا سوپ بەکام کەوچک دەخۆن؟!

- من کە هەرچی تەماشام کرد نەمزانی!

کاوە- من پێتی دەڵێم. خواردنی سوپ لەلای ئەو پیس و پۆخڵانە بەوشێوەیە کە سوپەکە بەقاپەکە دەخۆن!

هەندێکیان نان دەکەنە ناو سوپەکەوە، هەندێکی دیکەشیان سوپەکە هەڵدەلوشن! بەلام لەدوای خواردنی سوپ هەموویان لە یەک شتدا یەکسانن واتە قاپێک سوپ بەسوپەکەوە دەخۆن! ئەگەر قاپی هەر کەسێکیان تێیدا مابێت بەهێواشی دەیکەن جانتاکەیانەوە!

- باوەڕبکە بیرم نەدەکردەوە ئەوانە بەو شێوەیە بن.

کاوە- دەڵێن لە نەخوراو بگرەوە و بیدەرە خوراو!

- دەبێت بڕۆم کەمێک میوە و شیرینی بکڕم و بیهێنمە ماڵەوە تاکو عەسر خانمی ستایش هات، میوانداری لێبکەم. ئێستا خودا بکات کاتێک هاتە بەردەم دەرگا و ئێرەی بەم شێوەیە بینی پەشیمان نەبێتەوە و بگەڕێتەوە!

کاوە- ئەگەر قسمەت بێت، دەمی دەبەستێت. بیری لێ مەکەرەوە. تۆ تەنها وەسفی ڕووخسارت لەبیر نەچێت! بەڕاست من بڕۆم و ئەم هەواڵانە بدەم بەفەریبا. ئەو داماوە زۆر دڵەڕاوکێی بوو.

کاتێک کاوە لەپاش خواردنی چاییەکەی ڕۆیش منیش جلەکانم لەبەرکرد و چووم بۆ شتکڕین.

کاتژمێر نزیکی دوو بوو کە هەموو شتێک ئامادە بوو. خۆم شۆرد و ئامادەبووم تاکو خانمی ستایش بێت. قسەی زۆرم هەبوو پێی بڵێم.

دە جار هەموو شتێکم پشکنی. شتێک کەم نەبوو. ڕووبەرەکەی ژوورێکی بچووک بەلام پاک و خاوێن. دوو جۆر میوە و شیرینی بەلام لە باشترینەکان. چایی ئاسایی بەلام بەدوو دانە توێکڵی نارنج تاکو بۆنی خۆش بێت. ئەوانەم لەدەست دەهات.

تەنها داوام لەخودا دەکرد کە تێبگات چی بڵێم. ئارەزووم دەکرد کە ڕۆژێک خۆیشی ئاشق بووبێت تاکو لەگەڵ دەردی عەشق بێگانە نەبێت.

بەوشێوەی دوێنێ شەو دەهاتە پێش چاو. هیچ کەوا خراپ نەبوو بەڵکو میهرەبانیشی نوواند. ڕاستە لەسەرەتاوە بڵێیت و نەڵێیت ڕووبەڕووم بەخراپی قسەی کرد. بەڵام لە کۆتایدا تەنانەت دەیویست مۆبایلێکم پێ بدات.

وەک دوێنێ بێ ئۆقرە نەبووم بەڵام کەمێک دڵەڕاوکێم هەبوو. لە خودام دەویست لە مندەوە پیاوەتی و عەشقی بۆ کچەکەی بووێت تاکو بۆ هەریەکەیان نوسراوێک بخەمە بەردەمی! بەڵام خودا نەکات پارەی لێم بوێت.

ئاخر تاکو ئێستا پارەکەی توانیویەتی کەسێک دڵخۆش بکات؟! پارەی دانراو شتێک نیە. ئێستا ئەگەر کاوە لێرە بووایە نامیلکەیەک باسی سوودەکانی هەموو دەوڵەمەندی و زیانەکانی بێ پارەیی بۆ دەگوتم! خودایە گیان ئێمە جگە لە تۆ کەسمان نییە، ئەو بەندەیەی خۆت ڕزگار بکە.

هەستام و پەنجەرەم کردەوە تاکو کاتێک خانمی ستایش هات، هەوای ژوورەکە مرۆڤ نەخنکێنێت. تاکو دانیشتم بینیم ئۆتۆمبیلێک لەبەردەم دەرگا ڕاوەستا و دەستی کرد بەهۆڕین لێدان. لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد بینیم خانمی ستایشە.

عەینەکێکی جوانی لەچاو کردبوو. سواری ئۆتۆمبیلیکی زۆر جوان و قەشەنگ بوو بوو. هەرکە منی بینی دەستی بۆ جوڵاندم. هەستام تاکو پێشوازی لێبکەم بۆ ژوورەوە.

- سڵاو، فەرموونە ژوورەوە. زۆر بەخێر بێن.

خانمی ستایش- سڵاو چۆنیت؟

- زۆر سوپاست. فەرموونە ژوورەوە!

خانمی ستایش- نا ئازیزم، کارم هەیە. شتێک لەبەربکە بڕۆین.

- بۆ کوێ؟ بۆچی تەشریف ناهێننە ژوورەوە؟

خانمی ستایش- کارم هەیە. وەرە لە ڕێگە پێتی دەڵێم. جیاوازی چییە؟ لەناو ئۆتۆمبیل قسە دەکەین.

چوومە ژوورەوە و پێڵاوکانم لە پێ کرد و هاتمە دەرەوە. قوفڵی ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە و سەرکەوتم. بەڕێ کەوت.

خانمی ستایش- درەنگ نەهاتم؟

- ڕێزتان هەیە. بەتەواوی لەکاتی خۆیدا تەشریفتان هێنا. تەنها ئەگەر گەورەیتان بکردایە، بەچاییەک، میوەیەک، شیرینیەک، لە خزمەتتاندا بووم.

خانمی ستایش- هێشتا کات زۆرە. پشت بەخودا بۆ کاتێکی دیکە.

بەخۆم گوت، سوپاست بۆ خودا دەڵێی شێوەی خراپ نییە.

خانمی ستایش- هێشتا زانکۆ نەکراوەتەوە؟
- نەخێر. بەڵام نزیکە.
خانمی ستایش- باشە بڵێ بزانم، ئەهلی یاریکردن بەکچ و ئەو جۆرانەیت یان نا؟
- نە بەخودا خانمی ستایش. من سەرم لەناو وانە و ژیانی خۆمە.
خانمی ستایش- تۆ گوتت و منیش باوەڕم کرد!
- دەتوانن بێن و لە خاوەنماڵەکەم بپرسن. من ئەهلی هیچ نیم. تەنانەت جگەرەش ناکێشم.
خانمی ستایش- ئافەرین، ئافەرین. گاڵتەم لەگەڵ کردیت. کوڕی باش واتە ئەمە. دەبێت وانە بخوێنی تاکو سەرکەوتوو بێت. هەڵبەتە لە پاڵیدا کەمێک خۆشیش پێویستە. چووی بۆ خزمەتی سەربازی؟
- بەڵی پێش زانکۆ ڕۆیشتم.
خانمی ستایش- ئێستا چی بووە بیرت لە ژن هێنان کردۆتەوە؟
کەمێک من منم کرد و دواتر گوتم:
- باشە لە کۆتایدا هەر پیاوێک دەبێت ماڵ و ژیان پێکەوە بنێت.
خانمی ستایش- چۆن کچی منت هەڵبژارد؟
- بەخودا ئەوانم لە زانکۆ بینی بوو. شەوی ڕووداوەکە ئیتر پێکەوە ئاشنا بووین. باشە لەسەر ئیزنتان زۆر خۆشیم لێ هات.
خانمی ستایش- من کە ڕێگەم نەدابوو.
- شەرمەزارم بەڵام دەزانیت بەدەستی خودی مرۆڤ نییە. جار هەیە شتێک دێتە پێشەوەکە...
خانمی ستایش- گاڵتەم کرد بابە! بۆچی شڵەژایت؟ ئێستا بڵی بزانم ئەگەر من ڕێگە بدەم کە ئێوە پێکەوە هاوسەرگیری بکەن، دەتەوێت خەرجی هاوسەرگیریەکەت لەکوێ بهێنیت؟
کەمێک بیرم کردەوە و گوتم:
- لەو پارە پاشەکەوتەی لە بانکدا هەمە.
خانمی ستایش- لەدوای ئەوە لەکوێ پارە دەهێنیت بۆ ئەوەی بیخۆیت؟
- باشە دەڕۆم و دەگەڕێم کارێکی نیوەیی بۆ خۆم پەیدا دەکەم کەوا هەم بتوانم کاربکەم و هەمیش وانەکانم بخوێنم.
خانمی ستایش- لەم ڕۆژەدا کەسێک تەواوی ڕۆژەکە کاربکات چەندی پێ دەدەن تاکو بەنیوەی بدەن!

- ڕاست دەڵێن بەڵام.......
خانمی ستایش- باشە ئەگەر کارێکی نیوەیت پەیداکرد و مانگی بۆ نموونە شەست هەزار تمەنیان پێدایت! ئەوە دەدەیت بەکرێ یان لەگەڵ ژنەکەت دەیخۆن؟!
سەرم داخست و هیچم نەگوت. قسەیەکی درووستم بۆ وەڵام دانەوە پێ نەبوو.
خانمی ستایش- دەزانیت پارەی ناو جانتاکەی فەرنوش مانگانە چەندە؟ بڵێم باوەڕ دەکەیت! مانگی سێ سەد هەزار تمەن! پارەی جانتا و پێڵاو و جل و بەرگ و جوانکاری بمێنێت!
لە ژێر لێوەوە گوتم:
- بەڵێ ئاگادار بووم. بەڵام خودی فەرنوش خانم گوتیان ئەوانە بەلایانەوە گرنگ نیە.
خانمی ستایش- ئەوانە قسەی سەرەتایە ئازیزم. کاتێک دەستمان کرد بەژیان، ئەو قسانە لە بیر دەکەن.
دووبارە ڕاستی دەگوت. خولەکێک بێدەنگ بووین، دواتر گوتی :
- دەزانیت نرخی ئەم ئۆتۆمبیلە چەندە؟ پەنجا و چەند ملیۆنێک! ئێستا خۆت بڕیاربدە کە کچێک ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانە لەژێریدا بووە، کاتێک هاوسەرگیری کرد دێت بەتەکسی بڕوات بەم لاو ئەولادا؟! نا خۆت بڵێ؟
- حەق بەئێوەیە!
خانمی ستایش- خۆشحاڵم کەوا کوڕێکی ئەوەندە تێگەیشتوویت. ئێستا بڵێ بزانم پارەی پێشەکی کرێ چۆن دەدەیت؟
وەڵامم نەدایەوە. تووڕەیی قوڕگمی گرتبوو. جار جار فرمێسک لە چاوەکانمدا کۆدەبوویەوە. دەمبینی لەبەر چاومدا فەرنوش ئەو کەسەی ئامادە بووم گیانی بۆ بدەم، خەریکە لەدەستم دەڕوات!
خانمی ستایش- دیارە تۆ کوڕێکی باشیت. سەختیت کێشاوە بەڵام نابێت بەو جۆرە قسانە خەمبار ببیت. ڕاستەقینە تاڵە!
- حەق بەئێوەیە!
خانمی ستایش- باش. ئێستا هاتینە سەر ژیان. پشت بەخودا کاتێک بووی بەدکتۆر، بیر دەکەیتەوە چەندە مووچەت پێ دەدەن؟ سەد هەزار تمەن؟ دوو سەد هەزار تمەن؟ سێ سەد هەزار تمەن؟ چەندت پێ دەدەن؟
بیستوومە ئەگەر زۆر بدەن بەو پزیشکە گەنجانە شەست بۆ حەفتا هەزار تمەنە! ئێستا ئەگەر سێ سەد هەزاریان پێ دایت. تۆ کەتەواو بەڕێزیت، بڵێ بزانم ئەگەر

مانگی سەد هەزاریش بخۆن و بیدەنە کرێ خانوو، هەر مانگێک دوو سەد هەزار تمەن دابنێن چەند ساڵ دواتر دەتوانن ببنە خاوەنی شوقەیەکی بچووک؟

دووبارە ڕاستی دەگوت. تازە چەند ساڵ دواتر تەواو دەبووم. ئەگەر پارەکەم ئەوەندە بووایە کەوا ئەو دەیگوت، حەوت بۆ هەشت ساڵی پێ دەچوو تاکو شوقەیەکی بچووک بکڕین!

خانمی ستایش- وەڵامت نەدامەوە کاک بەهزاد؟

دووبارە بەهێواشی گوتم:

- ئێوە درووست دەڵێن.

خانمی ستایش- میوانی دوێنێ شەوت بینی؟ هەریەک لەوانەی کە دوێنێ شەو لەوێ بوون، ئەگەر خۆیان بتەکێنن سێ سەد بۆ چوار سەد ملیۆن تمەنیان لێ دەکەوێتە سەر زەوی!

خۆت بڵێ، فەرنوش دەتوانێت بەرامبەر ئەوانە بووەستێت؟ تۆ شەرمەزار نابێت بۆ نموونە بچێتە لای ئەوان؟

-ببورن بەڵام دەبێت بزانێت ئەوانە پارەیان لەکوێ هێناوە.

خانمی ستایش- تۆ خودا لەو فەلسەفە بەتاڵانە مەڵێ! ئەوانە قسەی مرۆڤی هەژارە. پشیلە دەستی نەدەگەیشتە گۆشت، دەیگوت پیف پیف! هەڵبەتە لەگەڵ تۆم نییە ها! بەڕووی خۆتدا نەهێنێت. خەریکین پێکەوە قسە دەکەین.

- نا ڕێزتان هەیە. تکادەکەم.

خانمی ستایش- دەڵێی بێزار بوویت؟ وەرە کەمێک گوێ لەو ئاوازە بگرە تاکو بارودۆخت بێتەوە سەر خۆت.

باشترین شت بوو لەوکاتەدا بەفریام کەوت. تاکو کەمێک لەو فشارە ڕاستەقینەی خوازبێنی بێمە دەرەوە!

گەیشتینە ڕێگەی کەرەج. لەوکاتەی سیدیەکەی دەکردە تەسجیلەکە گوتی:

- خەریکم دەڕۆم سەرێک لە ڤێلاکەمان بدەم لە کەرەج. ڤێلایەکی قەشەنگە. نزیکی سێ هەزار مەترە. هەڵبەتە زەویەکەی. خودی ڤێلاکە دوو بستە، نزیکی چوار سەد مەتر دەبێت.

تەماشایەکم کرد و گوتم:

- بەڵێ!

ئەویش تەماشایەکی منی کرد و پێکەنی. دەخولەک گوێمان لە سیدیەکە گرت.

خانمی ستایش- هاوسەرگیری باشە بەڵام لەکاتی خۆیدا. کوڕ نابێت کەمتر لە سی ساڵی ژن بهێنێت. تازە ئەگەر توانی هەموو شتەکانی ژیان دەستەبەر بکات!
- ببورن ئەگەر بێ ڕێزی نەبێت دەمەوێت بپرسم لێتان کە خودی ئێوە کاتێک خوازبێنیتان کرد دەوڵەمەند بوون؟ یان ئەوەی دواتر بەهەوڵ و کۆششی جەنابی ستایش بارودۆختتان باش بوو؟
تاکو ئەوەم گوت قاقا پێکەنی و گوتی:
- کێ دەڵێت؟ ستایش؟! ئەو ئەگەر لوتی بگری گیانی دەردەچێت! من ئەگەر چاوەڕێی ستایشم بکردایە فەرنوشیشم نەدەبوو!!
دووبارە پێکەنی. زۆر بێزار بووم لە گاڵتەکەی. کاتێک پێکەنینی تەواو بووگوتی:
خانمی ستایش- تەواوی ئەو سامانەی دەیبینی خۆم بەدەستم هێناوە! واتە من هۆکاری بوم. هەر بۆیەش زۆربەی شتەکان بەناوی خۆمەوەیە.
ماوەیەک بەبێدەنگی تێپەڕی. گەیشتینە کۆتایی ڕێگەکە و گوتی:
- باشە شا زاوا ! قسەت هەیە بیکەیت؟
بیری خۆم کردبوویەوە. کەمێک ڕاوەستام دواتر گوتم:
- ئەگەر بکرێت هەر لێرە ڕایبگرە من دابەزم.
خانمی ستایش- وای! بۆچی؟
- لە ڕاستیدا هەر ڕۆژی یەکەم نەدەبووایە ڕێگەم بەدڵم بدایە کە ئەوەندە بەرز بفڕێت. بەداخەوە هەڵەم کرد. قسەکانی ئێوە بەتەواوی درووستە. هیوادارم من بیەخشن.
ئیتر تورەیی لە قورگمدا ڕێگەی نەدا قسەکانم تەواو بکەم. خانمی ستایش لای کردەوە و تەماشای کردم.
خانمی ستایش- کاتێک فرمێسک لە چاوەکانتدا کۆدەبێتەوە. ڕووخسارت زۆر جوانتر و هەژارانەتر دێتە بەرچاو!
- ببورە ئاگادار نەبووم. تۆز لە ڕووخساری داوم بۆیە فرمێسک دێت لە چاوەکانم.
خانمی ستایش- ئەگەر فەرنوش بەم شێوەیە تۆ ببینێت کە تۆم ئازار داوە باوکم لەگۆڕ دەردەهێنێت!
- نا، کێشە لە ئێوە نیە. باشە ژیان واتە ئەوە ئیتر.
خانمی ستایش- چییە؟ لەپێ کەوتی؟ ئەوەندە بەئاسانی؟!
- ئیتر باشترە ئازارتان نەدەم. هەر لێرەوە دەگەڕێمەوە تاران.

خانمی ستایش- دەگوترێت: خودا ئەگەر دەردێک بنێرێت بۆ بەندەکەی، دەواکەشی بۆ دەنێرێت.
چی بکەم کە خۆشەویستیت بەخرایی چۆتە ناو دڵم. ئەگەر تۆ کەمێک ژیر بیت و گوێ لە قسەکانم بگریت، بەڵێنت پێ دەدەم کەوا هەموو شتێک ڕێک بکەوێت.
نوری هیوا لە دڵمدا گەشایەوە. بیرم کردەوە کە ژنێکی میهرەبان بێت. خۆ ناکرێت بەڕووخسار بڕیار لەسەر کەسەکان بدرێت. لە ڕێگەکە چووینە دەرەوە و لەدوای کەرەج چووینە شەقامێکی لاوەکی کە دەگەیشتە ناوچەیەکی گەشتیاری. چووە ناوچەکە لەبەردەم ڤێلایەکی زۆر گەورە و جوان وەستا. چەند هۆڕنێکی لێدا.
پیرەمێردێک دەرگاکەی کردەوە و ئێمە چووینە ژوورەوە. لە دەرەوە هەموو شوێنێک هەر بەفر بوو وە زۆریش سارد بوو.
چووینە ڤێلاکەوە، زۆر جوان بوو. هۆڵێکی گەورەی هەبوو کە لە گۆشەیەکیدا ئاگردانی تێدابوو. لەگەڵ مۆمی جوان بریسکەیان دەدایەوە. دیوارەکانی پڕ بوون لە تابلۆی مۆدێرن. هۆڵەکەی بەقاڵیچەی ئاوریشمی. یەک دوو دەست مۆبیلی جوانی لێبوو. چێشت خانەیەکی کراوە لە لایەکی هۆڵەکە بوو. لەلایەکی دیکە بەچەند پلیکانەیەکی پێچ پێچ دەچوویتە سەرەوە. لەوانەبوو ژووری نووستنەکان لە سەرەوە بێت. بەکورتی زۆر جوان بوو.
خانمی ستایش- تۆ بڕۆ لەلای ئەو ئاگرە دابنیشە تاکو من بچم ئەو مەش سەفەرە ببینم ئێستا دێمەوە.
چەند خولەکێک لەلای ئاگردانکە دانیشتم و تەماشای ئاگری مۆمەکانم دەکرد سەر و خوار! پڕ و خاڵی! سور و سپی! گەرمیەکەی زۆر خۆش بوو. چووبوومە بیرکردنەوە، دەنگی دەرگاکە هات.
هەستام و خانمی ستایش گوتی:
- دانیشە. ئاسوودە بە. بڕۆم ئەو جلانە بگۆڕم، خەریکە دەخنکێم. ئێستا دەگەڕێمەوە.
دووبارە لە جێگەکەم دانیشتم. تەماشای دەوروبەرم دەکرد. هەموو شتێک بۆنی پارە زۆری لێ دەهات! زۆر حەزم دەکرد کە تەواوی ئەو شتانەماڵی من بووایە!
چەند خولەک دواتر بەجلێکی جوانەوە گەڕایەوە و چووە چێشتخانە و پرسی:
خانمی ستایش- قاوەت بۆ بهێنم یان شتێکی دیکە دەخۆیت.
- نانا زۆر سوپاست. تکادەکەم زەحمەت مەکێشن.

خانمی ستایش- زەحمەت چییە؟ ئامادەیە. مەش سەفەر کاتێک دەزانێت من دێم، هەموو شتێک ئامادە دەکات.

- دەی بە ئەرک نەبێت ئەو قاوە بهێنن سوپاستان دەکەم.

خانمی ستایش- بهێڵە سەرەتا گڵۆپەکان بکوژێنمەوە. ڕووناکیەکەی چاوەکانم ئازار دەدات.

گڵۆپەکانی کوژاندەوە. تەنها ڕووناکی ئاگری ئاگردانکە هۆڵەکەی ڕووناک کردەوە. حاڵەتێکی سەیرم هەبوو. واتە ئەم جۆرە ژیانانەش هەیە و ئێمە ئاگادار نین!

ئەگەر لێرە ژیان دەگوزەرێنن، ئەی ماڵی ئێمە چیە؟! ئەگەر ناوی ماڵی ئێمە ژیانە، ئەی ئەمانە چی دەکەن؟! لە گەرمای ئاگرەکە بارودۆخێکی خۆشیم هەبوو. سەمای مۆمەکان تەلیزمی کردبووم.

نەمدەزانی چەندە بەوشێوەیە بووم، لەپڕ بینیم خانمی ستایش بەکوپێک قاوە لەسەر سەرم وەستاوە و خەریکە بۆم پێدەکەنێت. هەستام و گوتم:

- داوای لێبوردن دەکەم. ئاگادار نەبووم.

خانمی ستایش- دەزانم بیرت لەچی دەکردەوە! دانیشە. چەندە شەرم دەکەیت! مەگەر هاتووی بۆ تاقیکردنەوە؟!

دانیشتم. خۆیشی بەکوپێک کە نازانم لە ناویدا چی هەبوو هات و لەسەر مۆبیلەکەی بەرامبەرم دانیشت، لەلای ئاگردانکە.

قومێکی دا لە کوپەکە و بەمنی گوت :

خانمی ستایش- تۆ ناخۆیت؟ زۆر خۆشە ها!

- زۆر سوپاست. هەر ئەم قاوەیە باشە.

پاڵی دا بە مۆبیلەکەوە و گوتی:

خانمی ستایش- من هەرکاتێک دڵم دەگیرێت یان دەمەوێت دەربارەی بابەتێکی گرینگ بیربکەمەوە، دێمە ئێرە.

- جێگەیەکی زۆر قەشەنگە. پیرۆزتان بێت.

خانمی ستایش- تۆ چ کارێک دەکەیت؟

- پێشووتر لە خزمەتتاندا گوتم، لە ئێستادا وانە دەخوێنم.

خانمی ستایش- ئێ، نە بابە. مەبەستم ئەوەیە کە کاتێک دڵت لە دونیا پڕە دەچیتە کوێ و چی دەکەیت؟

- ببورن. تێنەگەیشتم. بەخوداچی بڵێم؟! هەرکاتێک بابەتێک دێتە پێشەوە و دڵم

دەگیریت دەچم لە گۆشەیەکی ژوورەکەم دادەنیشم و ئەژنۆکانم کۆ دەکەمەوە و دەچمە بیر و خەیاڵەوە.

دەزانیت، کەسانی وەک من نە زێرمان هەیە و نە زیو! ئێمە تەنها ئارامگرییەکی باشمان هەیە!

بە کۆنترۆل لە شوێنێکی دوورەوە ڕادیۆکەی کردەوە. دەنگی مۆسیقا هەموو شوێنێکی پڕ کرد. ئاوازێک کە من زۆر حەزم پێی دەکرد.

خانمی ستایش- شتێکت لێ دەپرسم. حەز دەکەم ڕاستیەکەیم گوێ لێ بێت. تاکو ئێستا حەزت کردووە کە باری دارایت باش بووایە و دەوڵەمەند بوویتایە؟ تاکو ئێستا حەزت کردووە خانوویەکی جوان و ئۆتۆمبیلێکی مۆدێل بەرز و پارە لە بانکدا و ئەو جۆرە شتانەت هەبێت؟

ڕاستیەکەی بڵێ ها! باسی گەورە و بچووکی و نازانم قەناعەت و ڕەوشت و ڕۆحی تاوانبار و ئەو جۆرە قسە هیچانەم بۆ مەڵێ! ئەوانە دەوڵەمەندەکان گوتویان تاکو هەژارەکان حەسوودیان پێ نەبەن و هەڵبکووتنە سەر ماڵیان و تالانی بکەن!

کەمێک بیرم کردەوە و دواتر گوتم:

- بەخوداچی بڵێم خانمی ستایش؟

خانمی ستایش- ئەوەندە بەمن مەڵێ خانمی ستایش خانمی ستایش! بیردەکەمەوە پیر بووم. ئەوەندە بێزار دەبم! هەمووان من بەفریشتە بانگ دەکەن. تۆیش بڵێ فریشتە.

- بەسەرچاوم، بەڵام ئاخر نایەتە سەر زمانم.

خانمی ستایش- بەدڵنیاییەوە لەبەر ئەوە بوو کە دەربارەی خەسوو خراپیان گوتووە. هەمووان گوتوویانە خەسوو بەو شێوەیە! خەسوو بەم شێوەیە! بۆیە چاوت ترساوە!

- بەسەر چاوم فریشتە خانم!

خانمی ستایش- فریشتە خانم نا. تەنها فریشتە. دەبێت ڕابێیت ئیتر!

تێدا مابووم چی بڵێم. لەلایەکەوە لەڕووم نەدەهات بەفریشتە بانگی بکەم و لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ من کەمێک میهرەبان بوو بوو، هەموو شتێک خراپ بکەم.

بە ناچاری گوتم:

- بەڵێ فریشتە. منیش مرۆڤم و ئارەزووی مرۆڤانەم هەیە. منیش حەزدەکەم کە ژیانێکی باشم هەبێت، ئێستا نەوەک بەوشێوە کە ڤێلا و ماڵی هەزار مەتری و ئۆتۆمبیلی مۆدیل بەرز و ئەو جۆرانە! هەرئەوەی کە ژیانێکی گونجاوم هەبێت، سوپاسی خودا دەکەم.

خانمی ستایش- ئافەرین. ئەوە تەواوە. هەڵبەتە بۆ ئەم تەمەن و کاتەی تۆ. لە دواتردا دەبێت زۆر زۆر باشتر بێت. تۆ ئایندەت هەیە، دەبێت لە بیری پێریدا بێت.

- بەڵام باشە. ئێوە کە بارودۆخ دەزانن چۆنە؟

خانمی ستایش- بەڵێ دەزانم. بەڵام دەکرێت ئەو شتانە درووست بکەیت. تەنها مرۆڤ دەبێت بەعەقڵی بڕیار بدات نەوەک بەهەستەکانی. ئێستا هەرچی من پێتی بڵێم گوێ دەگرێت؟

- هەرچی ئێوە بفەرموون، من ئەو کارە دەکەم.

خانمی ستایش- ئافەرین ئافەرین. دڵنیابە منیش یارمەتیت دەدەم و جێت ناهێڵم.

هەستا و کوپەکەی پڕکرد. گەڕایەوە و لە جێگەکەی دانیشت.

خانمی ستایش- لەپێش هەموو شتێک پێویستت بەکەسێکە پارێزگاریت لێ بکات.

- من هەمیشە خودام هەیە.

ڕێگەی نەدا قسەکانم تەواوبکەم.

خانمی ستایش- خودا ئەقڵی داوە بەمرۆڤەکان. لە ئاسمانەوە بەتورەکە پارە نابارێنێتە بەردەمت! خودا شوێنێکی باش بۆ مرۆڤ جۆر دەکات کە دەبێت لە بڕیاری باش سود ببینێت.

- بەڵێ باش، درووست دەفەرموون!

خانمی ستایش- کەواتە گوێ بگرە. جارێ هاوسەرگیری بۆ تۆ زووە. دەبێت ئارام بگریت تاکو بارودۆخت باش بێت. پێش ئەوەی فەرنوش تۆ ببینێت و تۆی خۆش بوێت، بڕیار بوو لەگەڵ کوڕە پورەکەی هاوسەرگیری بکات. هەڵبەتە خۆی ڕازی نەبوو بەڵام ڕازیم دەکرد.

تۆ وازبهێنە لە فەرنوش ، سەد کچی باشتر لە فەرنوش پەیدا دەبێت بۆت. تۆ دەبێت لەبیری ئایندەتدا بێت. ئێستا گەنجیت و جوانیت، ئەگەر بچیتە تەمەنەوە زۆرتر فشارت بۆ دێت و کەچەڵ دەبێت. ئیتر کەسێک تەماشای تۆ ناکات! مرۆڤ ئەگەر بیرکردنەوەی زۆری هەبێت لەپێش هەموو شتێک مووەکانی هەڵدەوەرێت!

بهێڵە فەرنوش بڕوات بەدوای ژیانتدا. دەیدەم بەبەهرام و دەیان نێرمە دەرەوە. دەمێنیتەوە تۆ! پەڕ و باڵت دەگرم و خانوو و ئۆتۆمبیل و هەموو شتێکت بۆ

دەستەبەر دەکەم، من ژنێکی تەنهام!

ئەو ستایشەکە سەری بەشیرین کردنی کچەکان گەرمە! منیش لەژیان خێرم نەبینی و لە گەنجێتیم هیچ تێنەگەیشتم. بەخودا تەمەنێکی زۆرم نییە! سی و حەوت بۆ هەشت ساڵمە! ئەگەر تۆ بەڵێن بدەیت لەگەڵ من وەفادار بیت، منیش قەرەبووی دەکەمەوە. هێشتا خۆری گەنجێتیم ئاوا نەبووە! ناهێڵم خراپ بۆت بگوزەرێت!!

ئیتر قسەکانی دیکە تێنە دەگەیشتم! تەماشای دەوروبەرم کرد. ڤێلایەکی چۆڵ لە دەرەوەی شار! ئاوازی ناسک و ڕووناکی ئاگر! باشە بۆچی منی کەر تێنەگەیشتبووم!! بۆچی هێشتم تاکو ئێرە بچێتە پێشەوە؟! ئێستا ئیتر هەموو شتەکان تەواو بووە! ئەگەر بچووکترین هیوام هەبووبێت، لە ناو چوو!! وای خوایە دێوێکە ئەم ژنە! فەرنوشی من خەریکە لەکوێ ژیان دەکات! ئەگەر ئەو ڕووداوە بزانێت لەناو دەچێت!

لام کردەوە و تەماشام کرد، بە بزەیەکی ئارەزووانە هێشتا خەریک بوو قسەی بۆ دەکردم! هەستام و ڕامکرد! لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا خزام و کەوتم. دووبارە هەستامەوە و بەڕێ کەوتم! نازانم چۆن لەناو ڤێلاکە هاتمە دەرەوە. تەنها ساتێک دوواتر خۆم بینیەوە لەسەر شەقامەکە هەڵدێم!

تازە هاتمەوە سەر خۆم. ئەگەر کەسێک منی دەبینی کە بەوشێوەیە هاتمە دەرەوە لە ڤێلاکە. بەدڵنیاییەوە بیری دەکردەوە کەوا دزم و خەریکم هەڵدێم. بەڕێ کەوتم بەڵام زۆر بەخێرایی! حەزم دەکرد زووتر لەو ڤێلاو ناوچەیە بچمە دەرەوە.

ئەگەر بۆ شاردنەوەی پیسی خۆی تۆمەتێک بداتە پاڵی من چی بکەم؟! بۆچی هەڵهاتم؟! خۆزگە ئارامم بگرتایە و قسەم لەگەڵ بکردایە. خۆزگە خەیاڵیم ئاسوودە بکردایە کە دەربارەی ئەم ڕووداوە بەهیچ کەسێک ناڵێم.

بەڵام نا. بەو شێوەیە باشترە کە هەڵهاتم. ساتی کۆتایی لە چاوەکانیدا تیشکێکم بینی کە ئەگەر درەنگ بکەوتمایە لەوانەبوو هەموو شتێک بسوتێنێت!

خودایە گیان ئەگەر شتانێکی دیکە بەفەرنوش بڵێت و لە هەموو شتێک دوودڵی بکات چی؟! ئەگەر فەرنوش گومان بکات کەچی بووە، چی ڕوودەدات؟!

بەڵام نەخێر. ئەو وریاتر و گورگتر لەو قسانە بوو. خۆزگە ئێستا کاوە لێرە دەبوو یارمەتی دەدام. ئەو بەمنی گوتبوو کە ئەو ژنە ئیبلیس و شەیتانە!

مردوو شۆر هەرچی پارە و پوڵە ببەن. ئەگەر بڕیار بێت لەدوای دەوڵەمەند بوون پیاو خیانەت لە ژنەکەی بکات و ژنیش لە پیاوەکەی، دەبێت فاتیحە بۆ هەموو شتێک بخوێنێت!

باوەڕم نەدەکرد دایکێک بەرامبەر کچەکەی خۆی ئەو کارە بت!! مردوو شۆر ئەو جۆرە ژیانە ببەن.

گەیشتبوومە سەر شەقامەکە. دەمەویست ئۆتۆمبیلێک بگرم کە یەکێک لە پشتەوە هۆڕینی بۆ لێدام! تەواوی جەستەم دەلەرزی. توانای لاکردنەوە و تەماشاکردنم نەبوو.

ئیتر حەزم نەدەکرد چاوم بەچاوی ئەو ژنە شەیتانە بکەوێت. لەپڕ ویستم دووبارە هەڵبێم کە بیرم کردەوە ئەگەر ئەم جارە ئەو کارە بکەم بەڵگەی لاوازیمە.

مەگەر من گومانم لەخۆم هەیە! دەڕۆم کەمێک قسەی بۆ دەکەم تاکو ڕێگەی بگرێتە بەر و بڕوات. ئەوەندە توڕە بووم کە لەوانەبوو دەستم بەرز کەمەوە بەڕوویدا.

دووبارە هۆڕینی لێدایەوە. حەزم دەکرد بەبەردێک، خشتێک شتێک بکێشم بەشوشەی ئۆتۆمبیلەکەیدا!

- بەهزاد! بەهزاد! خەیاڵت لەکوێیە؟!

لامکردەوە. فەرنوش بوو! گریانم هات! لێرە چی دەکرد؟! واتە ئەویش لە ڤێلاکە بووە؟! نەوەک ویستبێتیان تاقیم بکەنەوە؟!

فەرنوش- بۆچی وەستاوی؟! چیت لێ هاتووە؟! وەرە سەرکەوە ئیتر!

بە هێواشی ڕۆیشتم سەرکەوتم و گوتم:

- تۆ لێرە چی دەکەیت فەرنوش؟ لە ڤێلاکە بوویت؟

فەرنوش- سەرەتا بڵێ بزانم ئێوە لێرە چی دەکەن؟ مەگەر بڕیار نەبوو لەگەڵ دایکم قسەبکەیت؟ بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟!

بەخۆمم گوت نابێت فەرنوش بۆنی ئەم ڕووداوە بکات. دەبێت ئاگاداربم خۆم لەدەست نەدەم!

- دایکت ویستی سەرێک بدات لەم ڤێلایەتان. پێکەوە هاتین و لە ڕێگە قسەمان کرد.

فەرنوش- باشە چی بوو؟

- ئێستا تۆ بڵێ لێرە چی دەکەیت؟

فەرنوش- بەدوای تۆدا هاتم. واتە کاتێک دایکم لەماڵ هاتە دەرەوە نەمتوانی بەرگە بگرم. هاتم بەدوایدا، بیرم دەکردەوە دێتە ماڵەوە و لەگەڵتدا قسەبکات!

- پێشوازیم لێ کرد بەڵام نەهات. دەیویست سەرێک بدات لێرە.

فەرنوش- ئێستا لە کۆتاییدا چی بوو؟

- هیچ! ناوی پاکی کرده دەستمەوە. گوتی کە تۆ پارەت نیە و هەژاریت و ئەو جۆرە قسانە!

فەرنوش- تۆ چیت پێ گوت؟

- سەرەتا بیرم دەکردەوە کە ڕاست دەکات و من نابێت بیر لە هاوسەرگیری لەگەڵ تودا بکەمەوە. بەڵام بینیم هەڵە دەکەم! من و تۆ دەبێت هاوسەرگیری بکەین، ئەگەر چی دایکیشت ڕازی نەبێت.

فەنوش- من هەر تێناگەم چی دەڵێیت؟

- شتێکی گرنگ نیە کە تێبگەیت. تەنها بەمن بڵێ ئامادەیت لەگەڵ نەداری من بسازێیت؟

فەرنوش- تۆ خەریکیت شتێک لەمن دەشاریتەوە. ڕاستیەکەی بڵێ بەهزاد. شتێکی دیکە بووە؟ ڕووداوێک ڕوویداوە؟

- ڕووداو لەوە گرنگتر؟! بۆچی بیردەکەیتەوە کە درۆت لەگەڵ بکەم؟!

فەرنوش- نازانم. لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە زۆر خەمباریت! چاوەکانت سوور سوور بۆتەوە. تاکو ئێستا بەو شێوەیە تۆم نەبینیبوو!

- باشە ئەگەر بەتۆیان بگوتایە کە هەژاریت و بێ پارەیت. ئەگەر ژنت پێبدەین ژنەکەت ناتوانێت لەبەردەم خەڵکیدا ڕاوەستێت، تووڕە و بێزار نەدەبوویت!

فەرنوش- من ناتوانم لەبەردەم خێزانەکەمدا ڕاوەستم؟!

- ئێستا بەڕێ بکەوە.

بەڕێ کەوت. لەوانەبوو هیچ هەواڵێک نەبێت. سوپاستی خودام کرد. بەڵام ئەگەر لەبەردەم ڤێلاکەدا لە گۆشەیەک وەستابێت، چۆن هەڵهاتنی منی نەبینیوە!

فەرنوش- لەگەڵ دایکم بوو بەشەڕتان؟

- نا هەرگیز. تەنها کاتێک ئەو قسانەی دەکرد، خودا حافیزیم کرد و هاتمە دەرەوە. زۆر بێزار بووم. ئێستا بڵێ بزانم، ئامادەی لەگەڵ هەژاری و نەداری بسازێیت؟

فەرنوش- مەگەر سەرەتا یەکترمان ناسی و گوتم خۆشم دەوێیت و دەمەوێ هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم دەوڵەمەند بووی؟

- ئاخر تۆ بەو جۆرە ژیانە ڕاهاتووی و بۆت سەختە کەوا وەک من بژیت. دەبێت خۆت ئامادە بکەیت کە لەگەڵ بەتبەختیەکان بجەنگیت. لەوانە لە کۆتایشدا ژیانێکی ئاسایت بۆ دەستەبەر بکەم.

فەرنوش- بەوشێوەی تۆش بیری لێدەکەیەوە نیە. ڕاستە کە غرور و نەفس

بەرزی باشە، بەڵام نابێت منیش لە مافی خۆم خۆش ببم!
ئیتر هەژارترین کچەکانیش کاتێک هاوسەرگیری دەکەن جیهازیەکی تایبەت دەبەنە ماڵی هاوسەرەکانیان، منیش بەناوی جیهازیەوە پارە و ئالتوون و جەواهیرەکانم دەهێنم.
- ئاخر من دڵم......
نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم و گوتی:
فەرنوش- تەماشاکە بەهزاد، تۆ منت خۆش ناوێت؟ مەگەر ناتەوێت پێکەوە بین؟
بەسەر وەڵامم دایەوە.
فەرنوش- کەواتە گوێ لە قسەکانم بگرە. ئەوانە بەناوی قەرزەوە وەربگرە. بەئومێدی خودا کاتێک دەوڵەمەند بووین هەموویانم بدەرەوە. تازە هەندێک لەو پارەیە مافی خۆتە و بەهەڵە هاتوتە لای باوکی من!
هەردووکمان پێکەنین. دەنگی قەشەنگی فەرنوش، پێکەنینە شیرینەکەی، تەواوی ئەو ئازارانەی لەبیر بردمەوە. حەزم دەکرد چەندین کاتژمێر دابنیشم و فەرنوش قسەم بۆ بکات.
فەرنوش- دەزانیت بەهزاد، دایک و باوکان بەرامبەر منداڵەکانیان بەرپرسیارن. من لەو کاتەوەی بیرم دێت، دایکێکی بباشم نەبووە! شەش مانگی ساڵ لە ئێران نییە. ئەو شەش مانگەی دیکەش کە لە ئێرانە یان لەماڵی دۆستەکانیەتی یان دۆستەکانی لەماڵی ئێمەن! خولەکێک لەماڵەوە نامێنێتەوە! زۆری لە دەرەوەیە!
بەکورتی دایکایەتی بۆ من نەکردووە.
- تۆ نابێت دەربارەی دایکت بەو شێوە قسە بکەیت فەرنوش.
فەرنوش- تۆ ئاگادار نیت. تۆ لەگەڵ ئێمەدا نەژیاوی تاکو بزانیت.
تاکو ئەو شوێنەی بیرم دێت، ئەو سوغرا خانمە منی گەورە کردووە! ئەو دایکە تەنانەت شیری بەمن نەداوە.
دەزانیت بۆچی؟!
دەترسا لاشەی خراپ بێت! چیت پێ بڵێم؟! هەرشتێک کە لە ڕووت نایەت گوتوویەتی! ئەو ژنە بەرامبەر من هیچ دایکایەتی نەکردووە.
ڕێگەم نەدا قسەکانی تەواو بکات و گوتم:
- تۆ نابێت بیر لەو شتانە بکەیتەوە. ئەو هەموو شتە باشە لە دونیادا هەیە کە دەتوانین لەبارەیەوە قسە بکەین.
تەماشایەکی کردم و ئیتر هیچی نەگوت.



CS CamScanner

کەمێک بەبێدەنگی شۆفیری کرد دواتر گوتی:

- زوو باوکم لانی کەم لەبەردەم مندا کاری نەدەکرد، هەڵبەتە تاکو چەند ساڵ پێشووتر! هەرچەندە کە ئێستا ئەویش داویەتی لە بن خەیاڵی. تاکو چەند ساڵ پێش ئێستا ئاگاداری من بوو!

نەمدەزانی چی پێ بڵێم، ئەوە بوو کە گوتم:

- فەرنوش گیان، ئەو قسانە واز لێ بهێنە. دەبێت بیر لە ژیانی خۆمان بکەینەوە.

هیچی نەگوت. لە خەیاڵدا ڕۆچوو بوو. گوتم:

- ئێستا بڵێ بزانم ئەگەر دایکت ڕێگری کرد کە بەدڵنیاییەوە دەیکات. تۆ دەتەوێت چی بکەیت؟

فەرنوش- باوکم ڕازیە. تۆ وەرە و قسەی لەگەڵدا بکە. دواتر زۆر بەئاسانی دەڕۆینە نوسینگە و هاوسەرگیری دەکەین.

- بەو جۆرە تۆ ڕازیت؟ بەبێ ئاهەنگی هاوسەرگیری و ئەو قسانە؟!

فەرنوش- ئەوەندە لە ماڵماندا ئاهەنگ و میوانی ڕەنگاوڕەنگ و بێتامم بینیوە کە ئیتر بێزار دەبم لە هەموویان!

- تۆ لە قسەکانت دڵنیای؟ نەوەک ماوەیەک تێپەڕی ئاهەنگی هاوسەرگیری ببێتە حەسرەت لە دڵتدا.

فەرنوش- من ژیانێکی پاک لە خانەوادەیەکی پاکدا بۆ من حەسرەتە! بەهزاد تکادەکەم زووتر من لەو شوێنە پیسە ببەرە دەرەوە! بەخودا من ئامادەم لە هەمان ئەو ژوورە بچووکەدا لە گەڵ تۆدا بژیم!

تەماشام کرد. فرمێسک لە چاوەکانیدا کۆبوویەوە.

- فەرنوش گیان. ئەگەر بێزاریت، دەتەوێت بچینە لای فەریبا. تاکو کارەکان ڕێک دەکەوێت لەگەڵ ئەودا بژیت؟ کاری مارەبڕین و هاوسەرگیری ماوەیەک درێژە دەکێشێت.

فەرنوش- تاکو ماوەیەکی دیکە ئارام دەگرم. هەر ئەوەندە هیوام هەبێت تاکو ماوەیەکی دیکە لەو ماڵەدا ئارام دەگرم لەسەر هەموو شتێک.

- تۆ کە ئەوەندە لەوێ بێزار بوویت بۆچی پێش ئەوەی دایکت بگەڕێتەوە ئێران نەتگوت پێکەوە هاوسەرگیری بکەین؟ چۆنە تاکو ئێستا نەبوویت بەژنی کەسێک و لەو ماڵە بڕۆیت؟ خوازبێنی کاری زۆرت هەبووە؟

فەرنوش- خوازبێنی کاری زۆرم هەبووە بەڵام هەموویان یەک پارچە بوون! هەموویان وەک بەهرام بوون!

- واتە دەوڵەمەند بوون؟ واتە تۆ بەدوای کەسێکی هەژاری وەک مندا دەگەڕایت؟!

فەرنوش- بەدوای پیاوێکی پاک و خانەدان کە ئالودە نەبێت دەگەڕام! بەدوای کەسێکدا دەگەڕام کە پیاوانە پارێزگاریم لێ بکات. نەوەک لەبەر پارە و ئەو شتانە. تۆ ئەو کارەت ئەنجام دا.

- لەکوێ دەزانیت؟ لەوانەیە منیش لەبەر پارە ئەو کارەم کردبێت!

تەماشایەکی کردم. پێکەنی و گوتی:

- کاتێک گورچیلەت بەکاوە دەدا بەدوای پارەوە بووی؟! من لە ژیانمدا ئەوەندە مرۆڤی پارە پەرست و خۆلکێنەرم بینیوە کە لەدوری شەست مەترەوە دەیان ناسمەوە!

گەیشتبووینە تاران. کەمێکی دیکە شۆفیری کرد و گوتی:

فەرنوش- تاقەتم نیە برۆمەماڵەوە.

- باشە برۆینە ماڵی من. میوە و شیرینیم هەیە. نانی ئێوارەش پێکەوە دەخۆین.

پێکەنی و گوتی:

فەرنوش- زۆر باشە. برۆین ئێوارە میوانی منی.

- بڕیار نەبوو لە ئێستاوە تۆ خەرجی ماڵەوە بدەیت ها!

فەرنوش- تازە ئاگات لە چییە! دەمەوێت تەواوی ئاڵتوون و جەواهیرەکانم بهێنمە لای تۆ! جێگەکەی پارێزراوترە! لەوانەیە دایکم کاتێک بزانێت دەمەوێت بەدزییەوە ببمە ژنی تۆ هەمووی هەڵگرێت!

- ئەگەر هەڵیشی گرت! لەچی دەترسیت؟ هیوات بەخودا هەبێت. ئێستا واز لەو قسانە بهێنین. چەندە مارەیت دەوێت؟ دەبێت چەندێک بکەمە مارەیت؟

فەرنوش- بەچی مارەم بکەیت؟ بەشتێک کە تاکو من زیندووبم نەتوانی بیدەیت.

- بۆ نموونە سەد ملیۆن تمەن!

فەرنوش- ئەو کاتەی دەوڵەمەند بوویت دەتوانی بیدەیت. تازە من بێزم لەناوی پارە دەبێتەوە.

- دەهەزار سکەی هاڵتوون!

فەرنوش- نەخێر ئەو شتانەم ناوێت. پارە و ئاڵتوون هەرچەندم بوێت هەمە.

- بەڕاست مەگەر تۆ چەندە بازنە و گوارە و ئاڵتونت هەیە؟

فەرنوش- ئەگەر بیڵێم دەکرێت سەرشێتیت هەڵبداتەوە و ڕێگە نەدەیت لەگەڵ خۆمی بهێنم.

- نا ئێتر. ئەوەندەش سەرشێت نیم. ئاڵتوونی کچ موڵکی خۆیەتی. کاتێک لەدوای

هاوسەرگیریت لەگەڵ خۆتی بهێنیت دووبارە موڵکی خۆتە. ئێستا شەش سەد بۆ حەوت سەد گرام دەبێت؟

پێکەنی و گوتی:

فەرنوش- من نزیکی چوار کیلۆ ئاڵتوونم هەیە. هەڵبەتە جەواهیریشم هەیە!

- چوار کیلۆ ئاڵتوون؟ چ باسە؟! ئاخر ئەو هەموو ئاڵتوون و جەواهیرە چی لێ دەکەیت؟!

فەرنوش- لەکوێ بزانم. کاتێک هەبوو خۆشحاڵی دەکردم.

- ئەگەر من ڕۆژێک ویستم شتێک بۆ تۆ بکڕم کە خۆشحاڵت بکات. دەبێت چی بکەم؟

فەرنوش- دەڕۆیت پارچە جلێکی کۆنەم بۆ دەکڕی لە فرۆشگای ڕاستی! دەڵێیت بیدوورنەوە بەڵام بەدوورینەوەی ڕاستگۆیی! دواتر دێیت و دەیدەیت بەمن هەڵبەتە بەهاوڕێیانەوە!

- زۆر باشە. هەم ئەو کۆنە فرۆشە دەناسم و هەم ئەو بەرگ دوورەش لەگەڵم ناسراوە! ئێستا نەتگوت مارەییەکەت چییە؟

فەرنوش- خاک و خۆڵ! مشتێک خاک! بۆ گۆڕەکەم لەدوای مردنم!

- بڕیار نەبوو کەهێشتا ژیانمان دەستی پێ نەکردووە ئەو قسانە بکەیت ها!

فەرنوش- ئاخر تاکو زیندووم ناتوانیت مارەییەکەم بدەیت.

## بەشی بیست و چوار

چارەکێک دواتر گەیشتین و ئۆتۆمبیلەکەمان وەستاند و چووینە ژوورەوە. هەرکە گەیشتین هێشتا فەرنوش پاڵتۆکەی دانەکەندبوو لە دەرگا درا. کاوە و فەریبا بوون.

کاوە- سڵاو! سڵاو! پیرۆز بێت! ئای تۆ چەندە وریای کوڕە!! تۆ ڕۆیشتی دوو وشە قسەبکەیت، قسەکانت هیچ کرد، خوازبێنیشت هیچ کرد، بوکە خانیشت هەڵگرت و هێنات؟!

فەرنوش- سڵاو کاوە خان. بوکەکە خۆی هاتووە!

کاوە- بابە ئی وەڵا! چ بڕبڕەیەکی ماری هەیە ئەم بەهزادە! ببینم بەهزاد، تۆ ڕۆیشتی لەگەڵ خانمی ستایش قسەبکەیت، قسەکانت تەواو نەکردووە بووکەکەیان ناردووە؟!

هەموومان پێکەنین. فەرنوش و فەریبا سڵاو و ئەحواڵ پرسیان کرد و یەکتریان ماچ کرد. کاوە بەهێواشی لەپاڵ گوێمدا گوتی:

کاوە- چ کارێکت کردووە؟ خەسووت کوشتووە؟ شوشەیەک تەمەنی هەیە ها! دەبووایە بتکێشایە بەزەویدا و تاکو بشکایە و بتگوتایە کوشتم لەگەڵ جووتەکەیدا تاکو بەتەواوی بمرێت!

- سەر مەخەرە سەرم کاوە. تاقەتم نییە و ماندووم.

کاوە- مافی خۆتە. زاوایەک خەسووی کوشتبێت دەبێت ماندوو بێت! ماندوو نەبێت خودا هێزت پێ ببەخشێت! دەکرا تۆزێک گۆشتی لێ بکەیتەوە و بیهێنیت! دەڵێن دەرمانی بەتاڵ کردنەوەی جادووە! بۆ دڵیش باشە!

فەریبا- بەهزاد خان من و فەرنوش دەچینە سەرەوە. تۆ و کاوە خانیش تەشریف بهێنن. تیکەیەک نان و پەنیر هەیە پێکەوە دەیخۆین.

فەرنوش و فەریبا چوونە سەرەوە. کاتێک تەنها بووین کاوە گوتی:
- چی بووە؟ دایکی چی گوت؟ شێوەت زۆر تێک چووە!
- گوتی نەخێر. هەر ئەوە!
کاوە- واتە چی؟ تەنها نایەکی خاڵی کردە بەردەمت؟ بەبێ کێشە؟! سەوزەیەک ماستێک زەلاتەیەک ساردیەک! دوو تووڕەبوون! تەنها ئەوەندە؟ گوتی نا؟ پێکەوە ڕۆیشتن بۆ کوێ؟
- نە بابە، دوو کاتژمێر قسەی بۆ کردم. ڕۆشتین بۆ ڤێلاکەیان لە کەرەج.
کاوە- کەرەج؟! بۆچی ئەوێ؟ ئەو کە دەیویست وەڵامی نەخێرت بداتەوە بۆچی هەر لە ئێرە وەڵامی نەدایەوە؟ زۆر سەیرە! چی دەگوت؟
- دەیگوت تۆ پارەت نیە و ماڵ و ئۆتۆمبیلت نیە و ببیتە پزیشکیش موچەیەکی باشت نابێت و لەو جۆرە قسانە ئیتر.
کاوە- ئای! باشە گوتبات من کە ببمە پزیشک دەڕۆم بەدوای کاری قاچاخچێتی و مادەی هۆشبەرەوە! ساڵێک دواتر بارودۆخم باش دەبێت!
- تاقەتم نیە کاوە! وازم لێبهێنە!
کاوە- باوەڕت بەقسەکەی من کرد ئێستا؟ بینیت چیم پێ گوتی؟ وەرە و ئەم جارە گوێ لە قسەکانم بگرە. بڕۆ پێی بڵێ مامێکت هەبووە و مردووە، ئێستا کۆڵێک میراتی بۆ بەجێ هێشتووی! ئەوەی دیکەشی لەسەر من، تۆ کارت بەسەر هیچەوە نەبێت. من هەمووی ڕێک دەخەم.
- نا کاوە گیان مەمنوون. من و فەرنوش بڕیاری خۆمان داوە. ئەم کارە تەواو بکەین.
کاوە- دەتانەوێت خۆتان بکوژن؟ هەردووکتان پێکەوە؟ شازە! ئاسوودە دەبن، بەخودا ئیتر لە دونیادا سەرەڕۆمان نامێنێت! ماڵت پێ دەدەن! تازە چونکە تۆ منداڵێکی پاک و باش بوویت بەدڵنیاییەوە کۆشکێکت پێ دەدەن. لە هەر چیەکیشت کەم بوو من لێرەوە بۆت پۆست دەکەم!
چۆنە تاکو ئێستا بیرت لەوە نەکردبووەوە؟! تەنها شتێک هەبێت لە پێش ڕۆیشتن تاقیکردنەوەی خوێن بکەن! لەوێ تاقیگە نیە!
وەستا بووم و تەماشام دەکرد. نەم دەویست ڕاستی ڕووداوەکە بۆ هیچ کەسێک باسبکەم. کاوەش بێ ئاگا خەریکی گاڵتە کردن بوو.
- قسە هیچەکانت تەواو بوو؟
کاوە- بەڵێ تەواو بوو. سوپاس کە گوێت بۆ قسە هیچەکانم گرت!

- بڕیارە بڕۆم بۆ لای جەنابی ستایش و قسەی لەگەڵدا بکەم. ئەو ڕازییە. ئەگەر خودا بیەوێت دەڕۆین هاوسەرگیری دەکەین.
کاوە- ئافەرین! هەر بژین! دەبووایە ئەو کارەتان زۆر زووتر بکردایە. ئێستا منداڵەکەتان لە پۆلی دووەم بوو!
بەڵام کێشە نییە، ئێستاش درەنگ نەبووە. تەنها خێرابکەن. ئەگەر خانمی ستایش بۆن بکات پێشتان پێ دەگرێت. دەڵێن ژنێکە ئەگەر کەسێک بینی و وەسفی ڕووخساری نەکرد......
- ئای ونبە کاوە! هەستە بڕۆینە سەرەوە ئەوانیش بەتەنهان.
دەرگای ژوورەکەمان داخست و چووینە سەرەوە. کاوە گوتی:
کاوە- لە کۆتایدا من تێنەگەیشتم. ئەو هەموو ڕێگەیە تۆی برد تاکو بڵێت کچەکەم نادەم بەتۆ؟! بەهزاد! نەوەک شتێکی دیکە بوو بێت؟ خۆ درۆ لەگەڵ من ناکەیت؟! ئەگەر شتێکی دیکەش هەیە بەمن بڵێ.
- نە بابە. شتێکی دیکە نەبوو. بەدڵنیاییەوە حەزی کردووە ڤیلاکەی کەرەجیان بدات لە ڕووم.
کاوە- دڵگران مەبە. بەئومێدی خودا کاتێک لەگەڵ فەرنوش هاوسەرگیریتان کرد، خۆت ڕۆژێک دەبیتە خاوەنی ئەو ماڵ و موڵکە! دەڵێن ئەگەر کەسێک ئەو ژنە ببینێت و وەسفی ڕووخساری نەکات دیق دەکات و دەمرێت! ئەوکاتە هەموو سەرەوەتەکەی دەگات بەتۆ!
- بمرێت کاوە.
کاوە- ئێستا لە گاڵتە تێپەڕیوە. تو خودا بەهزاد ئەو کەڵلە ڕەقیەت بخەرە لاوە. هەرچەندە پارەت دەوێت بڵێ. بابە دواتر لێتی وەردەگرمەوە. ئافەرین کوڕی باش، خەسووت قوربانت بێت! دەرد و بەڵات بکەوێت لە خانمی ستایش!
پێکەنیم و گوتم:
- بەسەر چاوم، ئەگەر پارەم ویست داوات لێ دەکەم.
پێکەوە چووینە ماڵی فەریبا. هەر چووینە ژوورەوە کاوە گوتی:
- باشە سوپاست بۆ خودا هەموو شتێک ڕێک بوو.
فەرنوش- چۆنی؟! شتێک بووە!
کاوە- بەڵێ نەخشەیەکم هەیە کە هەموو شتەکان ڕێک دەخات.
فەرنوش- دەتانەوێت چی بکەن؟ زوو بڵێن دڵم دەرهات!
کاوە- هیچ ئیتر. بڕیارە ئێوە بگەڕێنینەوە بۆ ماڵی خۆتان، منیش کچێکی دیکە بۆ

شتێک چاک دەبێت.

بەهزاد بهێنم! بەو شێوەیە هەموو شتێک چاک دەبێت.

فەرنوش بەماتی تەماشای کاوەی دەکرد. کاوەش زۆر بەڕاستی قسەی دەکرد.

- کاوە ئازاری مەدە. دلگران دەبێت.

فەرنوش- خەریک بوو باوەڕ بکەم کاوە خان!

کاوە- نە بابە. گاڵتەم کرد. بڕیارە بەهزاد بڕواتە سەر ماڵ و ژیانی خۆی، ئەو کاتە مێردێک بۆ ئێوە پەیدا بکەین!

- بەنمەک! دەکرێت خولەکێک قسە نەکەیت؟

کاوە- ئەها! ببورن هەڵەم کرد. بڕیارە فەرنوش خانم و بەهزاد بڕۆنە سەر ماڵ و ژیانی خۆیان، ئەوکاتە من بڕۆم ژنێک بهێنم!

- بەڕاستی گاڵتە چیت کاوە!

فەرنوش و فەریبا پێکەنین.

کاوە- ئەها! تێگەیشتم! بڕیارە من و بەهزاد و فەرنوش خانم بڕۆینە سەر ماڵ و ژیانمان، ئەو کاتە فەریبا خانم هاوسەرگیری بکات! بەڵام تێناگەم! ئەگەر فەریبا خانم هاوسەرگیری بکات چۆن کێشەی ئێوە چارەسەر دەبێت؟! چ پەیوەندیەکی پێکەوە هەیە؟!

ئەها! تێگەیشتم! بڕیارە.....

- کاوە بێدەنگ بە! مێشکمان کەوت.

فەریبا- سەرەتا بەمن بڵێن ئێوارە چی دەخۆن؟ ئەگەر هەمبەرگر درووست بکەم دەیخۆن؟

- نا فەریبا خانم. ئێوارە میوانی منن. لە دەرەوە شتێک دەکڕم.

کاوە- میوانی تۆ و منی نیە. خۆم دەچم شتێک دەکڕم. خۆ هەمبەرگر دەخۆن.

هەستام و پارەم پێ دا و گوتم:

- ئەم شەو میوانی منن. جارێکی دیکە سەرەی تۆ بێت. تەنها بەئۆتۆمبیل بڕۆ تاکو زووتر بگەڕێیتەوە.

فەریبا- کاوە خان زەڵاتە و ساردی نەکڕن، لە ماڵەوە هەیە. تەنها هەمبەرگر بکڕن.

کاوە- بەسەر چاوم فەریبا خانم. هەرچی ئێوە بڵێن. ئێوەو شتێکتان ناوێت بۆتانی بکڕم؟!

- کەبابی تورکی خراپ نیە، تامی خۆشە.

کاوە- ببوورە لە ئێوەم نەپرسی! لەگەڵ فەریبا خانمم بوو.

دواتر ڕووی کردە فەریبا و گوتی:
- فەریبا خانم حەز دەکەن بڕۆم لە تورکیا کەبابی تورکیتان بۆ بکڕم؟! ڕێگە بدەن لە ئیتالیاوە پیتزاتان بۆ بکڕم و بەگەرمی بۆتان بهێنمە ئێرە؟!
فەریبا بەپێکەنینەوە گوتی:
- پیتزا نا، تیکەی گەورە!
کاوە- ئەگەر بەوشێوە بڕوات وشە بێگانەکان وەک پۆلکە پێوەمان دەلکێن، وازدەهێنن لەو وشە شیرینانەی فارسی!
هەموومان پێکەنین. کاتێک کاوە قسەی دەکرد فەریبا خەریک بوو دەمرد!
کاوە- حەز دەکەن بڕۆمە ئەسفەهان و بریانیتان بۆ بکڕم و خێرا بیهێنمە ئێرە تاکو چێژەکەی بکات بەدەمتان؟!
حەز دەکەن خولەکێک بڕۆمە ناوەڕاستی شەقام و بچمە ژێر تریلەیەکی هەژدە تایەیی و بەپارچە پارچەیی بێمە دەرەوە و هیچ نەخۆشخانەیەک وەرم نەگرێت تاکو ئێتر تۆ بەو چاوانەت بەو شێوەیە تەماشای من نەکەن؟!
فەریبا- خودا ئەو ڕۆژە نەهێنێت!
- ئێمە زیاتر حەز دەکەین کە ئێوە لاڵ بن و بڕۆنە سەر ئەو چوار ڕیانە و چوار دانە هەمبەرگر بکڕن و بیهێنن بۆ ئێمە. دواتر ئەگەر حەزتان کرد بڕۆنە ژێر تریلەوە!
کاوە- بەهزاد خان ئێوە هێشتا فێر نەبوون کە کاتێک دوو ئەندازیار قسەدەن وەستا نابێت بچێتە ناو قسەکانیان و بڵێت بێلەکەم شکاوە؟!
- بێ ڕەوشت؟
کاوە- خەریک بووم لە خزمەتی فەریبا خانم دەمگوت. دەڵێم ئەگەر حەز دەکەن جگەرم دەربهێنم و دوو پل جگەر بکەنە دەمتان و بیخۆن!
- خودا لە ناوی دەمت بدات کوڕ! پێویست ناکات تۆ بڕۆیت نانی ئێوارە بکڕیت، خۆم دەڕۆم. خەریکە لە برسان دەمرین.
کاوە- ڕۆیشتم، ڕۆیشتم. بەڕاست فەریبا خانم حەزتان لە چییە؟
- دەی بڕۆ ئێتر! ئەو هەموو قسەیەت کرد، لە کۆتاییدا زانیت بۆ ئێوارە چی بکڕیت؟
کاوە- بەو پارەیەی کە تۆی سواڵکەر داوتە بەمن چەقی سی سەر!
ئەو شەوە لە دەوری یەکتر نانمان خوارد. زۆر خۆش تێپەڕی بۆمان. کاوە گاڵتەی دەکرد و ئێمە پێدەکەنین. لەدوای نان خواردن فەرنوش ماڵئاوایی کرد و

ماڵەوە.
منیش لەگەڵی ڕۆیشتم تاکو بیگەیەنمە ماڵەوە. کاتێک سواری ئۆتۆمبیل بووین فەرنوش
کاوە خودا حافیزی کرد و ڕۆیشت.
فەرنوش- بەهزاد من سبەی ئێوارە لەگەڵ باوکم قسەدەکەم. شەو هەواڵت پێ
دەدەم کە چی بووە و باوکم چی گوتووە.
گوتی:
- بۆچی سبەی بەیانی قسەی لەگەڵ ناکەیت؟
فەرنوش- باوکم بەیانیان دەچێتە کارگە، تازە بەیانیان دایکم لە ماڵەوەیە. ناکرێت
لەلای ئەو قسە بکەم. ئێوارە دایکم دەچێتە دەرەوە. بەرنامەی هەیە. ئەو کات
باشترە.
- باشە. لەوانەیە منیش سبەی سەردانێکی جەنابی هیدایەت بکەم، ئەو بێچارەیە
بەتەنهایە.
فەرنوش- ئای وای! من چەندە کەسێکی خراپم! دەبووایە بڕۆیشتمایە بۆ
سەردانیان. زۆر ناشرین بوو. جارێکی دیکە کە ڕۆیشتی، منیش دێم. لەلایەن منەوە
زۆر سلاو و ڕێزی پێ بگەیەنە و داوای لێبووردنی لێ بکە.
- بەسەر چاوم. ئەو هەموو کاتێک سلاوت بۆ دەنێرێت و هەواڵت دەپرسێت.
دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم فەرنوش. تۆ لەخۆت دڵنیای؟ دەزانیت خەریکە چی
دەکەیت؟
پێکەنی و گوتی:
فەرنوش- بەهزاد من لەگەڵ تۆدا تاکو کوێ بڵێیت دێم. تۆ تەنها بەهێز بەوەک
هەمیشە. من پێویستم بەتۆیە بەهزاد. من ئەگەر لەو ماڵە بمێنمەوە لەناو دەچم.
تۆ نازانیت بارودۆخی ماڵی ئێمە چۆنە! وەک ئوتێلە! هەر خولەکێک لە ژوورەکەم
دێمە خوارەوە لە هۆڵەکە کۆمەڵێک دانیشتوون! نازانیت دۆستی باوکمن یان
دۆستی دایکم!
ئیتر ماندوو بووم. هەندێک لە پیاوەکان ئەوەندە تەماشات دەکەن کە خەریکن
بەچاوەکانیان مرۆڤ دەخۆن! هەندێک کات هەر ناوێرم لە ژوورەکەم بێمە دەرەوە!
- هەمووی چاک دەبێت. خۆت دڵگران مەکە. بەئومێدی خودا سبەی شەو هەواڵی
باش دەهێنیت. پێکەوە هاوسەرگیری دەکەین و تەواوی ئەوانە دەبنە یادگاری!
ئیتر گەیشتبووین. لەبەردەم ماڵیان ڕایگرت.
فەرنوش- بۆت سەخت نیە بەپێ بگەڕێیتەوە ماڵەوە؟
- نا. تەواوی ڕێگەکە بیر لە تۆ دەکەمەوە. زۆر شیرینە.

پێکەنی و گوتی:
- دەمەوێت یادگاریەکت پێ بدەم. بەڵام نابێت هیچ کاتێک لە خۆتی جیابکەیتەوە. باشە؟
- باشە. بەڵام نەڕۆیت ئۆتۆمبیلێک لە حەوشەکەتان دەربێنیت و بیدەیت بەمن!
زنجیرێکی ناسکی لە ملی دەرهێنا و کردیە ملی من. پیتێکی ئیفی ئاڵتوونی جوانی پێوە بوو.
فەرنوش- دە ساڵی دیکە کە منداڵەکانمان گەورە بوون دەبێت لە ملتدا بێت، ئەگەرنا دلگران دەبم لێت!
- ئەگەر مردیشم ئەو زنجیرە لە خۆم جیا ناکەمەوە. دڵنیابە.
فەرنوش- بەهزاد زۆرم خۆش دەوێیت.
- منیش زۆرم خۆش دەوێیت فەرنوش. ئای! بۆچی دەگریت؟!!! ئای! وەک منداڵەکانت لێ هاتووە! تۆ دەبێت ئێستا پێبکەنیت.
فەرنوش- بەدەستی خۆم نیە. نازانم بۆچی لەپڕ دڵم گیرا.
- لەبەر ئەوەیە کە دەتەوێت بڕیتەوە ماڵەوە. چوونکە بێزاریت لەو خانووە بەو شێوەیە. ئێستا کە ڕۆیشتیتە ماڵەوە خۆت بشۆ بارودۆخت باش دەبێت. ئەمڕۆ ماندوو بوویت. من دەڕۆم تاکو تۆ بڕۆیت و پشوو بدەیت.
فەرنوش- نا! مەڕۆ! ئێستا مەڕۆ، کەمێکی دیکەش لەلام بمێنەرەوە.
- بۆچی ئەوەندە دلگرانیت؟! ئاخر هیچ ڕووی نەداوە!
فەرنوش- دەڕۆم، بەڵام دڵە ڕاوکێمە. هەر حەزناکەم بەتەنها جێم بهێڵیت.
- ئێستا یان دواتر؟
فەرنوش- هیچ کاتێک. نە ئێستا و نە دواتر!
- دەمێنمەوە بەو مەرجەی نەگریت. من تاقەتی بینینی فرمێسکەکانی تۆم نییە. حەیف نیە کە لەو چاوە جوانانەت فرمێسک بێتە خوارەوە؟! تەماشاکە دونیا بەڕووماندا پێدەکەنێت؟ بۆچی لە خۆڕایی دلگرانیت؟
فەرنوش- دوێنێ شەو خەوم بینی. لە خەومدا جلی بووکێنیم پۆشیوە و لە ماڵەوە دێمە دەرەوە تاکو لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکەین بەڵام دایکم پێشم پێ دەگرێت و ناهێڵێت لە ماڵەوە بێمە دەرەوە.
- تەماشاکە چ خەوێکی باشت بینیوە! خەیاڵت ئاسوودە بێت، دایکیشت وردە وردە ڕازی دەبێت.
فەرنوش- دەڵێن جلی بوکێنی لە خەودا باش نییە.

باشە هەمیشە باشە.
- کێ ئەو قسەیەی کردووە؟! جلی بوکێنی هەمیشە باشە.
فەرنوش- بەڵام دایکم چی؟! ئەو ناهێڵێت پێکەوە هاوسەرگیری بکەین. لە خەونمدا زیندانی کردبووم!
- ئەگەر زیندانیشت بکەن خۆم دێم ڕزگارت دەکەم. وەک ئەمیر ئەرسەلان! دێمە قەڵای بەرد باران. نە لە پەردەکان دەترسم و نە لە دیوارەکانیش!
فەرنوش- جادووت لێ دەکەن!
- من جارێک چاوەکانی تۆ جادووی لێ کردووم، ئیتر هیچ جادوویەکی دیکە کار لە من ناکات!
فەرنوش- لە کۆتی پۆڵایی دێو ناترسیت؟
- ئیتر لە هیچ کەسێک ناترسم. جگە لە تۆ شتێکم نیە تاکو لەدەستی بدەم! تۆ فەرخی منیت!
دەکرێت ئەمیر ئەرسەلان ماڵ و سامان و پادشایی هەبێت کە لە لەدەستدانیان بترسێت. بەڵام من جگە لەو گەنجێتیەی هەمە هیچی دیکەم نیە. ئەوەش پێشکەشی تۆ بێت.
ئەمیر ئەرسەلان بەپێڵاو و جل و گۆچان و ئەسپەوە ڕۆیشت بۆ ڕزگارکردنی فەرخ. منیش بەو جل و بەرگ و پێڵاوە سادانەوە دێم و دەستت دەگرم و لەو ماڵە دەتهێنمە دەرەوە!
ڕاستە کە پارەم نیە، بەڵام دڵێکم هەیە وەک دڵی شێر!
فەرنوش- لە دایکم ناترسیت؟ ئەو بەپارە جادوو لەهەموو کەسێک دەکات!
دەترسم ئەسیری جادوو بیت! زۆرێک هەیە بەو جادووانە گرفتار بوون!
- عەشقی تۆ بەتاڵکردنەوەی جادووی منە! تاکو لەگەڵ من بێت هیچ شتێک کارم لێ ناکات!
بزەیەکی بۆ کردم و گوتی:
فەرنوش- نەوەک کاتێک هاتیت تەماشای پشتە سەرت بکەیت! ئەگەر بترسیت و بتەوێت بگەڕێیتەوە، دەلەرزیت!
- کاتێک بەڕێ کەوتم، چاوم لە تۆیە تاکو پێتبگەم و ڕزگارت بکەم! نە دەگەڕێمەوە و نە تەماشای چەپ و ڕاستم دەکەم! لەو کاتەی تۆم بینیوە تەنها تۆ دەبینم. نە لە هیچ کەس دەترسم و نە لە شتێک!
فەرنوش- دێوی زریی پۆلاین ئەژدیهایەک دەنێرێت کە ئاگر دێتە دەرەوە لە دەمی! کاتێک هات چی دەکەیت؟

- رادەوەستم تاکو حەز بکات بەردم بۆ هەڵبدات! دڵم لە مێژە سوتاوە! مەگەر ڕاێک چەند جار دەسوتێت؟! خودی ئەژدیهاش دڵی دەسوتێت و دەمرێت!
ئەرنوش- لە قەڵای بەردین بەردەکان دێتە بەردەمت، هەریەکەیان هێندەی کێوێکە! چی دەکەیت؟
- ئەوەندە ڕۆژگار بەردی خستۆتە سەر ڕێگەم کە ئیتر ڕاهاتووم بەهەموو بەردەکان! خودی بەردەکانیش لەگەڵ مندا ڕاهاتوون! ئیتر ئەوانە بۆ من وەک بەرد سەخت نین! من و بەرد لەگەڵ یەکتردا بێگانە نین!
تەماشایەکی کردم. برینی هەموو ئەو ساڵانە چارەسەر بوو! تەماشاکردنەکەی سەد ساڵی پێ چوو.
ئەرنوش- کەواتە دێیت بەدوامدا؟
- دێم بەدواتدا.
ئەرنوش- ئێستا ئیتر بڕۆ. دڵم گەرم بوویەوە. ئیتر ناترسم.
- منیش ئیتر ناترسم. لە بیرمە یەکەمین جار کە تەماشای چاوەکانی منت کرد، دڵم هاتە دەرەوە! هەر ئەو کاتە تێگەیشتم ئەسیر بووم!
ترسم لەوە بوو کە ئیتر ئەو چاوانە بساریتەوە لە من. بەڵام تۆ هاتیت. هێز و توانات پێ دام، دڵت پێ دام!
بیرت خستمەوە کە لە خراپیەکانی دونیا نەترسم. سەرەتا ئەوە تۆ بوویت کە نەترسایت! منیش فێربووم. ئێستا دێم بەدواتدا تاکو ئەو شوێنەی تۆ بتەوێت.
بێدەنگی هاتە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە، لە نێوانماندا دانیشت و هەزار قسەی بۆ کردین!
ئەرنوش- خودا حافیز بەهزادی من.

## بەشی بیست و پێنج

تەواوی ڕێگەکە بیرم لە فەرنوش دەکردەوە. ڕێگەکە بۆم بوو بەهەنگاویک!
کاتێک گەیشتمە ماڵەوە فەریبا بانگی کردم، لە تەلەفوون کاریان پێم هەبوو. فەریبا نەیدەزانی کێ بووە. تاکو گەیشتمە سەرەوە دڵم بۆ هەزار شووێن ڕۆیشت. کە تەلەفوونەکەم هەڵگرت وەک کەسێک کارەبا گرتبێتی لە جێگەکەم وشک بووم!

- ئەلو فەرموون!
- بەهزاد سڵاو!
- سڵاو بفەرموون. منم. ئێوە؟
- منم فریشتە. منت نەناسی؟

نەفرەت لە من کە چ گەمژەییەکم کرد و ژمارەی فەرییام دا بەو ژنە پیسە!

- ئێوەن خانمی ستایش؟
- بەڵێ. بەڵام بۆ تۆ تەنها فریشتەم. دەزانم درەنگە بەڵام نەمتوانی پەیوەندیت پێوە نەکەم. دەتوانیت قسە بکەیت؟
- بەڵێ فەرموو قسەکەتان بکەن!
- باشە سەرەتا بڵێ بۆچی لەپڕ ئێوارە ڕاتکرد؟ ترسایت بتخۆم؟!
- نەخێر. لە خۆم ڕامکرد.
- مەگەر چیت لە خۆت بینی کە لەپڕ ڕاتکرد؟ نەوەک گومانت لە خۆت هەبێت؟! یەلا وەڵام بدەرەوە!

نەمدەزانی چی بڵێم. لەبەر ئەوە بەهێواشی گوتم:

- خانمی ستایش من پەیوەندیتان پێوە دەکەمەوە. تکاتان لێ دەکەم هەموو شتێک لە بیر بکەن. منیش هەموو شتێکم لە بیر کردووە. وادابنێن ئەمڕۆ بونی نەبووە. سوێندتان دەدەم بەو کەسەی دەیپەرستن بەژیانی دوو کەس یاری مەکەن.

- ئەگەر ئێستا گوتت من کێ دەپەرستم؟!
- خانمی ستایش ئەگەر فەرنوش بۆنی ئەم ڕووداوە بکات خۆی دەکوژێت! لانی کەم ڕەحم بەکچەکەتان بکەن.
- هەموو ئەو قسانە بەهۆی ئەوەیە کە هێشتان ئەقڵت پڕ نەبووە. سادە و ساویلکەیت!
- ئێوە ڕاست دەکەن. بەڵام ئێوە کە دونیاتان بینیوە بۆچی خەریکە هەڵە دەکەن؟
- هەڵە؟!
دووبارە دەستی کردەوە بەپێکەنین.
- تکا دەکەم ئارام بن و گوێ لە قسەکانم بگرن.
- من ئێستا بەتەواوی ئارامم. جلی خەوم لەبەر کردووە و لەسەر جێگەکەم ڕاکشاوم و ...
ڕێگەم نەدا بەردەوام بێت.
- خانمی ستایش من تکاتان لێ دەکەم. بیربکەنەوە کە بەندەیەکتان کڕیوە و لە ڕای خودا ڕزگارتان کردووە! تکاتان لێ دەکەم، ڕازی مەبن ژیانی من ئاگری تێ بەربێت. هەموو شتێک لەبیر بکەن.
- چەندە باشە! خۆزگە ئێستا لێرە دەبوویت و قاچم...
- خانمی ستایش!!
- گیانم! هەر ئەو شەرم و ئابڕوەت منی شێت کردووە!
- سوێند بەخودا شەیتان فێڵی لە ئێوە کردووە!
- بەهزاد! ڤێلاکەی کەرەج زۆر دوور نیە ها! ئاماژەیەک بکەیت نیو کاتژمێری دیکە لەوێ دەبین!
- سوێند بەخودا ئێستا خەریکم دەگریم! گریانم بۆ حاڵی ئێوە دێت کە لە ڕۆژی دوایی دەتانەوێت چی وەڵامی خودا بدەنەوە! گریانم بۆ حاڵی ئەو کچە بێ تاوانە دێت کە چۆن لەناو ئەو ئاگرەی ئێوە هەڵتان کردووە دەسوتێت، لە تورەیی خودا بترسن!
- قوربانی فرمێسکەکانی توبم! تەواوی ئەو قسانەت لەبەر ئەوەیە کە تۆ هێشتان نێنەگەیشتووی دونیا هەر ئێرەیە! لە کەللەی شەیتان وەرە خوارەوە.
لەقە لە بەختی خۆت مەدە! جارێ خودا ویستویەتی و خۆشەویستیت چۆتە دڵمەوە! لێوت بجوڵێنی کارێک دەکەم لە پارەدا غەرق ببیت! وەرە من تامی عەشقت پێ بچێژم!

تۆم!

- شەرم بکە! من لە جێگەی منداڵی تۆم!

- دەی ئەگەر لە جێگەی منداڵی منی وەرە کەمێک...

تەلەفوونەکەم داخست. فرمێسک لە چاوەکانم دەهات و قاچەکانم دەلەرزی!

ڕووم لە فەریبا وەرگێڕا تاکو تێنەگات. تەنها تکام لێکرد کە ئەگەر لە تەلەفوون کاری بەمن هەبوو وە ئەو خانمە بوو بەڕێی بکات. شتێکی دیکەم نەگوت.

هەرچەندە بەدڵنیاییەوە خۆی لە هەموو شتێک تێگەیشتبوو.

چوومە ژوورەکەم و گڵۆپەکانم کوژاندەوە. لە گۆشەیەک دانیشتم و ئەژنۆکانم کۆکردەوە. دونیایەکی سەیر بوو. ئیتر دەبووایە باوەڕ بەکێ بکەیت؟

بە خۆمم گوت ئەگەر لەگەڵ فەرنوش هاوسەرگیری بکەم و تەنانەت بیهێنمە ئەم ژوورە و پێکەوە بژین، سەد جار باشترە لەو شوێنەی کەوا ئێستا تێیدا دەژی.

زۆر تووڕە بووم و ماندوو بووم. قسە خراپەکانی ئەو ژنە لە خەیاڵمدا نەدەڕۆیشت. خودایە من چۆن بتوانم تەماشای چاوەکانی فەرنوش بکەم؟ بەڵام من تاوانێکم نەکردبوو. بیرمکردەوە کە بڕۆم بۆلای جەنابی ستایش و ڕووداوەکەی پێ بڵێم!

بەڵام هیچ کە سوودی نەبوو، کارەکەشی خراپتر دەکرد. دەبووایە بەهەر جۆرێک بێت کارێک بکەم فەرنوش تێنەگات. ئەگەر خودا بیەوێت پێکەوە هاوسەرگیری بکەین، ئیتر بابەتەکە تەواو دەبێت. ئەو ژنەش خۆی کۆدەکاتەوە.

وای خودایە گیان! ئەگەر لەدوای هاوسەرگیری من و فەرنوش دەست هەڵنەگرێت چی؟!

ئیتر مێشکم کاری نەدەکرد. هەستام و سیدیەکەی فەرنوشم هەڵکرد. هەر دەنگە جوانەکەیم بیست تەلیسمی شەیتان بەتاڵ بوویەوە!

هەوای ئەو ژوورەی کە تاکو خولەکێک پێشووتر لە دڵەڕاوکێی ئەو ژنە خراپە پڕ بوو، لەپڕ پاک و خاوێن بوویەوە!

دەنگی فەرنوش وەک نەسیمێک بوو کە هەرزەیی لە پەنجەرەی ژوورەکە هەڵهات!

هەرچەندە زیاتر گوێم لە دەنگی ئەو ئاهەنگە دەگرت، لە پیسی و خراپی زیاتر دوور دەکەوتمەوە. خۆشەویستی ئەو وەک هەورێک لاشەمی دادەگرت تاکو هیچ جادوویەک نەتوانێت کاریگەری لە سەرم هەبێت!

ڕووخساریم دەبینی کە بەچاوە قەشەنگەکانی تەماشای منی دەکرد و هێزی پێ دەبەخشیم، قژە لول و درێژەکەی وەک شەپۆلی دەریا هەموو دەروونمی دەشۆرد و پاکی دەکردەوە.

تاریکییەکان ڕۆیشتن و هەموو شتێک ڕووناک بوویەوە، یەکەمین تیشکی خۆرم بینی کە هاتە ناو دڵی منەوە!
بەیانی هات بەبێ ئەوەی هیچ جادوویەک بتوانێت کاریگەری لەسەرم هەبێت! خۆشەویستی پاکی فەرنوش تەلیسمی جادوگەری شکاند!
هەستام و خۆم شۆرد و نانی بەیانیم خوارد، دواتر بەرەوماڵی جەنابی هیدایەت بەڕێ کەوتم.
لە خودام دەویست کە زووتر شەو بێت و فەرنوش هەواڵی باشم بۆ بهێنێت.
ئیتر هیچ شتێکی دیکە بۆ ئێمە گرنگ نەبوو. ئێمە گرنگ بووین کە بڕیاری خۆمان دابوو. تازە باوکیشی ڕازی بوو منی خۆش دەویست. شتەکانی دیکە لاوەکی بوو.
واتە هەموو شتێک درووست دەبوو؟ یان ئەو ژنە دووبارە ئاگرێکی دیکەی دەخستە بەردەمم؟!
سەرم بەرز کردەوە وبینیم لەبەردەم ماڵی جەنابی هیدایەت وەستاوم. لە دەرگام دا و دەنگی جەنابی هیدایەتم بیست کە بەرەو لای من دەهات.
- سڵاو قوربان. حاڵتان چۆنە؟

هیدایەت- سڵاو بەخێر بێیت ئازیزم. خۆشیت هێنا. دڵم دەیگوت کە ئەمڕۆ دێیت. چۆنیت؟ باشیت؟
- نەخێر جەنابی هیدایەت، دڵم زۆر گیراوە.
هیدایەت- دڵی دوژمنت بگیرێت! بۆچی؟ کێ ئازاری داویت؟ وەرە ژوورەوە. وەرە ژوورەوە بزانم چ شتێک ئەم کوڕەمی ئازار داوە؟
ڕۆیشتمە باخەکەوە. دەرگای داخست و تەلا لەبەردەم دەرگا وەستابوو. دەستم هێنا بەسەریدا و گوتم:
- ڕۆژگار! ڕۆژگار جەنابی هیدایەت!
هیدایەت- یاری لەگەڵ کردوویت؟! لە ئەو جۆرە یاریانەی زۆرە ئەم ڕۆژگارە!
- ئەم بێ زمانە زۆر تەنهایە. بۆچی نایبەنە دارستانێک، پارکێک، شوێنێک کە بەتەنها نەبێت و ئازادی بکەون؟
هیدایەت- ئەم لە منداڵییەوە لێرە بووە. دەرەوەی ئێرەی نەبینیوە و ڕانەهاتووە. ئەگەر بیبەم بۆ دەرەوە بەدڵنیاییەوە دەمرێت.
ئەو ئێستا لە خەڵکی ناترسێت چوونکە خەڵکی نەبینیوە. تاکو ئێستا تەنها من و تۆ و هاوڕێکەتی بینیوە.

ئەگەر قاچی لێرە بکاتە دەرەوە هەر کەسێک ببینێت دەیباتە ماڵەوە. چەند ڕۆژ تێپەڕێت کەبابی لێ درووست دەکات!

هەمیشە بەوجۆرە بووە. سەرەتا بەناوی هاوڕێ دێنە لای خەڵکی چەند ماوەیەک تێپەڕێت لە بیری دەکەن کەوا دەکرێت سودی دیکەیان لێوەربگرن. ئەوکاتە دەبێت خودا بکاتە فریامان!

- ڕاست دەڵێن. هەندێک لە خەڵکی زۆر خراپن.

هیدایەت- باوەڕبکە کوڕەکەم ئەگەر نەیان گوتایە گۆشتی مرۆڤ تاڵە، ئەم مرۆڤانە یەکتریان دەخوارد!

- تازە ئێمە باشەکەیانین! دەڵێن بەسۆز و بەوەفاین.

هیدایەت- نەخێر! کێ گوتوویەتی ئێمە باشەکەیانین؟ لەبەر ئەوەی زیاتر بەسۆزین باشترین؟ بەسۆزی لە ڕادەبەدەر زۆر بەخێرایی دەگۆڕێت بەنەفرەتی لە ڕادەبەدەر! ستایشی لە خۆڕایی و وشک! خزمەتکارتم و لە خزمەتدامی ڕووکەشی! گیانم بەفیدات بێتی لە خۆڕایی!

تۆ تاکو ئێستا بیستووتە یان بینیوتە کە بۆ نموونە کەسێکی ئەورووپی بەکەسێکی دیکە بڵێت خزمەتکارتم؟! نەخێر. جێگەی باوەڕ نیە گوێت لێ بووبێت.

چونکە لە فەرهەنگیاندا نیە. ئەگەر کەسێک لەوان ئەو قسەیە بەکەسێکی دیکەیان بڵێت، بەرامبەرەکەی بەوشێوە بیردەکاتەوە کە بەرامبەرەکەی شێت بووە، یان هەڵی دەگرێت و دەیباتە ماڵیان و خزمەتکاری بۆ دەکات!

واتە کاتێک ئەو کەسە بەزمانی خۆی دەڵێت من خزمەتکارتم دەبێت لەسەر قسەی خۆی بمێنێتەوە.

واتە هەرچی لە دڵیاندایە ئەوەش لەسەر زمانیانە. هەرگیز ستایشکردن و ئەو جۆرە قسانەیان نیە! لەبەر ئەوەیە کە دەکرێت قسە لە ڕووەکانیان بەڕاستی دابنرێت.

ئێستا ئێمە! سەد جار بەهاوڕێکانمان دڵێین بەفیدات بم، تو خودا هەر کارێکت هەیە بەمنی بڵێ! خزمەتکارتم! کارێکت هەیە لە خزمەتدابم!

بەڵام کاتێک کارێکت دەوێت هەزار جۆر بیانووت بۆ دەهێنێتەوە! تازە ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێت، کڵاو دەکاتە سەرت! ئێستا بڵێ بزانم ئێمە لەکوێ باشین؟!

وەرە بڕۆین چایەک بخۆینەوە تاکو بارودۆخت بێتەوە سەر خۆت.

چووەمە بیناکەوە. جەنابی هیدایەت چایەکی بۆ تێکردم و پێکەوە لە گۆشەیەک دانیشتین.

هیدایەت- لەبیرتە باسی ئەو پیاوەی دراوسێمانم بۆ کردی؟ ئەو کەسەی لەژێر سەری ژنەکەمدا بوو. چەندە چاکەم لەگەڵی کرد!

نیوەی کرێکەم لێ وەرنەدەگرت. سەد جار پارەی ویست، منیش پێمدا. کرێکەی سێ مانگ سێ مانگ دەهاتە سەری و نەمدەدا لەڕووی.

کاتێک هات ئەوی بەکرێ بگرێت، هەر فەرشی نەبوو! لە ماڵی خۆم چەند پارچە فەرشێکم برد و کردمە ژێر پێی تاکو ژن و منداڵەکەی ئاسوودە بن. لە کۆتاییدا چی کرد؟!

شتەکانی دایەوە لە ڕوومان. لەبەر سێ دانە کرێی دەڵاڵی ژیانێکی لەناو برد!

- بەڕاست بۆچی ئەو کارەی کرد؟

هیدایەت- لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاهاتووین کە درۆزن و دوو ڕووبین. سەد سوێند دەخۆین بەڵام دانەیەکیان ڕاست نیە!

قسەی ڕاست پێویستی بەسوێند خواردن نیە! چوونکە دەمانەوێت درۆ بکەین بۆیە سوێند دەخۆین. سوێند دەخۆین بەڵکو لەپێناوی سوێندەکەدا باوەڕ بەقسەکانمان بکەن!

چاییەکەت بخۆرەوە، سارد نەبێتەوە.

خەریکی چاخواردنەوە بووم کە گوتم:

- هەڵبەتە هەمووان بەوشێوە نین.

هیدایەت- بەدڵنیاییەوە. یەکێکیان خودی تۆ. دەزانم دەست کورتی بەڵام ئامادە نەبوویت یارمەتی لە من وەربگری!

تاکو ئێستا چەند جارێک گوتوومە یەکێک لەو کتێبانە دەربهێنە و بیفرۆشە و لە سەختیدا سوودی لێوەربگرە بەڵام ڕازی نەبوویت. بیانوویشت نەهێنایەوە کە بۆ نموونە باوکم دەوڵەمەندە و موڵکمان هەیە و فڵان و فڵان! واتە درۆت نەکرد.

ڕاستە کە هەمووان بەو شێوەیە نین بەڵام کڵاو کوڕەیەک ڕێگەیەکی تەواو هەڵدەکەنێت! بەتەبەختی لەوەدایە تاکو دڵت بیەوێت کڵاو کوڕەمان هەیە!

کەمێک تێپەڕی و گوتم:

- جەنابی هیدایەت ناتانەوێت چیرۆکەکەتان باس بکەن؟

هیدایەت- چیرۆکەکە؟! ئیتر هیچی نەماوەتەوە! دەبینیت کە مرۆڤێکی بەتەبەخت ماوەتەوە! بەڵام باشە دەبێت تەواوی بکەم.

تاکو ئەو شوێنەم بۆ باسکردی کە ڕۆیشتم یاسەمینم بینی و گەڕامەوە ماڵەوە. ئەو شەوە تێپەڕی. سبەی بەیانی کاتێک عەلی ڕۆیشت بۆ قوتابخانە، نزیکی

کاتژمێر نۆ بوو کە لە دەرگایان دا. ڕۆیشتم دەرگاکەم کردەوە، هێندەی نەمابوو جەڵدە لێم بدات!

یاسەمین لە بەردەم دەرگاکە بوو. عەینەکێکی لە چاو کردبوو تاکو کەس نەیناسێتەوە. پاڵتۆیەکی جوانی لەبەردابوو، ئۆتۆمبێلێکی کەشخەشی لەبەردەم دەرگا ڕاگرتبوو.

زمانم بەسترابوو. نەمدەزانی چی بڵێم؟! تاکو ئەو کاتە تەواوی وێنەکانی و لاپەڕەی ئاوازەکانیم کۆکردبویەوە. هەڵبەتە بەدزیەوە تاکو عەلی نەزانێت. شەوانە کاتێک عەلی دەنووست، گوێم بۆ ڕادەگرت و وێنەکانیم لە چواردەورم دادەنا و تەماشام دەکرد. بیری ئەو ڕۆژە خۆشە کۆنانەم دەکەوتەوە.

جگەرەکەی داگرساند و سەری داخست تاکو من فرمێسکەکانی نەبینم. کەمێک ئارامم گرت و دواتر گوتم:

- چۆن دەبێت؟ ژنێک کە پانزە ساڵ پشتی لە ئێوە و منداڵەکەتان و ژیانی کردووە و بەدوای ئارەزووی خۆیدا ڕۆیشتووە، بۆچی یادگاریەکانیت لە مێشکتان نەکردە دەرەوە؟ بۆچی خۆتان نەتان کوشت؟

هیدایەت- بیکوژم؟! عیشقی ڕاستەقینە کە ناکوژرێت!

- خۆشەویستیەک بۆ ئێوە نەبێت خۆشەویستی نیە خۆ! خۆشەویستیەک لەگەڵ ئێمە نەبێت خۆشەویستی نیە!

هیدایەت- خۆشەویستی لەلای هەرکەسێک و لە هەر شوێنێک بێت، ڕێزی هەیە! دەبێت ڕێز لە خۆشویستی بگیرێت! عیشق پیرۆزە! خۆشەویستی ئەگەر ڕاستەقینە بێت هیچ کاتێک ناڕوات.

- کاتێک لەدوای ئەو هەموو ساڵانە بینیتانەوە چ هەستێکتان هەبوو؟ حەزتان نەدەکرد زیندانی بکەن، لێی بدەن و بیکەنە دەرەوە؟

ئاهێکی ساردی کێشا و گوتی:

هیدایەت- نەخێر. لەڕاستیدا ئیتر نەفرەتم لێ نەدەکرد. ئیتر لاشەیم نەدەویست بەڵام نەفرەتیشم لێ نەدەکرد. واتە ئیتر ئەو یاسەمینە پاکەکەی من نەبوو! ژنێکی گۆرانی بێژ بوو بەناوێکی دیکەوە.

من ئەو خۆشەویستیەم لە دڵمدا بۆ هەمیشە هێشتبوویەوە. خۆشەویستیەک من بۆ ژنەکەم هەبوو بۆ یاسەمین بوو. بەڵام ئەم ژنە تەنها بەشێوە یاسەمینی من بوو. سەرت نەیەشێنم. لەبەردەم دەرگاکە چوومە کەنارەوە. هاتە ژوورەوە. دەرگاکەم

...ە پشتیەوە داخست. خۆی بەرەو لای بیناکە بەڕێ کەوت. کاتێک گەیشتە ماڵەوە ...ۆتی:

یاسەمین- هێشتا بۆنی خاوێنی لە دەرگا و دیواری ئەو شوێنەی تۆی تێیدای ...ەیارێت!

...ڕۆیشت لە لایەک دانیشت. چایم بۆ برد و منیش لە لایەک دانیشتم. هیچ نەدەهات ...پێشکدا تاکو بیلێم. لەبەرئەوە بێدەنگ بووم. کەمێک تێپەڕی و تەماشای چاوەکانمی کرد و گوتی:

یاسەمین- تۆ ڕاستت دەکرد! پەشیمانم! هاتووم تاکو پێتی بڵێم پەشیمان بوومەتەوە. هاتووم پێتی بڵێم کە دڵت سارد بێتەوە. ژیانم دۆڕاند!

...سەرم داخست و هیچم نەگوت. کەمێک دواتر گوتی:

یاسەمین- دەکرێت وێنەی کوڕەکەم پێ نیشان بدەیت؟

کاتێک ئەوەم بیست چاوەکانم دەرپەڕین. نازانم چی بینی لە چاوەکانمدا کە گوتی:

یاسەمین- ببورە! دەکرێت وێنەی عەلیم پێ پیشان بدەیت؟

ئارام بوومەوە و دوو قاپ وێنەم لە تاکەکە دەرهێنا و پێمدا. عەینەکەکەی لابرد و فرمێسکەکانی پاک کردەوە. ڕاما لە وێنەکەی عەلی! گریانەکەی هێور نەدەبوویەوە.

یاسەمین- خۆزگە نەدەڕۆیشتم! ئای خۆزگە فریوی ئەو شتانەم نەدەخوارد و ...سەر ماڵ و ژیانم دادەنیشتم. ئای خۆزگە قاچمت دەشکاند و ڕێگەت نەدەدا بڕۆم!

- لەبیرمە کە دەتگوت ئەگەر مرۆڤ لە شتێک خودا پێی بەخشیوە سودی ...وەرنەگرێت کوفری بەخششە. ئێستا سودت لێ وەرگرت؟! بەناوبانگ بوویت؟!

یاسەمین- بەڵێ لە بیرمە. بەڵام ئەوە نەبوو کەوا من دەمویست. من دەمویست لە ...شوێنێکی پاک، هونەرەکەم پیشانی خەڵکی بدەم. دەمویست تواناکەم بڵاوبکەمەوە تاکو خەڵکی بزانن چەندە لەوان لەپێشترم!

...دەمویست ئەو مرۆڤانەی لە منداڵیمدا ئەو هەموو ستەمەیان لێکردم بکەون ...بەسەر قاچمدا! دەمویست تۆڵە لە زەوی و ئاسمان وەربگرمەوە! دەمویست تۆڵەی ...ئەو هەموو بەتبەختیەیان لێ بستێنمەوە. لە بیرتە تۆ ڕۆژێک لە منت پرسی چۆن ...بیرمە ئەو کاراون سەرایە؟ گوتم ڕۆژێک بۆتی باس دەکەم. ئێستا گوێ بگرە. ...من کچی فلان شازادەم!

...دایکم لە ماڵیاندا خزمەتکاری دەکرد. دایکی بەتبەختمی بەدوو کیسە برنج لە ...باوکی کڕی بوو! ئەوانە دایکم بۆی باسکردووم. ئەو ژنە داماوە تەمەنێکی زۆری

نەبووە. لەوانەیە پانزە بۆ شانزە سالان بووبێت کە دەچێت بۆ خزمەتکاری،

دایکم خەلکی یەکێک لەو گوندانە بووە کە مولکی هەمان ئەو شازادە بێ خاوەن بووە. ئێستا دابینی، مرۆڤێک بەدوو کیسە برنج دەگۆڕنەوە!

بەکورتی کاتێک لەوێ کاری کردووە دەڵێن شەوێک کوڕەکەی ئەو دەبینێت! دایکی بێچارەم خەریکی کارکردن بووە! گیانی داوە! زەحمەتی کێشاوە! بەلام...!

بەکورتی ئەو کارەی نەدەبووایە ڕوو بدات ڕوو دەدات. ماوەیەک دواتر کە سکی دایکم بەرز دەبێتەوە تاوانێکی پێوە دەلکێنن و لەوێ دەیکەنە دەرەوە.

دایکم تەنها و بێکەس لەو تارانە خراپ بووەدا سەرگەردان دەبێت کە ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ ئەو جەوادە باج خۆری بێ غیرەتە. ئەویش لەگەڵ خۆیدا دەیبات ئەو کاروان سەرایە.

لەدوای ئەوەی من دێمە دونیاوە دایکم دەبێتە زێڕکڕی جەواد ئاغا! ڕۆژان سواڵی بۆ دەکات و شەوانەش خزمەتکاری بووە! تاکو ئەوەی نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. ئەوکاتە من هەشت سالان بووم. تەواوی ئەوانە لە دایکمەوە گوێم لێبوو، لە بیرەوەریەکانمدا چەسپاوە.

چەند سال منیش سوالکەریم بۆ جەواد کرد. ئیتر ئەوەی دیکەش خۆت دەزانیت. دوازدە سیازدە سالان بووم کاتێک تۆ هاتیتە کاروان سەرا و دواتر من نەخۆش کەوتم. ئێستا زانیت بۆچی دەمویست تۆڵە لە مرۆڤەکان وەربگرمەوە؟!

هەستام و پەرداخێک ئاوم بۆ هێنا. لە زۆری گریاندا هەنسکی دەدا. کاتێک ئاوەکەی خواردەوە جگەرەیەکی لە جانتاکەی دەرهێنا و ویستی دایگرسێنێت لەپڕ چاوی کەوتە سەر من. ویستی دووبارە جگەرەکەی بکاتەوە ناو جانتاکەی. پرسیم:

- بۆچی داتنەگرساند؟ لەمن شەرم دەکەیت و بۆ نموونە ڕێزم بۆ دادەنێیت؟!

یاسەمین- بەڵێ بەخودا. من هەمیشە ڕێزم بۆ تۆ داناوە. تۆ هەمیشە لەلای من ڕێزت هەبووە. هەڵەم کرد! بەخششی خودا تۆ بوویت کوفرم کرد!

ئێستا تێگەیشتم کە لە دونیادا هیچ شتێک نرخی دەستی سۆزی مێردێکی وەک تۆی نیە و هیچ خۆشیەک ناگاتە پێکەنینی منداڵەکەت. ڕۆژێک کە دەڕۆیشتم بیرم دەکردەوە هەموان تەنها هونەرەکەمیان دەوێت! هەڵەم کرد! تۆ ڕاستت کرد! وردە وردە لەناو چووم!

لاواز و بێکەس بووم چوونکە تۆ نەبوویت! هەمیشە تۆ پشتیوانم بوویت و ئاگادار نەبووم! تەنها بووم! کاتێک کەناری ویستی بخوێنێت تاکو هەموان گوێیان لە دەنگی بێت، پێشیان پێ گرت! ڕێگەیان نەدا بفڕێت! قەلە ڕەشەکان!

گوندەپەپووەکان! دەبووایە باجێان پێ بدات! گوتم سەرەتا ئەو قسانە نەبوو! پێیان گوتم ئێستا هەیە!

ئەگەر بمزانیایە بۆ تۆ هەمان ئەو کەسەم دەگەڕامەوە بەڵام نەمدەزانی! غەرق بووم! لە خراپەدا!

مەلی مەلی! خۆم دەزانم! تەواوی ئەوانەت پێ گوتم بەڵام من تێنەگەیشتم! کەڕ بووم! کوێر بووم! هەرچەندە زیاتر تێدەپەڕی زیاتر خۆشم دەویستی! زیاتر ڕێزت هەبوو لەلام!

زیاتر قەدری تۆم دەزانی! تۆ هەبوویت کاتێک من نەبووم! تۆ هەموو کەسێکی من بوویت! تۆ هەموو شتێکی من بوویت! خراپەم لەگەڵ کردی! بەبێ مەبەست چاکەت لەگەڵ کردم و منیش بەوشێوەیە وەڵامم دایەوە! مبرم بۆ ئەو خەمەت! بمرم بۆ ئەو دڵگرانیەت! چیت کێشا! چ ژنێکی خراپ بووم بۆ تۆ! بەخودا چەند جار مەرگی خۆم خواستووە!

کاتێک خەریکی قسەکردن بوو فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە! دڵم دەرهات!

لەو ڕۆژەی کە لەتۆ جیابوومەوە وەک مردووم لێهات! وەک جەستەیەکی بێ ڕۆح! پارە، سەروەت، ناوبانگ! سوودی چیە کە خۆشەویستی و زۆز نەبێت! کاتێک تۆ نەبیت ئەوانەم بۆ چییە؟ تەواوی سەرەوەتەکەم فیدای تاڵە قژێکی مێردێلی وەک تۆ بێت کە قەدرم نەزانی!

ئازارم دا! سوتاندم! بەتبەختم کردن و لە جێگەکەی پارە هات! بێچارەم کردن و لە جێگەکەی ناوبانگ هات! وای لە من! وای لە من کە هەموو شتێکم تێکدا! بیرم دەکردەوە کە هەموویان هونەرەکەی منیان دەوێت! بیرم دەکردەوە کە ڕۆژێک دێت دەگەڕێمەوە و دەڵێم تۆ هەڵەت کرد! بەڵام ئێستا، ئێستا گەڕامەوە تاکو بڵێم من هەڵەم کردووە! من نەزان بووم!

بمبوورە کە تۆ هەمیشە بەخشندەی! بمبوورە کە تۆ هەمیشە بەڕێز بوویت! ببوورە کە تۆ هەمیشە مێردم بوویت! خوێندنەکانی بولبول و کەناری بۆ تۆ بوو! لە هەر شوێنێک کەناری دەیخوێند بۆ تۆ دەیخوێند! لە هەر شوێنێک بوو چاوەکانی بەدوای تۆدا دەگەڕا تاکو بەڵکو تۆ ببینێت! دوێنێ کە تۆم بینی تێگەیشتم دەتوانم بێمە لای تۆ!

تاکو ئێستا چەندین جار هاتووم بۆ ئێرە و لە سوچێکدا ڕاوەستاوم تاکو تۆ یان عەلی ببینم. ناونیشانەکەتم بەبەتبەختی لە فڵان کەس وەرگرت. ڕاتسپاردبوو کە

یاسەمین



CamScanner

شوێنەکەت بەکەس نەدات. بەڵام کاتێک لە بەردەمیدا گریام ڕازی بوو.

یەک دوو خولەکێک بێدەنگ بوو. دواتر گوتی:

یاسەمین- تۆ ژیانت باشە؟ پێویستت بەهیچ نییە؟

پێکەنیم.

یاسەمین- دەزانم کەوا غیرەتت ڕازی نابێت کە هیچ لە من وەربگریت. تۆ هەمیشە پیاو بوویت. خۆزگە قەدری تۆم دەزانی. بەڵام هێشتا ژنی تۆم. وەسێت نامەیەکم نوسیوە و هەرچیەکم هەیە دامناوە بۆ تۆ. بەتۆ و عەلی. دەزانم بێ ڕێزیە بەڵام دەمەوێت شتێک لە تۆ بپرسم. تۆ هێشتا منت خۆش دەوێت؟

کەمێک بیرم کردەوە و دواتر گوتم:

- من هەمیشە یاسەمینم خۆش دەوێت!

تێگەیشت چی دەڵێم. سەری داخست. چایەکی دیکەم بۆ تێکرد. کاتێک خواردی پرسی:

یاسەمین- دەربارەی من چیت بەعەلی گوتووە؟ ئەو بیردەکاتەوە دایکی چی لێهاتووە؟

- بەهەر شێوەیەک بێت تۆی لەبیر کردووە. نەدەبووایە دەربارەی تۆ شتێک بزانێت. عەلی کوڕێکی بەغیرەتە!

تەماشایەکی کردم و گوتی:

یاسەمین- ڕاست دەکەیت. ڕۆژێک کە ئەوم دانا و ڕۆیشتم دەبووایە بیری ئەم ڕۆژەم بکەوتایەتەوە! ئەو ڕۆژانەی لەلای بوم و لەلای من بوو قەدریم نەزانی.

ئێستا ئارەزووی یەک جار لە باوەش گرتنی ئەوم هەیە! ئێستا دەبێت ئارەزووی ژیانێکی گەرم لەگەڵ مێردەکەم و منداڵەکەم ببەمە گۆڕەوە. ئەوە چیرۆکی منە. کارێکی خراپم کرد و دەبێت باجەکەشی بدەم! مرۆڤێکی خراپ بووم و خەریکم سزاکەشی دەچێژم! ڕێزی نان و نمەکم شکاند و گرفتاری کێشە بووم!

فرمێسکەکانی پاک کردەوە و گوتی:

یاسەمین- ژیان تۆ بوویت و منداڵەکەم! لە بیرم دێت کە تازە چاک بووبوومەوە بەڵام نە قسەم دەکرد و نە لەسەر جێگە هەڵدەستام!

لە بیرت دێت گوتم بۆچی؟ گوتم دەترسم هەموو شتێک خراپ بێت. دەترسم ڕۆژگار دووبارە خۆشبەختیەکانم لێ بگرێتەوە کە لە کۆتایدا گرتیەوە.

- تۆ خۆت هەموو شتێکت خراپکرد.

یاسەمین- ئەگەر ئەو پیاوە بێ خاوەنی گۆڕ بەگۆڕە بەگوێمدا نەی دەچرپاند

ئیستا منیش لەسەر ماڵ و ژیانی خۆم بووم.
- لەو جۆرە مرۆڤانە زۆرن، مرۆڤ دەبێت خۆی وشیار بێت. ئێستا ئەو قسانە سوودی نیە. ئاوی ڕژاو ناگەڕێتەوە. ڕابردد تێپەڕیوە. ئەگەر زۆر بێزاریت دەتوانی دەست لە کارەکەت بکێشیتەوە.
یاسەمین- مرۆڤی غەرق بوو غەرق بووە! قسەکە لەسەر ئەوانە نیە! کاتێک کرۆکی دارەکە کرم تێی بدات هیچ کارێک ناکرێت! کاتێک..
ڕێگەم نەدا ئیتر قسەبکات! توانام نبوو! گوتم کە نامەوێت ئەو شتانەم گوێ لێبێت!
یاسەمین- ببورە کە دووبارە خەریکە ڕێزی مێردەکەم دەشکێنم!
بە بزەیەکی گاڵتە ئامێزەوە گوتم:
- لە بیرت دێت؟! لە بیرت دێت چیت پێ گوتم؟! لەبیرت دیت چەندە دڵی منت سوتاند؟! لە بیرت دیت چ ڕۆژێکت بەسەردا هێنام؟ لەبیرت دێت یاسەمینت لێکردم؟! لە بیرت دیت گوتت من توانای تۆم نەماوە؟!
یاسەمین- بمبوورە، ....خوارد، هەڵەم کرد. تۆ هەمیشە گەورەی من بوویت. خراپم کرد. ئێستا تاکو قورقوڕاگە ڕۆیشتوومەتە قوڕەوە! دارکاریەکەیم خوارد! ئیتر مەیدەرەوە لە ڕووم. خۆم دەزانم چ هەڵەیەکم کردووە.
ئەوانەی گوت و دووبارە دەستی کردەوە بەگریان. دڵم بۆی سووتا.
خۆزگە دەکرا ڕۆژگار بگێڕینەوە و لە سەرەتاوە دەستی پێدەکردەوە. سەردەمێک ئارەزووم دەکرد دەرگاکە بکرێتەوە و یاسەمین بگەڕێتەوە ماڵەوە! بەڵام ئێستا ئەو هاتبوو لەبەردەم مندا دانیشتبوو. دەمبینی کە چەند ساڵە دڵم لەلای یاسەمین بووە وەک هونەرمەندی بەناوبانگ خاتوو فلان! یاسەمینی من بەبێ جوانکاری قەشەنگ بوو بەڵام ئەم ژنەی بەرامبەرم دانیشتووە بەکۆڵێک ئارایشتەوە وەک بووکەڵەیەکی بێ ڕۆح و ونبووە!
کەمێک تێپەڕی و گوتی:
یاسەمین- دەڵێی تۆیش سارد بوویتەوە؟
- ئەگەر دڵیشم لە سنگم دەربهێنن دەبینن بەخوێنی گەرم لەسەری نووسراوە یاسەمین! من سارد نەبوومەتەوە، بەڵام ئیتر ئەو یاسەمینەی من بوونی نیە! ئەو یاسەمینەی من کاتێک قژی دەجووڵاند شەپۆلی دەدا وەک شەپۆلی دەریا و هەرچی خەم هەبوو لەم ماڵەدا لەگەڵ خۆی دەبرد!
یاسەمین- تەماشاکە! ئێستاش ئەو قژانە دەتوانێت شەپۆل درووست بکات!
- دەستی چەند بێگانە بەر ئەو قژانە کەوتووە؟!!





CamScanner

ئیتر دەنگی لێوە نەهات، سەری داخست، گوتم:

- باشترە بڕۆیت، ئەمڕۆ عەلی زووتر تەواو دەبێت، باش نیە تۆ لێرە ببینێت.

تەماشای کردم، فرمێسک لە چاوەکانیدا کۆببوویەوە و گوتی:

یاسەمین- دەتوانم تکایەکت لێ بکەم؟

سەرم بەئاماژەی بەڵێ جوڵاند.

یاسەمین- جارێکی دیکە سازم بۆ لێبدە! هەمان ئەو ئاوازەی کە هەمیشە دەمخوێند و خۆت درووستت کردبوو، هەمان ئەوەی کە شەوانە بۆ عەلیم دەخوێند تاکو خەوی لێبکەوێت!

چ شتێکی لێ داواکردم! زۆر سەخت بوو بۆم بەلام هەستام و کەمانچەکەم هێنا، خەفەت قوڕگمی گرت.

لە ئەو کاتەدا بوو حەزم دەکرد نەفرەتی لێبکەم کە بۆچی؟! بۆچی خێزانەکەمانت تێکدا؟! ماڵێکی ڕەنگین و گەرممان هەبوو! هەموو پێکەوە میهرەبان. لە ماڵەکەماندا تەنها میهرەبانی جێگەی دەبووەوە. بۆچی خراپت کرد؟ بەدوای چیەوە بوویت؟

بۆچی ئێستا هاتیت و ئەو هەموو بیرەوەریانەت بۆ زیندوو کردمەوە؟ بۆچی خەمانێک کە ساڵانێکە لە گۆشەیەکی دڵمدا دامناوە دەرتهێنا و بەرتدایە گیانم؟ ئێستا چیت لە من دەوێت؟

هەموو بەجەهەنەم، تۆ چۆن پیشانی عەلی بدەم؟! دەستت بگرم و بڵێم ئەم خاتوونە گۆرانیبێژە دایکتە؟! تۆیەک کە هەزار قسە لە پشتی سەرتەوە دەکەن؟! بۆچی بێچارەت کردین؟

بەلام نە هاوارم کرد و نە تەنانەت وشەیەکیشم گوت!

ئارایشەکەم دا لە تاڵەکان، بەلام دەنگی مەرگ دەرهات! دووبارە لێمدا، دووبارە دەنگی مەرگی لێوە دەهات! تووڕەییەک کە ساڵانێک بوو لە قوڕگم گیرابوو ڕێگەی نەدەدا دەنگی سازەکە بێتە دەرەوە!

قوڕگم کردەوە و سازەکە ناڵەی کرد! فرمێسکەکانم ڕژاند تاکو دڵی سازەکە نەرم بوو! گریام و لێمدا! ئەویش دەگریا و دەیخوێند! ئاوازەکە لەگەڵ گریان و ناڵە تێکەڵ بوو! دەنگی گریانی من و هەنسکی سازەکە بوو بەیەک! لێمدەدا و خەم لە دڵم دەردەکرد! کۆتایی عیشقمان گرتبوو! ئیتر دەست دەستی من نەبوو، ئیتر چاو چاوی من نەبوو!

بە یادی ئەو ساڵانەی تەنها بووم، بەیادی ئەو منداڵەی کە بەبێ دایکی گەورەم کردبوو. بەیادی ئەو ژنەی کە لەو دونیایەدا ونمکردبوو لێمدا. لێمدا و لێمدا تاکو

خوێن له پەنجەکانم هات! ئیتر دەنگی گریانی ئەوم نه دەبیست که له گۆشەیەکی ژوورەکە بوو.
دەنگی من و سازەکه ڕێگەی نەدەدا گوێت له هیچ دەنگێک بێت! خوێن ڕژابووه سەر سازەکە بەڵام من بەردەوام بووم! لێمدەدا بەیادی ئەو ڕۆژگارەی کەچی لەگەڵ مندا کرد؟ من نەم دەتوانی هیچ بڵێم دامه دەستی سازەکە تاکو پێی بڵێت!
ئیتر پەنجەم لەکار کەوت. له فرمێسکدا کەمانچەکەم تەڕ بوو. یاسەمین ڕۆیشتبوو! هەستام و له پەنجەرەکەوه تەماشام کرد، ساتی کۆتایی بینیم، فرمێسکەکانی پاک دەکردەوه و دەڕۆیشت.
ویستم بانگی بکەم بەڵام له قوڕگم بەتەنها دەرد دەهاته دەرەوه! دەمبینی خەریکە دەڕوات بەڵام توانای ئەوەم نەبوو پێشی لێبگرم و نەهێڵم. وەستابووم و تەماشای ڕۆیشتنیم دەکرد!
دەنگی دەرگاکە هات کە لەدوای خۆی دایخست!
حاڵی جەنابی هیدایەت خراپ بوو. ئەو پیرەمێردە بەهۆی وەبیرهاتنەوەی بیرەوەریەکانی له ئازاردا خەریک بوو گیانی دەدا! هەستام پەرداخێک ئاوم پێدا و دواتر له باوەشم کرد. تازه هاتمەوە سەر خۆم و بینیم منیش خەریکم دەگریم! ئێستا لەبەر فرمێسکەکانی ئەو پیرەمێردە بوو یان لەبەر ژیانی کە بۆی گێڕامەوە یان لەبەر بەتبەختیەکانی خۆم!
- تەواو بابە! بۆ ئێوە باش نیه. ئێوە نابێت لەو تەمەنەدا ئەوەندە خۆتان ئازار بدەن.
لای کردەوە و تەماشای وێنەکەی یاسەمینی کرد. لەوکاتەی دەگریا گوتی:
هیدایەت- ئێستاش خەریکە بەوشێوە تەماشام دەکات کە جاری کۆتایی تەماشای کردم! ئەو ڕۆژەی لەلای من ڕۆیشت تەماشاکردنی بێتاوانانە بوو! وەک ئەوکاتانەی یاسەمینی من بوو کە خۆر و مانگ ئەویان نەبینی بوو!
بەزۆر ئاوم پێدا تاکو بیخواتەوە. دواتر چاییەکم بۆ تێکرد و جگەرەیەکم بۆ داگیرساند و دام بەدەستیەوە. کەمێک ئارام بویەوە. مژێکی له جگەرەکە دا و بەماتی تەماشای سوچێکی ژوورەکەی دەکرد. لەدوای چەند خولەکێک گوتی:
هیدایەت- یاسەمین جارێک هاته ئەم ماڵە و لەوێدا دانیشت. لەلای من وەک ئەوەیە کە هەر لەوێدا دانیشتووه و بەتەماشاکردنە بێتاوانەکانی تەماشای من دەکات!
بەبێ ویستی خۆم لامکردەوە و ئەو شوێنەی هیدایەت نیشانی دام تەماشام کرد.

لەپڕ هاتە بەرچاوم کە ژنێک بەشێوەی ئەو لەوێدا دانیشتووە! دووبارە تەماشام کردەوە، هیچی ترم نەبینی. بەڵام دەتگوت هیدایەت زۆر بەئاسانی ئەو دەبینێت!
کەمێک تێپەڕی و گوتی:
هیدایەت- وەک شێت دەردەکەوم وایە؟
- نەخێر. ئەو شتانە سروشتیە. مرۆڤ کاتێک کەسێکی خۆش دەوێت شێوەی ئەوی هەمیشە لە پێش چاوە. ببورن مامۆستا، ئێستا یاسەمین خانم لەکوێ دەژین؟ لە ئێرانن؟
تەماشای کرد و گوتی نا.
جگەرەکەی کوژاندەوە و گوتی:
هیدایەت- لەو ڕۆژەی بەگریان و پەشیمانیەوە لەوێ ڕۆیشت، شتێک وەک خورە بەربووە گیانم. لە حاڵی خۆم.تێنەدەگەیشتم. شەو و ڕۆژ وەک یەکی لێهاتبوو.
خەریک بووم بەخۆمم دەگوت کە بڕۆم بەدوایدا بیهێنمەوە ماڵەوە یان نا. لەگەڵ خۆم، غیرەتم، ویژدانم، لە جەنگدا بووم! لەلایەکەوە دەمگوت یاسەمین دەتوانێت پاک و بێتاوان بێت، لەلایەکی دیکەوە غیرەتم ڕازی نەدەبوو.
لە نێوان دوو ڕێگەدا مابوومەوە. ئەو منداڵە هەژارەش تێگەیشتبوو کە بارودۆخم باش نیە. ئەو بیری دەکردەوە من نەخۆش کەوتووم! هەر دەیگوت بچینە لای پزیشک.
دوو سێ ڕۆژ تێپەڕی. بڕیاری خۆم دا و گوتم دەڕۆم بۆلای و قسەی لەگەڵ دەکەم.
ئەگەر ڕازی بوو دەست لەم کارانەی هەڵگرێت و کۆتی گۆرانیبێژی و ناوبانگی لێبکاتەوە، ڕابردوو لەبیر دەکەم و دەیبوورم، دەیهێنمەوە بۆ سەر ماڵ و ژیانی خۆی. دامنابوو ئەگەر ڕازی بوو وردە وردە بەعەلیش دەڵێم. بەشێوەیەک دەبوو ئیتر.
غیرەتم ڕازی نەدەبوو کە ئەو ژنە لەوە زیاتر لەناو ئەو قوڕەدا پەلەقاژە بکات. دەمزانی لەکوێ بەرنامەی هەیە، بەخۆمم گوت سبەی نزیکی ئێوارە دەڕۆم لەبەردەم ئەوێدا دەوەستم تاکو بێت.
کاتێک هات ئاماژەی بۆ دەکەم بێتە ماڵەوە. ئەوکاتە لە ماڵەوە قسەکانم دەکەم. بەئومێدی خودا هەموو شتێک باش دەبێت. گۆڕی باوکی دڵی من! ئێستا کە دووبارە یاسەمین دەستی بۆ من درێژ کردووە و داوای یارمەتیم لێدەکات مەردی نیە وەڵامی نەدەمەوە. بەئەو بیرکردنەوە ئەو شەوە لەدوای چەندین سەر

ئاسوودەیی خەوتم بەهیوای سبەینێ.
بەیانی هەستام لە خەو و نانی بەیانیم دروست کرد و دام بەعەلی، خواردی و
بەڕێم کرد بۆ قوتابخانە. خۆیشم ڕۆیشتمە گەرماو و دەستێکم هێنا بەسەرمدا.
کاتێک هاتمە دەرەوەماڵەوە خەریک بوو ڕەنگ و ڕووی دەگرت بەخۆیەوە.
ڕۆیشتمە بەردەم ئاوێنە، نا هێشتا خراپ نەبووم!
ڕاستە لەو ڕۆژەوەی کە یاسەمین ڕۆیشتووە دە ساڵ تێپەڕیوە بەڵام هێشتا
ڕەنگ و ڕووم پێوە مابوو! لەدوای ئەو هەموو ساڵە خۆشی گەڕایەوە دڵم.
دەستێک جلی جوانم دەرهێنا و لەسەر مێزەکە دامنا و پێڵاوەکانم بۆیاخ کرد. وەک
ئەوە بوو کەوا دووبارە بڕۆمەوە بۆ خوازبێنی یاسەمین! خودا بیەوێت ئەو دە
ساڵە هێشتا وەفادار بووم بۆی.
کارەکانم تەواو بوو. ئێستا کاتژمێر چەند بوو؟ تازە نۆ و نیوی بەیانی بوو!
خودایە تاکو ئێوارە چۆن ئارام بگرم؟! پێکەنینم دەهات! بەخۆمم دەگوت پیاو تۆ کە
دە ساڵ چاوەڕێت کردووە چەند کاتژمێری دیکەش چییە؟! بەکورتی زۆر دڵخۆش
بووم!
کاتێک جەنابی هیدایەت ئەوانەی دەگوت ڕووخساری گەشابوویەوە. بەتەواوی
گەڕابوویەوە بۆ ئەو کاتە! دەتگوت بەڕاستی دەیەوێت ئەم ئێوارەیە بڕوات بەدوای
یاسەمیندا!
لە دڵی خۆمدا گوتم کە سوپاست بۆ خودا کە هەموو ئەو ڕووداوانە بەخێر
تێپەڕین و ئەم دوو کەسەش لەدوای ساڵانێک دووری دەگەنەوە بەیەکتری.
منیش خەندە لەسەر لێوەکانم بوو کە لە پڕ ڕووخساری جەنابی هیدایەت بە
شێوەیەک خەمی لێ نیشت، لە جێگەی خۆم جوڵام!
جگەرەیەکی داگرساند و گوتی:
- کاتژمێر دەی بەیانی بوو. بێزار بوو بووم چونکە تاکو ئێوارە زۆری مابوو.
ڕادیۆکەم کردەوە. هەواڵەکان خەریک بوو دەیگوت. هەواڵێک لێرە و هەواڵێک لەوێ!
تاقەتی گوێ گرتن لەو شتانەم نەبوو. ویستم بیگۆڕم بۆ شتێکی دیکە کەوا بەڵکو
دەنگی قەشەنگی یاسەمین پەخش بکات کە هەواڵەکان گوتی گوێ لەم هەواڵە گرنگە
بگرن!
دوێنێ شەو گۆرانیبێژی بەناوبانگ، هونەرمەندی خۆشەویست، خاتوو فڵان، لە
ڕووداوێکی هات و چۆدا لە ڕێگەی دەرەوەی شار گیانی لەدەست دا! پۆلیسەکان
لەناو ڕووداوەکە بوون و بەدڵگرانییەوە ئەو هەواڵەیان ڕاگەیاند!

مەراسیمی بەخاک سپاردنی سبەی کاتژمێر.... لە مەیدانی... دەبێت! فەرموون بۆ هەواڵەکانی دیکە.

ئیتر هیچی دیکە تێنەگەیشتم! هەر لەوێدا دانیشتمە سەر زەویەکە. باوەڕم نەدەکرد! واتە ڕۆژگار بەو شێوەیە یاری دەکات؟! خەم دایگرتبووم. لامکردەوە و تەماشای ڕادیۆکەم کرد. حەزم دەکرد بەرۆکی پێشکەشکارەکە بگرم و بیهێنمە دەرەوە و بێدەنگی بکەم! حەزم دەکرد ددانەکانی بجاوم! نەمدەزانی چ خاکێک بکەم بەسەرمدا. دەمزانی درۆ دەکەن. یاسەمینی من تەندرووست بوو. دەبووایە ئێوارە بڕۆم بەدوایدا! بڕیارە ئەو دووبارە بێتەوە سەر ماڵ و ژیانی!

ئەمڕۆ دەبێت بڕۆم و خوازبێنی بکەم! درۆ دەکەن ئەو باوک سوتاوانە! دەزانن بڕیارە کە دووبارە نەخوێنێت. لەبەر ئەوە درۆ دەکەن کە من نەڕۆم بەدوای یاسەمیندا! مەگەر من مردبم! ئەم جارەیان لەسەر خۆم کە ئەو بەلایەم بەسەردا هات! هەستام بەڵام خودایە بۆ کوێ بڕۆم؟!

نامەیەکم بۆ عەلی نوسی تاکو دڵەڕاوکێی نەبێت، دواتر لە ماڵ هاتمە دەرەوە. بەرەو ڕادیۆ بەڕێ کەوتم. نیو کاتژمێر بۆ سێ چارەک دواتر گەیشتم.

لەبەردەم دەرگا ڕێگەیان لێگرتم، ڕێگەیان نەدا بچمە ژوورەوە. بیرم کەوتەوە کە منیش لێرە بەشێکم هەیە! ناوی خۆم گوت، ئەو کەسە منی ناسیەوە و چوومە ژوورەوە.

بەدوای ئەو گۆرانی بێژە خودالێخۆش بووەدا گەڕام. چەند خولەک دواتر دۆزیمەوە. لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە ژوورێک دانیشتبوون. ئەوانیش ماتەم گرتبوونی. هەرکە منی بینی هاتە پێشەوە و لە باوەشی کردم. گوتم ڕاستە؟! ڕاستی هەیە؟!

فرمێسک لە چاوەکانیدا کۆبوویەوە. تازە تێگەیشتم چیم لێ بەسەر هاتووە! ڕۆیشتم لەسەر کورسیەک دانیشتم. ئەو گۆرانیبێژە منی بەهەمووان ناساند. تازە منیان ناسی و بەڕێزەوە هەستانە سەرپێ. ڕووخسارم نەناسراو بوو بەڵام ناوم نا! هەڵبەتە نەیان دەزانی من مێردی یاسەمینم، سەریان سوڕمابوو لەوەی کە بۆچی لە مردنی یاسەمین ئەوەندە دڵگرانم. ئەو خودا لێخۆشبووە گوتی کە من ئاوازدانەری بوم!

جگەرەیەکی داگیرساند و دای بەدەستمەوە. کەمێک تێپەڕی و گوتم لە کوێیە؟ ناوی نەخۆشخانەیەکی گوت و هەستام. گوتی من ئۆتۆمبیلم پێیە پێکەوە دەڕۆین. بەڕێ کەوتین، کەمێک دواتر گەیشتین. بەردەم نەخۆشخانە پڕبوو! هەموو جۆرە

کەسێک لەوێ بوون. هەندێکیان ڕووخساریان خەمبار بوو هەندێکیشیان پێدەکەنین. هەندێکیان دەگریان.

ڕۆیشتینە پێشەوە. لەبەردەم دەرگا گوتیان کارتان چییە بەلام هەر ئەو گۆرانی بێژەیان بینی ناسیانەوە و بەرێیان کردین.

بەکورتی مۆڵەتمان وەرگرت و چووینە لای بەڕێوبەری نەخۆشخانە. کاتێک تێگەیشت مێردی یاسەمینم ئێمەی لەگەڵ خۆی بردە ساردخانە. ئەوان لەبەردەم دەرگا وەستان و لەبەر ڕێزی من نەهاتنە ژوورەوە.

بەرپرسی ساردخانە دەرگای کردەوە و منی بردە ژوورەوە. لەبەردەم تەختێک وەستا کە دەتگوت کەسێک خەوتووە و بەرگێکی سپیان داوە بەسەریدا!

ئەو کەسە بەئاماژە تەختەکەی نیشانی من دا و ڕۆیشت. مامەوە من بەتەنهایی و چەند مردوویەک و بۆنێکی ناخۆش کە لەوێ دەهات.

باوەڕم نەدەکرد یاسەمینی من لێرە بێت. حەزم دەکرد بگەڕێمەوە. بەلام شتێک ڕێگری دەکرد! توانای ئەوەم نەبوو ئەو بەرگە سپیە بەرز بکەمەوە. یەک بۆ دوو خولەک تێپەڕی و بەبێ ویستی خۆم بەرگەکەم لابرد. کاتێک بەرگە سپیەکەم لابرد لە جێگەی فرمێسک خوێن دەهاتە خوارەوە!

یاسەمینی من لەسەر تەختەکە خەوتبوو! وەک پارچەیەک مانگ! وەک ئەو شەوانەی لەلام بوو. وەک ئەو کاتانەی دەخەوت و بەبێ دەنگی لەسەر سەری دادەنیشتم و تەماشام دەکرد. وەک ئەوەی بزانێت من لەسەر سەریم، لەخەو ڕادەپەڕی و پێدەکەنی!

قژە ڕەش و درێژەکانی لەژێر سەریدا کۆبووبوویەوە وەک ئەوەی سەری لەسەر پشتیەکی ڕەش دانابێت! لای چاوەکانی کراوەبوو. وەک ئەوەی چاوەکانی چاوەڕێ بێت! جلێکی سپی لە بەریدا بوو.

کێشام بەسەری خۆمدا! وای لە من! وای لە من کە درەنگ هاتم بۆ خوازبێنیت ئازیزم! وای لە من کە ئەم جارە لەلات نەبووم تاکو لە کۆڵت بکەم و بووبەم بۆ لای پزیشک تاکو چاک ببیتەوە! وای لە من کە ئارەزووی مەرگی تۆم کردبوو! وای لە من کە ڕێگەم نەدا جارێکی دیکە کوڕەکەت ببینیت!

وای لەمن کە تۆم ڕەتکردەوە! وای لەمن کە لە پەشیمانیت تێنەگەیشتم! وای لە من کە لە ماندوویت تێنەگەیشتم! وای لە من کە لەبێ پەناگەیت تێنەگەیشتم!

بەخودا یاسەمین خەریک بووم دەهاتم بەدواتدا، بەخودا دەمویست تۆ ببەمەوە سەر ماڵ و ژیانت. بمرم بۆ ئەو چاوە چاو لە ڕێگەیەت! بمرم بۆ ئەو تەنهاییەت!

بمبووره ژنی قەشەنگم. تو خودا هەستە! دەتبەم بۆماڵەوە و دووبارە دەبێتەوە تاجی سەرم! ئێرە شوێنی تۆ نیە! ئەم تەختەیە چیە لەسەری نوستووی؟! لەم شوێنە ناخۆشە و بەو بۆنە پیسەوە! هەستە ئازیزم! هەستە.

خۆم چارەسەرت بۆ دەکەم وەک جاری پێشوو. ناهێڵم کەس ئازارت بدات. خۆم چاودێریت دەکەم. بەخودا هەڵەم کرد. ئیتر لەماڵ ناتکەمە دەرەوە! دەتبەم بۆلای عەلی. دەڵێم کە تۆ دایکی ئەویت و ئەویش ڕازی دەبێت. ئەویش ڕابردوو لەبیر دەکات. دووبارە هەرسێکمان دەبینەوە خێزانێکی تەواو! خۆم سازت بۆ لێدەدەم! بۆ خۆ بخوێنە! بۆ کوڕەکەمان بخوێنە کە ڕاهاتووە بەدەنگی تۆ بخەوێت!

هەستە ئازیزم ئیتر لە تۆ دڵگران نیم. هەستە هاتووم بەدواتدا. بینیت ئەم دونیایە بایەخی نیە؟! بینیت ڕاستم پێ گوتی؟! ئێستا ئیتر بگەڕێینەوە ماڵەوە! وەرە ماڵەوە کە ئەو ماڵە بەبێ تۆ ڕۆحی تێدا نیە. تو خودا ئیتر بەتەنها جێم مەهێڵە. وەرە ئیتر ڕێگە نادەم هیچ بێگانەیەک تۆ لە من ببات.

دەگریام و ئەوانەم بەدەنگی بەرز دەگوت. بەهۆی دەنگی منەوە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە لەگەڵ ئەو گورانیبێژە هاتن بۆ ساردخانە. بەهۆی گریانی منەوە ئەوانیش گریانیان دەهات.

بەڕێوبەر بەرگەکەی دایەوە بەسەر یاسەمیندا. بەزۆر هێنامیانە دەرەوە بەڵام لەژێر دەستیان دەرهاتم و گەڕامەوە. بەرگەکەم لابردم ویستم چاوەکانی ببەستم نەکرا!

ئەو زنجیری لە ئەو کاتەی لەدایک بوونی کوڕەکەمان کڕیبووم بۆی. یادگاری ئەو ڕۆژە خۆشانە بوو، کردبوومە ملی خۆمەوە دەرم هێنا و کردمە دەستیەوە!

دەستم خستە سەر چاوەکانی، بەسترا! ئیتر چاوەڕێی کەس نەبوو! منیان هێنایە دەرەوە هەرچەندە حەزم نەدەکرد بەتەنها جێی بهێڵم.

بردمیانە ژووری بەڕێوبەر و شەکراویان بۆ هێنام. گریانم تەواو نەدەبوو. جگەرەیەکیان داگرساند و دایانە دەستم. کەمێک دواتر ئارامتر بوومەوە. لە ئاسایشەوە ئەفسەرێک هاتبووە ئەوێ. هیچی نەدەگوت و تەنها تەماشای منی دەکرد. دەتگوت ڕووداوی ژیانی ئێمەیان پێ گوتووە. پرسیم کە ئەو ڕووداوە ڕووی داوە؟

کەمێک من منم کرد و دواتر گوتی:

- بەو شێوەی کە دەرکەوتووە لەوانەیە بەمەبەستی خۆکوژی بەئۆتۆمبیلەکەی چووەتە ئەو کەندەڵانە!

دواتر بەستەیەکی پێدام و گوتی:
- ئەوانەمان لە ماڵەکەی پەیداکرد. بیگرە. باش نیە بکەوێتە دەستی کەسێکی دیکە!
ئەلبوومێکی وێنە و دەفتەرێکی یادگارییە!
- لەکوێ دیارە کە مەبەستی لە خۆکوژی بووە؟
- نامەیەکمان لە ماڵەکەی پەیداکرد. تێیدا نووسرابوو کە ویستوویەتی چی بکات!
سەرم داخست. کەواتە درەنگ گەیشتبووم! ئەگەر ڕۆژێک زووتر بڕۆیشتمایە بەدوایدا ئێستا یاسەمینی من زیندوو بوو!
ئیتر لەوێ هیچ کارێکم نەبوو. ئیتر کارم بەهیچ شوێنێکی دونیا نەبوو. ویستم لە جێگەکەم هەستم ئەژنۆکانم هێزی تێدا نەبوو. ئەو گورانبیێژە یارمەتیدام.
لەگەڵ ئەو و ئەفسەرەکەدا لە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوە. بەلای ئەو کەسانەی کۆببوونەوە تێپەڕین. بیستم پیاوێک بەوی دیکەی گوت:
- حەیف بوو! باش ماڵی بوو! لە زیندووبوونی نەبوو بەنسیبی ئێمە نەبووە!
لەوانەیە لە ماتەمینیەکەیدا کەبابێک بگات بەئێمە!
نەمتوانی خۆم ڕابگرم. گەڕامەوە و کێشام بەگوێیدا! ئەو کابرایە تێدا مابوو کەوا بۆچی ئەو کارەم کرد! ئەو ئەفسەرە ئاماژەی بۆ دوو پۆلیس کرد کە خەڵکی دوور بخەنەوە. منیان برد و سواری ئۆتۆمبێلیان کرد. نیو کاتژمێر دواتر بەڕۆحێکی تێکشکاوە لە گۆشەیەکی ماڵەکەدا دانیشتبووم.
هیدایەت ئەو هیدایەتەی کاتژمێرێک پێش ئێستا نەبوو. جگەرەکەی داگرساند و مژێکی لێدا و چایەکم بۆ تێکرد.
چەند خولەک بێدەنگ بوو دووبارە گوتی:
هیدایەت- کاتێک لە ژوورەوە دانیشتبووم تازە بیری ئەوەم کەوتەوە کە ئەو بەستەیە هێشتا بەدەستمەوەیە! هێنام و کردمەوە. ئەلبوومێک بوو لەگەڵ دەفتەرێکی یادگاری. حەزم نەدەکرد تەماشای هیچیان بکەمەوە. توانای ئەوەم نەبوو چاوم بەوێنەی یاسەمین بکەوێت. بەڕادەی پێویست فرمێسکم ڕشتبوو!
هەردووکیانم کردە ناو پاکەتەوە و کردمە سندووقێک و کردمە دۆلابێکی کۆنەوە. لە سوچێکدا دانیشتم و دەستم کرد بەجگەرە کێشان و بیرکردنەوە. چوومە جیهانی خۆمەوە. گەڕامەوە بۆ ڕابردوو بۆ ڕۆژانێک کە لە هەتیوخانە بووم. بیری خاتوو ئەکرەمی و ئەکبەر و ڕەزام کەوتەوە! بیری سەختیەکان! تازە تێگەیشتم ئەو کاتانە چەندە ئاسوودە بووم! هاتمە پێشووتر! بیری ئەو کاتەی هەڵهاتم. خۆم لە لالەزار بینیەوە. خەریکی ساز لێدان بووم، خەڵکی پارەیان بۆ

هەڵدەدام. دووبارە ڕیشتمە پیشتر. یەکەمین جار کە یاسەمینم بینی. ڕۆژێک کەوا یاسەمین نەخۆش بوو خەریک بوو دەمرد من بردمە لای پزیشک. بەلام نا!

حەزم نەدەکرد بیری ئەو ڕۆژانەم بکەویتەوە. حەزم لەو ڕۆژانیش نەبوو، دووبارە ڕۆیشتمە پیشووتر. ئەو ڕۆژەی لەخەو هەستام و یاسەمینی قەشەنگ و بێتاوانم بینی کە لە ناوەڕاستی ژوورەکە وەستابوو! بیری ئەو ڕۆژەم کەوتەوە کە ویستی لەگەلی هاوسەرگیری بکەم! گەیشتمە ڕۆژانێک کە پێکەوە خۆش و ئارام پێکەوە دەژیام. گەیشتمە ئەو کاتەی کە تەنها ئەو بۆ من بوو من بۆ ئەو بووم!

بیری ئەو کاتەم کەوتەوتەوە کە منداڵەکەمان هاتە دونیاوە. ساتانێک کە بەتەواوی خۆشبەخت و خۆشحاڵ بووین. گەیشتمە ئەو کاتەی کە بۆ یەکەمین جار دەنگی قەشەنگیم بیست. دەنگێک کە لەوبەرەوە دەهات!

ئیتر حەزم نەدەکرد بڕۆمە پێشتر. هەر ئەوێ باش بوو! تاکو ئەوێ هەموو شوێنێک پاک و ڕوون بوو. خۆزگە دەکرا لە هەرکوێی ژیان حەزت بکردایە ڕاتبگرتایە و نەهێڵیت بچێتە پێشەوە!

خەریکی بیرکردنەوە بووم، بینیم عەلی لە تەنیشتم وەستاوە و بەخەمبارییەوە دەڵێت:

- بابە! بابە!

هاتمەوە سەر خۆم. هەرچاوم بەعلی کەوت دەستم کرد بەگریان. منداڵەکەم زۆر دەترسا و هەر دەیگوت چی بووە بابە؟ منیش دەمگوت هیچ نییە. یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانم مردووە. هاوڕێیەکی کۆن! پێکەوە دەژیاین بەڵام ڕۆژگار لە یەکتری جیاکردینەوە!

ماچی کردم و ڕۆیشت بەلای وانەکانی خۆیەوە.

هەرچۆنێک بوو تاکو بەیانی ئارامم گرت. سبەی بەیانی کاتژمێر نۆ لەبەردەم مەیدانی ئەرگ لە سوچێکدا وەستابووم. کاتژمێر دە تەرمەکەیان هێنایە دەرەوە. مەیدانەکە پڕبو لە خەڵکی. ستافێکی میوزیک ژەنیشیان هێنابوو. ئاوازەکانی یاسەمینیان لێدەدا. تابووتەکەیان برد و خەڵکی لە دووایەوە ڕۆیشتن. منیش بەدوایاندا دەڕۆیشتم. حەزم دەکرد زووتر تەواو بێت. حەزم نەدەکرد خەڵکی نەناسراو لە دەوروبەری ژنەکەم کۆببنەوە!

نازانم چەندەی پێچوو تاکو گەیشتینە ئیمام زادەی عەبدللا. نەمزانی چۆن شۆردن و کفن کردنی تەواو بوو. ئەوەندە خەڵکی لێبوو کە نەدەکرا بچێتە پێشووتر! بەلام ئەویش وەک هەر شتێکی دیکەی دونیا تێپەڕی و تەواو بوو. تەرمەکەیان هێنایە

سەر گۆڕێک کەوا پێشووتر هەڵکەندرابوو.
خودایە چی بڵێم کە نەگوتنی باشترە!!
تەرمی ژنەکەم کۆمەڵێک پیاوی بێگانە هەڵیان گرت و کردیانە ناو گۆڕەوە! وەک بڵێی بەتەنها دەستی من لە هەموو شوێنێک کورت بوو. بەتەنها مێردەکەی بێگانە بوو!
کەمێک دواتر خاکیان کرد بەسەریدا و تەواو بوو! ژیانێک تەواو بوو، چیرۆکێک تەواو بووم خۆشەویستیەک! یاریەک! هاوڕێیەتیەک! خۆشبەختیەکمهەموو تەواو بوو! بەڵام ئەوەی دەستی پێکرد هەزار پرسیار بوو! لەکوێدا هەڵەمان کرد! چ قسەیەکی هەڵەمان کرد یان چ هەنگاوێکی هەڵەمان نابوو؟! کام بیرکردنەوە بێچارەی کردین؟!
ڕۆیشتن! هەموویان ڕۆیشتن. تەواوی ئەو کەسانەی ڕۆژانێک چەپڵەیان بۆ لێدەدا و هانیان دەدا پاشقولیان لێدەگەرت ڕۆیشتن!
گۆڕستان چۆڵ بوو. تەنها من و گۆڕ هەڵکەنەکە ماینەوە کە خەریکی چاککردنی گۆڕەکەی بوو. ڕۆیشتمە پێشەوە.
پیاوەکە سەری بەرزکردەوە و تەماشایەکی منی کرد و پرسی:
- لە خزمەکانی ئەویت؟
- بەڵێ.
- خودا لێی خۆش بێت. خودا لە هەڵەکانی ببوورێت! دەنگێکی خۆشی هەبوو! ئێمە کە لەتوانامان‌دا نەبوو، سیدیەکانیمان دەهێنا و گوێمان لێدەگرت!
ئێستا کە ئەو خودالێخۆشبووە مردووە و دەستی لە دونیا بڕاوە، بەڵام دەنگی هێشتا ماوە. هەرکاتێک بێگانەیەک گوێی لە دەنگی دەبێت، لاشەی لە گۆڕدا دەلەرزێت و دەبێت وەڵام بداتەوە.
- خودا بەخشندەتر لەو قسانەیە. ئێمەی مرۆڤەکان وەک خۆمان تەماشای دەکەین، ئەگەرنا بەخشش و گەورەیی خودا لەکوێی و تاوانی ئێمە لەکوێ!
دەستیم گرت و دە تمەنیەکم پێدا. تەماشای کرد و گوتی:
- خودا لێی خۆش بێت. من ئیتر گوێی لێ ناگرم! کە ڕۆیشتمە ماڵەوە تەواوی سیدیەکانی دەشکێنم و فڕێی دەدەم!
- دەستەکانت خۆش بێت. نزای بۆ بکە. هەموومان تاوانبارین. ئێستا دەبێت بزانین کە تاوانی ئێمە هێندەی بەخشندەیی خودایە؟!
- خودا لە هەمووان خۆش بێت. ئێمە لە گەنجیەوە کارمان لەگەڵ مردوو و گۆڕ

و خاک و کفن بووە! ئێستا هەندێک کات تاوانمان کردووە! ئەگەر بڕیار بێت لە دوارۆژدا گرفتاری سزا و لێ پرسینەوە ببین، مەگەر تەنها خودا بگاتە فریامان! بەلام نازانم ئەگەر ئەو کارە تاوانە بۆچی خودا ئەو دەنگەی پێدابوو؟!

بێلەکەی هەلگرت و بەدەم خوێندنی فاتیحەوە تەماشای دە تمەنیەکەی دەکرد و هێواش هێواش ڕۆیشت. ئێستا ئیتر پێکەوە تەنها بووین. تەماشای گۆڕە ساردەکەیم کرد و لە پالیدا دانیشتم. دەستم برد بۆ خاکەکەی، ساردبوو. بەلام کەمێک دواتر گەرمی دەستم خاکەکەی گەرم کردەوە!

بانگم کرد! یاسەمین! یاسەمین! من لێرەم مەترسە! بەتەنها نیت! جگەرەیەکم داگرساند و تەماشای گۆڕەکەیم کرد. لەو گۆڕستانەدا باڵندەیش هەڵنەدەفڕی. دونیایەک قسەم هەبوو تاکە پێی بلێم.گوتم یاسەمین بخەوە. بخەوە ئازیزم، منیش ئەم شەو لەدوای ئەو هەموو ساڵە بەئاسوودەیی دەخەوم چونکە ئیتر دەزانم جێگەکەت پارێزراوە و هیچ بێگانەیەک دەستی پێت ناگات. ئەم شەو دەزانم لەکوێیت و سەرت لەسەر پشتی هیچ کەسێک نیە!

هەمووان ڕۆیشتن. تەواوی ئەو کەسانەی حەزت دەکرد تۆ بناسن و لە هونەرەکەت چێژ ببینن! ڕۆیشتن! دووبارە ماینەوە من و تۆ. ئێستا ڕێگە بدە پێتی بلێم چەندەم خۆش دەوێیت. نیوەی ئەو ئاوازانەی دەتگوتن و بەهۆیەوە ناسرایت من بۆ تۆم نووسی بوو. ڕامسپاردبوون پێتی نەلێن چونکە حەزم نەدەکرد بزانیت.

ئاوازی جوان و خۆشم بۆ دادەنایت و بەناوی یەکێکی دیکەوە بۆ تۆم دەنارد ناسراو بوویت! ناسراو و بەناوبانگ بیت چوونکە خۆت حەزت دەکرد. چونکە خۆشم دەویستی و حەزم نەدەکرد بێزار بیت! دەم ویست بەو شتە بگەیت کە دەتەوێت!

یەک دوو جار بێ پارە بوویت، پارەم بۆ ناردیت تاکو مەجبوور نەبیت لەپێناو ماڵی دونیادا هەر کارێک بکەیت!

بخەوە ئازیزم عەشقی من ئارەزوو نەبوو. بخەوە ژنی قەشەنگم هەموو شتە خراپەکان تەواو بوو. بخەوە ژنە باشەکەم ئیتر لێرە هیچ کەسێک ناتوانێت تۆ لە دەستم دەربهێنێت! بخەوە تۆم سپارد بەخودا. بخەوە مە شەو تاکو بەیانی بەجێت ناهێلم. لەلات دەمێنمەوە تاکو نەترسیت! قوربانی چاوە سامناک و جوانەکانت بیم، دونیا هەر ئەوەندە بوو! بەفیدای قژە درێژەکەتبم ڕۆژگار هەر ئەوەندە بوو! بخەوە تۆ لەدلی مندا هەمیشە زیندووی، خۆشەویستی دەبەخشمەوە بۆت! لەم دڵە خوێناویەوە خۆشەویستی دەبەخشمەوە!

ئەو جارەی ڕۆیشتی لانی کەم دەمزانی کە زیندووی، ئێستا چی؟! ئێستا چی بکەم؟ ئێستا چۆن یارمەتیت بدەم؟ لەلای خودا ناڵە بکەم و بگریم؟
ئای ڕۆژگار! چ دوژمنیەکت لەگەل مندا هەیە؟! هێزت بەسەر مندا تاقی دەکەیتەوە؟ بەسەر منی لاوازدا؟! منێک لە منداڵیەوە هەتیوو بووم و ساتێکی خۆشم نەبینی؟!
بڕۆ هێزت بەسەر کەسێکدا تاقی بکەرەوە کەوا توانای هەیە و دەتوانێت دەست بخاتە ناو دەستت! نەوەک منێک لە منداڵیەوە لێدانم خواردوە! دەسەلات و هێزت بۆ لاوازەکانە!
نەمتوانی ئیتر خۆم ڕابگرم، سەرم خستە سەر گۆڕەکە و دەگریام.
بوو بەشەو، ئەو شەوە تاکو بەیانی لەسە گۆڕەکەی بووم! ئەو لەژێر خاکدا و منیش لەسەر سەری دانیشتبووم. بیری ئەو شەوانەم کەوتەوە کە پێکەوە ڕۆژمان دەکردەوە! بەلی نەمهێشت ئەو شەوە بەتەنها بمێنێتەوە.
خۆر هەلهات. هیدایەتێک ڕۆیشتە گۆڕستان و هیدایەتێکی دیکە لە گۆڕستان گەڕایەوە. گەڕامەوە ماڵەوە. منداڵەکەم تاکو بەیانی نەخەوتبوو. زۆر دلگران بوو. وەک بلێی منداڵەکەم تێگەیشتبێت دایکی مردووە. بەبێ ئەوەی هەواڵی لە شتێک هەبێت تاکو بەیانی بێ ئارام بوو.
لە کۆتایدا چیرۆکی یاسەمین تەواو بوو. یاسەمینێک کەوا دەیویست تۆڵە لە ڕۆژگار بکاتەوە!
تاکو یەک دوو ڕۆژ لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان هەواڵی مەرگی گۆرانی بێژی ناسراویان دەنووسی و کەللە زلەکان سەرە خۆشیان دەکرد! ئێستا سەرەخۆشیان لە کێ دەکرد، من تێنەگەیشتم!
بەلام لەوە تێگەیشتم کاتێک قسە دەربارەی گۆرانی بێژی ناسراو خاتوو فلان قسەیان دەکرد وەک ئەوە بوو من هەرگیز ئەو گۆرانی بێژە نەناسم! واتە ئەوە یاسەمینی من بوو! ژنێکی گۆرانی بێژ بەناوێکی دیکەوە. بەناوێکی هونەریەوە!
یاسەمینی من لە دلی مندا بەئارامی نووستبوو!
چەند ڕۆژێک دواتر لە بەڕێوبەرایەتی وەفاتنامەوە ناردیان بەدوامدا. لە وەسیەت نامەکەیدا ئەو ژنە گۆرانی بێژە هەرچی هەبوو نەبوو بەخشی بووی بەمن! دوو خانووی گەورە و چەند خواردنگەیەک و زەوی و دونیایەک پارە!
باجەکەیان حسابکرد و ئەوەی مایەوە دایان بەمن. منیش وەک خۆی هێشتمەوە، سودی بۆ من نەبوو. هەلمگرت تاکو بەلکو ڕۆژێک سودی بۆ عەلی هەبێت!

یاسەمین

خودی یاسەمین دەیزانی کە من چاوم لە ماڵی ژنەکەم نیە و پارەی ژنەکەم لە قورگم ناچێتە خوارەوە. ڕۆژگار ئەوەندە پارە و سەروەتی پێ دابووم کە نەمدەتوانی ناگام لێی بێت! بەڵام لە جێگەکەی ئەوەی خۆشم دەویست و حەزم دەکرد بۆ هەمیشە لەلام بێت لێی سەندمەوە! تێی دەپەڕێنین. کاری زەمانە هەمیشە بەو شێوەیە بووە.

چەند ڕۆژێک بوو دەمبینی منداڵەکەم نائارامە! هەستم دەکرد دەیەوێت شتێک بەمن بڵێت بەڵام ناتوانێت. وەک مریشکی نەخۆش خۆی کۆدەکردەوە و هیچی نەدەگوت.

ڕۆژێکیان بانگم کرد و دانیشت و گوتم:

- چیتە بابە؟ بۆچی ئەم ماوەیە ئەوەندە لەناو خۆتدایت؟ شتێک بووە؟

- هیچ نیە بابە. وانەکان سەخت بووە و مامۆستاکانیشمان زۆر بەسەختی دەیگرن، لەبەر ئەوەیە کەمێک ماندوو بووم.

- لەگەڵ باوکت ڕاستگۆیانە قسەبکە. تۆ کوڕێکی زیرەکیت. ئەم چەند ساڵەش وانەکانت هەمووی بەکۆ نمرەی نۆزدە و بیست دەرچوویت. دەردی تۆ وانەکانت نییە. تۆ دەزانیت بابە جگە لە تۆ کەسی نییە. ئەگەر خەم لە چاوەکانت ببینێت گیانی دەردەچێت! تۆ کوڕە گوڵەکەی منیت. ئێستا بەبابە بڵێ چی بووە.

کەمێک من منی کرد و دواتر گوتی:

- دەترسم ئەگەر بیڵێم وەک چەند ساڵ پێشووتر دڵگران بیت و بگریت!

- بڵێ بابە گیان. ئیتر لە گریانی من تێپەڕیوە.

کەمێکی دیکە دەستە دەستی کرد و سەری داخست. هەستام و ماچم کرد و دڵی کرایەوە و پرسی:

- بابە دایکم مرد؟!

وەک ئەوە بوو دونیایان کێشابێت بەسەرمدا! بێدەنگ بووم. بەڵام دەبووایە شتێکم بگوتایە. تەماشام کرد، زۆر دڵگران بوو. خەم و خەفەت لە چاوەکانی دەباری!

- بابە، دایکت زۆر لە مێژە مردووە، چۆنە ئێستا دەپرسی دایکت مردووە؟

ئەو منداڵە داماوە شەرمەزار دەبوو. زۆر بەشەرم بوو.

- هەرچی لە دڵتدا هەیە هەڵی بڕێژە بابە.

خەریک بوو دەچووە خەیاڵەوە. خولەکێک تێپەڕی و گوتی:

- بابە من دەزانم خانم فلان دایکم بوو! زۆر لە مێژە دەزانم. بەکەسم نەگوتووە

بەلام دەزانم ئەوە دایکم بوو! بە ئێوەیشم نەگوتووە چوونکە دەمزانی دلگران دەبێت.
لەم یەک دوو ساڵەدا جار جارە دەڕۆیشتم بۆ ئەو شوێنەی کە دەمزانی خۆم بڕیارە لەوێ بەرنامەی هەبێت، لە سوچێکدا لە دەرەوە دەوەستام تاکو ببیبنم. بەلام هیچم بە ئێوە نەگوت تاکو چەند ڕۆژ پێش ئێستا کە تێگەیشتم دایکم مرد! ئێوەش ئەو ڕۆژ و شەوە ڕۆشتبوویتە سەر گۆڕەکەی. مەگەر وانیە بابە؟!
سەرم داخست. چیم هەبوو پێی بڵێم؟ عەلی ئیتر منداڵ نەبوو تاکو فێڵی لێ بکەیت. هەرچەندە لەو ماوەیشدا باوەڕی نەکردبوو. تەنها لەبەر خاتری من بێدەنگ بوو بوو!
- بابە ئەوە دایکی تۆ نەبوو. دایکی تۆ یاسەمین ژنی من بوو کە چەند ساڵێک دەبێت مردووە! ئەوەی تۆ دەیڵێیت گۆرانی بێژێکی ژن بوو بەناوێکی دیکە!
- بابە من دایکم زۆر خۆش دەویست. دایکم زۆر قەشەنگ بوو.
نەمتوانی خۆم ڕابگرم. دەستم کرد بەگریان. منداڵەکەم هەستا و لەباوەشی کردم و گوتی:
- ببورە بابە، هەڵەم کرد. نەمدەویست دایکم بهێنمەوە بیری ئێوە. ئیتر ئەو جۆرە قسانە ناکەم!
منداڵەکەم هیچ کاتێک نەیتوانی دەربارەی دایکی لەگەڵ مندا قسە بکات و پرسیار بکات! ئەویش ئەو ڕۆژە بێدەنگ بوو ڕۆیشت، ئیتر هیچی نەپرسی.
مانگێک تێپەڕی. ڕۆژێک لە دەرەوە گەڕامەوە ماڵەوە، عەلیەکەم کوڕە گوڵەکەم لە سوچێکی ژوورەکەیدا بەڕەش و شین بوونەوە دۆزیەوە!
مەرگ کاری خۆی کردبوو خۆی کوشتبوو!
کاتێک گەیشتینە ئێرەی چیرۆکەکە، هیدایەت ئەوەندە کێشای بەسەریدا و گریا خەریک بوو دەمرد! نەمدەتوانی دەستی بگرم! تەنها دەگریا و لە خۆی دەدا!
هیدایەت- کاتێک گەیشتمە سەری کار لە کار ترازا بوو. منداڵەکەم ئیتر هەناسەی نەدەدا! کەمەرم شکا! بەخودا کەمەرم شکا! منداڵەکەم ڕۆیشت! گیانەکەم ڕۆیشت! گوڵەکەم پەڕ پەڕ بوو!
لە پاڵیدا نامەیەکم دۆزیەوە. لەسەری نوسرابوو:
سڵاو باوکی ئازیزم، خودا حافیز!
ئەم جارەیان قسەی زۆرم نیە بۆ گوتن. نازانم چۆن سووپاستی ئێوە بکەم، دەبێت من ببوورن. دەزانم ئەو کارەی من دەبێتە هۆی ئازاردانی ئێوە بەلام ئیتر

ناتوانم بمبینمەوە. باوکە زۆردم خۆش دەوێیت، گەردن ئازاد بکە. من بەبێ پرسی ئێوە دەفتەری یادگاری و ئەلبوومی وێنەکانی دایکم بینی. ئیتر غیرەتم ڕازی نابێت کە زیندوو بمبینمەوە.

تکاتان لێدەکەم ئەوانە بسوتێنن و لەناوی ببەن تاکو لانی کەم ڕۆحی دایکم ئاسوودە بێت.

نازانم ئێوە ئەوانەتان بینیوە یان نا. بەڵام حەزدەکەم ئەو وێنانەت نەبینی بێت و ئەو یادگاریانەت نەخوێندبێتەوە تاکو لانی کەم ڕۆحی دایکم ئاسوودە بێت.

چونکە بەهەر شێوەیەک بێت هەڵت نەدەگرت. تکادەکەم تەماشایان مەکەن و تەنها بیکەنە ناو ئاگردانەکە تاکو لەناو بچێت. ویستم خۆم ئەو کارە بکەم بەڵام بەبێ پرسی ئێوە ئەو کارەم نەکرد.

خۆشم دەوێن باوکە. خودا حافیز!

هەستام و ڕۆیشتمە سەر سندوقەکە. ئەلبوومەکەم دەرهێنا و کردمەوە. خودای من! چیم بینی! مافی خۆی بوو منداڵەکەم! خاک بەسەرم! خۆزگە ئەو ڕۆژە لانی کەم تەماشام دەکرد!

ئەوەندە گریا و لە خۆی دەدا، ترسام بەلایەک بەسەر خۆیدا بهێنێت!

- جەنابی هیدایەت ئەگەر ئارام نەبنەوە هەڵدەستم دەڕۆم ها! ئەوانەی دەڵێن زۆر لەمێژە. هەموو شتێک تەواو بووە. ئارام بگرن!

لەڕاستیدا فرمێسک بەچاوەکانی خۆیشمدا دەهاتە خوارەوە. چاوەڕێی بەسەرهاتێکی لەو شێوەیە نەبووم. کەمێک ئاوم پێدا تاکو بیخواتەوە. کەمێک ئارام بوویەوە.

جگەرەیەکم داگرساند و دام بەدەستیەوە. یەک دوو مژی لێدا و ئارام بویەوە. خولەکێک دواتر گوتی:

هیدایەت- ڕاست دەڵێی بەهزاد. ئەوانە زۆر لە مێژە. بەڵام مەگەر ئەو برینانە لەم دڵەدا کۆن دەبێت؟! خودایە هیچ کەسێک سوتانی منداڵەکەی نەبینێت.

منداڵەکەم کردە سەر کۆڵم و هاتمە دەرەوە. دەمکێشا بەسەرمدا و بەگریانەوە بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆیشتم. ئۆتۆمبیلێک ڕایگرت، یارمەتی دام و عەلیم کردە ناو ئۆتۆمبیلەکە و ڕۆشتینە نەخۆشخانە. بەڵام سوودی چی بوو! هەر منداڵەکەمیان بینی و پشکنیان، پزیشکەکە ئاماژەی کرد ببەنە ساردخانە.

تەماشای منی کرد و گوتی زۆر درەنگ بوو!

بەرچاوم ڕەش بوو ئیتر هیچ تێنەگەیشتم. لەپڕ چاوم کردەوە و بینیم لەسەر

تەختەیەک خەوێنراوم و پەرستارێک لەسەر سەرمە!
لێی پرسیم کوڕت بوو؟
نەمتوانی وەڵام بدەمەوە و سەرم کردە ژێر پشتیەکە و دەستم کرد بەگریان.
ئیتر حەزم نەدەکرد زیندوو بمێنمەوە چ بگات بەوەی لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەم!
بەڵام چی بکەم کە هەمووان ئەسیری چیرۆکی خۆمانین!
یەک بۆ دوو کاتژمێری دیکە بەڕێیان کردم بۆماڵەوە. بەبێ کوڕەکەم! ڕێگەیان نەدا کوڕە گوڵەکەم لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە!
هیدایەت دووبارە دەستی کردەوە بەگریان، بەڵام گریانێکی بێدەنگ! تنۆکە فرمێسکەکانی بەئارامی لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە. فرمێسکانێک لەوانەیە چەندین ساڵ پێشووتر کۆبووبوونەوە و ئێستا بەهێواشی و بێدەنگ بەڕووخساریدا ڕێژیان بەستبوو!
هیدایەت- گەیشتینە ماڵەوە بەڵام چ گەیشتنێک! حەزم نەدەکرد دەرگاکە بکەمەوە و بچمە ژوورەوە! ئاخر ماڵەکە بەبێ عەلی ماڵ نەبوو. پێیەکانم نەدەجوڵان. لە کۆتایدا هەرچۆنێک بوو ڕۆیشتمە ژوورەوە و لەپشتی دەرگاکەوە دانیشتم.
توانای ئەوەم نەبوو بچمە بیناکەوە. توانای بینی ماڵەکەم نەبوو بەبێ عەلی. لەبەردەم دەرگا تاکو بەیانی دانیشتم و دەگریام. چ شەوێک بوو! هەرچییەک بڵێم تێناگەیت! خودا تووشی هیچ کەسێکی نەکات.
بەیانی چوومە نەخۆشخانە. لە چاودێرییەوە هەمان ئەو ئەفسەرە هاتبوو، تاکو منی بینی هاواری کرد!
- ئەوە کوڕی ئێوە بوو؟!
گریام. لەجیاتی وەڵام گریام.
- بۆچی ئەو کارەی کرد؟!
ڕووداوەکم بۆ گێڕایەوە. ئەو بێچارەیە مات بوو بوو. جگەرەیەکی داگرساند و گوتی:
- خۆزگە ئەو وێنانەم پێ نەدەدایت! خۆزگە منیان نەدەنارد بۆ ئەم دۆسیەیە! خۆزگە لە شوێنێک هەڵتان بگرتایە کەوا دەستی ئەو منداڵەی پێنەگات! ئەو منداڵە گەنج بووە و نەیتوانیوە خۆی ڕابگرێت! چەند ساڵ بوو؟
- تو خودا خوێ مەکە بەبرینەکەمدا.
ئەو بێچارەیە زۆر دڵگان بوو. سەری داخست و ڕۆیشتە لای پزیشک و شتێکی پێ گوت، دواتر گەڕایەوە بۆ لای من.

بکەم؟
- کاریکت هەیە من بۆتی بکەم؟
- بەڵێ! ئەو حەوت تیرەت دەربهێنە و تیریکیان بدە لە سەری من! لێم بدە و ئاسوودەم بکە! بەخودا ئیتر ناتوانم ئەمەیان ببەم بۆ گۆڕستان!
سەری داخست و ڕۆیشت.
نیو کاتژمێر دواتر ئۆتۆمبیلێک هات و گوتیان سەربکەوە. چوومە پێشەوە و بینیم شتێکیان کردۆتە پشتی ئۆتۆمبیلەکە. لە پشتی شوشەکە تەماشام کرد، عەلی من بوو!
سەرم کێشا بەدیوارەکەدا. ئەژنۆمم شکا. هاتن و منیان گرت.
بەکورتی بەهەر شێوەیەک بوو کوڕە گوڵەکەمیان بەکفنەوە بردە ئیمام زادە عەبدوڵڵا! منداڵەکەمیان بردە مردوو شۆر. منیش ڕۆیشتمە ژوورەوە. مردوو شۆرەکە گوتی:
- بڕۆرە دەرەوە.
- ناڕۆم. دەمەوێت خۆم منداڵەکەم بشۆم! نەمتوانی ببەم بۆ گەرماوی زاوایەتی، لانی کەم بهێڵە لێرە بیشۆرم!
پیاوەکە دڵگران بوو. ڕووخسارمی ماچ کرد و ئاماژەی کرد بمبەنە دەرەوە.
- حەواڵەت بەقورئان ئەگەر لەگەڵ منداڵەکەم خراپ ڕەفتار بکەیت!
منیان هێنایە دەرەوە. منیش لە پشتی دەرگاکەوە دانیشتم. لە ژوورەوە منداڵەکەمیان دەشۆرد. منیش لە دەرەوە دەمکێشا بەسەرمدا و دەگریام.
تەواو بوو! شۆردنی کوڕەکەم تەواو بوو هێنایانە دەرەوە.
لێرەدا هیدایەت دووبارە دەیکێشا بەئەژنۆکانیدا و دەگریا. دڵم خەریک بوو دەردەهات.
هیدایەت- ڕۆیشتمە سەر لاشەی منداڵەکەم. تێدامابووم چی بکەم؟! هیچ کەسێکم نەبوو یارمەتیم بدات و لاشەی کوڕەکەمم لەگەڵدا بەرز بکاتەوە. عەلی خەوتبوو منیش لەسەر سەری ڕاوەستابووم، نەمدەزانی چی بکەم.
خۆم هەستام و ڕۆیشتم بەتەنها منداڵەکەم کردە باوەشم! چەند کەسێک هاتنە پێشەوە و گوتیان:
- لااله الاالله چی دەکەیت پیاو!
- چی بکەم؟! من و منداڵەکەم بەتەنهاین! کەسمان نیە و بی کەسم!
کاتێک ئەوەم گوت، دە بۆ بیست کەس کە بۆ مردوویەکی دیکە هاتبوونە ئەوێ گوتیان - یاالله! سەرەتا ئەم خودالێخۆشبووە دەبەین دواتر مردووەکەی خۆمان!

کوڕەکەمیان هەڵگرت و بردیان. نوێژیان لەسەر کرد و سەلاواتیان نارد و تەلقینیان کرد و بردیانە سەر گۆڕێک.
خودا لێیان ڕازی بێت. تاکو گوڕەکەیان هەڵنەکەند و منداڵەکەمیان نەناشت، نەڕۆیشتن! کاتێک هەموو شتێک تەواو بوو فاتیحەیان خوێند و ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن.
دووبارەماینەوە من و عەلی! ئەو لەژێر خاکدا و منیش لە سەر خاک! گۆڕی منداڵەکەم چەند گۆڕێک دوور بوو لە گۆڕی دایکیەوە. ڕۆیشتمە سەر گۆڕی یاسەمین. گوتم:
- وەرە، دەتەویست عەلی ببینی؟ ببینە! تاکو ئێستا لەلای من بوو، لەمە بەدواوە تۆ ئاگات لێی بێت! من ئیتر ناتوانم.
گەڕامەوە سەر گۆڕی کوڕەکەم. لەسەر گۆڕەکەی دانیشتم و گوتم:
- بابە گیان زۆر سەختیت کێشا وایە؟ خاک بەسەری ئەم باوکەت کە ڕێگەی نەدا لە منداڵیەوە قسەی دڵتی پێ بڵێیت! کوڕە بەغیرەتەکەم، چی بکەم لەگەڵ ئازاری تۆ؟!
من جگە لە تۆ کەسم نەبوو، تەنها تۆ هەموو ژیانی من بوویت! ئێستا ئیتر بەچ هیوایەکەوە زیندووبم؟ بابە گیان هەمیشە داوای دایکت دەکرد؟ ئەمە دایکتە! چەند مەتر لەولاتر خەوتووە! ئەوە منم کە بێ غیرەتم و هێشتا زیندووم!
گوڵی بابە، بمرم بۆت کە هیچت لەمن نەویست. بمرم بۆت کوڕە ئارام و ڕاستگۆکەم. بابە ئەگەر هاوپۆلەکانت هاتن من چی بەئەوان بڵێم؟! کوڕە زیرەکەکەم، ئیتر نایەیت کارتەکەتم پێ پیشان بدەیت؟ ئیتر نایەیت بڵێیت بابە خەڵاتم وەرگرتووە؟ ئیتر نایەیت بڵێیت بابە بووم بەیەکەم؟
خودایە هەرچیەکم هەبو لێت بردم! دە ئیتر منیش ببەرەوە!
سەرم کردە سەر گۆڕی کوڕەکەم و خەوم لێکەوت. کاتێک خەبەرم بوویەوە ئێوارە بوو، کاتژمێرێکی مابوو بۆ خۆر ئاوابوون. هەستام و ڕۆیشتمەوە ماڵەوە. تاکو ڕۆیشتم و گەڕامەوە بوو بەشەو. دەرگای گۆڕستانیان داخستبوو. بەهێواشی بەسەر پەرژینەکەدا سەرکەوتم و ڕۆیشتمە سەر گۆڕی عەلیەکەم. هەموو شوێنێک تاریک بوو تەنها چەند گڵۆپێک نەبێت لە دورەوە ڕووناکیان دەدا.
دانیشتم. خاکەکەیم ماچ کرد و گوتم:
- بابە گەڕامەوە. دڵگران نەبیت من لێرەم. دایکیشت لێرەیە! بەتەنها نیت! کوڕە مانگ و نازدارەکەم.

قوربانی قژە جوانەکەت بم کە هیچ کاتێک هیچت لە من داوانەکرد نە جل و بەرگ، نە پێلاو نە گەڕان نە یاری هیچت داوانەکرد! ئەوەندە، حەیا لە چاوەکانتدا بوو کە لەبەردەم مندا قاچت درێژ نەدەکرد! تەنها جارێک دوات لە من کرد، ئەویش ئەو کاتە بوو کە دایکت ڕۆیشتبوو، داوات کرد سازت بۆ لێبدەم، داوات کرد ئەو ئاوازەت بۆ لێ بدەم کە دایکت حەزی پێدەکرد و دەیخوێند تاکو تۆ خەوت لێ بکەوێت!

ئێستا هاتووم ئەو ئاوازەت بۆ لێبدەم تاکو نەترسیت و بخەویت! گیانی تێدا نەمابوو. گوتم بخەوە کوڕەکەم، چاوەکانت دابخە و بەئارامی بخەوە باوکت لەسەر سەرت دادەنیشێت تاکو تۆ خەوت لێدەکەوێت!

وردە وردە دەستم کرد بەلێدان. فرمێسکەکانم تکانە سەر سازەکە و سەر گۆڕی کوڕەکەم! هێواش هێواش لێمدەدا و دەگریام. لەپڕ بینیم کەسێک بەرامبەرم وەستاوە. شەرمەزار بووم. سەرم داخست. پاسەوانی ئەوێ بوو.

- تۆ لێرە چی دەکەیت؟

وەلامم نەدایەوە.

- تاوانە ئەگەر لە گۆڕستان ساز لێبدەیت.

- خەریکم لەگەڵ خودا قسە دەکەم! خەریکم چیرۆک بۆ منداڵەکەم دەڵێم!

- بەکەمانچە؟!

- ئەوە زمانی منە! کەمانچە نیە! من جگە لەو زمانە زمانی دیکە نازانم! ئێستا ئەگەر ناهێڵیت قسە بکەم قسە ناکەم!

تەماشایەکی کردم و گوتی:

- تۆ هەمان ئەو کەسە نیت کە چەند ماوەیەک پێش ئێستا بۆ ئەو گۆرانی بێژە هاتبوویت بۆ ئێرە؟

- بۆچی نا.

- ئەمە خۆ گەڕی ئەو نیە! گۆڕی کوڕێکی بچووکە!

- کوڕەکەمە! کوڕە گوڵ و میهرەبانەکەمە! هاتووم چیرۆکی بۆ بڵێم تاکو خەوی لێ بکەوێت!

چرایەک بەدەستیەوە بوو، لەسەر زەویەکە داینا و خۆیشی دانیشت. جگەرەیەکی داگرساند و گوتی:

- ئێستا کە ئەمە ساز نیە، تاوانی نیە! لێی بدە! قسەی دڵی خۆت بکە. من زۆرم حەز لە چیرۆکە. بڵێ! باسی بکە!

دووباره دەستم پێ کردەوە. ئەم جارە ئیتر سازەکە خۆی لێی دەدا! من تەنها دەگریام! خودایە من چیم کردبوو کە ڕۆژگار یەک جار خۆشی پیشانی من نەدا. ئای بمرم بۆ ئەو خەمەی لە دڵتدا بوو بابە! بمرم بۆ ئەو بزەی لەسەر لێوەکانت بوو بابە! من ببوورە کوڕەکەم، بمبوورە گوڵە بێ دڕکەکەم. هەموو ژیانم هەڵەم کرد. خۆزگە لە چاوە جوان و بێ تاوانەکانتدا خەمەکانتم دەخوێندەوە. بۆچی نێنەگەیشتم کە هەمیشە سۆزی دایکت لە گۆشەیەکی دڵتدا خاڵی بوو؟ بۆچی نەمتوانی بۆ تۆ ببمە باوک و دایکیش.

خودایە دەبێت چەندە باجی دیکە بدەم؟! مرۆڤێکی لاوازی وەک من تواناى تاقیکردنەوەی نیە! کەسێکی لاواز و بەش خوراوم! هەر جارێک تۆ منت تاقیکردەوە مەگەر چیم کرد؟ جگە لەوەی لە گۆشەیەک دانیشتم و گریام؟!

ئەی ڕۆژگاری ناجوامێر، ئێستا کە هێزت بەسەر مندا تاقی کردەوە، دڵت ئاوی خواردەوە؟ ئاسوودە بوویت؟ دایک و باوکمت لێ بردم، ڕۆیشتمە هەتیووخانە، ژنە جوانەکەمت لێ بردم، ژیانی منت خراپ کرد، ئیتر بەس نەبوو؟ بۆچی منداڵەکەمت لێ بردم؟!

لەم دونیا گەورەیەدا تەنها جێگەی ژن  و منداڵی من نەدەبوویەوە؟! تەنها ژن و منداڵی من زیادە بوون؟!

هیچ کاتێک دەنگی سازەکەم ئەوەندە بەخەمگینی نەبیستبوو. دەنگە خەمبارەکەی تەواوی گۆڕستانەکەی پڕکردبوو! دەنگی هیچ نەدەهات.

گۆڕ هەڵکەنەکە هەستا. تنۆکێک فرمێسک کە بەڕووخساریەوە بوو پاککردەوە و گوتی:

- جەرگم ئاگری گرت، مەگەر لەم دڵەی تۆدا چەندە خەم هەیە؟! ئەم شەو تەواوی مردووەکانی ئێرەت خستە گریان!!

دواتر سەری داخست و بەهێواشی ڕۆیشت.

سازەکەم دانا و سەرم خستە سەر گۆڕی کوڕەکەم. ماچم کرد و گوتم:

- بخەوە ئازیزەکەم، چیرۆکی منیش تەواو بوو! چاوەکانت دابخە تاکو خەو لە چاوەکانت نەتۆرێت! منیش لێرە لەلات دەخەوم. چۆن سەیری خودات کردووە؟ لەوانەیە ڕۆژێک هەرسێکمان بگەیەنێتەوە بەیەکتر.

هیدایەت ئیتر هیچی نەگوت. پاڵیدا بەدیوارەکەوە و بەئارامی دەگریا. چاوەکانی داخستبوو دەگریا. تەماشام کرد. لە کاتژمێرێک پێش ئێستاوە بوو بوو بەئاو! تەنها پێست و ئێسقان بوو!

باوەڕم نەدەکرد کە ئەم کەسە هەمان ئەو مامۆستایە بێت! حەزم نەدەکرد بەتەنها جێی بهێڵم بەڵام دەبووایە بڕۆیشتمایە تاکو بێتە دەرەوە لە خەم و خەفەتەکانی.

کاتێک لە جێگەکەم هەستام و گەیشتمە بەردم دەرگاکە گوتی:

- تۆ زۆر لە کوڕەکەم دەچیت، چ ڕووخسارت چ شەرم و حەیات! لەبەر ئەوە بوو کە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە تۆم خۆش ویست.

- دەتوانم پرسیارێکتان لێ بکەم؟

سەری بەئاماژەی بەڵێ جوڵاند.

- بابەتی ئەم تەلایە چییە؟

هیدایەت- کوڕەکەم عەلی، ڕۆژێکیان ئاسکێکی لە گەڕۆکێک کڕی بوو. ئەو بێ زمانە دوو گیان بوو. دواتر تێگەیشتم بۆچی ئەوەی کڕیوە. چاوەکانی! چاوەکانی وەک چاوەکانی دایکی بوو! وەک چاوەکانی یاسەمین!

ئەوەی گوت و سەری داخست، دەستی کرد بەگریان.

تەماشای وێنەکەی یاسەمینم کرد. ڕاست دەکرد. چاوەکانی وەک چاوی ئاسک بوو. درەوشاوە و جوان.

هاتمە دەرەوە. تەلا لە باخەکەدا وەستا بوو. هەر منی بینی هاتە پێشەوە. دەستم هێنا بەسەریدا.

لەپڕ دڵم بۆ کوڕەکەی جەنابی هیدایەت سووتا. زۆر سەختە منداڵێک لە جێگەی دایکی دڵی بەئاژەڵێک خۆش بکات! لە باخەکە هاتمە دەرەوە و دەرگاکەم داخست.

لە دەرگا و دیوار و دارەکان خەم دەباری.

## بەشی بیست و شەش

گەڕامەوە بۆماڵەوە. بیست خولەک دواتر گەیشتم. لە دورەوە کاوەم بینی لە پشت دەرگای ژوورەکەم دانیشتبوو و سەری داخستبوو، ئاگای لە من نەبوو.
کاتێک گەیشتم بینیم چەند کاغەزێکی سەد تمەنی و پەنجا تمەنی و دە تمەنی لەسەر زەویەکە لە دەوریەتی. تێدا مابووم کە ڕووداوەکە چیە؟ کاتێک منی بینی لە جێگەکەی هەستا و گوتی:
کاوە- لە کوێی بابە؟ کاتژمێریکە وەک سواڵکەر لێرە دانیشتووم! ببینە چەندە پارەیان بۆ داناوم! هەرکەسێک تێدەپەڕی پەنجا تمەنیەک یان سەد تمەنیەکی بۆ دادەنام!
- ڕاست دەڵێیت کاوە؟!
کاوە- بەگیانی تۆ ئەگەر درۆ بکەم. لێرە دانیشتبووم و چاوەڕێی تۆم دەکرد. دەستم کردبووە سەر ئەژنۆکانم و چووبوومە خەیاڵەوە. ژن و پیاوێک لێرەوە تێدەپەڕین، ژنەکە بەپیاوەکەی گوت:
- سەیرکە بێ کاری چی لە مرۆڤ دەکات! ئەم گەنجە وەک دیوار لێرە چەسپاوە و خەریکە سواڵ دەکات!
پیاوەکە گوتی:
- بەهۆی تەمەڵی خۆیەتی! وەرە بڕۆین وازی لێ بهێنە!
بەڵام ژنەکە هاتە پێشەوە و بەنجا تمەنیەکی خستە بەردەمم! منیش هیچم نەگووت و لە جێگەکەم نەجولام.
لە ڕاستیدا سەرەتا شەرمەزار بووم کاتێک پیاوەکە گوتی:
- تەماشای جلەکانی بکە! لە جل و بەرگی کوڕەکەی خۆمان جوانترە!

ژنەکە لەو کاتەی دەستی پیاوەکەی ڕادەکێشا گوتی:

- وەرە بڕۆین پیاو، تۆ ئەوەندە چرووک نەبوویت! پەنجا تومەن چ زیانێک لە ئێمە دەدات؟!

بەکورتی هەردووکیان ڕۆیشتن.

کاتێک ئەوان ڕیشتن سەرم بەرز کردەوە و بینیم وەک سواڵکەرەکان لە کەناری شەقامەکە دانیشتووم و دەستم کەمێک درێژ کردووە!

بیرم کردەوە ئێستا کە کارم نیە و دیار نیە تۆ کەی دەگەڕێیتەوە ماڵەوە، چۆنە سوود لە کاتەکە ببینم!

لە کیفەکەم دوو بۆ سێ سەد تومەنیم دەرهێنا و دەستم زیاتر درێژ کرد و سەرم داخست و دەستێکم بەرز کردەوە! کوڕە ئێرە چەندە شوێنێکی باشە!! چەندە هاتن و چوونی هەیە!! هەرکەسێک دەهات کاغەزێکی بۆ هەڵدەدام! زیاتر کچەکان پارەیان بۆ دادەنام! لە سبەینێوە هەر لەم کاتانەدا دێمە ئێرە و دادەنیشم.

- بڕۆ ونبە! هەستە بڕۆینە ژوورەوە.

کاوە- بهێڵە دەستکەوتی ئەمڕۆم کۆبکەمەوە.

دەستی کرد بەکۆکردنەوەی پارەکان لەسەر زەویەکە و ژماردنیان! بەسەرسامیەوە تەماشام کرد و گوتم:

- کاوە تو گیانی من ڕاست دەڵێی یان دووبارە خەریکی هیچ و پوچ دەڵێیت؟

کاوە خەریکی ڕێک کردن و ژماردنی پارەکان بوو گوتی:

- بەگیانی تۆ ڕاستەکە. ڕاوەستە.

دواتر ژماردی.

کاوە- هەزار و سەد، هەزار و سیسەد، هەزار و چوارسەد، ئەوەش هەزار و چوارسەد و پەنجا.

دواتر تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و گوتی:

- سەیرکە من سێ چارەکە لێرە دانیشتووم، هەزار و چوارسەد و پەنجا تمەنم پەیداکردووە! بەڵام نەخێر! سێ سەد تمەنی لەناو کیفەکەم دەرهێنا، دەبێتە هەزار و سەد و پەنجا.

مات بوو بووم و باوەڕم نەدەکرد.

کاوە- بۆچی بەم شێوەیە سەیرم دەکەیت؟!

- کاوە بەڕاستی لێرە دانیشتیت و سواڵت کرد؟!!

کاوە- دەڵێم بەگیانی تۆ! بەڕاستی کەری ها!

- کوڕە تۆ شەرمەزار نەبوویت؟!! ئەگەر ناسراوێک تێپەڕ بووبایە؟ ئەگەر فەریبا لەسەرەوە تۆی دیتبا چی؟!

کاوە- سەرم داخستبوو، ڕووخسارم دیار نەبوو.

- بەڕاستی ئیتر تۆ پیسیت! تۆ خودا ڕاست بڵێ. بەڕاستی خەریکی سواڵکردن بووی؟!

کاوە- سەرەتا من سواڵم نەکرد. واتە نە داوای هیچم کرد لە کەسێک و نەشتێکم بەکەس گوت. ئێستا ئیتر دانیشتنم وەک سواڵکەر بوو یان نا با بمێنێت بۆ دوایی! کاوە خۆ سواڵی نیە! باشە خەڵکی ئێمە میهرەبان و بەسۆزن و بەهەموو شێوەیەک یارمەتیت دەدەن پەیوەندی بەمنەوە چییە؟!!

تەماشای چوار دەورم کرد، لە شەرمدا خووسابووم! کاوە زۆر بەخوێن ساردی پارەکانی کردە کیفەکەیەوە و گوتی:

کاوە- بەگیانی تۆ ئەگەر باوکم بزانێت جێگەیەک هەیە کە ئەوەندە پارەی تێدا پەیدا بکرێت، لە سبەیەوە کۆگاکەی دادەخات و لەگەڵ دایکم دێن لێرە دادەنیشن!

هەم پێدەکەنیم و هەمیش لە شەرمدا ئارەقم دەکردەوە.

کاوە- نازانیت بەهزاد! کاتێک کچەکان پارەیان بۆ دادەنام ئەوەوندە شتی جوانیان دەگوت هەر مەڵێ!

- مردوو شۆرەکان ئەو ڕووت ببەن کە ئەوەندە بێ شەرمیت تۆ!

کاوە- بەگیانی تۆ یەکێکیان سەد تمەنیەکی بۆ دانام و گوتی کە ئەگەر سەرت بەرز بکەیتەوە تاکو من ڕووخسارت ببینم، پێنج سەد تمەنیەکی دیکەت پێ دەدەم. ویستم سەرم بەرز بکەمەوە و پێنج سەد تمەنیەکە وەربگرم، بەڵام ترسام نەوەک یەکێک لە کچەکانی زانکۆ بێت!

دواتر زۆر بەحەسرەتەوە گوتی:

کاوە- ئەگەر ئەو پێنج سەد تمەنیەم وەردەگرت، ئێستا دەستکەوتەکەم بووبوو بەهەزار و شەش سەد و پەنجا!

دەستیم گرت و ڕامکێشایە بەردەم دەرگا. دەرگاکەم کردەوە و بردمە ژوورەوە.

- ئابرووت بۆ من نەهێشتۆتەوە لەم ناوە بەخودا!

تەماشایەکی کردم و گوتی:

- بەشێوەیەک قسە دەکەیت، ئەگەر کەسێک تۆ نەناسێت بیردەکاتەوە کوڕی ئەمیری کوەیت بێت!

دواتر کاتێک پێدەکەنی گوتی:

کاوە- بەهزاد گیان ئێستا دەوامەمان نیە و بێکارین، ئەگەر ڕۆژی سێ کاتژمێر لەبەر ئەم دەرگایە دابنیشیت، بەڵێنت پێ دەدەم کە مانگی ئەوەندە پەیدا دەکەیت خانمی ستایش بەبێ منەت کچەکەیت پێ بدات!

بە گیانی تۆ کارێکی گران نیە! زۆر ئاسانە، تازە دەتوانی بەو شێوەی سەرت داخستووە بۆ خۆت شیعر بخوێنیت یان وانەکانت لەبەر بکەیت!

- وای وای!! بەخودا کاتێک بیریشی لێ دەکەمەوە گیانم دەلەرزێت! تۆ چۆن لەڕووت هات لێرە دانیشیت و سواڵ بکەیت؟! ئەگەر لەپڕ کەسێک دەیبینیت و بەباوکتی دەگوت چی دەبوو؟

کاوە- هیچ! باوکم زۆر خۆشحاڵیش دەبوو! دەیگوت کوڕەکەم ئیتر لەسەر پێی خۆی وەستاوە و خەریکە پارە پەیدا دەکات!

- خودا بتکوژێت کاوە!

لە پێکەنیندا خەریک بوو دەمردم.

کاوە- تو گیانی من تۆ هیچ مەڵێ من دەڕۆم وەک چارەکێک پێش ئێستا لەبەر دەرگا دادەنیشم. تۆ تەنها لە پەنجەرەکەوە تەماشابکە و بزانە چەندە پارەم بۆ دادەنێن! باوەڕبکە بەوشێوەیە دانیشم میلەتێک کۆدەبێتەوە لە چواردەورم و دڵیان بۆ من دەسووتێ و پارەم بۆ دادەنێن!

لە پێکەنیندا خەریک بوو دڵم دەوەستا.

کاوە- وەرە، وەرە لانی کەم شێوازی دانیشتنەکەت فێربکەم لەوانەیە ڕۆژێک سوودی لێ ببینیت!

فرمێسک لە چاوەکانم دەهات و گوتم:

- ئەگەر لەو کاتەدا پۆلیسەکان تۆیان بگرتایە چیت دەکرد؟

کاوە- ئەوەندە کاسپیم باش بوو کە شتێکم پێ دەدان و دەڕۆیشتن.

پێکەوە دەستمان کرد بەپێکەنین.

- ئێستا لەم کاتەدا بۆچی هاتبووی؟

کاوە- ئەوەندە چێژم لە پەیداکردنی پارە بینیوە کە لەبیرم چوو بۆچی هاتبووم بۆ ئێرە!

- بیرکەرە و بزانە بۆچی هاتبوویت؟

کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

کاوە- بەهزاد بەگیانی تۆ حسابێکی زارەکیم کرد و بینیم ئەگەر هەر ڕۆژێک بێم بۆ ئێرە و دابنیشم، ڕۆژی حەوت بۆ هەشت هەزار تمەن پەیدادەکەم ها!

خودا لەناوت ببات کاوە! بەخودا ڕۆژێک بەم گاڵتە جاڕیەت لەناو دەچیت ها! لە
- کۆتاییدا بیرت کەوتەوە بۆچی هاتبووی بۆ ئێرە؟
کاوە- هەرچەندە هەوڵ دەدەم ئەو کاسپیە لەمێشکم بکەمە دەرەوە ناکرێت! ئەو
خودا براوە ناهێڵێت خولەکێک بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە!
دووبارە دەستمان کرد بەپێکەنین.
کاوە- باوەڕبکە لەم شارەدا پارە ڕژاوە! تەنها دەبێت کۆی بکەیتەوە! بەخودا
کەلێکی مرۆڤ دۆست و بەخشندەمان هەیە ئێمە! هەر کەسێک ئەم پێلاوانەی من
ببینێت دەزانێت ئەورووپیە و نرخەکەی حەفتا بۆ هەشتا هەزار تمەن دەبێت! ئەو
کاتەش هەر پارەیان بۆ دادەنام!
- لە کۆتاییدا بۆچی هاتبووی بۆ ئێرە؟ بۆچی نەڕۆیشتیتە سەرەوە بۆ لای فەریبا؟
وەک ئەوەی تازە بیری کەوتبێتەوە، ڕووخساری خەمی لێ نیشت و گوتی:
کاوە- خەمبارم. خەفەت هەموو گیانمی گرتووە! وەرە تەماشام بکە، تاکو
باخەڵەکانم خەفەت ڕۆیشتووە! پارچەیەک خەم ڕۆیشتە پێڵاوەکانم، قاچمی بریندار
کرد!
- بمریت کاوە کە خەفەتیشت وەک مرۆڤ نیە! ئێستا بڵێ بزانم چی بوە.
کاوە- خەم قورگمی گرتووە و ناتوانم قسە بکەم. سەد تمەنیەک لە ڕێگەی خودا
بەخشە لەوانەیە خەمەکانم بڕواتە خوارەوە و تاکو بۆتی باس بکەم. ئێستا تۆ کە
هاوڕێی منیت دەبێت چارەسەرم بکەیت. دەبێت خەمەکانم هەڵبگریت. وەرە نیو
کیلۆم پەنجا گرام کەمتر خەمم بۆ هێناویت. بیگرە و بیخۆ. بیخۆ و شەرم مەکە
زۆرم هەیە!
- تۆ کەی دەبیتە مرۆڤ؟ مرۆڤ نازانێت ڕاست دەکەیت یان درۆ! بەڕاستی
شتێک بووە؟
کاوە- بەڵێ بابە! ئێستا دەبێت کفنەکەم ببینیت تاکو باوەڕبکەیت خەمبارم؟!
- ئاخر تۆ کەی وەک مرۆڤ قسە دەکەیت!
کاوە- بەگیانی تۆ زۆر خەمبارم.
- مەگەر من مردووم کە تۆ خەمبار بیت هاوڕێ.
کاوە- زۆر سووپاست. قوربانت بەهزاد گیان. بەڵام خۆزگە تۆ دەمردی! دوو
ڕۆژ خەمبار دەبووین و تەواو دەبوو دەڕۆیشتین بەلای کارمانەوە! بەتبەختی من
لەو شتانە زیاترە!
- بمریت بۆ ئەو قسەکردنەت. لە کۆتایدا دەڵێیت چی بووە یان نا؟

یاسەمین

کاوە- دایکم دەیەوێت ژنم بۆ بهێنێت، باوکم ڕۆیشتووە تەماشای حسابی بانکیەکەی کردووم و بینیویەتی پارەی زۆرم دەرهێناوە. بیری کردۆتەوە کە ئەوە خودا نەخواستە دوور لە گیانم گەردم لێ نیشتبێت!

- تۆ چیت پێ گوتن؟

کاوە- هیچ بابە، گوتم هیرۆینم نەکێشاوە. قومارم کردوە و دۆڕاندوومە!

- ڕاست دەکەیت کاوە؟!

کاوە- تۆ چەند سادەیت! باشە ڕووداوەکەم گوت پێیان ئیتر.

- چیت گوت؟

کاوە- گوتم کەل و پەلی ناوماڵم بۆ فەریبا کڕیوە و پارەی پێشەکی کرێی خانووەکەیم داوە.

- ئەوان گوتیان چی؟

کاوە- پرسیاریان کرد و گوتیان فەریبا کێیە؟

- تۆ چیت گوت؟

کاوە- گوتم کچێکە.

- باشە؟

کاوە- باش کە باشە!

- مەبەستم ئەوان چیان گوت؟

کاوە- گوتیان کچێکە واتە چی؟

- باشە!

کاوە- دەڵێم ها! ئەمڕۆ ناوەڕاستی هەفتەیە ئەوەندە سواڵم کردووە، شەوی هەینی دەبێتە دوو ئەوەندە ها!

دەڵێم بەفەریبا بڵێم کە عەبایەک لەسەر بکات و ئێواران لێرە دابنیشێت کاسپیەکی باش دەکەین! چۆنە؟!

- ئای!!! دەڵێم تۆ چیت گوت؟

کاوە- گوتم کچێکە دایکی مردووە. ئەوانیش گوتیان هەر کچێک دایکی بمرێت تۆ دەڕۆیت خانوویان بۆ بەکرێ دەگریت و کەل و پەلیان بۆ دەکڕیت؟!

- ئەو کات تۆ چیت گوت؟

کاوە- منیش گوتم نەوەک هەر کچێک. هەندێک لە کچەکان ئەگەر دایکیان بمرێت، من خانوویان بۆ بەکرێ دەگرم و کەل و پەلیان بۆ دەکڕم!

- ئەو کات چی بوو؟

کاوە- باوک و دایکیشم دوو نەفرەتیان لێ کردم!
- کاوە گیانت دەرچێت کە گیانی منت کێشا! جوان قسە بکە بزانم چی بووە؟
کاوە- هیچ ئیتر، دایکم گوتی دەبێت زووتر ژن بهێنیت.
- باشە.
کاوە- باشی چی؟
- واتە دواتر چی بوو؟
کاوە- منیش گوتم یان ژن ناهێنم یان ئەو کەسەی خۆشم دەوێت دەیهێنم.
- ئەوان چیان گوت؟
کاوە- گوتیان تۆ گو دەخۆیت!
- لاڵ بیت کوڕە! شێتت کردم. دواتر چی بوو؟
کاوە- ئەوان گوتیان تۆ کێت خۆش دەوێت؟ منیش گوتم فەریبا. ئەوان گوتیان فەریبا کێیە؟ میش گوتم هەمان ئەو کچەی دایکی مردووە.
- باشە باش!! ئەوان چیان گوت؟
کاوە- قسەکانیان لەوێدا تەواو بوو.
- واتە چی قسەکانیان لەوێدا تەواو بوو؟!
کاوە- واتە تیۆریەکانیان تەواو بوو کارەکە بوو بەپراکتیکی!
- واتە چی؟
کاوە- واتە ئەوەی کە شەقێکیان تێهەڵدام و کردیانمە دەرەوە! لەڕووم نایەت بڵێم لەکوێ!
- باشە!
کاوە- منیش هاتم بۆ لای تۆ تاکو من بخەیتە ژێر پەڕ و باڵی خۆتەوە و بمپارێزی!
- کەچەڵ ئەگەر پزیشک بووایە، سەری خۆی تیمار دەکرد. هەستە ونبە و بزڕەوە بۆ ماڵی خۆتان بەو جۆرە قسەکردنەت!
کاوە- من منداڵێکی بێ جێگەم و پەنام بۆ تۆ هێناوە. ئەگەر نەمپارێزیت و دەرم بکەیت، دەبمە خراپەکار و تاوانەکەی دێتە ملی تۆ! ئەگەر لێرە بڕۆم فێڵم لێ دەکەن. گەنجەکان فریووم دەدەن و دەبمە فریوو خۆر!
- تۆ دونیا خراپ دەکەیت! بێچارە گەنجەکان! ئێستا بڵێ بزانم گیانی من ڕاست دەکەیت؟
کاوە- بەڵێ بابە! درۆ چییە؟

- ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟
کاوە- بلیمەت! ئەگەر دەمزانی نەدەهاتمە لای تۆ!
- تۆ دڵنیای فەریبات خۆش دەوێت و دەتەوێت لەگەڵیدا هاوسەرگیری بکەیت؟
کاوە- نەخێر!
- دووبارە گاڵتە دەکەیت؟
کاوە- بەڵێ بابە دڵنیام.
- واتە لەگەڵ کچێکی دیکەدا ناتەوێت هاوسەرگیری بکەیت؟
کاوە- باشە بۆچی نا! ئەگەر کچێکی جوانتر لە فەریبا هەبێت لەگەڵی هاوسەرگیری دەکەم!
- خاک بەسەرت بۆ ئەو خۆشەویستیەت!
کاوە- نە بابە، گاڵتەم کرد. من تەنها لەگەڵ فەریبا هاوسەرگیری دەکەم.
- بەتەواوی دڵنیای؟
کاوە- نەوەک تۆ کچێکی جوانترت بۆ پەیداکردبێتم؟ تو گیانی من ئەگەر پەیدات کردووە بڵێ!
- مردوو شۆرەکان تۆ ببەن کاوە!
کاوە- ئاە!! چاوم لێ مەکە گۆشتم دەبێتە ئاو! تو گیانی من ئەگەر کچێکی جوانترت بۆ پەیداکردووم بڵێ. ئەگەرنا بابڕۆم فەریبا بهێنم!
- هەستە بڕۆ ناکرێت قسەی ڕاست لەگەڵ تۆ بکرێت!
کاوە بەشێوەی گریانەوە گوتی:
کاوە- ئاخر چی بکەم کە تۆ باوەڕ بەمن بکەیت؟!
- لەبەر ئەوەی هەمیشە گاڵتە دەکەیت. مرۆڤ تێناگات ڕاست دەڵێی یان درۆ!
کاوە- باشە باش. تۆ پرسیار بکە و منیش بەڕاستی وەڵامت دەدەمەوە.
- تۆ بەڕاستی فەریبات خۆش دەوێت؟ بەڕاستی دەتەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت؟
کاوە- دەبێت بیربکەمەوە.
- مەگەر تاکو ئێستا بیرت نەکردۆتەوە؟
کاوە- بۆچی نا، بەڵام نازانم بۆچی دڵم دەڵێت تۆ یەکێکی دیکەت بۆ داناوم کە لە فەریبا باشترە! دەترسم کڵاو بچێتە سەرم! دەکرێت جارێک وێنەکەیم پێ نیشان بدەیت؟
- وێنەی کێ؟!! هەستە ونبە! تۆ نابیتە مرۆڤ!

کاوە- باشە باش! ڕاست دەڵێم. بەڵێ بەخودا. دەمەوێت لەگەڵ فەریبا هاوسەرگیری بکەم. خۆم ڕێگەکەی شارەزام. تۆ دەبێت بێیت و لەگەڵ دایک و باوکم قسەبکەیت.
- من قسەیەکم نیە. هەرکاتێک ویستت بڵێ. هەر ئێستا هەستە بڕۆین.
سواری ئۆتۆمبێل بووین و بەڕێ کەوتین. لە ناوەڕاستی ڕێگەدا لە ڕێکەوە شەقامەکە کاوە ژنێکی سواڵکەری بینی، ڕایگرت و دابەزی. ڕۆیشتە کەناری، تەواوی ئەو پارانەی لە سواڵکردن پەیدای کردبوو دای بەژنەکە. ژنەکە بەردەمی، گوتی:
- خودا موحتاجت نەکات گەنج.
کاوە- مەترسە دایە! ئێتر خۆم ڕێگەکەی دەزانم! ئەگەر موحتاجیش بووم دێمە ئێرە و دەبمە هاوکاری ئێوە! فێڵ و فڕی ئەو قسانەش فێربووم!
بەکورتی دووبارە سەرکەوت و کەمێک دواتر گەیشتنەماڵیان.
دایک و باوکی نیگەرانی بوو بوون. هەر کە گەیشتین باوکی بەتوڕەییەوە گوتی:
- لەکوێ بوویت؟!
کاوە- بابە گیان ڕۆیشتبوومە سەر کار!
نەمتوانی خۆم ڕابگرم و دەستم کرد بەپێکەنین. لەدوای سڵاو و هەواڵ پرسی باوکی گوتی:
- باش بوو تۆ هاتیت بەهزاد. ئێمە خۆ لەزمانی ئەم کوڕە تێناگەین! تۆ باسی ڕووداوی ئەو کچەمان بۆ بکە.
تەواوی ڕووداوەکەم بۆ باسکردن جگە لە سەرکەوتنی فەریبا بۆ سەر ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە هەرچی ڕووی دابوو بۆم باسکردن.
خانم بەرومەند- من دەمەوێت بزانم بۆچی ژاڵە ناهێنیت؟
کاوە- چوونکە لە منداڵیەوە پێکەوە گەورە بووین. وەک خوشکمە.
خانم بەرومەند- باشە،کچە خاڵەکەت. ناهید دەڵێم. لەگەڵ ئەو هاوسەرگیری بکە.
کاوە- ئەویشم ناوێت. باڵای بەرزە. ئەگەر بمەوێت شتێک لەپاڵ گوێیدا بڵێم دەبێت کورسەیەک بخەمە ژێری قاچم.
خانمی بەرومەند- باشە کێشە چییە؟ دواتر منداڵەکانتان باڵا بەرز دەبن.
کاوە- ڕاست دەکەن. دواتر منداڵەکانمان دەبنە ترافیک لایت! هەر لەکوێ دیارە من منداڵم دەبێت! من لە سروشتیەوە خراپ بووم!!
جەنابی بەرومەند- لاالەالاالله! باشە برۆ کچە مامەکەت بهێنە.

کاوە- ئەو مێشکی پوچە. مێشک پووتەکانم خۆش ناوێت. دواتر مەگەر من مەرم تاکو ئێوە جووتێکم بۆ پەیدا بکەن؟ بیرتان کردۆتەوە من مریشکم و کەڵەشێرم بۆ دێنن؟!

دواتر ڕووی کردە من و گوتی:

- منیان ناو ناوە کاوە. لە مێشکیاندا منیان کردووە بەگاوە واتە گامێش! ئێستا دەیانەوێت ماددەیەکی باش پەیدابکەن و بیانکەنە جووت و شتێکی باشی لێ دەربچێت!

باوکی دەستی کرد بەپێکەنین.

خانمی بەرومەند- کەواتە تۆ کێت دەوێت؟

کاوە- هەمان ئەو کچەی دایکی مردووە!

جەنابی بەرومەند- تۆ هەر قسە مەکە. قسەیەکی ڕاست لە دەمت نایەتە دەرەوە!

کاوە- بۆچی بابە. سڵاو و خوداحافیزی قسەی ڕاستە ئیتر!

دووبارە باوکی پێکەنی.

جەنابی بەرومەند- ئاخر کوڕی من تۆ چی دەربارەی ئەو کچە دەزانیت؟

کاوە- دەزانم کەوا دایکی مردووە!

ئەم جارەیان هەمووومان پێکەنین. کەشەکە لە تورەیی دەرچوو بوو.

کاوە- پێشنیارێکم هەیە. ئێستا ئێوە کە ڕازی نین، ڕێگە بدەن من شەش مانگ فەریبا بهێنم و دواتر جیادەبمەوە و دێنم نەژاد پاک دەکەینەوە! دواتر گوێرەکەیەکتان بۆ دێنمە دونیا وەک فیلەکانی هیندستان! چۆنە؟

خانمی بەرومەند- ڕۆڵە گیان ئەوەندە گاڵتە مەکە. ئەمە ژیانتە و ئایندەتە!

کاوە- ئەگەر ڕێگە نەدەن لەگەڵ فەریبا هاوسەرگیری بکەم لەو پەنجەرەوە خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە ها!

جەنابی بەرومەند- خۆ کوژیشت پێچەوانەی ئادەمیزادە! ئەم پەنجەرە تاکو حەوشەکە مەترێک زیاتر نیە!

کاوە- باشە چوار جار لێرەوە خۆم هەڵدەدەم، ئەوکاتە دەڵێن لە چوار مەتری کەوتووەتە خوارەوە!

جەنابی بەرومەند- کوڕە تۆ کەی دەبیتە مرۆڤ؟

کاوە- ژنم بۆ بهێنن دەبمە مرۆڤ!

هەمووان پێکەنین.

کاوە- هەر دەزانن چییە؟ من ژاڵە و ناهید و کچە مامەکەم و فەریباش دەهێنم!

چونە؟ ژن هێنان بەلای منەوە وەک حەبی میکرۆب کوژە! شەش کاتژمێر جارێک!
ئەوکاتە زووتر چاک دەبمەوە! هاوڕان؟
دواتر ڕووی کردە من و گوتی:
کاوە- ئای! کوڕە بۆچی تۆم هێناوە بۆ ئێرە؟ چەندێکە هەر خۆم قسە دەکەم!
تۆیش شتێک بڵێ ئیتر.
- لەڕاستیدا من بەباشی نازانم تۆ لەگەڵ فەریبادا هاوسەرگیری بکەیت!
کاوە- قوربانی تۆم! زۆر سووپاست. هەر بێدەنگ بیت باشترە! خۆم پشتگیری لە
خۆم دەکەم. دەترسم ئەگەر دەمت بکەیتەوە تاکو ئێوارە بەشووم بدەن و دوو
منداڵیشم ببێت!
خانمی بەرومەند- مەبەستت چیە بەهزاد گیان؟
- کاوە دەبێت بزانێت توانای هاوسەرگری لەگەڵ فەریبادا هەیە یاخود نا! ئەو
کچە کەم لە ژیاندا فیداکاری گەورەی کردووە! شایەنی ستایشە!
کاوە- واتە دەبێت ببێتە ژنی جەنابی ستایش؟
زەق زەق تەماشام کرد و گوتم:
- هەر کەسێک لەگەڵ ئەو هەموو بەتبەختیەدا بسازێت و چاودێری دایکە
نەخۆشەکەی بکات کەسێکی گەورەیە! چەند ساڵ بەبەتبەختی وانەی خوێندووە و
کاریشی کردووە و چاودێری دایکیشی کردووە.
ئێوە چ پێوەرێکتان بۆ ناسینی کچێکی باش داناوە؟ ئەوەندە بەس نیە کچێک
ئەوەندە خانەدان بێت وانەکانی واز لێ بهێنێت و کارێک پەیدا بکات و چاودێری
دایکیشی بکات؟! ئەم کچە تاقیکردنەوەی خۆی لە ژیاندا کردووە.
کاوە وەک برای منە. ئەگەر فەریبا کچێکی باش نەبووایە پشتگیریم لێ نەدەکرد.
من حەز ناکەم کاوە بەدبەخت بێت. لە هەموو ڕوویەکەوە بە بڕوای من فەریبا
کچێکی باشە.
خانمی بەرومەند- ئاخر بەهزاد گیان ئەو کچە کەسی نیە؟
- منیش کەسم نیە! ئەوە نابێتە بەڵگەی خراپی کەسەکان!
کەمێک بەبێدەنگی تێپەڕی. دواتر باوکی کاوە گوتی:
- بەهزاد گیان ئێمە قسەکانی تۆ ڕەچاو دەکەین. زۆر باشە. تەنها ڕێگە بدە
ماوەیەک بیربکەینەوە و ڕاوێژ بەیەکتری بکەین. دواتر بڕیاری خۆمان دەدەین.
- زۆر سوپاست جەنابی بەرومەند. دەبێت ئەوەش بڵێم بەبڕوای من فەریبا
دەتوانێت کاوە خۆشبەخت بکات. ئەگەر من کوڕێکم هەبووایە بەدڵنیاییەوە فەریبام

بۆ دەهێنا.

نیو کاتژمێر دواتر لەگەڵ ئەوەی ویستیان بۆ ئێوارە بمێنمەوە، ماڵئاوایمان کرد و لەماڵەوە هاتینە دەرەوە.

کاوە- دەستەکانت خۆش بێت بەهزاد. خەریکە ڕێک دەکەوێت. بەڵام ئێستا کێشەیەکی دیکەم هەیە.

- ئیتر چیتە تۆ؟

کاوە- ئێستا کە بەباشی بیردەکەمەوە دەبینیم فەریباشم زۆر ناوێت!

- ئای! کوڕە تۆ گاڵتە بەئێمە دەکەیت؟ هەر دیارە تۆ کێت دەوێت؟!

کاوە- بەڵێ من تۆم دەوێت! ساڵانێکە خۆشم دەوێیت! ساڵانێکە ئەو خۆشەویستیەم لە دڵمدا شاردۆتەوە! بەهزاد خۆشەویستی من! وەرە بۆلای باوکم بۆ داخوازی. تۆ ئیتر ناسراویت. باوکم نەخێرت پێ ناڵێت. بەخودا ژنێکی باش دەبم بۆ تۆ!

- مردوو شۆرەکان تۆ ببەن!

چەند خولەک دواتر گەیشتینە ماڵەوە.

کاوە- بڕۆین سەرێک لە فەریبا بدەین بزانین چ باسە.

چووینە سەرەوە و لە دەرگاماندا.

فەریبا- سڵاو بەهزاد خان. سڵاو کاوە خان.

- سڵاو لە ئێوەش حاڵتان چۆنە؟

کاوە- سڵاوتان لێ بێت فەریبا خانم چۆنن؟

فەریبا- زۆر سوپاست باشم. فەرموو وەرنە ژوورەوە. ئێستا چایتان بۆ دێنم. ئامادەیە.

دانیشتین و خولەکێک دواتر فەریبا بەسینیەک چاییەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە.

- دەستەکانت خۆش بێت. ببورن فەریبا خانم، فەرنوش پەیوەندی نەکردووە؟

فەریبا- نەخێر پەیوەندی نەکردووە.

کاوە- نانتان نەخواردووە؟

فەریبا- نەخێر. بەڵام شتێکم بۆ خۆم درووست کردووە. ئەگەر ئێوەش نانتان نەخواردووە نیو کاتژمێری دیکە شتێکتان بۆ درووست دەکەم.

کاوە- نا زۆر سووپاست. دەڕۆم لە دەرەوە کەباب دەکڕم. زۆر خۆش دەبێت. تەنها ئەگەر بەئەرک نەبێت سینیەک بهێنن تاکو کەبابەکانی بکەمە سەر.

تاکو فەریبا چووە چێشتخانە کاوە گوتی:
کاوە- بەهزاد گیان تاکو من دەڕۆم خواردن دەکڕم لەلایەن منەوە خوازبێنی بکە.
- ئای! بەمن چی؟! مەگەر خۆت لاڵیت؟!
تاکو ویستم بڵێم من ناتوانم، فەریبا بەسینیەک هاتە دەرەوە و کاوە بەخێرایی ڕۆیشت.
فەریبا هات لە مۆبیلی ئەولاتر دانیشت. کەمێک دەستە دەستم کرد و دواتر گوتم:
- فەریبا خانم پرسیارێکم لێتان هەیە.
فەریبا- بفەرموون!
- ئەگەر کەسێکی وەک کاوە بێتە داخوازیتان ڕای ئێوە چییە؟
سوور بوویەوە و سەری داخست.
- ببورن لەپڕ چوومە سەر بابەتی سەرەکی. دڵگران بوون؟
فەریبا- نەخێر تکادەکەم. بەڵام زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو.
- ئێستا ڕای ئێوە چییە؟
لەپڕ دەستی کرد بەگریان و گوتی:
فەریبا- ئاخر دەزانن؟ ئەو شتانە باوک و دایک لە کچەکەیان دەپرسن؟
- خودا لێیان خۆش بێت. بەڵام باشە ئەو شتانە دەکرێت برایەکیش بپرسێت! منیش وەک برای ئێوەم ئێتر. ئێستا بەباشی بیربکەنەوە و دواتر وەڵام بدەنەوە.
سەری داخست و بێدەنگ بوو. دواتر کاتێک بینی چاوەڕوانم گوتی:
فەریبا- چی بڵێم بەهزاد خان؟ من پرسەدارم؟
- دەزانم. بەڵام بەقسەی پێشینان ویستم قسە لە زارتان دەربهێنم.
کەمێکی دیکە بیری کردەوە و دواتر گوتی:
فەریبا- بەهزاد خان، ئەوە قسەی خۆتانە یان کاوە خان؟
- قسەی کاوەیە. داوای لە من کردووە لە ئێوە بپرسم.
فەریبا- من ئێستا پرسەدارم بەهزاد خان!
- هەڵبەتە من بە تەواوی هەست بەئێوە دەکەم. تەنها کاوە ویستی بزانێت دەتوانێت هیوای بە هاوسەرگیری لەگەڵ ئێوەدا هەبێت یاخود نا. ئەگەر ئێوە وەڵامی ڕازیبوون بدەنەوە، ئەوانی دیکە دەمێنێتەوە بۆ دواتر.
دووبارە بیری کردەوە و گوتی:
فەریبا- نازانم دەبێت چی بڵێم. تێداماوم چی بکەم.
دەزانیت ئەگەر بڵێم نا ئەوە سوپاست گوزار نەبووم، ئەگەریش بڵێم بەلێ

دەکرێت کاوە خان وابیربکەنەوە لەبەر سامانەکەیانە. هەرچەندە ئێستایش خەرجی من لە ئەستۆی ئەوانە!

- هەر لەبەرئەوە داوای کرد من لە ئێوە بپرسم.

فەریبا- من دەبێت چی بکەم بەهزاد خان؟

- تەماشای دڵتان بکەن. بزانن بەڕاستی کاوەتان خۆش دەوێت؟ دواتر زۆر بەئاسانی بەمن بڵێن بەڵێ یاخود نەخێر. تەنانەت ئەگەر وەڵامی ئێوە نەخێریش بێت کاوە فەرامۆشتان ناکات.

دووبارە سور بوویەوە و سەری داخست. کەمێک ڕاوەستام و دواتر گوتم:

- بێدەنگی نیشانەی ڕازی بوونە. ئەگەر وەڵام نەدەنەوە و بێدەنگ بن واتای ئەوەیە ئێوەش کاوەتان خۆش دەوێت. ئاگاداری منن فەریبا خانم؟

دووبارە سەری داخست و هیچی نەگوت.

- کەواتە لەسەر ئێزنتان کاتێک کاوە هات من دەڵێم کە ئێوەیش خۆشتان دەوێت و ڕازین بە هاوسەرگیری لەگەڵیدا. باشە؟

دووبارە بێدەنگ بوو.

- بێدەنگی نیشانی ڕازیبوونتانە. باشە بەسەلامەتی پیرۆزە. هیوادارم پێکەوە ژیانێکی خۆش بەسەر ببەن.

ئەم جارەیان سەری بەرز کردەوە و بزەیەک لەسەر لێوەکانی بوو.

چارەکێک دواتر کاوە گەڕایەوە. سینی کەبابەکەی دایە دەستی فەریبا، فەریباش بەبێ ئەوەی سەری بەرزبکاتەوە و تەماشای چاوەکانی کاوە بکات سینیەکەی وەرگرت و ڕۆیشتە چێشتخانە. کاوە هات لەپاڵ مندا دانیشت و گوتی:

کاوە- چی بوو؟

- وەڵامەکەی نەخێر بوو. زۆر دڵگرانیش بوو. گوتی کاوە خان شەرمەزار نابن ئەو قسانە بەکچێکی پرسەدار بڵێن!

کاوە- ئاخ ئاخ! بەگیانی تۆ هەر بیریشم نەبوو. ئێستا لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا داخوازیم کردووە گوتی نەخێر؟ واتە ئەگەر دواتر خوازبێنی بکەم دەڵێت بەڵێ؟

- نە بابە. قسەم زۆر لەگەڵدا کرد. هەر ڕازی نابێت. ئەو خۆشی لە تۆ نایەت. خەتای خۆتە. ئەوەندە گاڵتە دەکەیت، بەوشێوەی لێ دێت ئیتر!

کاوە- خەریکیت وەک سەگ درۆ دەکەیت! من خۆم فێڵ لە هەمووان دەکەم ئێستا تۆ دەتەوێت فێڵ لەمن بکەیت؟!

- کاتێک هاتیتەوە ڕەفتاری چۆن بوو؟

کاوە- ئاخ ئاخ! ڕاست دەکەیت، هەر تەماشای نەکردم!
- مافی خۆیەتی داماوە. ئەوە شێوەیە تۆ هەتە؟
کاوە- خەریکیت سەر دەخەیتە سەرم! بڕۆ ڕۆڵە گیان! هێشتا زووە تۆ بتوانیت بێل لە من بکەیت!
- نە بەگیانی خۆم. ئەگەر باوەڕ ناکەیت بڕۆ لە خۆی بپرسە. بەڵام ئەگەر تێک شکابت دلگران نەبیت ها.
کاوە- ئاخر شێوەی من کێشەی چیە؟ هەمووان دەڵێن باڵا بەرز و جوان و ڕێک و پێکیت! نەخێر تۆ بڵێ. کوێی ڕووخسارم کێشەی هەیە؟
- لووتت! لووتت زۆر بۆگەنە. مرۆڤ بێزار دەکات! دەڵێی لووتی فیلە؟
کاوە- ئای ئای!! چ باسە؟ بۆچی هاوار دەکەیت؟ ئێستا دەنگت دەچێتە چێشتخانە!
بە هێواشی گوتم:
- لووتت بێ کەلکە کاوە گیان، چەند ساڵە دەمەوێت پێتی بڵێم بەڵام لەڕووم نەهاتووە.
دەستی هێنا بە لووتیدا و گوتی:
کاوە- تاکو ئێستا پێیان دەگوتم لووتێکی جوانم هەیە! ئێستا چۆنە فەریبا ڕەخنەی لێگرتووە نازانم! ئەم لووتە هێندەی سەری پەنجەیەک زیاتر نیە! تازە لووت نیە زۆر زۆر بێت شەش مانگە!
- فەریبا ڕەخنەی نەگرتووە. ئەو هەر خۆشی لە تۆ نایەت. من خۆم ئەوەت پێ دەڵێم.
کاوە- تۆ گیانی من گاڵتە دەکەیت؟ ئەو هەموو پزیشکە لەم وڵاتەدا هەیە دەڕۆم نەشتەرگەری دەکەم. دەڵێم بیکەنە بندوقێک! بۆ ئەوانی دیکە سودی دەبێت!
- ئەوانی دیکە؟ مەگەر دەتەوێت چەند ژن بهێنیت؟ تازە! بەو شێوەش سودی نیە! لووتیشت نەشتەرگەری بکەیت کێشەیەکی دیکە درووست دەبێت!
کاوە- چ کێشەیەک؟ تۆیش کاتت دەست کەوتووە بۆ گاڵتەکردن؟!
- دەمت زۆر درێژە! دەبێت بیرێک لەویش بکەیتەوە!
کاوە- کەواتە بەیەکجاری بڵێ بڵێم بەنەنەم من بهێنێتەوە دنیا! ئەم جارەیان ڕووخسارم بدات لە کەتەلۆگی مارۆن براند!! شێوەیە ئیتر! خودا پێی داوم.
- قوربانی خودابم. بەڵام شێوەیەکی باشی بۆ تۆ نەداوە کاوە!
کاوە- ئەگەر بزانم سەرت خستوتە سەرم بەڵایەکت بەسەردا دێنم دەستەکانت لە هەوادا ببینیتەوە بەهزاد!

- بیرت کردۆتەوە گاڵتە دەکەم؟ ئەگەر من درۆ دەکەم بۆچی فەریبا لە چێشتخان نایەتە دەرەوە؟ هەر حەزناکات ئەو شێوە ناشرینەت ببینێت!

باوەڕ بکە کاوە! زۆر سەختە! واتە دەزانیت؟ ئەو لووتەی تۆ نیوەی ژوورەکەی داگیر کردووە! هەر جێگە نابێتەوە ئێمە بێینە ژوورەوە!

کاوە- نەخێر! ئێستا من بوومە فرانکشن؟! ئەو ئاوێنە لەکوێیە؟ نەوەک ئەمڕۆ رووخسارم شتێکی لێ هاتبێت؟! پێشووتر عەیبم نەبوو!

ڕاست دەڵێیت ها! بۆچی لە چێشتخانە نایەتە دەرەوە؟ کەبابەکەم بەئامادەکراوی هێنا!

- کاوە گیان، لەبیری لوتتدا بە! لووت نیە شەست ساڵەیە! دەڵیی لووتی فیلە!

کاوە- ئێستا تۆ لە ناوەڕاستی شەڕدا نرخ دابنێ! زۆر باشە دەچم نەشتەرگیری دەکەم ئەو خودا براوە!

دووبارە دەستی دایەوە لە لووتی. باوەڕی کردبوو.

کاوە- بەخودا بەهزاد ئەگەر درۆت کردبێت بێ چارەت دەکەم! فرمێسکت دەڕێژم!

- ونبە بابە. پەیوەندی بەمنەوە چییە؟! ئەوە تۆ و ئەوەش فەریبا!

تەماشایەکی چاوەکانی کردم و گوتی:

کاوە- ئای..! گرتمیت! لە چاوەکانتدا خۆشحاڵی دیارە. بەدڵنیاییەوە وەلامی بەڵێ داویتەوە!

بڕۆ ڕۆڵە گیان، من بۆق ڕەنگ دەکەم و لە جێگەی خواردن دەی فرۆشم! تۆ دەتەوێت من ڕەنگ بکەیت؟!

- هەڵەت کرد! باوەڕت کردبوو.

کاوە- بەگیانی تۆ لە سەرەتاوە تێگەیشتم. حەزم نەکرد بێزار بیت! گوتم با کەمێک سەر بخاتە سەرم.

، - بڕۆ ...خۆتی! من بووم دەمویست لووتم نەشتەرگەری بکەم؟!

کاوە- قسەی زیادە مەکە! لە لای فەرنوش دەگەمە خزمەتت. ئێستا بڵێ بزانم چی بوو؟ چی گوت؟

- خەیاڵت ئاسوودە بێت، پیرۆزە.

کاوە- من خەیاڵم هەر لە سەرەتاوە ئاسوودە بوو! برۆمە خوازبێنی شازادەی ئینگلتەرا وەلامی نەخێرم نەداتەوە!! شازادەی فەڕەنسا وێنەی منداڵی منی بینیوە، دایناوە بۆ کچە بچووکەکەی!

- فەڕەنسا شازادەی نیە!

یاسەمین

کاوە- لەکوێ بزانم؟ ئەوەندە زۆرن نازانم شازادەی کوێ بوو! ئێستا بۆچی نەریبا نایەتە دەرەوە!

لەو کاتەدا فەریبا بانگی کردین. خواردنی ئێوارەی لە چێشتخانە دانابوو.

فەریبا- ببوورن زۆرم پێ چوو. خەریکی درووست کردنی زەلاتە بووم. فەرموو وەرن بۆ چێشتخانە.

کاوە بەهێواشی گوتی:

- من لەڕووم نایەت ڕووبەڕووی ببمەوە بەهزاد. شەرم دەکەم.

- شەرمی ناوێت. فەریباش وەک شازادەی ئینگلیز! تۆ کە داخوازی زۆرت هەیە!

کاوە- قسە مەکە! هەستە تۆ لە پێشەوە برۆ منیش لە دواتەوە دێم.

لە پێشەوە ڕۆیشتم. تاکو ویستم بڵێم پیرۆزە، بینیم کاوە لە پشتمەوە نیە! پێکەنینم بەفەریبا دەهات کە سەری داخستبوو.

- شەرم دەکات بێتە چێشتخانە!

فەریبا بەهێواشی گوتی:

- لەڕاستیدا بەهزاد خان منیش شەرم دەکەم.

- ساتانێکی شیرینە!

دواتر کاوەم بانگ کرد.

- کاوە، کاوە! وەرە ئیتر. کەبابەکە بەستی.

فەریبا- ببورە بەهزاد خان، کەباب نیە! هەمبەرگری کڕیوە کاوە خان!

- هەمبەرگر!! کاوە وەرە بزانم!

کاوە لە هۆڵەکەوە گوتی:

- ئێوە بیخۆن، سارد دەبێتەوە. من پێم ناخوریت. ببورن لە بیرم چوو تەماتە بکڕم!

- چی سارد دەبێتەوە؟! هەمبەرگر خۆی ساردە! بەو بۆنەیەوە تەماتەکەش هەمبەرگرە!

کاوە- هەمبەرگر چیە؟!

- کوڕە تۆ ڕۆیشتی کەباب بکڕیت، هەمبەرگرت کڕیوە؟! تازە بەدوای سیخی تەماتەش دەگەڕایت؟ کێشە نیە، داخوازی کردووە، شڵەژاوە! وەرە شەرمەزار مەبە. یەکەم جار بەو شێوەیە!

کاوە هاتە چێشتخانە. سەری داختبوو گوتی:

- من چۆن هەمبەرگرم کڕیوە؟!

یاسەمین

- تۆ هەمبەرگرت نەکڕیوە، هەمبەرگریان پێ داویت!

فەریبا- هەمبەرگریش باشە. فەرموون.

هەرسێکمان لەسەر مێزەکە دانیشتین.

- خۆزگە زووتر خوازبێنیمان بۆ بکردیتایە تاکو تۆ کەمێک بێدەنگ بیت!

کاوە و فەریبا بەشەرمەوە پێکەنین.

کاوە- ببوورن فەریبا خانم لە کاتی خۆیدا هاوسەرگیریم نەکرد ها! لە تەواوی ژیانمدا ویستم کارێکی باش بکەم ئەویش بەو شێوەی لێ هات! ئەوەندە شڵەژابووم بارودۆخی ئێوەم لەبیر چوو. بەڕاست من نەمزانی چۆن لە جێگەی کەباب هەمبەرگرم هێناوە؟!

- لە بێ ئاگایەتەوەیە! مەگەر عاشقی کوڕە؟

کاوە پێکەنی و گوتی:

- ئەگەر عاشق نەبوومایە خوازبێنیم نەدەکرد! قسەی سەیر دەکەیت ها!

فەریبا پێکەنی و سەری داخست.

کاوە- ئێستا ئەگەر فەریبا خانم حەزدەکەن ڕووداوی ئەمڕۆ لە بیربکەن من مانگێکی دیکە دیمە خوازبێنیتان تاکو ئێوە بێزار نەبن.

ئەو قسەیەی ئەوەندە بێتاوانانە کرد کە فەریبا سەری بەرزکردەوە و تەماشای چاوەکانی کرد و پێکەنی. کاوەیش پێکەنی. منیش پێکەنیم.

- نەخێر پێویست ناکات. هەر بەم خوازبێنی کردنە فەریبا خانم ڕازی بوو. دەترسم جارێکی دیکە کاتژمێر سێی شەو بێیت بۆ خوازبێنی!

کاوە- بۆ مەگەر من کەرم؟!

- هەڵبەتە نەخێر! دوور لە گیانی کەر! واتە دوور لە گیانی تۆ!

هەستام و هەمبەرگرەکەم هەڵگرت و گوتم:

- من هەمبەرگرەکەم دەبەم بۆ ژوورەکەم دەیخۆم. ئێوە ئێستا قسەی زۆرتان هەیە تاکو بەیەکدی بڵێن.

هەردووکیان داوایان کرد بمێنمەوە بەلام لە دڵەوە حەزیان دەکرد تەنها بن.

خوداحافیزیم کرد و چوومە خوارەوە. لە دڵەوە هیوام دەخواست کە بۆ هەمیشە یەکتریان خۆش بوویت. سووپاست بۆ خودا کە کاری ئەم دوو کەسەش ڕێک کەوت. لەخودام دەویست فەرنوشی منیش ئەم شەو هەواڵی خۆش بۆ من بهێنێت.

کاتێک دەرگای ژوورەکەم کردەوە بینیم نامەیەک کەوتۆتە ژوورەوە. تاکو بەرزم کردەوە دڵم پارچە پارچە بوو. بەدڵەڕاوکێوە کردمەوە. نامەی فەرنووش بوو.

بەهزاد، عەشقی من سڵاو!

کاتێک جادووگەری پیر جادوو درووست دەکات دەربازبوون لێی سەختە. بەڵام خۆشحاڵم کەوا ئەو جادووە کاریگەری لە تۆ نەکرد و لەو تاقیکردنەوەدا بە سەربەرزی هاتیتە دەرەوە. من گوێم لە ئەو قسانەبوو کە دایکی خراپەکارم لە پەیوەندیدا بەتۆی گوت!

لە تەلەفوونێکی دیکەوە گوێم گرت.

هەڵهاتنی تۆم لە ڤێلای کەرەج بینی. مەمنوون کە هیچت نەدایەوە لە رووم. لەو کاتەوە چاوەڕوانم دەکرد.

دەزانم تۆ پاکیت بەهزادی من. من شەرم لە تۆ دەکەم. ئیتر شەرمەزار دەبم تەماشای چاوەکانت بکەم.

ئای خۆزگە دوو دڵ نەدەبووم نەدەهاتم بەدواتاندا تاکو کەرەج. خۆزگە گوێم لەو تەلەفوونە نەفرینە نەدەگرت. ئەگەر هیچم نەدەزانی گرنگ نەبوو بەڵام ئێستا بۆچی نا.

کاتێک دایکێکی هەرزە بیەوێت خۆشەویستی کچەکەی، زاوای ئایندەی، بکاتە خۆشەویستی خۆی ئیتر چی دەمێنێتەوە لە مرۆڤایەتی؟!

کچێک چۆن بتوانێت سەری بەرزبکاتەوە لە ئاستی مێردەکەیدا؟!

من شکام بەهزاد. لە دەروونمدا شتێک شکا کە ساڵانێک بەر لە ئێستا قڵیشی بردبوو.

بەهزاد، فەرخ لۆقای قەڵای بەرد باران بوو بەئەسیری جادووی دێو!

ئەم نامەیە نزیکی بەیانی بۆ تۆم نووسیوە. تاکو بەیانی نەنووستووم و گریاوم.

دواتر هاتمە بەردەمماڵەکەت تاکو تۆ ببینم. کاتێک لەماڵ هاتیتە دەرەوە، وێنە قەشەنگ و مەردانەکەتم بۆ هەمیشە لە مێشکمدا چەسپاند.

خۆشم دەوێیت بەهزاد. خۆشبەختی من لەم چەند ڕۆژەدا خۆشەویستی تۆ بوو.

من دەڕۆم بەهزاد. دەڕۆم تاکو لەدەستی چیرۆکەکەم، لە خێزانە بۆگەنەکەم، لە دایکە شەیتانەکەم هەڵبێم.

دەزانم تۆ بەڕێزتریت لەوەی بێیت بەدوای مندا.

پێویستە ماوەیەک تەنهابم و بیر بکەمەوە. ئەو لێدانە گەورە بۆ کچۆڵەیەک!

من نەمتوانی خۆم ڕابگرم بەهزاد. ئەگەر توانیم لە مێشکمدا بیخەمە کەنارەوە ئەوا دەگەڕێمەوە بۆ لات. بەهزاد من زیاتر لەوە دڵتەنگم کە بتوانم باسی بکەم.

ئێستا تێدەگەم ئەگەر مرۆڤ باوک و دایکێکی هەژار بەڵام ئابڕووداری هەبێت

چەندە بەنرخە.

بەدوامدا مەگەڕێ ئازیزم. تۆ هەمیشە مێردی منیت، بۆ هەمیشە خۆشم دەوێیت

بەهزاد، من ببوورە.

دەزانم بەرامبەر تۆ ستەمە بەڵام دڵی تۆ وەک دەریایە. گەورە و پاک و خاوێن.

ئەگەر لاشەم لەلای تۆ نیە ڕۆحم بۆ تۆیە.

دەزانم غیرەتت زۆر زیاتر لەم قسانەیە بەڵام داوا دەکەم بۆ ڕۆیشتنی من نەبگریت و نەخەمباریش بیت. لەوانەیە بگەڕێمەوە، نازانم. ئێستا هیچ نازانم.

بەهزاد کاتێک تەماشای دەنکۆڵەکانی بەفر دەکەم کە لە ئاسمان دێتە خوارەوە و ڕووی زەوی دادەپۆشێت بیری تۆم دەکەوێتەوە کە پاڵپشتی من بوویت. ئەوکات حەزدەکەم بێمە کۆڵانەکان و بەدوای تۆدا بگەڕێم تاکو وەک ئەو شەوە، لە بەفر و سەرمادا بمپارێزیت.

فەرنووش

یەک جار زیاتر نامەکەم نەخوێندەوە واتە پێویست نەبوو.

هەر ئەوەندەی کە دەستم بۆ برد تەواوی خەمی فەرنووش هەموو ئەو ئازارەی لە کاتی زانینی ڕووداوەکەوە کێشابووی، ئەو سەرسامیەی لەسەر نامەکە بوو لە نینۆکەکانمەوە تاکو دڵمی بەتەواوی سووتاند.

ڕۆیشتمە ژوورەکەم و دانیشتم وەک هەمیشە کاتێک بەتبەختیەکان لە سەر سەرم کۆ دەبوونەوە.

ئەژنۆکانم لە باوەش گرت و تەماشای ڕۆیشتنی فەرنووشم دەکرد!

چەندە دوور بووم لە خۆشبەختیەوە؟ دوو خانوو؟ سێ خانوو؟! ئێستا چی؟ وەک یاری مار و پەیژە!

سەردەمێک زاری ژیان دوو پلەی لەژێر دانابووم و بەرزی کردبوومەوە! بەڵام کاتێک خەریک بوو یاریەکەم دەبردەوە مارێکی جوان بەهێواشی هاتە ژێر پێم و دای بەمنەوە!

ئێستا لەکوێ بووم؟ سەرەتای یاریەکە! لەم کاتانەدا هەمیشە خەوم دەهات، بەڵام بۆچی ئێستا خەوم نایەت!

بینیم لە ئاسمانم، زۆر بەرز! سواری خلیسکێنێک بووم و بەرەو زەوی دێمە خوارەوەم بەڵام کاتێک نزیکی زەویەکە دەبوومەوە تایەی خلیسکێنەکە پێچی دەکردەوە و دووبارە منی دەبردەوە ئاسمان هەمان ئەو شوێنەی یەکەم جار لێی بووم! ئێستاش هەرچی خلیسکێنە و بەرزبوونەوە بوو بۆ من بوو!





CamScanner

مرۆڤ ئەگەر شتێک دوو جار دووبارە بکاتەوە بێزار دەبێت! بۆ نموونە دوو جار خوێندنی وانەیەک!
دیازپامێکی دە ملیمی لە ماڵەوە هەبوو، لەدوای خوێندنەوەی نامەکە خواردم بەلام خەوم لێ نەدەکەوت. دانیشتبووم کارتی هاوسەرگیریمانم دەنووسی!
پەنجا کارتی من و پەنجای فەرنووش! بەلام من کەسم نیە تاکو بانگی بکەم، نە خزمێک، نە کەسێکم جگە لە چەند هاورێیەکی زانکۆ.
بیست کارتی من و هەشتای فەرنووش. ئەویش کەسی نیە. مشتێک خێزانی خراپ و وێران نەبێت! باشە هاورێیانی زانکۆیش هەیە. بیست کارتی من و پەنجای فەرنوش!
دەبێت بەو شێوەی دەخلیسکام کارتەکان بنووسم. دەستیشم لەسەر خەتەکە دەخلیسکا! بەدڵنیاییەوە دەبێت جەنابی هیدایەت بێت. هەم خۆی هەم یاسەمین و عەلی.
بەلام یاسەمین و عەلی مردوون، چۆن دەتوانن بێن بۆ ئاهەنگەکە؟!
بەدڵنیاییەوە کەسێک دەچێت بەدوایاندا! ئەی چی بکەم لە کەمانچەکەی جەنابی هیدایەت؟ ئەگەر بیەوێت لە ئاهەنگەکەم کەمانچە بژەنێت چی؟
سیمی کەمانچەکە پچڕاوە! سیمی کەمان بەچەندە؟ چەند سیمی هەیە؟! پانزە کارت بۆ من و چل کارتی فەرنووش.
ئاهەنگەکە لەکوێ بگێڕین؟
ناکرێت کورسیەکان لە ژێر بەفر و لە ناوەڕاستی شەقامەکە بێت! ئۆتۆمبیلێک بێت خۆی دەدات لە جەنابی هیدایەت!
بۆچی پێڵاوم لە پێدا نیە؟! فەرنووش خەریکە لەسەر پاکەتێک کارتێک دەنووسێت، دواتر نیشانی منی دەدات و دەڵێت چۆنە؟ جوانە؟! جەنابی فولاد زەڕە دیوی خانم!!
داوای لێبووردن لە نەهاتنی منداڵەکان دەکەین! سیامەک لە گۆشەیەک دانیشتووە و دەگری و دەڵێت منیش دەمەوێت بێم!
دە کارتی من و بیست کارتی فەرنووش!
کاوە دەڵێت خواردن تەواو بووە و تەنها هەمبەرگریان هەیە! خواردنی هاوسەرگیریتان هەمبەرگرە! فەریباش دەڵێت تەواوی میوەکان بۆگەن بووە تەنها ئەمانە ماوە! هەمووی لەسەر مێزەکانە!
دووبارە دەستم کردەوە بەنووسین! بۆ خزمەتی بەهرام خان و خێزانەکەی! پێنج کارتی من و دە دانەی فەرنوش!
دایکی فەرنوش لەسەر کورسیەک لەناو بەفر دانیشتووە و لەگەڵ مەلی

قسەدەکات و تەماتە دەخوات! جلێکی سووری خەوی لەبەر کردووە لەو سەرمایەدا!

هەر من دەبینێت پێدەکەنێت و دەڵێت:

- کوڕە گیان تۆ نە خانووت هەیە و نە ئۆتۆمبیل و نە ژیان! وەرە لای من هەموو ئەوانەت بۆ دەکڕم! دووبارە پێدەکەنێت!

فەرنوش قسەکانی دەبیستێت. هەمبەرگرەکە خەریکە لەدەستی دەکەوێت! لادەکاتەوە و بەمن دەڵێت من ئیتر یاری ناکەم. هەمبەرگری مریشکت بۆ دێنم، حەزت لێیەتی؟

کارتێکی من و هیچی فەرنوش!

لە خزمەتی کاک بەهزادی فەرهەنگ، بەتاک و تەنها!

کارتەکان لە سەرەوە دەکەونە خوارەوە. هێشتا دەخلیسکێم!

کاوە خەریکە بەدەستی لووتی دەپێوێت!

یاسەمین خەریکە ئاواز دەڵێت و عەلیش خەریکە خۆی دەکوژێت!

فەریبا جلی ڕەشی لەبەر کردووە و لەسەر گۆڕی دایکی دەگری. خۆم خەریکم بەدوای پێڵاوەکانمدا دەگەڕێم تاکو بڕۆم بەدوای فەرنوشدا.

بە دەنگی شتێک لە خەو ڕاپەڕیم. نەم دەزانی چ کاتێکە و چی بووە.

لە نێوان خەو و بێداریدا بووم. ئەژنۆکانم لە باوەش گرتبوو خەوتبووم. دووبارە دەنگەکە هاتەوە.

یەکێک دەیکێشا بەدەرگاکەدا و منی بانگ دەکرد. تەواوی لاشەم بوو بوو بەئاو. بیری خەوەکەم کەوتەوە. لە چواردەورم کارتی لێ نەبوو!

دووبارە دایانەوە لە دەرگا. دەنگی کاوە دەهات، منی بانگ دەکرد. هەر چۆنێک بوو هەستام و دەرگاکەم کردەوە.

کاوە- لە کوێی کوڕە؟! بەستم لێرە. بۆچی دەرگا ناکەیتەوە؟! چیتە؟

تەماشام کرد. گەڕامەوە و نامەکەی فەرنوشم لەلای کتێبێک دانا.

کاوە- وەرە دانیشە بزانم. بۆچی دەرگا ناکەیتەوە؟! لە دوێنێ شەوە تاکو ئێستا سێ جار هاتمە بەردەم دەرگا.

دووبارە لە جێگەکەم دانیشتم.

کاوە- بەهزاد!! لەگەڵ تۆمە، چی بووە؟ بۆچی شێوەت بەم جۆرەیە؟!

حەزم نەدەکرد قسە بکەم. کاوە وەستابوو تەماشای منی دەکرد.

- کاتژمێر چەندە؟

کاوه- چواری پاش نیوەڕۆ. چی بووه بەهزاد؟!
سەرم خستە سەر ئەژنۆکانم. کاوه زۆر نیگەران بوو. هات لە نزیکم دانیشت.
کاوه- ناتەوێت لەگەڵ هاوڕێکەت قسە بکەیت؟!
سەرم بەرز کردەوه و تەماشام کرد. دەستی کردە ناو قژم و لە باوەشی گرتم و گوتی:
کاوه- خێر نەدیوو بەو شێوەیە تەماشام مەکە! جەرگم ئاگری گرت! چی بووه؟!
دڵم دەرهات بیڵێ ئیتر!!
- واتە دووبارە خۆر هەڵهاتووه؟!
کاوه-هەڵیت و پەڵیت دەڵێی؟! بزانم تات لێ هاتووه!
دەستی خستە سەر ناوچاوم.
کاوه- هەستە بڕۆینە لای پزیشک. دوێنێ شەو ئەو گەرم کەرەوەت دانەگرساندووه سەرمات بووه! ئاخرم من تێناگەم دەست پێوه گرتنیش دەبێت چەند بێت؟
مرۆڤی ژیر لە زستاندا دەست بەنەوتەوه دەگرێت؟ هەستە بڕۆین. ئەو گورچیلەت چلک دەگرێت و بۆگەن دەکات! هەستە ئیتر!
تەماشام کرد و بەهێواشی گوتم:
- هەمیشە بیرم دەکردەوه ئەگەر ڕۆژێک فەرنوشی من نەبێت ئیتر لەلای من خۆر هەڵنایەت!
کاوه- فەرنوش نەبێت؟! مەگەر بڕیار بوو فەرنوش بێت بۆ ئێره؟ شەڕتان نەبووه؟
هەستە و شەرمەزاربە کوڕی تەمەڵ! ئێستا تازه سەرەتایە! ترسام ها! بیرم دەکردەوه چی بووه! جارەکانی دیکە شەڕ دەکەن، توورە دەبن، ئاشت دەبنەوه، لە یەکدی دەدەن، دەچنە زیندان، دەچنە دادگا، یەکتری دەکوژن! تەلاق وەردەگرن، تەلاق دەدەن! حەزناکەن یەکدیش ببینن! بەرامبەر یەکتری تیر دەهاوێژن و لە یەکتری جیادەبنەوه! ئەوانە هەمووی شیرینی ژیانە! ئێستا بزانە لێڵی ژیان چییە؟!
کاتێک ئەوانەی گوت، گەرم کەرەوەکەی داگرساند. گەڕایەوه تەماشای منی کرد و بەسەرسامیەوه گوتی:
کاوه- بەڕوونی قسە بکە بزانم چی بووه؟! دەڵێی بابەتەکە ڕاستیە!
چاوەکانم بەست و گوتم:
- فەرنوشی من ڕۆیشت؟
کاوه- ڕۆیشت؟! واتە چی؟ بۆ کوێ ڕۆیشت؟!
- کاوه هیچم لێ مەپرسە. شتێک نیە تاکو بتوانم پێتی بڵێم و توانای

قسەکردنیشم نیە.
کاوە- زۆر باشە. تۆ ئێستا ماندووی، کەمێک ئارام بە. بهێڵە ئاوەکە بکوڵێت دواتر بۆ منی باس بکە.
تەماشام کرد و دووبارە چاوم داخست. ئەویش بێدەنگ بوو.
دە بۆ پانزە خولەک تێپەڕی و کاوە گوتی:
- هەستە بەهزاد گیان. هەستە ئاوێک بکە بەخۆتدا تاکو بێیتەوە سەر خۆت. هەستە مێشکت تێک چووە!
بە زۆر بەرزی کردمەوە و بەبێزاریەوە هەستام. کاتێک خەریک بووم دەچوومە گەرماو لام کردەوە و گوتم بەکاوە:
- خۆزگە لە سەرەتاوە گوێم لە قسەکانی تۆ نەگرتایە! هەموو شتێک خراپ بوو کاوە!
کاوە- من خزمەتکارتم. هەموو شتێک باش دەبێت. شتێک نەبووە! تۆ برۆ ئاوێک بکە بەخۆتدا دواتر وەرە قسە دەکەین. برۆ بەفیداتبم. برۆ و زوو بگەڕێرەوە.
کاوە ڕاستی گوت. ئەو ئاوە ساردە لە زستاندا شازە! باوکی تورەی دەردێنێت!
کاتێک لە گەرماو هاتمە دەرەوە کەمێک بارودۆخم باشتر بوو. لانی کەم بیرکردنەوەم هەڵیت و پەڵیت نەبوو.
کاتێک گەڕامەوە ژوورەکە ئیتر کاوە هەموو شتێک تێگەیشتبوو!
کاوە- خێر نەدیوو! بۆچی زووتر بەمنت نەگوت؟!
تەماشام کرد.
کاوە- نامەکەم خوێندەوە. پێویست ناکات لە منی بشاریتەوە!
- تۆ مافی ئەوەت نەبوو ئەو نامەیە بخوێنیتەوە.
کاوە- لانی کەم زووتر باست بکردایە تاکو خاکێکمان بکردایە بەسەرماندا!
- چی بڵێم؟! بڵێم دایکی ئەو کەسەی خۆشم دەوێت چاوی لەسەر منە؟!
کاوە- نەفرەت لە نەفس بەرزی و پاک دامێنی کە ناتەوێت قسە بکەیت! تۆ دەتویست باسی ژنێکی بێ ڕەوشت بکەیت. باشە ئێستا باست نەکردووە؟!
- لەبەر فەرنووش بوو. حەزم نەدەکرد کەس بەم نهێنیە بزانێت.
کاوە- پەیوەندی بەفەرنوشەوە چییە؟ کەسێکی دیکە خراپە بەئەو چی؟ تازە کیسی ڕیسوایی لەو جۆرە ژنانە تاکو بەردەم چناری منارە دەبەن! لەکوێی تۆ؟!
ئاو و هەوای ئەوییان زۆر پێ ناکەوێت! واتە تاکو ئاو و هەوای ئەوێ باشە ئەوانیش باشن! کاتێک ئەوێ خراپ دەبێت شاڵ و کڵاوەکەی هەڵدەگرێت و دەچێتە دەرەوە کە ئاو و هەواکەی لێرە باشترە!

- نابێت کەس لەم ڕووداوە ئاگادار بێت، تێگەیشتی کاوە!
کاوە- بەڵێ بابە، خەیاڵت ئاسوودە. هەمبەرگرەکەیشت نەخواردووە، هەستە
تۆزێک بخۆ نەخۆش دەکەویت ها!
- پێم ناخوریت واز بهێنە!
کاوە- ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟ ناتەوێت بڕۆیت بەدوایدا؟
- ئەگەر نامەکەت نەخوێندەوە؟ فەرنوش نایەوێت من ببینێت. لانی کەم ئێستا!
کاوە- ڕاست دەڵێیت. درووستیش نیە ئێستا بڕۆیت بەدوایدا. تف لە گۆڕی باوکی
هەرچی دایکی بێ ڕەوشتە!
- کاوە!! چیتە ئەوە؟!
کاوە- چییە؟ دووبارە پشتگیری دەکەیت؟ سابوونەکەی دا لە لاشەت ئەو ژنە!
- من ڕێزی فەرنوش دەگرم!
کاوە- فەرنوش خۆیشی لە نەنەی تورەیە!
وەلامم نەدایەوە.
هەستا و چایی لێنا. لە دەفری نانەکە کەمێک نانی هێنا و لەسەر سینیەک داینا و
گوتی:
کاوە- ئێستا زۆر خۆت دلگران مەکە. بەهیوای خودا چەند ڕۆژێک تێپەڕێت
فەرنوش ئارام دەبێتەوە و دێتەوە بۆ لای تۆ. خۆیشی لە نامەکەدا نووسیوویەتی.
- ئەگەر فەریبا پرسیاری فەرنوشی کرد، بڵێ دایک و باوکی ڕێگە نادەن بێتە لای
بەهزاد. تێگەیشتی کاوە، هیچی دیکە نەڵێی.
ئەو ڕۆژە ئیتر قسەم لەگەڵ کاوە نەکرد. ئەو داماوە کاتژمێرێک دانیشت و کاتێک
زانی ئیتر وەلامی نادەمەوە هەستا و بەدلگرانیەوە ڕۆیشت.
سیدیەکەی فەرنوشم ئیش پێکرد و گوێم لێگرت.
بڕیار بوو چەندێک چاوەڕوانبم؟! ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، هەفتەیەک، دوو هەفتە،
مانگێک، دوو مانگ، ساڵێک، دوو ساڵ؟!
لەڕاستیدا هەر ڕۆژێک چەند خولەکێکە؟! ئەم هەموو کاتژمێرەی دونیا سوودیان
چییە؟ تەنها بەئێمە بڵێن چۆن تەمەنمان تێپەڕ دەبێت و لەناو دەچێت؟! ئەگەر
نەزان بین باشتر نیە؟
خۆزگە لە جێگەی گورچیلەم دڵم بدایە بەکاوە! لانی کەم ئیتر توانام نەبوو بیدەم
بەکەسێکی دیکە!

❁ ❁ ❁

## بەشی بیست و حەوت

ئەمڕۆیش ڕۆژێکە وەک دوێنێ.

خۆر بەو شێوەی دوێنێ هەڵهات هەڵهاتەوە! هەر بەوشێوەی ئاوا بوو ئاوا بوویەوە. بزانین سبەی چی دەبێت، لەوانەیە خۆر هەڵنەیەتەوە.

لەناو ژوورەکەم مێشێک وەک من زیندانی بوو!

لەوانەبوو لەو کاتەی دەرگا کراوەتەوە هاتووە و لێرە زیندانی بووە وەک خودی من. لەم ژوورەدا شیرینیش نیە تاکو بنیشێت لەسەر ڕووەکەی!

نازانم مێشەکانیش ئاشق دەبن؟! جووتەکەی ئەوانیش وازیان لێ دێنێت و دەڕوات؟!

کاوە سێ جار هاتووە بەدوامدا و دەرگام نەکردەوە. دڵم دەیەوێت بەتەنها بم.

تیکەیەک نان کە لەناو دەفرەکە بوو خواردم.

بەڕاست کاتێک شیرین نەبوو فەرهاد چی کردووە؟! کێشاویەتی بەشاخدا؟! ئەی مەجنوون؟

ئەو کاتێک لەیل نەبووە لە بیابانەکاندا سەرگەردان بووە یان بەکارەکانی دیکەی ڕاگەیشتووە؟!

* * *

ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟ چەند شەممەیە؟

پەنجەیەک تۆز لە ژوورەکە نیشتووە! ئەو کاتژمێرەیش هێشتان ماندوو نەبووە! هەر بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە! مەگەر ئیتر ماندوو نەبووە. نافڕێت. لە جێگەیەک دانیشتووە وەک من!

نانە وردەکانم بۆ دانا. ویستی بیخوات و نەمرێت! بەڕاستی چ شتێک ئێمەی

مرۆڤەکان ئومێدەوار بەسبەینێ دەکات؟ مەگەر هەموو ڕۆژەکان وەک یەک نین؟
چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی چاوەڕێی سبەینێ بکەین؟! مرۆڤ دەتوانێت تەنها بەناو بژی وەک خودی من!

* * *

ئەم یەک دوو ڕۆژە کەسێک دێت و دەدات لە دەرگا و من بانگ دەکات. دەنگی ناسراوە!
هەوا تاریکە. خۆر خەریکە خۆی بێتام دەکات! دەیەوێت بڵێت من هەڵنایەم! بەڵام درۆ دەکات! هەڵهاتووە و لە پشتی هەورەکانەوە خۆی حەشارداوە!
خۆڵ و پیسی هەموو شوێنێکی گرتووە! لە کۆندا، کاتێک فەرنوشم نەناسی بوو چیم دەکرد؟

* * *

ئەمڕۆ مێشەکە مرد. هەر ئەوەندە توانای هەبوو. دووبارە لە دەرگا دەدەن.
سیدیەکەی فەرنوش تێک چوو. دەڵێن ئەمڕۆ خۆر بڕوات ئیتر ناگەڕێتەوە!
هەموو خەڵکی تەماشای دەکەن.
خۆر پیاوە یان مانگ؟ دەڵێن خۆر ژنە و مانگیش پیاو. لەکوێ دەزانن؟!
دەڵێن ڕۆژێک بووە بەشەڕیان و خۆر بەتیشکەکەی چاوێکی مانگی کوێر کردووە! لەبەر ئەوەیە مانگ لە چاوێک زیاتری نیە.

* * *

## بەشی بیست و هەشت

چاوەکانم کردەوە. ژوورێکی نامۆ بوو. لەسەر تەختێک خەوتبووم و مشتێک بۆریم پێوە بەسترابوو.

سەرم جولاند بینیم کاوە لەلای تەختەکەم دانیشتووە و تەماشای من دەکات. چاوەکانی سوور بوو بوو.

- ئێرە کوێیە؟

کاوە- ئەو دونیا! ئێرە نەخۆشخانەیەکە لە یەکەم دەروازەی دۆزەخ!

- باشە؟!

کاوە- هیچ ئیتر! کاتێک کەسانێک دەمرن سەرەتا دێنە ئێرە و چارەسەریان دەکەن. کاتێک چاک بوونەوە دەیان نێرن بۆ دۆزەخ!

- بۆچی هاتووین بۆ ئێرە؟! چی بووە؟

کاوە- هەڵبەتە ئێوەمان نەهێناوە، جەستەی ئێوەمان بەتەخت هێناوە!

دواتر ئاسایی بوویەوە و گوتی:

کاوە- بێ چارە نەخۆش کەوتبووی! ئەگەر درەنگ گەیشتبام ئێستا لەژێر دەستی مردوو شۆردا بوویت!

- ئێستا باشترم، هەستە. دەبێت بگەڕێینەوە ماڵەوە. جلەکانم لەکوێیە؟

کاوە- دانیشە و بخەوە! ئەو کەمە گیانەم بەزۆر کردە لاشەت! بەتبەخت خەریک بوو دەمردی! لە ڕێگەی ئەو دونیا گێڕامیتەوە!

- من دەبێت بڕۆمەوە ماڵەوە. دەکرێت فەرنوش بێت. ئەگەر من من لەوێ نەبم بیر لە شتی خراپ دەکاتەوە.

کاوە- سەرەتا کە فەریبا لە ماڵەوەیە، دووەمیش خۆ فەرنوش جەستەی تۆی

ناوێت!
- هەستە کاوە. ئەگەر منت خۆش دەوێت پەرستار بانگ بکە ئەم شتانە لەدەستم دەربهێنێت ئەگەرنا خۆم هەمووی دەردەهێنم ها!
کاوە- بەقربانت بم خۆ بەو شێوەیە نابێت دەبێت پزیشک ڕێگە بدات. تاکو ئێستا نەهاتوویتەوە سەر خۆت. لەبیری خۆتدابە.
ئەوە چ ژیانێکە بۆ خۆتت درووست کردووە؟! سێ چوار ڕۆژە خۆت کردۆتە ئەو ژوورە تەنگ و تاریکەوە! لە کۆتاییدا دەبێت بتهێنم بۆ نەخۆشخانە.
خۆ دنیا بە کۆتایی نەگەیشتووە! فەرنوش ڕۆیشتووە چەند ڕۆژێک بیربکاتەوە. بەهیوای خودا دەگەڕێتەوە و هەموو شتێک باش دەبێت. خۆ ناکرێت تۆ لەبەر بابەتێکی بەو جۆرە خۆت لەناو ببەیت!
- بڕۆ پەرستار بانگ بکە کاوە. دڵم خەریکە وەک سیر و سرکە دەکوڵێت.
کاوە- دووبارە خەریکی قسەی خۆت دەکەیت!
- تۆ تێناگەیت من چی دەڵێم. ئەگەر فەرنوش نەگەڕێتەوە هەموو شتێک کۆتایی دێت. فەرنوش ژیانی منە. فەرنوش تەواوی ژیانی منی پڕ کردۆتەوە.
کاوە من بەتۆم نەگوتبوو لە یەکەم ڕۆژەوە کە بینیبووم دڵم پێ دابوو. ئێستا ئیتر ژیانم بەژیانیەوە بەستراوەتەوە. چۆن پێتی بڵێم؟! ئەگەر تەواوی شتەکانی دوونیا لەلایەک بێت و فەرنوش لەلایەکی دیکە من فەرنوش هەڵدەبژێرم!
ئێستا ئیتر هەستە و داوای چوونە دەرەوەم لە پزیشک وەربگرە و جلەکانیشم بهێنە. هەستە ئیتر درەنگ دەبێت.
کاوە- نازانم چی بڵێم. بەلام لە دوێنێوە مردین و زیندوو بووینەوە تاکو تۆ چاوت کردەوە. ئێستا دەتەوێت دووبارە بگەڕێیتەوە بۆ ئەو ژوورە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ!
دوێنێ کلیل سازم هێنا دەرگای کردەوە! هەرچەندە دەماندا لە دەرگا دەرگات نەدەکردەوە.
- خەریکی چی دەڵێی کاوە؟! من خەریکە هەموو شتێک لەدەست دەدەم!
مرۆڤێک کە هەمیشە دانی بەهەموو ئاواتەکانیدا ناوە، مرۆڤێک کە تاکو ئێستا دەستی لە هەموو شوێنێک و هەموو شتێک کورت بووە، مرۆڤێک کەوا وردە وردە باوەڕی کردبوو لەم دونیایەدا هیچ حەق و مافێکی نیە، لەپڕ دەبینێت خانمێک میهرەبان و جوان، کچێک کە تەواوی دەوڵەمەندەکان خۆشیان دەوێت و بەدەستی ناهێنن،



CamScanner

دێت لەناو ئەو هەموو گەنجە دەوڵەمەندە کەسێک هەڵدەبژێرێت و دەستی دەگرێت تاکو لەو هەموو بەتبەختی و تەنهاییە ڕزگاری بکات، دواتر لەبەر ئارەزووی دایکی چی بڵێم؟!

لەبەر ئارەزوو باز کارێک کە هەموو هیوا و ژیان و هەستی کە بەو کچە بەستراوەتەوە لە دەستی بدات. ئیتر بوون یان نەبوون جیاوازی نیە.

بۆ فەرنوش هیچ گرنگ نەبوو. نە هەژاری من نەبێ کەسی و نە تەنهای من! هیچیان گرنگ نەبوو بەلای ئەوەوە.

دڵم بەوە دەسوتێت کە نەمتوانی قسەی لەگەڵ بکەم. پارچەیەک کاغەز هەموو شتێکی تەواو کرد! من لەدوای فەرنوش هیچم ناوێت. ئێستا هەستە تاکو ئەو ڕووە سەگەم دەرنەکەوتووە جلەکانم بهێنە.

ئەوەم گوت و دوو بۆریم لە دەستەکەی ترم دەرهێنا. خوێن بەربوو ڕژایە سەر تەختەکە.

کاوە- چی دەکەیت شێت؟!! دەماری دەستت دەپچڕێت! تۆ ئیتر چ مێشک کەرێکیت؟!

هەستاو خولەکێک دواتر لەگەڵ پەرستارێک گەڕایەوە ژوورەکە.

کاتژمێرێک دواتر لە ماڵەوە بووین بەدەستی پێچراو و مشتێک حەبی ڤیتامین و ئەو جۆرە شتانە. ئەو داماوە فەریبا، ژوورەکەمی پاک و خاوێن کردبوویەوە. جێگەی لە ژوورەکەدا بۆ ڕاخستبووم تاکو بخەوم.

لە تەواوی لاشەمدا هەستم بەلاوازی دەکرد و لە دڵیشمدا هەستم بەپوچی و بێ هیوایی دەکرد.

فەریبا چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی ئێمەی نەکرد، کاتێک ڕووداوەکەی لە کاوە بیست زۆر دڵگران بوو بەڵام مافی بە مندا.

کاتێک جلەکانم گۆڕی هاتە ژوورەوە و گوتی:

فەریبا- بەهزاد خان تەشریفتان بهێنایەتە سەرەوە. ئێوە جاری پێویستان بەوەیە کەسێک ئاگادارتان بێت. منیش وەک خوشکتان، چ جیاوازیەکی هەیە؟!

- زۆر سوپاست فەریبا خانم. خودا لە خوشکایەتیتان کەم نەکات. بەڵام من دڵم لێرەیە. لەم ژوورە! نازانم تێدەگەن یان نە، بەڵام دەبێت من لێرەبم.

کاوە- خودایە دەرد و بەڵای تۆ بکەوێت لە من! ئاخر بڵی بزانم ئێرە لەگەڵ نهۆمی سەرەوە جیاوازی چییە؟ ئەگەر فەرنوش بێت و ببینێت لێرە نیت پەیوەندی دەکات بەسەرەوە!

- کاوە گیان پێداگری مەکە. ئەگەر دەتەوێت من ئاسوودە بم بهێڵە لێرە بمێنمەوە.
داماوە کاوەش لە ناچاریدا هیچی نەگوت.
فەریبا- من بڕۆمە سەرەوە سوپێک درووست بکەم.
کاوە- دەستتان خۆش بێت. ئەم کوڕە دەبێت وزە بێتەوە لاشەی. خۆی جار جار لەم دنیایە!
تەماشام کرد. کاتێک فەریبا ویستی بچێتە دەرەوە گەڕایەوە و گوتی:
فەریبا- بەڕاست کاوە خان، خانمێک هاتبووە ئێرە. گوتی ژاڵە کچە پورەکەتانە.
کاوە- ژاڵە؟ بۆچی هاتووە بۆ ئێرە؟
فەریبا- گوتی کارێکی گرنگی بەئێوە هەیە. ناونیشانی ئێرەی لە دایکتان وەرگرتبوو. گوتی نەیتوانیوە پەیوەندیتان پێوە بکات.
کاوە موبایلەکەی دەرهێنا و پەیوەندی کرد.
- ئەلو ژاڵە. سڵاو باشی؟
- قوربانت. پورم چۆنە؟ ژاڵە شتێک بووە؟
- نا. لەدەرەوەم. بۆچی؟
- باشە بڵێ. لەوانەیە کوژابێتەوە.
- نا هەواڵم نیە. چەند ڕۆژە بێ هەواڵم.
- خۆش هەواڵ بێت، بڵێ ئێترا!
- چی؟!!!
- کێ؟!! کێ بەتۆی گوت؟!!
دەرگای ژوورەکەی کردەوە و ڕۆیشتە دەرەوە. فەریباش بەدوایدا ڕۆیشت. چارەکێک بۆ بیست خولەک دواتر کاوە بەتەنهایی گەڕایەوە ژوورەوە.
- چی بووە کاوە؟ بۆچی چاوەکانت سوورە؟ شتێک بووە؟
کاوە- شتێک نیە.
- واتە چی؟ کەواتە بۆچی بێزاریت؟ ژاڵە چی گوت؟
کاوە- تۆ بارودۆخت باش نیە، بڵێم بێزار دەبێت.
- لەوەی کە هەم خراپتر نابم. مەترسە بیڵێ. بڵێ دڵم دەرهات.
کاوە- شتێک نیە پەیوەندی بەتووە هەبێت.
- کاوە گیان من لەسەر خۆم نیم؟ هەموو گیانم دەلەرزێت! بڵێ ئێترا!
کاوە- باوکی ژاڵە مردووە بابە! پەیوەندی بەتووە چییە؟
- ئای! چۆن؟ کەی؟

کاوە- دوێنێ شەو جەڵدە لێی داوە.

- خودا لێی خۆش بێت. دەتەوێت بڕۆین بۆ ماڵیان؟ لەوانەیە کارێکیان هەبێت.

کاوە- هیچ کەسێکە نا تۆ بڕۆیت بەم بارودۆخەتەوە. کارەکانیان بۆ بەڕێ بکەیت!

- چۆنە لەپڕ ئەوەندە دڵم گیراوە؟! دەڵێی کەسێک دڵم دەشوات!

کاوە- هیچ نیە بەهۆی لاوازیتەوەیە. شتێکی باش بخۆیت باش دەبێت.

- تۆ بۆچی لە ناوەڕاستی تەلەفوونەکە چوویتە دەرەوە؟

کاوە- ئەو موبایلە هەندێک جار کار ناکات، هێڵەکەی دەپچڕێت.

- ئێستا دەتەوێت چی بکەیت؟

کاوە- تاکو فەریبا خواردن درووست دەکات من سەردانێکی ژاڵە دەکەم. بزانم کاریان نیە.

- بەڵێ بڕۆ. لەلایەن منیشەوە سەرەخۆشیان لێ بکە. ئەگەر کارێک هەبوو لە دەستم دەهات ئاگادارم بکەرەوە.

کاوە- تۆ جارێ پشوو بدە. خواردنەکەیشت بەباشی بخۆ تاکو من دەگەڕێمەوە.

نزیکی نیوەڕۆ کاوە گەڕایەوە. دانیشتبووم و تەماشای ئەو زنجیرم دەکرد کە فەرنوش بەیادگاری پێی دابووم.

کاوە- سڵاو. هیچت خوارد؟

- چی بوو؟ ژاڵە و ئەوان چۆن بوون؟ زۆر نارەحەت بوون؟ چیان دەکرد؟

کاوە- نەخێر. کاتێک من ڕۆیشتم هەمووان سیدیان دانابوو خەریکی سەما بووون! دواتر بڕیارە شەو هەموویان بڕۆنە شاری یاری!

بۆ ساتێک بەسەرسامی تەماشام کرد.

کاوە- باشە دڵگران بوون ئیتر! خەریک بوون دەگریان. ئەوە چ پرسیارێکە! نانت خوارد؟

- نەخێر پێم ناخورێت.

کاوە- فەریبا نەهاتە خوارەوە؟

- نا، بێزاری مەکە. ئەویش کاری هەیە.

کاوە- ئەوە چییە بەدەستەوە؟

- یادگاری. یادگاری فەرنوشە.

کاوە- بڕۆم بزانم بۆچی خواردنی بۆ نەهێناوی.

ئەوەی گوت و ڕۆیشتە سەرەوە. چارەکێک دواتر بەسینیەک خواردنەوە گەڕایەوە خوارەوە و گوتی:





CamScanner

- فەریبا داوای لێبووردنی کرد و گوتی چوونکە سەری ئازاری هەیە بۆیە نەهاتووەتە خوارەوە!
- چی بووە؟ بۆچی سەری ئازاری هەیە؟
کاوە- بەخودا هێشتا نەتوانراوە هۆکاری سەرئێشە بزانن. هەندێک دەڵێن هۆکارەکەی فشاری خوێنە. هەندێکی دیکە تورەیی بەهۆکاری سەرەکی دەزانن. هەندێکی دیکە لە پزیشکەکان دەڵێن گرییەکە لە سەردا. لە زانستی پزیشکیدا زانراوە کە....
- ئەو هەڵیت و پەڵیتانە چییە دەڵێی؟! فەریبا چییەتی؟
کاوە- بەڕای من ئیسپرینێک بخوات و بخەوێت باشترە کە بەدوای هۆکاری سەر ئێشەدا بگەڕێت!
ئێستا وەرە ئەو سوپە بخۆ. پشت بەخودا کاتێک خۆت بوویتە پزیشک هۆکاری سەرئێشە دەزانیت! دەبێت مریشکیش بخۆیت تاکو هێزت بێتەوە بەبەردا.
- خۆم دەزانم. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە مرۆڤ قسە لەگەڵ تۆدا بکات!
بەزۆری کاوە کەمێک سوپم خوارد. کاوە چەند پارویەکی بەزۆر پێدام.
کاوە- ئافەرین کوڕی باش! ئەو مریشکەی خواردت دایکی هەمان ئەو هێلکانەیە کە تۆ دەیخۆیت! ئەگەر کەڵەشێرێکیش بکڕیت و بیخۆیت، خێزانێکی تەواوت خواردووە!
- توانای پێکەنینم نیە. ئەوەندە قسە مەکە.
بڵێ بزانم چۆن بوو لەپڕ مێردی پورت مرد؟ ئەو خۆ کێشەیەکی نەبوو! چەند ساڵ بوو؟
کاوە- شەست و چوار بۆ پێنج ساڵ دەبوو بێچارەیە! دەڵێن ماوەیەک پێش ئێستا ئاشقی کچێکی هەژدە ساڵان دەبێت. کچەکە ڕۆژێک دەکەوێت و دەمرێت. ئەویش شەوێک جەڵدە لێی دەدات و دەمرێت!
- بمری ئێشەڵا کە هەرچی دەکێشم بەهۆی تووە دەیکێشم!
کاوە- زۆر دڵگران بوویت کە مێردی پورم مردووە؟ خۆزگە کاتێک زیندوو بوو ئەو خۆشەویستیەت پیشان دەدا لانی کەم تێبگات و خانویەک ئۆتۆمبیلێک شتێک بکات بەناوتەوە!
مێردی پوری منە تۆ دڵگران بوویت مردووە؟! پورم بەخەیاڵیدا نایەت!
- من بۆ ئەو دڵگران نیم، واتە دڵگرانم. لە کۆتاییدا ئەوش مرۆڤێک بووە کە مردووە!

کاوە- لە کۆتاییدا دلگرانی یان نا؟ تازە زۆریش مرۆڤ نەبوو! گەنجێتی وەک بزن بووە! پورم هەموو شەوێک لێی داوە! هەر باش بوو کە مرد! کاتێک منداڵ بووم جارێک لەمن تورە بوو!

- دڵم بۆ ئەو فەریبایە دەسوتێت کە سبەی بێتە ژنی تۆ، دەبێت ئارام لەگەڵ ج کەسێکدا بگرێت!

کاوە- زۆر جێگەی ئارام گرتنم! لەڕوانگەی پزیشکیەوە....

- مردوو شۆر تۆ و ڕوانگەی پزیشکیەکەت ببەن! هەستە بڕۆین سەردانێکی جەنابی هیدایەت بکەین. چەند ڕۆژێکە هەواڵم لێی نیە. کۆتا جار بینیم بارودۆخی باش نەبوو.

هەستاین و بەئۆتۆمبیلەکەی کاوە چووینە ماڵی جەنابی هیدایەت، بەڵام هەرچەندە دامان لە دەرگا کەس وەڵامی نەدایەوە!

- بینیت کاوە لە خۆڕایی دلگران نەبووم. بەدڵنیاییەوە ڕووداوێک بۆ ئەو بەتبەختە ڕووی داوە.

کاوە- بابە تۆ بۆچی ئەوەندە بیر لە شتی خراپ دەکەیتەوە؟ لەوانەیە ڕۆشتبێت نان بکڕێت. دە بۆ پازدە خولەکی دیکە دەگەڕێتەوە.

- گوێ بگرە کاوە! تەڵا هاتوتە بەردەم دەرگا. سەیرکە خەریکە بانگمان دەکات.

کاوە- باشە گوێ بگرە بازانە چی دەڵێت! لێی بپرسە جەنابی هیدایەت حاڵی چۆنە؟! بزانە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟!

- بەڕاستی گاوەی! کاتێک ئەو ئاژەڵە بەو شێوەیە دەناڵێنێت بەدڵنیاییەوە ڕووداوێک بۆ جەنابی هیدایەت ڕووی داوە!

کاوە- بڕۆ ئەولاوە من پێی بڵێم.

منی کردە ئەولا و خۆی ڕۆیشتە جێگەکەی من لە بەردەم دەرگا.

کاوە- تەڵا خانم! سڵاو ڕۆژتان باش! من پزیشک واتسۆن یاریدەدەری شەرلوک هۆلمزم. جەنابی هۆلمز دەیانەوێت بزانن جەنابی هیدایەت ڕۆیشتووە بۆ کوێ؟ تکادەکەم وەڵامێکی ڕوونمان بدەنەوە!

هێنام بۆ ئەملا و گوتم:

- زۆر بێتامیت کاوە! ئێستا کاتی گاڵتەکردنە؟!

کاوە- تۆ بۆچی ئەوەندە خراپ بیردەکەیتەوە؟ وەرە بڕۆنە شوێنێک شتێک بخۆین. نیو کاتژمێری دیکە دەگەڕێینەوە، ئەوکاتە جەنابی هیدایەتیش هاتوتەوە.

- واتە دەڵێیت هیچ نەبووە؟

کاوە- ئێستا چوونکە مێردی پوری من جەڵدە لێی داوە تەواوی پیرە مێردەکانی دونیا جەڵدە لێی داون؟! وەرە بڕۆین شیر مۆزێکت پێ بدەم تاکو ئەو نیگەرانیەت نەمێنێت.

سواری ئۆتۆمبیل بووین و دوو شەقام ئەولاتر لەبەردەم فرۆشگایەکی ئاو میوەدا ڕاوەستاین. ڕۆشتینە ژوورەوە و کاوە داوای ئاو میوەی کرد و دواتر گوتی:

کاوە- دەزانیت ویستم چیت پێ بڵێم؟

تەماشام کرد.

کاوە- کچێک هەبوو دراوسێمان بوو ناوی سیما بوو؟ هەمان ئەوەی مالیان بەرامبەر ماڵمان بوو؟

- نای ناسم.

کاوە- چۆ نایناسیت؟ چاوێکی گەشی هەیە؟ ئەو خۆشی لە تۆ هاتبوو ها؟!

زەق زەق تەماشام کرد.

کاوە- تۆ خودا بەو شێوەیە تەماشام مەکە! خۆم لەدەست دەدەم! دڵم سست دەبێت!

- ونبە!

کاوە- چۆن بیرت نیە؟! ساڵێک پێش ئێستا کە بینیت ئاو لە دەم و لوتت هاتبوو؟!

- یەکەمین بیرم نایەت. دووەمیش من ئەو کچەم نەبینیوە و خۆشیشم لێی نەهاتووە. ئێستا مەبەستت چییە؟

کاوە- هیچ. ویستم بڵێم ئەویش خۆشی لە تۆ نەهاتووە! واتە بەژاڵەی گوتووە من خۆشیم نایەت لە ئەو کوڕە بەهزاد.

- ئاو میوەکەت بخۆ. تاقەتی ئەو هەڵیت و پەڵیتانەی تۆم نیە.

کاوە- دانیشە بابە! بهێڵە کاتژمێرێک تێپەڕێت دواتر دەڕۆین.

- بەڵام قسەی هیچ نەکەیت.

کاوە- بەڕاست دەڵێم بەهزاد! ئەو سیمایەی تۆ بینیوتە کچێکی جوانە. ماوەیەک پێش ئێستا بەشێوەیەک ژاڵەی تێگەیاندووە کە تۆی خۆش دەوێت!

گوتوویەتی ئەگەر گەنجێک بەتایبەتمەندیەکانی تووە بێتە داوای وەڵامی نەخێری نادەنەوە.

وەڵامم نەدایەوە.

کاوە- تازە! مەهسا فەرهەتێکمان هەبوو لە زانکۆ؟ چەند ڕۆژێک پێش ئێستا

کاتێک ڕۆیشتم سەردانێکی هاوڕێیانم کرد، بەدوای تۆدا دەگەڕا! لە منی دەپرسی ئایا بەهزاد هاوسەرگیری کردووە یاخود نا.

- کوڕە ڕۆیشتووی جووتت بۆ من پەیدا کردووە؟!

کاوە- چی بکەم؟ دەبێت مرۆڤی ترشاو ببەستین بەپشتوێنی کەسێکەوە و بڕوات ئیتر! ئێستا ئەگەر سیما نەبوو، مەهسا! هەسا نەبوو زوهرە! زوهرە نەبوو شیوا! شیوا نەبوو ئێزرائیل!

تەماشای کاتژمێرەکەم کرد.

کاوە- بەڕاستی بەهزاد دەڵێی چی؟ واتە خۆ مەهسات بینیوە؟

- کاوە تۆ کەریت یان خۆت لە کەریتی دەدەیت؟!

کاوە- کەر نیم، خۆم دەدەم لە کەریتی!

- هەستە بڕۆین ئیتر.

کاوە- زووە بابە، کەمێک دان بگرە بەخۆتدا!

- ئاخر زۆر دوو دڵم !

کاوە- ببینە بەهزاد، دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم.

- من تاقەتم نیە کاوە.

کاوە- واتە چی؟! مەگەر دەتەوێت شاخ کون بکەیت؟! تۆ بەتەنها گوێ بگرە بازانە چی دەڵێم، ئەگەرنا دلگران دەبم ها!

- بەجەهەنەم!

کاوە- ئێستا گوێ دەگری بزانیت چی دەڵێم؟

- بفەرموو!

کاوە- دەڵێم بەهزاد بەو ڕووداوەی هاتوتە پێش بۆ تۆ و خانمی ستایش، بەڕای تۆ دووبارە درووستە کە لەگەڵ فەرنوشدا هاوسەرگیری بکەیت؟ واتە بیر دەکەیتەوە فەرنوش کارێکی ڕاستی کردووە کە هەستاوە و ڕۆیشتووە؟ بیر ناکەیتەوە سبەی پێکەوە هاوسەرگیریتان کرد ئیتر تۆ ناتوانیت تەماشای چاوی دایکی بکەیت؟

- مەگەر من چیم کردووە کەوا نەتوانم تەماشای دایکی بکەم؟!

کاوە- مەبەستەکەم بە خراپی گوت. واتە ئەو ناتوانێت تەماشای چاوەکانی تۆ بکات. تازە فەرنوش ئەو شتەی هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. ئێستا بابەتەکە ئاشکرا بووە، فەرنوشی بێچارە بەچ ڕوویەک بێت و ببێتە ژنی تۆ؟! هەر ئارەزوو دەکات بڵێت فلانە ژن دایکیەتی؟! ئەگەر ئەو ڕووداوە بگاتە گوێی باوکی چی؟ دەزانیت چ

کارێتیەک دەبێت؟!
- ئەوانە بۆچی دەڵێیت کاوە؟ جارێ فەرنوش ڕۆیشتووە و هیچ هەواڵێکی نیە.
منیش هیچ کارێکم لەدەست نایەت، سەرم بەژیانی خۆمەوە قاڵە. تەواو بوو ڕۆیشت بەدوای کاریدا!
کاوە- ئەها! منیش هەر ئەوە دەڵێم! دەڵێم ئەگەر بیری فەرنوش لە مێشکت دەربهێنیت باشترە. بەو ڕووداوەی هاتوتە پێش ئەم هاوسەرگیریە ڕوو نەدات بەچاکەی هەردووکتانە.
- کاوە ماندووت کردم! هەستە بوو بەکاتژمێرێک. بڕۆین بەدوای هیدایەتدا، هەستە.
لە بیرت چوو چەند ڕۆژ پێش ئێستا چیت دەگوت؟ ئێستا خەریکیت دەڵێی چی؟ ئەم نانە تۆ کردووتە ماڵی من و فەرنوش و ئەو ڕووداووە ڕوویدا! لە بیرت چووە؟ ئێستا دانیشتووی داستانم بۆ دەگێڕیتەوە!
کاوە- من لەکوێ بزانم داپیرەی هیچ و پوچە!
- ئاگات لە قسەکانت بێت کاوە!
کاوە- ببوورە! من لەکوێ بزانم خانمی ستایش دڵێکی هەیە جوان و تەڕ بەگوڵی بەهاریەوە بەگەرمی کوپێک ئاوی کوڵاو!
لەکوێ بزانم سەر و گوێی وەک شەپۆلی دەریا، تاکو تۆ دەبینێت بەشڵەژاوی دێتە دەرەوە، واتە شەپۆل دەدات!
- کاوە گیان دەکرێت لاڵ بیت و هەستت بڕۆین؟
پارەی ئاو میوەکەم دا و بەڕێ کەوتین. چەند خولەک دواتر گەیشتینە ماڵی جەنابی هیدایەت. دابەزین و دامان لە دەرگا. دووبارە هیچ هەواڵێکی نەبوو. چەند جارێک بەتوندی دامان لە دەرگا.
- ئێستا بینیت کاوە خان! کەواتە جەنابی هیدایەت لەکوێیە؟
کاوە- لەکوێ بزانم بابە؟ مەگەر دابووتە دەستی من؟!
دووبارە دەنگی تەلا دەهات. ئەم جارەیان بەرزتر دەیناڵاند. خۆیشی دەدا بەدەرگای ماڵەکەدا!
- سەیرکە ئەو ئاژەڵە چی دەکات؟!
کاوە- دەڵێی ڕاست دەڵێیت! ئێستا چی بکەین؟
- بڕۆ ئەولاوە بزانم.
کاوە- دەتەوێت لە دەرگای ماڵی خەڵکی بچیتە سەرەوە؟! کەسێک لێرەوە بڕوات



CamScanner

نالێت ئەمانە هاتوون بۆ دزی؟ ئای...! لانی کەم ڕێگە بدە من بچمە سەرەوە! گیانێکت هەیە تۆ! پەنا بەخودا. دوو کاتژمێر نابێت لە نەخۆشخانە هاتوویتە دەرەوە. هاتمە ئەملاوە. کاوە لە دەرگاکەوە سەرکەوت و ڕۆیشتە ناو باخەکە و دەرگاکەی کردەوە.

هەر من ڕۆیشتمە ژوورەوە تەلا هاتە باوەشی من و دواتر بەخێرایی بەرەو ژوورەوە بەڕێ کەوت. ئیتر دڵم بەتەواوی گوتی شتێکی خراپ ڕووی داوە.

هەر چووینە ژوورەوە بۆنێکی ناخۆش هات! چوومە ژوورەکەی جەنابی هیدایەت. بۆنەکە تیژتر بوو. حەیف!! کار لەکار ترازابوو!

بێچارە ئەو پیرەمێردە لە ناوەڕاستی ژوورەکە پێشووتر ڕاکشابوو، پەتوێەکی دابوو بەخۆیدا تاکو ئاستی سنگی. سەری خستبووە سەر باڵی. چاوەکانی بەستبوو پێدەکەنی! وەک ئەوەبوو خەوێکی خۆش ببینێت!

تەلا هات و قاچی دا لە پێی جەنابی هیدایەت. کاوە هاتە پێشەوە و دەستی هیدایەتی گرت. لایکردەوە و سەری جوڵاند. دواتر هەستا و پەنجەرەکانی کردەوە. هەوای ژوورەکە گۆڕا.

لامکردەوە و تەماشای تابلۆکەی یاسەمینم کرد جێگەکەی خاڵی بوو بەڵام لەسەر دۆلابەکە پاکەتێک هەبوو. لەسەری نووسرابوو پێشکەش بەجەنابی بەهزادی فەرهەنگ. لەسەر سەری جەنابی هیدایەت دانیشتم. تەماشای ڕووخساریم کرد دەتگوت بەئارەزووەکانی گەیشتووە.

خۆی بۆ مردن ئامادە کردبوو. دەستم هێنا بەقژە سپیەکەیدا کە وەک بەفر بوو. ئیتر نەمتوانی خۆم ڕابگرم.

- ڕۆیشتی ئوستاز؟! ئاسوودە بوویت؟! ڕۆیشتی بۆ بینینی یاسەمین و عەلی؟!

دەستم کرد بەگریان.

- لە کۆتاییدا سەختی و بەتبەختیەکانت تەواو بوو!

بخەوە بابە. ببورە کە نازانم سازت بۆ لێبدەم ئەگەرنا کۆتایی چیرۆکەکەم بۆ دەگوتی!

بابە من تازە دەمویست چیرۆکت بۆ بڵێم. تازە دەمویست دەردە دڵت بۆ بکەم. چیرۆکی ژیانمت بۆ باس بکەم. هاتبووم بڵێم چۆن فەرنوشم منی بەجێ هێشتووە و ڕۆیشتووە. هاتبووم بڵێم کە چەندە خەفەت لە دڵمدا کۆبۆتەوە.

تۆ چیرۆکی ژیانت گوت و ڕۆیشتی؟ توانای خەمەکانی منت نەبوو؟ باشە کێشە نیە. من تەمەنێک لاڵ بووم، دووبارە لاڵ دەبمەوە. بەڵام ئەوە جوان نەبوو ئوستاز!

ئەوە جوان نەبوو لەپڕ بڕۆیت و من بەتەنها جێبهێلیت!
هاتبووم بۆ لات تاکو لەدەستی ڕۆژگار هەڵبێم. بڕیار نەبوو من بگریم بەڵام ئەم فرمێسکانە بۆ ئێوە دەڕێژم ئوستاز!
بۆ ئێوە، بۆ ژیانێک کەوا لە دەستان چوو. بۆ تەنهایت، ببوورە کە نەمتوانی سەردانت بکەم.
بەخودا گرفتار بووم ئوستاز. بەخودا ئوستاز هەرکاتێک دەهاتم بۆ لات حەزم دەکرد لە باوەشت بکەم و بگریم. بەڵام چی بکەم کەوا شەرم ڕێگرم بوو.
خودا حافیز بابە، بەئاسوودەیی بخەوە!
سەرم خستە سەر سنگی بەکوڵ دەگریام.
کاوە- هەستە بەهزاد. باش نیە لەسەر مردوو بگریت. هەستە کارمان هەیە. دەبێت کارەکانی بۆ ڕێک بخەین. هەستە ئیتر! دووبارە حاڵی خۆت خراپ دەبێتەوە!
بەزۆر هەڵیستاندم. چەمیمەوە و ڕووخساری هیدایەتم ماچ کرد.
کاوە- بڕۆ ئاوێک بکە بەسەر و چاوتدا و وەرە. من تەلەفوونێک دەکەم بۆ فریاگوزاری.
کاوە مووبایلەکەی دەرهێنا و منیش ڕۆیشتمە دەرەوە و ڕووخسارم شۆرد.
کاتێک گەڕامەوە تازە بیری ئەو پاکەتەم کەوتوە لەپاڵ جەنابی هیدایەتدا. پەتۆکەم دا بەسەر جەنابی هیدایەتدا و پاکەتەکەم هەڵگرت و کردمەوە.
بەهزاد بابە گیان سڵاو!
ئێستا کە ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم بارودۆخی جەستەیم باش نیە بەڵام ڕۆحم خۆشحاڵە. هەست بەمردن دەکەم. لەبەر ئەوەیە خۆشحاڵم.
بیردەکەمەوە کە خۆرهەڵهاتنی سبەی نەبینم بەهیوای خودا.
لەوانەیە خودا بیەوێت بگەم بەدیداری ئازیزانم. ئەگەر هاتیت و بینیت من مردووم بۆ من خۆشحاڵبە نەوەک دڵگران.
لەم ماوەی کۆتایدا کە لەگەڵ تۆدا ئاشنا بووم سەرسامانە دڵم بەتووە بەستەوە. خۆت دەزانیت بۆچی.
ئەم شەو خۆم بۆ مردن ئامادەکرد. بۆ کۆتا جار ئەو ئاوازەی یاسەمین و عەلی حەزیان پێ دەکرد لیمدا و ساز و تابلۆ و وێنەکانم هەمووی سوتاند.
حاڵێکی سەیرم هەیە ئەم شەو. چاو لە هەرشوێنێک دەکەم، لەپڕ وێنەی عەلی و یاسەمین دێنە بەرچاوم. خودا بکات کاتی بەیەک گەیشتنمان هاتبێت.
من لەم دونیادا هیچ خزم و کەس و کارێکم نیە، تەنها نیگەرانی ئەو تەڵا بێ

زمانەم. ئەگەر من شتێکم لێ هات ئەو ئاژەڵە ببەرە دارستان. تەنها دەمێنێتەوە تۆ.
لەناو ئەو پاکەتەدا وەسیەت نامە هەیە. نوسخەیەکی لەلای بریکارێکە کە ناو و نیشانیم بۆ نووسیویت. سێ یەکی هەموو شتەکانم داوە بەتۆ.
کوڕەکەم، ئەم دونیایە و هەموو پارەکانی کە تێیدابوو وەفای بۆ من نەبوو. هیوادارم سودی بۆ تۆ هەبێت.
سەروەتەکەی دیکەشم دیاری کردووە. ئەوەی ماوەتەوە بەخشیوومە تاکو هەتیوخانەیەکی باشی لێ درووست بکەن.
ئەمشەو بیرم لە ژیانم دەکردەوە. ئێستا کە کاتی مردنە دەزانم ژیان هیچ بایەخێکی نیە. سوێند بەخودا!
تکایەکم هەیە، ئەوەیش هیچ پرسە و مەڕاسیمێکم بۆ نەگێڕیت. حەزدەکەم منیش وەک منداڵەکەم عەلی بەخاک بسپێردرێم. واتە کەسێکیشم نیە.
بەهزاد، من لە منداڵیەوە حەزم کردووە دەوڵەمەند ببم، دەوڵەمەند بم و بەبرسێتی سەر نەخەمە سەر زەوی. دەوڵەمەند بووم بەڵام هەمیشە وەک هەژارەکان ژیام. هەژاری ئەو شتانەی حەزم پێ دەکردن! هەژاری خۆشەویستی!
هیوادارم تۆ باش بژیت. جێگەیەک بۆ تەلا پەیدا بکە و وازی لێبهێنە. هەزار کیلۆ ئاڵتوونی ئەم دونیایە ناگاتە بەسۆزی ئەو بێ زمانە.
ئیتر قسەیەکم بۆ گوتن نیە. خوداحافیزیت لێ دەکەم و بەخودات دەسپێرم.
تاکو ئێستا وەک مردوویەک بووم، وەک زیندە بەچاڵێک! بەڵام هەست دەکەم ئەگەر خودا بیەوێت لەم شەو بەدواوە زیندوو دەبم و ئازاد. خودا بکات بتوانم لەو دونیا ژن و منداڵەکەم ببینم.

خودا ئاگادارت بێت کوڕەکەم

کاتێک نامەکە تەواو بوو هەستام و چوومە سەر سەری و چەمیمەوە و دووبارە ماچم کرد و گوتم:
- خودا لێت خۆش بێت ئوستاز!
کاوە کاتێک نامەکەی لەمن وەرگرت گوتی:
کاوە- بۆچی پێی دەڵێیت ئوستاز؟
- لەبەر ئەوەی مامۆستا بوو. مامۆستای وەفاداری! واز لەو سۆز و خۆشەویستیەی دڵی بهێنە. تاکو ئێستا ناوی ئوستاز... بیستووە؟ هەمان ئەو کەسە بوو کە لێرەدا خەوتووە؟
کاوە- چی دەڵێیت؟ ئەم ئوستاز... بوو؟! ئەی بۆچی خۆی بەهیدایەت ناساند؟!

- حەزی نەدەکرد هیچ کەسێک بیناسێت. حەزی نەدەکرد یادگاریەکانی زیندوو بێتەوە! تاکو پێش ئەوەی من بناسێت لەناو خۆیدا خۆی ونکردبوو!

کاوە- ئەی دڵی بێ ئاگا! خۆزگە زووتر پێت دەگوتم.

بەوشێوەی تەماشای ئوستازم دەکرد گوتم:

- ئەگەر بمگوتایە چیت دەکرد؟

کاوە- دەهاتم ئەو دەستانەیم ماچ دەکرد.

بەراستی پەنجەکانی سەرسوڕهێنەر بوو، چ شتانێکی درووست کردبوو! یەک دوو ئاوازیم لە کەناڵێکی کۆن گوێ گرتبوو. چ ڕۆژگارێکە! بیستبووم گۆرانیبێژێکی ژنی....

ڕێگەم نەدا قسەکانی تەواو بکات و گوتم:

- کاوە پەیوەندیت کرد بەفریاکەوتنەوە؟

کاوە- بەڵێ، ئێستا ئیتر دەبێت بگەن. بهێڵە ئەو نامەیە بخوێنمەوە بزانم چی تێدا نووسراوە.

تاکو کاوە نامەکەی خوێندەوە من ڕۆیشتم بۆ لای تەلا. دەستم هێنا بەسەریدا. ئەو بێزمان لەخوار قاچی ئوستازەوە نە دەجوڵا! وەفاداریەکی سەیر بوو!

کاوە- ئێ ئێ ئێ..! بەهزاد ئەو زۆر مرۆڤ بووە ها! زۆر پیاو بووە! دەزانیت سێ یەکی ئەم ماڵ و باخە پارەکەی چەندە؟! لەوانەیە نزیکەی سێ سەد بۆ چوارسەد ملیۆن تمەنە!!

- بەڵێ بەڵام بزانین لەگەڵ مندا وەفای هەیە؟! وەفای بۆ خاوەنەکەی نەبوو!

بە مووبایلەکەی کاوە پەیوەندیمان کرد بەپارێزەرەکەی ئوستازەوە.

فریاکەوتنی تارانیش گەیشت و لەدوای پشکنین هۆکاری مردنەکەی بەوەستانی دڵی نووسی. نیو کاتژمێر دواتر پارێزەرەکەی هاتوو کارەکانی ڕێک خست و هەر ئەو ڕۆژە لاشەی ئوستازمان بەخاک سپارد. بەبێ مەراسیم، هەر بەو شێوەی خۆی ویستی.

دەفتەری ژیانی هونەرمەندێکی گەورە بەسترا!

سبەی پۆلیسەکان لەگەڵ پارێزەرەکەی ئوستاز هاتن و ماڵەکەیان داخست تاکو کارەکان تەواو دەبن. من و کاوەیش تەلامان برد و لە دارستانێکی شیمال ئازادمان کرد.

ئەو بێزمانە سەرەتاحەزی نەدەکرد و لێمان جیا نەدەبووەوە.

بەڵام کاتژمێرێک لەوێدا وەستاین و تازە زانی ئازادی چیە و تەماشایەکی منی کرد و وردە وردە دوور کەوتەوە و ڕۆیشتە دارستانەکە.

* * *

## بەشی بیست و نۆ

سێ ڕۆژی دیکەش تێپەڕی، خاڵی و سارد. بەبێ هەواڵ بەبێ خۆشی. تەنها چاوەڕوانی.

شەش پیت و چوار نوکتە! وشەکانی کۆتاییە. بەڵام ماناکەی لەوانەیە ساڵانێک درێژە بکێشێت تاکو تێبگەیت! لەناو ئەم وشە شەش پیتیەدا دەیان وشەی تێدایە کە تاقیکردنەوەی هەر یەکەیان دڵی شێری دەوێت!

تەنهایی، چاو لەڕێگە، خەم، خەفەت، بێ هیوایی، ئازاری ڕۆح، خەمۆکی، خەیاڵ، پەشیمانی! بێ هەواڵی، دڵوابەستەیی!

هەریەکە لەو وشانە چەند وشەیەکن کە زۆر بەئاسانی لەزار دێنە دەرەوە و زۆر بەئاسانی لەسەر کاغەز دەنووسرێن، بەڵام دەبێت ئارام بگریت لەسەر ئەشکەنجە و ئازار تاکو ماناکانیان تێبگەیت و هەستیان پێ بکەیت!

لەناو خۆمدا بووم و قسەم دەکرد کە دەنگی دەرگا هات. کاوە بوو.

کاوە- سڵاو کوڕی حاجی کەمپانی!

- سڵاو، وەرە ژوورەوە!

کاوە- من بەهزاد گیان! دۆستە کۆنەکەت بیر نایەت؟ ئەو کاتانەی هەژار بوویت و هێلکەی مریشکت دەخوارد، زۆر منت خۆش دەویست!

- وەرە ژوورەوە خۆت بێتام مەکە.

کاوە- مافی خۆتە. ئەگەر منیش شەو بخەوم و بەیانی هەستم خاوەنی پێنج سەد بۆ شەش سەد ملیۆن تمەنی بێزمان بم، ئیتر وەڵامی سڵاوی هیچ کەسێک نادەمەوە!

تەماشام کرد و ئاهێکم کێشا.

کاوە- قوربانی ئەو ئاھەت ببم کە ھەر یەکەیان نرخەکەی چوار بۆ پێنج ھەزارە! ئاە مەکێشە! ڕۆژانە کۆڵێک زیان دەکەیت ھا!
پێکەنینم ھات.
- وەرە ژوورەوە کوڕە. وەرە ژوورەوە، ژوورەکە سارد دەبێتەوە.
کاوە- فیدای سەرت! دەوڵەمەندی ئیتر. پارە بدە و ھەوا بکڕە! ئیتر گەڕان بەدوای خواردن و نەوت و پێداویستی و سوالکەریت تێپەڕی ئازیزم!
ئێستا خولەکێک وەرە سەرەوە کارم پێتە. ڕیشیشت بتاشە وەک ئەفلاتوونت لێ ھاتووە! ھەڵبەتە ئەو کاتەی کە ھەشتا و پێنج سالان بوو!
- بێم لە سەرەوە چی بکەم؟
کاوە- لەلایەن پارێزەرەکەتەوە ھاتوون و دەیانەوێت قسەت لەگەڵدا بکەن.
- باشە پێیان بڵێ بێنە خوارەوە!
کاوە- ناکرێت بەھزاد گیان. ئەم ژوورە ماشەڵا ئەوەندە گەورەیە یەکەمین دەنگ بەدەنگ ناگات، دووەمیش یەکتری ون دەکەین! ژوور نیە! ھۆڵی کۆشکی مەڕمەڕە!
بە ناچاری لەگەڵ کاوە ڕۆیشتمە سەرەوە.
لەگەڵ فەریبادا سڵاو و ھەواڵپرسیم کرد چاوم کەوت بەکچێکی قەشەنگ لەسەر مۆبیلەکە دانیشتبوو. ھەر ئێمەی بینی ھەستا و سڵاوی کرد.
- سڵاو بفەرموون تکادەکەم.
- زۆر سوپاست. ئێوە جەنابی بەھزادی فەرھەنگن؟
- بەڵێ خۆمم.
دواتر ڕووم وەرگێڕا و تەماشای کاوەم کرد.
کاوە- ئەمان خانمی بیتا پەناھین. کچی پارێزەری ئێوە. واتە پارێزەری ئێوە باوکی ئەمانن.
- باشە؟!
کاوە- قوربانی ئەو بیر و ھۆشەت، لاخۆی تۆ یەکەمی پۆلەکەمانی، ئەمان ھاتوون کارەکانی ئێوە ڕێک بخەن.
- کارەکانی من ڕێک بخەن؟ بۆچی باوکیان تەشریفی نەھێناوە؟
بیتا و فەریبا بەھێواشی پێکەنین.
کاوە- بەھزاد گیان چەند خولەکێک دانیشن دواتر لە خزمەتتاندا باسی دەکەم. ئێستا بەیانیە و تازە لە جێگە ھەستاون و کەمێک ڕەوشتان توندە!
دواتر ڕووی کردە بیتا و گوتی:

- ببوورن بیتا خانم. ئەمڕۆ لەماڵەوە هەنگوینمان نەبوو، ئەمانیش جگە لە هەنگوین هیچی دیکە ناخۆن! فەریبا خانم تکایە چایەکی شیرین بدەن بە بەهزاد تاکو من دەڕۆم لەسەری کۆڵان شوشەیەک هەنگوین دەکڕم و دیمەوە!

فەریبا ڕۆیشت چایی بهێنێت و بیتاش کە خەریکی شاردنەوەی پێکەنینەکەی بوو لەسەر مۆبیلەکە دانیشت.

بیتا- جەنابی فەرهەنگ پیرۆزبایتان لێ دەکەم.

- ببوورن بۆچی؟

کەمێک سەری سوڕما و گوتی:

- ببوورن! باشە بڕیارە ئێوە، واتە..

کاوە گەیشتە فریایی و گوتی:

کاوە- مەبەستی بیتا خانم لەوە بوودەبێت پیرۆزبایی لە هاوڕێیەکی وەک من بەتۆ بڵێت!

فەریبا بەسینیەک چاییەوە هاتەوە.

کاوە- هەڵیبگرە! هەڵیبگرە چاییەک بەهزاد گیان. شیرینی بکە و بیخۆرەوە!

فەریبا سەرەتا فەرمووی لە بیتا کرد و دواتریش لە من و کاوە. کەمێک تێپەڕی و بیتا گوتی:

بیتا- من خوێندکاری بەشی یاسام. لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی باوکم دەدەم لە کارەکانیدا.

- ڕاست دەڵێن.

بیتا- من پێشنیارێکم بۆ ئێوە هەیە.

تەماشام کرد.

بیتا- کەسێک پەیدا بووە کە تەواوی ئەو سەرەوەتەی بەئێوە دەگات دەیەوێت. واتە نرخێکی بۆ دادەنێن و مامەڵەی دەکەن. دواتر بەپێنج لە سەد کەمتری نرخە ڕاستەقینەکەی دەدەن بەئێوە.

دووبارە تەماشام کرد.

بیتا- ئێستا من هاتووم تاکو ڕای ئێوە بزانم.

سەرم داخست. ئەو کچە داماوە سەری سوڕما بوو.

کاوە- قوربانت بم. ناوچاوت بکەرەوە. شەرمەزار مەبە! خۆ نامانەوێت بەزۆر تۆ بدەین بەشوو!

شەرم و حەیات هەڵگرە بۆ ئەو کاتەی کە ڕۆیشتیتە ماڵی خۆت! ئێستا بیری

خۆت بکەرەوە دواتر وەڵام بدەرەوە.
بیتا سەری داخست و بەهێواشی پێدەکەنی.
کاوە- ئەم بەهزادەی ئێمە زۆر شەرمنە. تو خودا ببوورن! خەتای خۆمانە.
ئەوەندە ئاگامان لێی بووە کە ڕێگەمان نەداوە خۆر و مانگ ڕووخساری ببینێت.
لەبەر ئەوەیە سەختە لەگەڵ بێگانە قسەبکات!
دواتر ڕووی کردە من و گوتی:
- ئای، قوربانی شەرم و حەیات بم، عەباکەت بکرەوە سەرت کچی بێگانە لێرە دانیشتووە!
فەریبا دەستی کرد بەپێکەنین و ڕۆیشتە چێشتخانە. ئەم جارەیان بیتایش بەدەنگی بەرز پێکەنی. تەماشای کاوەم کرد و گوتم:
- من نازانم. هەر بڕیارێک کاوە بیدات بڕیاری منیشە.
ئەوەم گوت و هەستام. ڕۆیشتمە بەردەم پەنجەرە و تەماشای دەرەوەم کرد. چاوم لەسەر شەقامەکە و بەردەم دەرگای ژوورەکەم بوو.
هەمووان بێدەنگ بوون. کاوە هاتە پشتی سەرم و دەستی خستە سەر شانم و گوتی:
کاوە- تەماشای کوێ دەکەیت؟
- بەردەم دەرگای ژوورەکەم! چاوەڕوانم خۆت دەزانیت!
دەستی هێنا بەقژمدا و ڕۆیشت بۆ لای ئەوان. منیش چەند خولەک دواتر چوومە لای ئەوان و دانیشتم.
کاوە- بەهزاد گیان بەڕای من پێشنیارێکی باشە. هەڵبەتە من چاودێری حساب و مامەڵە دەکەم. ئیتر خۆت دەزانیت.
- باشە ڕازیم.
بیتا- بفەرموون جەنابی فەرهەنگ. ئەمانە کۆپی تەواوی سەروەتی جەنابی... ڕاستی دەزانن ئەوان کێ بوون.
- بەڵێ دەزانم.
بیتا- دەڵێن ژیانێکی سەیری هەبووە! لەناو باخێک بەو گەورەییە، بەتاک و تەنهایی! دەڵێن زۆ بەسەختی ژیانی گرتووە.
- باش نیە دەربارەی مرۆڤەکان بەبێ ناسینیان بڕیار بدەن! بەدڵنیاییەوە ئاگادار بوون لە ژیانیاندا چۆن یارمەتیەکی پێشکەشی چ شوێنانێک کردووە!
بیتا- دوای لێبووردن دەکەم. حەق بەئێوەیە. بەڵام مەبەستم لەوە بوو کە...

- ئەوانیش هونەرمەندێک، مرۆڤێکی خاکی و ئازار کێش بوون. ڕۆحی شاد بێت.
بیبوورن خانمی پەناهی، ئەم کارانە چەندی پێ دەچێت؟
بیتا- بەتەواوی نازانم. لەوانەیە نزیکەی هەفتەیەک بۆ دە ڕۆژ بێت.
- باشە، ئیتر کارێکتان بەمن نیە؟
بیتا- نەخێر، کارێکم نیە. لەوانەیە چەند جارێکی دیکە پێویست بکات دابنیشین. هەڵبەتە هەوڵ دەدەم ئێواران بێمە خزمەتتان تاکو ڕۆحیەتی ئێوە باش بێت!
تەماشام کرد و گوتم:
- دەبێت من ببوورن. دەزانم کۆبوونەوەکەمان زۆر خراپ بوو. داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.
پێکەنی و گوتی:
بیتا- دەوڵەمەندەکان نابێت زۆر داوای لێبووردن بکەن!

تەماشام کرد و گوتم:
- دەوڵەمەندەکان؟!
بیتا- باشە بەڵێ. ئێوە تاکو ماوەیەکی دیکە دەبنە خاوەنی نزیکەی چوار سەد ملیۆن تمەن!
- ئێوە دەربارەی من چی دەزانن؟
بۆ ساتێک بێدەنگ بوو دواتر گوتی:
- هەڵبەتە دەربارەی ئێوە نازانم بەڵام چوونکە باوکم پارێزەرە، لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەند زۆر مامەڵەم کردووە.
- دووبارە بەبێ ناسین بڕیارتان دایەوە! من ئەگەر ئەم پارەیەم دەوێت تەنها لەبەر خاتری ئامانجەکەمە. ئەگەر ئەو ئامانجە نەبێت ئەو پارەیە بێ نرخە!
بیتا- بێ نرخ؟!
دواتر هەستا تاکو بڕوات و گوتی:
- واتە ئەگەر نەگەن بەئامانجەکەتان واز لەو پارەیە دەهێنن؟
- لەوانەیە.
خەندەیەکی گاڵتە ئامێزی کرد و گوتی:
بیتا- لەم بابەتەدا کەمێک کێشە دەبینم. دەبێت چینی سەرەوە تێپەڕێنن!
کاوە- ئێستا بۆ کوێ تەشریف دەبەن. بفەرموون لە خزمەتتاندا بین. بەڕاست حاڵی باوکتان چۆنە؟ پیاوێکی زۆر بەڕێزە. بفەرموون تکادەکەم.

بیتا بەزۆری کاوە دانیشت. من دووبارە ڕۆیشتمەوە لای پەنجەرەکە.
کاوە- بەهزادگیان وەرە دابنیشە. خەیاڵت ئاسوودە بێت ئەگەر کەسێک بێت بەدواتدا بەدڵنیاییەوە پەیوەندی دەکات!
ڕۆیشتم و دانیشتم.
بیتا- پزیشکی دەخوێنیت بەهزاد خان؟
- پزیشکیم دەخوێند خانمی پەناهی.
کاوە- واتە ئێستا پشوومانە. ئێوە چی؟ چەندتان ماوە تاکو تەواو ببن؟
بیتا- ساڵێکی دیکە تەواو دەبم.
کاوە- چاکە! ماشەڵا کچێک بەو جوانیە، خێزاندار، پارێزەری شارەزا! ئیتر هەموو شتێک لە ئێوەدا تەواوە. پشت بەخودا دواتر زۆر بەزوویی بەخت دەدات لە دەرگای ماڵتان!
بەڕاست ئێوە خزمایەتیتان لەگەڵ ئەو کچەی ناو فیلمی پارێزەرە جوانەکان نیە؟!
ئەو کچەی زۆر جوان بوو ها؟!
زەق زەق تەماشای کاوەم کرد. بیتا گوتی:
- ببوورن دەتوانم پرسیارێک بکەم؟
- تکادەکەم. ئێوە پارێزەری منن.
بیتا- بۆچی ئەوەندە خەمگینن؟!
هەموان بێدەنگ بوون. تەنها دەنگی چرکەی کاتژمێرەکە دەهات.
بیتا- وەک بڵێی پرسیارێکی خراپم کرد.
کاوە- نانا هەرگیز. ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم بەهزادەی ئێمە ئەمڕۆ کەمێک نارێکە.
دەمتوانی چی بەو کچە بڵێم؟ سەرم داخست و خودا حافیزیم کرد.
گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم. نیو کاتژمێر دواتر کاوە هاتە خوارەوە.
کاوە- باشە سوپاست بۆ خودا ئەو بەرنامەش ڕێک بوو. چ کچێکی جوان و خانمە ئەم بیتا خانمە.
- ڕۆیشت؟
کاوە- بەڵێ بەڵام سبەی کاتژمێر نۆ دێت بەدواتدا تاکو کارەکانتان ڕێک بخەن. بەڕاست بەهزاد دەمویست کەمێک قسەت لەگەڵدا بکەم.
- دەربارەی چی؟
کاوە- هەموو شتێک. یەکەمین ڕەفتاری ئەمڕۆت زۆر خراپ بوو.
- من داوای لێبووردن کرد.

کاوە- بەڵێ، بەڵام بەهزاد گیان تۆ کوڕێکی چواردە ساڵان نیت! دەبێت زۆر خۆڕاگرتر لەم قسانە بیت. واتە چی چەسپاوی بەم ژوورەوە و خولەکێک دێیتە سەرەوە لە پەنجەرەوە تەماشای ئێرە دەکەیت؟!

واتە ئەگەر فەرنوش بگەڕێتەوە سەردانێک دەکات و پەیوەندی دەکات، ئەگەر لێرە نەبوویت ئەوکاتە دەڕوات.

- ڕاست دەکەیت بەڵام چی بکەم؟ بەردەوام دوو دڵم!

کاوە- ئاگاداری خۆتبە. ناشرینە لەلای فەریبا. پیاو دەبێت خۆڕاگر بێت.

دەمەوێت بزانم تاکو ئەو ڕۆژەی فەرنوش دەگەڕێتەوە تۆ لەم ژوورەدا بیت ؟ گریمان فەرنوش ماوەیەکی دیکە پەیدا بوو بەڵام بەهۆی ئەو شتانەی ڕوویان داوە نەیەوێت ببێتە ژنی تۆ! دووبارە دەتەوێت لەم ژوورەدا بمێنیتەوە؟

قسەکانی ڕاست بوو. شتێکم نەبوو بیڵێم.

کاوە- بەهەر شێوەیەک بێت بەهزاد گیان، ژیان لەگەڵ فەرنوش و بەبێ فەرنوش بەردەوامە!

بیرت کۆبکەرەوە. ئەوە ژیان نیە بۆ خۆتت درووست کردووە! ئەو چیرۆکانەیش کەوا دەربارەی خۆشەویستی و دڵداری و وەفا بیستووتە، داستان بووە!

لە دایک و باوک ئازیزتر بوونی نیە؟! هەر خودی خۆت! کاتێک خودا لێیان خۆشبێت ئەوان مردن، تۆ ڕۆیشتیت خۆت کوشت؟

نەوەڵا! ژیانی خۆت کرد. خۆت کۆبکەرەوە کوڕە! لە کۆتایدا فەرنوشیش خودایەکی هەیە!

ئەو ڕاهاتووە کە لەگەڵ دایک و باوکی بژی. لە کۆتایدا مێردێکی وەک بەهرام پەیدا دەبێت کەوا هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات! تۆ بڕۆ لەبیری خۆتدابە.

ئێستا ئەم هەموو ماوەیە هەواڵی نیە؟ بیربکەرەوە، ڕۆژێک دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ. مرۆڤ ئەگەر بیەوێت بڕیاربدات لەماوەی کاتژمێرێکدا بیر دەکاتەوە!

ئێستا دوو هەفتە تێپەڕیوە و هیچ هەواڵێکی نیە! لانی کەم دەیتوانی پەیوەندی بەفەریباوە بکات و هەواڵێکی خۆیمان پێ بدات! ڕاست دەڵێم یان نا؟

ئەگەر ئەم عەشقە عەشق بووایە بەرامبەر نەیدەتوانی ڕۆژێکیش ئارام بگرێت چ بگات بەدوو هەفتە! دانیشە و بیر لە خۆت بکەرەوە، بزانە ئەو قسانەی کردم ڕاستن یاخود نا.

لاخۆی تۆ خوێندەواری ئەم وڵاتەی! ئەگەر ئەمە بیرکردنەوە و ڕەفتاری تۆ بێت، وای بە حاڵی نەخوێندەوارەکان!

ئەوانەی گوت و سەری داخست، دەرگای کردەوە و ڕۆیشت، تاکو ئێستا بەو شێوەیە نەمبینی بوو!
قسەکانی ڕاستەقینە بوو! بەبێ هەست و سۆز! هەندێک لە قسەکانی ڕاست بوون بەڵام کێ چارەی دەردی دڵی منی دەکرد؟! دانیشتم لە سوچێکدا و دەستم کرد بەبیرکردنەوە، وەک هەمیشە!
کاتژمێرێک تێپەڕ نەبوو کە دووبارە لە دەرگای دایەوە و هاتە ژوورەوە.
کاوە- چایی ئامادەیە؟
- مەگەر لە سەرەوە چایی نەبوو تاکو بیخۆیت؟
کاوە- بۆچی نا، بەڵام چایی ئێرەم زیاتر بەلاوە خۆشە! ئێستا چیتە ئەژنۆی خەمت لە باوەش گرتووە؟! هەر ئەوەیە ئیتر! ئەوەندە نازم کێشاوی ناسک بوویت! نازکێشت هەیە ناز بکە ئەگەرنا قاچت بۆ قیبلە درێژ بکە!
- ئەوە چایی و ئەوەش کوپ، بڕۆ خۆت تێی بکە و بیخۆ!
کاوە- ڕاست دەکەیت بەهزاد خان! مافی خۆتە! ئەو کاتانەی چایت بۆ ئێمە تێدەکرد مرۆڤێکی هەژار و نەدار بوویت! ئێستا ملیۆنەریت! منیش بوومایە ئیتر سڵاوم لەکەس نەدەکرد!
- ونبە کاوە! شەرمەزار نابیت دێیت و دەڕۆیت، بەزمان برینداری دەکەیت؟! تۆ هاوڕێیت؟ بەو شێوەیە هاوڕێیەتی دەبێت؟
کاوە- دەبێت چۆن هاوڕێیەتی بکرێت؟ لە باوەشتدا دانیشم کە چی؟ وەک یۆگی هیندیت لێ هاتووە! ژیانت وەک زاهیدەکانی لێ هاتووە! بڕۆ تەماشای خۆت بکە لە ئاوێنە!
ئەوە شێوەیە بۆ خۆتت درووست کردووە؟ چەند ڕۆژە نەڕۆیشتووتە گەرماو؟ مەترێک خۆڵ نیشتووەتە ناو ئەم ژوورە! ژوورەکەت هەمیشە وەک گوڵ بوو!
تەماشای کتێبەکانت بکە! تەماشای جلەکانت بکە! ئێرە وەک بازاڕی شامی لێ هاتووە! وشتر بەبارەوە ون دەبێت! هەستە بەژیانت ڕابگە پیاو!
تەماشای دەوروبەرم کرد. ڕاستی دەکرد.
- تۆ زۆر بێ بەزەییانە هێرش دەکەیتە سەر مرۆڤ! دەکرێت وەک مرۆڤ قسە بکەیت!
کاوە- تۆ لە زمانی مرۆڤ تێناگەیت تاکو قسەت لەگەڵدا بکەم؟!
قوڕگم گیرا. سەرم خستە سەر ئەژنۆکانم و بێدەنگ بووم. ئەویش ئیتر قسەی نەدەکرد. دڵم زۆر پڕبوو. ئیتر نەمدەتوانی خۆم ڕاگرم. فرمێسک لە چاوەکانمدا

کۆببوویەوە بەڵام نەم دەویست بگریم. بەزۆر خۆم ڕاگرت. سەرم بەرز کردەوە لەگەڵ کاوەدا قسە بکەم بەڵام دەنگم لێوە نەدەهات! هەر بەو شێوەیە تەماشام کرد.

کاوە- بۆچی بەو شێوەیە تەماشام دەکەیت؟ دەی قسەبکە ئیتر! زمانت بکەرەوە و هەمووی بڕێژە دەرەوە.

دووبارە سەرم خستە سەر ئەژنۆکانم. هەستا هات بۆ لام و لە باوەشی کردم.

کاوە- ئازیزم، گیانی من. بەخودا من ئازار دەکێشم کاتێک تۆ بەم شێوەیە دەبینم. کارێکم لەدەست نایەت بۆت. چی بکەم؟

- کاوە من زۆر تەنهام! سارد و خاڵیم! هیچ شتێک خۆشحاڵم ناکات. نە دڵخۆشیەکم هەیە نە هیچ شتێک!

ئەو کاتانە بەخۆشەویستی فەرنوشەوە کاتێک دەهات بۆ ئێرە، ژوورەکەم وەک گوڵ پاک دەکردەوە! ئێستا دەست و دڵم ناچێتە کارەوە! توانای چوونە گەرماویشم نیە.

کاوە- لەپێش فەرنووش چی؟ ئەو کاتانە ژوورەکەت بۆ کێ پاک دەکردەوە؟

- نازانم!

هەموو شەوێک خەو بەفەرنوشەوە دەبینم، دەبینم جلی بوکێنی لەبەر کردووە و خەریکە دەڕوات! هەمیشە بیر دەکەمە زۆریان لێ کردبێت کەوا ببێتە ژنی بەهرام.

کاوە- لە کۆتاییدا چی؟ ئەگەر بەو شێوەش بێت. خۆی دەزانێت، خۆ منداڵ نیە! مەگەر تۆ خۆت بەبەهرامت نەگوت کە فەرنوش دەبێت خۆی هەڵبژێرێت؟

ئاخر قوربانت بم، تۆ بۆ ئێمە ئاڵگو بوویت! من و هاوڕێیانی پۆل لاسایی تۆمان دەکردەوە!

هەموو کچەکانی پۆل دەربارەی سەنگینی و بەتوانایی تۆ قسەیان دەکرد! نابێت من ئەو شتانە بەتۆ بڵێم، تۆ خۆت مامۆستای ئێمە بوویت!

هەستە. هەستە برۆ بۆ گەرماو و سەر و ڕووخسارت چاک بکە. هەموو شتێک بدەرە دەستی خودا. زۆر کێشە هەیە تەنها کات دەتوانێت چاکی بکات.

سوێند بەخودا بەڵێنت پێ دەدەم کە ئێستا فەرنوش لە هەمووان ئاسوودەتر و جێگەی پارێزراوترە. لەوە دڵنیابە.

دووبارە ماچی کردم و دەستمی گرت و بەرزی کردمەوە.

کاوە- حەزدەکەم وەک پیاو کاتێک لە گەرماو هاتیتە دەرەوە ببیتەوە بە بەهزادەکەی جاران. باشە؟

پێکەنیم و گوتم:

- لەگەڵ تەواوی ئەو خەم و خەفەتەی لە دلمدایە، باشە.
کاوە- ئافەرین بۆ تۆ. فەرنوشیش بەو شێوەیە تۆی خۆش دەوێت.

* * *

سبەی بەیانی نزیکی کاتژمێر نۆ لە دەرگایان دا. بیتا پەناهی بوو. هاتبوو تاکو بڕۆین کارەکانی باج و خەراج ڕێک بخەین.
خۆم ئامادە کردبوو. پاک و خاوێن! ژوورەکەم دووبارە پاک بوو بوویەوە وەک گوڵ!
بە ڕێنۆیەک هاتبوو. سەرکەوتین و بەڕێ کەوتین.
بیتا- ئەمڕۆ حاڵتان باشە؟
- زۆر سوپاست. خراپ نیم. ئێوە چۆنن؟
بیتا- زۆر سوپاست. باشم. باوکم گوتی ئێوە ببەم تاکو چەند دوکانێک ببینێت. بەشێکە لە سامانی خودا لێخۆشبوو. خەمڵێنراوە.
بڕیارە کاوە خان بەدواداچوونی بۆ بکەن و دواتر بەئێوەی بڵێن. ئەگەر ڕازای بوویت، لەگەڵ کەسێک کە ئامادە بووە ئەم مامەڵەیە بکات بڕیارە بەهەمان نرخی ماڵ و باخەکە بەڵێن نامەکە ببەستێت. ڕەزامەندیت؟
- دەبێت قسە لەگەڵ کاوە بکەم، دواتر لە خزمەتتاندا دەیڵێم.
کەمێک ڕۆشتین و گوتی:
- لە ئەم دووکانانەدا حەوت دووکانی دەگات بەئێوە. هەڵبەتە سێ یەکی ئەوانە. لێرە نوسینگەی لێیە دەتوانن تەشریف ببەن و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکەن. دەربارەی نرخەکەیان و ئەو جۆرە شتانە.
- نا پێویست بەوانە ناکات. لەوانەیە کاوە و باوکی دەربارەی ئەم دووکانانە پرسیاریان کردبێت.
بیتا- ئاخر ئەوانە موڵکی ئێوەیە! دەکرێت زیان بکەن.
- مەبەستان لەوەیە کە دەکرێت کاوە کڵاو بکاتە سەرم؟
بیتا- بەو شێوەیەش نا. بەڵام باشترە خۆتان بەدواداچوونی بۆ بکەن.
- من متمانەم بەکاوە هەیە.
بیتا- ئارەزووی خۆتانە. کەواتە بگەڕێینەوە؟
- زۆر سوپاست.
سوار بووین و بەڕێ کەوتین.
- تاکو ئێستا نەمبیستبوو کەسێک هەموو مامەڵەیەک بکات.

بیتا- چۆن مامەڵەیەک؟
- ئەوەی کەسێک سەروەتی کەسێکی دیکە بەخێرایی بکرێت! ئەو بەڕێزە لەکوێ ئاگاداری ئەمانە بووە؟
کەمێک ڕاوەستا و دواتر گوتی:
بیتا- ئەوان یەکێکن لە هاوڕێکانی باوکم.
- کەواتە باوکیشتان بەشێکی بچووکی لەم مامەڵەدا هەیە!
بیتا- باشە لە کۆتایدا ئەوەش ڕێگایەکی پەیداکردنی پارەیە.
- بەڵێ ئەوەش ڕێگایەکە!
ویستی تۆڵە بکاتەوە.
بیتا- ڕێگەیەکی دیکە ئەوەیە کە لەپڕ سامانێک بەجێ بمێنێت!
- ئەگەر مەبەستان لە منە دەبێت بڵێم تاکو کۆتا ساتەکانیش من ئاگادار نەبووم.
بیتا- دوای لێبووردن دەکەم بەڵام باوەڕ پێکردنی بۆ من سەختە!
- باشە باوەڕ مەکەن!
بیتا- بەهەر شێوەیەک بێت ئەوە زۆر باشە کە کەسێک لەو تەمەنەی تۆدا خاوەنی ئەو هەموو پارەیە بێت. چێژ بەخشە!
باوکی من ساڵانێک کاری کردووە و ئێستا نزیکی شەست ساڵە. هێشتا نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی پێنج یەکی ئەو بڕە پارەیە.
تەماشام کرد. لە قسەکردندا زۆر ئاسوودە بوو!
- نەوەک ئێوە حەسوودی ببەن؟
بیتا- نەخێر هەرگیز. تەنها زۆر حەزدەکەم بزانم چۆن دەکرێت کەسێکی دەوڵەمەند لە وەسیەتەکەیدا سێ یەکی سامانەکەی بداتە کەسێک کە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵدا نەبێت.
- ئاگاداربە، زۆر بەخێرایی شۆفێری دەکەیت.
بیتا- بەدڵنیاییەوە ناتوانم بزانم چوونکە بێگانەم!
وەڵامم نەدایەوە. چەند خولەکێک دواتر گوتی:
- ببورن، چۆن دەبێت لەگەڵ ئێوەدا ببێتە ناسراو؟
لامکردەوە و تەماشام کرد. بەلامەوە زۆر سەیر بووکەوا کەسێک ئەوەندە بەئاسوودەی بتوانێت قسەی دڵی خۆی بکات! لە چاوەکانیدا بچووکترین نیشانەی فێڵبازی و خراپەکاری نەبوو. بەپێچەوانەوە زۆر ڕاستگۆیانە تەماشای دەکرد!
- ئیتر کەس ناتوانێت لەگەڵ مندا ببێتە ناسراو.

بیتا- بەدڵنیاییەوە بیر دەکەیتەوە کە لەمە بەدواوە هەرکەسێک بێت بەرەو ڕووتان لەبەر خاتری سامانەکەتانە؟! لەوانەیە ئەمە یەکەمین ویرانکردنی پارەیە!
- لەوانەیە ئێوە ڕاست بڵێن. ببورن خەریکین دەڕۆین بۆ کوێ؟
بیتا- نووسینگەی باوکم. گەیشتین.
لە جێگەیەک ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و دابەزین. نووسینگەی باوکی لە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمیدا بوو: کاتێک چووینە ژوورەوە سکرتێرەکە گوتی کە بۆ جێبەجێ کردنی کارێک ڕۆیشتوتە دەرەوە و تاکو دوای نیوەڕۆ ناگەڕێتەوە.
بیتا- باشە چی بکەین؟
- من دەگەڕێمەوەماڵەوە. سبەی خۆم دێمە خزمەتیان.
پێکەوە هاتینە خوارەوە و ویستم خوداحافیزی بکەم، گوتی:
بیتا- ئاخر تاکو ئێرە هاتووین، کاتژمێرێکی دیکە باوکم دەگەڕێتەوە. دەڵێم ئەگەر ڕازیت بڕۆین نانی نیوەڕۆ بخۆین. دواتر بەدڵنیاییەوە باوکم دێتەوە. نیوەڕۆیە و منیش کەمێک برسیمە. چۆنە؟
- باشە، شتێک نیە بڕۆین.
بیتا- بەڵام میوانی من.
- نەخێر. دێم بەڵام میوانی من.
بیتا- ئەگەر بتەوێت لەو جۆرە خەرجیانە بکەیت بەخێرایی پارەکانت تەواو دەبن ها!
پێکەنیم و پێکەوە بەرەو ڕێستۆرانت ڕۆشتین. جێگەیەکی جوان بوو. دانیشتین و داوای خواردنمان کرد.
بیتا- دەزانیت بەهزاد خان، دەبێت ئێوە ئەو پارەیە بخەنە نێو کارەوە. واتە لە شوێنێک سەرمایە گوزاری بکەیت. پارە ئەگەر بمێنێتەوە سوودی نامێنێت.
- بەدڵنیاییەوە بۆ ئەم بابەتەیش کەسێک دەناسن تاکو سەرمایەگوزاریم بۆ بکات؟!
کەمێک توڕە بوو. تەماشایەکی کردم و گوتی:
بیتا- ناکرێت من و تۆ شەڕ نەکەین؟!
- من کەی شەڕم لەگەڵ ئێوەدا کردووە؟
بیتا- من هەرچیەک بەئێوە دەڵێم بەتوڕەیی وەڵامم دەدەیەوە! هەر متمانەت بەمن نیە.
- خانمی پەناهی. من جاری دووەمە کە ئێوە دەبینم، لەبەرچی دەبێت متمانە

بەئێوە بکەم؟
بیتا- زۆر باشە! لە سبەینێوە هەموو ڕۆژێک دێمە ماڵتان تاکو ژمارەی پشتگیرییەکانی من ببینێت و بتوانن متمانە بەمن بکەن!
بیرم کردەوە گاڵتە دەکات بەڵام لە چاوەکانیدا نیشانەی گاڵتە نەبوو!
- ئەوەت بەڕاستی نەبوو؟
بیتا- بۆچی نا بەڕاستی گوتم!
مات بووم.
- من سەر دەرناکەم! ئێوە هەرچییەکتان بوێت ئەنجامی دەدەن؟
بیتا- بەڵێ!
پێکەنینم دەهات.
بیتا- من دەمەوێت یارمەتیتان بدەم بەهزاد خان!
- مەگەر من داوای یارمەتیم لە کەس کردووە؟
بیتا- دەکرێت من و تۆ پێکەوە ببینە هاوڕێ؟
- بۆچی نا، دەکرێت. بەو مەرجەی پرسیاری زۆرم لێ نەکەیت!
بیتا- کەواتە پێکەوە هاوڕێین؟
- هاوڕێین!
بیتا- بەهزاد دەزانیت ئەگەر بتەوێت دەتوانی لە ڕێگەی یاساوە لەگەڵ فەرنوشدا هاوسەرگیری بکەیت؟
ئەمە ئیتر چ جۆرە مرۆڤێک بوو؟! چەندە بەئاسوودەیی پەیوەندی لەگەڵ چواردەوریدا دروست دەکرد!
- بەڵێ ئەوە دەزانم خانمی پەناهی!
بیتا- پێم بڵێ بیتا!
دووبارە تەماشام کرد.
- ئەگەر ڕێگە بدەن دەڵێم بیتا خانم. بەوشێوەیە ئاسوودەترم.
بیتا- باشە ئەگەر بەوشێوەیە ئاسوودەی بڵێ بیتا خانم.
- بەسەر چاو. دەڵێم بیتا خانم.
بیتا- باشە ئێستا گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم. ئەو کەسەی بڕیارە سامانی تۆ بکڕێت هەلەکەی بۆ ڕەخساوە و بڕیاری داوە دە لە سەدی نرخەکەی کەم بکاتەوە بەڵام تۆ نابێت ڕازی ببیت!
- بڕیارمان پێنج لە سەد بوو.

بیتا- ئەوانە بەو شێوەیەن! سەرەتا بەو شێوەیە قسە دەکەن، دواتر کاتێک بینیان بەرامبەرەکەیان حەزی پێ دەکات، بەرزی دەکەنەوە بۆ دە لە سەد. ئێستا یان دەکرێ یان ناکرێت!

بەگشتی هەردوولا ڕازی دەبن! بەڵام کاتێک خەریکی نووسینی بەڵێننامەکە بووین و بەرامبەرت گوتی دە لەسەد پارەکە کەم دەکەمەوە، ڕازی مەبە. بڵێ من پەلەم نیە. تێگەیشتی بەهزاد؟

کەمێکی دیکەش تەماشام کرد و گوتم:

- هێشتا نەم توانیوە تێبگەم چ جۆرە کەسایەتیەکتان هەیە بیتا خانم! ئەو شتەی بەمنی دەڵێن بەزیانی باوکتانە. نازانم بۆچی ئەوە بەمن دەڵێن؟ دەزانیت ئەگەر لەوکاتەدا ئەو بەڕێزە ئەو قسەی بکردایە من ڕازی دەبووم!

بیتا- سەیرکە بەهزاد. کاتێک من ڕازی بووم بێمە ناو ئەم کارەوە مانای ئەوە بوو من بوومە پارێزەری تۆ. باشە ویژدانم وایکرد کەوا سودی تۆ لەبەرچاو بگرم.

- ئەی باوکتان چی؟ ئەو بۆچی سوودی من لە بەرچاو ناگرێت؟

بیتا- باوکم پارێزەری هاوڕێکەیەتی! هەڵە مەکە. خەریکی کاری خۆیەتی. واتە سوودی موەکیلەکەی لەبەرچاو دەگرێت! باوکم هەم پارێزەری خودالێخۆشبوو... بووە، هەمیش پارێزەری هاوڕێکەی. پارێزەری تۆ نیە!

- ڕاست دەڵێیت. هەر بیرم لەم بابەتەش نەکردبویەوە.

بیتا- بە هەر حاڵ، هیچ بەڵگەیەک تاکو من نەڵێم واژووی نەکەیت، باشە؟

پێکەنیم و گوتم:

- باشە، زۆر سوپاست.

بیتا- دەزانیت بەهزاد؟ تۆ زۆر سادەیت! زۆر بەئاسانی کڵاو دەچیتە سەرت! ئەو جۆرە مرۆڤانەی ئەم مامەڵانە دەکەن زۆر وریان. وەک گورگن!

- ئەگەر سوودی نەبێت بۆی کەواتە بۆچی دەیەوێت ئەو کارە بکات؟

بیتا- سوودی هەیە! دەزانیت پێنج لە سەدی ئەو پارەیەی دەگات بەتۆ چەندە؟ ئەویش لە ماوەیەکی کەم و لە جێگەیەکی پارێزراودا! تەنها ڕاهاتوون زیاتر لە مافی خۆیان ببەن!

خواردنیان هێنا. ئیتر هیچی نەگوت و بەبێدەنگی خەریکی خواردن بووین. دواتر ڕۆشتینە نووسینگەی باوکی، بەڵام دووبارە نەهاتبوو. چەند خولەک چاوەڕێمان کرد، دواتر بیتا منی گەیاندە ماڵەوە و خۆیشی ڕۆیشت.

ئێوارە بوو کە کاوە پەیدا بوو. نەگەیشتبوو دەستی پێ کرد.

کاوه- بەبە بە! پێم خۆش بوو! چ ژوورێک؟! دووبارە بوویەوە هەمان دەستە گوڵ! خۆت کەمێک تێک چوویت بەڵام کێشە نیە. چەند ڕۆژی دیکە ناو بکەنە ژێرت دەبێتەوە هەمان گوڵ بەهزادی خۆم! کوڕێکی شیرین و جوان بەچوار سەد پێنج سەد ملیۆن تمەن پارەوە!

لە سبەینێوە خوازبێنی کاران لێرە ڕیز دەبەستن! خۆیشم لێرە دەوەستم و ئاگادار دەبم!

تەماشاکردنێکی درێژ سێ هەزار تمەنە! تەماشاکردنێک دوو هەزار و پێنج سەر تمەنە! نرخی داشکێنراو! تکایە ڕەخنە مەگرن.

- سڵاو چۆنیت؟

کاوه- چاک! کاتێک تۆ بەم شێوەیە دەبینم شاد دەبم بەخودا!

- هەواڵ چییە؟

کاوه- لە کوێوە بۆت بڵێم؟ یەکەمین هەواڵ؟ دووەمین هەواڵ؟ گرنگترینی هەواڵەکان بڵێم؟ درێژەی هەواڵەکان بڵێم؟ دەتەوێت چ هەواڵێک بزانیت؟ بڵێ تاکو بۆتی بڵێم!

چایەکم بۆ تێکرد و لە بەردەمیدا دامنا.

کاوه- ئافەرین، هەرگیز کارەکەت لەبیر مەکە! ئەو چەند ڕۆژەی تێپەڕی خۆت ونکردبوو!

چایی تێکردنت لە بیر چووبوویەوە! هەوڵبدە دووبارە نەبێتەوە!

پێکەنیم و گوتم:

- یەک دوو ڕۆژە دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم.

کاوه- ئەگەر دەتەوێت بپرسی ژاڵە هیچ هەواڵێکی لە فەرنوش هەیە یاخود نا! دەبێت لە خزمەتتاندا بڵێم نەخێر.

یەکەمین ژاڵە باوکی مردووە و سەقاڵە. دووەم لە مەڕاسیمدا بەشدار نەبووە. سێیەم دەڵێن ژاڵە بیستوویەتی کە ڕۆیشتووە بۆ سەفەر! دەکرێت ڕۆشتبێت بۆ سەفەرێکی درێژ! هەر ئەوەت دەویست بپرسی؟

- بەڵێ هەر ئەوەم دەویست.

کاوه- ئاییی! بڕیار بوو کە ئیتر چی؟

- پرسیارکردن خۆ کێشە نیە.

کاوه- بەڵێ بەڵام خەفەت خواردن بۆچی نا کێشەی هەیە. بڕیارمان هەر ئەوە نەبوو.

باشه بڵێ بزانم بەیانی لەگەڵ بیتا ڕۆیشتیت بەدوای کارەکاندا؟
ڕووداوەکەی بەیانیم بۆ گێڕایەوە.
کاوە- ئافەرین بۆ ئەم کچە! لە ڕووخساریدا دیار بوو کە کچێکی ڕێکە! کچێکی جوانیشە بەهزاد! خراپ نیە کەمێک بەچاوی خێر تەماشای بکەیت! ئێستا هەستە بڕۆینە سەرەوە بۆلای فەریبا. شەویش هەرسێکمان دەچینە دەرەوە.
- نا ئێوە بڕۆن.
کاوە- دووبارە دەستت پێکردەوە؟!
- نە بەگیانی تۆ. مەبەستم لەوەبوو بێزارتان نەکەم. ئێوە پێکەوە دەبێت تەنهابن و باشتر یەکدی بناسن. دەربارەی تەمەنێک ژیانە!
کاوە- هەستە بڕۆین بابە! مەگەر ئافرەتان ناسینیان دەوێت؟ بیست و شەش بۆ حەوت ساڵە کوڕی دایکمم و هێشتا نازانم ڕەنگی قژی چۆنە!
پێکەنیم و گوتم:
- باوکت چی؟ ئەو چۆنە؟
کاوە- باوکیشم وریایە، چەند شەوێک پێش ئێستا ئەلبوومی وێنەکانی هێنابوو، چەند وێنەیەکی دایکمی دەرهێنابوو دەیگوت" ئەشرەف! من تێنەگەیشتم کام لەمانە تۆیت؟! بێچارە هێشتا نازانێت لەسەر سفرەی مارەبڕین دایکمی مارە کردووە یان پورم!
- ئێستا ڕەنگی قژی چۆنە؟
کاوە- بەخوداڕەنگی زۆرە! کەمێک وەنەوشەیی! کەمێک قاوەیی! کەمێکیش چی پێ دەڵێن؟ لاتیە ماتیە!!
- های لایت نەزان!
کاوە- کوێر بێت تۆ ئەوانە لەکوێ دەزانیت؟!
- ئێستا ئیتر ئەوانە مۆدێل نیە! ئێستا خانمان قژیان وەک ئافرەتانی سی بۆ چل ساڵ پێش ئێستا لێدەکەن!
کاوە- منی داماو بیرم دەکردەوە دایکم مۆدێلیە و لەگەڵ مۆدێل دەڕوات! کەواتە دایە گەورەم لە تەکنەلۆژیادا زانایە؟!
- باشە ئێستا هەر ڕۆژە و مۆدێلێکە ئیتر.
کاوە- کەواتە ئەم چەند ڕۆژەی لەم ژوورەدا دانیشتبووی، توێژینەوەت لە مۆدێلەکانی ئێستا دەکرد؟! من دڵم بۆت دەسووتا. بیرم دەکردەوە کە دانیشتووی و خەم دەخۆیت!

هەستە برۆینە سەرەوە، هەستە بیرم دەکردەوە تۆ لە ئێمە نەجیبتر هاتوویتە دونیاوە! دانەنیشی ئەوانە لەبەردەم فەریبادا بڵێیت! لەپڕ حەزی پێ دەکات!

- فەریبا تاکو شەش مانگ بۆ ساڵێکی دیکە لەو کارانە ناکات. پرسەدارە!

کاوە- بەدڵنیاییەوە کاتێک پرسەکەی تەواو بوو ئەو کارانە دەکات. دەبێت چی بکەن تاکو بەوشێوەیەی لێبێت؟

- بەدڵنیاییەوە دەڕۆنە ئارایشتگا! خۆیان ناتوانن ئەنجامی بدەن، سەختە!

کاوە- بەڵێ بەڵێ! ئەو دایکەی ئێمە پێیەکی لە ماڵە و پێیەکی لە سولەیمانیە! زیاتر لە من کە منداڵی ئەوم ئارایشتگا دەبینێت!

هەستە برۆینە سەرەوە بابە! ئەو هەڵیت و پەڵیتانە چیە بەیەکتری دەڵێین؟! ئەوکات دەڵێن ژنان لە هەر شوێنێک کۆدەبنەوە دەربارەی ئەم و ئەو قسەدەکەن! لەناو پیاواندا پەتایە!

پێکەوە چووینە سەرەوە. دوای سڵاو و هەواڵپرسی لەگەڵ فەریبادا دانیشتین. فەریبا چایی بۆ هێناین.

- باشە بەسەلامەتی کەی دەبێت برۆین بەدوای مارەبڕین و ئاهەنگ و ئەو شتانە؟

فەریبا ڕووخساری سوور بوویەوە و پێکەنی.

کاوە- ئەگەر خودا بیەوێت ئیتر هیچی نەماوە.

- پشت بەخودا خۆم لە هاوسەرگیریەکەتان خزمەتتان دەکەم.

کاوە- دەستەکانت خۆش بێت بەهزاد گیان. پشت بەخودا منیش لە هاوسەرگیریەکەت خزمەتت دەکەم.

- هاوسەرگیری من؟! هێشتا تەکلیفی من ڕوون نیە. جارێ دەبینێت هیچ هەواڵێک لە فەرنوش نیە.

کاوە- ئێستا یان لەگەڵ فەرنوش یان لەگەڵ کچێکی دیکە. تا کۆتایی تەمەن خۆ نابێت دانیشیت و چاوەڕێ بکەیت هەواڵێکت لە فەرنوشەوە پێ بگات!

- چاوەڕێی دەکەم. هەرچەندە بخایەنێت. دەزانیت؟ لایەنی کەمی ئەگەر هەواڵێکم لێی هەبووایە خەیاڵم ئاسوودە دەبوو.

کاوە تەماشایەکی کردم و گوتی:

کاوە- ئەگەر هەواڵێکت لێی هەبێت خەیاڵت ئاسوودە دەبێت؟ ئیتر دانانیشیت لە ماڵەوە و خەفەت بخۆیت؟

سەرم جوڵاند.

کاوە- بەڵێنی پیاوانە؟

- شتێک بووە بەمنت نەگوتووە؟

کاوە ئاماژەی بۆ فەریبا کرد. فەریبا کەمێک دەستە دەستی کرد و دواتر گوتی:

فەریبا- چی بڵێم بەهزاد خان؟! واتە بەلامەوە زۆر سەختە ئەوە بەئێوە بڵێم.

کاوە- بیڵێ فەریبا خانم با ئاسوودە بێت.

- هەرچییەک هەیە بەمنی بڵێن فەریبا خانم تکاتان لێدەکەم. لەوانەیە بتوانێت یارمەتییەکی من بدات! بێ تەکلیفی زۆر ناخۆشە! بێ هەواڵی زۆر ئازار بەخشە! من لە بارودۆخێکی زۆر خراپدام!

کەمێک سەری داخست و دواتر گوتی:

- دوێنێ فەرنوش پەیوەندی کرد. ئێوارە بوو.

دووبارە بێدەنگ بوو.

- تکادەکەم فەریبا خانم. هەرچییەک هەیە بیڵێ! بەخودا من بارودۆخم باش نیە!!

فەریبا- دەیویست داوای لێبووردن لەمن بکات کەوا بێ هەواڵ ڕۆیشتووە.

- بۆ کوێ؟! بارودۆخی چۆن بوو؟!

فەریبا- باش بوو. خەیاڵتان ئاسوودە بێت.

گریانم دەهات.

- چی دیکەی گوت فەریبا خانم؟! لە کوێوە پەیوەندی دەکرد؟!

فەریبا- ئەمریکا!

- فەرنوش ڕۆیشتووە بۆ ئەمریکا؟!

سەری بەئاماژەی بەڵێ جوڵاند.

کاوە- ئەوەی دیکەیشی بڵێ فەریبا! بهێڵە ئەم هاوڕێ سادەی من کەمێک بیر و هۆشی کۆبکاتەوە.

تەماشای کاوەم کرد و دواتر ڕووم وەرگێڕا و تەماشای فەریبام کرد و پرسیارم کرد:

- دەربارەی من هیچی نەگوت؟

فەریبا سەری داخست و هیچی نەگوت.

- هەواڵی منی لە ئێوە نەپرسی؟

دووبارە هیچی نەگوت.

- تو خودا خۆی باش بوو؟

کاوە تورە بوو بوو. لەپڕ هاواری کرد.

کاوه- بەڵێ بابە! بارودۆخی باشی باش بووە! سەر و کەڵلەی لە خۆشیدا بوو! لێوێکی لێداوە و هەزار پێکەنین! بیلی فەریبا ئیتر! بهێڵە خەیاڵی ئاسوودە بێت!

دووبارە بەمنی گوت:

کاوە- گوێت بکەرەوە بەهزاد بزانە چی دەڵێم! فەرنوش، هەمان ئەو فەرنوشەی کە لەبەر ئەو کارت گەیشە نەخۆشخانە، تەنانەت هەواڵی تۆی نەپرسیوە! پرسیاری نەکردووە کە زیندووی؟ مردووی؟! هیچی هیچ! وشەیەکیشی لەبارەی تووە نەگوتووە! فەریبا بەئاماژەیەک دەربارەی تۆ دەڵێت. دەزانیت کابرا دەڵێت چی؟! دەڵێت ئەو ڕووداوە هەڵە بووە! هەرئەوە!

ئێستا مرۆڤێکی سادەی وەک تۆ بڕۆ دابنیشە لەو ژوورەدا و خەفەت بخۆ! هەر بکێشە بەسەرتدا و ئاه بکێشە! بزانە چۆن قسەی کردووە کە فەریبا ئەوەندە لە دەستی تورە بووە!

ئەوانەی گوت و فرمێسک لە چاوەکاندا کۆبوویەوە. لە چاوی فەریباش چەند فرمێسکێک هاتە خوارەوە! تەماشای فەریبام کرد و گوتم:

- ببوورن فەریبا خانم، خۆ شتی خراپی بەئێوە نەگوت؟!

فەریبا هەستا و ڕۆیشتە چێشتخانە! کاوە تەماشای کردم و گوتی:

کاوە- کوڕە دەزانیت چی دەڵێیت؟! تۆ هێشتا لەسەر ڕەوشتی دوو هەزاریت!

تەماشام کرد. تنۆکێک فرمێسک لە چاوەکانیدا هاتبووە خوارەوە و لەسەر ڕوومەتی بوو!

- تۆ بۆچی دەگریت کاوە گیان؟

کاوە- دەگریم چونکە دڵم بۆ هاوڕێکەم دەسوتێت! دەگریم چوونکە دەبینم تۆ ئەوەندە لە خۆشەویستیدا ڕاستگۆی! ئازیزم! بەرامبەرەکەت ڕۆیشتووە بەدوای ژیانیدا، تێبگە ئێت!

دواتر فرمێسکەکانی پاک کردەوە.

- بۆچی هاوار دەکەیت کاوە گیان؟ ئارامبە. من هەر لە سەرەتاوە دەمویست لەسەر ڕێگەی لابچم. من هەر لە سەرەتاوە خۆشبەختی ئەوم دەویست! ئێستا کە دەزانم خۆشبەختە، منیش خۆشحاڵم.

لەبیرمە کەسێکی دیکە هەبوو، سەردەمێک پێش ئێستا لەبەر خۆشحاڵی و شادی ئەو کەسی خۆشی دەویست ئامادەبوو زۆر شت بکات! ئەگەر چی ئەو خۆشەویستیە خۆشەویستی خۆی نەبوو! لەبیرمە دەیگوت کە عەشق پیرۆزە!

چەند خولەک دواتر فەریبا چایی بۆ هێنایین. چاوەکانی سوور بوو بوویەوە. دیار

بوو که له چێشتخانه گریابوو! بەڕوویدا پێکەنیم.
چاییەکەمان بەبێدەنگی خوارد. دوای چەند خولەک کاوە گوتی:
کاوە- ئێستا ئەوانەت بیست ئارام بوویتەوە؟
- بەڵێ کاوە گیان. ئارام بوومەوە. هەر ئەوەندەی دەزانم فەرنوش خۆشبەختە و ئازار ناکێشێت بۆ من بەسە!
کاوە- زۆر باشە سووپاست بۆ خودا. ئێستا ئیتر لەبیری ژیانی خۆتدابە.
- بەڵام بۆچی زووتر ئەو هەواڵەتان نەگووت؟
کاوە- لەکوێ بزانین بەم شێوەیە ڕووبەڕووی دەبیتەوە؟ بیرمان کردەوە کە پێتی بڵێین نەخۆش دەکەویت و دووبارە دەبێت بتگەیەنینە نەخۆشخانە!
- بیرت کردۆتەوە ئەوەندە لاوازم؟!
کاوە- نە بابە. دەمزانی ڕۆستەمی داستانی! بەڵام فشاری خوێن بەو شتانە نیە! لەپڕ بەرز دەبێتەوە! فشاری ڕۆستەمیش چەند جارێک بەرز بوو بوویەوە، بەپەلە گەیاندبوویانە نەخۆشخانە!
- باشە ئیتر دەربارەی قسە نەکەین. بڕیار بوو بۆ نانی ئێوارە بڕۆینە دەرەوە؟!
بزەیەکی شیرین لەسەر لێوەکانی کاوە دەرکەوت! دەستی کرد بەگاڵتە کردن و پێکەنیم. نیو کاتژمێری دیکە قسەمان کرد، دایان لە دەرگا.
کاوە- باشە دەبێت کێ بێت؟
خۆی وەڵامی ئایفۆنەکەی دایەوە و دەرگای کردەوە. دواتر ڕووی کردە من و گوتی:
- لەبیرت دێت جەژنێک ڕۆشتین سەوزەمان کڕی؟ سێزدە بەدەر دەڵێم؟ ئێستا بەختت کراوەتەوە! خوازبێنیکار لەبەر دەرگا وەستاوە! بیتا خانم هاتن!
- ڕاست دەڵێیت؟
کاوە- درۆی بۆ چییە؟ تازە ژاڵەی ئێمەش داویەتی لە سەری! هەواڵی تۆی لەمن دەپرسی!
- بەڕاست حاڵیان چۆنە؟ خودا لە باوکیان خۆش بێت. من نەمتوانی بڕۆم بۆ لایان! بەدڵنیاییەوە ئەو منداڵە داماوە، سیمایەک زۆر دڵگرانە!
کاوە- نە بابە! پاسکیکێکیان بۆ کڕیوە باوکی لەبیر چۆتەوە هیچ، داپیرەیشی لەبیر چۆتەوە!
بیتا گەیشتبووە بەردەم دەرگا و چەند جارێک لێیدا و فەریبا دەرگای کردەوە. لەدوای سڵاو و هەواڵپرسی لە ڕاڕەوەکەدا لە فەریبای پرسی:

بیتا- بەهزاد خان لێرەن؟
کاوە- سڵاو بیتا خانم، بەڵێ، تەشریفیان لێرەیە. بەو بۆنەیەوە ڕەوشتیشیان شێواو نیە! فەرموون بۆ ژوورەوە شەرم مەکەن.
بیتا- بێزارتان ناکەم، کارێکم بە بەهزاد خان هەیە.
کاوە هەستا و ڕۆیشتە پێشەوە.
کاوە- فەرموون بۆ ژوورەوە. لە ئێستاوە پێتانی دەڵێم، من لەگەڵ بەهزادم! ئاش بەجاش! هەرکەسێک بەهزادی بوێت من لە پشتی بەڵگە نامەکەوەم.
هەستام و ڕۆیشتم سڵاو و بەخێرهاتنم کرد بۆ ژوورەوە. هاتە ژوورەوە و دانیشت.
فەریبا چایی بۆ هێنا و کەمێک تێپەڕی پرسیم:
- شتێک بووە بیتا خانم؟
بیتا- نەخێر شتێک نەبووە. هاتبووم بڵێم لەگەڵ باوکم قسەم کردووە و ئەوان دەیانەوێت نرخەکەی ئێمە بزانن.
کاوە- من سبەی نرخی کۆتایی بەئێوە دەڵێم باشە؟
بیتا- زۆر باشە.
کاوە- باشە بەسەلامەتی ئەمەش تەواو!
بیتا- ڕاستی تەنها لەبەر ئەم بابەتە نەهاتبووم بۆ ئێرە. یەکێک لە هاوڕێکانم وێنە کێشە و کارەکانیشی زۆر باشە. هاتبووم تاکو لەگەڵ بەهزاد بڕۆین کارەکانی ببینین.
کاوە- بەو بۆنەیەوە باوکیشم باڵەخانەیەکی دە نهۆمی هەیە کە تازە ئامادە بووە. ئەگەر ئەو هاوڕێیەتان کاری باش بێت و نرخەکەشی گونجاو بێت، ئەو باڵەخانەیە دەدەمە دەستی.
بیتا پێکەنی و گوتی:
- ئەو هاوڕێیەی من کچە و وێنە کێشە! ئێستا پێشانگای کردۆتەوە!
کاوە- ببوورن تو خودا! ئێوە بەشێوەیەک گوتان وێنە کێشە بیرم کردەوە کە ئەندازیاری باڵەخانەن!
- ئەگەر ڕێگە بدەن بۆ کاتێکی دیکە باشە.
کاوە- بەڵێ! بەئەرک نەبێت بەئەو هاوڕێیەتان بڵێن ئەو پێشانگایە کۆبکاتەوە بۆ مانگێکی دیکە! بەهزاد گیان ئەم شەو ناتوانن! ئەم شەو مەقامی ئەسفەهان و بەیات بەجێ هێڵدراون! بەکورتی ئەم شەو بەقامی بەیات لیرەن! تاکو بارودۆخیان باش

یاسەمین

بێت و بتوانین لە ستۆدیۆی دەشت و دۆڵەکان بەجێیان بهێڵین کەمێک درێژە دەکێشێت!
دواتر رووی کردە من و گوتی:
- هەستە. هەستە برۆ کارەکانت بکە برۆین کە لانی کەم لە ژیانتدا پێشانگایەکت ببینیت تاکو وەک من کاتێک باسی وێنەیان کرد بیری لە وێنەی باڵەخانە نەکەیتەوە!
- بەگیانی تۆ کاوە، توانام نیە.
کاوە- چیە؟! دووبارە دەتەوێت برۆیت و بتەپێتە ناو ئەو پەنجەرەی بلیت فرۆشیەوە کە ناوت لێناوە ژوور و دانیشیت بیر بکەیتەوە؟! هەستە برۆ جلەکانت بگۆرە و وەرەوە. برۆ!
بەزۆر بەرزی کردمەوە. رۆیشتمە خوارەوە و جلەکانم گۆری و گەرامەوە سەرەوە. کاوە راستی دەکرد. خۆیشم حەزم نەدەکرد بەتەنها بم! تەنهایی ئازاری دەدام.
چەند خولەک دواتر هەر چوارمان بەئۆتۆمبیلەکەی کاوە بەرێ کەوتین و نیو کاتژمێر دواتر لە پێشانگاکە بووین. کاتێک چووینە ژوورەوە و کاوە چاوی کەوت بەتابلۆکان گوتی:
کاوە- بەبە! بەراستی بەبە بۆ ئەم وێنانە! مرۆڤ ئارەزوویان دەکات! ئێمە لەماڵەوە چاو دەگێرین بۆ هەر شوێنێک لە دیوارەکان وێنەی باوکمان دەبینین!
ئەمبەری ماڵ وێنەی باوکمانە! ئەوبەری ماڵ وێنەی داپیرەمان! وێنەی باوک و داپیرەمان لە دەرگاو دیوارەوە رۆیشتوتە سەرەوە!
بە بە! تو گیانی من بەهزاد تەماشای بکە! ئەم تابلۆیان ببینە! ئەم خانمە ئەوەندە ئەم گلۆپەی بەسرووشتی کێشاوە کە هەست دەکەم تیشکەکەی دەدات لە چاوم! ئافەرین بۆ ئەم وێنەکێشانە! مرحبا!
بەهێواشی لەپاڵ گوێیدا گوتم:
- کاوە بۆچی ساویلکەیی دەنوێنیت؟! ئەوە تابلۆ نیە خۆ! ئاوێنەیە! وێنەی گلۆپەکەی بەرامبەر دەداتەوە!
فەریبا و بیتا پێکەنین.
کاوە- کەواتە بۆچی ئەمەیان لێرە لکاندووە بەدیوارەوە؟
- ئێرە راڕەوە! پیسانگاکە لەوێوە دەست پێ دەکات.
چووینە پێشتر و گەیشتینە تابلۆکان.

کاوە- ئەمەیان ئیتر ئاوێنە نیە؟
بیتا بەپێکەنینەوە گوتی:
- نەخێر. ئەمەیان وێنەیە. من بڕۆم هاوڕێکەم بدۆزمەوە و بیهێنم بۆ ئێرە. حەزدەکەم پێتانی بناسێنم.
ئەوەی گوت و ڕۆیشت. ماینەوە ئەو سیانەمان بەرامبەر تابلۆیەک.
کاوە- بەڵام خراپ وێنە ناکێشێت ها! ئەم تابلۆیان زۆر جوانە!
- وەک ئەو تابلۆی پێشوو؟!
کاوە- نە بەگیانی تۆ. تەماشای ڕەنگەکانی بکە! سەیرکە چەندە شاد و زیندووە!
- تۆ چی لە وێنەکیشان دەزانیت؟
کاوە- بەم شێوەیە سەیرم مەکە بەهزاد خان! کاتێک منداڵ بووم لەسەر دەفتەرە شەترەنجیەکان وێنەم دەکێشا وەک مانگ! پشیلەم دەکێشا، مریشکم دەکێشا، گوڵم دەکێسا، تازە من لە منداڵیمدا خۆرگیرانم پێشبینی کردبوو! ڕۆژێکیان وێنەی خۆرم بەڕەنگی ڕەش کێشا!
- بەسە کاوە. یەکێک گوێی لێ دەبێت و ئابروومان دەڕوات!
کاوە- نا تۆ تەماشابکە! ئەم تابلۆیە ببینە! ئەم گیا و درەخت و ڕووبارە نیشانەی چییە؟ ئەم دیوارەی پشتی درەختەکان دەیەوێت چی بڵێت؟
- باشە مەبەستەکەی جیاوازی هەیە. بەڵام دەبێت بزانیت بیرۆکەی وێنە کێشەکە چی بووە.
کاوە- ئەوەیان ئیتر ڕوونە! درەخت و گیا و ڕووبار و گوڵانە نیشانەی ژیانە! ئەم دیوارەی پشتیشیەوە دەیەوێت بڵێت ئێرە باخێکی گەورەیە.
هەموو تابلۆکان بەهار نیشان دەدەن. بەهاریش نیشانەی ژیان و ئازادی و خۆشی و شادیە. ئەم وێنەیە بیری سێزدە بەدەرت دەخاتەوە کە خەڵکی دەچنە دەرەوە بۆ ئەو باخانە و سەوزی کۆدەکەنەوە و لە کەناری ڕووبارەکاندا دادەنیشن لەگەڵ خێزانەکانیان، چایی و خواردن دەخۆن، بەکورتی دەکەن! ڕووباریش خۆی نیشانەی ڕاکردنە! وەک خوێنی ناو دەمارەکان! زیندوو و چالاک!
- ئافەرین! چەندە شاعیرانەیە!
هەر لەو کاتەدا بیتا لەگەڵ خانمێکی سەوز پۆش و گەڕایەوە لای ئێمە. لەگەڵ یەکدی ئاشنا بووین. ناوی گوڵناز بوو. بەخێرهاتنی کردین و سوپاستی کردین کە بۆ بینینی تابلۆکانی هاتووین.
کاوە- بەڕاستی بیرۆزبایتان لێدەکەم گوڵناز خانم. وێنەکانت زۆر جوانن.

گوڵناز- ئێوە ڕێزتان هەیە زۆر سوپاست.

کاوە- ئێستا ئێمە خەریک بووین دەربارەی ئەم تابلۆیە قسەمان دەکرد. زۆر جوانە. زۆر بەئاسانی سەرنجی بەرامبەر ڕادەکێشیت! ئەم تابلۆیە لەگەڵ مرۆڤ قسە دەکات!

گوڵناز- زۆر سوپاست!

کاوە- ببوورن ئەم تابلۆیانە ناویان هەیە؟ واتە ئێوە کاتێک ئێوە وێنەیەک دەکێشن بیر لەبابەتێکی تایبەت دەکەنەوە؟

گوڵناز- هەڵبەتە. تەواوی ئەم تابلۆیانە ناویان هەیە و هەر یەکەیان هەستێکی تایبەتیان هەیە! بۆ نموونە هەر ئەم تابلۆیەی کە ئێوە گوتتان. ناوم لێناوە مەینەتی! دەزانیت؟ ئەم وێنەیە کۆتاییەک پیشان دەدات!

مەینەتیەک! تەواوی درەخت و گیاکان لەناو چوار دیواردا زیندانین! تەنانەت ئاوی ڕووبارەکەیش دەڕوات و بەر دیوارەکە دەکەوێت! ئەم وێنەیە دەوێت پوچی نیشان بدات!

کاوە کە سەرسامانە تەماشای گوڵنازی دەکرد گوتی:

کاوە- دەیدات! نیشانی دەدات! لە یەکەمین جارەوە من تەماشام کرد، پوچیم تێدا بینی!

من و فەریبا دەستمان کردبوو بەپێکەنین.

کاوە- کاتێک مرۆڤ تەماشای ئەم تابلۆیە دەکات لە ژیان بێزار دەبێت! واتە دەڵێت ئەمە چ ژیانێکە ئێمە دەیکەین؟! هەمووی پوچە! هەمووی مەینەتیە!

گوڵناز- بۆ نموونە تەماشای ئەمەیان بکەن.

چووینە بەردەم تابلۆی دواتر. وێنەی مێرگێک بوو لە شەودا. هەموو شوێنێک بەنزیکی ڕەش بوو.

گوڵناز- تەماشابکە! ئەم وێنەیان هیوا نیشان دەدات.

کاوە چاوەکانی دەرپەڕی بوو. ڕۆیشتبووە پێشەوە و تەماشای تابلۆکەی دەکرد و سەری دەجوڵاند.

گوڵناز- ئێوە خۆتان بڵێن! مرۆڤ کاتێک شەو دەبینێت بەکورتی بیری چی دەکەوێتەوە؟

کاوە- جێگەی نووستن!

- کاوە!!

کاوە- بەگیانی تۆ درۆ ناکەم! من هەر شەو دێت بیر لە جێگەی نووستن

دەکەمەوە!

گوڵناز- بەو بۆنەیەوە ڕاست دەڵێن! جێگەی نووسستن هۆکاری نووستنە. لەدوای نووستنی شەو هەمیشە ڕۆژە! شەو هەمیشە بەڵێنی شەو بووە!

کاوە لە ڕووخساریدا دیار بوو لەم دانەشیان هیچ تێنەگەیشتووە.

کاوە- بەڕاستی دەستت خۆش بێت! شازە! کاتێک من تەماشایان دەکەم حەز دەکەم دووبارە لەدایک ببمەوە! بەبە لەم شەوە! ئەم دانەشیان وەک جوانی قسە دەکات!

دواتر لای کردەوە و تەماشای من و فەریبای کرد. من و فەریبا لە پێکەنیندا خەریک بوو دەمردین. ئەو کوێر بووە خۆی پینەدەکەنی. ڕۆیستبووە بەردەم تابلۆکە و تەماشای دەکرد.

کاوە- خودا بتان پارێزێت! بەبە! شەو بەسەربردنێک سێ کتێب مانای هەیە! ئێمە ئەگەر بمان ویستایە ئەو شتانەی لەناو ئەم تابلۆدایە بڵێین، دەبووایە پێنج نامیلکەمان بنووسیایە تاکو قسەی خۆمان بکەین! مرحبا بۆ ئەو پێنووسە!

دواتر گەڕایەوە لای من و گوتی:

کاوە- بەهزاد! شەو ببینەوە! وەک خەڵوزە! لەبەر شێوە ڕاستەقینەکەی مرۆڤ ناتوانێت بەپێی خۆی ببینێت! بەبە! لە شەقامەکاندا

ئیتر ناکرێت شەو ببینیت چونکە هەمووی گڵۆپە و ڕووناکە! ئەگەر دەتەوێت شەو ببینیت تەماشای ئەم تابلۆیە بکە! تاری تاریکە وەک دڵی ڕەشی شەیتان! تەنها ببوورن ئەم قەلە ڕەشە چیە لێرە؟ لەم گۆشەی تابلۆیە لەو تاریکیەدا؟

گوڵناز- قەلە ڕەش نیە، پەڕەسێلکەیە! خەریکە بەرەو بەیانی دەفڕێت!

کاوە- کوێر ببم ئاگادار نەبووم! بەبە، چ بیرۆکەیەک! چ سروشتێک! چ پەرەسێلکەیەک؟! چ باڵێک! ئەو داماوە خەریکە بەدرۆوە دەفڕێت! بەڕاستی دەستت خۆش بێت!

گوڵناز- بیتا گیان، ئێستا کە ئەوان زۆر حەزیان بەو دوو تابلۆیە کارەکانیان بۆ ڕێک بخە کە ئەو دووانە موڵکی ئەوانە.

کاوە سەری سوڕما بوو گوتی:

- ڕێزتان هەیە خانم! من بێ ڕێزی ناکەم. حەیفە ئەو هەموو بینەرە لە بینینی ئەو دوو وێنە جوانە بێ بەش بن!

گوڵناز- کێشە نیە. ئێوە لەدوای پێشانگا ئەو دووانە وەردەگرن. تەنها ئێمە لە ژێریدا دەنووسین ئەو دووانە فرۆشراون!





CamScanner

باشە ئەگەر ڕێگە بدەن من دەڕۆم تاکو بەوانی دیکە ڕابگەم.
کاوە- تکادەکەم. بفەرموون!
گوڵناز ڕۆیشت و کاوە سەرسام مابوویەوە. دواتر لە بیتای پرسی:
- ببورن بیتا خانم، ئێستا نرخی ئەو دووانە چەندە؟
بیتا- نرخی زۆر نیە. ئێوە هەر چەندێک بدەن لەڕاستیدا بەرامبەر جیهانی هونەر یارمەتیدەر بوون.
من و فەریبا ئیتر نەمان توانی پێش بەپێکەنینمان بگرین. ڕۆشتینە سەر تابلۆی دواتر. کاوە هەر وەستابوو تەماشای ئەو دوو تابلۆیەی دەکرد!
کەمێک تێپەڕی و هات بۆ لای ئێمە. بەهێواشی گوتی بەمن:
کاوە- چ هەڵەیەکم کرد کە وەسفی تابلۆکانیم کرد ها! ئێستا دەبێت چەندە پارە بدەم؟
- پێی بدە ئیتر! تابلۆی مەینەتی و هیوایە! هەرچەندەی پێ بدەیت زۆر نیە! لەڕاستیدا یارمەتی پێشکەشی مەینەتی و بێ هیوایت کردووە! لەو دونیادا بۆت دەنوسرێت!
کاوە دووبارە گەڕایەوە بەردەمی ئەو تابلۆیە و سەرسامانە تەماشای دەکرد.
بیتا- بەهزاد، دەڵێی کاوە خان زۆر حەزی لەو دوو تابلۆیە کردووە!
من و فەریبا پێکەنین.
- بەڵێ بەڵێ! ئێستا هاتبوو لەپاڵ گوێی مندا دەیگوت نرخیان هەرچەندە بێت دەیهێنێت!
بەکورتی دەستمان کرد بەتەماشاکردنی تابلۆکانی دیکە بەڵام کاوە ئیتر وشەیەکی نەگوت. کاتێک ویستمان بڕۆین کاوە ڕۆیشت پارەی تابلۆکان بدات. کاتێک گەڕایەوە گوتی:
کاوە- ڕووتیان کردمەوە! سەد تمەنیان لێ سەندم! خێر نەبینیت کچ! ئاگر بەربێتە ژیانت!
- ناشرینە بەخودا! کۆڵێک زیندانیت ئازاد کردووە و ئەو هەموو هیوایەت کڕیوە بەچەند؟ سەد هەزار تمەن! خەڵکی بۆ زەڕەیەک هیوا ملیۆن ملیۆن پارە خەرج دەکەن! ئێستا بڵێ بزانم، دووبارە بڕوات وایە ئەوە وێنەی سیازدە بەدەرە!
کاوە- بەڵێ بەگیانی تۆ! وەک ئەوەیە خەڵکی هاتوون بۆ ناو باخ لە سیازدە بەدەردا و ڕۆیستوون یەک دونیا پیسیان خستۆتە سەر زەوی!
- وەسف کردنی ئەم شتانەش هەیە ئیتر.

کاوە- لاڵ بێت ئەم زمانەم ! ئەو خێر نەدیوە ڕێگەی نەدا کەوا لانی کەم بڵێم حەزم لە یەکێکیانە کە کەمتر پارە بدەم! چ بەلایەک بوو ئەم گوڵناز خانمە!

- تۆ ئاگرەکەت داگرساند کاوە. ئێستا وەرە بڕۆین ئیتر!

کاوە- بەڵێ دامگرساند بەڵام خۆم سوتام!

کاتێک خەریک بووین لە پێشانگا دەهاتینە دەرەوە دوو تابلۆی پێچراوەیان دایە دەستی کاوە. خودا حافیزیمان لە گوڵناز خانم کرد و هاتینە دەرەوە.

کاتێک گەیشتینە سەر شەقام کاوە گوتی:

کاوە- ئەم دووانە چی بوو؟

- هیوا و مەینەتی.

کاوە تابلۆیەکیانی دایە دەستی من و گوتی:

- وەرە بەهزاد. ئومێد تۆ هەڵیبگرە و مەینەتیش خۆم دەیبەم! دەستی بگرە نەکەوێتە جۆگەی ئاوەکەوە! هەر پێویست ناکات! هیوا شەیتانە لەپڕ دەڕوات لە دەست و دەچێتە ژێر ئۆتۆمبیلەووە! خۆم هیوا دەبەم، تۆ مەینەتی ببە! بێ کێشە ترە!

فەریبا لە پێکەنیندا مردبوو.

- ناشرینە کاوە! بیتا گوێی لێ دەبێت!

کاوە- ئەو جارێ خەریکی ماڵئاوایی کردنە.

فەریبا- مەگەر بڕیار نەبوو ئەم تابلۆیانە لەدوای پێشانگا ببەن؟

کاوە- گوڵناز خانم ترساوە پەشیمان ببمەوە و بێم پارەکانی لێ وەربگرمەوە!

دواتر تەماشایەکی خەمگینانەی تابلۆکانی کرد و گوتی:

کاوە- ئێستا من ئەم دوو منداڵە بێ دایکە چۆن گەورە بکەم؟!

بیتایش هات و هەر چوارمان ڕۆشتین سواری ئۆتۆمبیلی کاوە بووین و بەڕێ کەوتین.

بیتا- بیرم نەدەکردەوە کاوە خان حەز بەهونەر بکەن.

کاوە- حەز دەکەم بیتا خانم! ئێمە خێزانێکین حەز بەهونەر دەکەین! ساڵی پار باوکم جووتێک گوێرەوی مایکڵ ئانجی لە مەزادێک کڕی بەسێ ملیۆن تمەن! تازە دزرابوویش!

هەمووومان پێکەنین کە کاوە بەهێواشی گوتی:

- ئەو بیتا خانمە هێشتا نەهاتووە شوتی لە ژێر باڵی من دەردێنێت!

بیتا- بەو بۆنەیەوە تاکو چەند ڕۆژێکی دیکە هاوڕێیەکی دیکەم پێشانگایەکی

دەفری قوڕینی هەیە. بەدڵنیاییەوە کاوە خان حەزی پێ دەکەن
کاوە- من بەگوڕی باوکم پێدەکەنم! دەفری قوڕینم بۆ چییە؟ مەگەر مۆزەخانەم کردۆتەوە؟! هەمان ئەو دەفرە شوشانەی دایکم زۆریشە! من ئەگەر بتوانم هیوا و مەینەتی گەورە بکەم شاکارم کردووە!
بیتا- ئەوەک پەشیمان بوویتنەوە کە ئەو تابلۆیانەتان کڕیوە؟
کاوە- پەشیمان بوومەتەوە؟! تازە من دەمویست سبەی بەیانی خۆم بەتەنها بێم پڕ بەدڵ تەماشای تابلۆکانی دیکە بکەم! لەوانەیە تەواوی وێنەکان بکڕم!
بیتا- کەواتە بۆچی زوو لە پێشانگا هاتنە دەرەوە؟ ئەوێ تاکو کاتژمێرێکی دیکە کراوە بوو! دەتانەوێت بگەڕێینەوە؟
کاوە- هەڵەم کرد! زۆر سووپاست! خۆم بەتەنها دێم. ئێستا برسیمانە. بەسکی خاڵی ناکرێت لە هونەر تێبگەیت! دەمەوێت ئێوە ببەم و هونەری هەشتەمتان پیشان بدەم!
بیتا- هونەری هەشتەم چییە؟
کاوە- دووکانێکی جگەرە کە خاوەنەکەی جگەر دەبات و بەچەقۆ دەیکاتە تاڵە موو!
دواتر لە شیشی دەدات وەک ئەوەی جگەرەکەیان بەلێزەر کونکردبێت!
باوەڕ بکەن ئەو ژاپۆنیانە بەتەواوی تەکنەلۆژیاکانیانەوە ناتوانن بەو شێوەیە ئەو جگەرە ناسکە لە شیش بدەن!
بیتا- بەو بۆنەیەوە گوڵنازیش ڕۆژێکیان لە ماڵیان مەڕیان سەربڕی بوو. جگەرەکەی درووست کردبوو چەندە جوان! ئەویش زۆر باش جگەر دەدات لە شیش!
کاوە- بەڵی بەڵێ! ئەم شەو ئاگادار بووم، جگەری منی باش دا لە شیش! دوو شیشی کردە جگەرم! شیشی پەنجا تمەن!
ئەم جارەیان خۆیشی پێکەنی. بەکورتی هەر چوارمان نانی ئێوارەمان لە شوێنێک خوارد و گەڕاینەوە ماڵەوە. بیتا ماڵئاوایی کرد و بەئۆتۆمبیلەکەی ڕۆیشتەوە. نەریبایش خوداحافیزی کرد و ڕۆیشتە سەرەوە. ماینەوە من و کاوە.
- دێیت بۆ لای من؟
کاوە- بەڵێ کاتژمێرێکی دیکە دەڕۆم.
پێکەوە چووینە ژوورەوە. گەرم کەرەوەکەم داگرساند و کتریم خستە سەری.
کاوە- تۆ حاڵت باشە؟

- ئای، خراپ نیم.
کاوە- لەبەر دڵخۆشی ئێوە ئەم شەو سەد هەزار تمەنم داناوە!
- کاوە تۆ بۆچی ئەوەندە خۆت ئازار دەدەیت؟
دانیشت و تەماشای کردم.
کاوە- یەکەمین من هاوڕێتم و لە خەفەت خواردنت خەفەت دەخۆم. دواتریش خۆم بەهۆکاری ئەم ڕووداوە دەزانم.
- خەتای تۆ نەبووە. دەبووایە ئەم شتانە ڕووی بدایە. ناڕازی نیم. لەوانەیە بەم شێوەیە باشتر بێت. لانی کەم دەزانم ئەو کەسەی خۆشم دەوێت ئاسوودەیە و خۆی بەو جۆرەی دەوێت.
کاوە- بەهزاد بەخودا من مەبەستم لە باشەی تۆ بوو. حەزم دەکرد سامان پەیدا بکەیت. بەڵام لەکوێ بزانم بەم شێوەی لێ دێت! خودا من بکوژێت کە هۆکاری هەموو ئەمانە بووم.
- خۆت ئازار مەدە کاوە گیان. هەر لە سەرەتاوە من و فەرنوش لەگەڵ یەکتردا ڕێک نەبووین چونکە من نەمدەتوانی ئەو خۆشبەخت بکەم. لەبەر ئەوە خۆم خستە لاوە.
ئێستاش هیچ نەبووە. خەیاڵی من وەک ڕۆژی یەکەمە و لەسەر ڕێگەکەی لاچووم! لەڕاستیدا ئەگەر هەر ئەو جارە لەسەر شەقامەکە بەتەنها جێم بهێشتایە و بڕۆیشتمایە، بەدوامدا نەدەهات و هەموو شتێک تەواو دەبوو. تۆ خۆت دڵگران مەکە.
کاوە- هێشتا خۆشت دەوێت؟ ل ئەوەشی دەزانیت وازی لێ هێناویت و ڕۆیشتووە؟
- زۆر زیاتر! باوەڕبکە یەکێک لەو شتانەی ئێستا ئارامم دەکاتەوە ئەوەیە کە دەبینم توانیویەتی من بەئاسانی لەبیر بکات؟ من لە دڵی خۆمدا خۆشم دەوێت.
نازانم تێدەگەیت یاخود نا. خۆشەویستی کاتێک زۆر بوو ئیتر ئەم قسانە مانای نیە!
کاوە- تێدەگەم! من تۆ دەناسم! ئاگام لەو دڵەتە چەندە پاک و گەورەیە! ئەگەر من لە جێگەی تۆ بوومایە بەرامبەر لە بەرچاوم دەکەوت و ئیتر ڕقم لێی دەبوویەوە! زۆر تووڕە دەبووم کە بەو شێوەیە ڕۆیشتووە!
- فەرنوش کەسێکی خراپ نەبوو. بڕیارێکی باشی داوە. بەڵام دەزانیت؟ هێشتا ناتوانم باوەڕ بکەم زۆر سەیرە بەلامەوە، لەپڕ بەبێ قسە بڕواتە دەرەوە! دڵم باش

نالێت. باوەڕ بەڕۆیشتنی ناکەم! هەستەکەم زۆر نزیکە!

کاوە- باشە دنیا زۆر گەورە نیە. هەرکاتێک حەز بکات چەند کاتژمێرێک دواتر لێرە دەبێت.

- نا نا! تێناگەیت. فەرنوش زۆر نزیکتر لەم قسانەیە لە منەوە! تەنانەت دەتوانم پێتی بڵێم هەر لەم ژوورەدایە!

کاوە- لەبەر ئەوەیە کە زۆر خۆشت دەوێت بەڵام باشترە لە یادی بکەیت. دەبێت تۆیش وەک ئەو دەبێت بەڕێگەی خۆتدا بڕۆیت.

- کاوە بەڕای تۆ فەریبا هەموو شتێکی بەمن گوتووە؟

کاوە- دەربارەی چی؟

- پەیوەندی. ئەو پەیوەندیەی فەرنوش کردوویەتی.

کاوە- بەڵێ. پێویست ناکات هیچت لێ بشارێتەوە. کۆتایی کارەکە ئەوەبوو کە پێی گوتی. واتە بەرامبەرت نایەوێت دەربارەی تۆ ببیستێت و بزانێت!

- نازانم چی بڵێم! جارێ من ماومەتەوە و هەزار یادگاری!

کاوە- تۆ ماویتەوە لەگەڵ کۆڵێک پارە و یادەوەریەک! ئەویش یادگاری کەسێک کە لەبیری تۆدا بوو وە ئەم پارەیەت لە ئەوەوە بۆ ماوەتەوە! مامۆستا... دەڵێم.

ئەوانی دیکە زۆر گرنگ نیە. تۆیش ئەم بابەتە زۆر گەورە مەکە. کچێک بووە ماوەیەک هاتووەتە ژیانتەوە و ڕۆیشتووە. مەگەر هەموو ڕووداوەکان چەند ڕۆژ بوو؟! لەبیری بکە ئیتر.

- قسە دەربارەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ نیە. مەگەر من چەندێک بوو ئوستازم دەناسی کە ئەو هەموو کارێکی بۆ من کرد؟!

جار هەیە دوو کەس یەکەمین جارە یەکتری دەبینن بەڵام دەڵێی تەمەنێکە بەدوای یەکتردا گەڕاون و تازە بەیەکتری گەیشتوون. ئیتر ناسراوی قسەی ڕۆژ و مانگ نیە!

قسە دەربارەی یەک گوتە یەک بوونە! تێی پەڕینین.

تۆیش هەستە برۆ ئیتر ماندووی.

کاوە- دەتەوێت ئەم شەو لە لات بمێنمەوە؟

- نا بۆچی؟ باشم بەگیانی تۆ. برۆ!

هەستا ڕووخسارمی ماچ کرد و ڕۆیشت. کاتێک دەرگاکەم داخست تەواوی ژوورەکەم بۆنی فەرنوشی گرت! ئەو زنجیرەی بەیادگاری پێی دابووم لە ملم بوو. دەستم لێدا. خۆشەویستی فەرنوش کەمی نەکردبوو! ئەو هەستە زۆر بەخێرایی

دەروونمی پڕ کرد!

ڕۆیشتم گەڕام بۆ سیدیەکەی، بەرگەکەی دڕابوو. کاتێک دەستم لێدا عەشق تەواوی دڵمی گرتەوە. خێرا کردمەوە و ئەو بەشەیم جاک کردەوە کە لەسەری نوسرابوو" پێشکەش بەتۆ بەهزاد"

کردمە ناو ئەو ڕادیۆی بۆی کڕیبووم. گلۆپەکانم کوژاندەوە و ڕادیۆکەم هەڵکرد.

" بەهزاد ئەگەر چی ئەم ئاوازە لە ئاستی خۆشەویستی تۆدا زۆر کەمە، بەلام بە خۆشەویستیەوە بۆ تۆم داناوە. خۆشم دەوێیت بۆ هەمیشە"

* * *

لەدوای چەند ڕۆژ مامەڵەکان تەواو بوون. کاوە و باوکی نرخێکی گونجاویان بۆ موڵکەکان دانابوو. بیتاش بەڵێننامەیەکی باشی بۆ نووسیم و هەموو شتێک تەواو بوو. نزیکی چوارسەد و حەفتا ملیۆن تمەن بوو بەشەکەم. خستمە بانکەوە.

کاوە گرتبووی بەوەی کەوا من شوقەیەک بۆ خۆم بکڕم.

هەر ئەو ئێوارەیەی پارەکانم وەرگرت کاوە هات بەدوامدا و پێکەوە ڕۆشتینە ماڵی فەریبا. بیتایش لەوێ بوو. ڕۆیشتینە ماڵەوە و لەدوای سلاو و هەواڵپرسی دانیشتین و فەریبا چایی بۆ هێناین. کەمێک تێپەڕی و کاوە دەستی پێکرد.

کاوە- باشە بەسەلامەتی ئەم بابەتەش تەواو بوو، پارەکەیشت وەرگرت. خودا لە مامۆستا خۆش بێت و ڕۆحی شاد بێت. ئێستا هاتینە سەر بابەتی سەرەکی! دەتەوێت چی بکەیت بەهزاد؟

- نازانم بەخودا!

کاوە- بەبڕوای من لە پێش هەموو شتێک دەبێت شوقەیەک بکڕیت. گەورە و باش. ئۆتۆمبیلێکی جوانیش دەبێت بکڕیت. چۆنە؟

- باشە بەلام شوقەی گەورە پێویست ناکات. دانەیەکی بچووک باشە.

کاوە- شوقەیەکی بچووک چیە؟ دڵی مرۆڤ تێیدا دەگیرێت؟!

- ئاخر کاوە گیان دەبێت لە بیری پاک و خاوێنیشدا بیت! من کەسێکی تەنهام! ناتوانم ماڵێکی گەورە ڕێک و پێک بکەم!

کاوە- قوربانی ئەو سیاسەتەت ببم! لە سەرەتای ژیانەوە وەک ژنێکی لەپێ کەوتوو بیر دەکەیتەوە!

هەمووان پێکەنین.

کاوە- لەبەر ئەوە دەمەوێت شوقەیەکی گەورەت بۆ بکڕم ئیترا کاتێک ماوەیەک تێپەڕی و بۆت نەکرا پاکی بکەیتەوە بیر لە ژنهێنان بکەیتەوە!

بیتا- ببورە کاوە خان! بەیارمەتی خزمەتکارێکیش دەکرێت شوقەیەک پاک و ڕێک بکرێت! پێویست بەژنهێنان ناکات!

کاوە- واتە دەفەرموون ژن بۆ ئەم بەهزادە نەهێنین؟ لێی بگەڕێین بەم شێوەیە بەزگورتی بسووڕێتەوە؟!

بیتا- من لەگەڵ هاوسەرگیری نەکردنی بەهزاد نیم، بەڵام پاککردنەوەی ماڵ نابێتە بەڵگەیەکی باش بۆ هاوسەرگیری!

کاوە- بەتەواوی ڕاستە. پاککردنەوە و لێنان! ئەم داماوە ئەوەندە هێلکەی مریشکی خواردووە کە قەد قەد دەکات!

من و فەریبا پێکەنین و بیتاش کەمێک بەتوڕەییەوە گوتی:

- شازە! پاککردنەوە و لێنان! ژنهێنان لەلای ئێوە ئەوە ماناکەیەتی؟! واتە ئێوە کاتێک ماڵەکەتان پیس بوو و خواردنتان نەبوو ئەو کاتە بیری هاوسەرگیریتان دەکەوێتەوە؟ واتە ژن جگە لەو کارانە هیچی دیکەی لەدەست نایەت؟

کاوە- ئەو قسانە چییە بیتا خانم؟! ئەوانە من بۆ نموونە و گاڵتە گوتم، ئەگەرنا کێ دەتوانێت لاسایی ئافرەتێک بکاتەوە لە ژیاندا؟! من خۆم بەقرزارباری خانمان دەزانم. ئێوە بەهەڵە تێگەیشتوون!

بیتا- خۆشحاڵم لەوەی کە ئێوە توانای خانمان تەنها لە پاککردنەوە و لێنان نابینن!

کاوە- ڕێزتان هەیە! ئەو دووانەی گوتم تەنها شتێکی بچووک بوو لە کاری خانمانی ماڵەوە!

گیانم بۆتانی بڵێت، قاپ شوشتن هەیە! پیسی ناوماڵ هەیە دەبێت بسوڕێت! پەردە هەیە و شوشە هەیە، گسکدانی ماڵەوە هەیە! ئامادەکردنی ماڵ بۆ شەوی جەژن هەیە! منداڵ پەروەردەکردن هەیە. دەزانن ئەوانە چ کارانێکن؟ بەزمان ئاسانە!

بیتا توڕە بوو بوو گوتی:

بیتا- کاوە خان گاڵتە دەکەن یان بەڕاستی بیر و ڕای ئێوە دەربارەی هاوسەرگیری و مافی خانمان ئەمەیە؟!

کاوە- بابە گاڵتەم کرد! من تێناگەم، ئێمە هاتین ڕێنمایی ئەم بەهزادە بەتبەختە بکەین یان لێرە مێزی نەخشەسازی دابنێین دەربارەی مافی ژن و پیاو؟!

- بیتا خانم ئێوە هێشتا ئەم کاوەتان نەناسیوە. ئەمەیشی گوتی گاڵتەیە.



CamScanner

کاوە- بەڵێ بابە گاڵتە دەکەم ئەگەرنا من خۆم چەند شەوێک پێش ئێستا تواناکانی خانمانم بەچاوەکانی خۆم بینیم! هەر ئەو گوڵناز خانمەی هاوڕێی ئێوە دەڵێم. بینیتان چ توانایەکی هەبوو؟!

باوکی من چل ساڵە کار دەکاتم بەخودا ناتوانێت ئەو دوو تابلۆیە بەبیست هەزار تمەنیش بفرۆشێت! ئەوەش لە توانا و بەهرە نایابەکان، سەد هەزار تمەنی بە من دانا!

بیتا- کاوە خان چاوەڕێی ئەوەم لە ئێوە نەدەکرد!

- کاوە دەکرێت خولەکێک بێدەنگ دابنیشیت؟!

فەریبا- بیتا گیان، کاوە ڕەوشتی بەو شێوەیە. بەخودا مەبەستێکی نیە. تەنها گاڵتە دەکات.

کاوە- بیتا خانم بەراستی باوەڕتان کرد؟!

بیتا- باشە مرۆڤ بەڕووی خۆیدا دەهێنێت ئیتر!

کاوە- خەریک بووم گاڵتەم دەکرد. باوەڕ بکەن ئەو تابلۆیانەی کڕیم، هەر ئەو شەوە چەکوش و بزمارم هێنا و ڕۆیشتمە ژوورەکەم. مەینەتیم لەسەر سەرم هەڵواسی و هیواش بەرامبەری.

ئێستا کە بەیانیان هەڵدەستم لە خەو، هیوا دەبینم و لەماڵ دێمە دەرەوە! شەویش کاتێک دەگەڕێمەوە تەماشای مەینەتی دەکەم و دەچمە سەر جێگاکەم! باوەڕ بکەن بیتا خانم بەبێ هیوا و مەینەتی ژیان بۆ من مانای نیە! هەر پوچە!

لە چاوەکانیدا پێکەنینم دەبینی بەڵام ئەوەندە بەڕاستی قسەی لەگەڵ بیتا دەکرد کە بیتا سوپاستی کرد.

بیتا- زۆر سوپاست کاوە خان. هەستم کرد گاڵتە دەکەن.

کاوە- بەڵێ گاڵتەم کرد! هەر دەزانن چییە؟ شوقەیەک بۆ ئەم بەهزادە دەکڕین بەهێندەی قەفەزێک! جل شۆرێکی لە سوچێکدا بۆ دادەنێین و گسکێکی کارەبایی بۆ دەکڕین و دەیدەینە دەستی خودا! ژنیشی بۆ ناهێنین! لێی دەگەڕێین بەزگورتی بمێنێتەوە! ئەم چەندە لە ژنان تێدەگات؟! بەراوردکردنی ژنان لەگەڵ جل شۆر و گسکی کارەبایی و فڕنی غاز هەڵەیە!

دواتر ڕووی کردە من و گوتی:

کاوە- تۆ بیرت کردۆتەوە کە ژن داماوە و بۆ خزمەت کردن و پاککردنەوەی ماڵ و خواردن دروستکردنە؟! هاوشێوەکانی ئێوەن کە ڕێگە نادەن ئەم وڵاتە پێش بکەوێت ئیتر! خوێڕی نەزان!

دواتر رووی کرده بیتا و فەریبا و گوتی:

- باوەڕ بکە ئەگەر من ژنم هێنا هاوسەرەکەم دەبەم تاکو لەسەر مۆبیلێک دابنیشێت لە سەرەوە و پاڵپشتێکیش دەخەمە ژێر قاچی تاکو بەئاسوودەیی قاچی ڕابکێشێت.

باوەشێنێک دەگرم بەدەستمەوە و لەسەر سەری دادەنیشم و باوەشێنی دەکەم! تاکو کەی؟! تاکو نیوەڕۆ.

نیوەڕۆ دەڕۆم سەردانیکی نەخۆشەکانم دەکەم و خێرا دەگەڕێمەوە ماڵەوە. دووبارە دادەنیشم لەسەر سەری و باوەشێنی دەکەم! گوڕی باوکی نەخۆشەکان! دەتوانن نەخۆش نەکەون!

باوکیشم بارودۆخی باشە و چاوی کوێر بێت و ددانی داکەوێت، خەرجیم بکات! بیتا و فەریبا پێکەنین.

بیتا- بەو شێوەیەش باش نیە کاوە خان! هاوسەرەکەتان نازدار دەبێت.

کاوە- فیدای سەری بێت! مەگەر من وەک ئەم بەهزادەم؟! بەم بیرکردنەوانەی هێشتان لە سەردەمی جاهیلیدا ماوەتەوە!

دەڵێن سۆس بەڕۆن گوڵ دەگرێت و ژنیش بەمێردەکەی!

باوەڕ بکەن ڕێگە نادەم ژنەکەم دەستی بەر ڕەش و سپی بکەوێت! نە شوشتن و نە پاککردنەوە و نە خواردن درووست کردن! هیچ شتێک! دوای ساڵێک ئەگەر بێن ژنەکەم دەبینن وەک کفتەی لێ هاتووە! خڕ و خەپان و نەرم و نۆڵ!

هەمووەمان پێکەنین و منیش گوتم:

- ئەوکاتە کارەکانی ماڵەوە کێ دەیکات؟ کێ خواردنتان بۆ درووست دەکات؟

کاوە- تۆ قسە مەکە پیاوی بێ سۆز و سینگڵ! لەبەر تێرکردنی سکت دەتەوێت ئەم خانمانە بهێنیت؟ چەقۆ بهێنە بە ددانە شێریەکانتدا! خوێڕی ستەمکاری زۆر بلێ!

فەریبا- ڕاست دەکەن بەهزاد خان. کێ کارەکانتان دەکات؟

کاوە- ژنێک دەهێنم کارەکان بکات! بەو شێوەیە دەمێنیتەوە تاکو کۆتایی!

- باشە ئەوەندە بەژنەکانت ڕادەگەیت، چ سودێک دەبینیت؟

کاوە- ژنەکانیشم خڕ و خەپان دەبن. هەر یەکەیان دەبنە تۆپی باسکە! قل قل دەکەن و لەم ژوور دەچنە ئەو ژوور!

- ئەو کاتە بەردەبنە یەکدی!

کاوە- چ کێشەیەکی هەیە؟ وەک یاری بلیاردی لێ دێت! سەری ساڵ دووکانی

تۆپی باسکە دەکەمەوە!

دواتر دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعر:

ژن دەبێت خڕ و خەپان بێت
سپی و ڕەوشت جوان
سپی و ڕەوشت جوان
پیاو دەبێت شێواو بێت
ناشرین و ڕەوشت خراپ
ناشرین و ڕەوشت خراپ

بیتا- کاوە خان، فەریبا قەڵە و خڕ و خەپان نییە.

کاوە- مەشکە دەکڕم و فوی تێدەکەم تاکو خڕ بێت!

هەموومان پێکەنین. کاتێک کاوە دەمی دەکردەوە فەریبا دەبووراییەوە!

بەکورتی بڕیاردرا سبەی بڕۆین بەدوای کڕینی شوقەدا. هەر ئەو شەوە هەر چوارمان بۆ نان خواردن چووینە دەرەوە.

بیتا لەگەڵ مندا زۆر میهرەبان بوو. کچێکی تێگەیشتوو و زۆر ڕێک بوو! ڕووخساری شیرین و سادە بوو.

ئەو شەوە کاوە هەموو شتێکی تێپەڕاند. ئەوەندە ئێمەی خستە پێکەنین دڵمان وەستا.

* * *

## بەشی سێیەم

ئەوە کۆتا شەو بوو لەگەڵ بەهزادی هاوڕێمدا پێکەنین! لەوانەشە تاکو کۆتایی تەمەن ئەوە کۆتا جار بێت بەڕاستی پێکەنیم!

من کاوە بەرومەندم. دکتۆر کاوە بەرومەند.

ئەمڕۆ لەدوای چوار ساڵ دڵم ڕازی کرد بێمەوە ئەم ژوورە و یادەوەرییەکان تەواو بکەم. داستانی هاوڕێ نابێت بەناتەواوی بمێنێتەوە!

چوار ساڵ تێپەڕی. چ چوار ساڵێک! پوچ و خاڵی.

ئێستا کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆیە. لە ژوورەکەی بەهزادم. هەمان ئەو ژوورەی بۆ من هەزار یادگاری هەیە!

ژوورێک هەمیشە وەک گوڵ خاوێن و ڕێک بووە و ئێستا هەموو شوێنێکی تۆزی خەمی لێ نیشتووە! ژوورێکی بچووک بەسۆزی ئەم کوڕە وەک کۆشکێک دەهاتە پێش چاو!

هێشتان کوپەکانی لەناو ڕەفەکان و کتریەکەی لەسەر گەرم کەرەوەکەیەتی بەکوژاوەیی.

کتێبەکانی لەناو کتێبخانە و جلەکانی بەجێگەی جلەکانەوە هەڵواسراوە.

ئەو جلانەی کە بۆنی هاوڕێیەتی لێدێت! هاوڕێیەک کە ساڵانێک پێش ئێستا جوامێرانە گیانمی ڕزگار کرد!

هێشتان مەنجەڵەکەی لە گۆشەیەکی دیوارەکە هەڵواسراوە. مەنجەڵێک کە لەناویدا تەنها هێلکەی مریشکی بینی!

ئاخ چی بڵێم؟ دڵم لە خەفەتان خەریکە شەق دەبات!

ئەگەر لە تەواوی ئەم ماوەدا و لە تەواوی ئەم چیرۆکەدا خۆم بەشدار نەبوومایە باوەڕم بەهیچیان نەدەکرد. چ چیرۆکێک!

لە ماوەیەکی کەمدا چەندە بەخێرایی هەموو شتێک ڕوویدا.

ساڵانێک بوو تەنانەت لەم کۆڵانەدا تێپەڕ نەبوو بووم. توانام نەبوو ئێرە ببینم.

کرێی ئێرەم دەدا بەخاوەن ماڵەکە تاکو ناچار نەبم بێم بۆ ئێرە.

تاکو ئەمڕۆ ئاگاداری ئەم ژوورە بووم. بەیادی بەهزاد! بەهزادێک کەوا بەهۆی بێ ئاگا منی گەمژە ئەم ڕووداوانەم بەسەردا هێنا.

کاتێک دەگەڕێمەوە و تەماشای دەوروبەرم دەکەم دەڵێی دیوارەکان دێن من دەگرن و دەمگوشن بەخۆیانەوە! کاتێک ئەم دەفتەری یادگاریانە دەخوێنمەوە وەک چیرۆکێک دێتە پێش چاوم!

دەفتەری یادگاری بەهزاد کە لە ئەو کاتەوە دەست پێدەکات کەوا فەرنوش بەئۆتۆمبیلەکەی لەبەردەم ئێمەدا پێچی کردەوە. هیچ کاتێک ئەم دەفتەرەی نیشانی من نەدا.

نازانم دەبێت لەکوێوە دەست پێ بکەم. بەڵام هەرچۆنێک بێت دەبێت ئەم دەفتەرە تەواو ببێت.

ئەمڕۆ نزیکەی چوار ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ئەو شەوەی لەگەڵ بەهزاد و فەریبا و بیتا لەماڵی فەریبا کۆببووینەوە تاکو بڕیار دەربارەی داهاتووی بەهزاد بدەین.

هەر ئەو شەوە هەر چوارمان بۆ نانی ئێوارە چووینە دەرەوە و تاکو درەنگانی شەو پێکەنین.

کۆتا پێکەنین کە لە دڵەوە بوو!

بەیانی ئەو شەوە من و بەهزاد بۆ کڕینی شوقەیەک پێکەوە لەماڵ هاتینە دەرەوە و ڕۆشتین بۆ نووسینگەیەک کەوا لەگەڵ مندا ئاشنا بوون.

کاتێک قاچمان کردە ناو نووسینگەکە ڕووبەڕووی مێردی پورم بووینەوە، مێردی پورێک کە بڕیار بوو مردبێت! واتە من بەوشێوەیەم گوتبوو بە بەهزاد.

کاتێک گەیشتین بەیەکتری بەهزاد سەرسامانە تەماشای من و مێردی پورمی دەکرد.

کاتێک ئەو ڕۆیشت، بەهزاد دەستی منی گرت و بردمی بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە و گوتی - سەرکەوە.

سەرکەوتین و گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەی بەهزاد.

هەر چووینە ژوورەوە بەهزاد ڕۆیشتەوە شوێنی هەمیشەیی دانیشت. ڕووی کردە من و گوتی:

بەهزاد- کاوە تۆ هاوڕێی منیت. ئەگەر شتێکم لێ بشاریتەوە بەسەردا تێ ناپەڕێت. گەردنت ئازاد ناکەم!

تاکو ئێستا لە نێوان من و تۆدا هیچ درۆیەک نەبووە. بۆچی بەدرۆ گوتت مێردی پورم مردووە!

سەرم داخست و هیچم نەگوت. خولەکێک دواتر هەستا و هات دەستی هێنا بەسەرمدا و لە باوەشتی کردم و ماچی کردم.

بەهزاد- دەزانم شاردنەوە و ئاشکراکردنیشی بۆ تۆ سەخت بووە. بەڵام ئێستا بڵێ، هەرچییەک هەیە بیڵێ.

بە هێواشی لەژێر لێوەوە گوتم کە فەرنوش مردووە! ڕۆیشتبوو بۆ ڤیلاکەیان لە ناچەی گەشتیاری، شەوێک دەچێتە دەریا و ئیتر ناگەڕێتەوە!

ئەو داماوە هەموو گیانی بوو بەئاو و تەماشای منی دەکرد. هیچ کارێکی نەکرد تەنها ئەوەندە گازی گرت لە لێوی کە قەترەیەک خوێن لە لێوی هاتە خوارەوە.

هەستام و خوێنەکەم پاک کردەوە. ڕۆیشت لە گۆشەی ژوورەکەی دانیشت و تەماشای کردم.

بە دەنگێک کەواو وەک ئەوەبوو لەچاڵ بێتە دەرەوە گوتی:

بەهزاد- کەواتە هەموو ئەو شتانەی تۆ و فەریبا دەربارەی فەرنوش بەمنتان گوت درۆ بوو؟

وەڵامم نەدایەوە و سەرم داخست.

بەهزاد- بۆچی؟

- ئێمە دەمان ویست تۆ ئاسوودە بیت. بیرمان کردەوە بەو شێوەیە باشترە.

بەهزاد- هەر ئەو کاتەی لە ژوورەوە تەلەفوون کرا و ڕۆیشتیتە دەرەوە لەدوای ئەوەش تۆ گوتت مێردی پورم مردووە؟

- ئەو کاتە ئێمە ئاگادار کراینەوە. ڕووداوەکە دوو ڕۆژ بوو ڕووی دابوو.

سەری خستە سەر ئەژنۆکانی و چەند خولەکێک هیچی نەگوت. نە دەگریا و نە هیچ شتێک. تەنها بەهێمنی چووبووە خەیاڵەوە. هێمنی و هاتنە دەرەوەی لە خەیاڵ لە ئەو نەدەچوو!

چەند خولەک دواتر گوتی:

- بۆچی؟

- هیچ کەس تێنەگەیشت. تەنها کاتێک تەرمەکەیان هێنایەوە تاران، من و فەریبا ڕۆشتین. بەهەمووانیان دەگوت شەو ڕۆیشتۆتە دەریا مەلەی کردووە و خنکاوە. هەر ئەوەندە!

تەنها تەماشای دەکردم. لە تەماشاکردنەکەی دەترسام! ڕەنگی پێوە نەمابوو!

بەهزاد- هیچ پەیامێکی بۆ من نە نارد؟

کەمێک من منم کرد و دواتر گوتم:
- بۆچی نا بەهزاد گیان. دوو ڕۆژ دوای ئەوە نامەیەک هات بۆ تۆ. ئەو ڕۆژە تۆ لەماڵ نەبووی و فەریبا نامەکەی وەرگرتبوو. ئێمە نەمان کردەوە. تکادەکەم لە تۆیش نەیکەیتەوە. ئێستا هەموو شتێک تێپەڕیوە و تۆش وازی لێ بهێنە.
بە دەنگێکی سارد و سامناک وەک دەنگی مردوو گوتی:
- بڕۆ بیهێنە!
ڕۆیشتمە سەرەوە و نامەکەم لە فەریبا وەرگرت و هاتمە خوارەوە. ڕووداوەکەم بەفەریباش گوت و ئەویش هاتە خوارەوە. نامەکەم بەترسەوە دا بەدەستیەوە. کاتێک دەستی هێنا تاکو نامەکە بگرێت ترسام!
نە ڕووخساری نە دەستی خوێنی تێدا نەبوو!
نامەکەی وەرگرت و کردیەوە و خوێندیەوە.
کاتێک تەواو بوو سەری خستە سەر ئەژنۆکانی و نامەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە. نامەکەم لە بەردەمی هەڵگرت و خوێندمەوە.
بەهزادی من سلاو
دەزانم پێکەنیناویە. خۆشەویستی ئێمە هەمووی بەنامە ناردن تێپەڕی.
ئەگەر ئێمەی مرۆڤەکان ئەوەندە سەرکەش بووینایە کە بمان توانیایە لاوازیەکانمان لێ بگەڕێین و قسەکانمان بکەین لەوانەیە زۆربەی کێشەکانمان چارەسەر ببوایە.
پێکەنیناوی تر ئەوەیە کەوا من بۆ چەند ڕۆژێک ڕۆیستم بۆ سەفەر بەڵام ئێستا ئیتر سەفەرەکەم دەیەوێت بۆ هەتا هەتایی بێت.
نازانم چیت پێ بڵێم. نازانم لەم بارودۆخانەدا دەبێت چی بگوترێت.
تەنها ئەوەت پێ دەڵێم کە دوو ڕۆژ لەدوای جیابوونەوەم لە تۆ بڕیاری خۆمدا و ویستم بگەڕێمەوە بۆ لات. تێگەیشتبووم لەوەی شانازی کردنم بەرامبەر خۆشەویستی تۆ زۆر پوچە.
دەمزانی ئەگەر بگەڕێمەوە تۆ لە من دەبووریت و هیچ نادەیتەوە لە ڕووم. ئێستاش دەزانم ئەگەر بگەڕێمەوە دووبارە تۆ لە من دەبووریت. بەڵام ئیتر خۆم ناتوانم لەخۆم ببوورم.
بەهزاد من هەمیشە بیرم دەکردەوە کەوا تۆ ئەسیری تەڵیسمی جادووگەر بێت.

هەمیشە بیرم دەکردەوە کەوا ئەو ژنە شەیتانە بەبەڵێن و پارەکانی بتوانێت تۆ بخوات، دایکم دەڵێم.
هەمیشە بیرم دەکردەوە کە تۆ نەتوانیت تاکو کۆتایی ڕێگەکە لەگەڵ مندا بێیت.
بەڵام ئێستا دەبینم تۆ ڕوو سپی بوویت و منیش ڕوو ڕەش.
من بببورە بۆ هەموو شتێک.
ئەم نامەیە کاتێک دەگات بەدەستی تۆ کە ئیتر من زیندوو نیم.
بەمردنی من دەتوانیت مارەییەکەم بدەیت. بیرت ماوە مارەییەکەم چی بوو؟
بەهزاد خۆشم دەوێیت بۆ هەمیشە. تۆ تاقانە خۆشەویستی من بوویت و دەبیت.
من هەمیشە لە خەونمدا لە یەکەمین جارەوە تۆم بینی تۆم بەهاوسەری خۆم زانیوە.
ئەفسوس کەوا هەمووی خەون بوو. ڕێگەیان نەدا خۆشەویستی من و تۆ بەرهەمی هەبێت.
ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم تازە تێدەگەم چەندە قسەم لە دڵدایە و دەمەوێت پێتی بڵێم.
خۆزگە لێرە بوویتایە و منت بپاراستایە. ئێستا ئیتر هیچ یەکێک لەوانە سوودی نیە. ئەم نامەیەش ئەم شەو بۆتی دەنێرم.
ئازیزم لەدوای من تۆ ئازادیت و هیچ پەیمانێک لە نێوانماندا نیە.
ئەم چەند دێڕەی دیکە دەنووسم تاکو بزانیت چ بەلایەکیان بەسەرمدا هێناوە.
شەرمەزار دەبم لە تۆ بەهزاد. بمبوورە کە باسی دەکەم.
هەر ئەو شەوەی بڕیارمدا سبەی بگەڕێمەوە تاران، بەهرام و بەهناز و پورم هاتن بۆ ڤێلاکەیان کە لەپاڵ ڤێلاکەی ئێمەدایە. بەهرام و بەهناز هاتن بۆ ڤێلاکەی ئێمە.
ڕەوشتی بەهرام زۆر گۆڕابوو! گوتی بەداخەوەیە بۆ کارەکانی. گوتی لەگەڵ کچێکی دیکە هاوسەرگیری دەکات و داوای لە من کرد کە بەدڵنیاییەوە لەگەڵ تۆدا هاوسەرگیری بکەم. گوتی بەڕای ئەو تۆ کوڕێکی باشیت.
کاتژمێرێک زیاتر لەوێ نەمایەوە. کاتێک ئەوان ڕۆیشتن هەستێکی سەیرم هەبوو. خەوم دەهات خەوێکی زۆر توند. ئیتر تاکو بەیانی ئاگام لە خۆم نەبوو.
کاتێک سبەی خەبەرم بوویەوە تێگەیشتم ئەو بێ ڕەوشتە ڕۆحمی پیش کردووە!! نازانم چی کردبووە ناو کوپی چاییەکەوە کە بێ هۆش بووم و هیچ تێنەگەیشتم. سبەی هات بۆ لام. ڕێگەم نەدا بێتە ژوورەوە. حەزم دەکرد بتوانم کە بیکوژم.

هاتبوو تاکو بڵێت ئیتر دەبێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم.
قسەکانم تەواو بوو بەهزاد. نەمتوانی بەپاکی بمێنمەوە.دەڕۆم تاکو ڕۆح و جەستەم لە دەریادا بشۆم.
حەزم نەدەکرد ئەو شتانە بنووسم بەڵام دەبووایە بزانیت.
بۆ هەمیشە خۆشم دەوێیت. بمبوورە ئازیزم.
فەرنوش
ئاماژەم بۆ فەریبا کرد بڕواتە سەرەوە.
خەریک بوو دەخنکام! پێشم بەخۆم گرت تاکو فەریبا ڕۆیشت. دواتر لەسەر زەوی دانیشتم و دەستم کرد بەگریان. دڵم گیرابوو بەهۆی پیسی مرۆڤەکانەوە. بەڵام بەهزاد تەنانەت تنۆکێک فرمێسکیشی نەڕشت.
کەمێک دواتر سەری بەرز کردەوە و گوتی:
بەهزاد- بڕۆین کاوە. دەمەوێت بڕۆمە سەر گۆڕەکەی.
هەستاین و لەماڵ هاتینە دەرەوە. فەریبا لەبەردەم دەرگا چاوەڕێ بوو. هەرسێکمان سواری ئۆتۆمبێل بووین و ڕۆشتین بۆ بەهەشتی زەهرا.
لە تەواوی ڕێگاکەدا چاوەکانی بەستبوو، هیچی نەدەگوت.
کاتژمێرێک دواتر گەیشتین و لەبەردەم بەسێک کە گۆڕی فەرنوشی لێبوو ڕامگرت. دابەزی و بەڕێ کەوت. خۆم گەیاندە لای و گۆڕەکەم پێ نیشاندا. نەمدەزانی کاتێک بگاتە ئەوێ چ کاردانەوەیەکی دەبێت. ئەو داماوە چ بارودۆخێکی دەبێت؟
کاتێک گەیشتینە سەر گۆڕەکەی ڕاوەستا و نووسینەکانی سەر گۆڕەکەی خوێندەوە.
خۆم بەچاوەکانم بینیم کە کەمەری چەمیەوە! وەک کەوان!
حەزم دەکرد سەرم بکێشم بەدیواردا! توانای بینینی ئەو دیمەنەم نەبوو.
لەپاڵ گۆڕەکەدا دانیشت و ڕووخساری نووساند بەگۆڕەکەوە. لەوانەیە کاتژمێرێک بەو شێوەیە مابێتەوە.
من و فەریبا دەگریاین. بەئاماژەی فەریبا بەزۆر ڕۆیشتم بەرزم کردەوە. دڵم نەدەهات ئێستا ئەم دووانە لەدوای ئەو هەموو بەدبەختیە گەیشتبوون بەیەکتری، لە یەکیان جیابکەمەوە!
هەستا و من و فەریبا دانیشتین و فاتیحەمان خوێند.
کاتێک ئێمە هەستاین بینیم فەریبا بەترسەوە من ئاگادار دەکاتەوە و ئاماژە بۆ

بەهزاد دەکات. ڕووم وەرگێڕا و تەماشای بەهزادم کرد.
باوەڕم نەدەکرد؟!
بیستبووم کەسێک بەشەوێک قژی سپی بێت بەڵام باوەڕم نەدەکرد! واتە تاکو بەچاوی خۆم نەمبینی باوەڕم نەکرد!!
قژی لە دوو لاوە بەتەواوی سپی سپی بوو بوو! غیرەت خەریک بوو دەیکوشت بەڵام ئارام بوو. ئیتر هاوارم کرد!
خۆزگە دەگریا! تەنانەت تنۆکێک فرمێسک لە چاوەکانی نەهاتبوو.
دە خولەکی دیکە وەستا و تەماشای گۆڕەکەی کرد. دواتر نوشتایەوە و دەستی کردە سەر گۆڕەکەی و گوتی:
بەهزاد- تۆیش ڕوو سپی بوویت.
دواتر پاڵتۆکەی لەبەری داکەند و دای بەسەر گۆڕەکەدا و گوتی:
- سەرمات دەبێت!
دواتر هەستا و ڕۆیشت بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکە و من و فەریبایش بەدوایدا ڕۆشتین. کاتێک گەیشتینە ئۆتۆمبیلەکە تەماشایەکی منی کرد و پرسیاری کرد.
-ماڵی ئەو پورەی فەرنوش لەکوێیە؟ تۆ دەزانیت؟
بەسەر ئاماژەم بۆ کرد. سەرکەوتین و گەڕاینەوە.
ئیتر لەو کاتەوە تاکو ئەو کاتەی پێکەوە بووین لەوانەیە دە ڕستە قسەی لەگەڵ مندا نەکردبێت! گەیشتینە ماڵەوە و ڕۆیشتە شوێنی هەمیشەیی دانیشت و ڕادیۆکەی داگیرساند، سیدیەکەی فەرنوشی تێکرد. تەنها کارێک کە ئەنجامی دەدا ئەوە بوو کاتێک سیدیەکە تەواو دەبوو دووبارەی دەکردەوە!
دانیشتبووم و بەبێدەنگی تەماشام دەکرد. باوەڕم نەدەکرد. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا کەسێک ئەوەندە تێک بچێت! چەند کاتژمێرێک تێپەڕی. نزیکی دە و نیوی شەو بوو کە هەستا. خەریک بووم تەماشام دەکرد.
بەهزاد- هەستە ماڵیانم پێ پیشان بدە.
تێگەیشتم چی دەڵێت!
ئەی بەخت نەفرەتت لێ بێت!
لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵ لەو ڕووداوە تێدەپەڕێت بەڵام دەڵێیت کاتژمێرێک پێش ئێستا بوو لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە!
کاتژمێر نزیکی دوازدەی شەو بوو پێکەوە لە شەقامەکاندا دەڕۆیشتین. وەک بڵێی هەموو کارەکانی کردبوو چاوەڕێی شتێکی دەکرد! وەک گەشتیارێک جانتاکەی

بەستبێت و چاوەڕێ بکات کاتی ڕۆیشتنی بگات!

تاکو کاتژمێر شەشی بەیانی بەڕێگەوە بووین، کاتژمێر شەش گەیشتینە ماڵەوە. فەریبا لە پشتی پەنجەرەی سەرەوە چاوەڕێی دەکردین، ڕۆشتینە ژوورەکەی بەهزاد.

بەهزاد- تۆ بخەوە ماندووی!

بەهزادیش لە گۆشەیەک جێگەی ڕاخست و خەوت، یان لانی کەم من بەوشێوەیە بیرم کردەوە. خاک بەسەرم کە نەمتوانی هاوڕێیەتی بکەم!

هەر سەرم نایەوە وەک مردوو خەوم لێکەوت.

نزیکی نیوەڕۆ لەخەو ڕاپەڕیم و بینیم بەهزاد لەوێ نیە!

ڕۆیشتمە سەرەوە و پرسیارم لە فەریبا کرد کە هەواڵی لە بەهزاد هەیە یاخود نا ئەویش هەواڵی نەبوو. کاتژمێرێک چاوەڕێم کرد تاکو بگەڕێتەوە. لەپڕ بیرم بۆ شتێکی خراپ چوو!

ڕامکردە ژوورەکەی.

لەسەر کورسیەکە پاکەتێک هەبوو کردمەوە. دوو چەکی پارە بوو، یەکێکیان پەنجا ملیۆن بەناوی فەریبا و ئەوی دیکەیشیان چوار سەد و شتێک بەناوی منەوە.

کاغەزێکی بچووک لە پاڵیدا بوو لەسەری نووسرابوو" خودا حافیز هاوڕێ"

هەر ئەوەندە. تەنها ئەو دوو وشەیە!

کێشام بەسەرمدا! نەمدەزانی چ هەڵەیەک بکەم! نەمدەزانی بۆ کوێ برۆم و لەکوێ بەدوایدا بگەڕێم! فەریباش هاتە خوارەوە. تێدا مابووین چی بکەین؟ سەرسام مابووم.

دەستم کرد بەگریان. دەستم بەهیچ شوێنێک نەدەگەیشت. لەپڕ بەمێشکمدا هات کە بەدڵنیاییەوە ڕۆیشتووە بۆ باکور.

هەستام و بەفەریبام گوت کە دەڕۆم بۆ باکور. ئەگەر من ڕۆیشتم و بەهزاد بەزیندوویی هاتەوە بەهەر شێوەیەک بێت ئاگاداری بێت و پەیوەندیم پێوە بکات.

گوتم تەنانەت ئەگەر نەکرا پەیوەندی بەپۆلیسەوە بکات!

ڕۆیشتم بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە و بەرەو شاری نوێ بەڕێ کەوتم.

لە ڕێگەدا خودا خودام بوو کە بیرکردنەوەکەم هەڵە بووبێت. وەک شێتەکان شۆفێریم دەکرد. وەستانی سەر ڕێگەش خراپ بوو. سێ کاتژمێر دواتر گەیشتمە

شاری نوێ.
لەم بەری کەنار دەریا دەڕۆیشتم بۆ ئەو بەری کەناری دەریا. تێدا مابووم چی بکەم. لە کەنار دەریا دانیشتم و سەرم کردە ناو دەستەکانمەوە.
واتە هاتبوو بۆ ئێرە؟ بەخۆمم گوت نەوەک ڕۆشتبێت بۆ ڤێلاکەی فەرنوش و ئەوان؟!
بە پرسیار کردن ڤێلاکەم دۆزیەوە. لە ئەو دوکاندارانەم پرسی کە نزیکی ڤێلاکەی فەرنوش و ئەوان بوو، ڤێلاکەی ستایشم دۆزیەوە. بەداخەوە زانیم کە کوڕێکی بالابەرز و گەنجیش هەواڵی ئەوێی پرسیوە!
نەمزانی چۆن خۆم گەیاندە ئەوێ. بەلام کەس لەوێ نەبوو. باڵنەش نەدەفڕی. چاوم کەوت بەدەسکی دەرگای ڤێلاکەی ستایش. شتێک دەدرەوشایەوە!
کاتێک چوومە پێشەوە بینیم زنجیر ئاڵتوونیەکەی فەرنوش بوو کە هەلواسرابوو بەدەسکی دەرگاکەوە و نامەیەکیش بەدەسکەکەوە بوو.
کردمەوە، نوسینی بەهزاد بوو.
هاوڕێ ئەگەر هاتی بەدوامدا و ئەمەت پەیداکرد، بۆم بکەرە گوڕەکەمەوە. خۆم ناتوانم ئەو کارە بکەم.
خودا حافیز

بەهزاد

ئاخ درەنگ گەیشتبووم!!
بەلام لەوانەبوو هێشتا کاتم هەبێت. بەهەر بەتبەختیەک بوو لە کەنار دەریا بەلەمێکم بەکرێ گرت و ڕۆیشتمە ناو ئاو. تەواوی دەریا گەڕام بەلام هاوڕێکەم لە هیچ شوێنێک نەبوو!
گەڕامەوە و لە کەناری دەریا دانیشتم. دوو کاتژمێر دواتر نزیکی دوو سەد بۆ سێسەد مەتر لە خوارووتر بینیم قەرەباڵغ بووە. هەستام و ڕۆیشتم بۆ ئەو شوێنە.
خەلکی و ماسی گرەکان هەموویان کۆببوونەوە لە دەوری شتێک. قاچەکانم دەلەرزی. ڕۆیشتمە پێشەوە. چیم بینی!!
بەهزاد هاوڕێکەی من! لەسەر کەنارەکە نوستبوو!! لە تۆڕی ماسی گرەکان ئالابوو ئەوانیش دەریان هێنابوو. بەلام سودی چی بوو؟! ئیتر درەنگ بوو!
دەریا خۆشەویستیەکی خۆشبەختی لەناو خۆیدا شاردەوە.
دوو ڕۆژ درێژەی کێشا تاکو تەرمەکەیان هێنایەوە. هاوڕێیانی زانکۆ کاتێک

ئاگادارم کردنەوە هەموویان هاتبوون بۆ باکور. دوو ڕۆژ دواتر بەئۆتومبیلی فریاکەوتن گەڕاینەوە تاران و ڕاستەوخۆ ڕۆشتین بۆ بەهەشتی زەهرا. کاتێک خەریکی شۆردنی بوون دەنگی گریانی هاوڕێیان شوشەکانی دەلەرزاند!

ئەو داماوە هیچ نەگۆڕابوو. هەمان ڕووخسارە جوان و مەردانەکەی. هەمان چاوە پاکەکەی. هەمان برۆ کەوانیەکەی. تەنها نووستبوو.

کاتێک ویستایان خاک بکەن بەسەریدا بەبێدەنگی بەبێ ئەوەی کەس بزانێت زنجیرکەی فەرنوشم خستە ناو گۆڕەکەیەوە. لە مردنیشدا یادگاری فەرنوشی لە خۆی دوور نەخستەوە!

تەواوی هاوڕێکان بەکچ و کوڕەوە و تەواوی ئەو کەسانەی لە چیرۆکی ئەم دوو کەسە ئاگادار بوون، دەستیان کردبوو بەگریان!

بەهزاد ئەفسانە بوو!

لەدوای ئەوە چەندین شەو و ڕۆژ ڕۆیشتمە سەر گۆڕی هاوڕێکەم و قسەم لەگەڵ کرد، بەڵام وشەیەکیش وەڵامی نەبوو! ڕۆیشت و منی لەگەڵ دونیایەک یادگاری خۆیدا بەتەنهایی جێهێشت! چ گوڵێک بوو ئەو کوڕە!

خۆزگە لاڵ دەبووم و ئەو ڕۆژە لە جێگەی مێردی پورم دەگوت یەکێکی دیکە مردووە!

ئەو داماوە قرانێک سودی لەو پارەیە نەبینی کە پێی گەیشت. وەک خۆی ڕۆژێک گوتی ئەو پارەیە ڕۆژێک وەفای بۆ من نەبوو.

دڵم بۆ ئەوە دەسوتێت کە بەتەواوی سەروەتمەوە نەمتوانی بچووکترین یارمەتی بدەم.

ئەوەندە نەفس بەرز بوو ئەوە هچ کەوا یارمەتیەکی وەرنەدەگرت بگرە لە ڕووی ماددی و مەعنەویشەوە یارمەتی من و فەریبای دەدا!

پیاوی وەک بەهزادم لە ژیاندا نەبینیوە.

بەهرامی پیسکەیش بێ زیان نەمایەوە!

دەڵێن شەوێک نزیکی کاتژمێر یازدە گەنجێک دەچێت بۆ بەردەم ماڵیان و داوای دەکات. کاتێک ئەو پیسکە دەچێتە بەردەم دەرگا دایکی دەبینێت نیو کاتژمێر تێپەڕیوە و نەگەڕاوەتەوە.

دواتر دەردەکەوێت ئەو گەنجە بەهرامی خنکاندووە و کوشتوویەتی. تۆڵەی خۆی لێکردۆتەوە! واتە تۆڵەی بەهزاد و فەرنوشی کردۆتەوە!

دەڵێن لەوانەیە دز بووبێت! بەڵام سەیر لەوەدا بووە کە هیچی نەبردووە! لەوانەیە هەڵهاتبێت! ئەوانە ژاڵە بۆ منی باسکرد. ئێستا ئیتر ئەوانە هیچ جیاوازیەکی نیە.





CamScanner

کەسی سەرەکی خۆی بوو کە لە خۆڕایی ڕۆیشت.

لە ژیانیدا نەمتوانی کارێکی بۆ ئەنجام بدەم. لەدوای بەهزاد تەواوی ئەو پارانەی بۆ منی دانابوو دام بەکەسانێک کە ئەگەر خودی بەهزادیش زیندوو بووایە هەر ئەو کارەی دەکرد. دام بەگەنجانێک کە وەک بەهزاد ئاشق و هەژار بوون!

نازانم ئەوانی دیکە دەربارەی بەهزاد چۆن بیردەکەنەوە.

لەوانەیە بڵێن شێت بووە، بەڵام ئەگەر بەهزادیان بناسیایە بیرێکی لەو شێوەیان نەدەکردەوە. ئەو ئەگەر سەریشی بڕۆیشتایە بەڵێنی لە جێگەی خۆی بوو.

ئەمڕۆ کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ هاتم بۆ ئێرە و ئێستا نزیکی کاتژمێر دوازدەی شەوە. لەدوای چوار ساڵ هێشتان بۆ من سەختە کە بەبێ بەهزاد لەم ژوورەدابم.

دەستم لە هیچ شتێک نەداوە. بەتەواوی وەک ئەو کاتەی کە بەهزاد ڕۆیشت.

هێشتا سیدیەکەی فەرنوش لەناو ڕادیۆ ەکەیە. هەموو شتێک لە شوێنی خۆیەتی جگە لە خۆی!

بیری ئەو ڕۆژەم دەکەوێتەوە کە تازە ڕۆیشتبووینە زانکۆ و من و بەهزاد بوو بەشەڕمان. چەند ڕۆژێک دواتر من نەخۆش کەوتم و هات بۆ نەخۆشخانە.

بینیم کاتێک تێگەیشت من گورچیلەکانم لەکار کەوتووە و گرووپی خوێنەکانمان وەک یەکە، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ شتێک بێت گورچیلەی خۆی پێدام.

بیری ئەو ڕۆژانەم دەکەوێتەوە کە پێکەوە لەناو پۆل بووین.

بیری ئەو ڕۆژانەم دەکەوێتەوە کە پێکەوە لە شەقامەکاندا پیاسەمان دەکرد.

بیری ئەو ڕۆژانەم دەکەوێتەوە کە پێکەوە لەم ژوورەدا دادەنیشتین و پێکەوە قسەمان دەکرد و دەردە دڵمان دەکرد.

ئای خۆزگە ئێستا لێرە بووایە. دڵم توانای هەڵگرتنی ئەم خەمەی نیە.

خۆزگە لێرە بووایە و دەربارەی خەمی خۆی قسەم بۆ بکردایە و ئاسوودە بوومایە. ژیانێکی سەختی تێپەڕاند ئەو منداڵە داماوە.

هەستام و سیدیەکەی فەرنوشم ئیش پێکرد. دەنگی فەرنوش ژوورەکەی پڕ کرد.

هەستم کرد بەهزاد هاتووەتە ئەم ژوورە!

وەک هەمیشە ئارام و بێدەنگ.

لە گۆشەیەک دانیشت و سەری خستە سەر ئەژنۆکانی.

# کۆتایی





CamScanner

CamScanner



لە هەناوی هەر پەرتوکێکدا، دونیایەکی جوان بەدی دەکرێت. ژانری ڕۆمان جیاواز لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئەدەب، وردتر لەگەڵ خوێنەر ئەدوێ و ئاشنای دەکات بە هەموو کۆڵانە تاریکەکانی نیو دەقەکە.

نووسەری ئێرانی (موئەدەب پوور) بە بڕوای بەندە یەکێکە لەو ڕۆمان نووسە سەرکەوتوانەی، کەوا توانیویەتی هەرچی گرێ و کێشەکانی نیو کۆمەڵگەکەیەتی، بە شێوەیەکی زۆر جوان و لە هەناوی ڕۆمانەکانیدا بەیان بکات، هەروەها توانیویەتی زۆر بەوردی پەنجە بخاتە سەر برینەکان و دەستی خوێنەر بگرێ و بەسەرجەم کۆڵانەکانی شاردا بیگێڕێت.

گەرچی سەرجەم ڕۆمانەکانی لە یەک شێوەدا خۆی ئەبینێتەوە، بەڵام هەر یەک لە ڕۆمانەکان، تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، بە جۆرێک خوێنەر پەلکێشی نیو ڕۆمانەکە دەکات، هەندێجار ئاگای لەکات و دەوروبەریش نامێنێ.

بەرگ : ئیبراهیم سالح

نرخ دە هەزار دینار

ISBN: 9781575067599
9 781575 067599

GOLDEN BOOK